قادر عەبدوللا

منتدى إقرأ الثقافي

پاشا

www.iqra.ahlamontada.com



ڕۆمانێک لەبارەی ناسرەدین شای قاجارەوە

لە هۆڵەندییەوە
شەفیقی حاجی خدر

قادر عەبدوللا

پاشا

ڕۆمانێک لەبارەی ناسرەدین شای قاجارەوە

لە هۆڵەندییەوە:

شەفیقی حاجی خدر

ناوی کتێب: **پاشا**
بابەت: **ڕۆمان**
نووسەر: **قادر عەبدوللا**
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: **شەفیقی حاجی خدر**
پیتچن: **وەرگێڕ**
هەڵەچن: **دەستەیەک**
نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: **خەلیل هیدایەت مام شێخ**
چاپخانە: ڕۆژهەلات - هەولێر
نرخ: « **10000**» **دینار**
تیراژ: (**1000**) **دانە**
نۆرەی چاپ و ساڵ: **چاپی یەکەم/ ٢٠٢٢**

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (876)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.

[redacted]

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە
بۆ چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر

پێشـــکەشـــە بە دوو ســـەروەزیری نـــاوداری ئێرانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم:

میرزا ئەبولقاسم قائیمقامی فەراهانی

و

میرزا تەقی خان ئەمیر کەبیر

ناواخن

پێشباری وەرگێڕ ٧
پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی ١٢
کەسە گرنگەکانی نێو ئەم ڕۆمانە: ١٤
بەرایی ١٥
١پاشاکان.. ١٧
٢شازادە ناسر.. ٢٢
٣حەرەمسەرا ٢٧
٤گەورە وەزیر ٣٧
٥_مەهدولیا، دایک ٤٣
٦شێخ ئاغاسی.. ٥١
٧هەرات ٥٧
٨پشیلە شەرمین.. ٦٥
٩برایەکان.. ٧٥
١٠تاج، کچەکەی شا ٨٧
١١تۆپەکە.. ٩٤
١٢چاکسازییەکان ١٠١
١٣ڕوس ١٠٩
١٤ئاهەنگی بەهار ١٢٠
١٥سوپا نوێیەکە.. ١٢٦
١٦ڕوس بەدوای پەیوەندیدا دەگەڕێن ١٢٩
١٧باخی ئاڵوباڵو.. ١٣٢
١٨ترس ١٤٨

١٩ئەو ئایەتوڵڵایەی ناپاکیی کرد ١٥٣
٢٠پرسە ١٦٠
٢١باب ١٦٧
٢٢پشیلەکان ١٧٧
٢٣پەیامێکی نهێنی ١٨٤
٢٤چاپخانە ١٨٩
٢٥بڕیارێکی مێژووی ١٩٩
٢٦عیساخان ٢٠٦
٢٧هێزی سروشتبڕ ٢١٣
٢٨لەشکرکێشی ٢١٧
٢٩بێدەنگییەکی کوشندە ٢٢٦
٣٠کردەی لەپڕی ئینگلستان ٢٣٤
٣١ژنەکە ٢٤٠
٣٢وڵات نزا بۆ کەنداوی فارسی دەکا ٢٤٩
٣٣ڕۆژژمێرنووس ٢٥٣
٣٤بڕوانامەکان ٢٦٠
٣٥فەخری ٢٦٧
٣٦لە کۆشکەکەدا ٢٧٣
٣٧پەتۆی ڕەش ٢٨٢
٣٨بێدەنگی ٢٩٣
٣٩مەلیچک ٣٠٢
٤٠تێلێگراف ٣١٣
٤١هێنان و ناردن ٣٢٥
٤٢بەرگری ٣٣١
٤٣جەمال خان ٣٤١
٤٤ڕابەر ٣٥٢

٤٥میرزای شیرازی ٣٦٠
٤٦نامەکە ٣٧٣
٤٧قلیان ٣٨٣
٤٨دانیشتنی سەرچۆکان ٣٨٩
٤٩گەشتەکە ٤٠٣
٥٠ڕوناکی ٤١٣
٥١گەشتنامە ٤٢٧
٥٢دەستور ٤٤٣
٥٣گەڕانەوە لە گەشت ٤٥٤
٥٤کتێبڵەسکاڵا ٤٧١
٥٥لە بازاڕ ٤٨٠
٥٦ئایەتوڵڵاکان ٤٩١
٥٧باڵوێزخانەکە ٥٠٦
٥٨(دوا)ئاگادارکردنەوە ٥١٦
٥٩لەسەر تەختەی شەترەنج ٥٢٥
٦٠مەجلیس ٥٣٧
٦١کارەبا ٥٤٢
٦٢قانون ٥٥٠
٦٣شا وێنەی خۆی دەگرێ ٥٦٠
٦٤تاج سوڵتان ٥٦٤

پێشباری وەرگێڕ

کاتێک دەگوترێ هەموو کتێبێک وەک نووسـیـن چیرۆکێکی خۆی هەیە، هەڵبەتە بۆ وەرگێڕانیش هەر دروستـە. دوابەدوای ڕۆمانی (خانووەکەی مزگەوتێ)، ڕۆمـانەکەی (خەتی بزمـاری)یم وەرگێڕا و بڵاوکرایەوە، لە فێیسـبووک وەک ڕیکلام شـتێکم لەبارەی بڵاوکردەوە، لە کۆمێنتدا و لە لایەن خاتوو (گەشـە جاف)ی خوێنەرەوە کۆمێنتێکم بۆ هات و پرسـی؛ ئاخۆ بۆچی بیر لە وەرگێڕانی (پاشـا)ش ناکەمەوە. ئەوەی ڕاسـتی بێ ئەوکـات ڕۆمـانەکەم نەبینیبوو، دیـاربوو ئەو خوێنەرە بە هۆڵەنـدی خوێندبوویەوە و پێی سـەرسـام بووبوو. پاشـان بۆ بەدواداچوونی ڕۆمانەکانی دیکەی قادر عەبدوڵلا، (پاشا)شم پەیداکرد و خوێندەوە، هەر ئەو کات کەڵکەڵەی وەرگێڕانم کەوتەسـەر، بەڵام کارەکانی دیکەی قادر عەبـدوڵلا و وەرگێڕانەکـانی دیکەی مێژوویی، بەگوێرەی دەرفەتی چاپکردن وەها هات تا ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت.

ئەگەر کاتی خۆی لە هۆڵەندا بە ناوی قادر عەبدوڵلا ئاشنابووبم، وەک لە شوێنێکی دیکە باسمکردووە، کەچی وەرگێڕانی پێنج لە ڕۆمانەکانی وەها کەوتەوە لە وڵات بووبم، لێ ئەمجارەیان دوای ئەوەی بۆ دووەم جار ڕووم کردەوە هۆڵەندا، ئینجا پەڕژامە سـەر وەرگێڕانی ئەم ڕۆمـانە نازدارە، هەڵبەتە ئەمەش دوای پەیوەندی پێوەکردن و پەسەندنامەی کاک قادر و نووسینی کورتە پێشەکییەکەی تایبەت بە وەرگێڕانە کوردییەکە.

لێرەدا پێویست ناکا باس لە قادر عەبدوڵلا بکەم، چونکە لە وەرگێڕانەکانی دیکەدا باسکراوە، بەنیازیش نیم باس لە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە نایابەی بکەم، چونکە ڕاستەوخۆ لەبەردەستی خوێنەر دایە. لی گەلۆ لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە مێژووییە و باس لە ناسرەدینی شای قاجار (١٨٣١-١٨٩٦) دەکا، کە ٤٨ ساڵ حوکمڕان بووە، و لەو ماوە مێژووییەدا ڕووداوی گرنگ ڕوویانداوە و ڕاستەوخۆش بەرۆکی مێژووی ئێمەشی گرتۆتەوە. بەتایبەتیش ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە سەردەمی حوکمڕانی ئەودا بووە، بۆیە بە ڕەوام زانی چەند دێڕێک وەک ڕوانین و ڕوونکردنەوەی وەرگێر تۆماربکەم.

نووسەر لە کورتە پێشەکیی خۆی بۆ ڕۆمانەکە ئەوە دەڵی کە ناوی کەسەکان و ڕووداوەکان ڕاستیین، بەڵام ئەوەندە هەیە، پێویستە بە ڕێسای وێژە و لەنێویشیاندا بە ڕێسای ڕۆمان بخوێندرێنەوە. بۆیە کاتێ ئەم ڕۆمانە دەخوێنیتەوە، وەک ئەوە وایە چەندین کتێب لەسەر ژیانی پاشای ناوبراو و حوکمڕانی و مێژووی ئێران و گەمە و ململانێی سیاسیی بریتانی و ڕوسیا لەسەر ئێران و ناوچەکەدا بخوێنیتەوە.

ناسرشا زڕبرایەکی دایک کوردی دەبێ بە ناوی عەباس میرزا مولکئارا، ئەم عەباسە لە خەجیجە خانمی چەهریقی بووە. باوکی ئەم خانمە لە مریدەکانی شێخی نەهری بووە. ئیدی هەم بنەچەکەی دایکی و هەم مەزهەبی سوننە وای کرد عەباس میرزا لە جێگرتنەوەی باوکی بۆ تەختی باوکی نەوەک هەر هەڵبواردرێ، بەڵکو مەترسی کوشتنیشی بکەوێتە سەر، ئاخر مەهدعولیای دایکی ناسر، کە لە هۆزی قاجارەکان بوو، توانی تەخت و تاجەکە بۆ کوڕەکەی مسۆگەر بکا و هەموو ئەوانی دیکەش کەوتنە بەر نەفرەتی ئەم ژنە. بۆیە زیاتر لە ٢٥ ساڵ عەباس

میرزا لە تاراوگە ژیاوە، کە گەڕاوەتەوەش هەر متمانەی بە خۆی نەبووە. وەک مامۆستا حەمەی حەمە باقییش بۆی ڕوونکردنمەوە، گوایە عەباس میرزا هەر لەبەر ترسی ناسری زڕبرای پەیوەندییەکەی خزیشی لەگەڵ شێخی نەهری و تەنانەت نامەکەشی بۆ ئاشکرا کردووە، بەمە چارەنووسی پەیوەندییەکە بە مەرەدی چارەنووسی ڕاپەڕینەکەی شێخی نەهری چووە.

شتێکی بایەخداری دیکەش، یەکێک لە کەسایەتییە گرنگەکانی نێو ڕۆمانەکە، کە عەقڵی پشت ڕاچەنین و شۆڕش بووە لە دژی حوکمڕانی پاشا، (جەمال خان) بووە. دواتر ڕیاز کاکە مەحمود، کە بە وردی بە وەرگێڕانەکەمدا چووەتەوە، گوتی کێ نالێ ئەوە سەید جەمالەدین ئەفغانی، کەسایەتییە ئیسلامییە شۆڕشگێرە ناودارەکەی سەدەی نۆزدەهەم نییە، لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و هاوزەمانبوونیشیان هەر وای لێ دەخوێندرایەوە، کاتێکیش لە نووسەرم پرسی، ئەویش هەمان شتی سەلماند، کە جەمال خان، جەمالەدینی ئەفغانییە. شتێکی بەرچاویشە کە جەمالەدین ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧) لە ئەسەدئابادی ئێران لەدایک بووە، کەچی نازناوی ئەفغانی بەسەردا براوە، چ ڕۆڵێکی هزریی لە ڕاچەنینی بیری چاکسازیی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بینیوە.

ڕۆڵی ئایەتوڵڵا و مەرجەعی ئۆل لەم ڕۆمانەدا، کە مێژووش ڕاستییەکەی سەلماندووە، جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە. دیارە مۆری خۆی لە هەنیەی دەوڵەتداریی ئێراندا داوە، هەڵبەتە ئەم سەرەداوەش لەگەڵ سەرهەڵدانی قەڵەمڕەویی سەفەوییەکاندا جێگەی خۆی گرت و بووە دیاردە و پاشان دەوڵەتەکەی پێ ناسرایەوە.

هەر لەســەر پێشــنیازی کاکە ریازیش ئەو چوارینەی مەحویمان لەســەر بەرگی پشتەوەی کتێبەکە دانا، کە چۆن وردەکارانە، وەک پەند و عیبرەت ماوەی حوکمڕانی شـــاناســـری دیاریکردەوە. کاتێکیش چوارینەکەم بۆ نووسەر کردە هۆڵەندی زۆری پێخۆش بوو.

ڕۆمانی مێژوویی بۆ پەردەهەڵدانەوە لەسەر کەسایەتییەکان شتێکی تازە نییە، وێڕای ڕووداوە سـەیروسـەمەرە وروژێنەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە و بێگرێوگۆڵی لە بەیەکەوە لکاندنی بەندەکان، بە شـــێوازێکی ئاســـان و ڕەوانیش و ڕووداوەکان دەگێڕیتەوە، نەوەک هەر بۆ خوێنەری ئاســـایی بەڵکو دەکرێ چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانیشمان سوود لە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەکە وەربگرن.

ماوەتەوە سـەر ئەوە وەک هەر بەرهەمێکی چاپکراو، دوای ڕەشـنووسـی وەرگێڕان، بۆ پێداچوونەوە و هەڵەگری و ڕاســـتکردنـدەوەی هەنـدێ دەســتەواژە و ڕسـتە و وەرگێڕانی هەندێ دێڕە شـیعر، هەر دەبووا پەنا بۆ پۆلێک لە هـاوڕێی خەمخۆر ببەم. هەر وەرگێڕانێکم چاپ بووبێ بە شانازییەوە بەو قۆناغەدا تێپەڕیەوە و دەستبارییان گرتووم.

بۆ ئەم جارەشـیان کاک بارام سـوبحی بە سـەر ڕەشـنووسـی یەکەممدا چوویەوە، لە هەڵەی تایپی زەق ئاگاداری کردوومەتەوە، پاشـان خاتوونە شـــاعیری جواننووس مەدیحە عەبدولقادر چەلەبی ئەرکی کێشـــا و لە ڕووی هەڵەگریی و ڕێزمانەوە پێیداچووەیەوە کۆمەڵێ تێبینی گرنگیشـــی بۆ نووســـیم. ئینجا کـاک ڕیـاز کاکە مەحمەد زیـاتر لە هەفتەیەکی بۆ تەرخـان کرد و کەوکوژییـانە بۆی لەبەر هەڵەی تـایپ و ڕێنووســـەوە دانیشت و لە خەمی ڕەخساند و تێبینی ئەوەشی دامێ، کە چەندین وشە

له پەراوێزدا ڕوونبکەمەوە. هـاوڕێ ڕێبـاز مســــتەفـاش وێڕای ئەوەی چەندین دێڕە شـــیعری نێو ئەم ڕۆمانە کە بۆ بنەچەکە فارســــییەکەی گەڕاندنەوە و وەریگێڕان، دوا جاریش بە بەشێکی زۆری وەرگێڕانەکەمدا چووەوە تـا وەهـای لێهات ڕووی ئەوەی بێ بخرێتە بەردەم خوێنەری تاسەمەند و خۆشەویست.

هەڵبەتە سـوپاس و پێزانینیشـم بۆ هاوژینی خۆشـەویسـتم (کنێر جەمیل) کە لە ڕەخسـاندنی دەرفەتی کات بۆ وەرگێرانەکانم هەمیشـە پاڵپشـتێکی سەرەکییمە.

بەو هیوایەی ئەم وەرگێڕانەشیان بچێتە پاڵ ئەوانی دیکە و بە سەرنجەوە بخوێندرێتەوە.

ش.ح.خ
ئەیلوولی ٢٠٢٢، لاهای/ هۆڵەندا

پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی

خوێنەری ئازیز!
کتێبەکانی من وەرگێڕدراونەتە سەر زۆر زمانی بێگانە، هەر هەمووشیان جوانن، من بە ژیان سوپاسگوزاریانم، بەڵام ئەوە بۆ من شتێکی زۆر خۆش بوو کە بیستم چیرۆکەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە جوانەکەی ئێوە.
هەستێکم لا دروست بووە وەک ئەوەی گەڕابمەوە ماڵەکەی خۆم.
لەکاتێکدا بەنێو مەزرا و گرد و بەرزاییە هەرە جوانەکانی کوردستاندا دەڕۆیشتم، گوند بە گوند و شار بەشار دەگەڕام، یەکەمین کتێبم بە فارسی نووسی.
سڵاوم بۆ خوێنەرانی کوردم.
ئەم کتێبە، واتە ڕۆمانی (پاشا)، دیسان هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەم بۆ ماڵ و نیشتمان.
ئەوەی تۆ دەیخوێنیتەوە، کتێبێکی مێژوویی نییە، بەڵکو کتێبێکی وێژەییە. فیکشنێک، پێویستم پێی هەبوو تا بە دروستی شەقڵێک بە مێژوو ببەخشم.
هەرچی لەو کتێبەدا هەیە لەسەر بنەمای ڕاستیی مێژوویی ڕۆنراوە، بەڵام گێڕانەوەکە بە گوێرەی ڕێسای وێژە و ئەدەبیاتە، یان هەروەک لە کتێبە بەناوبانگە هۆڵەندییەکەی مولتاتولی بەناوی "ماکس هافەلار" نووسراوە "هەمووی درۆیە!"
ئەم کتێبە، ئەم چیرۆکە بۆ من بایەخێکی زۆری هەیە. ئاخر یەکێ لە کەسایەتییەکانی ئەم کتێبە بە شێوەیەکی دیار لەسەر بنەمای میرزا

پاشا

ئەبولقاســـم قائیمولمەقامی فەراهانییەوە بنیاتنراوە، ئەویش باپیرەگەرەم بووە، لە نێو قاجارەکانی ئێراندا سەروەزیر و لایەنگری ئەدەبیات بووە.
گێڕانەوەی چیرۆکەکەی ئەو کارێکیماڵباتییانە بوو، بۆ من شـــێوازێکی بەمیراتمانەوەی پیروکالی کۆنینەمان بوو.
من ئەم پێشـــەکییە تایبەتییە بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە دەنووســـم، چونکە یەکەمین کتێبیشـــم هەر لەبارەی ئەوانەوە بوو تا دەنگیان ببیســـترێ.
کوردســـتان بە کلتوری دەوڵەمەند و چیرۆکەکانی، بۆ من خۆشـــەویستە.
حەقە ئێوەش ئەوە بزانن، بەشـــێک لە ناســـنامەی منداڵەکانم کوردییە.
ئەمەش وا دەکا وەرگێڕانە کوردییەکە بۆ من تایبەتمەند بێ، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە پێشکەشی ئێوە بکەم و پێتان بناسێنم.
سڵاوم بۆ خوێنەری کورد.

قادر عەبدوڵلا.
هۆڵەندا، ٢٩ی تەمموزی ٢٠٢٢

کەسە گرنگەکانی نێو ئەم ڕۆمانە:

شا

مەهدولیا : (مەهد عولیا)ی دایکی شا

تاج سوڵتان: کچی شا

میرزا کەبیر: گەورە وەزیر، سەروەزیر

شێخ ئاغاسی: وەزیری دنەدەری شا

جەمال خان: سەرکردەی گرووپی بەرگری

میرزا ڕەزا: دەستەڕاستی جەمال خان

بەرایی

هەمیشـــە لەو هەزاران ســـاڵەی ڕابردوودا لە چایەخانەکانی ئێراندا حەکایەت لەبارەی پاشـــا کۆنەکان گێڕدراونەتەوە. حەکایەتخوانانیش لەگەڵ ڕۆژگار ڕۆیشـــتوون و خۆیان گونجاندووە و ڕکێفی خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیان شلکردووە تا ئەو مێژووە بە شێوەیەکی ڕەنگین و بە تام بگێڕنەوە. ئەوان ڕووداو و پێشـــهاتەکانیان ئاڵوگۆڕپێکردووە، لێرە و لەوێش لێیان زیاد و کەم کردووە.

وەســـتایەتی و کـارامەیـیـان لە گێڕانەوەی حەکـایەتخوانە مەزنەکـانی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتی ئێرانییەکان دەنواند. کاتێکیش چواردەســـەدە لەمەوبەر خۆری دەوڵەتی ئێرانی ئاوابوو، واتای ئەوە بوو لەگەڵ خۆریدا خۆری حەکایەتە گەورەکانیش ئاوابێ. ئیدی ئێرانییەکان لەو شـانازییەی خۆشیان داماڵران.

لێ گەلۆ، ژیان فیردەوســـی شـــاعیری هێنایە پێشـــەوە. ئەویش کتێبێکی قەبەی نووســـی: شـــانامە، کە واتای حەکایەتی پاشـــاکان دەگەیەنێ. بۆ ئەوەی ڕوداوە چڕوپڕەکانی ســـەردەمی دێرین دابڕێژێتەوە و بەســـەریان ڕابگا، ئەوەبوو فیردەوســـی پاڵەوانێکی بەناوی ڕۆســـتەم ئافراند. لێیگەڕا ڕۆســـتەم نۆســـەد ســـاڵی ڕەبەق بژێ. ئاخر تا بتوانێ هەرچی ڕۆژگاری

لەدەســــتچوو هەبوو، لە هەنـاوی تـاریکیی لەبیرچوونەوە دەربهێنێ و بیپارێزێ.

گێڕەرەوەی ئەم ڕۆمانەش بە شوێنپێی ئەم شاعیرەدا دەڕوا.

١
پاشاکان

لە بەراییەوە مانگا هەبوو، مانگا لە لایەن خواوەندەوە بوو، ئەویش ناوی ئاهورامەزدای هەڵگرتبوو.
مانگاکە هێشتا شیری نەدەدا. ئاهورامەزدا دەستی پیرۆزی بەسەر نێوچاواندا هێنا و لێی فریسمی[1] "ئێمە کەسمان بەسەرداری تۆ دانەناوە، ئێمە تۆمان بۆ ئەوان ئافەریدە کردووە، ئەوانەی چاویان لە چوارپەلەکان هەیە و مشووری لەوەڕگاکەشیان دەخۆن."

لەپاش یەک دوو هەزار ساڵێک لە ژیانی مرۆڤدا، کەیومەرس پەیدابوو. شەوێکیان کەیومەرس لەبەردەم ئەشکەوتەکەی وەستا بوو، تەماشای مانگ و ئەستێرانی دەکرد چۆن تیشک و تریفەیان بەسەر مانگا و خەڵک لەو چیمەنە بێکۆتاییەدا دەباراند. بیری کردەوە: خۆ هەر دەبێ شتێک ئەو تەلیسمە مەتەڵاوییە هەڵبێنێ و هەڵبسووڕێنێ.
کاتێکیش لە دوای نیوەڕۆیەکی خۆرەتاودا دیسان لەبەردەم دەرکی ئەشکەوتەکەی ڕاوەستا، لەپڕ هەندێ هەوری تاریک پەیدا بوو، ئاسمانی

---

[1] لەسەرخوێندن بە مەبەستی پیرۆزکردن. پیرۆزکردن.

داگرت، لە هەورە ئاوسـەکەشـدا باران بە بێ لێکردنەوە داباری. لافاو هەڵسـا، ڕووبـارە هـاروهـاجەکـان چیمەنەکـانیـان وێران کرد، هەموو شتیکیان بە خەڵک و مانگاکانیشەوە لەگەڵ خۆ برد.
کەیومەرس بیریکردەوە: هەر دەبێ کەسـێـک هەبێ ڕوبـارەکـان هەڵسووڕێنێ.
ڕۆژێکی دیکەیـان بینی خەڵکەکە لەگەڵ یەک بەشـەڕ دێن، بە تێلاو مەترەقان وەرگەڕاونەتە سـەرۆپۆتاکی یەکدی و یەکدی دەکوژن. بینی ژنان دەترسـن و منداڵانیش دەگریێن، ئینجا لەبەر خۆیەوە گوتی: "هەبێ و نەبێ کەسـێک دەبێ ئەو ژن و پیاو و منداڵانە هەڵبسـووڕێنێ و بپارێزێ."
سـپێدەیەکیـان، تـازە خۆر هەڵهـاتبوو، ئەوەبوو ئەو لە لایەن ژن و منـداڵانەوە تـاجێـک لە چڵەدار و گوڵی بۆنـداری پێبەخشـرا. ئەویش تاجەکەی لەسـەر نا، قۆڵەکانی بۆ هەوا بەرزکردنەوە و ئەم قسـانەی کردن: "هۆ ئاهورامەزدا! دەی هێزم پێببەخشە تا سەرداریتیی هەموو ئەو شـتانە بکەم، کە لەجێی خۆیان ڕەق وەسـتاون و نابزوون و هەموو ئەو شتانەش کە لەسەر زەویدا دەجووڵێن."
ئینجا ئەو لە چیا هاتەخوار.
کەیومەرس حەوتسـەد سـاڵ حوکمی کرد. زۆر لە پاشـایان بە شـوێنی ئەودا هاتن. یەکێک لەوان ئاسـتیاگی پاشـای میدییەکان بوو، ئەوەی بەسـەر ئێراندا زاڵ بوو. ئاسـتیاگ خەونێکی بینی؛ لە زگی کچەکەی، لە زگی ماندانادا دارمێوێک شـین بوو، سـێبەرەکەی بەسـەر هەموو دونیادا پەخش بووبوو. بۆ بەیانییەکەی ئەو لە خەونلێکدەرەوەکانی خۆی پرسی، داوای لێکدانەوەی خەونەکەی لێکردن. ئەوانیش گوتیان؛ کچەکەی ئەو کە ژنی یەکێک لە شـازادە بندەسـتەکانی فارس بوو، ڕۆڵەیەکی دەبێ تەختوتاجی پاشا دەڕووخێنێ.

ئینجا ئاستیاگ فەرمانی دا دەستبەجێ هەر کاتێ منداڵەکەی بوو، بیکوژن، بەڵام منداڵەکە، کە ناوی (کورش)یان لێنابوو لە لایەن شوانێکەوە شاردرایەوە. پاشان، کاتێ کورش باڵق (بالغ) و هەراش بوو، ئاستیاگی کوشت و خۆیشی بووە پاشای نوێ.

کورش لە سەردەمی خۆیدا دەستی بەسەر هەموو جیهاندا گرت. لە دوای خۆی تابلۆ قوڕینەکەی بەم نووسینە بزمارییە بەجێهێشت: "من کورشم، پاشای جیهان، پاشای مەزن، پاشای زاڵ، پاشای بابل، پاشای سۆمەر و ئەکەد، پاشای چوار کەناری دنیایێ (پاشای چوار با).
هەموو پاشایان، ئەوەی لەسەر تەخت دانیشتوون، هەر لەوسەری سەرەوەی زێوە تا ئەوپەڕی خوارووی زێ، ئەوانەی لەناوچە دوورەدەستەکان دەژین، پاشایانی ڕۆژئاواش، ئەوانەی لەبن چادردا دەژین، هەموویان خەراج و بەراتیان بۆ من هێناوە. لە بابلیشدا پێیان ماچ کردم."

کەمبوجیەی کوڕی کورش، شوێنپێی باوکی هەڵگرتەوە. لەدوای کەمبوجیەش هێشتا سێ پاشای دیکە هاتن تا ئەوکاتەی داریوشی سێیەم هاتە سەر تەختی دەسەلات. ئەویش قەڵەمڕەوی خۆی ڕۆنا، کە هەرگیز ڕۆژی لێ ئاوانەدەبوو، تەونێکی ڕێگاوبانی نوێی لێدا تا هەر چوار لای قەڵەمڕەوییەکەی بەیەک ببەستێتەوە. ئەو بڕیاریدا پەلاماری گریک بدا و دەستی بەسەردا بگرێ. بە لەشکرێک لە هیندی، ئەسیوپی، موشایری، تراقی، کیسی و ئاشووری لە بەندەری ئەسینادا دابەزی.
گریک لە ترسی پەیدابوونی ئەو پاشا یەزدانییەدا هێدمە گرتی. گریکەکان زانییان ئەوان هەرگیز ئەو شەڕە نابەنەوە، بەڵام خواوەندەکان لایەنی

ئەوانیان گرت. ئیدی بە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوان سـوپا بەهێزەکەی ئێرانییەکانیان تێکشکاند و پاشاکەشیان هەڵات.
داریوشـی سـێیەم بەو هەڵاتنەی خواوەندەکانی خۆرهەڵاتی شـەرمەزار کرد. ئەوان پێیان باشـتر بوو پاشـا لەوێ لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێ، بەدیلی بگیرێ یان ئەندامەکانی جەسـتەی پارچەپارچە بکرابان. هەموو شـتێکی لێبەسـەر هاتبا تەنیا هەڵنەهاتبا. پەندێک کە زۆر باش لەگەڵ کردەوەکەی ئەودا دەهاتەوە، وەها دەگوترا: شێرێکی کوژراو هێشتا هەر شـێرە، شـێرێکی زامدار هێشـتا هەر شـێرە، شـێرێکی دیلکراو و لەقەفەسـنراو، هێشـتا هەرشـێرە، بەڵام شـێرێکی هەڵاتوو لەچاوی دوژمنەکەی شێر نییە.
ئیدی لەوکاتەی خواوەندەکان پشـتیان لە پاشـا ئێرانییەکان کرد، دەوڵەتەکەیان بەرەو ڕووخان و داڕمان ڕۆیشت.

پاشـان ئەسـکەندەری گەورە دەوڵەتی ئێرانی قامچیکوت کرد. سـەرتاپای کۆشـک و باڵەخانەکانی سـووتاندن، سـەرتاپای گەنجینە گرانبەها لەبنەهاتووەکەی تاڵانکرد و تا بەرەو هیندسـتان بڕوات و ئەوێش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

یەک دوو سـەدە دوای ئەوە مـحەمەدییـەکـان بە قـورئـانە تازەنووسـراوەکەیان پەیدابوون و بەسـەر دەوڵەتە لاوازەکەی ئێرانیان دادا و گرتیان. ئەوان توانییان لەماوەی تەنیا سـێ هەفتەدا دەسـەڵات بگرنەدەست. یەزدەگوردی پاشـای لادراو بەخۆی و ئەسـپەکەی هەر بە گورگەلۆقە بەرەو سـنووری ڕۆژهەڵات، بەرەو هەرات تێیتەقاند. بەڵکو لەوێ جارێکی دیکە لەشـکر ڕێکبخاتەوە و بتوانێ عەرەب لە وڵات بەدەر بنێ. کەچی لە قووڵایی شـەودا، ئەو شـەکەت و ماندوو، بۆ حەسـانەوە

لای دایە لای ئاشـــێک. ئەوەبوو ئاشـــەوانەکەش لە شـــیرین خەودا هەڵیکوتایەسەر و ملی بادا و تاج و هەرچی زێروزیوی پاشایەتی هەبوو لەبەری داماڵی. بەم شـێوەیە ئاشـەوانێک کۆتایی بە پاشـای قەڵەمڕەویی ئێرانی هێنا.

دوای ئەوان جەنگیزخانیش لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا کشا، ئەویش بەســـەر ئێرانی دادا و خاپووری کرد، هیچی وەها لە شـــکۆ و نەمریی جاران نەمایەوە. تەنیا لە سەردەمی سەفەوییەکان بوو وڵات هەڵسایەوە سـەرپێی خۆی. ئەویش هەر بۆ ماوەیەکی کورت شـکۆی بۆ گەڕایەوە. دیســـان وڵاتەکە هەرەسی هێنایەوە. هۆز و تیرەکان بۆ بەدەســـتهێنانی دەسەڵات لەیەک بەربوون.

لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمدا پیاوێک ویسـتی جڵەوی دەسـەڵاتی هۆزەکان بخاتە دەست خۆی.
ئەم چیرۆکە لەبارەی پاشای ئەم هۆزەیە: شازادە ناسر.

٢
شازادە ناسر

هەبوو نەبوو شـــازادەیەک هەبوو، پاشـــان دوای ئەوەی بووە پاشـــا، سەردانی پاریسی کرد.
لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڵێندەرە فرەنسـییەکاندا، چاوی بە ئەندازیار گوسـتاف ئیڤل Gustave Eiffel کەوت، بەڵام ئەوان نەگەیشـتنە ئەو بیرۆکەیەی سـەر لە بورجە ئاسـنینە بەرزەکە بدەن. ئاخر هێشـتا نە هەڵسـوڕێنەرانی شـار و نە پاریسـنشـینەکان بە ئاسـنە هەراسـانەکە کەیفخۆش نەبووبوون.

شـازادەکە بە فەرمی ناوی ناسـر محەمەد فەتحعەلی موزەفەر بوو. ئەمانەش پێشـناوی باوک و باپیرە و باپیرە گەورە و هەرە گەورەکەی بوون.
دایکیشی مەهدولیا[٢] ژنێکی دەستڕۆیشتوو بوو.

---

[٢] ناوە فارسییەکە دەق (مهد علیا /مەهد عولیا)یە، بەڵام نووسەر لە هۆڵەندییەکە لێکیداوە و بە مەهدولیا نووسـیویەتی، منیش بۆ ئەوەی ئاسـانتر بخوێنرێتەوە

شـــازادەکە ٣٤٧ برای هەبوون، ئاخر باوکی لە ژیانە درێژەکەی خۆیدا ١٢٠٠ ژنی هێنابوو، بۆ ڕاسـتی و درۆ، بۆ ئەوەی دەقاودەق بین، ١٢٣٥ ژن بوون.

لە سـەردەمی باپیرەی ئەو شـازادەیەدا بوو تاران کرایە پایتەختی وڵات. پێشتر تاران گوندێکی گەورەی دامێنی کێوی ئەلبورز بوو. بە خێراییەکی یەکجار زۆر گەورە بوو، پەرەی سـەند و ئاوەدان، تا وای لێهات خەڵک بە کۆشکە نایابەکانی سەرسام بن. بازاڕەکەشی دڵی بەگوڕ و خورپەی شارەکە بوو.

لای سـەرووی شـارەکە، شـازادەکان لە خانووی گەورۆنە گەورۆنەی ناوازەدا دەژیان، لە ناوجەرگەی شارەکەشدا دەوڵەمەند و خواپێداوەکان خانوو و تەلاری قەبە قەبەیان بۆماڵبات و خانەوادەی گەورە گەورەی خۆیان دروسـت کرد. باقی دانیشـتوانی شـارەکە یان بۆ بازرگانەکانی شارەکە کاریان دەکرد، یاخود دوکانی بچووک و وردەفرۆشیان هەبوو، کە دەستڕەنگینییان تێدا باڵکێش بوو. گوندنشینان بە کۆڕەو دێهاتەکانیان جێدەهێڵا، بەڵکو لە شـاردا بەختی خۆیان بۆ ژیانێکی باشـتر تاقی بکەنەوە.

ئەوکات لای سـەرووی وڵاتەکە سـنووری لەسـەر ڕوسـیا و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لەگەڵ هیندستان و لە باشووریشەوە کەنداوی فارسی، کە بریتانییەکان بەخۆیان و کەشـتییە گەورەکانیان بۆ هیندسـتان لە جرتوفرتدابوون.

وڵاتەکە لەنێوان دوو زلهێزدا گیرۆدە بووبوو. ئێسـتاش پاشـا کۆنەکە مردووە و نۆرەی پاشـای نوێیە تا بچێتە سـەر تەختی پاشـایەتی،

هەر بە مەهدولیام نووسـیوەتەوە، دیارە ئەو ناوە لەم ڕۆمانەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە. وەرگێڕ.

ڕوسـیاش هەروەک ئینگلیسـتان لە بێنەوبەردەی ئەوەدا بوون بەشـێکی دەسەڵاتەکە بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن.

هەرچەنـدە پـاشـــای کۆچکردوو ٣٧٥ کوڕی هەبوو، لێ هەر بەتەنیـا هەشـــتیان گرنگ بوون. ئەوانیش ئەو کوڕانەی بوون کە دایکیان ســـەر بەهەمـان هۆزی پـاشـــا مردووەکە بوون. بەگوێرەی نەریتیش، بـاوکی شایەکە کوڕەکانی وەک والی، وەک حوکمداری بەشە گرنگەکانی وڵاتەکە دادەنا. شازادەی جێگرەوەش هەمیشە دەکرایە والی تەورێز.
شـــازادە ناســـریش شـــازادەی جێگرەوە بوو. مەهدولیای دایکی دۆتمامی پاشا کۆچکردوو، هەروەها ژنە هەرە خۆشەویستەکەشی بوو. ئەو لەنێو دەرباری بنەماڵەی پاشـــادا پێگەیەکی ناوازە و تایبەتمەندی خۆی هەبوو. لە خوێنەوە لە هەموو خزمەکانی دیکە لە پاشاوە نزیکتر بوو.
بە گوێرەی دابونەریت شـــازادەی جێگرەوە لە تەورێز دادەنیشـــت. ئەو شـــارەی وەها هەڵکەوتبوو لە ســـنووری ڕوســـیا نزیک بێ، کە دووەمین شاری گرنگی وڵاتەکە بوو.
پاشـــا کۆنەکە لەســـەر پێخەفی مەرگدا، توانی تەداروکی ئەوە ڕێک بخا، هەم ڕوسیا و هەم ئینگلستان شازادەی جێنشین بە شوێنگرەوەی خۆی بزانن و پشـــتی بگرن. شـــازادە ناســـریش هەراش و باڵق بوو، بایی ئەوەندەش ئەزمونی لە ژیان هەبوو تا وەک پاشـا بچێتە سـەر تەخت، لێ دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەبن دەستی میرزا کەبیر، گەورە وەزیرەکەیدا بوو.

دوای مردنی پاشـــاکە، ئەوە بوو ڕوســـەکان شـــازادەی جێگرەوەیان بە سەدان ئەسپ و گالیسکە و کەژاوەوە لە تەورێزەوە بۆ تاران برد، ئاخر لەوێ ڕێوڕەســـمی تـاجلەســـەرنـان بەڕێوەدەچوو. ئەمەش ختووکەی

بریتانییەکانی دا و هەراسـانی کردن. ئاخر ئەوانیش دەیانویسـت لە ڕێوڕەسمی گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا بەشدار بن.
میرزا کەبیری وەزیر زانی چۆن بە ئیشـەکە ڕابگا و چارەی بکا، وایکرد تیپێکی سـەربازیی بریتانی لە قەزوینەوە تا تاران یاوەری شـازادە بکەن. باڵوێزی بریتانیاش ئەم چارەسـەرەی پێ پەسـەند بوو. ئەوەش ڕاگەیەنرا کە ئینگلسـتان وەک هێمایەکی بەشـداربوون، تێیچوونی بۆنەکە لە ئەستۆ دەگرێ. لە کـاتی بۆنە ڕازاوە و پڕ لە وردەکـارییەکەدا، لە کۆشـکی گوڵستاندا شازادە تاجی پاشایەتیی باوکی لەسەری خۆی نا، چووە سەر تەختی پاشـایەتی و بە فەرمی بووە شـا ناسـر. نوێنەرانی ڕوس و بریتـانیـاش لە تـاران پیرۆزبـاییـان لێکرد و بە خۆیـان دیـاریی تـایبەتی مۆسکۆ و لەندەنیان پێشکەش کرد.
لە تاران بۆ ماوەی چل ڕۆژ ئاهەنگ گێڕدرا. بازاڕ ڕازایەوە، بۆ چل ڕۆژ و چل شەو هەر گۆرانی و موزیک، هەر شایولۆغان بوو. لە ناوجەرگەی شـاریشـدا چەندین چادر هەڵدران، خوان پڕ و ڕازاوە، خەڵک دەسـتە دەستە دەهاتن و نانیان دەخوارد.

لەکاتێکدا شـا ئاهەنگی دەگێڕا، میرزا کەبیر وڵاتی هەڵدەسـووڕاند. هەر ڕێک لە ڕۆژی چل و یەکەمینی دوای تاجلەسـەرنانەکە، وەزیرەکە بەرەو کۆشکی پاشا ڕۆیشت تا لەگەڵیدا کاروبارە گرنگەکانی وڵات تاوتوێ بکا. دوای کۆتایی ڕۆژێکی درێژی پڕ لە وتووێژ، ئەو پاشـای لە پرسـێکی پربایەخ و بە پەلە ئاگادارکردەوە: "هەرچەندە بریتـانی و ڕوس لەگەڵ باوکی کۆچکردووی ئێوەدا گەیشتبوونە ڕێککەوتن تا پشتی تۆ بگرن، لێ ئەوان پشتی برایەکانی تۆش دەگرن تا بەرژەوەندییەکانیان لە هیندستان لەبەرچاو بگرن."
"کامە لە برایەکانم؟"

"هەر حەوتیان. ئەوان ڕاپەڕیون. ئەوان سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیەنن. سێ لە برایەکانت، کە لە ناوچە سنوورییەکان حوکمڕانن، مزەفەرخان لەسەر سنووری ڕوس، محەمەدخان و جەعفەرخانیش لەسەر سنووری ئەفغانستان و هیندستان، بەشێوەیەکی تایبەتی پەیوەندییان لەگەڵ بریتانییەکاندا هەیە. خەریکە وڵاتەکە لەباریەک هەڵوەشێ."

شا بە پەرۆشەوە گوتی: "ئەو پشتیوانییەیان لەچیەوە هاتووە؟"

"ئەوان لە لایەن ڕوس و بریتانییەکانەوە پارە و چەکیان دراوەتێ."

(شا)ش هاواری کرد: "ئای لەو ناپاکانە."

وەزیر وەبیر پاشای هێنایەوە، وەک سوپاسالاری گشتی هەقە فەرمان بدا تا ڕاستەوخۆ بە مستێکی ئاسنین ئەو ڕاپەڕینە دژوارە سەرکوت بکاتەوە. دوای ئەوەش شا فەرمانەکەی دەرکرد، وەزیر بۆی چەمایەوە، کاغەزەکانی خستنەوە نێو جانتاکەی و لە ژووری چاوپێکەوتنەکە هاتەدەر، ڕووی لەو شوێنە کرد، کە ئەسپەکەی بە زینکراوی بۆ ئامادەکرابوو.

لە کۆتاییدا و دوای ئاهەنگێکی دوورودرێژ، کاتی ئەوە هات پاشا پاڵداتەوە. ئیدی خۆی کێشایە شوێنی حەوانەوەی فەرمی تا لێی برازێ[٣] لەوێش پێخەفی ناوازە و تایبەتی لێبوو، کە جێوبالیذگانی پاشاکانی پێشووی هۆزەکەی بوون، شەویان لەوێ بەسەردەبرد.

---

[٣] ڕازان: خەوتن

٣

حەرەمسەرا

شا میراتێکی بارقورسی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە.
بارودۆخی وڵات خراپ بوو، گەنجینەکەی بەتاڵ بوو، سوپا لە پەرشێکی هەژارانەدا بوو، بەشـــی هەرە زۆری خەڵکەکەشـــی نەخوێندەوار و لە هەژاری و نەداری و حـاڵەتێکی دوارۆژ نـاڕوونـدا دەژیـان، هەمیشـــە شەڕوشۆڕ لەسەر سنووری هیندستان مایەی هەڕەشە و گورەشە بوو، ئەویش لەبن جڵەوی بریتانییەکاندا بوو.
ئەمانە ئەو پرس و بابەتانە بوون دەبووایە پاشـــا لە ماوەی پاشـــایەتیی خۆیدا تاوتوێیان بکا و بیانخاتە بن چاوی مشـــوورخواردنی خۆیەوە، بەڵام خۆ ئەو نەیـدەزانی چۆن چۆنی بەســـەریـان ڕابگـا و یەکلایـان بکـاتەوە، بۆیە هەمووی بۆ وەزیرەکەی خۆی لێگەڕابوو. بەڵێ میرزا کەبیریش نەخشەی بۆ هەموو ئەو شتانە هەبوو، نەخشەیەکی گەورە کە بۆ جێبەجێکردنی پێویســـتی بە مۆری قایلنامەی شـــاوە هەبوو. تا ئەو کاتەش بە پرســـە تایبەتییەکانی خۆیەوە ســـەرگەرم بوو، ئیدی وەزیر

دەستی کراوە بوو تا ئامادەکاریی پێویست بۆ بیرۆکەکانی خۆی لەبارەی بەدیهێنانی چاکسازی و بەرەو پێشخستنی وڵاتەوە بکا.

یەکەمین خەمی پاشـــا ئەوە بوو جێورێ بۆ ژنەکانی بدۆزێتەوە و هەریەکەیان بخاتە ســـەر ماڵ و حاڵی خۆی. ئاخر باوکی ئەو زیاتر لە ١٢٠٠ ژنی لە حەرەمخانەی خۆیدا هەبوو، بەڵام شـــا هەر بەتەنیا ٢٣٠ دانە ژنی هەبوو. ئەوانیش دوو هەفتە دەبێ لە تەورێزی نزیک سـنووری ڕوسیا خەریکن بارگە و بنەیان دەپێچنەوە و بەرەو تاران دێن.
شا پێشوازی لە گەورەی حەرەم، خواجەباشـی کرد. باوکی ئەو کابرایە نۆکەرێکی دڵسۆزی پاشا کۆچکردووەکە بوو، ئەویش کوڕەکەی هەر لە منداڵیەوە خەســـاند، بۆ ئەوەی دواتر وەک خەســـێنراوێکی ناو ژنانی حەرەم خزمەت بکا. کاتێکیش ئەو منداڵە خەســـێنراوە هەراش بوو، گەیشتە تەمەنی باڵق بوون، پاشای کۆچکردوو ناردییە تەورێزێ بۆ لای حەرەمی شـــازادەی جێگرەوە. دڵســـۆزیی کابرای بابنۆکەریش وای کرد دواتر نازناوی خراجەی پێبدرێ، ئەو نازناوەش پاداشـــتێکی بەرچاوی پاشا بوو بۆ خەسێنراوێک.
خواجەباشـی ڕاستەوخۆ فەرمانی لە پاشا وەردەگرت، لەدوای پاشا ئەو لەنێو حەرەمدا هەمەکارە بوو، ســـەرەداوی هەموو ئیشـــوکار لەدەســـتی ئەودا بوو. ژنەکان پێویســـتیان بە هەرچییەک هەبووایە، لەســـەر ئەو بوو مشـــوری بخواردبایە. بەبێ مۆڵەتی ئەو بۆ هیچ ژنێک نەبوو بســـتێک لە حەرەمســـــەراکە دووربـکەوێـتەوە. خـواجە چـاوی لە دەروازەی حەرامســـەرابوو. پاشـاش لە ڕێڕەوێکی حەرەمســـەراوە و بەرەو ژووری نوستنی خۆی دەچوو.

ئەوە بوو شـــا بـانگی خواجەی کرد، تـا هەواڵی نوێی لەبـارەی بەڕێوەچێبوونی ژنەکـانی پێڕابگەیەنێ. کـاتێکیش پەردەدارەکەی[4] هاتەژوور، پاشـا لەناوەڕاسـتی هۆڵێکی مینابەندا وەسـتابوو، پیاوێکی کەمدوو بەخۆی و قاپووتێکی ڕەشـی تەسـکەوە هاتەژوور و لە پاشـای پرسی، کە خواجەباشی لە بەردەرکە وەستاوە، ئاخۆ بێتە ژوور. پاشاش سەرێکی بۆ لەقاند.

خواجەش لە دوای خەسـاندنەکە، ڕوخسـارێکی ناشـیرین و ناقوڵای بێ مووی وەرگرتبوو. بە لێکردنەوەی برۆکانیش هێشـــتا وای لێ نەهـات بیچمەکەی هەندێک بکەوێتە بەر دڵان. ئەو قاپووتێکی ناپێشـچاوی شـینی تـاریکی لەبەردا بوو، شـــاڵێکی ســـپیی نەشـــوراویشـــی بە ملیدا شـــۆڕکردبووەوە. خواجە هەموو شــتێکی لەبارەی جەســـتە و نهێنیی ژنەکانی شـــا دەزانی. شـــاش ناقوڵایی و بۆگەنی خواجەکەی پێ هیچ نەبوو، ئاخر هەر بەم شـێوەیە ژنەکان لە کابرا دووردەکەوتنەوە. خواجە تێلایەکی لەبن هەنگڵدا بوو، ئەوەش بۆ ئەوە بوو تا ژنە لاسارەکان بەڕێز بوەسـتێنێ. شـــا ڕێگەی دابوو لە حزووری ئەویشـــدا، تێلاکەی هەر بە دەستەوە بێ.

هەمیشـە لەبەر قایشـە ئەسـتوورەکەی پشـتێنیدا، بازنەیەکی پڕ لە کلیلی پێبوو، کلیلەکان ئەوەندە زۆر بوون لەژمار نەدەهاتن. هەر کاتێک خواجە لە حەرەمســـەردا بجووڵابـا و لێیـان نزیـک ببـایەوە، هەمووان لە زرینگانەوەی کلیلەکانەوە دەیانزانی خواجەیە.

---

[4] پەردەدار ئەو نۆکەرە یان ئەو بابنۆکەرەی بەردەوام لەبەردەسـتی شـادا بوو، هەموو کـاروبـارەکـانی جێبەجێـدەکرد، تـاڕادەیەکی زۆریش ڕازگری بوو، بەشـێوەیەک لە شـێوەکان ڕۆڵی سـکرتێری ئێستا دەبینی، عەرەب (حاجب)یان بۆ بەکارهێناوە، بەڕێکەوت وشەکەم لە درامایەک بیست و وەرگرت. وەرگێڕ.

خواجە لەگەڵ هاتنەژووردا کڵاوەکەی لەسەر داگرت، هەر لەبەر دەرکە بە کڕنووشەوە وەستابوو.

شا بانگی کردێ: "دەی خواجە، پێم بڵێ ، ژنەکان لە کوێن؟"

"ئەوان گەیشتوونەتە نزیک تاران، وەهای دەبینم دەوروبەری دوای نیوەڕۆ بگەنە کۆشک."

شا پێی گوتەوە: "ئاوەها، دیارە گەشتێکی دوورودرێژ بووە، بە دڵنیاییەوە ئێستا ئەوان زۆر ماندوون."

"بەڵێ، ئەوان ئێستا حەقدە ڕۆژە بە ڕێگاوەن. بەخۆیان و منداڵەکانیان لە گەشتێکی قورسەوە هاتوون، بەڵام پاشام خۆشبێ، خۆ ئەوان لە ڕێگا لە نێو چادرەکاندا باش حەساونەتەوە."

ئینجا شا گوتی: "دەی دوای ئەوەی چووینە سەرتەخت، با ئەوانیش ئاهەنگ بگێڕن.

"پایەبەرز، هەموو شتێک ڕێکخراوە. کاتێکیش بەم زووانە گەیشتن ئەوا خۆی ئاهەنگێکی گەورەیە. ئەوان ماندوو نین، دوێنێ شەو لە کاروانسەرایەکی گەورە لە دەرەوەی تاران حەساونەتەوە و گەورەی حەرەمیش ساز و ئامادەیە."

گەشتی ژنان شتێک بوو لەبیرنەدەچووەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەوان بۆیان هەبوو تەنیا یەک کورتە سەفەر بۆ شوێنە پیرۆزەکان بکەن. ئیدی باقی ژیانیان دەبووایە لەنێو چوار دیواری حەرەمسەرادا بەسەربەرن. ئێستاش بە سواری ئەسپەوە بەناو وڵاتدا هاتوون، بەخۆیان و ڕووبەند (نیقاب)ی شین لەبن ئەو چارشێوە ڕەشەی بەریان. منداڵەکانیشیان بە گالیسکەوە و قەرەواشەکانیشیان بەسواری ئێستر لەپشتیان دەڕۆیشتن. پۆلە چەکدارێکی لەشکریش یاوەرییان دەکردن. ئێستا ئەوان لە دەروازەی تاران نزیکبوونەتەوە، یاساوڵەکانیش ڕێگەیان بەخەڵکی دیکە

چۆڵکرد تـا ئەو کـاروانە جیـاوازە و نـاوازەیە ڕێگەی خۆی ببڕێ. ئەسـپسـوارێک فووی بە کەڕەناکەیدا کرد وا هاواری کرد: "هۆ خەڵکینە ئاگاتان لە ڕەفتارتان بێ، وا حەرەمی شا بەڕێوەن و بەناو شاردا دێن." تیپێکیش لە موزیکژەنەکـان بەخۆیـان و زوڕنـا و دەهۆڵ و دمبکی گەورۆنە گەورۆنە و سـاز و ئامادە بوون. لەمبەر و ئەوبەری ڕێگە بە مەراق و تاسـەوە سـەریان هەڵبڕیبوو بە چاوی زەق و مۆلەق و دەمی بەشـەوە[٥] سـەیریان دەکرد. کوڕوکاڵیش لێیان وەسـەر داروددرەختی سـەر ڕێگا و وەسـەر بانان کەوتن، تا سـێرە لە هەموو جووڵەیەک بگرن و هیچی لەدەست نەدەن.

لە پێش کـاروانەکە تیپێک سـەرباز، پاشـان بەدوای ئەواندا ژنە سەرپۆشبەسەرەکانی شا دەرکەوتن. بە ڕیزێکی نەپچڕاوە بەنێو خەڵکی تەماشـاکەردا تێپەڕین، کەسـیش نەیدەزانی چۆن بجووڵێتەوە. بێدەنگی باڵی بەسـەر ڕەوشـەکەدا کێشـابوو، گوێت لە هیچ نەدەبوو تەنیا دەنگی سمی ئەسپ و خرمە و جیرەی گالیسـکە و تایەکانیان نەبێ کە بەسـەر ڕێڕەوە بەردینەکەدا دەڕۆیشـتن. جار بە جاریش قاقای مێردمنداڵێک دەهات لەوێ لەسـەر دارێک هەڵنیشـتبوو. هەر بەڕاسـتی شـتێکی سەرنجڕاکێش بوو؛ ژنانی شا هەروەک کۆتەڵی ڕەشداپۆشراو بە خۆیان و ڕووبەندی شـینەوە لەسـەر پشـتی ئەسـپەوە بوون، کە بە ڕەنگی ئاڵووالاوە ڕازابوونەوە.

لە ڕازاندنەوەی کەژاوەی ئەسـپەکاندا مرۆ دەیزانی ئەوە بناسـێتەوە، کە کامە ژن لە ئەوانی دیکە گرنگترە. ئاخر ئەسـپەکانی پێشـەوە لاسـەریان لەگەڵ قایشـی لغاویان بە تیلماسـکە قوماشـی ڕەنگین ڕازابووەوە. پەلەکانیشـان[٦] بە هەمان شـێوە بە پارچە قوماشـی جوان جوان

[٥] دەمی بەش: دەمی کراوە، ئیدیۆمێکە واتای سەرسامی و حەپەسان دەگەیەنێ.
[٦] پەل: قاچ. بۆ مرۆڤ قاچ/ لاق و بۆ ئاژەڵش پەل بەکاردەهێنرێ.

نەخشــێنرابوو، کلکیشـــیان وەک کەزی جوان جوان هۆنرابوونەوە. ئەو ژنانەی لەســەر پشـتی ئەو جۆرە ئەسپانە بوون، سـەر بە هەمان هۆزی پاشا بوون.
دەســـتەیەکیش لە گەنجە خەســـاوەکان، نۆکەری حەرەم بوون، ڕیزیان بەسـتبوو. پیاوەکان هەروەک ژنان دەجوولانەوە. کاتێک ئەوان گەیشـتن و تێپەڕین، ئیدی هەمووان دایانە تریقەی پێکەنین و بەدەســت ئاماژەیان بۆ خەساوە ژنانییەکان دەکرد.

ژنەکان بە ئاهەنگەوە گەیشـــتنە کۆشـــک و بە جۆشـــوخرۆشـــەوە پێشـیوازییان لێکرا. موزیکژەنە ژنەکان بە خۆشـی و شـادییەوە یاوەری گۆرانیبێژی حەرەمســـەرایـان کرد، بە کەیف و زەوقەوە گۆرانیی بەخێرهاتنیان بۆ دەگوت.
ئێســـتا ئیدی هیچ پیاوێکی غەوارە و لایدە[٧]لەنێو کۆشـــکدا نەبوو، بۆیە ژنەکان دەیانتوانی ســـەرپۆش و ڕووبەند فڕێبدەن. ئەوان لەگەڵ یەک کەوتنە قسـە، پێدەکەنین و تۆزوگەردی سـەر جلەکانیان دەتەکاند. ئەوان بە مەراقەوە چاویان لە ماڵوحاڵە نوێکەیان دەکرد.
لەپڕێکیشـەوە، بێ ئەوەی ڕابگەیەنرێ، پاشـا بە خۆی و تاجی پاشـایەتیی ســەری لە ســەرووی پەیژەکانەوە لێیان وەدەرکەوت. هەر ژنان ئەویان بینی، لە خەنیوخۆشـییان لە هاواریان دا. پاشـاش دڵخۆش و ڕووخۆش بوو بەوەی هەموو ژنەکان بە ساغی گەیشتبوونە جێ، ئینجا لە پەیژەکان هاتەخوار.
منداڵان بەرەو ڕووی پاشـا غاریان دا. ئەویش باوەشـی بۆ کردنەوە. لێ باوەشـی پێدانەکردن، بەڵکو ئاماژەی بە خواجە دا تا لەگەڵ خۆیان ببا و نوقڵ و شیرینییان بداتێ.

---

[٧] لایدە: غەریبە، بێگانە، نامۆ.

ژنەکان دەوری پاشـــایان دا، پیرۆزباییان لێکرد و ســـەرســـامانە لە تاجەکەی ســـەری ڕامان. مرۆ وەهای دەزانی تاج هەر ئەو تاجەیە کە کورش، پاشای پاشایان (شاهەنشا) لەسەری نابوو.

شـــا بە دیداری جوانترین ژنانی وڵات شـــاد بووەوە. ژنەکان پێکەنین و هەندێ دەردەدڵیان لەبارەی گەشـــتە دووروودرێژەکەیان کرد. ئەویش قســـەی خۆشـــی بۆکردن و یاری لەگەڵ کردن دەســـتی لە گوپ و گەردنیانی دا. دوای کەمێک مانەوە، بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە.

دوای ڕۆیشـــتنی ژنە بێمرادەکـان لەگەڵ یەک کەوتنە دەنگەدەنـگ و هاتوهاوار، تا خواجە بانگی کردن: "خانمان."

دەســـتبەجێ کڕ بوون، ئاخر کاتێ ئەو قســـەی دەکرد، لەخۆوە نەبوو، چونکە قسەی ئەو قسەی شا بوو: "خانمینە، ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان پایەبەرز چەند دڵخۆشـــە، شـــوکور هەمووتان بەســـاغ و ســـەلامەتی گەیشتوون. مایەی دڵخۆشـی ئەوەیە هەموو شـتێک بۆ ئێوە بە جوانی و ڕێکوپێکی ڕێکخراوە. ئەوەی من لە ئێوەش ڕەچـاوی دەکەم، پـابەنـدی ڕێســـاکان بن. لێرە لە تاران، بەتایبەتیش لێرە لەو حەرەمەســـەرایەدا هەموو شتێک جیاوازە لەوەی تا ئێستا لە تەوریز بینیوتانە. ئەم کۆشکە گرنگترین و جوانترین کۆشـکی وڵاتە. حەرەمســەراکەی ئێوەش لەنێویدا ســەرنجڕاکێشـترینی هەموو قەڵەمڕەوییەکەیە. پایەبەرز چیدی شـازادەی جێگرەوە نەماوە، ئەو هەنووکە پاشـایە پاشـا. قســەی منیش لەمەودوا قسەی پاشایە. قسەی پاشاش قسەی خوایە. بۆیە داواتان لێدەکەم باش ئاگاداری ڕەفتاری خۆتان بن و بە وردیش گوێ لە قســـەی من بگرن. بەبێ پرس کەس بۆی نییە لە حەرەمسەردا بچێتەدەر، تەنانەت بێ پرسی من مێشـــیش بۆی نییە لێرە وەژوورکەوێ. بۆ باقی شـــتەکانی دیکەش، قســـەی دیکەمان دەبێ. ژوورەکانی ئێوە ڕێکخراوە، ڕاخراوە، حازر و

ئامادەیە، پێخەف ئامادەیە و حەمامیش گەرم. کاتی خۆتان وەربگرن و بە ئارەزووی خۆتان پشوو بدەن.
ئەو داوای لە هەموو ژنە بەمنداڵەکان کرد، بچنە لای کوڕ و کچەکانیان بوەســــتن، ئاخر ئەوان یەکەمینن بۆ چونە هۆدەکانیان. لەدوای ئەوانیش ئەو ژنانەی ناردنە ژوورەکانیان، کە منداڵیان نەبوون، بەم جۆرە یەک لەدوی یەک چـوونە هـۆدەکـانـیـان لە حەرەمســــەراکە، نـۆکەر و قەرەواشەکانیش یاوەرییان کردن.

ژنەکان بە حەپەســــاوییەوە ســــەیریماڵوحاڵە تازەکەیان کرد. خۆی تەلارێکی گەورەو قەبەی سپی سێ نهۆمی، زیاتر لە سەد هۆدە و ژوور بوو. ڕێرەوی بێژمار کە هۆڵی گەورە گەورەی تێدابوو، بەدەیان هۆدەیان هاتە پێش. ژووری چالێنان، ناندین، ژووری دەرس، ژووری نەخۆشــــی، ژووری موزیک، ژووری شــــێلان، ژووری پاڵدانەوە، ژووری دەلاک، حەمامێکی یەکجار گەورەی وەها بەیەک جار ســــەد ژن دەیتوانی خۆی تێدا بشـوا. لەبەر ئەوەی ژمارەی ژوورەکان لە ژنەکان زۆرتر بوو، بۆیە هەریەکەیـان بـایی خۆی و بە زیـادەوەش جێگە و ڕێگەی بۆ تەرخـان کرابوو.
لە پاشــــخـانی تەلارەکەدا بـاخێکی گەورەی پڕ لە داری بەردار هەبوو، ڕێرەوی دووروودرێژ، لەمبەر و ئەوبەری گوڵ و گوڵوک بوو، تەختەبەندی بۆ دانیشتن لێ دانرا بوو، لەبەر سێبەری داران دیمەنێکی ڕەنگینی نیشان دەدا. تەلارەکە خۆی بۆ ئەوانەی تـازە هـاتبوونە نـاوی، وەک مـارپێچی لێهاتبوو، لە هەفتەی یەکەمدا ســــەرنشــــینە تازەکان بە شــــوێنی خۆیان نەدەکەوتنەوە. لە ناوەڕاســتیشـدا ئەســتێلکێکی گەورەی ئاوی تێدابوو، پڕ لە ماســــیی جوان و ڕەنگین بوو، دەوروبەریشــــی پڕ لە ســــەندەلی و

تەختەبەندی لێدانیشـــتن. لە هەمووشـــی فەرش و مافووری جوان و نەخشین ڕاخرابوون، کە دامەنەکانیان بە نەخشی ورد ورد ڕازابوونەوە. ئەو ژنانەی منداڵیان هەبوو لە پشـــتەوەی تەلارەکەدا جێی حەوانەوەی فرەوان و خۆش خۆشـیان بۆ سـازوتەیار کرابوو، ئەو ژنانەش کە تازە خرابوونە سـەر حەرەمسـەراکە، لە دالانە گەورە و بەردرێژەکەی نهۆمی یەکەمیندا جێگەیان بۆ دابینکرابوو.

زۆرینەی ژنانی حەرەمســـەرا لە دێهاتەوە هاتبوون. ئاخر شـــا لەو ســـەردانانەی خۆی بۆ دێهاتەکانی بن قەڵەمڕەوییەکەی خۆی، لەنێو ئەو کەســـانەی بۆ بینینیـان هـاتبوون، ژنەکـانی لێگرتبوون و لەگەڵ خۆی هێنابوونی. ئەو ژنانەش لە بەراییەوە زۆر خۆیان بە بەختەوەر دەزانی، کە شـــا ئەوانی لێهەڵبژاردوون، ئاخر وایان دەزانی بازی خۆشـــبەختی لەسەر شان و ملیان نیشتووەتەوە. لەگەڵ هاتنیان بۆ نێو حەرەم بۆ یەک دوو شـــەو دەچووە ناویان، دەســـتگەمەی لەگەڵ کردن، دەســـتی لێدان، دەسـتبازی لەگەڵ کردن، ماچ و مووچ و دەسـت لە مەم و ڕان و سـمت، ئینجا پڕدان و سەرجێیەکی توند و بێبەزەییانە. دوای ئەوە، ئیدی هەرگیز بەلایاندا نەچووەوە. بەم جۆرە ئەو ژنە گەنجە نەخوێندەوارانە بە جارێک کەوتبوونە دۆخێکی ئاڵۆزوبڵۆزی ســـەرلێشـــوان، ســـەرگەردانی لە بیروباوەڕ، لە جادووی و خورافە، لە قسـەوقسـەڵۆک، نەخۆشـی و دەرد، لیستی ژنان، شۆفاری، قسەهێنان و بردن و ڕێرەوی سیاسیی تاریک.
ئەوان بە شەو و ڕۆژ هەر لەو زیندانەدا بوون. ئەوان کاتی دووروودرێژیان بە خۆجوانکردن، بە شیشەکێشان، بە خواردن و شەڕ و دەمەقالێ لەگەڵ یەک بەسەردەبرد.

کاتێکیش ژنەکان جێگە و ڕێگە و ژوورەکانی خۆیان نیشـان درا، خواجە چوو لە دەروازە لێیـداکوتـا. بـارکردنەکە لە تەوریزەوە بۆ تـاران بۆ خۆشـبەختیی ئەو بەبێ کێشـە و سـەرئێشـە تەواو بووبوو. نۆکەرێکی گەنج قلیانێکی بۆ هێنایە بەردەمی دەروازەکە. خواجەش ئانیشکی وەسەر سەرینێک دا و بە دەم مژلێدان سەیری ژنەکانی دەکرد، کە چۆن خەریکی ئامادەکردنی شێون.
وەردە وردە تاریکایی داهات. پێشـخزمەتان مۆم و چرای ڕاڕەوەکانیان هەڵکرد. ئیدی جۆرێک لە خەم باڵی بەسـەر حەرەمسـەرادا کێشـا. پشـیلەیەک، پشـیلەکەی شـا خۆی بەژووردا کرد بە بازێک بۆ سـەرەوە کشا. لە کزە تروسکاییەکەدا تەماشایەکی ژنەکانی خوارەوەی کرد.

٤

گەورە وەزیر

میرزا کەبیری گەورەوەزیر لەپاش پەسەندنامەی شا، یەک دوو یەکەی لەشکری ناردنە بەشەکانی لای ئوستانەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوای وڵات تا زرپرا ڕاپەڕیوەکانی شا دەستگیر بکەن.

کاتێکیش باوکی شا هەستیکرد، کۆتاییەکەی نزیک بووەتەوە، لێبڕاوانە داوای لە میرزا کەبیر کرد پشتی کوڕەکەی بگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕکێفی تەواوی دەسەڵات بگرێتە دەست و خاترجەم بێ.

باوکی میرزا کەبیریش وەزیری دەستەڕاستی پاشای کۆچکردوو بوو. ئەوکات میرزا کەبیری لاو یاریدەدەری باوکی بوو لە کاروبارەکانیدا. پاشان جێگەی باوکی خۆی گرتەوە و بووە وەزیر لای پاشای کۆچکردوو. ئەو زۆر باش ئاگای لە ڕەوشی سەرتاسەری وڵات بوو. میرزا کەبیر لە لایەن خەڵکەوە خۆشەویست بوو، بەڵام لەسەر ئاستی پلە باڵاکاندا نەیاری زۆری هەبوون، چاویان پێهەڵنەدەهات، لەنێو ئەوانیشدا سیاسەتوان و شازادە گەندەڵەکان بوون. ئەو ئاگای لە باری پێشکەوتنی وڵاتەکانی وەک ڕوسیا، ئینگلستان و فەرەنگستان بوو،

دەشیزانی ولاتەکەی بە بەراورد لەگەڵ ولاتە ڕۆژئاواییەکان زۆر لەپاشە. بێکاری، نەخوێندەواری، نەخۆشـی و دەردوبەلا و هەژاری و نەدارییەکی زۆر لە ئێران کززەیـان لە جەرگەوە دەهێنا. سـەربـاری ئەوەش ئەو نەیدەتوانی ڕێگە لەوە بگرێ کە دەسـتەبژێرێکی کەم لە ولات هەتا دێت دەوڵەمەندتر دەبن زۆریش دەستڕۆیشتوون.

یەکێک لە نەیـارە بەدەسـەلاتەکـانی میرزا کەبیر، مەهـدولیـای دایکی شـازادەی جێنشـین بوو. ئەو ژنە حکوومەتێکی سـێبەری بۆ خۆی لە سـیاسـییە دێرینە بە ئەزموونەکانی پێکهێنابوو. هەروەها پەیوەندییەکانی مەهدولیا لەگەڵ ئاخوندە ڕووحانییەکانیشـدا هەبوو، ئەوانەی دەیانگوت گوایە دەستیان لەگەڵ هێزێکی خواییدا تێکەڵە.

وەزیرەکە هەموو شـتێکی کرد کە لەدەسـتی دەهات، بەڵکو دەسـەلاتی مەهدولیا سـنووردار بکا. ئەو دەیەویسـت دەسـەلاتی ولات دەسـەلاتێکی ناوەندی بێ تا بتوانێ بە باشـی ولات بەڕێوە ببا. لێ خۆ ئەوەی بۆ نەدەچووەسەر.

میرزا کەبیر وەک گەورەوەزیرێکی شـا ناسـر، دەرفەتێکی نوێی بینی بەڵکو نەخشـە و پلانەکانی پیادە بکا. ئەو دەیەویسـت ڕوخسـارێکی هاوچەرخانە بداتە ولات. بەنیاز بوو کارخانە دابمەزرێنێ، ڕێگاوبان لێبدا، نەخۆشـخانە دروست بکا و لەسـەر ڕێچکەی خوێندنی ڕۆژئاواییدا بڕوا، بەلام ئەوەشـی دەزانی تەنیا لەو حاڵەتەدا دەتوانێ خەونەکەی بەدیبێنێ، کە شا پەسەندی بکا. هەرچی هیوابوو بە دەستەبژێری دەسەلاتی نەبوو، پێویستیش نەبوو. ئاخر ئەوان لەپشت مەهدولیای دایکی شاوە بوون، تا کاروبارەکانی خۆیانی پێ ڕایی بکەن. ئەو دەسـتەبژێرە دەسـەلاتدارە لە سـەردەمی باوکی شـادا باش مشـووری خۆیان خواردبوو، ماڵوحاڵ و داراییەکی زۆریان بەسـەریەکەوە نابوو، تەنانەت قەلا و گوندی تایبەت بەخۆشـیان هەبوو. وەزیرەکەش وەها سـەرپەرشـتی پاشـای ئایندەی

کردبوو، بەڵکو بتوانێ لەگەڵ نەخشە و پلانە نوێخوازییەکانی ئەو بڕوا و یەکبگرێتەوە.
مەهدولیاش دەیەویســـت ڕێگە لەو پیاوە بگرێ. هاتە ســـەر ئەوەی، لە پێگەی زاڵی خۆیدا باندۆر بخاتە سەر کوڕەکەی تا بیوەستێنێ. بۆیە زۆر جاران لە کاروباری کورەکەی کەم دەکردەوە و بە بچووک ســـەیری دەکرد و هەمیشـــە ئەو تێبینییانەی پێدەگوت: "ئەرێ خۆت بەوە دەزانی کە تۆ خۆت نیت، لەبن بەرگ و پۆشـــاکی خۆتدا نیت، تۆ کۆیلەیەکی سەردارەکەتی."
"خۆ تۆ لای خۆی پاشـــای، کەچی وەک کوڕوکاڵێکی دەمڕووتەی ئەو کابرایە دەجووڵێیتەوە. دەی ئەوەندە بۆی دامەنەوێنە."
"وەزیرەکە تۆ بۆ نەخشەوپلانی تایبەتیانەی خۆی بەکارت دەهێنێ."
"ئـاگـاداربە، ئەوە لەبیر نەکەی، ئەو دەبێ گوێڕایەڵ و ملکەچی تۆ بێ، نەوەک تۆ بۆ ئەو."

میرزا کەبیر ســـەر بە بنەماڵەیەکی دەســـترۆیشـــتووی ســـەربەخۆ بوو، پیاوانی ئەو بنەماڵەیە هەمیشـــە خوێندنی بەرز و کاریگەری ســـیاســـی زۆریان بەسەر وڵاتەکەوە هەبوو.
تـا پێنج پشـــتی میرزا کەبیر، بنەمـاڵەکەیـان هەر وەزیریـان پەروەردە کردووە و لە دەرباری پاشـــایەتیدا خزمەتی وڵاتیان پێدەکرد. هەروەها میرزا کەبیریش بە تەواوی دەیەویســـت خزمەت بە وڵاتی باوانی بکا. بەگوێرەی دابونەریت، شـــا جڵەوی تەواوی ســـەرجەم وڵاتی لەدەســـتدا بوو. وەزیر لەبن دەستی ئەودا بوو. ئەو دەبووایە هەمیشە بە وریاییەوە پاشا لە ڕووداو و پێشهاتەکان ئاگادار بکاتەوە.
ڕۆژێکیان، دوای ئەوە شا بە جوانی ڕیشەکەی قەڵەم کردبوو، وەزیرەکە پێیگوت:

"پایەبەرز، ئێمە ئێستا لەسەردەمێکی شلۆق و هەژێنەردا دەژین. لە لای باکوورەوە ڕوسیا حازر و ئامادەیە هێرشمان بکاتەسەر. لە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە سوپای بریتانیا بۆمان لەسەرپێیە. ئەوان لەبەر ئەوەدان دەست بە هەر بڕوبیانوویەکەوە بگرن تا لە ڕێی وڵاتەکەمانەوە هەبوونی خۆیان لە هیندستان ئارامتر و پڕ ئاسایشتر ڕابگرن.
پاشایەتی ئەرکێکی زۆر قورسە. من لەبارەی ڕابردووەوە زۆر بەکراوەیی و ڕاشکاوانە هەم خاڵە بەهێز و هەم خاڵە لاوازەکانی ئەوانەی پێش تۆ حوکمڕان بوون، بۆم باس کردووی. من لەمێژە چوومەتە ڕوسیا و ئاگاشم لە گۆڕانکارییەکانی ئینگلستانە. دەوڵەتمەداری ئەم سەردەمە زیاتر لە جاران لە خۆشگوزەرانیی ڕەعیەتەکەی بەرپرسیارە. ئەو زەمانی کە خەڵک بری خۆی بە چیڵێک و پارچە زەوییەک دەشکاند و خوری مەڕەکانی ببڕێتەوە و بیەشتێ و بڕێسێ، خەریکە بەسەر بچێ. دونیا بەرەو پێشەوە دەڕوا و ئێمەش هەر لە شوێنی خۆمان چەقیوین. پێویستە ئێمەش هەروەک ئینگلستان و ڕوسیا کارخانە دروست بکەین. بەم شێوەیە دەتوانین بەهەزاران کەس بخەینە سەر کار. پێویستە گەنجە زیرەکەکانمان بنێرینە فەرەنگستان، ئینگلستان و ڕوسیا، تا لەوێ بخوێنن و فێر بن. منداڵەکانمان پێویستە فێرە خوێندن و نووسین بن. هەر بۆیە دەمانەوێ بە یەکجار حەوت قوتابخانە لە تاران بکەینەوە. فەرەنسییەکانیش ئامادەن بە سیستمێکی نوێی خوێندن یارمەتیمان بدەن."
شاش بە لاقرتێوە گوتی: "ئەوە هەموو شتێک بوو ویستت بیڵێی؟"
"من دەمەوێ شا پشتی ئەو نەخشەیە بگرێ. تکایە گوێ بۆ ئەوکەسانە هەڵمەخە کە هیچ لەو کاروبارانە نازانن."
شا بە هەراسانییەوە وەڵامی دایەوە: "ئەرێ باشە، ئەوە وەزیر لەگەڵ کێیەتی؟"

هەرچەندە هەم وەزیر و هەم پاشاش دەیانزانی مەبەستی قسەکە کێیە، لێ ئەوان لە قسەکانیان ناوی کەسیان نەهێنا.

"ئێستا قەڵەمڕەوی ئێرانی وەک نەخۆشێکی کوشندە رادەستی ئێوە کراوە. ئێوەش هەقە وەک قرالی ڕوسیا یان وەک پاشای ئینگلستان حوکم بکەن، نەوەک باوک و باپیرانت. من بە پێداگرییەوە داوات لێدەکەم بەڵکو حەرەمسەراکەشت کەم بکەیتەوە. ئەو ژنانەی تۆ هەتن تا هەمیشە بەشت دەکەن."

شا پێیگوتەوە: "بۆ وەزیر نییە خۆی لە کاروباری تایبەتیمان هەڵبقورتێنێ. وەها باشترە وەزیر سنووری خۆی بزانێ و لاقی زیاد لێ ڕانەکێشێ."

ئیدی لە پشتی سەرییەوە گوێی لە سەرکۆنەکردنی دایکی بوو.

"هەقە پایەبەرز لە وەزیر ببوورێ. ئەو بە ئەرکی سەرشانی خۆی ڕادەبێ. لە جەنابی باوکتەوە ئەو ئەرکەم پێسپێردراوە، حەق و ڕەوا بم لەگەڵ ئێوەدا. لە ئەرکەکانتان ئاگادارتان بکەمەوە."

شا هاتەوە وەڵام: "ئێمە هەنووکە بووینەتە پاشا، ئیدی وەزیر هیچ ئەرکی وەهای لەسەر شان نەماوە تا ئێمە فێر بکا و دەرسمان پێدا دا."

"من دەرست نادەمێ. پێویستە پەیوەندیی وەزیر و پاشا ئاشکرا و ڕوون، پاک و کردەیی بێ. من تەنیا ئەو داوایە لە پایەبەرز دەکەم، هیچ بڕیارێک بەبێ تاوتوێکردنی لەگەڵ وەزیرەکەی نەدا."

"دەی ئەو هەموو سووکایەتییە بوەستێنە. وەزیر قسە لەگەڵ شا دەکا. ئاگات لەدەم و قسەت بێ. ئێمەین بڕیاردەدەین پێویستە چی بکەین و چی نەکەین."

"هەرگیز وەزیر ئەوەی لە کەڵکەڵەی سەردا نییە سووکایەتی بە پاشا بکا. بە پێچەوانەوە، من پێزانینم بۆ زەینڕوونی تۆ هەیە. تۆ بەرەوانی فرەنسی دەخوێنیتەوە، ئێمە بۆ پاشای پایەبەرز داوای کتێبی فرەنسیمان کردووە.

ئەوان بە شـــێوەیەکی ناوازە باســـی گۆڕانکارییەکانی ئەورووپا دەکەن. پێویستە جەنابی پایەبەرز لێی ئاگادار بێ.'
شاش گوتی: 'ئێمە پێویستمان بە هیچ نییە.'
'بە دڵنیاییەوە، پاشــا پێویســتی بە هیچ نییە، بەڵام دەکرێ پاشــا ئەوە بزانێ، بە ملیۆنان لە ڕەعیەتەکەی لەلادێکاندا وەک کۆیلە بۆ ئاغا خاوەن زەوییە زۆرەکان دەڕەنجێن و کاردەکەن. ئەوان هیچیان نییە، لە کاتێکدا ئاغا سالارەکانیان لە قەلا بەهەشتئاساکانیان دەژین.
بەڵێ شــا پێویســتی بە هیچ نییە، بەڵام دەکرێ شــا ئەوە بزانێ، لەودیو دیوارەکانی ئەم کۆشـــکە، بە هەزاران خەڵکی هەژار و نەدار بۆ ژیانی خۆیان دەجەنگن، کەچی شـــازادەکان لە تاران لە ژیانی خەونەکانیاندا دەژین.
بەڵێ شـا پێویسـتی بە هیچ نییە، بەڵام خۆ دەکرێ ئەوە بزانێ، کە ناکرێ وەک ڕۆژگاری پاشـــاکانی پێش خۆی پاشـــایەتی بکا. خۆ ئەگەر هەر وەهاش بکەی و ئەوا لەوە دەترســـم کۆتایی بنەماڵەی پاشـــایەتی بێ. خۆشـــت دەزانی من لەو قســـەیەدا جدیم. پێویســـتە شـــا لەو هێزانە دوورکەوێتەوە کە لە دژی ئێمە کاردەکەن. من پێویســتیم بە کۆمەکی تۆ هەیە تـا وڵات نوێ بکەینەوە، من وای بیرلێدەکەمەوە لە داهـاتوویەکی نزیکدا، گەشتێکی ڕوسیا یان فەرەنگستان بکەن.'
شـا بێدەنگ بوو. ئاخر ئەو حەزی لە گەشـت و سـەیران بوو، زۆریش بە نێو وڵاتدا گەڕابوو. پێشـــتر دوو جاران چووبووە ڕوســـیا. بەڵام وەک پاشـــا زاتی ئەوەی نەکردبوو لە وڵات بچێتەدەر. ئـاخر ئەو مێژووی دەزانی، ئەوەشی دەزانی چی دەقەومێ کاتێ پاشا لەوێ نەبێ.
شا ئەوەشی بۆ قسەکانی خۆی زیاد کرد؛ 'دەکرێ پاشا بیری لێبکاتەوە.'
شا زەنگەکەی لای خۆی ڕاوەشاند. پەردەدار هات و پاشاش بە دەست ئاماژەی بۆ کرد تا یاوەری وەزیر بۆ دەرەوە بکا.

٥
مەهدولیا، دایک

مەهدولیا هێشـــتا زۆر گەنج بوو کە دووگیان بوو. ئەو کوڕەکەی خۆی، شـــازادەی جێگرەوەی هەروەک شـــێرێک پاراســـت. هەرگیز لێینەگەڕا کوڕەکەی بەتەنیا لە شـــوێنێک بەجێ بمێنێ. دەترســـا نەوەک ژنانی دیکە لە ئیرەییان شتێکی لێبکەن.

لەبەر ئەوەی مەهدولیا ســـەر بە هەمان هۆز و تیرەی پاشـــا بوو، بۆیە ژنێکی ســـەلار و بژاردە بوو، شـــاژنی وڵات بوو. ئەو ژنی متمانەداری پاشـای کۆچکردوو بوو، بە نهێنییەکانی قەڵەمڕەویی وڵاتەکەشـی دەزانی. کاتێکیش مێردەکەی نەخۆش کەوت، لەجێگەی ئەو بڕیارەکانی دەردەکرد. تاکە کەســـێک کە لەســـەر ڕێگەی بەربەســـت بوو. میرزا کەبیر بوو. هەنووکەش مێردەکەی لە ژیاندا نەماوە، تێدەکۆشـێ لە ڕێی کوڕەکەیەوە وڵاتەکە بەڕێوە ببا.

مەهـدولیـا خۆی ڕەنگدانەوەی کـاترینـای قەڕاڵە ژنی ڕوســـیـا بوو. لە قووڵایی ناخیەوە حەزی دەکرد ببێتە کاترینای ئێران. ئەو دەیزانی دەبێ بە وریاییەوە لەنێوان ڕوس و بریتانییەکانەوە مانۆری خۆی بکا.

مەهدولیا بەقای[8] بە بریتانییەکان نەدەکرد. ئاخر ئەوان سیاسیی فێڵباز بوون هەر بەتەنیا بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بوو. خۆی ڕوسەکانیش لە بریتانیەکان باشتر نەبوون. ئەوان لە میانەی دوو جەنگی گەورەدا شاری گەورەیان لە ئوستانی ئازربایجان بۆ خۆیان دابڕی. مەهدولیا دەیزانی ئەگەر بێت و بیەوێ کاریگەری هەبێ و دەستڕۆیشتوو بێ، پێویستە لایەک لەو دوو زلهێزە هەڵبژێرێ. ئیدی ئەو لای ڕوسەکانی لێگرت.

مەهدولیا دەیەویست شا بۆ خۆی کێش بکا و بیخاتە ئەڵقەی دەستی و لە دەستی وەزیرەکەی دەربهێنێ. ئەو یەک دوو جاران بە شای ڕاگەیاند، لە ساتەوەختی شایستەی خۆیدا نهێنییەکی زۆر گەورەی بۆ دەدرکێنێ. ئیدی کات و ساتی ڕازەکە هاتبوو.
کەژاوەکەی مەهدولیا لە دەروازەی کۆشکەکەوە لە لایەن سەردەستەی پاسەوانە نوێیەکەوە ڕێی پێگیرا.
"ئەرێ کێ لەنێو کەژاوەکەدایە؟"
لێخوڕی ئەسپی کەژاوەکەش گوتی: "شاژن."
سەردەستەی پاسەوانەکان ویستی کەژاوەکە بپشکنێ. مەهدولیا بەر لەو سەری دەرهێنا، دەرگەکەی کردەوە و هاواری کرد: "ئەوە چی لە گۆڕێدایە؟"
سەردەستەی پاسەوانەکان لە سام و هەیبەتی کەسایەتیی ژنەکە حەپەسا، ئیکلامی بۆ کێشا و ڕێگەی بە کەژاوەکەدا بڕوا.

کاتێ مەهدولیا لێ وەژوور هۆڵی میناپەندەکە کەوت، شا بەدەم بانگکردن "دایکە، گەورەم".

---

[8] بەقا: متمانە، بڕوا.

ئەویش بە توورەییەوە هاواری کرد: "ئەری ئەوەیە رەوش و حال؟ شـــا لە نێو کۆشکەکەی خۆیدا زیندانیکراوە؟"

"دایکە، مەبەستت چییە؟"

"پێدەچێ لێرەوە کەس نەتوانێ بە بێ پرسـی وەزیر بجوولێتەوە، تەنانەت پاشاش."

"نەخێر دایکە نەخێر، دۆخەکە بەو تۆخییەش نییە."

"من لێرە هەسـت بە ئاسـوودەیی ناکەم. لێرە دیوارەکانیش گوێیان هەیە. دەی بابچینە شوێنێکی دیکە دابنیشین."

شا یاوەری دایکی کرد بۆ ژووری قسەکردن.

"تۆ بەسەر کونەماردا کەوتووی. تۆ وەنەبێ هەر لە روسیا و ئینگلستانێ دوژمنت هەبن، بەڵکو لێرەش لەژێر ئەو هەنوانەشدا دوژمنت هەن. جارێ لەپێشـەوە جارێکی دیکە لەو وەزیرە ئاگادارت دەکەمەوە. خەبەرهێنەکانم بەڵگەیان بۆ هێناوم، وەزیر بەنیازە دەسـەڵات بخاتە بن جڵەوی خۆیەوە. ئەو گەنجان دەنێرێتە ئینگلســـتان و روســـیا تا بخوێنن. ئەو دەیەوێ چاکســـازی بکا بە شـــێوەیەک هیچی بۆ شـــا تێدا نەهێڵێتەوە، هەروەها دەیەوێ ســـوپاش بگۆرێ تا هەمووان ملکەچی ئەو ببن. ئەری بەراســـت، لەونێوەدا شـــا چی دەکا؟ ئەو کاغەزانە واژۆ بکا کە وەزیر مشـــوری خواردوون؟"

"دایکە ئەوەی گوتت وەها نییە. من ئاگام لە هەموو شـــتێکە، وەزیریش بەبێ پرسوورای من هیچ شتێک ناکا. ئەو وەک باوکێک بۆ من وایە."

دایکیشی بە توندی وەڵامی دایەوە: "شا نابێ رێگە بە خۆی بدا بەو جۆرە بدوێ."

"ئەوەی ئەو دەیکا، بۆ وڵاتەکە و بۆ ئێمەیەتی. دایکە خۆ هەردەبێ یەکێک هەبێ بیر لە خەڵکەکە بکاتەوە. کاتێک دەچمە دەر بۆ ناوخەڵک، شەرم لە خۆم دەکەمەوە، وەک ئەوە وایە من پاشای خوازخوازۆکان[9]بم."
"نەخێر تۆ وەها نیت، تۆ پاشای وڵاتێکی دڵڕفێنی، پاشای شاری ناوازەی پڕ لە بازاڕ و قەڵای نایاب نایابی. تۆ لەم کۆشـــکەدا دەژی کە لە حەکایەتەکانی هەزار و یەکشـــەوەدا وەک شـــتێکی تەلیســـماوی وێنای کراوە."
"دایکە، وەزیر دەیەوێ کارخانان دابمەزرێنێ. ئەو دەیەوێ منداڵان بنێرێتە قوتابخانە دامودەزگا لە دەوەرە بهێنێ تا لێرە بەخۆمان بتوانین کتێبان چاپ بکەین. ئەو وا لە سەربازەکانمان دەکا یەکبەرگیی نوێ بپۆشن، بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێکیش چەکدار بکرێن."
"ئاوەها، باشە وەزیر ئاوای دەوێت؟ ئەدی پاشا چی دەوێ؟"
پاشا وەها وەڵامی دایەوە: "ئەو، هەموو ئەو شتانە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئێمەدا دەکا."
"باشـــە هەر بە ڕاوێژی جەنابیشـــتان بووە کە دەرماڵەی ئێمە و شـــازادەکانی بۆ نیوە دابەزاندووە؟ خۆ ئەگەر پاشـــا وەها بیربکاتەوە، باشـــە ئەدی من چیدیکە بڵێم؟ باشـــە من بۆ لێرە بمێنمەوە، چی دەکەم لێرە؟"
"دایکە تۆ هاتووی ڕازێکم بۆ ئاشکرا بکەی."
مەهدولیا ئاهێکی هەڵکێشـــا بەســـەر کورســـییەکدا پاڵی دایەوە. پاشـــاش پەرداخە ئاوێکی بۆ تێکرد. بە هێواشـــی قومێکی لێدا، ســـەری هەندێک لە کوڕەکەی نزیـک کردەوە، ئینجـا بە دەنگێکی نەوی گوتی: "کوڕم، تۆ مێژوو دەزانی. نادری گەورە دامەزرێنەری پاشـایەتیی پێشـوو، زیاتر لە جارێک چووە ســـەر هیندســـتان. لە دواجاریدا پاشـــای هیندســـتان بە

[9] خوازخزۆک: ئەوەی هەر داوا دەکا، دەرۆزەکەر. سواڵکەر. وەرگێڕ.

لەشـــکرێکی گەورەو و بە فیلەوە لە بەرانبەری وەســـتایەوە، بەڵام هەر دۆڕا. ئیدی شـــای هیندســـتان لەبەردەم نادردا چۆکی دادا و تاجەکەی خۆی دایەدەست. بەم جۆرە نادر بووە شای هیندستان."

شا بە نائارامییەوە هاتەدەنگ: "دایکە خۆ دەمێکە ئەو شتە زانراوە، باشە بۆچی بەو دەنگە نەرم و نەوییەوە دەدوێی؟"

مەهدولیاش درێژەی بە قســـەکەی خۆی دا؛ "لەپاش پەنجا و هەشـــت ڕۆژان، هیندییەکان دژی ســـەربازانی ئێرانی ڕاپەڕینیان کرد. کاتێکیش بەرگرییەکە گەورە بوو توندوتیژیی زۆری لێکەوتەوە، ئیدی نادر سەری ســـەدهەزار کەســـی بە فەتەرات دا.[١٠] ئینجا ئەوکاتە تاجی پاشـــای هیندســتانی دایەوە، کە گەنجینەکەیانی هەڵلوشـی و دەســتێکی پێداهێنا و بەتاڵی کرد."

شا بە قیتی لەسەر کورسی دانیشت.

دایکەکەش لەســـەر قســـەکانی خۆی ڕۆیشـــت: "بەگوێرەی بەڵگەنامەی ئەرشــیفخانەی پاشــایەتیمان، نادری گەورە ئەوکات گەنجینە گەورەکەی هیندستانی لەگەڵ خۆی هێنایەوە ئێرانێ."

شــا کە پێشــتر هەرگیز گوێی بە ئەرشــیف و مەرشــیف نەدابوو پرســی: "باشـــە ئەو بەڵگەنامانە لە کوێن؟ دەی پێم بڵێ کتومت لە کوێن؟ دایکە، ئەو گەنجینە چی تێدایە؟"

مەهـدولیـاش وەک ئەوەی بە قووڵی بیری لێبکاتەوە، گوتی: "من نـاوی یەک دوانێکیان دەهێنم: ســـندووقی پڕ لە زێڕ و خشـــڵ و تەڵای هیندی، سەرینێکی شاهانە کە بە زێڕ و تەڵای گەش ڕازاوەتەوە، سەندەلییەک لە شێوەی تاوسێکی گەورە کە بە زێڕ و تەڵای ڕەنگاوڕەنگ ئاوێزان کراوە. کیسەی پڕ دوڕ و گەوهەری گەورەی بریسکاوەی هیندستانی. یەک دوو کیســـە گەوهەری گەورەی بریقەدار کە بە گەورەترین گەوهەری جیهان

---

[١٠] سەری بەفەتەرات دا؛ بووە مایەی کوشتن و لەناوبردنی.

دادەنرێن لەنێو قوماشـیکی ئەرخەوانی تاریکی نەرم هەڵگیراون. یەکێ لە گەوهەرەکان ناوی 'دەریاییەک لە تیشـک'ە و ئەوی دیکەشـیان ناوی 'چیایەک لە تیشک'ە. هەروەها چەندین کۆتەڵی بچکۆلەی فیل، تاوس، مار و کەروێشـک... هەر هەمووشـیان لە زێڕی بێگەردن و بەردە مرواری و گەوهەریشیان تێدا ڕیزچن کراون."

شا بە کەیفەوە پرسی: "چی بەسەر ئەو گەنجینەیەدا هات؟"

مەهدولیاش بە ئارامییەوە گوتی: "لەبەردەستمان دایە."

شا بەسەرسامییەوە: "لەبەردەستمان؟"

"دەنگت کز کە. ئەو بەڵگەنامانەی من باسـیان لێوە دەکەم، باسـی ئەوە دەکەن، نابێ پاشـا هیچ دەرهەق ئەو دیارییە پاشـایەتییە بکا. تۆ دەکرێ ببینی، بەڵام نابێ بیفرۆشـی، مەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویسـتدا نەبێ. خۆ ئەگەر ڕوس یان بریتانییەکان پێی بزانن، وڵاتەکەمان دەپشکنن و دەست بە ڕاوڕووت و تاڵان دەکەن تا ئەو گەنجینەیان دەسـت بکەوێ. ئەمەش دەسـتکاری گەورەهونەرمەند و گەوهەرچییەکانی هیندسـتانە. لەنێو ئەو گەنجینەیەدا گیانی هیندسـتانی تێدا پارێزراوە، باوک و باپیرانت ئەو نهێنییەیان لەگەڵ خۆیاندا بردە گۆڕەوە. تۆ دەبێ دڵێکی گەورۆنەت هەبێ تا ئەم نهێنییە هەڵبگری."

پاشـا پرسـی: "باشـە بایەخی ئەو هەموو شـتە چییە کە نەتوانین بەکاری بهێنین؟"

"من تەنیا قسـەکانی باوکە کۆچکردووەکەت بۆ دەگێڕمەوە. من پەیکم پەیک. پاشـا کۆچکردووەکە گوتی: 'کوڕم، گەنجینەکەی هیندسـتان پەرجوویەکە دەبێ هەر لەژێر خاکدا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی وڵاتەکەمان بەهێز و سـەقامیگر دەبێ. ئەوسـا دەتوانی دەریبێنی، دەنا هەمووی لەبارێک هەڵدەوەشێ و ون دەبێ."

شا نەیدەتوانی زیاتر لەسەر کورسییەکە بمێنێتەوە، حەجمانی لەبەر برا!
"دایکە، گەنجینەکە لە کوێیە؟ کێ پێی دەزانێ؟"
"هەمیشە پێویستە سێ کەس پێی بزانن."
شا پرسی: "سێیەمەکە کێیە؟"
"شێخ ئاغاسی، ڕاوێژکارەکەی باوکتە."
"باشە بۆچی ئەو پیاوە؟"
"ئاخر ئەو هێزی جادوویی هەیە، هەمیشـــەش لە بڕیارە ســـەختەکاندا یارمەتیی باوکت و منی داوە. ئەو دەتوانێ ئاییندە بخوێنێتەوە. ڕۆژێک دادێ هێز و ڕاستگۆیی و پێشبینی ئەو بەکار بهێنی."
"دایکە، باســی شــێخ ئاغاســی بەســە. دەی لە کۆتاییدا پێمبڵێ ئەو زێڕ و گەوهەرانە لە کوێن؟"
دایکەکەش قورئـانێکی بچکۆلەی لە نێو جـانتـاکەی دەرهێنـا و گوتی: "کوڕم، دەی دەستت لەسەری دابنێ و سوێند بەو کتێبە پیرۆزە بخۆ، کە تۆ ئەو زێڕ و گەوهەرانە وەک بیلبیلەی چاوت دەپارێزی."
شـاش بە پرتاو دەسـتی لەسـەر بەرگی قورئانەکە دانا و گوتی: "سـوێند دەخۆم."
"گەنجینەکە لێرەیە، لەنێو ئەم کۆشکەدا."
"چی؟ لەنێو ئەم کۆشکە؟"
"ئەم کۆشـکە لە لایەن یەکەمین پاشـای ئەم پاشـایەتیەوە ڕۆنراوە. ئەو ژێرزەمینێکی لەژێر زەمینی ئەم بـاڵەخـانەیە لێداوە. لەوێوە بووبڕێکی[11] ژێرزەمینی بەرەو شاخەکان دەڕوا."
شـــا پرســـی: "لێرە، لەژێر ژێرزەمینی ئەم کۆشـــکە؟ دەکرێ گەنجینەکە ببینم؟"
"ئێستا ناکرێ. دەبێ تاریکی دابێت و ناشبێ کۆشکەکە کەسی لێبێ."

---

[11] بووبڕ: تونێل

شا کە هەدادانی نەمابوو، گوتی: "ئاخر دایکە، تکایە."
مەهدولیاش گوتی: "ئەمە کاری پیاوانە، داوا لە شـــێخ ئاغاســـی دەکەم بەڵکو سبەی شەو بتباتە ژێرزەمینەکە."
کاتێکیش خانمەکە ڕۆیشت، پشیلەکەی شا سەری لە بن پەردەکە دەرهێنا بە پێی بە گۆرەویەوە بۆ لای ئەو ڕۆیشت.

٦

شێخ ئاغاسی

باوکی شا، پاشایەک بوو باوەڕی بە شتی خورافیاتیش هەبوو. لە حاڵەتی چارەنووسسازدا زاتی نەدەکرد بڕیاڕ بدا. لە زۆر باردا هەر مەهدولیای ژنی بوو وای لێدەکرد بڕیارە گەورەکە بدا. زۆر جاریش ژنەکەی ڕاوێژی بە شێخ ئاغاسی دەکرد، ئەویش بە چاوێکی نائاسایی سەیری شتەکانی دەکرد.

کابڕا کەسێکی متمانەداری پاشای کۆچکردوو بوو. ئەو وەزیر نەبوو، هەروەها ڕاوێژکاریش نەبوو. ئەو پەیوەندی بە هێزە نادیارەکانەوە هەبوو. کاتێکیش پاشا لە کۆتاییدا پێویستی بە پرسوڕایەک هەبووبا، ئەوا شێخ ئاغاسی بە تیژبینی، بە نوێژ و ویردەکانی بە نووسراوە پیرۆزە نهێنییەکانی، بە پێشبینییەکانی هێوری دەکردەوە. شا ئەوی وەک شیفاهێنەرێک دەبینی کە دەستێکی خواوەندانەی لەپشتە.

شێخ ئاغاسی ڕیشێکی ماشوبرنجی درێژی هەبوو، هەمیشەش عەبایەکی سپی لە قوماشی تەنکی لەبەر دەکرد. ئەوەی لەو زانرا ئەوەبوو، گوایە ئایندە دەبینێ و کەرامات و فیراسەتی هەیە. دەنگۆی وەها هەبوو، گوایە

ئەو بە خوێندنەوەی ئەستێران نەکردە دەکاتە شتێکی کردەیی. جارێکیان پاشا داوای سەری دوژمنێکی کرد و شیخ ئاغاسیش مشوری ئەوەی خوارد سەری کابرای بۆ بێنێ.
شێخ ئاغاسی لە دەرەوە، لە ماڵێکی گوندانەی قەدپاڵی شاخێکدا دەژیا، تا لەوێ خەڵوەتی گۆشەگیرییانەی خۆی بکا. ئەو زۆر سادە دەژیا و هیچ کەلوپەل و ماڵوحاڵ و دەرامەتێکی دنیایی نەبوو. پاشای کۆچکردوو کوێرانە بڕوای پێی هەبوو، هەر بۆیەش لێیگرت تا نهێنیی پاشایەتییەکەی لا بدرکێنێ. پاشای نوێش لەو شێخە ڕامنەکراوە دەترسا، لێ لەهەمان کاتیشدا ئەوەی دەزانی، دەکرێ پێویستی پێی هەبێ.

ئەو ئەنگۆرەیەی قەول وابوو شێخ ئاغاسی، پاشا بباتە سەر گەنجینە شاراوەکە، ئەوەبوو شێخ هاتە لای پاشا لە هۆڵە میناپەندەکەدا. باوکانە هەردوو باڵی بۆ کردنەوە، شاش بەرەوپیری ڕۆیشت و خۆی لەباوەش هاوێشت سەرشانی ماچ کرد. "پایەبەرز، باوکتان وەک مانگێکی پڕ ئاوابوو، تۆش وەک مانگێکی تازە دەرکەوتی."
پاشاش پێیگوت: "تۆ لای ئێمە خۆشەویستی. باوکمان ڕۆیشت و چووە ڕێگای خۆی، بەڵام خۆ ئەو تۆ و هۆشمەندیی تۆی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە." لە ژووری پشتەوە کە شا قسە و باسی متمانەدارانەی لێدەکرد، لەوێ لەسەر کورسییەکی بەرگ ئاورشمینی سەوز دانیشت و ئاماژەشی بۆ شێخ کرد تا لەوێ لەتەنیشتی دابنیشێ.
ئینجا شا کە بە ئاستەم دەیتوانی بەسەر بێ ئۆقرەیی خۆیدا زاڵ بێ، گوتی: "دەی، گوێمان لێتە."
"دایکت ئەرکی ئەوەی پێ ڕاسپاردووم تا ژێرزەمینەکەت نیشان بدەم. بەڵام سەرەتا دەمەوێ نامەیەکی زۆر باوەڕپێکراو نیشانی پایەبەرز

بدەم، ئەویش وەسـیـەتنامەی باوکتە، بۆ تۆی داناوە." ئەوسا شـێخ بە هێواشی نامەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و دایە دەستی پاشا.
پاشاش مۆرە مۆمییەکەی لەسەر نامەکە لادا و کەوتە خوێندنەوەی، هەر بەڕاستیش نامەکە بە دەسـتخەتی باوکییەوە نووسرابوو: "ڕۆڵە، ڕۆژانی نەمریی قەڵەمڕەوی ئێرانی بەسـەرچوون. بـارودۆخەکە منی کردە پاشـایەکی لاواز. ناچـاربووم دوو بەشـی گەورەی وڵات بۆ ڕوس وازلێبێنم، ئەوەش وەک ئەوە وابوو بە بیورێک هەردوو دەسـتەکانم ببڕنەوە. برین و ئـازارێکی سـارێژنەکراوە، دەبێ لەگەڵ خۆمی ببەمە گۆڕەوە. خۆت دەزانی بریتانییەکان دەسـتیان بەسـەر هەراتی تاجی زێڕینی پاشـایەتیی ئێمەدا گرت، تا لەوێوە ڕێگەی ڕوسـەکان بۆ گەیشتن بە هیندستان زەحمەت بکەن. ئەوان دەیانەوێ هەرات بدەنە ئەفغانییەکان تا بۆ هەمیشـە لەبن چاودێریی ئەواندا بمێنێتەوە. کوڕم، هەموو شـتێک بکە تا هەراتی خۆشـەویسـت بگەڕێنیتەوە. دەنا هەرات بۆ هەتا هەتایە ئازارت دەدا و نەوەکانی دوای خۆشت لەسەر ئەم کارە لێت خۆش نابن. ئەو شتەش هەر زۆر سەختە، بەڵام هیوام وایە ئازایەتیی باپیرەگەورەت تێدابێ. فرمێسکەکانم بەسەر ئەو نامەیەدا ڕژان. بژی ئێران."
بەو نامەیەی ناودەسـتی بۆ ماوەیەک لەسـەر کورسـییەکەی خۆی بێ هەسـتوخوسـت مایەوە. ئاخر دوا خواسـتی باوکی ئەوەندە قورس بوو نەیدەتوانی هەروا بێباکانە بەلایەوە بنێ.
شیخ ئاغاسیش کە نیشانەی خەمخۆری لەسەر ڕووی پاشا بینی، ڕووی تێکرد و گوتی: "ئەستێرەکان بڕوایان بە ڕۆژگاری سەرکەوتن و شکۆی شـاوە هەیە. دایکت و من بە نـاوەڕۆکی ئەم نـامەیە دەزانین. من لە ئەستێرەکان ڕاماوم و دەزانم کە شا هەرات دەستێنێتەوە و بریتانییەکان بە بەزیوی بەرەو قووڵایی هیندستان دەنێریتەوە."

شا چاوێکی لە شێخ کرد و مسکەیەکی بۆ کرد. ئینجا نامەکەی قەد کرد و توند لە بەرکی کەواکەی ڕاکرد.

"پایەبەرز، دەی با ئەرکەکەم بەجێ بگەیەنم. دەستکەوتە هیندییەکە بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەردەستی یەکێک لە نەوەکانی نادری مەزندا بوو، باپیرەی تۆ سەری نزیکەی هەموو پیاوەکانی پەلدا تا لە کۆتاییدا گەیشتە ئەوەی بزانێ ئاخۆ گەنجینە دەستکەوتەکە لە کوێ شاردراوەتەوە. ئەویش بووبڕێکی لەبن ژێرزەمینەکە لێدا و گەنجینەکەی بۆ گواستەوە."

ئینجا شیخ ئاغاسی دەستی دایە چرایەک. شا هەر وای زانی شێخ ئەو بۆ ژێرزەمینەکە دەبا، بەڵام بۆ مایەی سەرسامی، شێخ ئەوی بردە ژووری نووستن و دەرگاکەشی لە پشتەوە گاڵەدا.[12] ئەوسا پەردەکەی دادایەوە و دۆلابی جلەکانی پاشای کردەوە. هەموو جلەکانی هێنانەدەر. کلیلێکی درێژی لەنێو عەبایەکی خۆی هێنایەدەر، لەبەر تیشکی چراکەدا بینی دۆلابەکە کونێکی لەپشتەوە تێدایە، ئەویش کلیلەکەی تێ بادا. دەروویەکی بچکۆلە کرایەوە، هەوایەکی سارد و شێداری لێوە هاتەژوور، کە سێبەری سەر دیوارەکانیشی لەراندەوە.

شێخ گوتی: "پێویستە پاشا وریا بێ." ئەو بە زەحمەت خۆی وێک هێنایەوە تا لە دەرووەکە بچێتە دەر و لەچاو ون بوو. پاشاش بە مەراق و تاسەوە بەدوایدا ڕۆیشت.

شێخ گوتی: "ئاگادار بە، لێرەوە پەیژەیەکی بچکۆلانە هەیە."

شا ناسریش دەستی لە دیوارە شێدارەکە کوتا، بەدوای شێخ ئاغاسی کەوت.

شێخ گوتی: "لە کۆتایی ئەم ڕێڕەوەدا پەیژەیەک هەیە، پاشان داڵانێکی تەنگتر، دیسان پەیژەیەکی دیکە و کورتە ڕاڕەوێک. ئەوسا گەنجینەکە دەردەکەوێ."

---

[12] دەرگە گاڵەدان: دەرکە پێوەدان و قفلکردن.

لە کۆتایی کورتە ڕاڕەوەکەدا دەروویەکی بچکۆلە بەدیارکەوت، شـــێخ ئاغاسی ئەو دەرووەشی بە کلیلێکی دیکە کردەوە. دیسان شا پێیدا چووە ژوور.

شـــا هێدمەگرتی بوو. ئاخر هۆدەیەکی گەورەی پڕاوپڕ لە کەلوپەلی زێڕین، کاتێکیش تیشکی چراکەیان بەرکەوت، بریقەیان دایەوە.

شێخ گوتی: "بەخێر بێیت بۆ ناو مێژوو."

شـا پرسـی: "پەکوو لەو شـتە باوەڕپێنەکراوە. ئای لەو نهێنییە، بەڵام باشە بۆچی دەرووەکەیان ئەوەندە تەسک و بچووک لێکردووە."

"بۆئەوەی ڕێگربن لەوەی کەس بتوانێ ئـامرازی گەورە لەگەڵ خۆی بهێنێتە ئێرە. هەر بەڕاســتی دەرگەیەکی نهێنیی هەیە کە وەک دەرچەی ئێرە وایە. ئەویش بۆ حاڵەتی زۆر پێویســت و ناچارییە، بۆ ئەوە ئەگەر شـــا ناچار بوو لەپڕ کۆشـــکەکە بەجێبێڵێ. ڕێڕەوەکە دەچێتە ســـەر ئەشکەوتێکی بچووک، لەوێوە مرۆ دەتوانێ بە سەلامەتی لێیەوە دەرچێ و ڕزگاری بێ." بەدەم ئەم قســـەیە شـــێخ ئاغاســـی یەک دوو مۆمی لە شوێنی تایبەتی خۆیان هەڵکرد.

شـا واقی وڕما، ئاخر لە چاوتروکانێکدا بەسـەر ئەو گەنجینە پڕ لە زێڕ و گەوهەرەدا کەوت. ئەو کیســـەی زێڕ و زیوی بینی دەدرەوشـــانەوە، کورسـییەکی بینی لەسـەر شـێوەی تاوس بە بەردە مرواری گەوهەردار ڕیزچن کرابوو. لە هەموو لایەک هەر کۆتەڵ، دەفر و مۆمـدانی زێڕین بوون. شـێخ لەبەر چاوی پاشـادا سـندوقێکی کردەوە و بە ملکەچییەوە گوتی: "پایەبەرز."

کاتێک شـــا چاوی بە گەورەترین گەوهەری شـــێنباوی جیهان کەوت، حەپەسا، ئەوەی ناوی "دەریایەک لە تیشک" بوو. ئاخر ئەو نەیدەزانی کە گەوهەرێک بەو قەبارە گەورەیە و بەو جادوویەی خۆی لە دونیادا هەبێ.

پاشان شێخ سندوقێکی دیکەشی کردەوە و گوتی: "سەیرکە پایەبەرز!"

لەوێدا پەرجووی گەوهەری دووەم بوو، یەکێک بوو لە گەورەترین گەوهەرەکانی دنیا، ناویشی "کێوێک لە تیشک" بوو. دیسان شا چاوزەق و مۆلەق و زاربەش ما، قسەی بۆنەهات. هەر سەیری دەکرد.
هەروەک دایکی پێیگوتبوو، تاجی پاشـــایەتیی کۆن و عەنتیکە، بازن و خەناوکە و گوارە، هەموو ئەو شـــتانەی هی شـــاژن و پاشـــا هیندییەکان لەو گۆڕە لەبەردەستیدابوو. شا ناسر کیسەیەکی کردەوە پڕ لە یاقوت و زمرود، لەنێو پەنجەکانی بریســکەیان دەهات، لە شـــاگەشـــکەییان گوتی: "نازدارە". ئینجا چووە لای تەختەخەوێکی گەورە، کە زۆر وەســـتایانە لەبەردە گەوهەر دروستکرابوو. دەستی لێدا و باری پتەوییەکی پشکنی، بە درێژی لەسەری پاڵی دایەوە.
بە واقوڕماوییەوە گوتی: "زۆر ناوازەیە، وەک ئەوە وایە لەنێو حەکایەتێکی ئەفسانەییدا بین."
بە پاڵدانەوە ســـەیری ئەو هەمو شـــیر و قەڵغان و ئاوێنە و شـــوشـــانەی کرد، کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. خۆ ئەم داراییە خوداییە هی شـــا و شـــــاژنەکان نەبووە، بەڵکو هی خواوەندەکان بووە. ئەوانە بەشـــــێکی مێژوو، بەشـــــێکی ژیان بوون. بەخت ئەو گەنجینەی هێناوەتە ئێرە تا بە پـــارێزراوی بمێنێتەوە. هەنووکەش ئەو دەبێ گەنجینەکە وەربگرێ و بیپارێزێ.
شـــا لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئەمە گیانی هیندســـتانە. ئەو هیندســـتانەی کە بریتانیا و ڕوس دەیانەوێ بۆ ئەوان بێ. نابێ کەس بەوە بزانێ کە چی لێرە شـــــاردراوەتەوە. هەر هیچ کەس نابێ بزانی. ئەوە هی ئێمەیە، هی ئێرانییەکانە."
شـــێخ ئاغاســـیش بەســـەر لەقاندنەوە کلیلی دووەمیشـــی ڕادەستی شـــا کردەوە.

٧

هەرات

لەبەرئەوەی پاشای کۆچکردوو ژمارەیەکی زۆر ژنی هەبوون، زەوەزەی[۱۲] زۆر، سەدان کوڕ و نەوەی لێکەوتبوونەوە، بۆیە سەدان ماڵهات سەر بە بازنەی ماڵی پاشایەتییەوە بوون. هەموویان بەیەکەوە چینێکی نەجیبزادانەیان لەنێو کۆمەڵگە پێکهێنابوو، کە بەدوای مەهدولیا کەوتبوون. ئەوان لە کاروباری سیاسی، لە سوپا، لە بازرگانی لەنێو قەلەمڕەوییەکەدا پێگە و پایەی گرنگ گرنگیان هەبوو. نزیکەی هەر هەموشیان ژێربەژێر پەیوەندییان بە باڵوێزخانەکانی بریتانیا و روسیاوە هەبوو. ئەو زنجیرە ڕێوشوێنانەی وەزیر گرتبوونیەبەر تا دەسەڵاتی خانەوادەکە سنووردار بکا، تووشی ڕووبەڕووبوونەوە هاتەوە. ئەوان ڕوون و ئاشکرا ناڕەزایی و ناڕەحەتی خۆیان نیشانی شا دا.

---

[۱۲] زەوەزە: تۆرەمە، کوڕ و نەوەی زۆر.

شـــا بانگی وەزیری کرد تا بۆی ڕوون بکاتەوە ئاخۆ چی لە گۆڕێدایە. سـەر لە ئەنگۆرەوە میرزا کەبیریش بە سـواری ئەسـپەکەیەوە گەیشـتە کۆشـک. سـەرۆکی پاسـەوانانی کۆشـک هەوسـاری ئەسـپەکەی گرت تا وەزیر لێی دابەزێ. ئەوان بە کورتی لەگەڵ یەک دوان، تەنـانەت ئەو قسانەش گەیشتنەوە گوێی شا. ئاخر ئەو لە ژوورەوە لە پشت پەردەوە ڕێرەوەکەی خستبووە بن چاودێری خۆیەوە.

وەزیر لە کۆشک وەژوور کەوت. سەردەستەی پاسەوانانی پاشا سڵاوی لێکرد، سـەری بۆ دانەواند ، چاکەتەکەی لێوەرگرت و ئینجا یاوەری کرد بۆ هۆڵە گەورە مینابەندەکە.

میرزا کەبیر جلی سـەروەزیری لەبەردابوو، کڵاوێکی درێژیشـی لەسـەر نابوو. بەردە گەوهەرەکانی دامێنی جلەکانی لەبەر تیشـــکی چلچراکەدا دەدرەوشـانەوە. ئەو بە نائارامی دەسـتی لە پشـت خۆی گرێدابوو، یەک دوو جار ڕاوێچکەی بەنێو هۆڵەکەدا کرد. پشـــیلەکەی پاشـــاش لەگەڵ نارمایی ئەودا دەهات و دەچوو. ناوبەناو وەزیر لەبەردەم ئاوێنەیەکی گەورەدا دەوەسـتا و تەماشـایەکی خۆی دەکرد. بەو کڵاوە قووچە و بەو بەرگەی بەری و بەو ڕیشە ماشوبرنجییە درێژەیەوە، بەو وێنەیە دەچوو کە جارێکیان تابلۆکێشـیک بۆ باوکی ئەوی کێشـابوو. ئەوە زۆر پەسـتی کردبوو کە شـــا زۆر جاران لێیدەگەڕا بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە و چاوەڕێ بکا.

هۆڵە مینابەندەکە نموونەی هێز و ڕونـاکی هونەرییـانەی دەســـتکردی ڕۆژهەڵات بوو. دیوارەکانیش بە هەزاران ئاوێنۆکەی بچکۆلە بە شەقڵێکی تەلیسـماوی ڕازابوونەوە. وەزیر بە هەراسـانییەوە سـەیری ئەو هەزاران پارچە ئاوێنەی دەکرد کە خۆی تێدا دەبینییەوە.

هونەرمەندە ناودارەکانی ئێرانی دیوار و بنمیچی هۆڵەکەیان بە دیمەنی جەنگ وێنە کێشـــابوو. ئەوانەش جەنگە گرنگەکانی مێژووی وڵاتی باوک

و باپیران بوو. هەرچی ناوکەوەکەش بوو مافوور و رایەخی تایبەت بە ڕەنگی بنەوشـــەیی و زومردی دروســـتکرابوون. وەزیر خۆی خەڵکی فەراهان بوو، ئەو شوێنەی جوانترین مافووری وڵاتی لێدروست دەکران، لە دونیادا وێنەیان نەبوو. ئەو لە بەرانبەر مافوورێکی ئاودامان زێڕ و کەسک و شینێکی تاریکدا چەمایەوە بەدەست هەستی بە وردی داوەکان کرد کە پێی چنرابوو. پشیلەکەی پاشاش خۆی هاویشتە باوەشی وەزیر. وەزیریش پشیلەکەی گرت و دەستی بە پشتی داهێنا.

"وای لەو ملوانکە تەلایەی لە ملتە، هەردەڵێی خاتوونە شازادەی."

ئەوە بوو سـەردەسـتەی ئێشـکچییان پێی ڕاگەیاند کە شـا لە ژوورەکەی خۆی چاوەڕێی دەکا، میرزا کەبیر جارێکی دیکە ســـەیری ئاوێنەکەی کردەوە و بەرەو ژووری وتووێژی شا ڕۆیشت.

شـــا ناســـر بە جلی یەکپۆشـــی ســـەربازی پێشـــوازی لە وەزیر کرد و دەسـتیشـی لەسـەر کالانی شـمشـێرەکەی بوو. کەشـوهەوا وروژاوبوو.

میرزا کەبیر کڵاوەکەی داگرت، کڕنووشی برد و گوتی: "پایەبەرز!"

شـــا ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا، بە شێـوەیەک قســـەی لەگەڵ وەزیر کرد وەک ئەوەی پشتی لەو بێ: "ئەرێ ئەم شتانە چین واتای چی دەگەیەنن؟ وەزیر کەســـانی بازنەکەی ئێمە لێرە لادەبا و کەســـانێکی خزمی خۆی لەجێگەی ئەوان دادەنێ. تۆ بڵێی لەنێو بازنەی ماڵی خۆشـماندا چاودێری بکرێین."

"پایەبەرز، تۆ تووڕەی. بەڵام بەرچاوڕوونییەکەت دروست نییە. تۆ دڵ و مێشـــکی ئەم وڵاتەی. ناپاک و دوژمنان تێدەکۆشـــن لێت نزیک ببنەوە. ئەوە ئەرکی منە کە ئەوان بخەمە دەرەوەی کۆشـــکەکە. ئەوەی من دەیکەم، بۆ تۆیە. من وەزیری تۆم، هەر بۆیە لە بەردەم ئێوەدا هیچ شتێک ناشاردرێتەوە. من هەمیشە بە ڕێز و پێزانینێکی زۆرەوە لەبەردەم باوکت وەسـتابووم. لەبەر ئەوەی ئێوەش پاشـان، پێویسـتە ڕاستییەکەت

پێبڵێم. دەرباری پاشـای خوالێخۆشـبوو پڕ بووبوو لە سـیاسـیی گەندەڵ، کە تەنیا و تەنیا بیریان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکردەوە. باوکتان بە دز و دەبەنگ و ئاخوندە خورافیگۆ و سووسەکارانی ئینگلستان و ڕوسیا دەورەدرابوو. من هەموو ئەوانەم لە قافدا گرتن. هەر بۆیە زۆر دوژمنم بۆ خۆم پەیداکردوون، بەڵام تا پاشـا لە پشـتم بێ من باکم بەوان نییە و لێیان ناترسم."

"ئاخر وەزیر داهاتی دایکم و ئەندامانی خانەوادەکەمی کردووەتە نیوە. باشە ئەوانیش دز و هاوپشکی شەڕانگێزەکانن؟"

"من ڕێز و پێزانینم بۆ دایکتـان هەیە، بەڵام بەو خەرجییەی ئەو دەیکـا، دەکرێ من کارخانە دروسـت بکەم تا ڕەعیەتەکەی تۆ بۆ کار بەگەڕ بخەم. هەقە شا ڕاستییەکە بزانێ. کۆشکی دایکت بووەتە لانەی ئەو پیاوە کۆنانەی لە دەسەڵات لادراون."

شا بە پەستییەوە بەسەریدا هاواریکرد: "وەزیر ئاگات لەدەم و قسەکانت بێ، چی دەڵێی."

وەزیریش وەها کەوتەوە قسـە: "من لەبـارەی پایەبەرزەوە، لەبـارەی وڵاتەوە قسەدەکەم، مەبەستم هیچ شتێکی تاکەکەسی و تایبەتمەند نییە."

شا وەڵامی دایەوە: "ئاخر ئێمەش دەنگۆی تەواو پێچەوانە دەبیستین."

"هۆ پایەبەرز، کامە دەنگۆ؟"

"ڕێـک ئەوەی کەوا وەزیر خەریکە بەرەی دەسـەڵات لەبن پێی ئێمە دەربهێنێ."

"پایەبەرز، ئەمانە قسـەی دوژمنەکانی منن. ئەوانە تینووی خوێنی منن. من دەمزانی شـا ئەو پرسـە دەوروژێنێ، هەربۆیە قورئانێکم لەگەڵ خۆم هێناوە."

وەزیر قورئانێکی لە نێو جانتاکەی هێنایەدەر. دەستی ڕاستی لەسەر دانا و گوتی: "من بەم کتێبە سـوێند دەخۆم، کە ئەوەی دەیکەم هەمووی

لەپێناو شکۆی پاشایە. خۆ ئەگەر ئەمەش بەس نەبێ، ئەوا هەر ئێستا دەست لەکاردەکێشمەوە، با پاشا یەکێکی دیکە بکاتە وەزیر."

شا ئاماژەیەکی بۆ وەزیر کرد کە دەکرێ قورئانەکە هەڵگرێتەوە. دیاربوو قسەکانی وەزیر متمانەی بۆ شا گێڕابووەوە.

شا بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت، کەمێک پەردەکەی تی دا[14]ئەو پێویستی بە ڕاوێژی وەزیر هەبوو.

ئینجا شا ڕووی قسەی تێکرد: "باوکم لە پاش مەرگ نامەیەکی بۆ بەجێهێشتووم، نامەیەکی زۆر کەسیی و تایبەتە. ئەو لەبارەی هەراتەوە زۆر بەخەم بوو. داوای لێکردووم هەموو شتێک بکەم بۆ ئەوەی شارەکە وەربگرمەوە."

وەزیریش بە هاوڕاییەوە گوتی: "هەرات برینی نیشتمانیمانە، بەلام خۆ ئێمە لەو هێز و پێگەیەدا نین بریتانییەکان لە هەرات وەدەربنێین، وێڕای ئەوەش، ڕۆژگاریش گۆڕاوە. ئەفغانستان بووەتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ئینگلستانیش هەموو سەرکردەی هۆز و تیرەکانی چەکدار کردوون. لەسەرووی هەمووشیانەوە، لەشکری هیندستانیشی لەوێ جێگیرکردووە. ئێمە ناتوانین بە هێزی چەک ئەو شارە بگێڕینەوە سەر ئێران."

ئینجا شا پێیگوتەوە: "کەواتە وەزیر ئەوە دەڵێ کە ئێمە دەبێ بۆ بریتانییەکان دەستبەرداری شارە خۆشەویستەکەمان بین؟ خۆی مەبەستەکە خودی شارەکە نییە، بەڵکو شکۆی وڵاتەکەیە. پێم سەیرە کە وەزیر هەست بەو شتە ناکا."

"بە دڵنیاییەوە هەستی پێدەکەم. لێ تەنیا یەک چارەسەر هەیە، ڕێگەی دیپلۆماسی. ئێمە دەبێ هەروەک بریتانییەکان مەکرۆ و کەمۆ[15]بین."

---

[14] تیدان: کەمێک کردنەوە. کەمێک هەڵدانەوە

[15] مەکرۆ و کەمۆ: فێڵزان و زۆرزان.

شـــا هاتەوە قســـە: "هەر پاشـــایەک لە ژیانیدا ئەرکێکی لەســـەرشـــانە. ئەرکەکەی ســـــەرشـــانی منیش گەڕاندنەوەی هەراتە بۆ نێو باوەشـــی نیشـــتمان. ئێمە دەبێ ئەو کارە بکەین، ئەوســـا بەهەر نرخێکەوە بێ. من نامەوێ وەک پاشایەکی ترسنۆک بچمە نێو مێژووەوە."

"منیش لەگەڵ خەمخۆریـت دام، بەڵام خۆ جەنـابی پـایەبەرز ئەوەش دەزانێ کە وڵاتەکەمان لەو ماوەی ئەو هەزار و چوارســـەد ســـاڵەی ڕابردوودا هەر لە جەنگدا بووە. ئێمە داهێزراوین و شـــەنگوکوڕمان[16] لەبەر بڕاوە. بە هەڵگیرســـاندنی جەنگێکی دیکە لەبری ئەوە شـــکۆ بەدەســـتبێنین لەدەســـتی دەدەین. بریتانییەکان هەموو هیندســـتانیان لەبن دەســـتدایە. نەوەک هەر هیندســـتان وڵاتی دراوســـێی لای خۆرهەڵاتمانە، بەڵکو ئەوە ئینگلســـــتانە. ڕوس و بریتانییەکان تۆپ و تفەنگ و چەک و تفاقی جەنگی دیکەیان هەیە کە ئێمە هەر پەیشی پێنابەین. سوپاکەی ئێمە ســـوپای دەرۆزەکەرانە. ڕۆڵی ئێرانییەکان لە مەیدانی جەنگدا دەســـتی لێشـوراوە. جەنگ هەڵگیرسـاندن لەگەڵ ئەفغانسـتانی دراوسـێمان، ڕێک ئەو شـــتەیە کە ئینگلیزەکان خواخوایانە و دەیانەوێ. ئەمە هێڵێک بە ژێر پلانە نوێخوازییەکانمان دا دێنێ. من زنجیرە پڕۆژەیەکم بۆ شـــــارەکان هەیە..."

شـــا بە گومانێکەوە پرســـــی: "کامە پڕۆژە؟ باشـــە بۆچی ئێمە هیچی لەبارەوە نازانین؟"

"هەر کاتێک بەرەوپێشـــەوە چووین ئەوا بەتەواوی لە وردەکارییەکانی ئاگادار دەکرێیتەوە. ئێســـتا ئێمە ســـەرقاڵی ســـەرکوتکردنەوەی ئەو ڕاپەڕینەین کە لەدژی تۆ ســـەریهەڵـداوە. ئێمە نەمـانـدەزانی کە بەرگرییەکەیان ئەوەندە کات و ئەو هەموو زەحمەتییەی لەشـکرەکەمانی دەوێ. هەر کاتێک لەوە بووینەوە، ئەوسـا دەسـتمان بۆ پڕۆژەکانی دیکە

[16] شەنگوکوڕ: هێزوتین

والا دەبێ. ئیدی شـــتەکـان بەم جۆرەن. ئێمە وەهـا بیردەکەینەوە کە پێویســـتە پشـــتی پێشـــخســـتنی بەرهەمە خۆماڵییەکانمان بگرین و گەورەتریان بکەین هەروەک چۆن ولاتە زلهێزەکان دەیکەن."
"کامە بەرهەمی خۆمان؟"
"بۆ نموونە مافوور، ئاخر لە هەموو جیهاندا وەک ئەوەی ئێمەیان باش نییە. زافەرانەکەمان، کاڤیار، فستەق/پستە، گیاچا، توتن، خورما، هێشتا زۆری دیکەش، کە هەموویان لە جۆری نایابترینیانن. خۆ ئەگەر ئێمە ئەو بەرهەمـانە بە ڕێژەیەکی زۆر بهێنینە کـایە ئەوا دەبێتە یـارمەتیـدانی هەزاران کەس. ئێمە لەگەڵ وەبەرهێنەرانی ولاتانی ئەورووپی بۆ هاوکاریی ئەم بابەتە لە دانوســـتاندایـن. کانەکانمان بە زێڕ و زیو و مس و بەردە گرانبەهاکانی دیکە دەوڵەمەندن..." وەزیر پشـــوویەکی دا هەناســـەیەکی قووڵی بۆ هەڵکێشایەوە ئینجا لەسەر قسەکانی ڕۆیشت:
"من هەواڵی باشـــم بۆ شـــا هەیە. بەر لە مردنی باوکتان ئێمە لەگەڵ فەرەنســـییەکان لە وتوویژی ئەوەدا بووین ســـوپاکەمان بە پێوەرەکانی هاوچەرخ چاک و نوێ بکەینەوە. ئێمە پێشـنیازەکەمان لە پاریس تاوتوێ کرد. کاردانەوەکەش ئەرێنییە. پاشـەڕۆژ گەشـە. ئێسـتا هەڵگیرسـانی هەر جەنگێک کێفەڕاتە[17] خۆ ئەگەر وتوویژەکان بەر بگرن، ئەوا لەیەککەیشـتن و ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکە بۆ تاوتوێکردن دێتە بەردەستی پاشا."
ئینجا شـــا هەڵیدایێ: "هەرگیز فەرەنســـییەکان هی باوەڕپێکردن نەبوون. ئەوان زۆر جاران باوکمیان هەڵخەتاند. ئەوان ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئێمەدا کرد، لێ هەر دۆســـتە ڕوســـەکاندیان گرت، ئیدی وازیان لە بەڵێن و گفتەکانیان هێنا."
"ئەوەی شـــا دەیڵێ زۆر ڕاســـتە، بەڵام فەرەنســـا باشـــترین ولاتی هاوپەیمانمانە. ئەو چەند دژی بریتانیایە ئەوەندەش دوژمنی ڕوســـیایە.

[17] کێفەڕات: کارەسات، کوێرەوەری.

فرەنســـــییەکانیش وەک هەر وڵاتێکی دیکە دەیانەوێ بگەنە هیندســـــتان، وڵاتی ئێمەش بۆ ئەو مەبەســـــتە کورتترین ڕێگەیە بۆ گەیشـــتننە ئەوێ. ئێمە دەبێ ڕەوتی ســیاســییانەی تایبەت بە خۆمان هەبێ و دۆســتایەتیی هەمووانیش ڕابگرین. فرەنساش باشترین هەڵبژاردەیە.

پێویست ناکا ئێمە هیچ چەکیان لێ بکڕین، ئەوان پێویستە خۆیان کارگە بۆ ئێمە دروســـــت بکەن، بۆ ئەوەی خۆمان چەک و فیشـــەکی خۆمان دروســـتبکەین. پیشـــەســـــازییەکەی ئەوان فرەلایەنە، ئەوان مۆبیلیات و کاشـــــی و فەخفوری، پێســـــتە و ئاوریشـــــمە بەرهەم دەهێنن. ئەوان وردەکارترین پیشـەزانن لە جیهان و فرەنسییەکان دەزگایەکیان داهێناوە کە بە شــێوەیەکی ســەیروســەمەرە خێرا جلوبەرگ دەدروێ. هەروەها ئەوان دەزگایەکی ڕســـتن و چنینی وەهایان هەیە لە ماوەیەکی کورتدا و لەیەک کاتدا بەقەدەر سەد ژن دەڕێسێ و دەچنێ.

دەکرێ ئێمە ئەو هەموو دەزگـا و زانیـارییـانە بهێنینە وڵاتەکەمـان. فرەنســـــییەکان ئامادەن کارمـان لەگەڵدا بکەن. خۆ گەر خەڵک هەبێ بیانەوێ لە ڕێی ئێرانەوە دەســـــتیان بە دەوڵەمەندیی خۆرهەڵاتدا ڕابگا، ئەوا پێویســـــتە ئێمە لێی ســـــوودمەند بین تا جارێکی دیکە وڵاتەکەمان لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوە.

شـــا بە بێدەگی گوێدێر بوو. پشـــیلەکەی، کە لە پشـــت پەردەکەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو، هەســـــتیکرد گفتوگۆکە کۆتایی هاتووە. ئینجا شـــــا ئاماژەیەکی بۆکرد و ئەویش بە بازدانەوە خۆی هاوێشتە کۆشی شاوە.

٨

پشیلە شەرمین

کات ئەنگۆرە[18]بوو. شا لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتبوو، خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو لەبارەی ناپلیۆن. ئەو زۆر بە ستراتیژییە زیرەکەکەی ئەم پاڵەوانی مەیدانی جەنگە سەرسام بوو. باپیرەکەی ئەو جارێکیان ناپلیۆنی بینیبوو، ئیدی هەمیشە باسی کاریگەریی لەسەکانی ئەو قرالەی فەرەنگی دەکرد. کاتێکیش لە خوێندنەوە ماندوو بوو، چاوەکانی هەڵگلۆفتن و لەوکاتەشدا پەردەدار هاتەژوور.

شا پێی گوت: "قلیانێک."

کابرا قلیانی هێنا. شا چووە ئەو جێگەی کە تایبەت بوو بە شیشەکێشان، نێرگلە دەستکردە جوانەکە کە چواردەورەکەی نەخشێنراوبوو، لەسەر سینییەکی مسین لەوێ لەسەر مافوورەکەی دانرا، هەر لەوێش چەند پارچە نوقڵ و نەباتی شیرین لەسەر مێزێک دانرابوون. پێشخزمەتەکە چادانە گەرمەکەی گواستەوە سەر ئاگردانێکی مسین، لە پاشای پرسی ئاخۆ دەیەوێ بۆی تێکاتەوە.

---

[18] ئەنگۆرە: ئێوارەیەکی درەنگ، سەروبەندی بولێڵ.

شـا گوتی: "حەکایەتخوانەکە!" ئینجا سـەرە قلیانەکەی بۆ دەمی برد. زۆر شت هەبوون پێیەوە سەرقاڵ بوو، نەشی دەزانی بۆ باری پێویست بڕوا بە کامیان بکا. تۆبڵێی بڕوا بە دایکی بکا یان بە وەزیرەکەی. بەگوێرەی ڕای دایکی بێ، کابرای وەزیر دژی لەشکرکێشیە بۆ سەر هەرات، گوایە دەسـتی لەگەڵ بریتانییەکان تێکەڵ کردوە. بەوپێیەش بێ وەزیر هەموو فەرماندەکانی هێزی چەکدار دەگۆڕێ و کەسـانێک دادەنێ کە کوێرانە جێگەی بەقای وەزیرن و شوێنکەوتەی ئەون.

ئەوەبوو لە دەرگە درا.

شا گوتی: "وەرە ژوور."

حەکایەتخوانەکە پیاوێک بوو لەسەرووی پەنجا ساڵە. عەبایەکی جیاوازی تایبەتی لەبەردابوو، دامەنی بە داوی ئاوزێڕ نەخشـابوو، کلاوێکیشـی لەسـەر بوو، بە گوێرەی دابونەریتی حەکـایەتخوانەکـان بوو کە لە چاخانەکان لەسەری دەنا کاتێ حەکایەت و داستانی دەگێڕایەوە. پیاوەکە لە کتێبە گەورەکەی فیردەوسـی، لە شـانامەدا، حەکایەت و داسـتانی لەبارەی پاشا ئێرانییەکانی سەردەمی شکۆمەندیی وڵات بۆ دەگێڕانەوە.

شـا گوێی لە حەکایەتی پاشـا زاڵ گرت بەو هیوایەی بەڵکو وەڵامێک بۆ پرسـیارەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. حەکایەتخوانەکە وەهای گێڕایەوە: "شـا سـام هیوای وابوو کوڕێکی پەیدا ببێ، بەڵکو بتوانێ یارمەتی بدا و قەڵەمڕەوەکەی لە لەیەکترازان و پارچەپارچەبوون بپارێزێ، لێ گەلۆ، بەخت شتێکی دیکەی هێنا. ئەو کوڕێکی پەیدابوو، سەرتاپای خۆڵەمێشی و ناوی زاڵیشی بەسەردا برا.

شـا لەو "منداڵە دێوەزمەیە" زەندەقی چوو، فەرمانی بە نۆکەرێک کرد بیبات لە چۆڵاییەک بیکوژێ و لە کۆڵی کاتەوە، لێ نۆکەرەکەی منداڵەکەی نەکوشـت. لەجیاتی بیکوژێ و سـاردی بکاتەوە، بەدزییەوە کۆرپەلەکەی لە ئەشکەوتێکدا دانا. لەوێش، سیمرخ، باڵدارە ئەفسانەیەکە پەیدابوو، زاڵی

هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردییە هێلانەکەی و خواردنی دایێ. ئیدی زال گەورەبوو، بووە خورتێکی ناوازە. شەوێکیان پاشا خەونی بینی، کە زال هێشـــتا ماوە، ئەو لەنێو کێواندا لەگەڵ مەلێکدا دەژی. بە دڵێکی پڕ لە خۆشـــییەوە بەرەو کێوەکان ڕۆیشـــت . قەدەر وایهێنا کوڕەکەی لەوێ دۆزییەوە و هێنایەوە و تاجی پاشایەتیشی لەسەر نا.

دوای یەک دوو ساڵ، زاڵ بەخۆی و لەشکرێکەوە بەرەو کابولستان کشا تا لە دژی دوژمنەکانی بجەنگێ و بەرپەچیان بداتەوە. لەوێ ڕودابەی بینی، ڕودابە کچە هەرە شۆخوشەنگەکەی پاشای کابولستان بوو. ژیان ئەو جووتەی بۆ یەک دانابوو. کەچی لەبەر دوژمنایەتیی کۆنینەی نێوان هەردوو وڵات، خۆشەویستی لەنێو ئەو دوو کەسەدا بڤە بوو. ئەوە بوو شەوێکیان ڕودابە کەزییە ڕەشە درێژەکانی لە پەنجەرەی ژوورەکەی لە قەڵاکەی بەردایەوە خوارێ. زاڵیش بە کەزییەکـانـدا هەڵگەرا و خۆی گەیاندە هۆدەکەی. لەوێدا یەکێ لە خۆشـــترین شـــەوانی ڕۆهەڵاتیانەی ژیانیان بەسەر برد. لەپاش نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان منداڵی پەرجووی ئەوان پەیدابوو. لێ کۆرپەلەکە ئەوەندە گەورە بوو، لەدایکبوونەکەی ئەســـتەم بوو، ڕودابە لەگەڵ مەرگدا لەململانێدابوو. لەپڕ زاڵ بەبیریکەوتەوە، ئاخر کاتی خۆی ســـیمرخ پەڕەمووچەیەکی خۆی دابویێ، بۆ حاڵەتێک بوو ئەگەر زۆر تەنگانە و پێویست بووایە. سیمرخ پەیدا دەبوو. باڵدارەکە بە زاڵی گوت پێویســتە چی بکا: "شــەرابی زۆر دەرخواردی ڕودابە بدا. بەم چەقۆیە زگی ڕوودابە هەڵبدڕە و کۆرپەلەکەی لێ دەربهێنە، پاشــــان برینەکەی بە داوێک بدوورەوە."

ئەم منداڵە پەڕجوویە لەدایک بوو و ناوی لێنرا ڕۆســـتەم. لەدواییدا ئەو شکۆی بۆ ئێران گەڕاندەوە و تاجی پاشایەتییەکەشی پاراست."

شـــا بایی پێویســـت گوێی گرت، لێ نەیدەزانی ئاخۆ تاچەند حەکایەتەکە یارمەتی دەدا تا بەگوێرەی هەڵبژاردنەکەی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدا. ئەو

یەک دوو دراوی بۆ حەکـایەتخوانەکە فرێـدا. پیـاوەکەش پوولەکەی هەڵگرتەوە، کڕنووشـــێکی بۆ برد و لەوێ ڕۆیشـــت. شـــا وازی لە قلیانکێشـان هێنا و لە شـوێنی خۆی هەڵسـا، بەنێو ڕاڕەوکانی کۆشـکدا قەدەمی لێدا.

لەوێوە بانگی کرد: شەرمین، هۆ شەرمین، لە کوێی؟"

لێرە و لەوێ دەرگای دەکردەوە و ســەری دەبردە ژوور و بە نەرمی بانگی دەکرد: "پشی پشی، پشەکە، شەرمین!"

ئینجا بینی شەرمین لە یەکێ لە پەنجەرە کراوەکان هاتەژوور.

"ئەوە لە کوێ بووی؟ لە دەرەوە بووی؟ تێبگە، بۆت نییە وا بکەی، شـتی قۆڕ بکەی." ئەمەی پێگوت و خۆی نەوی کردەوە و دەســتی دایە و لە زەوی بەرزی کردەوە.

هەمیشــە شــەرمین لەگەڵ شــادا دەبوو، یاوەرییەکەی لێ خۆش هاتبوو، لەســەر پێخەفیشـدا لەگەڵی دەنووســت. ناوبەناویش بۆ ماوەیەکی درێژ دەڕۆیشت، بەڵام هەر دەهاتەوە لای شا.

شـا بە پشـیلەی باوەشـیەوە بەنێو داڵانەکانی کۆشـکدا پیاسـەی دەکرد.

"دایکە پێگوتم دەبێ ئاگاداری وەزیر بم، بەڵام خۆ وەزیر باشترین پیاوی ئێمەیە، تۆش پێت وا نییە؟ تۆش ئەوت خۆشدەوێ. دایکم دەڵێ ئەو پیاوە شـتێکی لەبن سـەردایە، ئەو نەخشـەی هەیە تەخت و تاجم لەبن دەسـت دەربهێنێ. ئەرێ بڕوا بە قسەی دایکم دەکەی؟"

وەزیر زۆر شتی خراپ لەبارەی دایکمەوە دەڵێ.

شـەرمین هەر تۆ جێگەی بەقای منی. تۆ شـۆفار و سـووسـەکاری کەس نیت، تۆ تەنیا هی منی، سندوقی ڕازەکانی منی."

کاتێک ئەوان بەرەو لای نادینەکە ڕۆیشـتن، پشـیلەکە لە باوەشـی خۆی فڕیدا و بەدوای کاباندا دەگەڕا، کە هەمیشە هەر شتی خۆشی دەدایێ.

ئەنگۆرەیەکی درەنگ بوو. شـاش زەوقی نەبوو بە تەنیا بێ. ئیدی چووە نێو حەرەمسەرا.
جاران شـا هەر لە خۆیەوە خۆی بەنێو حەرەمسـەردا نەدەکرد. خواجەباشـی، سـەرۆکی حەرەمسـەراکە پێشـەوەختە دەیزانی ئاخۆ پاشـا کەی دێتە ئەوێ. ئینجا ژنەکانی ئاگادار دەکردنەوە، خۆیان بۆ پاشـا ئامادە بکەن. لێ ئەم شەوە شا وەهای نەکرد.
خواجەباشی، ئەو کەسەی هەمیشە لای دەرگاکە دادەنیشت و شیشەی دەکێشـا، لە کۆتـاییـدا بە هێـدمەگرتنەوە لە شـوێنی خۆی ڕابوو. بەهەڵەداوان بەدوای قـاپقـاپەکانی گەڕا. "من لە خزمەت پاشـام، چی دەفەرمووێ؟"
شـا ناسـر هیچ وەڵامی نەدایەوە، ئاسـایی دەسـتی لە پشـتەوەی خۆی دانـابوو، لێوەژوور حەرەمسـەراکە کەوت. ژنەکـانیش، کە چـاوەڕێی پاشایان نەدەکرد بە حیتە و پێکەنینەوە بە غار بۆ ژوورەکانیان کشان تا وا نەکەن لەپڕ بە ژێرکراسەوە بیانبینێ.
ژووری ژنەکـان بە هێمـای تـایبەتی بە کەلتووری تـایبەتی خۆیـانەوە ڕازابووەوە. ژنە ئازەرییەکانی تەواو لەگەڵ ژنەی کوردی جیاواز بوون، هی ژنی کوردیش لە ژنی بلوجی ئایەر بۆو[19]. تامی ژنانی کابولی لەگەڵ ئەوانەی خەڵکی هەرات تێکی نەدەکردەوە. زۆر جـاریش ئەو ژنـانە لە زمـان و کەلتووری یەکـدی نەدەگەیشـتن. بەڵام ئەوان بە زمـانێکی شارستانییانەی فارسی قسەیان دەکرد، بە شانازییەوە ڕەفتاریان دەنواند بۆ ئەوەی باڵاتر لە ژنانی ئاسایی دەربکەون.
بە چوونی لەناکاوی پاشـا، جۆرێک لە پاشـاگەردانی لە حەرەمسـەراکە دروست بوو. هەر یەکێکیان دەیەویست خێرا بە خۆی ڕابگا و دەستێک

[19] ئایەربوو: جیاواز بوو.

بەخۆیدا بێنێ و ئارایشـت بکا تا سـەرنجی شـا بۆ لای خۆی ڕابکێشـێ، بەڵام خۆ شا مەیلی لە ژن نەبوو.

خواجەباشـی لە دووری شـاوە بە ئەدەب و ملکەچییەوە بەدوایدا دەڕۆیشـت و پاکانەی دەکرد بەوەی ئەو بۆ ئەو هاتنە لەهیکەوەی هیچ ئامادەکاری نەکردووە.

خواجە هەوڵیدا بڵێ: "تۆبڵێی دڵی پایەبەرز کامە ژنی بوێ؟"

کەچی ئەو هیچ وەڵامی وەرنەگرتەوە، چەنـد شـا زیـاتر بەنێو حەرەمسـەراکەدا دەڕۆیشـت، ئەوەندە بەبێ باکی سـەیری دەرگای داخراوی ژوورەکانی دەکرد.

ئەوسا خواجەباشی بە وریاییەوە گوتی: "جەنابی پایەبەرز هێشتا لەگەڵ چەند ژنێکدا نەنوستووە."

"لەنێویاندا ژنێکی هەراتی هەیە؟"

"من... ئەز ... جارێ نازانم." خواجەباشـی زمانی تێکئالا؛ "ئەگەر پایەبەرز بخوازێ، هەر ئێستا ویدەکەوم."

شا بێدەنگ بوو، ئیدی خواجەش خێرا بەرەو ژووورەکەی خۆی غاریدا.

ئێسـتا دەرگای ژوورەکان یەک لە دوای یەک کرانەوە، ئەو ژنانەی شـا ویستی لەگەڵیان بێ هاتنە بەردەم دەرکە و وەستان.

کاتێک شـا بەلایاندا تێپەڕی ژنێک بە دووچاوی ڕەشی پڕ لە پرسیارەوە چرپاندی: "پایەبەرز."

کەچی شا هەر سەریشی بڵند نەکرد.

ژنێکی دیکە، کە جلی ڕەنگاوڕەنگی ڕازاوەی لەبەردابوو گوتی: "پاشـا، وای تۆ چەند نازداری."

شا وەڵامی ئەویشی نەدایەوە.

خانمێکی دیکە بە خۆی و پرچی ڕەش و لێوی سوور و نیوە فستانێکەوە گوتی: "خۆ ئەگەر پێشوازی لە پاشا بکەم، ئەوا هەر شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێنمەوە."
شا وەستا. ژنەش شیعراندی:

جمشید کوجا رفت؟ چە شود تاج و کولاهەش؟
کو فەری فەرەیدون و کو حیشمەت و جامەش؟
ئایا بە کوجایەند کەز ئیشان خەبەری نیست؟
کو دەولەتی گرشاسب و گەلەیی سوپاهەش؟
بیژەن بە کوجا ڕەفت گرفتاری چاهەش
ئایا بە کوجایەند کەز ئیشان خەبەری نیست؟

شا حەزی لە شیعر بوو، خۆشی دەیهۆنیەوە. هەندێ شەوان کە لەگەڵ ژنەکانی بەسەری دەبردن، بە خۆشییەوە هۆنراوە نوێیەکانی خۆی بۆ دەخوێندنەوە. لەپاڵ شیعریشدا حەزی لە ڕۆژژمێریش بوو، لەوێدا بە دەستخەتی خۆی ڕووداوەکانی بۆ ئایندە هەڵدەگرت.
ژنە یەکێ لە هۆنراوە هەژێنەرەکانی شای خوێندەوە، ئەو هۆنراوەیەی لەبارەی پاشا ئەفسانەییەکانی بەرێ بوو. لە شیعرەکەدا ئەو لە خۆی دەپرسی، تۆ بڵێی ئەوان لە کوێ بن، تەخت و تاجیان لە کوێیە، هێزی ئەفسوناوی خواوەندانەیان لە کوێ ماوە.
شا گەڕایەوە لای ژنەکە، ئەویش یەک دوو هەنگاو چووە پشتەوە تا ڕێگەی شا بدا بچێتە ژوورەکەی. لێ ئەو نەچووە ژوور، بەڵکو لە تەنیشت ژنەکە وەستا و بە پشتەدەستیشی گەمەی لەگەڵ قژلی چەپەی ژنە کرد. ژنەش زاتی ئەوەی کرد دەستی شا توند بەخۆیەوە بگیرسێنێ.

شـــاش بۆی شـــل کرد بە هێواشـــی ڕوخســـاری لە باوەشـــی ژنە نزیک کردەوە، بۆنی ماڵەکەی کرد و درێژەی بە ڕێڕۆیشتنەکەی دا.
شـــا بە شـــێوەیەک کە دەســـتی خۆی لەپشـــتەوە دانابوون بەدەم قەدەملێدانەوە گەیشتە لای ئەو ژنەی بە شـەرمنییەوە لەبەردەم دەرکەی هۆدەکەی خۆی وەستابوو. بێدەنگیی ژنە شای وروژاند.
تازە خواجەباشی بە خۆی و لیستی ناوی ژنانی حەرەمسەرا گەیشتەوە لای شـا. کاتێکیش بینی شـا مەیلی بە لای ئەو ژنە شـەرمنەدا چووە، بە سـرتەوە گوتی: "پایەبەرز هێشـتا سـەرجێی ئەو خاتوونەی نەکردووە. ئەمەیان لە ئازەربایجانەوە هاتووە، خەڵکی ئەو بەشـــەیە کە ڕوســـیا داگیری کردووە. هیچ فارسیش نازانێ. ژنە چاوێکی قاوەیی کاڵی هەبوو، جلوبەرگیشـی هەروەک ژنە دێهاتیەکی ڕوسـی بوو. شـا دەسـتێکی بە کەزییە کەژەکانی[٢٠]داهێنـا. کەپووی لە گەردنی نزیـک کردەوە و بۆنی پێوەکرد. بەدەسـتی ڕاسـتی یەکێ لە کەزییەکانی گرت، سـەری بۆ لای خۆی ڕاکێشـا دەمی لەسـەر لێوە سـوورەکانی دانا و گەزتی. ژنە بە فارسییەکی شەقوشڕەوە چرپاندی: "ئێس، دەمهێشێ!"
ئینجا شـا دەسـتی بردە بن فیسـتانەکەی و بە بەرخۆی وەنا و توند بە چوارچێوەی دەرکەی وەنووســـاند و ســـەری بەنێو مەمکەکانییەوە گیرســاند، بە جۆرێک کڵاوە قووچەکەی لەســەری بەربووە خوار. ئینجا ژنەی بەردا. هەوەسەکەی دامرکایەوە. خەم و پەژارەی بۆ گەڕایەوە.
هەر خێرا خواجەباشی پڕی دایە کڵاوەکە و دایەوە دەستی شا، کە یەک دوو هەنگاو دوورکەوتبووەوە.
ئینجا چاوی شا کەوتە سەر چاوی ژنێکی گەنج، بە خۆی و دوو چاوەی ناوازەی ئەفغانییەوە. جوانیی ئەو ژنە هەر جادووی کەشـخەیی لێدەڕژا، وەها دیار بوو هەر دەتگوت تازە لە حەکایەتی ئەفسـانەیی بەربووەتەوە.

---

[٢٠] کەژە: موورزەرد

باشــە شــا بۆچی پێشــتر ئەو شــۆخەی نەبینیبوو؟ بە چاوی پرسـیارەوە تەماشایەکی خواجەباشی کرد.
خواجەباشیش هەڵیدایێ: "ئەمەیان ماوەیەکی درێژە لێرەیە و لەگەڵماندایە، بەڵا هێشـــتا منداڵ بوو. کەچی لەپڕ، بەڵێ لەپڕ هەڵیدا و جوان بوو. پایەبەرز تکایە لێم مەگرە. خۆی دەبووایە پێشـــتر بمبینیبا و بمزانیبایە، ئاخر لێم مەگرە، بە ناشـوکری نەبێ خۆ ئەوەندە ژنە لەو حەرەمسـەرایە هەن و لەپڕ دەبینی یەکێکیان وەک گوڵ شکۆفەی کردووە."
"خەڵکی کوێیە؟"
"پایەبەرز، لە هەراتەوە هاتووە." خواجەباشـــی بەم شــێوەیە بە دوودڵی وەڵامی دایەوە، پێدەچوو بۆیە وەهای گوتبێ تا شا بەختەوەر بکا.
کاتێک خواجە ناوی هەراتی لەدەم دەرچوو، شــا تروسـکەیەکی گەشــی پەڕیە چاوان.
لە ژنەی پرسی ئاخۆ ناوی چییە.
ژنە لەکاتێکدا ســـەری بەردابووەوە و ســـەیری بەرپێی خۆی دەکرد بەترسەوە گوتی: "جەیحون."
ناوەکە مەیلی بزواند، خۆی ئەمە ناوی ڕوبارێکی ئەفســـووناوی بوو لە ئەفغانســتان، ئەو ناوەی کە ڕودەکی شــاعیر بەر لە هەزار ســاڵ پێشــتر هۆنراوەیەکی لەبارەیەوە نووسیبوو، کە هی لەبیرکردنەوە نییە.
شا ناوقەدی کچەی گرت و بەرەو لای خۆی کێشی کرد.
کیژۆڵەکە بە زاراوەیەکی شیرینی ئەفغانی گوتی: "پایەبەرز ، دەترسم."
ئەم ترسە و ئەم شێوە زاراوەیە هێندەی دیکەی مەیلی شای تیختیخە دا.
دەمی ماچ کرد لەسەر سوخمەکەی گەمەی لەگەڵ مەمکەکانی کرد.
کیژە بانگی کرد: "خوایە، لە هانام وەرە."
شا پاڵێکی پێوەنا بۆ نێو هۆدەکەی ڕاکێشا و سوخمەکەی لەبەر داڕنی.
مەمکەکانی هاتنەدەر.

"پایەبەرز، هێواش بە لەگەڵم، بوەستە، جارێ کەمێک بوەستە."

خواجەباشی دەرکەی پێوە دایەوە لە پشتی دەرکەوە ڕاوەستا.

نوزە و هاوارێک لە ژوورەکەوە هات، کە بەرەو لای کەیف و زەوق دەیشکاندەوە. حەرەمسەرا کش و مات و ژنەکانیش دەرکەی هۆدەکانیان پێوەدایەوە.

٩
برایەکان

وەزیرەکە لە دوو بەرەوە خەریکی ئەوە بوو بەڵکو مەترسـی برا یاخیبووەکان بەلایەکدا بخا. لە سـەرێکەوە بە خۆی و لەشـکرەوە بەربەرەکانێی دەستە و تاقمە چەکدارەکانی سەرکوت دەکرد، لەسەرێکی دیکەشـەوە لە تاران بە تایبەتیش لەگەڵ باڵوێزخانەی بریتانییەکان بەدوای ئەوەدا دەگەڕا، بەڵکو هەرا و هەنگامە و پشـێوییەکانی نیشـتمان چارەسەربکا. ئەو لەوە دڵنیابوو بریتانییەکان لە لای خۆرهەڵاتی وڵاتەوە دەستیان لە پشتی برا یاخیبووەکانی پاشا داوە. بۆیە زۆر پێداگرانە لەو بارەیەوە هیچی بۆ دانەنەواندن و لە دانوستاندا لەگەڵ بریتانییەکاندا توند و شێلگیرانە بوو تا ئەوان واز لەدەستلەپشدانی براکانی پاشا بۆ ڕاپەڕین و یاخیبوون بهێنن.

خۆی ئەمە یەکێک بوو لەو شـەڕە کەمانەی وەزیر هەڵیدەسـووڕاند، مەهدولیای دایکی پاشـاش بە تەواوی پشـتی گرتبوو و زانیاریی زۆر

سوودبەخش و گرنگیشی بە وەزیر دابوو. لەشکرکێشی هێزی پاشا بۆ بەسەرداداان و چوونە نێوشارەکان و ئەو ڕەفتار و هەڵوێستە توندەی وەزیر لە بەرانبەر نوێنەرانی هەریەک لە بریتانی و ڕوسەکان کردی، بە ئەنجامی باش گەیشت و سەری بۆ ئەوە کێشا، هەر حەوت برا یاخیبووەکە ببەزن و خۆیان بەدەستەوە بدەن. هەر هەمووشیان بە دەستبەستراوی بۆ تاران ڕاپێچکران.

شا بە بەرگی سەربازییانە و بە دەبدەبەوە[21] لە یەکێ لە بارەگا سەرەکییە سەربازییەکانی دەرەوەی تاران چاوەڕێی وەزیری دەکرد. دەستی چەپەی لەسەر کالانی شمشێرەکەیدا بوو. بە دەستی ڕاستەشی تۆپە قەبە ڕەنگ قاوەییە تۆخەکەی گۆی زەوی دەسووڕاند، لەکاتێدا گوێی بۆ وەزیر شلکردبوو، چۆن باسی شەڕەکە و گرتن و ڕاپێچکردنی براکانی بۆ دەگێڕایەوە.

خۆی ئەوێ ئەو ژوورەبوو کە بڕیارە گرنگەکانی جەنگی لە دەیەکانی ڕابردوودا لێ دەدرا. گۆی زەوییەکەش دیاری ناپلیۆن بوو. شا ناسر لە بەردەم تابلۆیەکی زەیتوونی وەستابوو، تابلۆی باوکی بوو بەخۆی و جلوبەرگی سەربازی بە سواری ئەسپێکی ڕەنگ زیوین. ئەو کڵاوێکی قووچی قیتی لەسەر بوو، شاڵێکی سووری بەسەر چاکەتەکەی بەسەر شان دادابوو، بە با دەشنایەوە. تابلۆکەش وێنەیەکی لەبەرگیراوەی تابلۆیەکی ناپلیۆن بوو، کە بە دەستێکی جڵەوی ئەسپەکەی توند گرتبوو، بە دەستی دیکەشی ئاماژەی بۆ شوێنێکی دوور دەکرد، لەپشت سەریشی پەڵەهەور بوون، ئەسپەکە بە سوارەوە لەسەر پاشوو وەستابوو، هەر بینا هەڵمەت ببا.

---

[21] دەبدەبە: هەراوزەنا

باوکی شا زۆر حەزی لەو تابلۆیە بوو، هەر بۆیە داوای لە سەردەستەی تابلۆکێشـــەکانی کرد، ئەویش بەهەمان ڕەفتار و جووڵەی تابلۆ ماکەکە، نیگارەکەی کێشابیوو.
لە کتێبخانەی کۆشـــکیش کتێبێک داندرابوو، ڕیزێک تـابلۆی نـاپلیۆنی تێدابوو. زۆر جاران شـا کتێبەکەی لە چەکمەجەی کتێبخانەکە دەردەهێنا و پەڕەکـانی هەڵدەدانەوە و تێر ســـەیری دەکرد. هەر زوو وەزیر لە ڕۆژگاری کوڕوکاڵێتی ئەوەی فێری شـا کردبوو، کە هەمیشـە سـەیری نموونە بەرز و مەزنەکانی مێژوو بکا تا لە خۆیدا بەرجەستەیان بکا.
وەزیر باســوخواســـی دانوســـتانەکانی لەگەڵ بریتانییەکان بۆ پاشـــا گێڕایەوە، بەوەی بەڵێنی مسـۆگەری ئەوەشـی داوە هەڵگەڕاوەکان سـزا نەدرێن.
شـا بە بێزارییەوە لەئاست ئەم باسـوخواسـەی وەزیر هاتەدەنگ: "کەواتە هێشتا هەر ئەوان بڕیار دەدەن."
"بریتـانییەکان هەموو توانـای خۆیـان بەکاردەهێنن تـا پێگەی خۆیـان لە هیندســـتان ســـەلامەت ڕابگرن. پێویســـتە ئێمەش لەو ڕاســـتییە ڕابێین و لەگەڵیـدا هەڵبکەین. ئـاخر ئێمە خەریکی ئەوەین ڕوویێکی هـاوچەرخـانە بدەینە وڵاتەکەمان. ناکرێ ڕێ بە پشـــێوی و ئاژاوە بدەین. هەر حەوت برا یاخیبووەکە دەهێنرێنە بەردەم پاشـــا، ئەوان دێن و کڕنووشـــت بۆ دەبەن و داوای لێبووردنت لێدەکەن. پایەبەرزیش لەبەر خـاتری برایەتی لێیان خۆش دەبێ. بەم جۆرە ئارامی بۆ وڵات دەگەڕێتەوە."
شا بە تووڕەییەکەوە گوتی: "برایەتی؟ ئەوانە برای ئێمە نین. ئەو کەسەی لە باوک و دایکی ئێمە نەبێ، برای ئێمە نییە."
"ئەمە باشترین چارەسـەری کێشـەکەیە. خۆی ئەوە زۆر باش دەبێ ئەگەر قسـە بۆ براکانت بکەی و بەرژەوەندیی وڵاتەکە لە سـەرووی کاروباری

خانەوادەیی دابنرێ. دایکیشت بە لێخۆشبوون قایل نابێ. لێ خۆت باش ئەوە دەزانی، ئەمەیان بڕیارێکی حەکیمانەیە."
ئەم قسانەی وەزیر تووڕەیی پاشای دامرکاندەوە. ئیدی براکان چۆکی بۆ دادەن و لێی دەپاڕێنەوە بەزەیی پێیاندا بێتەوە.
دوابەدوای ئەم قسانە، وەزیر چاکسازییەکانی خۆی لەبارەی سوپا بۆ پاشا ڕوونکردەوە، پێشتر شا بەڵگە و کاغەزەکانی چاکسازییەکەی تاوتوێکردبوو. فرەنسەییەکان کاری باشیان کردبوو، لێ هێشتا تێچوون و خەرجییەکان زۆر قەبە بوون.
شا هەڵیدایێ و گوتی: "بەڵێ، خۆی ئەم شتە مایەی بایەخ و سەرنجدانمە؛ باشە تێچوونەکەی چۆن دابین بکەین؟ وەزیر هەمیشە کارێکی وەها دەکا کە گەنجینەمان بەتاڵوحەتاڵ بێ."
وەزیریش بە خەندەیەکەوە هاتە وەڵام: "پایەبەرز، خودا وڵاتەکەمانی خۆش دەوێ. ئەم دەوڵەتە زۆر دەوڵەمەندە. دەوڵەمەندیمان لەڕادەبەدەرە. لە هەموو لایەکمان بەردە گەوهەر، زێڕ و زیو وەک کانزایەکی خاو لە ژێر خاکماندا هەن. فرەنسییەکانیش ئەمە دەزانن. ئێمە ئێستا لە گفتوگۆ و ڕاوێژ داین، هەر کاتێک لێی بووینەوە، بەدرێژی پێشنیازەکانمان بە جەنابی پایەبەرز ڕادەگەیەنین."
شا ئەو ڕەفتارەی وەزیری پێ پەسەند بوو.
ئێستا شا میزاجی باشە، ئیدی وەزیریش ئەم هەلەی قۆستەوە تا زیاتر لەگەڵ شا بدوێ و شتی دیکەشی پێ بڵێ: "ئێمە وڵاتێکی جوان، وڵاتێکی دەوڵەمەندمان هەیە، بەڵام لە سەدەکانی ڕابردوودا حکوومەتێکی سەقامگیرمان نەبووە. ئێستاش بەختی ئەم وڵاتە کەوتووەتە دەستی پاشا. خانەوادە دەوڵەمەندەکان هەر بەتەنیا لە خەمی خۆیان دان، هەر بیر لە خۆیان دەکەنەوە. ئەوان ڕێگە لە نەخشە و پلانەکانمان دەگرن. لەکوێ ئێمە بەنیازی دانانی کارخانەیەک بین، ئەوان ڕەتی دەکەنەوە،

تەنانەت دەستبەرداری یەک گەز لە زەویەکانیشیان نابن. کەچی ئەوەندە زەوییان هەیە، ئەوەندە ماڵ و گوندیان هەن، بۆ چییانە؟ ئەوان مامۆستای زمانی فرەنسی لە دەرەوەڕا دەهێنن تا منداڵەکانیان فێرە فرەنسی و زانستی هاوچەرخ بکەن، کەچی جوتیارەکانیش هەر بە نەخوێندەواری و دەبەنگی دەهێڵنەوە.
هەموو هیوای من بە گۆڕانکاری لەسەر جەنابی پایەبەرز ڕۆنراوە. منیش بە هیوای دەستی هاوکاریی بەڕێزتانم."
شا کە بە کشوماتی گوێی لە هەموو قسەکانی وەزیر گرت، بە سەرگێژییەکەوە گوتی: "زۆر جاران وەزیر هەر هەمان ئەم قسانەی بەگوێماندا داوە. ئیدی گوێمان لێبوو. دەتوانی بڕۆیت."

کاتێک پاشا لە کۆتایی ئێوارەکەدا گەیشتەوە کۆشکەکەی خۆی، لە سەردەستەی نۆکەرانی پێیڕاگەیاند، شاژنی دایک لە هۆڵی مینابەندەکەدا چاوەڕێی دەکا.
"دایکە، خێرە بۆچی لێرەی؟"
دوای ئەم پرسیارەی باوەشێکی بە دایکیدا کرد و نێوچاوانی ماچکرد. ئەویش لە حەسرەتان گڕی گرتبوو، یەکسەر تەقییەوە.
"بیستم بەیانی زڕبرا هەڵگەڕاوەکانت دێنە بەردەمت تا لێت بپاڕێنەوە و لێان خۆش ببی. بۆیە من ئەو هەموو ڕێیەم بڕیوە و هاتوومەتە ئێرە."
پاشاش هەوڵیدا بەرگری لەخۆی بکا: "ئێ خۆ ئەوان برای منن."
"ئێ خۆ پاشا ئاگای لە مێژووی بنەماڵەکەی خۆی هەیە. ئەوانە برای تۆ نین. کاتی خۆی باوکت دەستێکی توندی لە براکانی خۆی وەشاند، باپیرەشت براکانی خۆی سەربڕین، ئاخر ئەوان داوای بەشێکی دەسەڵاتیان دەکرد. هەمووان پێیان سەیرە پاشا پێشوازیی لەو پیاوە قێزەونانە بکا. چیرۆکی براکان لە مێژووی ئێراندا حەکایەتێکی ناسراوە،

هەمیشــــە پاشـــــاکان بێبەزەییانە براکانی خۆیانیان لەناوبردوون. هەنووکەش هاتووەتە سەر تۆ، خۆ ئەوان بێ هیچ دوودڵییەک دەستیان بڕوات پشـــــتت توند بەزەویدا دەدەن. ئەوە چەندەمین جارە پێت بڵێم، وەزیر کەسێک نییە متمانەی پێبکەی و ڕیشی خۆتی بدەیتە دەست. تۆ پاشـــای، تۆ نوێنەری خواوەندی لەســـــەر زەوی نەوەک ئەو. شـــتەکە بە تاجەوە پەیوەســـــتە و تاجەکەش هەر بەتەنیا هی تۆ نییە، بەڵکو هی ئەوانەشە کە لە دوای ئێمەوە دێن. نابێ بەزەییت هەبێ. پێویستە بەزەیی لە خودا داوابکرێ.'

شا هیچ وەڵامی نەدایەوە. ئاخر ئەو قسانەی دایکی بەردی نەرم دەکرد. بەڵام خۆ بەڵگەوبەندەکانی وەزیریش هەروابوون.

دایکی درێژەی بە قســــەکانی دا: 'کوڕم گوێبگرە. زڕبراکانت پارە و چەکیان لە بریتانییەکان وەرگرتووە و وەزیریش ژێربەژێر نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دەکا. هەر بۆیە هەوڵ دەدا شتەکە چارەسەر بکا. دەی، ئەو برایانەت یەک لەدوای یەک لە دار بدە، ئامۆژگاریی شێخ ئاغاسیش هەر ئەمەیە. تۆ پاشایت. ئەوەی لەسەرم بوو بیڵێم، گوتم.'

خانمەکە ئەوەی گوت و پاشای لەنێو گێژاوی گومانەوە بەجێهێشت.

شا لە نێوەڕاستی هۆڵە مینابەندەکەدا وەستابوو. دەستی دایە پشیلەکەی، کە خۆی لە لاقەکانی دەخشـــــاند. 'ئەرێ گوێت لێبوو؟ ئەو خوێنی دەوێ بڕژێ. ژنان دایکی هەموو کوێرەوەرییەکن، ئەرێ شــــەرمین، باشـــە من ئێستا چیبکەم؟'

پشیلەکەش سەری بۆ لای کتێبخانەکە بەرزکردەوە.

'باشە بۆ پەنا بۆ حافز نەبەین؟' شا بەدەم ئەم قسەیە دەستی شلکرد تا پشیلەکە لە باوەشی بازبدا و بڕوا. دیوانە شعری شاعیری سەدەکانی نـــاوەڕاســــــت بۆ هەموو ئێرانییەک بە دارا و نەدارییەوە، لەکاتی

تەنگەتـــاوبوون و گرێکوێرەی مەتەڵی ژیـــانـــدا، پەنـــاگە و ڕاوێژ بوو. بەگوێرەی دابونەریت، پاشا بەرگی کتێبەکەی ماچ کرد، چاوی نوقاندن و هەر لە گۆترەوە لاپەڕەیەکی کتێبەکەی لێککردەوە.

میبارد باران رحمت خوداماں

خوادایە ببارێنە، بەسەر مندا باران
ڕەحمەتی خۆت لەنێو هەوران
بارانی لێبووردەی بڕژێنە سەرمان
کاتێ بەسەر گۆڕەکەمدا دەبارێ
وەک تۆز و گەردی بە با
لە گوڵەگەنمەوە تا کا
هەڵسە و ڕاکە، زانیاری ئەودیوی مرۆڤ، بەباکە

زۆر بێ باوەڕانە جارێکی دیکە پاشـــا ئەم شـــیعرەی خوێندەوە. حافز بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان قسەی لەگەڵ شادا دەکرد. ئەو زۆر ڕاشکاوانە دەربـــارەی لێبوردن بوو، تەنـــانەت لەبـــارەی بـــارانی لێبوردەیی و ڕێبەرایەتیی بەزەییپێداهاتنەوە بوو.

ئەو یەک دوو جار بەو کتێبەی دەســـتی بەســـەر ناوکەوی هۆڵەکەدا هات و چوو. تۆ بڵێی بۆ جـــارێکی دیکە بۆ زیـــاتر دڵنیـــابوون، هەوڵێکی دیکە نەداتەوە. خۆ ئەگەر جـــارێکی دیکە حـــافز لەبـــارەی بەزەیی دوا، کەواتە ئەویش دەبێ بـــارانی بەزەیی هەڵبژێرێ. بە ویردێکەوە ئەو دێڕانەی دووبارە خوێندنەوە:

هەرگیز شیرینی ئەو ئایەتانەم نەبووە
ڕووبەڕووی تۆیە حافز
دەوێرم سوێند بەو قورئانە بخۆم
کە لە سینگتدا هەڵتگرتووە...

حافز ڕایەکەی ئەوی نەگۆڕی، بەڵکو ئامۆژگاری شای کرد پەنا بباتە بەر قورئان. ئاخر ئەو زۆر ڕوون و ئاشـــکرا ناوی قورئانی هێنا. دیوانە شـیعرەکەی ماچ کرد و خسـتیەوە سـەر ڕەفەی کتێبان، ئینجا سـەیری قورئانەکەی کرد، لە بەرگێکی کەســک گیرابوو، لەولا بە تەنیا لەســەر مێزێک داندرا بوو. شـا چووە ژووری خواردن و لەبەر شـێرەی[٢٢] زێڕینی بچکۆلە دەستنوێژی هەڵگرت، دەست و چاو و پێی وشککردنەوە، ئینجا گەڕایەوە لای کتێبخـانەکە و دەســـتی دایە قورئـانێ. بە هێواشـــی قورئـانەکەی لەنێو بەرگەکەی دەرهێنـا، مـاچێکی لێ کرد و چـاوی خۆی نووقاند، بە ڕێزەوە کتێبەکەی لێککردەوە و بە وردی لە سـورەتەکە ورد بووەوە:

تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ...

بشکێن دەستەکانی ئەبولەهەب

ئەو خۆی بفەوتێ و نەمێنێ.

ماڵوحاڵی، کاروکردەوەی شەفاعەتی بۆ ناکەن.

ئەو بەرەو گوڕەی ئاگرێکی لرفاوی دەبرێ.

ژنەکەیشی داروپەردوو بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە دێنێ.

پشتێنێکی لەکەمەر بەستووە، لە ڕیشاڵی داری خورما دروستکراوە.

ســـورەتەکە لەبارەی مامی پێغەمبەر بوو. ئاخر ئەبولەهەب بە هەموو توانایەکیەوە تێکۆشـا محەمەد و پەیامەکەی لەبەین بەرێ، جارێکیشـیان پیلانێکی وەهای دانا محەمەد بکوژێ.

ڕاوێژی قورئانیش زۆر ڕوون و ئاشـکرا بوو، شـا هەسـتیکرد ئەو بارە قورسەی سەرشانی لاکەوت. ئەو، کتێبەکەی ماچ کردەوە، خستیەوە ناو بەرگەکەی و لەســـەر مێزەکەی خۆی دانـایەوە، ئینجـا بەرەو ژووری

[٢٢] شێرە: بەللوعە، حەنەفیەی ئاو.

خواردن ڕۆیشـــت. لەوێ دانیشـــت و چاوەڕێ بوو تا ســـەردەســـتەی نۆکەران خواردنی بۆ بێنێ.
لێ گەلۆ، دیســـان دوودڵی بەرۆکی پێگرتەوە، ئەرێ باشـــە، ئەو گوێ لە کێ بگرێ، گوێ لە حـافز بگرێ یـان لە قورئـان؟ تۆ بڵێی محەمەد بە دەســـت و مســـتی خۆی مامەکەی خۆی ســـزا دابێ؟ ئەو قســـەی توندی پێگوت و خواســـتی دەســـتەکانی بشـــکێن، بەڵام خۆ ئەو دەســـتەکانی نەشکاندن. ئیدی ئێستا ئەو چی لەو حەوت زڕبرایەی بکا؟
مجێزی خواردنێی نەما. شـــا ناســـر بەرەو ژووری نوســـتنی ڕۆیشـــت. کاتیش هی نوســـتن نەبوو، هەر بە جلەکانی بەرییەوە خۆی خزاندە نێو پێخەفەکەی.

خەڵکی دەســـتەبژێری ئێران و پاشـــاکانیان بە شـــێوەیەکی ئاســـایی دینداریکی لەخواترســـی دڵســـۆز نەبوون. ئەوان ڕێزێکی زۆریان بۆ دەقەکانی قورئان هەبوو، بەڵام نەیاندەویســـت هیچ پەیوەســـتییان بە کەلتووری عەرەبەوە هەبێ، ئاخر هەر عەرەب بوو قەڵەمڕەویی ئێرانیان ڕوخاند. هەر بۆیەشە پەیڕەوی ڕێوڕەسمی عەرەبەکانیان نەدەکرد.
وەزیر بە خۆی نوێژی نەدەکرد و کاتی خۆی پاشاشی لەسەر نوێژکردن ڕانەهێنـابوو، لێ ئەوەنـدەی فێرکردبوو، هەر کـاتێک ترس و نـائـارامی دایبگرێ، هەروەک پاشاکانی دیکە ڕوو بکاتە خوا.
شـا لەنێو نوێنەکەی خۆی هەڵسـا، دەسـتوچاوی خۆی شـوشـت و ڕووی لە مەککە کرد.

بۆ بەیـانییەکەی دوای گەرمـاوکردن چووە هـۆڵی مینـابەنـدەکە. چێشـــتەنگاوێکی[٢٣] باشـــی خوارد، بۆ ماوەیەکیش خۆی بە وێنەکێشـــان

[٢٣] چێشتەنگاو: نانی بەیانی بەڵام هەندێک بە درەنگەوە.

سەرقاڵ کرد. بۆ ئەوەی جلەوی دەمارگرژیی خۆی بکا، وێنەی چادانێک[٢٤] و سێوێکی لەسەر تەرازوویەکی میوە کێشا. ڕۆژ لە گوریسێک پتر لە ئاسمان بەرز بووبووەوە. ئینجا بەرگی سەربازییانەی خۆی پۆشی و شمشێرەکەی لە کالان دەرهێنا و لەبەردەم ئاوێنەکەدا هەندێ یاری پێکرد.

پەردەدار هاتەژوور، پێی ڕاگەیاند، هەر حەوت زڕبراکەی لە هۆڵی زێڕین چاوەڕوانی دەکەن. هۆڵی زێڕینیش ئەو شوێنە بوو، کە شا ئاهەنگە گشتییەکانی تێدا دەگێرا و ئەفسەر و بازرگانانی لەوێ دەبینی.

جارێکی دیکە شا لەبەردەم ئاوێنەکەدا چاوێکی لە خۆی کردەوە، بە دەستکێشی سپیی دەستییەوە، دەستێکی بە سمێڵیدا هێنا و بەرەو هۆڵەکە هەنگاوی نا، لەوێ یەک دوو ئەفسەر چاوەڕێیان دەکرد.

گەورە ئەفسەرێک بانگی کرد: "پایەبەرز!"

سەربازێک فیڕی کردە کەڕەناکەی و شا لێ وە ژووری هۆڵەکە کەوت، چەند ئەفسەرێکیش بە ئاڵای قەڵەمڕەوی ئێرانییەوە یاوەری بوون.

بە دەرگەکردنەوە نیگایەکی لە حەوت براکەی بڕی، ئەوان لەوێ بە سەری نەوییەوە وەستابوون. بە ئاماژەیەکی گەورە ئەفسەرەکە هەر هەموویان بەیەک جوولە کڕنوشیان برد وەک نیشانەی سەرشۆڕی سەریان گەیاندە سەر زەوی.

"دەی هەڵستنەوە!" شا وەهای پێگوتن، دەنگیشی نەرم و نیان و دۆستانە بوو، کەشوهەوای توندوڕەقی ژوورەکەشی ڕەواندەوە. ئینجا براکان زاتیان کرد سەیری نێوچاوی پاشا بکەن. ئەویش ڕووی قسەی تێکردن: "ئەمە ساتێکی پیرۆزە. دیسان نیشتمان یەکدەگرێتەوە، ئێمە دڵخۆشین. پێویستە براکانم لەوە تێبگەن، ئەوەی من دەیکەم، ئەوەی ڕاستی بێ لە پێناوی نیشتمانە، ئەمەش ڕێک و پوخت لەگەڵ ئەوە دێتەوە کە پاشاکانی

[٢٤] چادان: چایەدان، قۆری چا تێ لێنان.

پێشـــنیازمان کردوویانه. ئەو بڕیارەی دراوە، بڕیارێکی خواوەندە بۆ نیشتمان.'
ئینجا دەستی درێژ کرد، براکانیشی یەک بەدوای یەکدا هاتن و دەستیان ماچ کرد. پاشـــان چووە لای مێزێک، کە پەڕەمووچەیەکی قاز و کاغەز و مەرەکەبی لەسەر داندرابوو. شا دەستی دایە پەڕەکاغەزەکە و ڕستەیەکی کورتی لەســەر نووسی. لەژێر مۆری ئەنگوستیلەکەیشی بە دەستخەتی خۆی واژۆی لەســەر کرد. کاغەزەکەشــی لوولدا و هەر بەدەســتی خۆی دایە دەستی گەورە ئەفسەرەکەی خۆی.

هەر هەمان شـــەو براکانی شـــا لە گۆڕەپانی شـــاردا لەدار دران. بۆ بەیانییەکەی خەڵک کە بۆ ناو شـــار و بازاڕ دەهاتن و دەچوون، بینیان تەرمی حەوت کەس بە قنارەکانەوە هەڵواسراون.
کاتێکیش وەزیر هەواڵی لەسـێدارەدانەکەی بیســت، بە پەلەپرووزێ خۆی گەیاندە کۆشکی شا.
لەوێ ئەو وەهای بە شا گوت: 'باشە ئەمە چۆن ڕووی دا؟'
شا هیچ وەڵامی نەدایەوە.
'من داوام لێکردی لێبوردننامەیان بۆ دەربکەی. شـــا بەم کردەوەیەی پاشـــاگەردانی لە وڵات پەیدادەکا. هەمووان دەترســـن. ئیدی کەس متمانەمان پێناکا. ئەســتەم دەبێ بە ئاگر و ئاسـن وڵاتەکە بەیەکەوە گرێ بدەین، ئێمە دەبێ ســیاســەت بکەین. باشــە بۆچی شــا ئەم ڕێگەیەی لێ هەڵبژارد؟'
'ئێمە پاشــاین! با ئینگلســتان بەرەو دۆزەخ بڕوا. پێویســت ناکا پاکانە بۆ هیچ کەسێک بهێنینەوە.'
وەزیریش بە تووڕەییەکەوە هاتەوە وەڵام و گوتی: 'بەڵام خۆ دەبێ وڵات بەڕێوەببردرێ!'

شا به بێدەنگی گەڕایەوە پشت پەردە و وەزیری بە بێدەسەڵاتی لەو گۆڕە لە هۆڵی مینابەندەکەدا جێهێڵا.

١٠

تاج، کچەکەی شا

پاشـــا زۆر کیژی هەبوون، بەڵام بچکۆلەکەیان بەناوی تاجولسەڵتەنە جیاواز بوو. ئەو کچە لە ئەنجامی ژنومێردایەتیی ناسـر و فروغ لەدایک بووبوو، فروغیش ژنێکی سـەر بە هۆزی قاجارەوە بوو، واتە هەمان هۆزی پاشا. فروغ دۆتمامی شا بوو.

دەبووایە فروغ بۆ جێگرتنەوەی پاشـایەتی کوڕێکی ببێ، تا دواتر لەجێی باوکی ببێتە پاشا. ئاخر ئەو دەیان کوڕی لە ژنەکانی دیکەی هەبوون، لێ بەدەردیان نەدەخوارد. تەنیا کوڕێک لە فروغ دەبووە شازادەی جێنشین. کەچی بەخت وەهای هێنا فروغ دووگیان نەبێ. هەموو پزیشـکەکانی دەربار ژنەیان پشـکنی و داودەرمانیان بۆ دیاریکرد، هەموو ژنە بەتەمەنەکانی هۆزەکە لەدوای نوێژەکانیاندا دوعایان بۆ دەکرد و بۆی دەپاڕانەوە بەڵکو خوا کوڕێکی پێببەخشێ. هەموو ژنە حەکیمەکانی قەڵەمڕەوییەکە لەهەر چوارکەناری وڵاتەکە بۆیان هەبوو سەری فروغ لە

ژوورەکەی خۆیدا بدەن و داودەرمانی بدەنێ، تا لە کۆتاییدا دوو گیان بوو. بەم هەواڵە شـــادمانییەکە زۆر گەورە بوو. لێ لەبری ئەوەی ژنە کوڕێکی ببێ، کچێکی بوو، کە ناوی تاجولسەڵتەنە(تاج سوڵتان)یان لێنا.
بەر لەدایکبوونی تاج، هیوایەک پەیدابوو، بۆیە زوو زوو پاشـــا لەســـەر جێی فروغ دەبینرا، کەچی بۆ مـایەی بێ هیواییەکی زۆر، هەر جـارێک فروغ دووگیان دەبوو، هەر کیژی دەبوون. دوای لەدایکبوونی دوا کیژی، چیدی پاشا نەچووە لای ژنەکەی و سەرجێیی لەگەڵدا نەکرد.
فروغیش سـکالای بردە لای شـاژنی دایک، ئەویش بانگی پاشـای کرد و گوێی ڕاکێشا: "ئەرێ چۆن دەوێری؟ نابێ بۆ دامرکانەوەی ئارەزووەکانی پەنـا بۆ ژنێکی دیکە ببەی. فروغ دەبێ مشـــووری ئەوەت بۆ بخوا جێنشینێکت بۆ دروست بکا."
شاش پێیگوتەوە: "من چی دی ناتوانم و چیدی ناچمە لای."
"چیدی ناتوانم مانای چییە؟"
"ناتوانم جارێکی دیکە لەگەڵیدا بخەوم."
دایکیشی بەسەریدا هاواریکرد: "بۆ نا؟"
شاش دانیپێدانا: "من پیاوم و چیدی لەگەڵ فروغم پێناکرێ
"بیری لێبکەوە، دەنـا کوڕەکـانی دیکەت کە لە ژنەکـانی دیکەن لێـت هەڵدەگەڕێنەوە و ڕادەپەڕن و وڵاتەکەش پارچەپارچە دەکەن."
"ئەمە هیچ لە شـــتەکە ناگۆڕێ. خۆ ئەگەر من نەتوانم، کەواتە ناکرێ و نابێ. بە دڵنیاییەوە دیارە ئەمە خواستی خودایە. ئێمە نابێ ناشوکور بین، بەڵکو ژیان وەها بخوازێ کچەکەمان، تاج سـوڵتان کوڕێک بۆ ئێمە بێنێتە سەر دونیایێ."
"شا پێویستە واز لەم قسە پڕوپووچانە بێنێ، ئەو هێشتا منداڵە."

"ئەگەر هەراش بوو هاتە سـەر گەیی مێردی،[25] لە هۆزەکەی خۆمانەوە پیاوێکی شایستەی بۆ دەبینینەوە. خۆ خۆت باش ئاگاداری مێژووی، ئەم جۆرە شتانە هەر ڕوودەدەن. باوکمان نموونەیەکی باش بوو، ئەو خۆی کوڕی پاشـای کۆچکردووی پێش خۆی نەبوو، نەخێر، ئەو کوڕی برای پاشـای پێش خۆی بوو. ئێمە مێژووی ڕازەکانی ژیان نازانین، دەی با جارێ ئارام بگرین و چاوەڕێ بکەین."
ئیدی لەوکاتەوە وەک پارچە گەوهەرێکی هەرە بایەخدار سـەیری تاج دەکرا.
هەمیشـە، هەر کاتێک شـا غەمگین بووبووایە، حەزی لێبوو کیژەکەی ببینێ. نەریتەکە وەها بوو، ئەو ژنەی جێگری پاشای دەهێنایە سەر دونیا لەنێو حەرەمسـەردا نەژیێ. منداڵەکانی ئەو وەک شـازادە دەبینران. لەبەر ئەوەی تاج سـوڵتان کچە خۆشـەویستەکەی پاشـا بوو، ئەویش هەرگیز جێگرەوەیەکی بۆ پاشا نەهێنایە سـەر دونیا، ئیدی ئەو لە حەرەمسـەرا و لەگەڵ ژن و منـداڵەکـانی دیکەدا نەدەژیـا. ئەو خـانووێکی بە جیـای بۆ خۆی هەبوو، لەوێ کەسـە بەتەمەنەکانی جێبڕوای شـا ئاگایان لێدەبوو، مشووریان وەها دەخوارد وەک ئەوەی شاژنێک بێ بۆ خۆی.

ئەو شـەوەی هەر حەوت زڕبرای پاشـا لە داردران، شـا خەوی لێنەدەکەوت. مۆتەکەی بۆ پەیـدابوو، خەونی بینی خۆیشـی بە پەتی قنارەوە کراوە و (با)ش یاری بە لاشـەکەی دەکا. هەرچەندە ئەویش هەڵواسـراو بوو، لێ هێشـتا هەر لە ژیاندا مابوو. لە بەرزی قنارەکەیەوە دەیبینی خەڵکێکی زۆر لە خوارەوە سـەیری دەکەن. هەوڵیدا هاوار بکا تا بەهـانـایەوە بچن، لێ ئەو پەتەی لە ملی کرابوو، تونـد قوڕگی گرتبوو، دەنگی پێ دەرنەدەهات و دەسـتیشـی لەپشـتەوە بەسـترابوونەوە.

[25] سەر گەیی مێردی: واتە کاتی مێردکردن

خەریکبوو گیانی لە جەســـتەی دەربچێ. ئینجا هەموو هێزوگوڕی خۆی کۆکردەوە تا قاچەکانی بجووڵێنێ، بەم شـێوەیە وەها نیشـان بدا هێشـتا هەر ماوە، بەڵام بەم هەل و تەکاندانە تا دەهات پەتەکەی لە ئەســـتۆدا کشتتر دەبوو. بە ئارەقەدەردانێک، بە حەپەساوییەوە لەخەو رابوو.

بە سەرگێژییەکەوە بەرەو ئەو مێزە ڕۆیشت، کە گۆزەیەکی ئاوی لەسەر داندرابوو، دوو پەرداخ ئاوی لەسەریەک خواردنەوە و پەردەکەشی لادا، هێشـــتا دەرەوە هەر تاریک بوو. وردە وردە ئەو هەســـتەی بۆ هات، نەدەبووایە برایەکـانی لەدار بـدا، ئـاخر ئەم کردەوەیەی لە هەموو وڵاتەکەوە هەر دوژمنی بۆ پەیدا دەکا، خواش لەسەر ئەم کارە بە توندی سزای دەدا. هەق بوو گوێی لە وەزیرەکەی خۆی بگرتبایە.

شا دەستی دایە چرایەک و پشیلەکەش بە پرسنییەوە بەدوایدا. بەڕێگەی دەرکەی پشتەوە خۆی گەیاندە باخچەکە، کە دەیبردە سەر ئەو شوێنەی کیژە خۆشـەویسـتەکەی لێ نوسـتبوو. بە وریاییەوە دەرکەی کردەوە، دەستبەجێ قەرەواشە پیرەکەی کچەکەی بێدار بووەوە.

شـا بە چرپەیەکەوە: "ئەو نوسـتووە؟ زۆر باشـە، لێیگەڕێ با بنوێ. من لێرە پاڵدەدەمەوە."

دەستبەجێ ژنە قەرەواشە بەتەمەنەکە دۆشەکێکی بۆ پاشا لە تەنیشت پێخەفی کچەکەی لەسەر ناوکەوەکە ڕاخست.

شا لەسەر دۆشەکەکە ڕاکشا و پشیلەکەش خۆی لە پێیەکانی هەڵسووی. پیرەژنەکەش پەتۆیەکی بەسەرداداو و دەرکەی لەسەر پێوەدانەوە.

بەیانی، ســـەر لە زوو پیرەژنە قەرەواشـــەکە بە هێواشـــی و وریاییەوە کچەی لە خەو هەڵساند: "پاشا لێرە ڕازاوە."

کیژەش بە خەندەیەکەوە لەنێو نوێنەکەی خۆیەوە هەڵسـا و خۆی لەگەڵ پاشادا خستە ناوجێ. ئینجا چرپاندییەوە گوێی باوکی: "**بۆنژور مسیۆ**."[26] پاشـاش چاوی کردنەوە و باوەشـی تێوەرێنا![27] "**بۆنژوور، مەدام**...بەیانیت باش خاتوون، چۆنی کیژەکەم؟"[28]

"باوکە، باشم."

"ئەرێ فرەنسی باش فێربووی؟"

"بەڵێ، باوکە."

"ئەدی ئینگلیزی؟"

"باوکە شا، باش نا."

"بۆچی نا؟"

"هەر کاتێک پزیشـەکەکەت ببینم بە فرەنسـی لەگەڵم دەدوێ، منیش پێم خۆش و سەیرە، بەڵام ئینگلیزیم پێ خۆش نییە."

"خۆش بێ و خۆش نەبێ: فێری زمانەکەیان ببە، چونکە پێویسـتت پێی دەبێ."

کچەکە کەوتە هەڵڕشتنی دەردەدڵ: "ئاخر باوکە، زمانەکە زەحمەتە."

"دەی بەسە، هەڵسە، پشتم بشێلە." ئەمەی گوت و خۆی وەرسووڕاندە سەر زگ.

کیژەش چووە سەر پشتی، بە پێیەکانی شان و ملی شێلان.

شا بە خۆشییەکەوە گوتی: "ئای چەند خۆشە کچێکی وەهات هەبێ."

---

[26] نووسەر دەستەواژەکەی هەر بە فرەنسی نووسیوە bonjour monsieur (بەیانیت باش ئاغا) وەرگێڕ.

[27] باوەشی تێوەرێنا: باوەشی پێداکرد، لە ئامێزی گرت.

[28] ئەم دێڕە وەڵامەی پاشـاشـی هەر بە فرەنسـی نووسـیوە: bonjour, madame, comment ca va ma fille,

کیژەش بە خەنـدەوە پێیگوتەوە: "بەڵام خۆ تۆ هەرچی زۆرە کچی زۆروزەوەندت[٢٩]هەن."

"ئەمە وا نییە. ئەوانە کیژی ژنەکانی منن. من هەر تەنیا یەک کچم هەیە، ئەویش تۆی، کیژەکانی دیکە هی من نین."

تاج سوڵتانیش بەسەرسوڕمانەوە گوتی: "بۆچی هی تۆ نین؟"

شا وەڵامی دایەوە: "چونکە من تەنیا تۆم خۆشدەوێ."

"چما؟"

"تۆ هەم نۆبەرەی و هەم لە خوێن و گۆشـتی منی. با ڕازێکی خۆمت بۆ بدرکێنم. دەمەوێ قانون وەها بگونجێنم، دواتر تۆ ببیتە پاشا."

"پاشا؟"

"لەدواییدا تۆ جێگەی من دەگریتەوە."

"بەڵام خۆ ئەوە ناکرێ، ئاخر من کیژم."

"خۆ کاترینای شـــاژنی ڕوســـیاش هەر ژنە، کەچی بووەتە یەکێ لە دەسەڵاتدارترین ژن. من دەمەوێ تۆش بەهێز و دەسەڵات بی."

"باشە بۆ ئەوەی پێویستە چی بزانم؟"

"هەموو شتت فێردەکەین."

هەر بەڕاستیش شا دەیەویست مشووری دەرسەکانی بخوا.

"بەڵام خۆ من نامەوێ ببمە شاژن، دەکرێ تۆ داوا لە دایکم بکەی."

"دایکت؟ باشە حەوجەمان بەو چییە؟"

"هەروەها داپیرەشم؟ خۆ ئەو لەمێژە شاژنە؟"

"بەڵام بەرلەوەی بمرم ئەوان هەموویان نەماون."

کچەکە بە نارازیبوونێکەوە پێیگوتەوە: "تۆ نابێ بەم شێوە باسی دایکم و دایکی خۆت بکەی."

---

[٢٩] زوروزەوەند: زۆر زۆر.

شـــــا بێـدەنـگ بوو. ئەوەی پێ خۆش بوو کە کیژۆڵەکە رای خۆی ناشارێتەوە و یەکسەر بەڵێنگۆ نییە.

پیرەژنە قەرەواشـــــەکە لەو دەمەدا هاتەژوور و بە شـــــای گوت: "رۆژ هەڵاتووە و دونیا روناکە."

ئینجا شـــا کیژەکەی ماچکرد و بە دڵخۆشـــییەوە لەوێ دەرچوو. بە تێلا پاشاییەکەی دەستی و بە بن دارەگەورەکاندا گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی، لەوێش پەردەدارەکە نانی سبەینێی بۆ ئامادەکردبوو.

١١

تۆپەکە

پرسی لەداردانی زڕبراکان، وەزیری ڕاهەژاند. ئاخر تا دەهات کاریگەریی مەهدولیا لەسەر شادا پتر و پتر دەبوو. دەبووایە وەزیر ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی دوای لەداردانەکە کپ بکاتەوە، بەڵام خۆ دەبووایە ئەو بۆ ئەو پاشایەی لە شکان نەدەهات وریا و لەسەر پێ بووایە. خواستی سەرلەنوێ گرتنەوەی هەراتیش هێشتا هەر لە کەڵکەڵەی سەریدا مابوو.
وەزیر خۆی دەرسی ژیانی بە پاشا دابوو، فێرە زۆر شتی کردبوو، بەڵام ئەو بایی ئەوەندە ئەزموونی هەبوو تا بزانێ هەندێ خاسیەتی منداڵ هەن بە دەرسودەور ڕاست نابنەوە. پاشاش کوڕی باوکی خۆی بوو، لاواز بوو. لەهەمان کاتیشدا کوڕی دایکیشی بوو، ئەوەی بەدوای تۆڵەدا دەگەڕا، هەڵوەدای دەسەڵات و سەرڕەق و خۆگر بوو. هەروەها ئەو نەوەی باپیرەگەورەی خۆیبوو، ئەو کەسەی جەنگاوەرێکی ئازا بوو، ئەو پیاوە توندوبەندەی خواستی ئەو بۆ خۆی قانون بوو.

خۆی دەبوایە وەزیرەکە لەگەڵ ئەو هەموو دژبەرییانەی هەڵبکردبایە. ئاخر خۆ شتەکە هەر بە شاوە پەیوەست نەبوو، هەروەها بە وەزیریش بەند نەبوو، بەڵکو پرسەکە پرسی وڵاتەکە بوو. خۆی دەیزانی لەوانەیە لەپێناو هزرە نموونەییەکانی پێویست بکا سەری خۆیشی لەپێناودا دابنێ. لەونێوەشدا شا پرس و خەمی ئەوی لەسەری دەرهێنابوو. ئەو بە خۆشی و ڕابواردنی خۆی سەرقاڵ بوو، چوو بۆ ڕاووشکار. بەردەوامیش تۆپەکەی خۆی لەگەڵ خۆی دەبرد و دەیتەقاند. ئەو تۆپەی ناپلیۆن دوای لەدایکبوونی بۆ شازادەی ناردبوو.

جارێکیان قراڵی فرەنسی نامەیەکی بۆ باوکی شا نووسیبوو:

لە بۆناپارت، قراڵی فرەنسییەکانەوە بۆ شای ئێران.

سلاوی منتان لێبێ.

تۆ پاشای وڵاتێکی خانەدانی، کە خواوەند ئامازەی پێداوە و ڕەحمەتی خۆی بەسەردا ڕژاندووە.

دانیشتوانی ئێران خاوەن دڵێکی گەورەن، زیرەک و ئازان، ئەوان شایستەی پاشایەکی باشن، بەلام ئێمە ئەوە دەزانین، کە پاشاکانی پێش ئێوە باکیان بە وڵاتەکە نەبوو، پشتگوێیان خستبوو.

من لێرەوە یەکێ لە باشترین ڕاوێژکارەکانت بۆ دەنێرم، هەڵگری بیرۆکە و هەستی منە بۆ وڵاتەکەت تا بە شێوەیەکی تایبەتی پەیامەکەت پێ ڕابگەیەنێ. تۆش دەتوانی هەرچییەکت بوێ پێی ڕابگەیەنی. ئەو کەسێکە باوەڕپێکراوی ئێمەیە.

خوا ئێران بپارێزێ.

ناپلیۆن بۆناپارت.

ئەوەی بریتانی و ڕوس لە ئێرانیان دەویست، شتێکی نوێ نەبوو. ناپلیۆن بۆناپارتیش دەیەویست لە ڕێی ئێرانەوە بەرەو هیندستان بڕوا، هەوڵیدەدا لە پشـــت ســـەری ڕوس و بریتـانییەکـانەوە لەگەڵ بـاوکی پـاشـــا هاوپەیمانییێکی نوێ پێکبهێنێ. پاشاکەش دەیەویست بە پاڵپشتیی ناپلیۆن لەشکرکێشی بکاتە سەر ڕوسیا و ئەو بەشە داگیرکراوەی ئازەربایجان لەبن دەسـتی ڕوس دەربهێنێتەوە. لێ ناپلیۆن ناچارکرا واز لەخەونەکانی بهێنێ. ئەو بەڵێنەکانی نەگەیاندنە سـەر و ئێرانی بۆ بەختی خۆی جێهێڵا. ڕوســیاش ســزای پاشــای ئێرانی دا، پارچەیەکی دیکەشــی لە وڵاتەکە داگیرکرد.

هەنووکەش ناپلیۆن بووەتە مێژوو، بەڵام خۆ ئەو شـتێکی هەسـتپێکراوی بۆ ئێران لەپاش خۆی بەجێهێشـتبوو. لە میانەی لەشـکرکێشـییەکەی بۆ سـەر ڕوسـیا، دیارییەکی بۆ ئێران ناردبوو. دیارییەکەش تۆپێک بوو، بۆ شـــازادەی جێگرەوە دیارییەکی جیاواز و ناوازە بوو. نمایشـــی تۆپەکە نوێ بوو، تۆپەکە دوو تایەشـی هەبوو، ناپلیۆنیش ناوی شـازادەی جێگر و چەکی پاشایەتی بە زێڕ لەسەر تۆپەکە هەڵکۆڵیبوو. زۆر لە نەخشە و نیگارەکانی سـەر تۆپەکە دەردەسـت ئەوەیان ڕووندەکردەوە کە تۆپەکە تۆپێکی شازادەییە.

کاتێکیش ناسر وەک شـازادەی جێنشـین چووە تەورێز، تۆپەکەی لەگەڵ خۆی بردبووە ئەوێ. لە دوای مردنی باوکیشـــی تۆپەکەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە تاران. تۆپەکە هەمیشـە بە چەورکراوی لە کۆشـکی گوڵسـتاندا ئامادە و تەیار بوو. هەرکاتێک کۆشـــکەکەی بەجێهێشـــتبا، تۆپی تایبنی لەگەڵ خۆی دەبرد.

شا بانگی پشیلەکەی کرد: "شەرمین؟"
پشیلەکەش لەسەر کورسییەکە بازی دا.

"دەی بابچین بەسەر گردەکان بکەوین." بەسەر پەیژەکاندا هەناسەیەکی قووڵی دایەوە، ئینجا گوتی: "چەند نایابە، بۆنی دارەکان بکەی، وای لەو بۆنە!"
سێ لە نۆکەران خزمەتی پشیلەکەیان دەکرد و هەڵیانگرت و خستیانە نێو سەبەتەیەک، کە بە قوماشێکی تەنکی سپی داپۆشرابوو. بە ئەسپاییەوە سەبەتەکەیان لەسەر پشتی گالیسکەیەک دانا، کە تایبەت بۆ پشیلەکە ڕێکخرابوو.

شا خۆی هەڵدایە سەر زینی ئەسپەکەی و سەیری کرد ئاخۆ تۆپەکەی ئامادەیە. بە کارامەییەوە ئاوزینگی بەرەو دەروازە لێدا و بەدوایدا چەندین پاسەوان دەڕۆیشتن. دوو ئەسپ تۆپەکەیان بە گالیسکەیەکی ڕازاوەوە ڕادەکێشا. پاشاش بە زەوق و کەیفخۆش دیاربوو.
کاتێک شا لە کۆشکەکە تێپەڕی، دەهۆڵ و شەیپور جاڕیان دا، تا شارەکە بزانێ شا لە گەشت و گەڕانی خۆی دایە. بۆ ماوەیەکی درێژ بوو، ئەوە یەکەمین جاری بوو، شا خۆی نیشانی گەلەکەی بدا. ئەو دوای لەداردانی براکانی دەترسا نەوەک پشێوی وڵات بگرێتەوە، بەڵام هەردوای تەنیا یەک هەوڵی هەرانانەوە، وڵات کش و مات و ئارام بووەوە. ئەویش وەهای لێکدایەوە، گوایە ڕەعیەتەکەی لەگەڵ بڕیارەکەی هاوڕا بوونە. ئەو بۆ ڕاووشکار بەرەو گردەکانی دەرەوە هەڵکشا، بەڵام خۆ لە ڕێگەیدا دەبووایە بەلای چەند شەقامێکی جەنجاڵدا بڕوا.
دەهۆڵژەنەکان توندتر دەیانکوتا و جاڕچییەکانیش هاواریان دەکرد: "بەکوێرایی چاوی دوژمن، پاشامان وا لە ڕێیە!"
خەڵکەکەش دەیانەویست نیگایەک لە پشیلەکەی شا ببڕن، ئەوەی لەنێو کەژاوەی پاشا دایە. تا دەشهات ڕێوبانەکە جەنجاڵتر دەبوو، ئەو ئەفسەرانەی پێشقەرەوڵ و سەرقافڵە بوون، دەبوایە خەڵکەکەیان بە

نووکی نیزە و شــمشــێرەکانیان بەملا و ئەولادا بردبا تا شــا بەنێویاندا تێبپەڕێ. بەســەدان کەســی نابینا، کەم ئەندام و ناکام لە کۆلان و بازاڕدا ســــواڵیـان دەکرد و بەدوای لەتەنـانێکدا دەگەڕان، ئیـدی لەو بۆنـانەدا هەوڵیاندەدا بابی ئەوەندە لە شا نزیک ببنەوە و هاواربکەن: "*جاوید شاە، جاوید شاە*، بژی شا، بژی شا."

ســەربازەکانیش بە قۆنداغەتفەنگ لە ســواڵکەرەکانیان دەدا، بەڵام ئەوان کە خۆیان لەبەر پێی ئەســــپەکان بەردەدایەوە بە گریانەوە دەســــتیان بەرزدەکردەوە و لە شا دەپاڕانەوە.

شا لەناخی دڵییەوە هەستی بە بەدبەختی کرد. دواجار لای دایکی سکاڵا و دەردەڵی خۆی هەڵڕشــت: "هێشــتا ئەو هەســتەمان هەر ماوە، کە ئێمە پاشای کاروانێکی بێ کۆتایی خەڵکی هەژار و نەدارین."

دایکیشی وەها دڵی دەدایەوە: "بەڵێ تۆ وەها سکاڵا دەکەی، بەڵام ئەوەی دەیڵێی ڕاست نییە. "تۆ پاشای وڵاتێکی ناوازەی. پاشای ئەو شازادانەی کە لە کۆشکی جادووییدا دەژین، پاشای ژنە ئێرانییە ئەفسووناوییەکانی، پاشای بازرگانە دەوڵەمەندەکانی مافوور و ڕایەخی شارە جوانەکانمانی، هەروەها پاشــــای هەزاران ئاغای گوند و دێهاتی. لەبیریشــــت نەچێ، تۆ پاشای دایکتی."

پاشــــا دەســــتی بۆ کیســــە دراوەکەی تەنیشــــتی برد و پارەی بەســــەر خەڵکەکەدا پڕژاند. خەڵکەکیش هەر قەراپەســــتانێ و تێکقژقژانیان[20] بوو تا دەستیان بگاتە دراوە هەڵڕێژراوەکان.

ئاپۆراکە هەر هاواری دەکرد: "*جاوید شاە، جاوید شاە*."

دیســان شــا ناســر مشــتێک دراوی بۆ فڕێدان. دەهۆڵەکانیش توندتر لێیان دەدا و شــەیپووریش پتر دەیفیڕاند. شــا هەروەک ناپلیۆن لەســەر پشــتی ئەســپەکەی، بەدەســت ئاماژەی بۆ شــوێنێکی دوور کرد. ســوارەکانیش

---

[20] تێکقژقژان: لە نێو ئاپۆرا و گوڕدەمی خەڵکدا خۆبردنەپێش.

دەوروخولی شـــایان دا، ئینجا بە وێڵغە و گورگەلۆقە[31] لە دەروازەی شـــار ڕوەو گردەکە تێیانتەقاند.
یەکەوڕاستیش شا بۆ دامێنی گردەکە ملی لێنا، بەدوای ڕاوی کەڵەکێویدا گەڕا. لەو کاتەی ئەسپەکەت لە غاردایە، ئەوا تەقەکردن لە نێچیر یەکێ لە هونەرەکانی ئەسـپسـوارانی ئێرانی بوو. هیچ کەسـێک وەک سـەربازێکی ئێرانی نەیدەتوانی بە چەشـــنی ئەو نیشـــانەکەی بپێکێ. هەر لە ڕۆژگاری منداڵییەوە ئەو پاشـــایەی دواڕۆژ فێرە ئەو کارامەییە کرابوو. شازادە بچکۆلەکان لەکاتی ڕاووشکاردا مەشقیان لەسەر ئەو شتە دەکرد و شـا ناسـریش لەوەدا باڵادەسـت بوو. ئەوە بەوە دڵخۆش و بەختەوەر دەبوو کاتێ لەســەر پشــتی ئەسـپەکەی نیشــانەی لە ئاژەڵێک دەگرت و دەیپێکا.
شـــا حەزی لە شـــەڕیش بوو. کە هەندێک جار لە کۆشـــکدا دەترســـا، لەبەرەکانی شـــەڕ ئازایەتی دەنواند. ئەو لەگەڵ باوکیدا لە یەک دوو جەنگدا بەشـــداری کردبوو. یەکەمین جار ئەوان لە بەرانبەر ڕوســـەکاندا شـکان. جاری دووەمیش جەنگی هەرات بوو، بە کێفەڕاتێک کۆتاییپێهات، بریتانییەکان دەستیان بەسـەر شـارەکەدا گرت و دایانە دەست سـەرۆک هۆزەکانی ئەفغانی.
هەمووانیش دەیانزانی، پاشـــای کۆن لە داخ و خەفەتی لەدەســـتدانی هەراتەوە سەری نایەوە.

ڕاووشکار شتێک بوو لە خوێنی شادا بوو. پێشان ئەو لە دارستانی لای تەورێزەوە بەدوای ڕاوی شـــێر و پڵنگەوە بوو. هەنووکەش دەبێ بە بزنەکێوی لای تاران قایل بێ. لەکاتێکدا ئەو ڕاوەدووی ئاژەڵەکانی دەنا، پاسەوانەکانی تۆپە خۆشەویستەکەیان بۆ سەر گردەکە ڕادەکێشا.

---

[31] وێڵگە و گولگەلۆقە: دوو جۆرە غاردانی ڕەوتی ئەسپن.

کاتێک ئەوان دەگەیشتنە ئەوێ، عەریفێک توند بە دەهۆڵەکەی دەکێشا، ئامادەبوو بەوەی هەموو شتێک ئامادەیە. ئینجا شا بەرەو گردەکە لێیدەخوڕی، بە ئارەقە دەردانەوە لەسەر پشتی ئەسپەکەی بازیدەدا و باڵەکانی لە هەوا لەیەک دەکردنەوە: "ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر تایبەتە، هەست بە باشی دەکەم."

ئەو دەستێکی لەسەر لوولەی تۆپەکە دا. یەکێ لە پاسەوانەکان گوللەتۆپێکی دایەدەست، پاشاش گوللەتۆپەکەی ماچکرد و خستییە لوولەکە و نیشانەی لە گردێکی بەرانبەری گرت. مەشخەڵێکیان ڕادەست کرد تا گوللەکە گڕ بدا. ئینجا بە هەردوو دەستی گوێی خۆی گرتن و هەندێک خۆی نەوی کرد. ئیدی تۆپەکە تەقی.

دوای ئەوەی حەفت تۆپی تەقاندن، ئەفسەرێک پاڵتۆیەکی بەسەر شان و ملی پاشادا دا تا سەرمای نەبێ. ئاوێکی شیرینی گوڵیشیان گەیاندێ.

پاشان بەرەو مێزێک ڕۆیشت کە پڕ لە دەفری شیرنەمەنیی خۆش خۆش بوو، دەنکە خورمای بە کاکڵەگوێز و کێکی بادەم، زەنجەفیلی کوڵاو بە نویشک و هەنگوینەوە.

کاتێکیش نۆکەرەکان نێچیرەکەیان لەسەر پشتی گالیسکەکە دانا، ئینجا شا خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و شۆڕیکردەوە. ئەو خوازیار بوو بۆ ماوەیەکی درێژتر بمێنێتەوە، بەڵام لە چاوی پشیلەکەی ئەوەی بینی وەها باشترە بگەڕێتەوە ماڵێ.

١٢

چاکسازییەکان

وەزیر ڕێنمایی بۆ حوکمڕانانی ناوچە خۆجێیەکانی وڵات دەرکرد، پەلکو کارخانەی مافوورچنین دروســـت بکەن تا بە ســـەدان مافوورچن بتوانن تێیدا کار بکەن. لە باکووری وڵات و لەســـــەر کەناری دەریای لەزوین کارخانەی بچووک بچووک هەبوون، وەستایانە کاڤیاریان دەخستە نێو گۆزە و سندوقەوە بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتیان دەنارد.

وەزیر خەونی وەهـای دەبینی بەڵکو بێکـارەکـانی وڵاتەکەی هەروەک کرێکارانی بریتانی لە کارخانەکاندا کاربکەن و بژێوی ژیانیان پێ پەیدا بکەن. خەونی ئەو وابوو بەڵکو کچـانی وڵاتەکەی هەروەک کچـانی مۆســـکۆیی بچنە قوتـابخـانە. ئەو لەبەر ئەو هەموو پلان و پرۆژەی کارانەی لە کەللەی دابوو، خەوی لێنەدەکەوت.

لەو نێوەشدا نەیار و ناحەزەکانی، هەموو هەوڵ و کۆششی خۆیان دەدا تا بەرە لەبن پێی دەربێنن.

ئەویش نەخشە و پلانەکانی خۆی بۆ ڕاوێژکارەکانی ڕوونکردەوە.

"من زۆر خەونم بۆ ئەم وڵاتە هەیە، بەڵام خۆ نابێ لەیەک کاتدا زۆر شتمان بوێ." ئەمە قسەی ئەو بوو لە کۆبوونەوەی دەستەی وەزیراندا بە وەزیرێکی گەنجی گوتبوو. "ئێوە لە دەرەوەی وڵات خوێندووتانە، بەڵام وڵاتەکەمان ڕوسیا نییە، چ جای ئینگلستان. لەو وڵاتانەش دەسەڵات ناوەندە. لای ئێمە زۆرینەی خەڵک لە لادێکاندا دەژین. ئێمەش دەسەڵاتمان بەسەر دێهاتەکاندا ناشکێ، لەوێ هەموو شتێک لەبن دەستی ئاغا گەورەکانە، ئەوانەی خاوەنی زەویی زۆروزەوەندی ناوچەکانن."

(تەقی خان)ی وەزیر لە دانیشتنەکەدا هەڵیدایێ و گوتی: "ئێمە واقیعەکە فەرامۆش ناکەین، هەر بۆیە چاومان هەر لەسەر شارە گەورەکانە، نەخاسمە تاران."

"ڕاست و دروست تاران سەخترین شوێنە، لە هەموو لایەکەوە لە ڕێی چین و توێژی دەستەبژێرەوە ڕێگەمان لێدەگیرێ، ئەوانەی خاوەن زەویوزارەکانن."

ئەمیر، ڕاوێژکارە گەنجەکەی وەزیریش وەها هاتە قسە: "ئێمەش پێویستە هەروەک وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ لەیەکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان تێبکۆشین. ئەمەش مەرجە بۆ ئەوەی نەخشەکانمان جێبەجێ بکەین."

وەزیریش بە مەبەستەوە هەڵیدایێ و گوتی: "نابێ ئێمە دەستەبژێرەکە بترسێنین. پێویستە زۆر وریابین، بە ئەسپایی هەنگاوەکانمان بهاوێژین. لەوبارەیەوە قسە لەگەڵ شادا دەکەم."

کارتی براوەی ئێران دەوڵەمەندیی کانە زێڕەکان، ڕۆبیان، بەردەگەوهەر، بەهارات و ئەو شتانەش بوون، کە پورتوگالییەکان ناویان لێنابوو "زێڕی ڕەش". هەر زوو پێشتر پورتوگالییەکان هەوڵیاندابوو ئەو زێڕە ڕەشەی کانە نەوتەکان دەستبەسەردابگرن و بەکاری بهێنن. بۆ بەدەستهێنانی

ئەو شلە جادووییە، لێرە و لەوێ لە ئێراندا کونیان لە جەرگی خاکەکەیدا کردبوو. لێ هێشتا هیچیان نەدۆزیبووەوە.
پاشـــان کابرایەکی گەڕیدەی ســـەرچڵ لە نیوزێیلاندەوە بەناوی *ن. ر دارسی* هات. گەشتە گەڕان و سوڕانەکانی بۆ شتدۆزینەوە، کە لە لایەن کارخانەیەکی داودەرمانەوە پشـتگیری دارایی کرا، دەسـتپێکرد. بەدوای ســـەرچاوەی نەوتدا گەڕا، بەڵام ئەوەی دۆزییەوە شـــتێکی وەها نەبوو بایەخدار بێ. ئەوە بوو ئەویش بەدەســـتی بەتاڵ گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی.
لەو ســـەردەمدا کەســـانێک لە وڵاتەکانی ڕۆژئاواوە بەهای نەوتی ژێرخاکیان بۆ دەرکەوت. لە دۆڵێک لە ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکییەوە، بیرێکی حەڤدە مەتریان لێدابوو. بۆ ڕۆژی پاشـــتر بینییان چاڵەکە پڕ لە نەوتی خاو بووە.
لە پارێزگا باشـــوورییەکەی ئێرانیش، شـــلەیەکی ڕەش بە بەردەوامی لە زەوییەوە هەڵـدەقوڵا. خەڵکی خۆجێیی ئەوێ نـــاویـــان لێنـــابوو قیر، شتەکەیان لەناو سندوقدا هەڵدەگرت و تایەی گالیسکەکانیان پێ سـواق دەدا.
گەورە وەزیریش داوای لە فرەنســـییەکان کردبوو، بەڵکو کارخانەیان بۆ دابمەزرێنن، چاکســـازییان لە ڕیزەکانی ســـوپا بۆ بکەن و زانســـتیان بۆ بخەنە نێو قوتابخانەکان. چەند دانەیەکیشـــیان لە لایەن فرەنســـییەکانەوە ئەرکێکی ژێربەژێریـان پێســـپێردرابوو، بەڵکو بەدوای نەوتی خـاودا بگەڕێن. فرەنســـییەکان داوای ئەوەیان لە دەســـەڵاتدارانی ئێرانی کرد، لەپاڵ چالاکیی کانەکان ڕێگەیان پێبدرێ زەویش هەڵبکەنن و بەدوای نەوتدا بگەڕێن. هێشـــتا کەس نەیدەزانی ئاخۆ لەژێر ئەو چینە زەوییەی ئەوێدا گەورەترین کانی نەوتی دونیای تێدایە.

هەڵکەندنی زەوی بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت، هەر بۆیە فرەنسییەکان وازیان لەو چالاکییە لاوەکییەی خۆیان هێنا. کاتێکیش لە یەکێک لە بیرەکاندا ئەو مادە ڕەشەیان بینی دەبریقایەوە، دیسان دەستیان بە هەڵکەندن و لێدانی بیری زیاتر کردەوە. لەمەشیان ئەنجامێکی بەهاداریان دەستنەکەوت. ئەو نەوتەی لە بیرەکە هەڵێنجایان لە بەرمیلی داردا و بە کەشتی بۆ فرەنسایان گواستەوە. بەڵێ ئەوە شتێک بوو، بەڵام ئەوەنەبوو بەوەی چاوەڕوانی لێدەکرا بەراورد بکرێ.

وەزیر داوای زۆری کرد، بەڵام ئەو چاوتێبڕینە لە گەنجینەی ژێر زەوی و دەرفەتی دەسەڵاتشکان بەسەر سوپای ئێران هی ئەوە نەبوو فرەنسییەکان مرخی لێخۆش نەکەن. ئیدی ئەوان بە مەرجەکان قایل بوون و وەزیریش لیستێکی بەو پرۆژانە ئامادەکرد، کە دەبووایە جێبەجێبکرێن:

دامەزراندنی قوتابخانەی تەکنیکی لە هەریەک لە تاران و تەورێز و ئیسفەهان.

کتێبخانەیەکی گەورە بە کتێبی زانستی نوێ لەبارەی تەلارسازیی شار و ڕێگاوبانی تاران.

دامەزراندنی قوتابخانەیەکی کانی کانزایی لە شاری سوڵتانئاباد.

دامەزراندنی پێنج چاپخانە لە پێنج شاری گەورەدا.

دامەزراندنی نەخۆشخانەیەک لە تاران و نۆڕینگەیەکی ژنانەش لە تەورێز.

قوتابخانەی سەرەتایی جۆراوجۆر لە تاران. کارخانەی پێستە و پێڵاو.

دامەزراندنی پەیمانگایەکی سەربازی بۆ گەنجان.

دامەزراندنی قوتابخانە بۆ وێنە و تابلۆکێشان.

دامەزاندنی دوو هەتیوخانە لە تاران.

کارخانەی شووشەوات، ڕستن و چنین، کاغەز. مس، **شەکر و توتن لە** شارە جیاجیاکانی وڵات.
کارخانەیەکی بچووکی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ دروستکردنی **گالیسکە** و کەژاوە لە شیراز.
لە کۆتاییشدا دروستکردنی کارخانەیەک بۆ دروستکردنی **کاتژمێری** قەبارە مامناوەند بۆ شارەکان.
لەسەرووی هەمووشیانەوە داواکاریی گەورە و قورسی ئەوەبوو چەندین کارگەی دروستکردنی تۆپ لە تاران و ئیسفەهان و شیراز دروست بکرێ، بۆ ئەوەی سوپا چیدی پشت بە تۆپی ڕوسی و بریتانی نەبەستێ.

وەزیر پەی بەوە بردبوو، ئەو هەموو نەخشە و پلانانە هی ئەوە نین لە ماوەی ژیانی ئەودا بێنە ڕاستی و جێبەجێ بکرێن. ئەوەشی دەزانی ئاستەنگی گەورە گەورەی دێنە سەر ڕێگا، بەڵام خۆ هەر بەلای کەمییەوە حەزی دەکرد تا لە ژیاندا ماوە سێ لەو خەونانەی بێنەدی.
یەکەمینیان خوازیاربوو هەموو منداڵانی وڵاتەکەی لە دژی دەرد و بەڵای سووریژە بکوترێن. بۆ ئەوەی ئەو دەردەکوێرەی تا دەهات ژمارەکەی زیاتر دەبوو، بوەستێ.
خەونی دووەمیشی قوتابخانەیەکی تەکنیکی بۆ منداڵە بەهرەدارەکان دابمەزرێ، کە دواتر دەبێتە پاڵپشتێک بۆ نەخشەی پەرەپێدانی وڵات.
سێیەمین خەونیشی خەونێکی زۆر تایبەت و کەسی بوو. **کاتێک ئەو** هێشتا لە تافی لاویدا دابوو، ئەو لای باوکی کاریدەکرد، **باوکیشی لە** کابینەی پاشای پێشوو وەزیر بوو، دواتر هەر خۆیشی بووە سەرۆوەزیر.
لەدوای گەشتێک بۆ ڕوسیا، باوکەکە باسی ئەو کاتژمێرانەی بۆ کردبوو، کە لە سەرووی کڵێساکانەوە جێگیر کرابوون. زەنگی ئەو کاتژمێرانە

ئەوەندە دەنگدەرەوە بوو، هەموو شـــارەکە گوێی لێدەبوو. پاشـــان ئەمیر کەبیر وەک پیاوێکی گەنج بە نێردەیەک چووە مۆســــکۆ. لە کرەملین بۆ یەکەمین جار گوێی لە زەنگی ئەو کاتژمێرانە بوو، کە پێشتر باوکی بۆی باس کردبوو. ئیدی لە خۆشـیی هەسـتکردن بە کات دڵی گەش بوو. ئەو کاتەی دەڕوا و ئەوکاتەش کە تێپەڕیوە.

ئەو خەونەی تـافی لاوێتی هیچ کـات لێی جیـانەدەبووەوە. ئەو لەگەڵ ئەندازیاری کارخانەی کاتژمێری فرەنســـــی قســــەی کردبوو، چۆن لە هەموو شــارە گەورەکانی وەک تاران، ئیسـفەهان، شـیراز و تەورێزدا چەندین کاتژمێری وەها دابندرێ. هەڵبەتە نەشــــدەکرا ئەو کاتژمێرانە لەســــەر منـارەی مزگەوتەکـانـدا قـایم بکرێن. چونکە زیـاتر بە لاساییکردنەوەی کڵێساکان دەچوون و خەڵک تووڕە دەبوو.

بۆیە وەزیر بیریکردەوە، بەڵکو کـاتژمێرە گەورەکـان لە گۆڕەپـانی گەورەی بازاڕی شــارە گەورەکانی وڵاتدا دابندرێن. هەندێک جار کە بۆ بـازاڕ دەچوو، لە خەیـاڵی خۆیـدا گوێی لە دەنگی زەنگی کـاتژمێرەکـان دەبووەوە.

کات لە وڵاتەکەی ئەودا چەقی بەســتبوو، لە شـوێنی خۆی وەســتا بوو. ئەویش دەیەویست بە دەنگی ئەو کاتژمێرانە بیجووڵێنێ.

ئەو خەونەکەی بەڕادان دا. ئەنـدازیـارەکە کـارخـانەیەک دادەمەزرێنێ و هەر کـاتیش وڵات ئـارام بووەوە، خەریکی دامەزرانـدنی کـاتژمێرەکـان دەبن.

خۆی کێشــەیەکی گەورە هەبوو، ڕەوتی پەرەســـەندنەکانی خاوکردەوە؛ وڵاتەکە ڕێگەوبانی باشـی نەبوون، هەموویان ڕێچکەی باریکی ئەســپ و گالیســکەکان بوون، کە ســروشــتکردانە هەبوون. خۆی هەر ئەو وڵاتە گەورەترین ڕێگەوبـانی لە دونیـادا هەبوو، بەلام ڕۆژگـار و جەنگی

بەردەوام و داشـــۆران و ڕنـوو و چەنـی[٣٢] زەوی، شـــوێنەواری کوێرکردبوونەوە.
بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵکەکەوە خۆیان خۆشـــەویســـت بکەن و ئەو دڵەڕاوکێ و نـائـارامییەی لە هەبوونی فرەنســـییەکـان پەیـدابووبوو بڕەوێنێتەوە، وەزیر داوای لە ڕوســـەکان کرد، ڕێگاوبان بۆ شـــارەکانی وڵات لێبدەن و شـــارەکان هەموویان بە تۆڕێکی ڕێگاوبانەوە بەیەکەوە ببەستنەوە.
ئەوانیش دەســـتبەجێ خســـتنەڕووەکەیان پەســـەندکرد و دەســـتیان بەکارکرد. لەم کارەشـــدا ئەوان شـــارە باشـــوورییەکانی وڵاتیان پشتگوێخست و ڕوویان کردە ئەو شارانەی لە سنووری هیندستانەوە نزیکن و ڕێگاوبانی ئەوێیان لێدا.
وەزیر ئەمەی دەزانی، بەڵام هەستیکرد، ئەوەی ڕوسەکان دەیکەن هێشتا بۆ وڵاتەکە باشە.
هەبوونی ڕوســـەکـان لە بەشـــی بـاکوور و ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران تیختیخەی بێزاری و هەسـتیاریی بریتانییەکانی دا. ئەوان هیچ شـتیان لە وەزیر هەڵنەکراند، کە دەیەویسـت دۆسـتایەتیی هەموو لایەک بکا. ئاخر ئەو ســـەر بە ماڵباتێکیش بوو نەدەکرد‌را. ئیدی بریتانییەکان بڕیاریاندا چـاوەڕێ بکەن. ئەوان هۆز و تیرەکـانی ئەفغـانیـان پڕچەک کردن و ڕاوێژکاری ســـەربازییان بۆ ناردن بۆ ئەوەی لە کاتی پێویســـتدا و لە حاڵەتی لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ سەر هیندستان، بەرپەچی بدەنەوە.
بریتـانییەکـان لەهەمـان کـاتیشـــدا لە ڕێی پیـاوە نزیکەکـانیـان زیـاتر مەهـدولیـایـان لە دژی وەزیر هـانـدەدا. ئەوان هەواڵی هەڵبەســـتراوی

---

[٣٢] ڕنوو دارمانی کەویە بەفری گەورە. چەنی: دارمانی زەوی بەهۆی بنکۆڵبوونی بە ئاو.

وەهایان دەنارد، گوایە لە نەخشە و پلانی وەزیر دایە وردە وردە پێگە و پایەی شا ناسر لاواز بکا.

مەهدولیا بە ئاخهەڵکێشـــانێکەوە لای شـــێخ ئاغاســـی، ئەو پیاوەی لە هەمووان زیاتر جێگەی باوەڕی بوو، وەها دەردەدڵی خۆی دەکرد: "ئەو کوێرانە هەر کاغەزێک وەزیر لەبەردەمیدا بنێ، یەکسەر بێ چەندوچوون واژۆی دەکا."

شێخ ئاغاسی ئەشهەدوویەکی بۆ لێدەدا: "هەر بەڕاستی ئەم شتە مایەی خەملێخواردنە. زۆری پێناچی شـا دەسـەلاتی خۆی لەدەسـت دەدا، بۆیە ئەرکی تۆیە شا ڕاست بکەیتەوە."

مەهدولیاش گوتی: "من دەچم و قســـەی لەگەڵدا دەکەم. بەڵێ پێویســـتە بچم و پێی بڵێم."

١٣

ڕوس

زۆر جاران شـا بەنێو وڵاتدا گەشـتی دەکرد، هەمیشـە لەو گەشـتانەیدا دەسـتەیەک لە ژنەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد. لە میانەی ئەو گەشـتانەیدا خۆی نیشـانی ڕەعیەتەکەی دەدا تا ئەوانیش پێی سـەرسـام بن و کڕنووشـی بۆ ببەن و لەو شـوێنانەی سـەردانیشـی دەکرد پێشـوازیی لە حوکمڕانە خۆجێیەکـانی دەکرد. بە بەردەوامیش سـەردانی قەڵا و سەربازگەکانی دەکرد.

هەندێک جار حەزی لێبوو پاشـا نەبووبا. ئاخر ئیرەیی بەو پیاوانە دەبرد، کە سـەربەسـتانە بەسـەر جادە و کۆڵاناندا گوزەریان دەکرد و بۆ بازاڕ جرتوفرتیـان بوو، یـان هەروەک جوتیـارێـک لە زەوییەکەی خەریکی کاروباری کشتیاری خۆی بوو.

ناوبەناویش هەڵوەدای ئەوە بوو نوێنەرانی توێژ و چین و فەرمانڕەواکانی خۆی ببینێ. بەردەوامیش مێوانی لە ئاخوند و کەسـانی ڕوحانی دەهاتن. شـتێکی سـوودبەخش بوو پەیوەندیی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە ببەستێ.

ئەو ئاخوندانەی سەر بە دەربار بوون، لە جەژنەکاندا پێشوازی لێدەکردن. هەروەک ڕۆژە پیرۆزەکانی مەولود و کۆچی دوایی پێغەمبەر و ئیمامی عەلی.
کاتێکیش ئەو ئاخوندانە دەهاتن، ئەوا هەمیشە سەردەستەی نۆکەران دەیبردنە هۆڵە زێڕینەکە و لەوێ ماوەیەکی درێژ چاوەڕێیان دەکرد تا شا دەهاتە لایان. لەکاتی چاوەڕوانیشدا بە چەندین جۆرە شیرنەمەنی فەرموویان لێدەکرا و خزمەت دەکران. کاتێکیش شا دەهاتە هۆڵەکە، ئاخوندەکان لەبەری هەڵدەستان و یەک لەدوای یەک دەستیان ماچ دەکرد. ئینجا شا کورتە دوانێکی دەدا، پاشان لەگەڵ چەند کەسێکیان دەمەتەقێیەکی کورتی دەکرد، داوای لێدەکردن بۆ ئەو و بۆ شانشینەکە دوعا بکەن، ئەوسا چەند دراوێکی تایبەتی ئاڵتونی دەدانێ، ئەو دراوەی پەیکەری خۆی لەسەر هەڵکەنرابوو، بەم شێوەیە خواحافیزی لێدەکردن. پاشان بەگوێی شەرمیندا دەیچرپاند: "ئەمانە کۆمەڵێک گەلحۆن، بۆنی کشپلی بزنیان لێدێ."

زۆر جاران شا لە کۆشکەکەیدا هەستی بە بێزاری دەکرد، چونکە پێیوابوو ڕۆژەکان هەروەک خۆیانن و دووبارە دەبنەوە. ئەو دەیخوێندەوە، دەینووسی، لە بەڵگەنامەکانی وەزیر ڕادەما و لێی دەکۆڵینەوە، نانی دەخوارد، هەندێ شەوی لە حەرەمسەرادا بەسەردەبرد. ئەو پیاسەی دوورودرێژی دەکردن و سەری دایکی دەدا ناوبەناویش چاودێریی کیژەکەی دەکرد ئاخۆ لە دەرس و دەورەکانی خۆیدا چۆنە و بە باشی فێربووە.
ئەمڕۆ چووە خانووە جوانەکەی پشت قۆپەنی دارەکان، ئەوەی وەک تەختەڕەشەکە ناسراوە. ئەو ژوورەی بە کەلوپەلی فەرەنسی ڕاخراوە، لە هەموو لایەکی خانووەکەش تابلۆی ناوازەی هونەرمەندی بەناوبانگی

ئێرانی کەمالولمولک هەڵواسرابوون. لەسەر دیوارەکەش تەختەڕەشێک داندرابوو کە بە فرەنسی "tableau noir" پێیدەگوترا. ئەمەش بۆ قوتابییەکان بوو، هەمووشیان منداڵی شا بوون، لەو ژنانەی سەر بە هۆزەکەی ئەو بوون، بۆ ئەو منداڵانە کورسی داندرابوون.
باوکی شا کاتی خۆی ئەو ژوورەی دروستکردبوو، کوڕەکەشی، واتە شا ناسر لەوێ لە کاتی منداڵییدا فرەنسی و بیرکاری لەسەر دەستی خانمە مامۆستایەکی بەتەمەنی فرەنسی، فێربووبوو. هەمیشەش مامۆستاکە یان خانمێکی فرەنسی، ژنی یەکێک لە کارمەندەکانی باڵوێزخانەی فرەنسی، یان خانمێک دەبوو، کە تایبەت لە فرەنساوە بۆ مەبەستی فێرکردنی شازادە هێنرابوو.
هەنووکەش تاج سوڵتان دەرسی زمانی فرەنسی لەو ژوورە لەسەر دەستی خانمە مامۆستایەکی فرەنسی دەخوێند. ئەو مامۆستایە نوێ بوو، وەزیر لە ڕێی باڵوێزخانەی فرەنسی ڕێکیخستبوو. ئەو خانمە مامۆستایە لە خانووەکانی فرەنسییەکان دەژیا و ڕۆژانە یەک دوو سەعات دەرسی بە تاج دەگوت.
لە پەنجەرەکەوە شا بینی خانمە مامۆستا لە بەردەم تەختەڕەشەکە وەستاوە. ئەو خۆی هەم نوێ و هەم شەرمنیش بوو. شا دودڵ بوو لەوێ ئاخۆ بچێتە ژوور یان نا. هەر زوو پشیلەکە لەباوەشی پاشا بازی دا و خۆی گەیاندە لای تاج.
مامۆستاکەش تا لای دەرکە هات. سڵاوی لە پاشا کرد و کەمێک ئەژنۆکانی بۆ چەماندنەوە. ئینجا خۆی لە دەرکەکە کەلی[٣٣]گرد بەڵکو شا بێتە ژوور، بەلام ئەو هەر لە شوێنەکەی خۆی مایەوە.
پاشا بە فرەنسی پرسی: "ئەرێ هەمووشتێک بەپێی خواست باش دەڕوا؟"

---

[٣٣] خۆ کەلیکردن: خۆلادان، خۆ تیدان.

مامۆستاش وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەدڵنیاییەوە."
ئینجا گوتی: "زۆر باشە. ئەرێ تاج قوتابییەکی باشە؟"
"هەڵبەت. ئەو زیرەکە، بیرتیژە، هەر بەڕاستی شازادەیە."
"تۆ ئێمەت دڵخۆش کرد. هەر شتێکت بوێ، دەکرێ ئاگادارمان بکەیتەوە."
ئینجا شا بانگی شەرمینی کردەوە و بەنێو باخەکەدا قەدەمی لێدا.

بۆ ئەوەی بەسەر پەستی و بێزاریی خۆیدا زاڵ بێ، هەندێک جار تابلۆی دەکێشا. کەمالولمولک کاتی خۆی مامۆستای بوو. ساڵێکی رەبەق نیگارکێشەکە هەموو رۆژێک دەهاتە کۆشک بۆ ئەوەی نیگاری پاشا لە هۆڵی مینابەندەکەدا بکێشێ. کەمالولمولک بنمیچ و دیوارەکانی هۆڵەکەی بەو سەدان پارچە ئاوێنە لە تابلۆیەکدا بە قسە هێنابوو. هەروەها ئەو پەردە کەسکە قورسە گەورەیەی، هەموو جارێک شا بەوێدا دەردەکەوت و هەر بەوێشدا دەڕۆیشت و لەبەرچاو ون دەبوو، لەگەڵ مافووری قورمزی تۆخ و شینی تاریک لەگەڵ ئەو سەدان بیچمۆکانەی سەر مافوورەکان لەسەر تابلۆکەی ئەودا بە جوانترین شێوە ڕەنگی کردبوون، وای لێکردبوون لەگەڵ مرۆ بکەونە قسە. لە دواییشدا مامۆستای نیگارکێش کورسییە شاهانەکەشی لەیاد نەکردبوو.
پاشاش لە تابلۆکان ڕادەما و تەکنیکی جۆربەجۆریان لێ فێر دەبوو، کە هەر بەخۆیشی بە چاک یان بە خراپ لە تابلۆکانی خۆی بەکاری دەهێنان.
خۆی هەر دەبووایە شەرمین یەکەمین نموونەی تابلۆی بووایە. بە تابلۆکەشی زۆر دڵشاد بوو، ڕاستەوخۆ بە دیواری ژووری کارکردنی هەڵواسیبوو.
جارێکی دیکە هەوڵیدا لە تابلۆیەکدا تاج سوڵتانی تێدا ڕەنگ بداتەوە، بەلام تێیدا سەرنەکەوت.

کەمالولمولک لەبارەی تابلۆکەوە بە شـــای گوت: "ئەمە کارێک نییە لێی بێهیوا بیت. شا دوو ئاڵنگاری لەپێشن، کە هی بەسەردازاڵبوون نین."
"یەکەمیان ئەوەیە، کیژەکەت تا بڵێی جوان و نازدارە. دووهەمیشیان ئەو هیچ چرچ و لۆچی لە سـەر دەموچاودا نین. من پێشـنیاز بۆ شـا دەکەم نیگاری دایکی خۆی بکێشـێ. ئەویش نموونەی خەونە. نازدارییەکەی لە ڕێگەی چرچولۆچییە شـاهانەییەکەی بەدیار دەکەوێ، ئەو هەر هێز و دەسەڵاتی لێدەبارێ و لێبژاردنی جلوبەرگیشی تەواوعەیارە."[٣٤]
پاشـاش وەڵامی دایەوە: "ئەمەیان ناکرێ. ئاخر لە شـوێنی خۆی تک نادا؛[٣٥] ناتوانێ یەک خولەک بێدەنگ بێ. ئەو هەر بەدوای شــتدا دەگەڕێ تا بیکاتە پاکانەی لۆمە و سـەرکۆنەکردنی شـتێک. ئەو لەسـەر کورسـییەک دابنیشێ و منیش فڵچەم بەدەستەوە بێ، خۆی ئەوە لەپێش چاوە، ئەوسا دەبێتە جەنگ و هەرا."
شا هەر بەتەنیا بە نیگارکێشانی پشیلەکەی و ژیانێکی وەستاو وازیهێنا. ئەو بەدزیش هەوڵیدەدا بەڵکو نموونەیەک لەبەر تـابلۆی ئەســپەکەی ناپلیۆن بگرێتەوە، بەڵام هیچی پێنەدەچوو.
لەبەردەم تابلۆکە بەخۆی گوتەوە: "خۆی ئەمە ئەســپ نییە، بەڵکو بوەتە کەر. لێ هەرچۆنێک بێ خۆشیمان لێبینێ."
شـا هەرگیز نەبووە تابلۆکێشـێکی سـەرنجڕاکێش، بەڵام ئەو شـاعیرێکی ڕاســتەقینە بوو. هۆنراوەکـانی خســتبوونە ســەر کـاغەز، بەڵام زەحمەتییەکەی ئەو لەوەدا بوو وشەکانی قافیەڕێژ بکا. خۆ ئەگەر ئەو بە ئەنجامەکەی خۆشـحاڵ بووبایە و هەموو وشـەیەکی لە شـیعرەکەدا لە شـوێنی خۆی دابنابایە، ئەوا ئەو شـەوە وازی لە ئیشـوکارەکانی دیکەی دەهێنا و بانگی نووسەری دەرباری دەکرد کە بە خۆی و چراهەڵگرەکەی

---

[٣٤] تەواوعەیار: کامڵ، بێ خەوش.
[٣٥] تک نادا: واتە ناتوانێ نەجووڵێ.

بێن و بە کاغەزی فەرمی شیعرەکەی بۆ تۆمار بکەن. یەکێک لەو شیعرانەی کە بەم شێوەیە لەدایک بوو، ئەمەی خوارەوەیە:

خەونم بینی، تەرمی باپیرەم بووە خاکوخۆڵ
تەنیا چاوەکانی نەبێ
ئەوانەی لە پێڵووی چاویدا بە خڕی دەخولانەوە
هەموو شتێکیان گرتە خۆ.
حەکیم هات و خەونەکەمی لێکدایەوە:
چاوی ئەوە ناسرەوێ
تا بەشی دیکەی وڵات داگیرکرابێ.
ئەو هەر بیر لە هەرات دەکاتەوە.

دوای تۆمارکردنی ڕستەی یەکەم، نوسەری دەربار بە سەری شۆڕبووەوە دانیشت. ئاخر ئەو یەکەمین کەس بوو، کە هۆنراوەکانی شای گوێ لێدەبوو. بە مەراقەوە شا چاوەڕێی کاردانەوەی کابرای دەکرد.
نووسەری دەرباریش دڕی بە بێدەنگییەکەی دا: "پایەبەرز، وای لەو شیعرە شاهانەیە، بەڕاستی سەرسامم پێی."
خەندەیەک پەڕیە سەر ڕوخساری شا و یەک دوو دراوی زێڕینی بۆ نووسەرەکە فڕێدا.

وەزیر کە خۆیشی حەزی لە شیعر بوو، جارێکیان دیوانەشیعرێکی جزوبەندی ڕازاوەی، هی شاعیری فارسی سەدەی ناوەڕاست 'ئەبو عەبدوڵڵا ڕودەکی' پێشکەشی شا کردبوو. ئەو شیعری کلاسیکی

دەخوێندنەوە و زۆریشــی لەبەر کردبوون. شـیعر بۆ ئەو لەکاتی شـەوە درێژەکانی بێزاری و پەستی لە کۆشکەکەدا دڵنەوا و فریادڕەسی بوون. ئەو ئەم شـاکارانەی بە سـەرنجەوە دەخوێندنەوە و لە هیکەوە چاوی بە جوانترین دیوانە شیعری فارسی کەوت:

بویی جوی مولیان آید همی
یاد یار مهربان آید همه
در فرخار بر فغفور بستی
به *جوی مولیان بر پل شکستی*
بۆنی جۆگەی مولیان دێ
یادی یاری میهرەبان دێ

شـا زۆر باش کەوتە بن باندۆری و لە ڕۆژژمێرەکەی بە درێژی ئەمەی نووسـی: "هەرات ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتووین. هەرچی ئێمەش دەیکەین، ئەو شـارە هەر لە نێو یادەورییماندا نغرۆ دەبێ. ئەمڕۆ هەرات شـاکارانە لەنێو شـیعری ڕودەکییدا خۆی نواند. شـیعرەکە لەبارەی ڕووبارە خۆشەویستەکەی (ئامو)ەوەیە. کاتێک شیعرەکەمان خوێندەوە، فرمێسکی بەچـاودا هێنـاینەخوار، بە درێژایی ئەمرۆژە هەر ئەو شـیعرەمـان خوێندووەتەوە:

"با بۆنی ڕوبارە ماڵییەکەی لەگەڵ خۆی هێنا
هەروەها یادەوەری خۆشەویستانیش.
هەرچەندە ڕووباری ئاموی بندینێکی بەردەلانی هەیە
لێ من دەمەوێ بچمەوە ماڵێ
ئاخر ئەو بندینە وەک پەڕی مەل وایە لەژێر پێم
شا مانگە
ماڵیش ئاسمان

مانگیش هەر بۆ ئاسمان دەگەڕێتەوە.

زستان هات، پاشاش نەیدەزانی ئاخۆ شەوە دووروودرێژەکانی زستان چۆن بەسەر ببا. ئەو لەپڕ بە بانگهێشتنامەیەکی ڕوس سەرسام بوو.
لەسەر فەرمانی وەزیر دووساڵ بە شەو و ڕۆژ خەریکی لێدان و چاککردنی ڕێگاوبانی نێوان شارەکان بوون. بۆ ئەوەی بەر لەوەی سەرماو سۆڵەی چلەی زستان دابکا، بە دیارییەکی نایاب دڵی شا خۆش بکا.
خۆی دەکرا ڕێگەوبانەکان لە ڕێی خەڵکی خۆجێیشەوە لێدرابان و خۆشکرابان، بەڵام ڕوسەکان ئەو شتەیان هەبوو کە ئێرانییەکان نەیانبوو: دیسپلین و کۆڵنەدان. ڕابردووی سەخت و شەکەت، جەنگ و هەرای لەبننەهاتوو گەلێکی وەهای لێکەوتبووەوە کە چیدی زات نەکەن چاو ببڕێتە دوارۆژێکی گەش و ڕوناک.
لە مەزارگەیەکی دەروەی تاران عەبدولداود نێژرابوو، یەکێک بوو لە نەوەکانی محەمەد پێغەمبەر. بەدرێژایی بەشێکی زۆری ساڵ، خەڵکی تاران دەچوونە سەر مەزارە پیرۆزەکە. عەبدولداودیش شوێنە دڵڕفێنەکەی شا بوو. لە ساتە تەنیاییەکانیدا بەرەو ئەوێ لێیدەخوڕی و لەوێ لەپاڵ گۆڕی چاکدا چۆکی دادەدا دەردەڵی لە ژیان دەکرد.
ڕوسەکانیش زانییان ئەو مەزارە چەند لای شا گرنگ و پیرۆزە، چەند شتێکی ڕوحی بالایە لای. لە زستانانیشدا ڕێگەی گەیشتنە ئەوێ سەخت و نەکردە بوو، هەموو بەردەلانی و دژوار بوو، کەس نەیدەوێرا بە خۆی و ئەسپ و گالیسکەوە بەوێدا بڕوا. هەر بۆیە ڕوسەکان ڕێگەیەکیان بۆ شا لێدا، کە هەمیشە بۆ هاتوچۆ لەبار و کراوە بوو. ڕێیەکە وەک مارێک وابوو بە نێو گاشە بەردەکاندا دەخشا.

لە دوازدە شوێندا پرد بەسەر ڕێڕەوی ڕووبارەکەدا هەڵنران. بە هەزاران جوتیاری بەشـــان و بازوو، گردە مەترســـیدارەکانیان تەختکردن و ڕێگەکەشـیان بەردڕێژ کرد. ناوبەناویش چایەخانە و شـوێنی خواردن و نوێژگەیان لێ دامەزراند.
هەرچەند ســـاڵ ســـاردیش دەبوو، هێشـــتا ڕوســـەکان توندتر و ماندوونەناســـانەتر کاریان دەکرد. ئاگری گەورە گەورەیان دەکردەوە و لەگەڵ جوتیارەکان لە کار و چالاکیی خۆیان نەدەکەوتن.
ڕێگەکە تەواو بوو، بەفریش هات و سپیپۆشی کرد.

وەزیر وەهای ڕێکخســت کە پاشـا لە سـەز یەکەم گردی پەرگەی تاران کرێکارە ڕوســەکان ببینێ ئەوانەی ڕێگەکەیان لێدا. خۆیشـی بەسـواری ئەسپەکەیەوە یاوەری شای کرد و لەڕێگاش باسوخواسی ڕوسەکان و خەریکبوونیان بە ڕێگاوبانەکان لە سەرتاسەری وڵات بۆ کرد.
پاشاش ئەو سەرنجەی دا: "گوێمان لێبوو ئەوانە خەڵکی ماندوونەناسن."
وەزیریش پێی گوتەوە: "ئێمە خۆمان هیچ ناکەین و هەر پشـــت بە خوا دەبەستین."
شـا هەسـتیکرد کە مەبەسـتی وەزیر شـێوەژیانی پاشـایە بۆیە باسـەکەی گۆڕی.
"ئەرێ ئێمە لەنێو ئەو بەفرەدا چی دەکەین؟"
وەزیریش بۆی ڕوونکردەوە: "ئەنـدازیـارەکـان دەیـانەوێ ئەو ڕێگەیەی لێیانداوە نیشانی پاشای بدەن."
پاشاش بە دەردەدڵێکەوە پرسی: "جا هەر دەبوو ئەمڕۆ بووایە؟"

کاتێکیش ئەندازیارەکان پاشـــایان بینی بەرەو ڕوویان دێ، ئەوا بە نیوە بازنەیەک وەستان. پاشاش بەو تیلایەی دەستی لە دووری ئەوان وەستا.

وەزیریش ئەندازیارە ڕوسەکانی بە شا ناساند. سەردەستەی ئەندازیارەکانیش کەمێک سەری بۆ پاشا دانەواند، بەرەو لای شا هات و بەڵکو لەگەڵ ئەو بڕوا تا ڕێگاکەی نیشان بدا و چۆنیەتییەکەی بۆ ڕوونبکاتەوە. ڕێگەی چوونە لای مەزارە پیرۆزەکە بە بەفر داپۆشرا بوو، ئیدی شاش نەیدەزانی ئاخۆ وەزیر باسی چی بۆ دەکا. ئەو بێباکانە نیگایەکی لە گردە بەفرواییەکە بڕی و بە چاوی پرسیارەوە لە وەزیری ڕوانی.

ئەندازیارەکەش گوتی: "ئەگەر پاشا ڕێگە بدا، دەکرێ بەرەو مەزارگەی ببەین."

پاشاش بە دوودڵیەکەوە پرسی: "بەرەو کوێ؟"

کابرای ڕوس قسەکەی خۆی دووبارەکردەوە: "بەرەو مەزارەکە."

"کامە مەزار؟"

"سەر گۆڕی عەبدولداود."

پاشاش بە سەرسوڕمانەوە پرسی: ""بەم بەفرە؟ بۆ سەر عەبدولداود؟"

"پێموایە ئەسپەکەی پاشا لەبارێکدایە تا لەنێو بەردا بەگورگەلۆقێ بڕوا."

"ئەسپەکەی ئێمە ئەسپێکی بەهێزە، بەڵام خۆ درەنگە و زۆریشی پێناچی تاریکایی دادێ."

"ئەرخاین بوو، بەر لەوەی تاریکی دابێ، خاوەنشکۆ گەڕاوەتەوە کۆشک."

شا بە چاوێک سەیری کرد، بڕوای بە قسەکەی نەهات.

ئینجا پاشا ڕووی قسەی لە وەزیر کرد و گوتی: "ئەرێ وەزیر بەم قسە و بەڵێنە ئاگادارە؟"

میرزا کەبیریش سەری بۆ لەقاند.

شا ناسر بە بێدەنگی ڕێگەی گرتەبەر.

ئینجا لەپڕ بە کابرای ڕوسی گوت: "تۆ پێشکەوە! بزانم چۆنە!"

سەردەستەی ئەندازیارانی ڕوسیش جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شلکرد و تا توانای تێدا بوو کەوتە غار. پاشـــاش بەدوایدا لەپاڵ گابەردە زلەکاندا بە ئاسانی بە ڕێگەیەکی پێچخواردوودا ئاوزینگی لێدا و ئەسپەکەی هاژۆت. بە بێ دوودڵی بەسەر گردەکەدا لێیخوڕی و بەلای یەک دوو چاخانەشی ڕەت دا. ئەوەشـــی پێی هەرس نەدەکرا چۆن بەو متمانەبەخۆبوونەوە بەســـەر پشـــتی ئەســپەکەیەوە بەســـەر ئەو ڕێیە و بەنێوبەفردا بڕوا، بێ ئەوەی پێش خۆی بە باشی ببینێ.

پاش کەمێک ئەسپسواری، لە دوورەوە شا چاوی بە گومبەزە زێڕینەکە کەوت. خۆ ئەمە هیچی کەمتر نەبوو لە پەرجوویەک. ئاخر لە هـاویندا ڕۆژێکی ڕەبەقی پێدەچوو تا کەسێک دەگەیشتە سەر مەزارەکە. کەچی ئێستا کەمتر لە نیو سەعاتی خایاند.

کابرای ڕوس لە نزیک مەزاری عەبدولداوددا هێواشـــی کردەوە و ئەسپەکەی ڕاگرت. پاشاش هەر بە گورگەلۆقە لێی تێپەڕی و بەرەو ناو مەزارەکە ملی لێنا.

١٤

ئاهەنگی بەهار

بەهار بوو، شا ویستی ئاهەنگی سەری ساڵی ئێرانی بکاتەوە، هەروەک چۆن پاشا کۆنەکانی ئێرانی یادیان دەکردەوە.
ئاهەنگی ساڵانی ڕابردوو زۆر گەورە و بەجۆش نەبوو، ئەمساڵ حەزی دەکرد تۆڵەی ساڵانی پێشتر بکاتەوە. ویستی لەسەر ئەو تەختە ئاڵتوونییە دانیشێ، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا پاشاکانی فارس و میدییەکان لەسەری دانیشتبوون. خۆی بەتەنیا هەر گەورە پاشاکانی وەک کورش، کامبوجی و داریوش لەسەردەمی خۆیاندا ئاهەنگی وەهایان گێڕاوە.
شتەکەش سادە بوو بەڵام کورسییەکی جادوویی بوو، کە لەسەر یەکێ لە دیواری کەلاوەکانی کۆشکی پێرسیپۆلیس نەخشێنرابوو. لەسەر مێزە ناودارەکەدا، داریوش و شاهەنشا دەبینرا دابنیشێ، ئەوەش لەکاتی ئاهەنگی سەری ساڵدا بوو، کە پێشوازی لە پاشاکانی دیکەدا دەکرد، ئەوانەی بە بۆنەی ساڵی نوێوە دیارییان پێشکەشی پاشا دەکرد.

جارێکیان ئەســکەندەری کۆشــکە گەورەکەی ئەوێی ئاگر تێبەردا، بەلام هەبوو بە کورسییەکە ڕابگا لە وێرانبوون و سوتان بیپارێزێ.
بەگوێرەی ســاڵنامەی ئێرانی، ئەوســاڵ بەهار لە ســەعات دەی بەیانی دەستیپێدەکرد. ئەو کەسانەی بۆ بۆنەکە بانگهێشتکرابوون، لە بەیانییەکی زووەوە بەرەو کۆشک بەڕێکەوتبوون. ئەو خزمەتکارانەی جلی ئاهەنگیان پۆشــیبوو، یـاوەری میوانەکـان بەگوێرەی پلەوپایەیـان بۆ شــوێنی دەســنیشــانکراو ڕێنوێنی کران. میوانەکان بە دوو ڕیز لە بەرانبەر یەک وەستابوون، تا پاشا بتوانێ بەناویاندا ڕێبکا و سڵاویان لێبکا. بەتەمەن و ئەندامە هۆشمەندەکانی خانەوادەکەی هۆزی شا لەپێشەوە بوون، لەدوای ئەوانەوە نوێنەرانی هێزە بیانییەکان دەهاتن. لە بەرانبەری ئەوانیشـــدا ســـەردارانی جەنـگ و پۆلێک لە ئیمـام و ئـاخوندەکـان بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵڵای تاران بوون. لە تەنیشـــت مەلاکانیش ســـەربازەکان بوون. بەدوای ئەوانیشـــدا نوێنەرانی بازاڕ و کارمەند و پیشـــە ســـەربەخۆکان بوون. هەر هەمووشـــیـان جلوبەرگی ســـاڵی نوێیـان لەبەردابوو، هەمووشیان ڕیشی خۆیان قەڵەمکردبوو و بە باشی سەروپرچی خۆیان داهێنـا بوو. مرۆ لەوێ هەر بۆنی گوڵ، بخوری ســـووتێنرا و مۆمی دەکرد، بە چەندین داودەرمانی بۆنخۆش بەسـەر ئاگرەکەوە بڵاوبووبووە. لە هەموو لایەکەوە هەر گوێـت لە دەنگی خۆش و موزیـک و گۆرانی دەبوو. هەموو شتێک نیشانەی ئەوەی دەدا، هەربینا پاشا لەپشت پەردە کەســکە نوێیە درێژەکەوە دێتەدەر و خۆی نیشـــانی ئامادەبووان دەدا، بەلام خۆ چاوەڕوانییەکە لەبەر نوێنەرانی هێزی وڵاتە بیـانییەکـان بوو. دیاربوو شتێک لە ئارادا بوو. بەڵێ ئەوان گەیشتبوون، بەلام هێشتا هەر لای ئەستێلکی ئاوەکەوە وەستابوون.

پاشـــاش لە دواخســـتنەکە ئاگادارکرابووەوە، لەپشـــت پەردەکەوە، لە ناوەوەی هۆڵەکە، لە ئامادەبووەکانی دەڕوانی. ســەرنجی دا وەزیرەکەی لە گفتوگۆیەکی چروپڕدایە لەگەڵ باڵوێزی بریتانیا.

ئەوەبوو شا لە سەرۆکی نۆکەرانی پرسی: "چی لە گۆڕێیە؟"

"دیارە ناکۆکییەک لەنێوان وەزیر و نێردەی بریتانیدا هەیە."

"لەبارەی چی؟"

"بریتانییەکان دەیانەوێ بەخۆیان و چەکمەکانیان بێنەژوور."

"بەڵام خۆ ئێرە تەویلە نییە؟ هەموو جارێک کە هـاتوون پێڵاوەکـانیـان داکەندووە، چما ئەمجارەیان وا ناکەن؟"

هەر کەســێک هاتبایە نێو کۆشـــکەکە.پێڵاوەکانی دادەکەند. هەر بەتەنیا پاشا بوو پیڵاو یان قاپقاپەکەی دانەدەکەند.

دیـاربوو بریتـانییەکـان بەم شــێوازە نـاڕەزایەتیی خۆیـان لەبـارەی چالاکییەکانی ڕوس و فرەنســییەکان دەربڕی. ســـەرەتا وەها دیار بوو شـــتێکی بچکۆلە و لاوەکییە، بەڵام دواتر دەرکەوت شـــتەکە ئاڵۆز و هەستیارترە. وەزیریش تێگەیشت، شتەکە پەیوەندی بە چەکمەکانیانەوە نییە. ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەســـەرخۆیدا زاڵ بێ، لێ لە هەناویدا دەکوڵی. ئەم ڕووقایمیەی بریتانییەکان ســـەرەتا بە هۆی دانپێدانانیان بە سەروەریی ئەفغانستان دنەی تووڕەیی وەزیریان دابوو.

وەزیر بە ئارامییەوە بە باڵوێزەکەی گوت: "خۆی دەبێ چەکمەکانت لێرە دابنێی ئینجا بچییە ژوور."

"هەروەک چۆن ئێرانییەکـان دابونەریتی خۆیـانیـان هەیە، ئێمەش هی خۆمـانمـان هەیە." بەم جۆرە کـابرای ئینگلیز وەڵامی وەزیری دایەوە. ئینجا زیاتر لەســـەری ڕۆیشـــت: "بریتـانییەکان لە هیچ شـــوێنێک چەکمەکانیان دانانێن، لەوەش هەر گەڕێ لە ئاهەنگێکی پاشـــای ئێرانی وەها بکەن."

ئەم وەڵامە وەزیری دەهریتر کرد.
وەزیر بە پێداگرییەکەوە گوتی: "ئاخر لە بۆنەی دیکەدا بە بێ پێڵاوەوە هاتووی و سڵاوت لە پاشا کردووە."
باڵوێزەکەش لە وەڵامدا گوتی: "ئاخر بۆ بۆنەی جیاواز جیاواز ڕێسای جیاواز جیاواز هەن."
میرزا کەبیر ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر سەخت بووبووەوە. کاتیش تا دەهات تەنگتر دەبوو. بەهار هات، ساڵنامەی نوێ دەستیپێکرد، سەدان مێوان لە هۆڵەکە وەستاون و خەریکبوو پاشاش حەجمانی لەبەر دەبڕا.
هەر دەمودەستیش مێوانەکان بە کێشەکەیان زانی، دەنگودۆ لەناو هۆڵەکەدا بڵاوبوونەوە.

- "بە پێڵاوەوە؟"
- "ئای لەو سووکایەتییە."
- "ئەو بریتانیانە چەند لووتبەرزن."
- "هەق نییە هەرگیز شا ڕێگەیان بدا."

ئاخوندەکانیش بە ڕوونی ئەوەیان دەربڕی، کە ئەم حاڵەتە قبوڵ ناکەن.
ئایەتوڵڵای تاران هاتەدەنگ: "ئەم شتە قەدەغەیە. شا سایەی خوایە لەسەر زەوی. کۆشکەکەی ئەو هەروەک پەرستگا پیرۆزە. خۆ ئەگەر بریتانییەکان نەیانەوێ بێنە ژوور، با نەیەن."
وەزیر وازی لە بریتانییەکان هێنا لە شوێنی خۆیان بوەستن و ڕووی لە نوێنەرانی بیانی دیکە کرد و لەگەڵیان کەوتە قسە.
عوسمانییەکان لە ماڵی خۆشیان لێ ڕاهاتبوون پێڵاوەکانیان دابکەنن.
باڵوێزی فەرەنساش بە وەزیری گوت، فەرەنسییەکان هەمیشە لە ئەفریقادا و لەبەر ڕێزگرتن لە چوونەژوورەوەی ماڵاندا پێڵاوەکانیان دادەکەنن.
ڕووسەکانیش کە زانییان بریتانییەکان جەنەیان گرتووە[٣٦] پێڵاوەکانیان

[٣٦] جەنەگرتن: لە ڕق ڕاچوون و پێچەقاندن لەسە هەڵوێستێکی نابەجێ.

داکەند و بە گۆرەوییەوە بەسـەر مافووری جادوویەکاندا ڕۆیشـتن و تورک و فرەنسییەکانیش بەدوایاندا هەنگاویان نا.
وەزیر ڕووی لە باڵوێزی بریتانی کردەوە و پێی گوت: "کات وا دەڕوا."
بـابـای بریتـانیش پێیگوتەوە: "ئێمە لەوە دەگەین، بەڵام ئێمە ڕێنمـایی دەقـاودەقمـان لە لەنـدەنەوە پێگەیشـتووە، دەبێ پێیەوە پـابەنـد بین. بریتانییەکان پێڵاوەکانیان داناکەنن."
وەزیریش پێیگوتەوە: " جووت گۆرەویەکی شـاهانەت بۆ دەهێنم، دەکرێ لەسەر چەکمەکانت بیانکەیتە پێت."
کابرای بریتانی گوتی: "هەر بیریشی لێمەکەوە."
وەزیر بینی کە شا لایەکی پەردەی لاداوە.
ئینجا وەزیر بە باڵوێزەکەی گوت: "میواندارێتی ئێرانییەکان لە جیهاندا ناسراوە، بەڵام شا بڕیاری دا، تا ئێرە و بەس."
ئینجـا بـاڵوێز ئـامـاژەی بۆ نێردەکەی کرد و ئەوانیش بەبێ خواحـافیزی گەڕانەوە لای ئەسپ و گالیسکەکانی خۆیان.
وەزیر وەسـتا تا ئەوان ڕۆیشـتن، ئینجا خێرا بەسـەر پەیژەکاندا سەرکەوت، چەکمەکەکانی داکەندن و لێ وەژوور هۆڵەکە کەوت. تۆپەکان بۆ سـڵاوکردن تەقێنران، تیپی موزیک دەسـتی پێکرد، بەهار هات. شـا ناسریش بەرەو کورسییە شاهانەکەی خۆی هەنگاوی نا.
ئەو تاجێکی کۆنینەی قەڵەمڕەویەکەی لەسـەر نابوو، کەوایەکی شـۆڕەی ئاودامێن تەڵا و بەردی مرواری پۆشـیبوو. ئەوەش ئەو شـتانە بوو کە نادری گەورە لە هیندسـتانەوە لەگەڵ خۆی هێنابوونیەوە دوای ئەوەی بەسـەر دەلهیدا زاڵ بووبوو. ئەوە یەکەم جار بوو کەلوپەلی گەنجینەی هیندی بۆ خەڵک دەربکەوێ. هەمووان بە شـێوەیەکی سـەرسـامانە تەماشای شایان دەکرد.

کاتێکیش شـــاهەنشـــا لەســـەر جێگەکەی خۆی دانیشـــت، ئینجا بواری دا هەموویان یەک لەدوای یەک بێن و پیرۆزبایی ســـــاڵی نوێی لێبکەن و خۆشـــبەختیی بۆ بخوازن. لەو باولە[٣٧] پڕ لە زێڕەی لای خۆیشـــی، وەک دیاریی ساڵی نوێ دراوی زێڕینی بە ئامادەبووان بەخشیەوە.

[٣٧] باول: باهۆڵ، سندوق

١٥

سوپا نوێیەکە

فرەنسییەکان لێهاتووانە هەوڵیاندا پارچەی ئەو کارخانانەی بەتەمابوون لە ئێران بنیاتی بنێن، لە ڕێی کەنداوی فارسییەوە بیگەیەننە بەندەر عەباسی پەرپووت. لەوێشەوە بە پشتی هێستر و بەو گالیسکانەی کە هێسترەکان ڕایاندەکێشا بە ڕێگە ناخۆشەکان، بەو ڕێگایانەی بە ئاستەم بەنێو دارستان و چیاکان بگەیەننە تاران، ئیسفەهان، شیراز و تەورێز. بەهەمان کارامەییشەوە کاریان لەسەر هاوچەرخکردنی سوپای ئێرانی کرد و وایان لێکرد ببێتە سوپایەکی کارامەی جەنگاوەر.

بەشێک لە کارخانەکان دەمودەست کەوتنەکار. ئیدی وەزیر بەرهەمی خۆمانەی بەچاوی خۆی بینی و بەدەستی خۆی دەستی لێدا، زۆر شاناز بوو. پاشاش بەوەی بە چاوی خۆی بینی هێدمەگرتی بوو: سوپایەکی گەورەوگران لەبن یەکبەرگییەکی زۆر ڕێکوپێک. هەموو شتێکیان هەر لە سوپای فرەنسی دەچوو، هەروەک لە کتێبی مێژووی فرەنسییەوە

خوێندبوویەوە. ئینجا دەستی دایە داری دووربین تا وێنەی چەند سەربازێک بهێنێتە پێشەوە و وردتر لێیان ڕابمێنێ. یەکێکیان بە نیوە دەمکردنەوە سەرسامبوونەکەی لێ تۆراند. ئەو سەیری شەپقەکانیان، چاکەت، چەکمە بریقەدار و تفەنگەکانیان کرد، مرۆ وشەی "زۆر سەیرە"ی لە لێوەکانی بەدیدەکرد. نیگای پاشا کەوتە سەر ڕیزە تۆپێکی نوێ بە گریسی خۆیانەوە، لەبەر ڕۆژی پایزەدا دەبریسکانەوە.

وەزیر بە سوارییەوە بۆ سەر گردەکە ڕۆیشت، بایەکی نەرم یاری بە دامەنی کەواکەی پاشا دەکرد. کاتێکیش وەزیر گەیشتە لای لەشکرەکە، ئەفسەرە فرەنسییەکە هاواری کرد: "ئامادە بن!"
لەپڕ سەربازەکان تفەنگە نوێیەکانیان لەسەر شان دانا.
شا سەیری ڕوخساری وەزیری کرد و خەندەی لەسەر لێو بەدیکرد. وەزیر لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بە دەستی ئاماژەی بۆ شوێنێکی دوور کرد و بانگی کرد "ئاگر دەن!" ئەوانیش پلیان لە پەلەپیتکە گیرکرد و دەنگی تەقە هات. ئەسپەکەی شا حیلاندی و خەریک بوو هەڵسێتە سەر پاشوو. پاشا بە نەرمی دەستێکی لە کەمەری دا و هێوری کردەوە. بە ئاماژەیەکی وەزیر پۆلێک لە عەریفەکان بەرەو تۆپەکان غاریان دا و لوولەیان بەرەو ئاسۆ ڕاگرت. وەزیر هاواری کرد : "بیتەقێنن!"
ئیدی بۆ حەوت جار لەسەر یەک تۆپ هاوێشتران. شا دەبووایە توند جڵەوی ئەسپەکەی بگرێ و ڕکێفی توند بکا و بیسەنگرێنێتەوە.[٣٨] ئینجا لە گردەوە شۆڕبووەوە.
ئەفسەرە فرەنسییەکان سڵاویان کرد و فەرمانیان پێدرا لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بن. ئینجا ستونی لەشکر، هەنگ بە دوای هەنگ بە بەردەم شادا ڕەت بوون و ئەویش بەردەوام دەستی تا ئاستی کڵاوەکەی بۆ بڵند

---

[٣٨] سەنگرانەوە: هێورکردنەوە و ڕاگرتن.

کردبوون. ڕوون و ئاشـکرا ئەو لەبن باندۆری نمایشـەکەدا بوو. وەزیر کاریکی باشی کردبوو، لێ شا لای خۆی ڕەتیکردەوە پەسنی بدا. لەبری ئەوە گوتی: "هەموو لەشکر بەم شێوازە ڕێکخراوەتەوە؟"

"نەخێر، جەنـابی پایەبەرز، هێشـــتا هەمووی نا! ئێمە بە تەواوی لێ نەبووینەتەوە، کاتی زۆرتری دەوێ تا بە تەواوی بگەینە ئەو ئاستە."

ئەو ئامادەباشـییەی لەبەرچاوی پاشـا ڕووی دا، زۆر مایەی سـەرنج و رامان بوو، پێی سـەرسـام بوو، ئیدی شـا بیری لە دیسـپلینی سـوپای ڕوسـی کردەوە، ئەو کاتەی کە خۆی و باوکی لە دژی ئەوان شـەڕی کردبوو. ئەوەش ڕوون و ئاشـکرا بوو، وەزیر کاریگەرییەکی زۆری بەسـەر سـوپاوە هەبوو. دیاربوو ئەو سـوپاسـالاری گشـتیی هێزەکەیە نەوەک پاشا خۆی.

لە مێشـکی شـادا پیلانیک سـاز بوو. بەو هێزە تۆکمەیە دەتوانێ هەرات لەبن دەستی بریتانی و ئەفغانییەکان دەربهێنێ.

وەزیر ئەفسـەرەکانی بۆ ڕیزی پێشـەوە هێنا و کورتە گفتوگۆیەکی بە زمانی فرەنسی لەبارەی ئەو چالاکییانەی لێبوونەتەوە کرد ئینجا ئەوانی بە پاشا ناساندن.

پاشـاش دەسـتی بۆ بەرکی کەواکەی بردەوە و هەر ئەفسـەرێک چنگێک دراوی زێڕینی پێدان، ئەو دراوەی وێنەی خۆی لەسەر هەڵکەنرابوو.

١٦

ڕوس بەدوای پەیوەندیدا دەگەڕێن

شــۆڤار و ســووســەکارانی بریتانی لە هەموو کاتێک چالاکتر و کاراتر بوون، خواخوایان بوو زانیاریی زیاتر لەبارەی هاوکاریی ئێرانییەکان لەگەڵ فرەنسی و ڕوسەکاندا خڕبکەنەوە.

ئاخر لە وڵاتەکەدا هیچ کەســێکی دەســترۆیشــتووی ئەرســتۆکرات نەمابووەوە، بریتانییەکان نەیانکڕیبێ. هەر کەســێک گەر بۆ کەمێکیش مرخی لە ســیاســەت خۆشــکردبا و چاوی تێبڕیبووایە، دەیزانی بەبێ دەستلەپشتدانی بریتانییەکان نەدەگەیشتە هیچ دەستکەوتێک.

لە ماوەی ئەو پەنجا ســاڵەی ڕابردوودا، ئینگلیز نەوەک هەر لەگەڵ کەسانی ناو بازنەی دەســەڵات، بەڵکو ڕایەڵەی پەیوەندییان لەگەڵ ئیمام و ئاخوندی مزگەوتەکان و ســەرۆک هۆز و تیرەکانی هەر چوار کەناری وڵاتەکەوە ڕاچاندبوو. بریتانییەکان هیچیان باز نەدەدا.

وەزیریش تەونی خۆی لە سـووسـەکاران هەبوو، زانیارییـان بۆ کۆدەکردەوە. لەوانەوە سـەرەداوی ئەوەی بۆ هـات، کە مەهـدولیـا بە دزییەوە لە نێو حەرەمسـەرادا لەگەڵ شـا سـرتەسـرتیان بووە و دیارە شـتێکیان لەبن سـەردا هەبووە. گومانی ئەوەی کرد، ئەو دیدارەیان لەبارەی پرسێکی هەستیارەوە بێ.
ئەو کەسـەی ئەم هەواڵەی بۆ وەزیـر بـردبوو، پیـرەژنێکی نـاو حەرەمسـەرابوو، ئەو پیرەژنەبوو کە موو و گەنـدەمووی دەموچاوی ژنانی حەرەمسـەرای هەڵدەگرت و پاکیدەکردنەوە. جارێکیان بینی دایکی شـا کە بەتەواوی چارشـێوێکی بەخۆیدا دابوو، هەروەک یەکێک لە ژنەکانی حەرەمسـەرابێ، لەیەکێ لە ژوورەکانی پشـتەوەی کۆشـکەکە چووبووە ژوور. ئەوکات پیرەژنەکە خۆی لەپەنا دۆلابێک حەشـار دا تا بزانێ ئاخۆ چی دەگوزەرێ. بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پاشاش هاتە ژوورەکە. پیرەژنەکە ئەوەندە شـڵەژابوو، تەنانەت سـەری لێ تێکچوو، نەیتوانی گوێی لێبێ ئاخۆ لەو دانیشـتنەدا چی گوترا. دەبووایە وەزیر خۆی مەتەڵەکە هەڵبێنێ و بەدوایـدا بچووبـایە. ئەو ئەوکـاتە زانی، ئەوکاتیش هەم بۆ ئەو و هەم بۆ وڵات کارلەکار ترازا بوو. گەر وەهـا نەبووایە، ئەوا گوێی لەمەی خوارەوە دەبوو:
شا بە دایکی گوت: "باشە دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟"
"باڵوێزی ڕوسیا پەیامێکی بۆ تۆ هێناوە."
شا پرسی: "لە کێوە؟"
"هیچ ناو نەهێنراون، بەڵام واپێدەچێ لە قراڵی ڕوسەوە بێ."
"دەیانەوێ لەبارەی چییەوە قسە بکەن؟"
"هێشتا ناوەڕۆکەکەی نەزانراوە."
پاشا پرسی: "کێ پەیامەکە دەگەیەنێ؟"

"ئەگەر پاشـــا ڕێگە بدا، ســـیاســـەتوانێکی ڕوســـی پلەباڵا لەبن بەرگی بازرگانێکدا لەگەڵ کۆمەڵێ شـــتکڕ دێنە تاران. ئیدی ئەو لە باتی قڕاڵ دەیەوێ لەگەڵ پاشادا قسە بکا. بەهیچ شێوەیەک نابێ بریتانییەکان پێی بزانن."
دیسان شا پرسییەوە: "شتەکە لەبارەی چییەوەیە؟"
مەهدولیاش گوتی: "من گومانی خۆم هەیە، بەڵام وەها باشـــترە ئارام بگری تا لە دەمی خۆیانەوە دەیبیستی."
شا پێیگوتەوە: "لەکوێ ئێمە ئەوان ببینین؟"
"باشـترین شـوێن شـوێنی حەوانەوە لاپەڕگەکەی شـێخ ئاغاسـییە. ئەو کەسـێکی ناسـراوی ئێمەیە، زۆریش باوەڕپێکراوە. پێمباشـە ئێمە بچینە باخە ئاڵوباڵووەکەی ئەو. خۆ ئەگەر شا ژنەکانیشی لەگەڵ خۆی ببا ئەوا وەک سەیرانێکیشی لێدێ."
شا بێدەنگ بوو. مێشکی بیرۆکەکەی گرت.
ئینجا مەهدولیا پرسی: "دەکرێ من دیدارەکە ڕێکبخەم؟"
شا وەڵامی دایەوە: "باشە، ڕێکیبخە."
ئەوسا مەهدولیا دەستی شای گرت و بە سینگی خۆیەوە توند گوشی.

کاتێک مەهدولیا لەوێ ڕۆیشـــت، پاشـــاش گەڕایەوە هۆڵی مینابەندەکە و داوای قلیانی کرد. چوو لەسەر دۆشەک و لەنێوان سەرینەکاندا دانیشت. لەکاتێکدا قلیانی دەکێشا لەگژ هزران ڕاچوو.
هەرگیز دایکی بە خۆی ڕەوا نەدەبینی وەک پەیک و تەتەر بکەوێتەگەڕ مەگەر پرســـەکە زۆر گرنگ و هەسـتـیار نەبێ. شـــا بڕیاڕی دا جارێ چاوەڕێ بکا و هیچیش لای وەزیرەکەی نەدرکێنێ.

١٧

باخی ئاڵوباڵو

ئاڵوباڵوش هەر گێلاسە، بەڵام سوورتر و ناسکتر و بەتامترە. خۆشترین جۆری ئاڵوباڵو لە دەرەوەی تاران لە بەرزاییەکانی ئەلبورزدا هەیە. لە شـــــارەکانی دیکەدا ئاڵوباڵو لە کۆتایی حوزەیراندا پێدەگا، کەچی گێلاســــەکانی تاران لە کۆتایی هاویندا پێدەگەن و لە ســــەرەتای پایزدا بەتەواوی لە هەڕەتی خۆیان دان. ســـروشـــت کاتی خۆی وەردەگرێ تا بەتەواوی چێژ و تامیان بداتێ.

ئاڵوباڵو لە میوە هەرە خۆشـــەویســـتەکانی عاشـــقە لاوەکانی ئێرانە. کیژوکـاڵ و ژنـانی گەنج ئەو گێلاســـــانە لەبەر گوێیـان دادەنێن و کوڕوکاڵیش بەدوایان دەکەون تا ئاڵوباڵوەکە لێبکەنەوە.

ئاڵوباڵو میوە هەرە شـیرین و خۆشـەویسـتەکەی شـا بوو. نەوەک هەر کەســـانی دەوروبەری ئەو دەیانزانی، بەڵکو بازرگانە دەوڵەمەندەکانی بـازاڕیش دەیـانزانی، ئەوانەی بـاخی گەورەی ئـاڵوبـاڵویـان لە دەرەوەی شـــاردا هەبوو. هەر بۆیە لە کاتی پێگەیینی ئاڵوباڵودا شـــا و ژنەکانیان بـانگهێشـــتی باخەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە نێو ئـاڵوبـاڵو و

گێلاســـەکـانـدا بە خۆشـــی بەســـەربەرن. هەروەهـا ئەو خـانەوادە ئەرستۆکراتیانە لەو گردانەی دەوروبەر قەڵا و خانووی گەورە گەورەیان دروســتکردبوو، هاوینانیان لەوێ بەســەر دەبرد. هەر بەڕاســتیش ئەو شـوێنانە مێرگێکی بەهەشـت بوون بۆ خۆیان، باخەکانیشـیان بەگوێرەی ئەندازیاریی باخی ئێرانی لێدابوو.

شیخ ئاغاسیش یەکێ لە باشترین باخی ئالۆبالۆی لە تاران هەبوو.

ئەو لەوێ هەموو ئامادەکارییەکی کردبوو بۆ ئەوەی ئەو دیدارە نهێنییەی نێوان شـا و ڕوسـەکان بە باشـی بەڕێوەبچێ. شـەوێ پێشـتر شـا لەناو پێخەفەکەی خۆیـدا بوو. غەریبی شـــەرمینی دەکرد. زۆر بەدرەنگەوە پشیلەکە لە ژووری نوستنی شا وەژوورکەوت. شا هەستی بە نائارامیی پشیلەکە کرد.

"شەرمین ئەوە لە کوێ بووی؟"

پشیلەکە خۆی خزاندە سەر جێی پاشا، ئەویش دەستێکی بە سەر تووکی سەریدا هێنا هەستی کرد پارچە کاغەزێکی لولدراوی بە ملەوەیە.

"ئەوە چییە بە گەردنتەوە؟"

بەڵێ ئەو لەبەر تیشـــکی مۆمەکەدا پارچە کاغەزێکی لوولدراوی بینی. چەند وشەیەکی لەسەر نووسرابوون، بە ئاستەم دەخوێندرانەوە. "بەیانی! ئاگات لەخۆت بێ!"

ئای لەمە؟ ئەوە چی دەگەیەنێ؟ تۆ بڵێی کێ نووســیبێتی؟ باشـــە بۆچی ئەو ئاگای لەخۆی بێ؟ ئایا ئەمەیە هۆشـــدارییەکە، گەفە یان گاڵتەیە؟ تۆ بڵێی کێ زاتی ئەوە بکا، پشیلەکەی ئەو وەک پەیک بەکاربهێنێ؟

ئەو پارچە کاغەزەکەی لە بەرکی چاکەتەکەی دانا و دیسان پاڵکەوتەوە.

"شـــەرمین، ئەرێ کێ ئەوەی کردووە؟ دۆســـت بوو؟ دوژمن بوو؟ ئەو هەر دەیپرســـی: "ئەوەی ئەم شـــتەی کرد، یەکێ بوو لە ژنەکـانی حەرەمســـەرا؟ دیارە ئەو ئیرەیی بەتۆ دەبا، چونکە تۆ هەموو شـــەوێک

لەگەڵم دەخەوی؟ تۆ بڵێی فروغ بێ و لەبەر ئەوە وای کردبێ کە من لەمێژە بەلایەوە نەچووم و ســـەرجێیم نەکردووە؟ بەڵام خۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر بۆم دەردەکەوێ، ئەوســـا هەر کەســـێک بێ: ئەوا من هەر لەسەر بانەوە فڕێیدەدەمە خوارەوە تا هەپروون بە هەپروون ببێ.
ئێمە بە تەونێک لە نەیار و دوژمن دەورە دراوین، ئاسـایشـمان پارێزراو نییە. ئەم پارچە کاغەزەی ملی پشیلەکە بەڵگەیە. بەڵێ بەڵگەیە، لەوە زیاتر هیچی دیکە نییە. پاشـا هەمیشـە لە مەترسـیدایە، هەرگیز ئەو ناتوانێ بە ئارامی لێی بخەوێ."

بۆ بەیانییەکەی، شـــا زوو بێدار بووەوە. بەرچاییەکەی ئامادە کرابوو. یەکێ لە نۆکەران لەسەر دەفرێکی گەورەی زیویندا خواردنی پشیلەکەشی هێنا. شـــیری تەڕوتازەی لە فەخفوریەکی چینی و گۆشـــتی کولاوی بەرخیشـــی لەســـەر دەفرێک بۆ هێنا دامێنەکەی بە بازنەیەکی زێڕین نەخشـــابوو، یەک دوو پارچە نان بە کەرە چەورکراو لەگەڵ بادییەک[٣٩] ئاو.
شـــا ســـەیری پشـــیلەکەی دەکرد کە خواردنەکەی دەخوارد و لەهەمان کاتیشدا چاوێکیشی لەسەر خزمەتکارەکە بوو. خۆ هەر دەبێ یەکێک لەو کۆشکە بێ کاغەزەکەی لە ملی ئەو بەستەزمانەوە کردبێ.
دوای نانی بەیانی پەردەدار جلە دوراوە تازەکانی هێنان کە زۆر بەجوانی بەقەدکراوی لەســـەر دەســـتی دانابوون. کابرا هیچی لەبارەی دیدارە چاوەڕوانکراوە نهێنییەکەی شـــای لەگەڵ ڕوســـەکان نەدەزانی. شـــا پێی گوت: "نا ، نەخێر، دەبێ جلی فەرمیتر بێ."
پیاوەکەش بە ئەسپاییەوە گوتی: "بەڵام جەنابی شا زۆری پێناچێ دەچێتە نێو ئاڵوباڵوان، لەوانەیە وەها باشتر بێ، ئاخر...."

[٣٩] بادی: دەفرێکی قووڵە بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێ.

شا لەسەر قسەکەی مکوڕبووەوە بێ ئەوی چاو لە کابرا بکا پێی گوتەوە:
"جلی فەرمی."
کەمێک پاشـتر، پەردەداری بابنۆکەر بەخۆی و قاتێکی فەرمی گەڕایەوە.
بە دوودڵیەکەوە قاتەکەی نیشانی شا دا.
شاش گوتی: "تەواوە، ئەمەیان باشە."
ئینجا قاتەکەی بەدەستەوە گرت و لەبەر ئاوێنەکە وەستا و تەماشایەکی خۆی کرد و گوتی: "ئەمەیان نایابە، وا دەڕۆین جلمان دەگۆڕین."

تا ئەوکاتیش شوێنی حەوانەوە لاپەڕگەکەی شێخ ئاغاسی بۆ هاتنی شا و ژنەکانی حەرەمســەرا ئامادەکرا. لە تاران گەرما بوو، بەڵام لەقەدپاڵی شــاخی ئەلبورزدا هەوایەکی فێنک بوو. لە باخەکەی شــێخ ئاغاســییدا چڵەدارەکــانی دار ئـاڵوبـاڵو لەبەر مێوە ســـوورە گەییوەکە شــۆڕ بووبوونەوە، بۆن و بەرامەیەکی نـایابیـان لێوەدەهـات. شـــا هەروەک منـداڵێـک کەوتە ڕنینەوەی ئـاڵوبـاڵوەکـان. ئەو هەرگیز دەســـتەکـانی بەکارنەدەهێنان، بەڵکو دەچووە ژێر لکە شـــۆڕبووەکەوە و بەدەم و لێو ئاڵوباڵوەکانی لێدەکردنەوە.
شێخ ئاغاسی دەیزانی چۆن شا دڵخۆش بکا. ئەو بانگی پیرە نانەوایەکی بازاڕی کردبوو تا ئاڵوباڵوەکان لەگەڵ شـەکر و شـتی بۆنداردا تێکەڵ بکا و شــیرینتر و بەتامتریان لێ بکا. شــێخ ئاغاســی مافوور و ڕایەخی گەورۆنەی لە باخەکەدا ڕاخست و تەختەبەندی بە سەرینی ڕەنگاورەنگ لەوێ دانان، بۆ ئەوەی شا و ژنەکانی لەوێ هەست بکەن لە ماڵی خۆیانن و ئازادیی خۆیان وەربگرن.

شـــا لە ڕێ بوو بگـاتە ئەوێ. لەدوای ئەو حەفتـا و پێنج ژن لە حەرەمســـەراکەوە بە تـایبەت بۆ ئەو بۆنەیە لێگیرابوون. ژنەکـان

چارشێوپۆش بوون و ڕووبەندیان دادابووەوە و هەر یەکێکیشیان دووربینێکی لەمل کردبوو، ئەمەش دیاریی کونسولی ئینگلیز بوو بۆ ژنانی ئەوکاتی شازادەی جێگرەوە.
دووربینەکان لە سندوقێکی داردا بوون و بە ئینگلیزی لەسەریان نووسرابوو: "لە خاتوونە شازادەکانیماڵی پاشایەتیی بریتانیاوە بۆ شازادەکانی ئێرانی. لە دڵەوە." کاتی خۆی دەقەکە نەوەک دووربینەکان جێگەی دڵخۆشیی شا بوون.
هەر کاتێک ئەو لەگەڵ ژنەکانی بە گەشت یان سەیرانێک دەردەچوو، لێدەگەڕا دووربینەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ئەوەی لە ڕێگا خۆیان پێوە بخافڵێنن.
ئەو ژنانەی دەرفەتیان بۆ ڕێککەوت لەگەڵ شادا دەربچن، ژیانی خۆیان هەبوو. ئەوکاتانە خۆشترین ساتەوەختی ژیانیان بوو. باوکی شا هەرگیز ئەو زەحمەتییەی نەدەدایە بەرخۆی تا لە گەشتەکانیدا ژنەکانی حەرەمسەرا لەگەڵ خۆی ببا، ئاخر ئەو تەداروکە زۆری دەخایاند.
شا بۆ پێشەوە لێدەخوڕی. مایەی سەرنجیش بوو شەرمینی لە ماڵ بەجێهێشتبوو. ژنەکان بیچمی پاشایان بینی زیاتر بە پەست و تووڕە دەچوو، بۆیە هەوڵیان دەدا خۆیان لە شەڕی لابدەن.
ژنەکان بە چرپەوە:
- "خۆ پشیلەکە ژیری کردبووەوە."
- "لەوانەیە ئێستا غەریبیی پشیلە خۆشەویستەکەی بکا."
- "باشە بۆچی لە ماڵەوە بەجێیهێشتووە؟"
ژنێکیش بە پێکەنینەوە هەڵیدایێ: "پێدەچێ پشیلەکە تەواو نەبێ."
- "ئەو زۆر بەز و گۆشتی دەدرێتێ."

- "خۆ ئەگەر نەخۆش بکەوێ، ئەوا پایەبەرز لەماڵ دەرنەدەچوو، پشیلەکە نەساغ نییە، من ئەمڕۆ لەسەر بانەکە بینیم، ئەو لە غیابی پاشا لەگەڵ پشیلە تۆڕییەکان خۆش ڕادەبوێرێ."
ژنێکی دیکە بە چرپەوە گوتی: "کەواتە شتێکی دیکە لە ئارادایە."
"چییە دەڵێی بە دڵت نییە؟ شــــا گوللەتۆپی زیاتری بۆ تۆپەکەی خۆی لەگەڵ خۆی هێناوە."
ژنەکان دەستیان دایە داری دووربینەکەیان و چاویان پێ لە تۆپەکە کرد.
یەکێک لە ژنەکان بە قرتەوە: "ئەو ئێمە دەباتە بەرەی پێشەوەی جەنگ."

لە دەرەوەی تاران، ئەو شــــوێنەی دەرفەتێکی وەها نەبوو، تا ژنەکان تووشـــی کەســـانی لایدە بین، بۆیە ڕووبەندەکانی خۆیان لادا و بایەکی گەرم لە سەری دان. بەم جۆرە ڕۆیشتن تا گەیشتنە هاوینەهەواری شێخ ئاغاسـی. ژنان هەموویان شێخیان دەناسـی. لەبەر ئەوەی ژنەکان دایکی پاشایان خۆشنەدەویست، بۆیە حەزیشیان بە چارەی شێخ نەدەکرد.
- "ئەو شتێکی لەگەڵ شاژن هەیە."
- "هەمیشە کابرا لای شاژنە."
ئەوان بە چاوداگرتنێکەوە گوتیان: "شـــاژن زۆر جاران پێویســــتی بە ڕاوێژی شێخ هەیە."
"یەکێک لە ژنەکان لاســایی دایکە شــاژنی کردەوە و گوتی: "دەی وەرە، ئامۆژگاریم بکە. دەی توخوا وەرە، پاشـــەڕۆژم بۆ بخوێنەوە، وەرە ئەستێرەکانم نیشان بدە."

شـێخ ئاغاسـی لە دەروازە لە پێشـوازیی شـادا ڕاوەسـتابوو. ئەو جلێکی هـاوینەی تەنکی لەبەردابوو، ڕیشـــەکەشـــی کە تاســـەر ســـینگ شـۆڕبووبووەوە، زۆر بەجوانی شـانەی کردبوو. خێرا بەرەو پیلی شـا

غاریدا، کە هێشتا هەر لەسەر ئەسپەکەی دانەبەزیبوو، دەمی خستە سەر چەکمەی ڕاستی و ماچیکرد. شا لە ئەسپەکەی دابەزی و شێخ ئاغاسیش جڵەوی ئەسپەکەی بۆ گرت.
دیسان ژنانی پاشا ڕووبەندیان پۆشی و چاوەڕێی ئاماژەی شا بوون.
شێخ ئاغاسی پێیگوت: "ڕوسەکان بۆ دوای نیوەڕۆ دەگەن. بۆیە جەنابی پایەبەرز کاتی تەواوی خۆی لەبەردەستە تا لەگەڵ حەریمەکانی لە باخەکەدا پشوو بدەن. کەشوهەوا زۆر خۆشە و هەموو شتێکیش بۆ جەنابتان ساز و ئامادەیە. ئەگەر پاشا ڕێگەم بدا، تا نێو باخەکە یاوەری دەکەم."
پاشاش سەری بۆ لەقاند ئاماژەی بە ژنەکان دا لەسەر پشتی ئەسپەکانیان داببەزن.
شێخ ئاغاسی دەروازەی باخەکەی کردەوە و گوتی: "فەرموو بۆ ژوورەوە و باخی مسکێنی خۆت پیرۆز بکە."
شا بەو دیمەنە سەرسام بوو. لک و چڵی دارەکان لەبن ئاڵوباڵووە سوورەدا شۆڕبووبوونەوە، بە جۆرێک شا لەسەر پەنجەکانی بوەستێ بە هەندێک لەخۆکردنەوە دەیتوانی بە دەمی ئاڵوباڵووەکان لێکبکاتەوە. ژێر دارەکانیش بە مافوور و ڕایەخی جوان و نەخشین ڕاخرابوو، سەریشیان پڕ لە دۆشەک و سەرینی ئاوریشمینی ڕەنگین بوو. چادری گەورە گەورەش سێبەریان بەسەر مێزی گەورۆنە گەورۆنەدا کە پڕ لە خواردن و جۆربەجۆر، شەربەتی میوە، سەوزە و ساردەمەنی جۆراوجۆر بوو. بۆنێکی زۆر خۆش و ناوازە دەمار لەو شوێنەوە دەهات.
شا ڕووی لە شێخ ئاغاسی کرد و گوتی: "ئێمە ئێرەمان زۆر پێخۆشە."
"ئاغاسیش وەها وەڵامی دایەوە: "مسکێنەکەی خۆت هیوای پشوودانێکی خۆشت بۆ دەخوازێ. با حەریمەکانیش لێرە هەست بکەن هەروەک

ئەوەی ماڵی خۆیان بێ. هیچ کەسێکی لایدە لەو ناوە نییە، منیش هەرزوو ئێرە جێدێڵم و دەچمەوە ژوور. هەر کاتێکیش پێویســـتت بە ئێمە هەبوو، ئەوا دەردەست دێمە خزمەتت.'
شێخ بە کڕنووشێکەوە گەڕایەوە نێو خانووەکەی خۆی.
کـاتێکیش ئەو ڕۆیشـــــت، ژنەکـان بە حەپەســــــانەوە بەنێو بـاخەکەدا بڵاوبوونەوە. چاویان بەو مێوانە ئەبڵەق بوو، بەڵام دەستیان بۆ نەبرد تا شا ئاماژەی بۆ نەکردن کە دەتوانن لەو خواردن و خواردنەوەیەدا بخۆن و بخۆنەوە. لێ شــــا خەیاڵی هەر لای ڕوســــەکان بوو و بەزموڕەزمی ژنەکـانی لەبیرچوبووەوە. یەکێ لە ژنەکـان زاتی کرد ئـاگاداری شــــا بکاتەوە ئاخۆ دەتوانن دەست بۆ ئاڵوباڵووەکان ببەن.
ئینجا شــا ئاوڕی لە ژنەکان و لە ئاڵوباڵوەکان دایەوە. دەســـتی بردنەوە پشتەوە و بە بندارەکاندا قەدەمی لێدا بەدوای گەورەترین ئاڵوباڵودا گەڕا. ئەو دەنکە ئاڵوباڵوەش زۆر بەرز بوو. لەســەر پەنجەی پێ هەوڵیدا دەمی پێبگا، بەڵام نەکرا. بۆ دووەم جار هەوڵیدایەوە، ئەمجارە دەمی گەیشـــتێ. ژنەکانیش بە کەیفەوە تیختیخەیان دەدا. ئینجا ئەویش دیســــان تەکانێکی بەخۆی دا و خۆی تا هێزی توانی درێژ کردەوە. دەتبینی پێیەکانی لەبەر کشــــتکردنی دەمارەکانی ڕانی دەلەرزین، خەریک بوو دەنکە ئاڵوباڵووە خەپەکە بخاتە ناو دەمی و لە هاواریش نەدا. خۆی ئەوە ڕووداوە یەک جار دەقەوما. خۆی نەدەبوو کەس پاشــا بە ســەری کۆتەوە ببینێ. هەر بۆیە یەکســەر ژنەکان ڕووی خۆیان وەرگێڕا. بەڵام خۆ بروسـکە ئاسـا لە نیگایەکدا بینیان سەری پاشا کەمێک کەچەڵ و کەمێکیش ماشوبرنجی بووە. ئینجا ئەویش کڵاوەکەی خســتەوە ســەرێ و بە چاوێکی تووڕەوە لە ژنەکانی ڕوانی. کەشــــوهەوای ئاهەنگ ئامێز ڕەوایە. هێشــــتا دەنکە ســـوورە ئاڵوباڵوە خەپەکە هەر بە چڵەکەوە مابوو. ئەمجارەیان دەســتی بۆ برد و لێیکردەوە و بە نێو پەنجەکـانی یـاری پێـدەکرد. تۆ بڵێی

بیپلیشـــێنێتەوە و فڕێیبداتە ســـەر زەوی یان بیخاتە نێو دەمی؟ پاشـــان دەنکە ئالوبالوەکەی خستە دەمی و قەپالی لێگرت. تامەکە هەموو شتێکی نەرم کرد.

ئینجا شا گوتی: "نایابە ، زۆر نایاب."

نانەواکە وەستایانە کاری خۆی کردبوو. پاشاش لە ئاستی شیرینییەکان وەستانی بۆ نەبوو. ئەو بیری لەو ئامانجەی نەدەکردەوە کە بۆی هاتبوو، بەڵکو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تا زگی هێشا یەک لەدوای یەک ئەو شتە خۆشانەی لەسەر مێزەکە دانرابوون، خواردی.

بە نالینێکەوە بانگی کرد: "چایەکی گەرم بە قەندەوە."

هەر بەڕاســتیش ئەمە هەولێک بوو بۆ ســووککردنی ئازاری زگ، چونکە زۆر ئالوبالوی خواردبوون. کاتێکیش چایە شــیرینەکەی لەســـەر کرد و ئێشی زگی هەندێک سووک بوو، ئەوجا بە پالکەوتنەوە سەیری ژنەکانی دەکرد کە ئالوبالویان لێدەکردنەوە.

شــا لە شــوێنی خۆیەوە بانگی ژنەکانی کرد و ئاماژەی بۆ دەکردن: "نا ، نەخێر، وەها نا، بە دەست نا، بەدەمتان بیگرن و لێیبکەنەوە."

ژنەکانیش دەستیان لەپشت خۆیانەوە گرت و لەبن دارەکان وەستان. شا بە پێکەنینەوە ســـەیری لێوەکانی ئەوانی دەکرد، کە بەهۆی قەپالگرتن لە ئالوبالوەکان ســوور هەلگەڕابوون. ئەمە ئەوی شــێت کرد. بانگی یەکێک لە ژنەکانی کرد و لێوەکانی مژین. یەک دوو گێلاســـی گرتن، بەســـەر دەموچاو، بەســـەر لامل و ســـینگ و مەمکیدا پلیقاندییەوە. ژنەکان خۆشـــییان لەو مەیلەی شـــا بۆ ئەوان بینی. ئاخر ئەمە یەکێک بوو لە ساتەوەختە دەگمەنەکان کە شــایان تێدا خۆشــدەویســت. ئەو ئێســتا هی هەمووانە، لێوی هەر ژنێکی ماچ دەکرد کە دەســتی دەگەیشــتێ و بەلایدا ڕەت دەبوو. کاتێکیش گەڕانەوە کۆشک، ئەوا ئەو شتەی ئێستا بینیویانە کردوویانە دەیگێڕنەوە کە چەند چێژ و خۆشـــییان لێ بینیوە. ئەمەش

ئیرەیی لەنێوانیان دەوروژێنی، ئاخر لەو ساڵە هەبوو لە لایەن شاوە ئاوڕی لێنەدرابووەوە و ماچ نەکرا بوو. ئەو ماستە بێ موو نەبوو.
شا یەک دوو پیاڵە چای خواردنەوە ئینجا قیت لەسەر تەختەبەندەکە لێی ڕاکشا. چاوەکانی داخستن بەو نیازەی هەندێک چاوی گەرم بکا.

بێدەنگییەک باڵی بەسەر باغەکەدا کێشا. ژنەکان چوونە سەر تەختەبەندە گەورەکان دانیشتن تا نێرگەلە بکێشن. شا بە نائارامی نوست، چەند جارێک خۆی وەرگێڕا. لە ساتەوەختێکدا هەڵسایەوە. ژنەکانی لە شوێنی خۆی جێهێڵا خۆیشی چووە نێو ئەو خانوەی کە زۆری پێنەدەچوو نێردەکەی ڕوسی دەگەیشتێ.
شێخ ئاغاسی پێیگوت؛ "ئەرێ جەنابی شا هێشتا دەخوازێ پشوو بدا؟"
ئەمەی گوت و یاوەریکرد بۆ ژوورێکی تایبەت.
شا دەستی دایە کتێبێک کە لەسەر مێزەکە داندرا بوو، چوو لەسەر کورسییەک لێی دانیشت، پێیەکانیشی خستنە سەر کورسییەکی دیکە و پەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدانەوە.
"ئەرێ جەنابی پایەبەرز پێویستی بە شتێکی دیکە هەیە؟"
شا ئاماژەی نەخێری بۆ کرد، ئیدی شێخ کشایەوە و بەجێیهێشت.

دوای کەمتر لە سەعاتێک شێخ گەڕایەوە، بەنەرمی لە دەرکەی دا و دوای مۆڵەت وەرگرتن لە شا پیاڵە چایەکی بۆ هێنا. پاشان یاوەریی کرد بۆ دیوەکەی دیکەی خانووەکە، لەوێ دەبووایە پێشوازی لە نێردەی ڕوسەکان بکردبایە. ئەوانیش لەسەر هاتن بوون، لێ پێدەچوو هەندێک دواکەوتبن.
شا لە ژووری مێوان و ئاغاسیش لە دەرکەی پشتەوە چاوەڕێ بوو، بەڵام هیچ سۆراغی ڕوسەکان دیار نەبوو. شا لە درزی پەردەکەوە

سـەیری چیمەنەکەی دەکرد، ئەو شـوێنەی قەولوابوو نێردەکەی پێدابێ. بۆ دیدارێکی لەم ئـاسـتەدا ئەوا دواکەوتن بەبێ خەبەردان شـتێکی نەخوازراو بوو. شا لەنێو ژورەکەدا هەر ڕاوچکەی دەدا جارێکی دیکە لە درزی پەردەکەوە سـەیری دەرەوەی کرد. شـێخ ئاغاسـیش دەمێک بوو وەک بت لە دەرکە وەستا بوو. زاتی نەدەکرد لە شا بچێتە ژوور.
شا بەخۆی بە دوای شێخ ئاغاسیدا گەڕا.
لێی پرسی: "چییە، کێشەیەک قەوماوە؟"
"نەخێر. تا ئەو ڕادەی من بیزانم هیچ نەبووە. هەموو شتێک لەگەڵ دایکت بە وردی تاوتووێ کراوە."
شا پێی گوتەوە: "لەوانەیە ڕێگەیان هەڵە کردبێ؟"
شـێخ وەها وەڵامی دایەوە: "باڵوێزی ڕوسـی دوێنێ بەخۆی هاتە ئێرە تا ڕێگەوبان شـارەزابێ." شـا بەدەسـت گرێدان لە پشـتەوە گەڕایەوە ژوری چاوەڕوانی مێوانان. هەر کەمێک دوای ئەو بەلای شـــادا هات و پیاڵە چایەکی دیکەی بۆ هێنا.
شـا بەدەسـتێک پیاڵە چایەکەی لادا و گوتی: "باشـە دەبێ چەند پیاڵە چا بخۆینەوە؟"
شـێخ کە لە تووڕەیی شـا دەترسـا، خۆی کێشـایەوە. بە ئاسـتەم توانی دەمارگرژییەکەی خۆی جڵەو بکا.
شـــا نەیتوانی زیاتر خۆی بگرێ، هەدادانی نەما. چووە نێو هۆڵەکە و لەوێوە چاوی لە ژنەکان بوو، کە لە سـایەی دارەکاندا پشـوییان دابوو. دەسـتی بۆ بەرکی چاکەتەکەی برد و هەسـتی بە پارچە کاغەزەکە کرد. ئەو دیســان شـــتەکەی لەبیر چووبووەوە، ئەو پارچە کاغەزەی بە ملی پشیلەکەی وەکرابوو. "سبەینێ! ئاگاداربە!"
لە شـــوێنی خۆی حەپەســـا، تۆبڵێی ئەم هۆشـــدارییە بۆ دەرچوون لە کۆشـک پەیوەندی بە ڕوســەکانەوە هەبێ؟ دیســان گەڕایەوە ژووری

چاوەڕوانی میوانان، پەردەکەی هەندێک هەڵدایەوە دەســـــتی دایە داری دووربینێ. هیچ شـــتێکی لێدیار نەبوو، لە هەموو لایەکەوە هەر بێدەنگی بوو.

لەپڕ گوێی لە تەقەیەک بو لە دوورەوە هات. تۆ بڵێی سەرچیخ نەچووبێ؟ تۆ بڵێی شـــێخ ئاغاســـیش گوێی لەو تەقەیە بووبێ؟ پەنجەرەی کردەوە گوێی هەڵخست. دیسان گوێی لە دەنگی تەقەیەکی دیکە بووەوە.

شا بانگی کرد: "شێخ؟"

دەستبەجێ شێخ ئاغاسی گەیشتە لای. "ئەرێ گوێت لێبوو؟"

"لەچی؟"

"تەقەکان. دوو جاران گوێم لێبوو."

شـــێخ ئاغاســـی کە زۆر جوان دیار بوو پەشـــۆکا بوو، چووە لای پەنجەرەکەوە وەستا. دیسان دەنگی تەقەیەکی دیکە هات.

ئەمجارەیان شـــا ســـێ و دووی لێنەکرد و فەرمانی بە ژنەکان کرد: "ئامادەبن، دەگەڕێینەوە کۆشک."

لە دەرەوە بووە هەراوزەنا، ژنەکان ڕووبەندیان دادایەوە و هەریەکە و خێرا بۆ لای ئەســـپەکەی خۆی ڕۆیشـــت. بە دەورەدراوی بە تیپی پاســـەوانانی خۆی، ئەوەبوو شـــا بەخێرایی کەوتە خۆ تا بەرەو تاران بگەڕێتەوە. پاســـەوانانی دیکە بە کورتە ڕێگەدا یاوەریی ژنەکانی شـــایان بۆ گەڕانەوە بەرەو کۆشک کرد. دوای ئاوزینگ لێدان لە لەئەسپەکان، شا و پاسەوانەکانی بە خێرایی گەیشتنەوە کۆشک. ئەو دەمودەست هەستی بە جۆرێک پشێوی کرد. خەڵکی چووبوونەوە ماڵەکانی خۆیان و لەپشت پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد.

بە شا ڕاگەیەنرا، تەقە کراوە و یەک دوو کەسیش کوژراون، بەڵام کەس نەیدەزانی ئاخۆ کتومت چی قەوماوە. ئەو ویســـتی یەکســـەر بەرەو مەیدانی شـــار لێبوخوڕێ، لێ پاســـەوانەکانی ڕێگەیان نەدا، بە نابەدڵی

گەڕاندیانەوە کۆشک. لەوێوە بانگی سەرۆکی پاسەوانەکان دەکا تا بچێ وەزیر بێنێتە لای ئەو. پەیکەکە بەو هەواڵە هاتەوە، کە وەزیر بەرەو لای مەیدانی بازاڕ ڕۆیشـــتووە، کە لەوێ ڕووداوەکەوە قەوماوە. هەر بۆیە وەزیر پێینەکرا بوو لەبەردەم شـــا ئامادەبێ، ئاخر چوونی وێ بۆ لای ڕووداوەکە زۆر پێویست بوو.
شا کەوای بیست بانگی کرد: "باشە چ بووە؟"
پەیکەکە وەها وەڵامی دایەوە: "دەقاودەق زانیارییم نییە، بەڵام بیستوومە کوژراوێکی زۆر لەوێ کەوتوون."
- "چەند کەسن؟"
- "زیاتر لە بیست کەس. لەوانەیە سیش بن."
- "سی کوژراو؟ کێ تەقەی کردووە؟ کوژراوەکان کێن؟"
- "ئەوەی من دەیڵێم بەگوێرەی دەنگۆ و بەنـدوبـاوە." پیـاوە پەیامهێنەکە بە وریاییەوە وەهای بە پاشا گوت.
شاش بە تووڕەییەوە پێی گوتەوە: "دەی پێم بڵێ، دەنگۆکان دەڵێن چی؟
- "دەنگۆکان باسی ئەوە دەکەن، زیاتر لە بیست ڕوسی کوژراون."
- "چی؟ ڕوسی؟ چۆن وا دەڵێی کە کوژراوەکان ڕوسن؟"
پەیامهێنەکە قســـەکەی خۆی دووبارە کردەوە: "من یەکێ لە دەنگۆکانم گێڕایەوە."
ئینجا شا فەرمانی پێکرد: "دەی خێرا بڕۆ، ڕاستییەکەم بۆ بێنەوە."
لە کۆشـــکدا کەس نەیدەزانی چی لە گۆڕەپانی ناوبازاڕدا ڕوویداوە. خۆ ئەگەر یەکێکیش هەبووایە بیزانیبـایە، نەیدەوێرا دەمی خۆی لێکبکاتەوە، دەترسا بەر قین و تووڕەیی شا بکەوێ.
خۆ گەر بێت و دەنگۆکە ڕاســـت بێ و لە ڕوســـەکان قەومابێ، کەواتە نوێنەرە تـایبەتییەکەی ڕوس ســـەری تێدا چووە. ئەوکـات ڕوســـیا بەرپرســیاری پەلاماردانەکە دەخاتە ســەر ملی پاشــا. ئەویش نەیدەزانی

چی بکا. ئەو ئێستا ئامادە بوو بە لەسەرچۆک ڕۆیشتینیش بێ بهێنێتە سەر مەزاری عەبدولداود بەڵکو لەوێ بپاڕێتەوە و هەموو شتێک ڕاست بکاتەوە.

پێدەچوو پەیکەکەش نەوێرێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە لای پاشا. بێ هیچ سێ و دوویەک پرسەکە ئاڵۆزوبڵۆز بوو، خۆ ئەگەر وەها نەبا، ئەوا وەزیر دەستبەجێ دەگەیشت و ڕووداوەکەی بە پاشا ڕادەگەیاند.

ئەو گومانی لەوەدا نەبوو، کە دایکی فڕی بەسەر ئەو پیلانەوە نییە. دیدارەکەی ئەو لەگەڵ ڕوسەکاندا بە توندوتیژترین شێوە لەبار برا. پاشا و دایکی و ڕوسەکانیش کەوتبوونە داوەوە. باشە ئەگەر هات و نوێنەری ڕوس کوژرابێ، ئەوسا چی بکا؟

کۆشکی دایکی بە تەونێک لە سووسەکار و شۆڤار تەنرا بوو، کونی مارە ڕەشە ژەهردارەکان بوو، ئەمەش هەمووی بە هاوکاریی ئیمامە ئاخوندەکان و هەواڵگرانی بریتانی. "گێل و گەمژە، بەڵێ ئەو گێل بوو، تێیکەوت." ئەو لەخۆی پەست بوو، لە دایکیشی توورە بوو.

بە دەنگی بەرزەوە بانگی کرد: "جادووگەر، قەحپە!"

کاتێکیش گوێی لە دەنگی سمی ئەسپێک بوو لە حەوشەی کوشک بوو، سەیری دەرەوەی کرد و تەتەرەکەی خۆی بینی. شا جڵەوی خۆی گرت. چووو لە نێوەڕاستی هۆڵەکە وەستا، چاوەڕێی پەردەداری کرد تەتەرەکە بێنێتە ژوور و خۆیشی بڕوات.

شا ئۆقرەلێبڕانەوە پرسی: "دەی، بیڵێ."

"من ئەمەی خوارەوەم بە چاوی خۆم بینی و بەگوێی خۆشم بیست: سیوچوار ڕوسی کوژراون، لە نێویاندا سی و یەک کەسیان کارمەندی باڵوێزخانەی ڕوسی بوون و سێ کەسی دیکەشیان بازرگانی ڕوسی بوون."

شـــا گوێی لە هیچی دیکە نەگرت، پەیکەکە بینی ڕەنگی پاشـــا گۆڕا و لە شوێنی خۆی بەلادا هات. پیاوەکە ویستی بانگی پەردەدار بکا.

ئینجا شا بانگی کردێ: "دەی زیاتر بگێڕەوە!"

"خەڵک دەڵێ دوێنێ شـەوێ سـێ ژنی ئێرانی لای ڕوسـەکان مابوونەوە. ئایەتوڵلای تاران، حاجی میرزا مەســـیح ئەو دەنگوباســـەی بەرگوێ کەوتبوو. ئەویش لە کاتی خوتبەی ڕۆژی هەینیدا باســـی کردبوو، لە خوتبەکەدا فتوای جیهـادی دابوو. ئەوەبوو بە ڕابەرایەتیی ئـاخونـدێکی گەنج، خەڵکەکە جۆشـــدراوە کە ئەمڕۆ بەســـەر شـــوێنی مـانەوەی ڕوســـەکـانیـان دادابوو. ڕوســـەکـانیش دەروازەی بـاڵوێزخـانەکەیـان داخســـتبوو، خۆیـان چووبوونە نێو بـاڵوێزخـانەکە و پەردەکـانیـان دادابـوونەوە. ئـیـنـجـا بەردیـان تـێـگـرتـبـوون، دەرکە و پەنـجەرەی باڵوێزخانەکەیان شـکاندبوو. ئەو ئاخوندە گەنجەی پێشـڕەویان بەســەر شـــوورەی بـاڵوێزخـانەکە کەوت و خەڵکیش بەدوایـدا. لەو نێوەدا، لە شـــوێنێکی نادیارەوە تەقە کرا، هەرچەندە ئیمامەکە لە پشـــتەوە پێکرا، کەچی خەڵکەکە هاواری کرد، گوایە لەنێو باڵوێزخانەکە تەقەی لێکراوە. بەمجۆرە شـــورە و پەرژینی باڵوێزخانەیان بەزاند و خەڵکەکە بەســـەری دادان. بازرگانێکی ڕوسـی هەندێ دراوی زێڕینی بەسەر خەڵکدا پرژاند تا تووڕەییان هێوربکاتە و هەندێ کات بەدەســـتبێنێ، بەڵکو لە دەرکەی پشـتەوە ڕابکەن و دەربازیان بێ. لێ خەڵکەکە کردبوویانە قەڕاپەســتانی بەســـەر باڵوێزخانەیاندا دا و ڕوســـەکانیش تەقەی هەواییان بەســـەردا کردن. ئەمەش خەڵکەکەی دەهریتر کرد و کار لەکار ترازا. لە ئەنجامدا پێنج لە خەڵکی ئێمە و هەر بیست و چوار کەسـەکەی ئەوانیش سـەریان تێداچوو. قەحپەکانیش دەرچووبوون.

شـــا لە شـــوێنی خۆی لە تووڕەییـان دەکوڵا: "دڕنـدەن، ئەوانە هەر هەموویان دڕندەن."

پەیکەکە لە شوێنی خۆی لە ترسان زەندەقی چووبوو، ئینجا پەردەدارەکە هات و ئەوی لەێ لابرد.
شـــا بەنێو دالانی کۆشـــکەکەدا هەر هاواری دەکرد: "ژنان هەموویان جادووگەرن، هەر هەموویان! هەر لە شـازنەوە تا دەگاتە قەحپەیەک هەر هەموویان."

•

١٨

ترس

ئێوارەدرەنگ وەزیر گەیشتە کۆشک. پاشای لەسەر کورسییەکەی خۆی بینی. کاتێک ئەو دەرکەوت، یەکسەر پشیلەکە لە باوەشی پاشاوە خۆی هەڵدا و چووە لای وەزیر، خۆی لە قاچەکانی خشاند. وەزیریش شەکەت و ماندوو. دەستێکی بە سەری پشیلەکەدا هێنا: "شەرمین چۆنی؟"

وەزیر لە خانەوادەیەکی وەها بوو، تووشی ئەم جۆرە ڕووداوە قورسانە بووبوو. بەتایبەتیش ئەوەی لە باڵوێزخانەی ڕوسی قەومابوو، لێکەوتەی گەورەی بەدوادا دەهات.

"ئەگەر پایەبەرز ڕێگە بدا، دەمەوێ دووبەدوو لە ژووری تایبەتی خۆت قسەبکەین."

پاشا لە شوێنی خۆی هەڵسا و وەزیریش بەدوایدا ڕۆیشت. دەرکەیان لەسەرخۆیان پێوەدایەوە، لەسەر مێزی گفتوگۆ جێگەی خۆیان گرت.

وەزیر بەکورتی سەری قسەی داهێنا: "ئێمە کەوتینە داوی بریتانییەکانەوە."

شـا گومانێکی لەوە هەبوو، بەڵکو وەزیر بە دیدارەکەی لەگەڵ ڕوسـەکان زانیبێ.

وەزیر وەها کەوتە قسە: "ئێمە بە یەکدی تۆمەتبارکردن شتەکە چارەسەر ناکەین. ئەم کارەیـان تەنیا کێشـــەکانمـان قووڵ و قووڵتر دەکاتەوە. بەدکارێکی ســـەر بە باڵوێزخانەی بریتانی ڕاســتەوخۆ هەواڵی هەبوونی ژنـانی ئێرانی لە بـاڵوێزخـانەی ڕوســـی بە ئـایەتوڵلا گەیـانـدبوو. ئایەتوڵلاکەش پەیوەندیی باشـــی لەگەڵ بریتانییەکان هەیە و پارەیان لێوەردەگرێ. کاتێک ئەم هەواڵەیان پێداوە، بێ ئاوخواردنەوە جووڵاوە. بەیانی هەواڵی مەرگی ســـێ و چوار ڕوســـییەکە دەگاتە مۆســـکۆ. بریتانییەکان ویســتوویانە ڕوســـەکان تووڕە بکەن، بەڵام هەرگیز بیریان بۆ ئەوە نەچووە کردەوەکەی ئەوان بیگەیەنێتە ئەو کێفەڕاتە. ئێستاش بە دڵنیاییەوە باڵوێزخانەی بریتانی شایی و لۆغانیانە. ئەوان گورزی خۆیان وەشاند."

شا لە وەزیری پرسی: "مەبەستت لەوە چییە؟"

وەزیر وەڵامی دایەوە: "لە ماوەی داهاتوو شـا ناتوانێ هیچ بکا. بەڵام من پرســیارێکم هەیە. ئەو دیدارەی لەگەڵ نێردەی ڕوســـی هەبوو، لەبارەی چییەوە بوو؟"

شـــا بە شـڵەژاوییەوە تەماشـــای کرد و گوتی: "ئێمەش نازانین چی بوو. کابراش ئێستا مردووە."

وەزیر تێبینی ئەوەی کرد، پاشـــا شـــتێکی هەیە لێی دەشـــارێتەوە. ئەو هەســتێکی وەهای بۆ هات پرســـەکە لەبارەی هەراتەوە بووبێ. ویســتی زیاتر بپرســـێ، لێ بینی شـــا پەشـــێوحاڵە. وای بەباش زانی کاتەکەی گونجاو نییە تا زیاتر بەڕەی لەسەر هەڵداتەوە.

وەزیر گوتی: "وەها باشترە پاشا بچێتەوە ناو جێگەی خۆی. ئێمە نازانین ئاخۆ بەیانی چی لەبن سەردایە."

وەزیر خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. شا لە جاران پتر هەستی کرد وەزیر چەند دەسەڵاتدارە و خۆیشی لە بەرانبەردا کەسێکی چەند بێدەسەڵاتە. ترس باڵکێش بوو.

شا دەیزانی زۆر لە ئایەتوڵڵا و شازادەکان پارەیان لە ئینگلستانەوە بۆ دەهات، بەڵام ئەو هەرگیز ئەوەی لەپێش چاوی خۆی دانەنا بوو، ئەوان بەم شێوەیە ئایەتوڵڵا هەڵبسووڕێنن و پیلانەکانی خۆیانیان پێ جێبەجێبکەن. وەزیریش زۆری قسە نەکرد، بەڵام ئەو سەرنجەی دەرخست چۆن لەو پرسەدا پاشاش بەکارهێنراوە. باشە تۆ بڵێی وەزیر مەبەستی چیبێ، کاتێ بە پاشای گوت، ئێستا هیچ دەرەتانی بۆ نەماوەتەوە؟

شا بانگی کرد: "شەرمین! شەرمین!"

پشیلەکە بەپیر دەنگییەوە نەهات.

شا ماندوو بوو، بەڵام خەوی نەدەهات. سەری لەنێو گێژاوێکی بێ کۆتاییدا بوو. لە هۆڵە نیوە تاریکەکەدا تەماشایەکی ئاوێنەی کرد و پەنجەی دۆشاومژەی وەک هەڕەشەیەک هەڵبڕی: "بەیانی دەرسێک بە ئایەتوڵڵادا دەدەین. سەری بە پەتی قەنارەوە دەکەین. بەڵام باشە ئەدی چی لەو سی و چوار تەرمە بکەین؟"

ئاوێنەکە تیشکی چرای ڕەنگ دەدایەوە. شا یەکسەر تەماشایەکی کرد و بەرەو لای پەنجەرە ڕۆیشت. حەوشەکە کشومات، بەڵام لە دەروازەکەوە پاسەوان لەجاران پتر وەستا بوون. بینی چۆن دوو لە پاسەوانەکان پاڵ بە تۆپێکەوە دەنێن. هەروەها یەک دوو پاسەوانی دیکەی بینین لەسەر دیوارەکە بە خۆیان و چەکی دەستیان وەستابوون. نیگای چاوی پەڕییە سەر تەویلەکەش، چەند ئەسپێکیش لەوێ تەیار و ئامادە بوون، ئەو گەڕایەوە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی، لەوێوە باشتر دەروازەکەی لێوە

دیار بوو. کاتێک سایەی کڵاوە درێژ و قیتەکەی وەزیری لەسەر دیواری دەروازەوە بینی، ترپەی دڵی زیاتر لێدا. شـــتێک بەر پێیەکانی کەوت، سڵەمییەوە، بەڵام هیچ نەبوو، شەرمین بوو.
"چییە ئێمەت ترساند، ئەوە لە کوێ بووی؟ دەی وەرە با بڕۆین، ئەمشەو نابێ ئێمە لێرە بمێنینەوە." بەدەم ئەم قســـەوە، دانەویەوە و پشـــیلەکەی لەســـەر ناوکەوەکە هەڵگرت و لە باوەشـــی کرد. "پێموابێ وەزیر ئێمەی دەستبەسەر کردووە. لەوانەشە وەها نەبێ، ڕەنگبێ هەموو شتێک بکا تا ئێمە بپارێزێ."
ئەو بۆ ژووری نوستنەکەی ڕۆیشت، شـەرمینی لەسـەر پێخەفەکە دانا، هەموو کورســـییەکانی ســـووڕاندن، بەردەمی دۆلابی جلەکانی واڵاکرد، دەرووی دۆلابەکەی کردەوە، دەرووە نهێنییەکەی کردەوە، کە بە ڕێڕەوێکی تەنگەبەر دەیبردە ســـەر گەنجینەکەی. لەوێ چەکمە و تفەنگەکەی ئامادەکرد.
لەو کاتەوەی شـــێخ ئاغاســـی ئەو داڵانە تەنگەبەرە نهێنییە تا ســـەر گەنجینەکەی نیشـــان دابوو، زۆر جار شـــا بۆی دەچوو. لەو کاتەوەش وەزیر دەرمـاڵەی پاشـــا و دایکی و خزمەکـانی تـا نیوە دابەزاندبوو، تێچووی حەرەمســـەراشـــی کەم کردبووەوە، ناو بەناو شـا بە داڵانەکەدا دەچووە ژێرزەمینەکە تـا دراوە زێڕەکـانی دەربێنێ. ئەو دراوەکـانی دەتاواندەوە و دراوی گەورەتری لێ دەروستدەکردن تا بتوانێ خەرجییە گەورەکانی پێ پەردەپۆش بکا. لەو ماوەیەشـدا شـا یەک دوو سـندوقی زێڕی هێندی کردنەوە.
هەروەهـا ئەو چـارپـایە زێڕینەی ژێرزەمینیشـــی، هەمووی بە زێڕ و بەردەگەوهەر ڕازابووەوە، ڕێکخســـتەوە، بۆ ئەو حاڵەتەی ئەگەر هات و مـاوەیەکی زیـاتر لە ژێر زەمینەکە بمێنێتەوە. بۆ هەر جـارێکیش بـایی خۆی خواردنی لەگەڵ خۆی دەبردە ئەوێ.

جارێکی دیکە دەرکە و پەنجەرەکانی ژووری نووســـتنی پشـــکنی، ئینجا چووە سەر تەختە خەوەکەی لێی ڕاکشا.

"شـــەرمین ئـاگـادار بە، هەر کـاتێـک گوێـت لە دەنگی پێ بوو لە هۆڵە مینابەندەکەدا، پێویســـتە دەســـتبەجێ ئاگادارم بکەیتەوە، ئینجا بەیەکەوە هەڵدێین."

هەر ئەوەندە بوو شـا سـەرە ماندووەکەی دانایە سـەر سـەرین، خەوێکی قووڵی لێکەوت.

١٩

ئەو ئایەتوڵلایەی ناپاکیی کرد

ئەو شـــەوە شـــا خەونێکی بینی؛ خۆی و پشـــیلەکەی بەرێگەیەکی نهێنییدا بەرەو شـــــاخەکان هەڵاتن و لەوێ لە ئەشـــــکەوتێکی بچووک داڵدەیان وەرگرت، ئەشکەوتەش کۆشکەکەی لێوە دیار بوو.
شـــا لەوێوە بە دووربین هەموو جووڵەیەکی کۆشـــکی خســـتبووە بن چاودێری. بینی وەزیر بە خۆی و دەســـتەیەک لە ئەفســـەران چووە کۆشـــک. کڵاوە قووچەکەی لەســـەر بوو، لێ کاتێ لە کۆشـــک هاتەدەر، لەجیاتی کڵاوەکەی خۆی، تاجەکەی شای لەسەر نابوو.

ئەوی ڕاســـتی بێ، ئەو شـــەوە هیچ ڕووی نەدا. شـــا و پشـــیلەکەی لە شـــەوانی پێشـــتر زووتر و باشـــتر خەویان لێکەوت. ئەمەش بەهۆی ئەو شـــنەبایەبوو کە لە دەرووی دالانەکەی دەچووە ســـەر ژێرزەمینەکەوە دەهاتە ژوور. ئەم نەرمەبایە وایکرد پاشـــا و پشـــیلەکەی خویان لەنێو

لێفەی گەرمونۆڵ بئاڵێنن و خەوێکی قووڵیان لێبکەوێ، وەک دەڵێن لە حەفت خەوان ڕاست بوونەوە. بۆ بەیانی، پشیلەکە پاشای بەئاگا هێنا. ئەویش لەنێو جێگەکەی ڕابوو، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد، بینی ئاڵاکان تا نیوە دابەزێنراون.

"دیارە ئێمە لەخەودا مابووینەوە." شا وەهای بە پشیلەکەی گوت، کە لای دەرگەکە وەستابوو، چاوەڕێ بوو بچێتەدەر.

لەو کاتەدا لە دەرگە درا.

شا بە چاوی خەواڵووەوە بانگی کرد: "کێیە؟"

"خاوەنشکۆ...؟" دەنگەکە لە دەنگی پەردەدار دەچوو، شپرزە دیاربوو.

شا وەڵامی دایەوە: "باشە، وا دێین."

ئیدی زانی چی لەپێشە بیکا.

زۆری پێنەچوو، شا بە بەرگی سەربازییانەی خۆیەوە لە هۆڵی مینابەندەکە ئامادە بوو. هەرچەندە شوێنەواری خەوە قووڵەکەی هێشتا هەر بە ڕوخسارەوە مابوو، کەچی ڕێک و ڕەوان دەڕۆیشت، وەهای نمایش کرد گوایە ئەمڕۆ ئامادەی کاری گرنگ و چارەنووسسازە.

شا بڕیاری خۆی دابوو، نەدەبوو وەها نیشان بدا لاوازە، بە دڵنیاییشەوە نەدەبوو لەپێش وەزیردا لاواز دیار بێ. زۆر جاران وەزیر وای لێکردبوو باوەڕ بەوە بهێنێ کە ڕۆژگار گۆڕاوە، ئەو سەردەمە نەماوە کە هەر بە تەنیا پاشا بە تاقی تەنیا بڕیار بدا، پێویستی بە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بەڵام ئەوە واتای ئەو ڕاستییەی دەگەیاند، کە وەزیر بە نیازە لە دەسەڵاتەکانی دابماڵێ. ئەو بووبووە ئەو پاشایەی هەر بڕیارەکانی وەزیری پەسەند دەکردن، پاشایەک هەر بە تەنیا بەڵگەنامە مۆرکراوەکانی ئەوی واژۆ دەکردن. ئیدی دەبێ ئەو دۆخە ببێتە شتێکی ڕابردوو.

هەر بۆیە ئەو جلی سەربازییانەی خۆی پۆشیبوو. ئەوەش ڕاستی بوو جاران زۆر بایەخی بە قاوەڵتی بەیانی دەدا و چێژی لێ دەبینی، کەچی ئەمڕۆ هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە. بە زگێکی بەتاڵەوە بانگی کرد: "دەی بانگی سەرکردەی هێزی ئاسایش بکە."
پەردەدار دەستبەجێ فەرمانەکەی بەجێهێنا.

زۆری پێنەچوو شا گوێی لە دەنگی پێی ئەفسەری بەرپرسی هێزی ئاسایش بوو لە پەیژەکان سەردەکەوت. هەر کابرا پێینایە نێو هۆڵەکە، دەستی چەپەی خستە سەر شمشێرەکەی و سڵاوی لە پاشا کرد و بێئاسا لە شوێنەکەی خۆی وەستا.
شا بە گەفەوە قسەی لەگەڵ کرد: "تۆ بەرپرسی هێزی ئاسایشی ناو شاری؟"
بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، خاوەنشکۆ."
"لەژێر بەرپرسیارێتیی تۆدا ئەو سی و چوار ڕوسە کوژران؟"
پیاوە لەرزۆکەکە بێدەنگ بوو، سەری بەسەر سینگیدا بەردایەوە.
ئینجا شا فەرمانی پێکرد: "دەی شمشێرەکەت لەخۆت بکەوە و لێرە لەسەر زەوی داینێ."
بە دەستێکی لەرزۆکەوە ئەفسەرەکە شمشێرەکەی لە خۆی کردەوە و لەسەر ناوکەوەکە لەبەردەم پێی پاشادا داینا.
ئینجا شا پێیگوت: "دەی جلە سەربازییەکەشت داکەنە."
پیاوەکە نەیدەزانی ئاخۆ بە باشی گوێی لە قسەکەی پاشا بوو یان نا.
"دەی هەموو شتێک داکەنە، تۆ چیدی سەرباز نەماوی، بەڵکو تەنیا شکستخواردوویەک!"

به ڕوخسارێکی ڕەنگبزڕکاوەوە کابرا جلە فەرمییەکانی لەبەرداکەندن و هەر بەتاوی ئەرپێ مایەوە.
ئەوسا شا بەسەریدا شیڕاند: "دەی لەبەرچاومان ون بە، دەنا مەرگی خۆت بە چاوی خۆت دەبینی."
پیاوەکە بە پڕتاو بەرەو دەرەوە تێیتەقاند. پەردەداریش جل و شمشێری کابرای لەگەڵ خۆی برد.
پاشا بانگی کردێ: "بانگی پەیکەکەم بۆ بکە!"

شا ئەو ئەرکەی بە تەتەرەکەی سپارد: "هەر ئێستا بڕۆ و مەوەستە، بگەرە لای شەعبان، ئەم شتەی خوارەوەی بە گوێدا بدە: خۆت و دەستەیەک لە پیاوەکانت بڕۆنە سەر ماڵی میرزا مەسیح. مێزەرەکەی لەسەر بکە و بیخە ملی، لە دوای خۆی ڕابکێشە تا گۆرەپانی باڵوێزخانەی ڕوسیا، لەوێ بە بەرچاوی خەڵکەوە سزای بدە. تۆ دەبێ ئەوەندە ئەشکەنجەی بدەی و سووکایەتی پێبکەی، بە شێوەیەک هەر بەیانی هەواڵەکە بگاتەوە مۆسکۆ."

شەعبان تاوانکارێک بوو، هەندێ جار فەرمانە دژوارەکانی شای جێبەجێ دەکرد. ئەو بە شەعبانە بێ موخ، پیاوی بێ مێشک ناسراو بوو. ئەو سەردەستەی کۆمەڵە کەسێکی شەڕانگێز بوو، هەموو شتێکیان لە پێناو پارەدا دەکرد. دوای گەیشتنی پەیامەکە، شەعبان دەستبەجێ بە کارەکەی خۆی هەڵسا.
پیاوەکانی شەعبان بە خۆیان و تێلا قورسەکانیان لەبەردەم دەروازەی ماڵی ئایەتوڵلا ئامادەبوون. شەعبان هەر لە دەرکە وەەستابوو، لەکاتێکدا پیاوەکانی لەناکاو بەسەر پیرەپیاوەکەیاندا دا، ئەو هێشتا هەر دژداشە

---

[40] هەر بەتاوی...: واتە بەتەنیا هەر بەوەوە.

سپییەکەی خەوتنی لەبەردابوو، لای حەوزی ئاوی **حەوشەکەی** وەستابوو. ئایەتوڵلا هەوڵیدا بەسەر بانی خانووەکەی خۆی **دەرباز بکا،** بەڵام بەر لەوەی بگاتە سەر دیوارەکە، یەکێ لە پیاوەکان غاری **داین و** پێیەکانی گرتن. ئینجا پیاوێکی دیکە مێزەرەکەی سەری گرت و **لە** ئەستۆی وەرئاڵاند و ئایەتوڵا پیرەکەی بۆ دەرەوەی ماڵەکەی ڕاپێچ کرد. ئایەتوڵلا بێدەسەڵاتەکە هەر هەڵدەلەرزی و هاواری دەکرد: *ئەلڵا ئەلئەمان*: خوایە بمانپارێزە، بمپارێزە!

پیاوەکانی شەعبان هیچ گوێیان بە هاتوهاوار و پاڕانەوەکەی کابرا نەدا و بەدوای خۆیاندا ڕایانکێشایە گۆڕەپانی بەردەمی باڵوێزخانەی ڕوسی. خەڵکی ئاسایی سەر جادەوبەریش، کە ئەم شتەیان بەچاوەکانی خۆیان بینیی، بڕوایان نەدەهات.

بۆ ئەوەی پاشا شتەکان بخاتە ژێر چاودێریی خۆی و ئاگای لە هەموو شتێک بێ، شێخ ئاغاسی بە پەیامێکەوە ناردە گۆڕەپانی باڵوێزخانەی ڕوسی: بڕۆ بزانە ئایەتوڵلا ئەوەندە ئازار و ئەشکەنجە بدرێ تا دەنگی گریان و فوغانی دەگاتە مۆسکۆ.

شێخ ئاغاسی بە شێوەیەک چووە ئەوێ کەس دەرکی پێنەکا، بەڵام مشووری ئەوەشی خوارد لە شوێنێک بوەستێ هەموو شتێکی لێوە دیار بێ.

دەنگوباسی ئایەتوڵلا گەیشتە بازاڕ، دوکاندارەکان بەوەی گوێیان لێبوو سەرسام و هێدمەگرتی بوون. ئاخر ئەمە سووکایەتییەکی بێ پێشینە بوو بە ئیسلام بکرێ، بەوەی ئایەتوڵلایەک بەمجۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ. ئیدی وازیان لە دوکانەکانیان هێنا و بەرەو باڵوێزخانەی ڕوسی ڕۆیشتن. پیاوەکانی شەعبان ئایەتوڵلا پیرەکەیان لەسەر زەوی

بەپشتدا دابوو، پێیەکانیان بە دارێک توند بەستبووەوە، ئینجا بەتوندی لە بەرپێیە ڕوتەکانیان دەدا.
ئایەتوڵڵا پیرەکەش هەر دەینالاند: "لا ئیلاهە ئیللەڵلا.. لا اله الا الله."
یەک دوو لە دوکاندارەکان، کە لەنێو حەشاماتەکەدا شێخ ئاغاسییان بەدی کرد و ناسییەوە، بەرەو ڕووی چوون و داوای یارمەتییان لێکرد. بەڵام ئەو پێیراگەیاندن ئەمە بەفەرمانی ڕاستەوخۆی پاشایە، ئەو هەر دەتوانێ چاودێری بکا و هیچی لە دەست نایە و بۆشی نییە خۆی تێهەڵقورتێنێ.
کۆمەڵە کەسێک هەوڵیاندا ئایەتوڵڵا لەدەستی ئەشکەنجەدەرانی ڕزگار بکەن، بەڵام ڕاستەوخۆ کەوتنە تەقەکردن. ئەوان ڕوون و ئاشکرا ئەوەیان دەربڕی، هەر کەسێک خۆی تێهەڵبقورتێنێ و یەک هەنگاو بچێتەپێشەوە، دەمودەست سزای ئەویش دەدەن.

ئەوە بوو دوکاندارانی بازاڕ لە ڕێی گالیسکەکانەوە بەرەو کۆشک ڕۆیشتن تا قسە لەگەڵ وەزیر بکەن، بەڵام ئەو لەوێ نەبوو. ئەو کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ژووری ئامادەکاریی جەنگ، لە قەڵایەکی دەرەوەی شار لەگەڵ جەنگاوەراندا هەبوو.
دوکاندارەکان بە دەستی بەتاڵەوە گەڕانەوە مەیدانی باڵوێزخانەکە و دیسان لە شێخ ئاغاسی پاڕانەوە بەڵکو شتێک بە شتێک بکا و یارمەتی ئایەتوڵڵا بدا.
شێخ ئاغاسیش پێیگوتن: "باشە با بزانم ئاخۆ چیم پێدەکرێ."
ئینجا چووە لای شەعبان و قسەی لەگەڵ کرد.
شەعبانیش بانگی پیاوەکانی کرد: "دەی ئەوەندە بەسە! ئەو دەرسی خۆی وەرگرت."

ئینجا ئەو پەتەی پێی ئایەتوڵلایان پێبەسـتبوو، لێیان کردەوە و لەسـەر زەوی درێژیان کرد.
پاشـان ئایەتوڵلا حاجی میرزا مەسـیح خرایە سـەر دووشـکەیەک بەرەو ماڵەوەیان بردەوە.
ئەو ڕۆژەش وەک نارەزایەتی دەربڕین دوکانەکان داخران.

٢٠

پرسە

سـێ ڕۆژی ڕەبەق تێپەڕی. هێشـتا بازاڕی تاران هەر داخرابوو. لە مزگەوتی شـارەکەدا، ئەو مزگەوتەی جاران ئایەتوڵڵا پێنج فەرزە نوێژی تێدادەکرد، ئەوەندە پڕ بوو قەت جەنجاڵیی وەهای بەخۆیەوە نەبینیبوو. پیاوە پیرەکەش هی ئەوە نەبوو لەسـەر پێی خۆی بوەسـتێ. ئەو بە دارەبازێک دەهێنرایە مزگەوت، ئیدی لەوێ هەر بە دانیشـتنەوە نوێژی دەکرد، لە کاتێکدا بە سەدان نوێژکەر لەپشتە ئەودا نوێژیان دابەستبوو. لەشـکریش خرابووە حاڵەتی ئامادەباشـییەوە تا ئەگەر هات و ڕوس لەشکرکێشییان بۆ سەر وڵاتەکە کرد، لەشوێنی خۆیدا ڕایبگرن.

لە ترسـی ئەوەی نەوەک ناڕەزایەتیی بازاڕ لە تارانەوە بتەنێتەوە بۆ شارەکانی دیکە و ڕەشەبای تووڕەیی هەڵبکا، ئەوە بوو وەزیر وتوویژی لەگەڵ نوێنەرانی بـازاڕدا کرد. ئەو توانی هەنـدێ ئارامیـان بکـاتەوە،

بەجۆرێک وڵات نەکەوێتەوە سەختانگێکی[41] دیکە. دوای ئەوە وەزیر چووە لای ئایەتوڵلا بەتەمەنەکە، دەستی ماچکرد و داوای لێبوردنی لێکرد.
دوکاندارانی بازاڕیش ئەو پاکانەیەی وەزیریان پەژراند و مانگرتنەکەیان شکاند و گەڕانەوە سەر کاروکاسبیی خۆیان، جارێکی دیکە دوکانەکانیان کردنەوە.

لەو نێوەشدا شا پەنای بۆ لای شێخ ئاغاسی برد. پیاوەکەش بەهرەی ئەوەی هەبوو کەسێکی شپرزە و ئۆقرەلێبڕاو هێور بکاتەوە. بە ڕۆژ و شەو ئەو لە کۆشک نەدەڕۆیشت. ئامادەبوونی ئەو وەک ئامرازێکی هێورکەرەوە وابوو.
شێخ ئاغاسی وای پێباش بوو بۆ ئەوەی ئاماژەیەکیش بێ بۆ مۆسکۆ، بەگوێرەی دابەونەریتی ئێرانی پرسە بۆ کوژراوە ڕوسەکان دابنرێ. ئیدی چادری گەورۆنە گەورۆنەیان لە لای باڵوێزخانەکەدا هەڵدران، ئینجا ئەو لەباتی شا داوای لە هەموو خەڵکی کرد بەڵکو لە پرسەکەدا بەشدار بن و یادی کوژراوەکان بکەنەوە. لەوێ مەنجەڵی گەورە گەورەی بە زنجیر لەسەر ئاگر دانران ژەمی زۆروزەوەندیان ئامادەکرد تا خەڵکی سەرپرسە بە یەکەوە نان بخۆن.
ئایەتوڵلاش لە فەقێ و سوختەکانی خۆی قەدەغەکردبوو بچنە سەر پرسەکە. ئاخر شتێکی ناماقووڵ بوو بچێتە پرسەی کەسانێک، کە ژنی ئێرانییان بردبوونە ماڵی خۆیان و لەگەڵیان ڕابواردبوون. ئەوەش دەگوترا گوایە لەو شەوەدا ژنەکان شەرابیان خواردووەتەوە و ئینجا چوونەتە باوەشی ئەو دەستە بازرگانەی ڕوسی. بەمجۆرە ڕوسەکان ئابڕووی ژنە ئێرانییەکانی بردبوو. ئایەتوڵلاش بیستبوویەوە و قسەی

[41] سەختانگ: تەنگژە، قەیران.

لەو بارەیەوە کردبوو. ئیدی تەنانەت بۆ سـوالکەرانیش نەبوو، بەلای ئەو چادرە گەورانەدا بچن کە خوان و سفرەی ڕازاوەش ڕاخرابوو.
بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگیرێ لەبەر نەچوونی خەلکەکە، پرسەکە سووک و ڕیسـوا بکرێ، شـێخ ئاغاسـی ڕێنمایی بۆ سـوپا دەرکرد بە جلی مەدەنییەوە بچنە پرسـەکە، هەروەها بانگهێشـتی شـا و تەواوی حەرەمسەراکەی بۆ سەر تازیەکە کرد.

کاتێکیش دوای نیوەڕۆ شـا بە جلێکی تەواو ڕەشـپۆشـەوە بەرەو بالۆیزخانەی ڕوسـیا جوولا، بەدوایدا ژنەکانیش بە بێدەنگی خۆیان چارشێو و ڕووبەندی ڕەشـەوە چوونە ئەوێ. تیپێک لە سـەربازەکانیش لە پێشـیاندا بەخۆیـان و بە ئـالای نیوەنزمکراوەوە چوونە ئەوێ و سـەردولکەی[٤٢] فارسـیش لەوێ خوێندرانەوە. کاتێکیش پاشـا گەیشـتە دەروازەی بالۆیزخانەکە، وەزیر بە پرتاوەوە خۆی گەیاندە لا.
وەزیر کڕنوشـێکی بۆ پاشـا برد و بە نەرمییەکەوە پێیگوت: "ڕوسـەکان لەشکرکێشییان کردووەتە سەر ولات."
ئیدی شـا بێ بیرکردنەوە، ژنەکانی لەوێ بەجێهێشـت و لەگەل وەزیر بەرەو سەربازگەکە ڕۆیشت.
لە ژووی کۆبوونەوەی کاروباری جەنگدا، شـا پرسـی: "ئایا ڕوس بە شێوەیەکی فەرمی جاڕی شەڕیان لە دژدا داوین؟"
وەزیریش وەها وەلامی دایەوە: "نەخێر، هیچ شتێک لەو بارەیەوە ڕووی نەداوە. ئەوان دەسـتیان بەسـەر بەشـێک لە ئازەربایجاندا گرتووە. ئێمە سـالەهای سـالە شـەڕ لەسـەر ئەو ناوچەیە دەکەین. زۆر جاران ئێمە بردوومانەتەوە و هەندێ جاریش دۆڕاندوومانە. بەلام ئەم جارەیان شتێکی دیکەیە."

---

[٤٢] سەردولکە: ئەو بەندانەی وەک شین لە پرسە و ماتەمدا دەگوترێ.

"شتی دیکە چییە؟"
"ڕوسیا ڕوسیای جاران نییە. ئەوان بوونەتە یەکێ لە خاوەن بەهێزترین سوپای سەر زەوی. سوپای ئێمە لەچاو هێزەکەی ئەوان لەبەر پێیان دەچێ."
شا لە بەرسڤدا گوتی: "ئێ باشە ئەدی فرەنسییەکان چاکسازییان لەنێو سوپاکەماندا نەکردووە؟"
"ئێمە ئەزموونمان نییە و بە سواری ئەسپ و سەد دووسەد تۆپی فرەنسی ناتوانین ئەم جەنگە ببەینەوە. هەر بە تەنیا تفەنگ و گوللە نایخوا، بەڵکو لەشساغیی وڵات و ورەی لەشکر دەیخوا. وڵاتەکەمان کێشەی پارەی هەیە، سیاسییەکانی گەندەڵ بوونە، ئیمام و ئاخوندەکان دەکرِدرێن و خەڵکەکەش لاواز و زەبوون. ئێمە لەسەر لێواری خەرەندی تێچوونین."
شا پێیگوتەوە: "ئەرێ وەزیر بۆ ئەوە ئێمەی هێناوەتە ئێرە تا ئەو شتەمان پێ بڵێ؟"
وەزیریش وەها وەڵامی دایەوە: "ئەو جۆرە ڕاستییانە هەر دەبێ لە ژووری جەنگ تاوتوێبکرێن، چونکە جەنگ ڕێگەیەکی دروست نییە. ئێمە دەبێ چارەسەرێکی سیاسییانە بۆ ئەو کێشەیە بدۆزینەوە. مایەی هۆشمەندییە نێردەیەکی پلەباڵا بنێرینە مۆسکۆ، تا بارودۆخەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە و بێتاوانی ئێمەش لەو پرسەدا بسەلمێنن. خۆ ئەگەر جەنابی پایەبەرز پەسەندی بکا، ئەوا ڕاستەوخۆ نێردەکە پێکدەهێنم. دواتر کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ وەزیر و سەردارانی جەنگ هەیە، من هەر خێرا لە ڕاوێژەکان ئاگادارتان دەکەمەوە."
شا بێ ئەوەی تەماشای وەزیر بکا، وەها وەڵامی دایەوە: "دیارە وەزیر پێشتر بڕیاری خۆی داوە."
"نەخێر، خاوەنشکۆ، بە دڵنیاییەوە نەخێر. ئەوە تۆیت بڕیار دەدەی."

ئینجا شا پێیگوتەوە: "بیرێکی لێدەکەینەوە."
پاشا بە دەورەدراوی بە پاسەوانەکانی گەڕایەوە کۆشک.

لە کۆشکیش شاژنی دایک چاوەڕێی هاتنەوەی کوڕەکەی دەکرد.
لە پشت پەردەوە هەموو شتێکی کردبوو تا لەگەڵ ڕوسەکان پەیوەندی بکا و بسازێ، بەڵام ڕوسەکان هەموو دەرگەیەکیان بە ڕوودا داخستبوو. ئەوان وەها هەستیان کرد گوایە لە ڕێی خانمی شاژنەوە لەخشتەبراون. بۆ ئەوان شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو بە چاوی زەقەوە بەسەر تەپکەدا کەوتبوون. هەر بۆیە وەڵامی ئەو پەیامانەی مەهدولیا بۆی ناردبوون، نەدابووەوە.
تەنانەت شا بە خۆیشی نەیدەویست لەگەڵ شاژن بدوێ. ئاخر ئەو بێهوودە چەندین جار داوای کردبوو ببینێ و قسەی لەگەڵدا بکا.
مەهدولیا هەواڵی لەشکرکێشییەکەی ڕوسی بۆ ئازربایجانی بیستبوو، هەروەها دەشیزانی وەزیر لە ژووری جەنگدا لەگەڵ شا وتووێژی کردووە. هەنووکەش ئێستا ئەو لە کۆشکە تا لەگەڵ شادا بدوێ. پاشاش پشتگوێی خستبوو، بەڵام خۆ ئەو بەدوایدا هاتبووە هۆڵی ئاوێنەبەندەکە.
مەهدولیا بە پەرۆشییەوە بە شای گوت: "دەبینم شا خەمبارە، دەی قسەم لەگەڵ بکە، خەمەکەت هەڵڕێژە و بەبای کە."
"بە گوێرەی قسەی وەزیر بێ، ئێمە پێشوەختە جەنگەکەمان دۆڕاندووە، ئەو وەهای دەبینێ، پێویستە نێردەیەک بنێرینە مۆسکۆ. لەم ساتەوەختەدا کۆبوونەوەیەکی خێرا و ناکاو لەنێوان وەزیرەکان و سوپاسالارانی جەنگدا هەیە."
مەهدولیاش وەها هاتەدەنگ: "وەزیر ڕاست دەکا. جەنگ لە دژی ڕوس هی ئەوە نییە ئێمە بیبەینەوە. ناردنی نێردەیەک بڕیارێکی ئاوەزمەندانەیە، بەڵام پێویستە شا خۆی سەرکردایەتی شاندەکە بکا."

"ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ من خۆم بچمە مۆسکۆ تا داوای لێبوردنیان پێشکەش بکەم؟"
"پێویست بەوە ناکا. من لە باتی شا دەچم."
ئەو پێشنیازە بۆ شا سەرسوڕهێنەر بوو.
ئینجا شا بە هەستیار و ورێژێنەرانە وەڵامی دایەوە: "ئاخر خۆ تۆ سەری بەڵاکە بووی."
دایکیشی بە توندی وەڵامی دایەوە: "ئەوە بۆ شا گونجاو نییە بەم چەشنە لەگەڵ ئێمە بدوێ. من دایکی تۆم، تۆ گۆشت و خوێنی منی. ئەوەی من دەیکەم دەستپێشخەرییە بۆ بەختەوەرکردنی منداڵەکەم. کەس ناتوانێ من بە کێفەڕاتەکە تاوانبار بکا. ئەوەی من کردم، بۆ چاکە و بەرژەوەندیی شا بوو."
"کامە چاکە و کامە بەرژەوەندی؟!" شا لە شوێنی خۆیەوە قیژاندی.
"کۆشکەکەت لانەی شۆڤار و هەواڵدزانە. لە دەوروبەری تۆدا هەموویان لە لایەن بریتانییەکانەوە کڕدراون."
"بریتانییەکان لە هەموو شوێنێک هەن. ئەمە خۆی ڕاستییەکە حاشای لێناکرێ، تەنانەت لە کۆشکی پاشاش. ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەو ڕاستییە هەڵبکەین. دەی بمنێرە مۆسکۆ، ئەمەش هەر لە نێوان من و تۆدایە و هەرگیز نابێ بریتانییەکان پەی پێ ببەن."
شا لەسەر کورسییەکەی دانیشت، هەوڵیدا هزرەکانی خۆی کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخا.
مەهدولیا لە پاڵ کورسییەکە هاتەسەرچۆک، دەستی توند گرت و بە نەرمی پێیگوت: "گوێم لێبگرە، من خانەوادەی پاشایەتیی ڕوسی دەناسم، دایکم کاترینیای بینیبوو. بە منداڵی لەوێ بووم. ئەگەر یەکێک کاریگەریی بەسەریانەوە هەبێ، ئەوا منم. خۆ ئەگەر وەزیر بڕواتە مۆسکۆ و قەناعەت بە ڕوسەکان بێنێ بگەڕێنەوە ئەودیوی سنووری پێشوو،

ئەوسا تۆ ئەو دەکەیتە پاڵەوان. من دیاریی شاهانە بۆ قراڵ، بۆ ژنەکەی، بۆ دایکی و بۆ کچەکانی دەبەم و کێشەکە چارەسەردەکەم."

پاشا بە دوودڵییەوە پرسی: "دیاریی شاهانە؟"

"بازنە و ملوانەکەی هیندی ئەوانەی لە ژێرزەمینەکەن، لەگەڵ شمشێری تەلایی."

"باسی ئەوە هەر مەکە! زێڕ و گەوهەری هیندی هەر شایستەی ئێرەن و لێرە دەبێ بمێننەوە. ئەوە میراتی ئێمەیە و ئەرکی سەر شانیشمانە بیپارێزین."

شاژن بەمجۆرە هەڵیدایێ: "من ئەوە دەزانم، بەڵام پرسەکە پرسی مان و نەمانە. تۆ زێڕ بە خاکەکەمان دەگۆڕیتەوە. خۆی شتێکی دیکەش لە گۆڕێدا هەیە، ئەو شتەش لەوە گرنگترە خۆت و وەزیر لە جەنگدا بیدۆڕێنن."

ئینجا لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە سەرپێ و درێژەی بە قسەکەی دایەوە: "ڕوسەکان دەیانەوێ لەگەڵ شا قسەبکەن، هەر بۆیە نێردەیەکیان بۆ تاران نارد. هەرچەندە پەیامهێنەکە کوژرا، لێ پەیامەکە هەر ماوە. قراڵی ڕوس ویستوویەتی شتێکی گرنگ بە شا بڵێ. دەی من وەک پەیکێک بنێرە مۆسکۆ. دەچم گوێ لە قراڵ دەگرم."

پاشاش لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵسا. دایکە شاژن بە ڕووی خەنییەوە، شانی ماچ کرد و بە چرپەوە پێیگوت: "من هەمیشە لە پشتی تۆم."

٢١

باب

شا ویستی گەشتەکەی دایکی بۆ مۆسکۆ لە چاوی وەزیر بشارێتەوە. بەڵام خۆ هیچ شتێک لە چاو و ئاگاداریی ئەمیر کەبیر بزر نەدەبوو. هەر بۆیە دەبوو شا ئەرکەکەی مەهدولیا بۆ وەزیر ڕوون بکاتەوە.

وەزیریش هەموو هەوڵێکی خۆی دا تا شـــا بهێنێتە ڕەدایی بەوەی مەهدولیا بۆ ئەو ئەرکە سیاسییە ئاڵۆزە تێکچڕژاوە قورسە دەست نادا تا بچی لەگەڵ ڕوسەکان بکەوێتە گفتوگۆ و دانوستان. وەزیر بە ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ وەزیر و سوپاسالارەکانی ئامادەیان بەوەدابوو بە نیازە لەگەڵ ڕوس لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشی.

"بڕیارەکە دراوە. وێرای ئەوەش خۆ دایکمان هەر بەتەنیا ناچێتە ئەوێ، ئێمە شێخ ئاغاسیمان لەگەڵ ئەودا بەڕێکردووە. هەر وەزیریش بەم شتە دەزانێ. هەر کاتێکیش مەهدولیا بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، ئەوسا نۆرەی وەزیر دێ ئەسپی خۆی لەو مەیدانە تاوبدا."

بەم قســەیە شــا کۆتایی بە تاوتوێکردنی پرســی چوون و نەچوون بۆ مۆسکۆ هێنا.

لە دەرەوەی کۆشک وەزیر تووشی پەیکێک بوو تازە لە شارەوە هاتبوو. ســەر و شــان و ملی تۆزاوی بووبوو. ئەســپەکەی بەرەو لای وەزیر لێخوڕی و چرپاندییە گوێی وەزیر: "باب ڕاپەڕیوە." بە دەم ئەم قسەیەوە زەرفێکی نامەشی دایەدەست.
باب ســەرکردەیەکی گەنجی ئەفســووناوی بوو لە شــیراز. شــارەکەش دەکەوێتە لای باشــووری وڵات، ســەروبەندی هەزار کیلۆمەترێک لە تارانەوە دوورە. کاتی خۆی پایتەختی بنەماڵەی دەسەڵاتداری زەندییەکان بووە، ئەم دۆخە درێژەی کێشــابوو تا ســوڵتان مەحمودی ئەفغانی بەســەریدادان و هەموو شــتێکی لەناوبرد. شــیراز دوو شــاعیری مەزنی هێناونەتە دونیا: حافز و سەعدی. هەردووکیشیان لەوێ نێژراون.
کەســانی دەوڵەمەند و بازرگانەکانی ئەوێ کۆشــک و تەلاری جوان و ڕەنگینیــان لەوێ بنیــاتنــاوە. ئەوانە جۆرە خــانوویەکن زیــاتر لە خەونی بەهەشــتاوی دەچن لەوەی شــوێنێک بن بۆ ئەوەی ئادەمیزاد تێیدا بژیێ. ئەوان ناوجەرگەی شــــیرازیان وەک شــــوێنگەیەکی خوایی لێکردووە، هونەری تەلارسازیی ئیسلامی لەوپەڕی شکۆ و هێز و کەشخەییدا خۆی تێدا نمایش کردووە.
ڕاپەڕینی باب لەوێ بۆ وڵات هێشــتا لە لەشــکرکێشــیی هێزی بێگانە بۆ ســــەر وڵات دژوارتر بوو، چونکە ڕاچەنین و یــاخیبوونێکی ئۆلییــانە[43] وڵاتی لە نێو خۆیدا هەلابەهەلا[44] دەکرد.

---

[43] ئۆل: دیین، ئایین.

[44] هەلابەهەلاکردن: پارچەپارچەکردن.

باب ویستی بە تەواوی ڕێگەیەکی دیکە لەوەی تا ئێستا وەک نەریتێکی شیعە گیراوەتەبەر، لێبگرێ و لەسەری بڕوا. چەندین سەدەیە شیعەکان چاوەڕێی فریادڕەسێک دەکەن، چاوەڕێی مەهدی دەکەن و وەک ڕزگارکەرێک لێی دەڕوانن. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، دوای محەمەد پێغەمبەر، دوازدە ئیمامەکەی بەدوادا دێن، کە دوازدەهەمینەکەیان مەهدییە.
چواردە سەدە لەمەوبەر محەمەد بانگی هەوادار و شوێنکەوتووەکانی خۆی کرد لە دەوری کۆببنەوە. ئینجا چووە سەر پشتی وشترێک و فەرمووی: "هۆ خەڵکینە! ئەوەی منی خۆش دەوێ، پێویستە عەلیشی خۆش بوێ. عەلی گیانی منە، گیانی من و شوێنکەوتەی منە."
عەلی زاوای محەمەد بوو. پاشان بووە چوارەمین خەلیفە لە جیهانی موسڵمانێتیدا. شەوێکیان لەکاتی نوێژکردندا و هەر لە مزگەوت شیرێکیان لە پشتی ملی دا و کوشتیان.
ئێرانییەکان، ئەوانەی دژی عەرەبەکان وەستانەوە، عەلییان لێهەڵبژارد، لە دوای ئەویش حەسەنیان وەک شوێنکەوتەی ئەو لێگرت، بەڵام عەرەب ئەم لێگرتنەیان ڕەتکردەوە. حەسەن تا لە ژیاندا مابوو حوکمی دەستبەسەریی بەسەردا درا. ئینجا حوسێن، کوڕەکەی دیکەی عەلی، دوای باوکی وەک سێیەمین کەسی شوێنکەوتووی پێغەمبەر ڕاپەڕی، کەچی لە ئەنجام و لە شەڕێکدا سەریان لێکردەوە. باقری کوڕی حوسێن وەک چوارەمین شوێنکەوتە داوای دەسەڵاتی کرد، بەڵام ئەویش بە ڕۆژ نەیدەتوانی خۆی لە کەس ئاشکرا بکا و هاموشۆی مزگەوتێ بکا تا قسە بۆ خەڵکەکەی خۆی بکا و بۆ بانگەوازەکەی خۆی دنەیان بدا. جەعفەری کوڕی موساش، هەروەک باوکی حوکمی ئەوەی بەسەردا سەپا تا لە ژیاندا ماوە نابێ قسە و وتار بدا. کازمی کوڕی جەعفەریش بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆی لە زینداندا بەسەربرد و ڕەزای کوڕیشی بە ترێ

دەرمانخوارد کرا. هەرچی دەربارەی تەقییشـــە، واتە کوڕەکەی ڕەزا و نەقی کوڕی تەقی و ئەســـغەری کوڕی نەقی شـــتێکی وەها نەزانراوە. مەهدیش کوری ئەســغەر بوو، ئەمەیان دوازدەمین شـوێنکەوتەیان بوو، ئەو توانی لە کوشت و کوشتارەکان ڕابکا و پەنا بۆ ئێران ببا. لەو کاتەی مەهدی هەڵاتووە، هەزار و سەد و ئەوەندە ساڵە تێپەڕیون، ئیدی ئەمەیان باوەڕێکی نوێی لە ئێران پەیداکرد، دواتر بە شیعە ناسـرا. ئەفسـانەیەکی بەهێزیش بۆ مەهدی دروســـت کرا. خەڵک وا دەزانێ ئەم پیاوە چاکە و پیرۆزە خۆی لەناو بیرێک حەشـــارداوە، لەوێ چاوەڕێ دەکا تا خودا بانگی بکا، ئەوسا بێتە سەر زەوی.

مەهدی مژدەدەری فریادڕەس بوو. گوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر لە بیرێ دێتەدەر و جیهان لە دەســـت ئەو کوێرەوەرییەی تێدایە، ڕزگار دەکا. لە زۆر جێگە و بۆ هەمیشـــە هەر بۆنە و ئاهەنگی جۆراوجۆری دینی بۆ ڕێک دەخرێن، لەو بۆنانەدا بڕوادارەکان لەیەک کۆدەبنەوە لە مژدەدەرە فریادڕەسەکە دەپاڕێنەوە بەڵکو خێرا بێتەدەر و ڕەعیەتەکەی ڕزگار بکا.

ئێستاش باب لە ڕژێم هەڵگەڕاوەتەوە.

ئەو وەهای دادەنێ گوایە خۆی فریادڕەســـەکەیە، ئەوەی دەمێکە خەڵک چاوەڕوانییەتی. ئێستاش ئەو پیاوە دەرکەوتووە، نەخۆش چاک دەکاتەوە و نان و گۆشت و سەوزە و میوە بۆ هەمووان دابین دەکا.

وەزیر بابی بە یەکێک لە ئاخوندەکان دەبینی، کە زۆر جار پێ لێهەڵدەبڕن و خۆیان بە گەورە و پیرۆز دەزانن. خۆی ئەمەش دیاردەیەکی کاتییە و هەڕەشـــەیەکی جدی نییە. بەڵام باب شـــتێکی دیکەیە، ئاخر ئەو وەک ســـەرکردەیەکی تەلیســـماوی خۆی دەردەخا و دەم لە ســـۆفیگەرێتی وەردەدا و ڕۆژ بە ڕۆژیش کۆمەڵەی دەورەی زیاتر و زیاتر دەبوون.

کاتێکیش ئەو هەواڵە گەیشت، کە خەڵک دەورەی (باب)یان داوە بە خۆیان و تفەنگە نوێیە بریقەدارەکانی بەنێو شاردا دەسووڕێنەوە، ئیدی یەکسەر وەزیر فیتەی عەڕامزادەیی ناسییەوە زانی چەکەکان چەکی ئینگلیزن.

"ئێمە ناتوانین ئۆباڵی ئاژاوە و پشێوییەکە بخەینە ئەستۆی بریتانییەکان."

ئەمەش قســـــەی ئەمیری ڕاوێژکارە گەنجەکەی وەزیر بوو، کە بە ئەمیر کەبیری گوت. ئەو درێژەی بە قسەکەی خۆی دا: "خۆی کێشەکە هەژاری و نەدارییە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە ڕێی گۆڕانکارییەکان هیوا هەروەک ڕۆژ هەڵدێ و بەرزە. ئێمەش لێرەدا هیوامان لەدەســـت دەدەین. بۆ گەلی ئێمە پاشەڕۆژ دیار نییە. هەر بۆیە ئاخوندێکی وەک باب لە شوێنی خۆی وەک قـارچـک لەنێو خەڵکەکەدا قیـت دەبێتەوە. خۆ ئەگەر ئێمە بتوانین ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە چاک بکەین، هیچ کەســـێک بە ڕەوا نابینێ دوای یەکێکی وەک باب بکەوێ."

وەزیریش بەمجۆرە وەڵامی دایەوە: "منیش هەر هەمـان ڕام هەیە، بەڵام خۆ ئەمە شـــتێکی ئاســـان نییە. من هەر تەنیا کلکی گایەکەم لە دەســـتە، باقی دەســـەڵاتەکە لە دەســـتی ئەوانی دیکەیە. باشـــە ئێمە دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی سەرنجی هەوادارانی باب بۆ شتێکی دیکە ڕابکێشین؟"

"ئێمە دەبێ خودی باب بگرین! ئەوسا خەڵکەکە لە خۆیەوە تێدەگا کە ئەو مەهدی نییە."

لەبەر ئەوەی شـــــا زیـاتر خەمی ڕوســــەکـانی بوو لەوەی خەمی یـاخیبوونەکەی بـابی هەبێ، بۆیە وەزیر ڕێگەی تـایبەتی خۆی هەڵبژارد. ئەو سـوپای نـاردە شـیراز تا جووڵانەوەکە بە دەسـتێکی توند سـەرکوت بکا. پەیامەکەشـــی ئەوەبوو باب بگرن و بۆ تاران ڕاپێچی بکەن. لێ خۆ ئەمە بێ شەڕوشۆڕ مەیسەر نەدەبوو.

باب لە قسەکەرە لەبلەبانەکان بوو، ئەو هەموو ئەو خاسییەتانەی تێدابوو کە لە مەهدییەکی ئێرانی ڕەچاودەکرا. ئەو سەرکردەیەکی کەشخە، دووچاوی ڕەشی گەش، پرچێکی ڕەشی درێژ ڕەشی نیوە ماشوبرنجی بوو. ئەو شاڵێکی سەوزی بەسەر شانوملیدا دەدا، سواری ئەسپێکی بۆرەی عەرەبی بووبوو، بە شمشێرە چەماوەکەشی ئاماژەی بۆ خەڵکەکەی دەکرد. ئەو شمشێرە کۆنینەشی ئاماژە بوو بۆ ئەوەی بۆ شوێنکەوتەکانی بسەلمێنی ئەو لە زەوەزەی[45] عەلییە، ئاخر خۆ عەلییش بە شمشێرێکی ناوازە شەڕی دەکرد، شمشێرێک کە سەرەکەی دوولابوو. لە زمانی ئەژدیها دەچوو.
کاتێ خەڵکەکە ڕابەرەکەیان وەها بینی، لە خۆشیان دەلەرزین و هاواریان دەکرد: "ئا ئەمەیە شمشێرەکەی ئیمامی عەلی."
"تەماشاکەن، هەموو ئیمامەکانی پێش باب، ئەو شمشێرەیان هەڵگرتبوو."
خەڵکەکە بە گریانەوە دەیانگوت: "پاش هەزار ساڵ بە مرازی خۆمان گەیشتین."
هەموو بەرەبەیانی ڕۆژانی هەینی بە هەزاران جوتیار لە لادێکانەوە بە سواری گوێدرێژ دەهاتنە ناوشار تا لە مزگەوتی گەورەی شاردا بە دیداری باب شادببن و بە چاوی خۆیان پەرجووەکە ببینن.
لەکاتی وتارە ئاگرینە پڕ جۆشوخرۆشەکانی بابدا، ئامادەبووانی مزگەوت بە گوێی یەکدیدا دەیانچرپاند؛ "بەڵێ هەوە، خۆیەتی، ئەمە مەهدییە."
"ئەو دەبێ خۆی خۆی ئاشکرا بکا کەوا مەهیدییە، بەڵام خۆ ئەوەش پێویست ناکا، لە ڕەنگ و ڕوویەوە دیارە خۆیەتی."
ئەو چاوەڕێ بوو شوێنکەوتەی زیاتری پەیدادەبن، ئینجا ساتوکاتی شادمانی بە هەمووان ڕادەگەیەنێ و خۆی ئاشکرا دەکا.

---

[45] زەوەزە: تۆرەمە، وەچە، نەوە، نەسل

شــار لە حەشــامات ســیخناخ بوو، هیوا لە چاوی هەمووان‌دا بریســکەی دەدایەوە، هەموو شتێک ئامادەبوو بۆ کۆتاییهاتنی کوێرەوەری. خەڵکەکە بە زەوق و کەیف بوو، دەگەیشــتنە یەک و تەوقەیان لەگەڵ یەک دەکرد، یەکدییان لەباوەش دەگرت و هیوای خۆشــی و بەختەوەرییان بۆ یەکدی دەخواست. دەیانگوت دوای قسەکانی باب بۆنی گوڵان دەکەین.

لەو کاتەش مەهدولیا گەیشــتە مۆســکۆ، باب خۆی بە ســەرداری شــیراز دانا. سەری ئەوانەی پێشتر شارەکەیان دەپاراست، ئێستا لەبەردەم بابدا لە کڕنووشــدان و کاتێکیش بە ســەدان پیاوی چەکداری لە دەوری خۆی بینی، تفەنگەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانا. باب دەستی بە ســەر قەڵاکەدا گرت و پیاوەکانی بۆ ئەوە ئامادەکرد بەرەو ئیســـفەهان بکشـــێن. خۆ ئەگەر بیتوانیبا دەســـت بەســـەر ئەو شـــارەشـــدا بگرێ، ئەوا زەبرێکی کوشندە دەوەشاند، ئەوکات سوپای شا نەیدەتوانێ بیوەستێنێ.
باب لەگەڵ پاسەوانەکانی، لەگەڵ ئاخوندی چەکدار لەبارەی کشان بەرەو ئیســـفەهان کەوتە ڕاوێژ و گفتوگۆ، هەینێ گوێی لەوە بوو ســـوپایەکی گەورە لە تارانەوە بەرەو شیراز بەڕێکەوتووە. وا مەزندەدەکرا بۆ بەیانی سەربازەکانی شا بگەنە دەروازەی شار.
هەر بەڕاســتیش پێشــقەرەوڵی لەشــکر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا گەیشــت. بەشــێکی دیواری شــارەکەیان بەر گوللەی تۆپیان دا و ئیدی ســەرباز بەناو شارەوە وەربوون. کەچی شتێکی ڕەچاونەکراو، کە بووە مایەی ســەرســامیی فەرماندەی لەشــکرەکە، ڕوویدا، ئاخر ســەربازەکان ڕەتیانکردەوە لە دژی باب بجەنگن. کاتێک بینیان باب بە ســـەربازانی لادێ و شوێنکەوتووانی دەورەدراوە. کە گۆرانییەکی پیرۆزی عەرەبییان دەگووتەوە، دەســـتبەجێ زانییـــان کـــابرا خۆی مەهـــدییە. ئەوەبوو لەبەردەمیدا چۆکیان دادا و چەکیان دانا.

دوای ئەوەی وەزیر هەواڵی ئەوەی پێگەیشت، کە پیاوەکانی خۆی خۆیان ڕادەستی باب کردووە، دەستبەجێ بەخۆی و سوارچاکەکانی ڕووەو شیراز کشا. لەوێ دەیزانی چۆن قەناعەت بە سەربازەکانی بهێنێ گوێی لێبگرن و فەرمانەکانی جێبەجێبکەن. ئەو خۆی ئامادەکردبوو لەوێ وتارێکی بە جۆش بدا و بیسەلمێنێ باب مەهدی نییە، بەڵکو ناپاکیی لە گەل و نیشتمان کردووە.
وەزیر بانگی سەربازەکانی کرد و قسەی بۆ کردن: "سەرنجی ئەو تفەنگە بریقەدارە نوێیانەی پیاوەکانی باب بدەن! ئەوە ئەو چەکەیە لە ئینگلیزەکانەوە هاتووە، مەبەستیش لێی ئەوەیە وڵاتەکەمان لەباریەک بترازێنن. دەی شەڕ لە دژی ئەو ساختەچییە بکەن و چەکی بکەن. خوا ئێوە و پاشاکەتان پاداشت بداتەوە!" ئەوەبوو قسەکانی وەزیر تینوتاوی دایەوە بەر سەربازان، ئەوسا ئەوانیش هۆشیان هاتەوەبەر و ئامادەبوون لوولەی چەکەکانیان لە باب بگرن و شەڕی لەگەڵدا بکەن.
ئەوە بوو شەڕێکی قورس لە نێوان لەشکری وەزیر و چەکدارە شوێنکەوتووەکانی ئاخوندەکە بەرپابوو، هەموو شوێنە گرنگەکانی شاریش بە کیسەی خۆڵ ئاستەنگ کرابوو تا هێزی سەربازی بە ئاسانی پێیدا نەڕوا. وەزیر بە خۆیشی لە هێڵی پێشەوە دەجەنگا. لە هەردوو لاوە کەسانێکی زۆر کوژران و بریندار بوون، شەڕەکە سێ ڕۆژ درێژەی کێشا تا لە دواییدا دوا مۆڵگەی چەکدارانی باب دەستی بەسەردا گیرا. لە دواساتەکانی شەڕەکەدا بۆ یەکەمین جار بوو وەزیر سەرکردەی یاخیبوەکان، باب ببینێ. وەزیر بابی بە خۆی و شاڵە سەوزەکە و شمشێرەکەی ناسییەوە، هەروەک ئەوەی مەهدی ڕاستەقینە بێ، شەڕی دەکرد.
وەزیر تفەنگەکەی بەلاوە نا و شمشێرەکەی لە کالان دەرهێنا و هەڵمەتی بۆ سەر باب برد. ویستی بیگرێ و لەگەڵ خۆی بیباتە تاران. بەڵام ئەو

توانی ڕابکا. ئاخر ئەگەر ئەو دەرچووبا و لە شـــەڕەکە ڕزگاری بووبا، ئەوا شـــوێنکەوتووەکانی دەیانکردە ئەفســـانە، بۆیە وەزیر کۆڵی نەدا و بەدوایدا ڕۆیشـــت. لێ باب دەیزانی چۆن خۆی دەرباز بکا، ئەو ناوچەکە بەڵەد بوو، کاتێکیش شەو داهات، توانی خۆی بشارێتەوە.
وەزیریش بە ئەفسەرەکانی خۆی گوت: "پێویستە بیدۆزینەوە، خۆ ئەگەر وەک مارێکیش خۆی کێشابێتەوە کونەکەی، هەر دەبێ دەریبێنین."
وەزیر فەرمانی دا هەموو ماڵ و کێڵگەکانی دەوروبەری ئەوێ بپشـــکنن. دوای یەک دوو ڕۆژ بابی لە بیرێکی ئاو لای مێگەلە بزنێکی شـــوانێک دۆزییەوە. لە بیرەکە دەریانهێنا و بە دەستبەستراوی بەرەو شار بردیان. لەوێش پشتاوپشت سواری گوێدرێژێکیان کرد و بەنێو هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شـــیرازدا گێڕایان تا نیشـــانی خەڵکەکەی بدەن، ئەو ئاخوندە ڕاســـتەقینەکە نییە، بەڵکو پێغەمبەرێکی درۆزنەیە. پاشـــان وەزیر بابی لەگەڵ خۆی بردەوە تاران لەوێ فڕێیدایە کونجی زیندان. بە دەســـتی خۆیشی قفڵێکی ئەستووری لە دەرگای زیندانەکەی دا و کلیلەکەشی دایە دەســـتی ســـەرۆکی زیندانەکە و پێیگوت: "خواردنی بدەرێ و بە باشـــیش لەگەڵیدا بجووڵێوە. ئەو دەبێ لە ژیاندا بمێنێ."

کاتێکیش بە شـــــا ڕاگەیەنرا کە باب لە تاران خراوەتە کونجی زیندان، ویســـتی بیبینێ. ئاخر دەرکەوتنی مەهدی دنەدەری هەموو حەکایەتە مەزنەکانی ئێرانی بوو. پاش هەموو ئەو شتەی لەبارەی بابەوە گوترابوو، شا ویستی ئەو "پێغەمبەرە درۆزنە" لە نزیکەوە ببینێ.
پاشـــا لە ئێوارەیەکی درەنگدا بە یاوەری دەســـتەیەک پاســـەوانی چەکدار بەرەو زیندان لێیخوڕی. ســـەرۆکی زیندان بە مەشـــخەڵێکەوە بە پێشـــی کەوت بەرەو بنەبـانی[٤٦] زینـدانێ. ئەوان بە بەردەم یەک دوو دەرووی

[٤٦] بنەبان: ئەوسەر، قووڵایی.

شێداری تاریکدا تێپەڕین تا گەیشتنە شوێنێک کە بەبێ مەشخەڵی چراکە هیچ شتێک نەدەبینرا.
سەرۆکی زیندان بە چەند پەیژەیەکدا شۆڕبووەوە، لەوێوە ئاماژەی بە شوێنێک لە کۆتایی ڕاڕەوەکە کرد، ئەوسا مەشخەڵەکەی دایە دەست شا.
پاشاش بە ئەنقەست یەک دوو جار لەسەر یەک کۆخی و یەک دوو هەنگاو لە شوێنەکە چووەپێشەوە. مەشخەڵەکەی بەرزکردەوە تا ڕوخساری زیندانییەکە ببینێ، هەینێ تارماییەکەی بەردەمی بینی. پیاوێک بە جلێکی لەبەردادڕاو کە بە زنجیرێکی ئەستوور بە دیواری ژورەکە بەستراوەتەوە. لەبەر تیشکی مەشخەڵەکەدا شاڵە سەوزەکەی وەک تەلیسمێک دەدرەوشایەوە. شا هێشتا چەند هەنگاوێکی دیکەی لێچووە پێشەوە. لەپڕێک بریسکەی چاوی باب دەرکەوت و پاشای ناسییەوە.
پاشا چرپاندی: "مەهدییەکە."
شا هەروەک منداڵێکی سامگرتوو دەستی لە زنجیر و پێوەندەکانی کابرا دا و دیسان چرپاندییەوە: "مەهدی."
بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو باب لێی نزیک کەوتەوە و پڕبەدەم تفێکی لە دەموچاوی پاشا کرد. ئەویش پشتاوپشت گەڕایەوە، بەسەردەستەی کراسەکەی دەموچاوی سڕیەوە و هاواری کرد: "لە داری دەن!"

بۆ ڕۆژی پاشتر باب، مەهدییە ساختەکە، لە دەروازە گەورەکەی تاران ملی بە پەتی قەنارەوە کرا. شاڵە کەسکەکەشی بەسەر شان و ملی هەر دەشەکایەوە.

٢٢

پشیلەکان

قرالّی ڕوس لە کۆشـــکی خۆیدا پێشـــوازی لە مەهـدولیا کرد و لە دانیشـــتنێکـدا ئەوەی پێڕاگەیـانـد، کـاتی خۆی نێردەی ڕوســـی لە هاوینەهەوارەکەی شێخ ئاغاسییدا بەتەمابوون بە شای ڕابگەیەنن.

گفتوگۆ لەگەڵ قرالّدا هاندەرانە بوو. مەهدولیا متمانەی جارانی گەڕاندەوە. خانمی دایکی شا دوو هەفتە لە شوێنی حەوانەوە لە دەرەوەی مۆسکۆدا مایەوە، لەو نێوەشدا کاتێ بۆ پیاسە ویستبای بچێتە ناو شار، پۆلێک لە ژنە تێرتەمەنەکانی ماڵی پاشایەتیی ڕوسی یاوەرییان دەکرد.

کاتێکیش ویســـتی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەشـــی باکووری ڕوســـیا بەفرێکی ئەستوری لێ باری. ڕێگاوبان بە بەفرێکی سپی سپی ئەستوور داپۆشـــرا. زۆر بە خراپی بەســـتبووی. کەس زاتی نەدەکرد خۆی لە ڕێ بدا. مەهدولیا ناچار بوو لە شـــوێنی خۆی بمێنێتەوە تا بەفرە بارییەکە دەتاوێتەوە.

لە تارانیش لەمێژ نەبوو زســـتان هاتبوو. شـــا لە ترس و ســـام لە کۆشکەکەی هەر دەهات و دەچوو. ئەو شەوە شەرمینیش وەدەرنەکەوت. هەرگیز پێشـــتر شـــتی وەها ڕووی نەدابوو. ئاخر خۆ ئەو لە ڕێی باخی کۆشـــکەکە بۆی دەردەچوو، خۆی وندەکرد، بەڵام هەمیشـــە دەگەڕایەوە هۆڵی مینابەندەکەی و ئیدی لەوێ لەپشت پەنجەرەکەوە لێی وەردەکەوت. لێ کاتێک پشـیلەکە هەر وەدەرنەکەوت، شـا بە درێژایی شـەوەکە خەوی لێنەکەوت. ئەو بەنێو ڕاڕەوەکانی کۆشـکدا هەر ڕاوێچکەی دەدا، سـەیری هەموو هۆدەکانی دەکرد و بانگی شـەرمینی دەکرد. لەوە دەترسـا نەبادا لە شـــوێنێک شـــتێکیان لێدابێ و کوژرابێ. لە دالان و کونجە تاریکەکان، لەبن تەختەبەند و قەنەفەی کۆندا بەدوایدا دەگەڕا، لێ لە هیچ شـــوێنێک سۆراغی نەبوو.

بۆ بەیانییەکەی، پاســـەوانی بەدوای ســـەروســـۆراغی پشـــیلەکە ناردنە دەرەوەی کۆشک. لێ ئەوانیش هیچیان بۆ هەڵنەکرا. شا بەمجۆرە ماندوو و هیوابڕ گەڕایەوە سـەرجێی خۆی و گوێی بۆ هەر دەنگێک هەڵدەخست کە لە دەرەوە هاتبا. پشیلە تۆڕییەکان لە دەرەوە، لەسەر بانی کۆشک لە هەرا و میاوەمیاوی خۆیاندا بوون. تۆ بڵێی ئەوان شـــەرمینیان بۆ لای خۆیان کێشـــکردبێ؟ تۆ بڵێی شـــەرمین گەرمیی پشـــیلەیەکی تۆڕی لە جیاتی گەرمیی باوەشی شا لێگرتبێ؟

میاوەمیاوی پشـیلەکان شـایان شـێت و هارکرد. ئەو لە نێو پێخەفەکەی دەرپەڕی و بەرەو دەرەوە چوو. لای حەوزی ئاوی حەوشـــەی کۆشـــک بانگی کرد: "شەرمین، ئەرێ لەوێی؟"

پاسەوانەکانیش شایان بینی. سەردەستەی پاسەوانەکان لە شای پرسی ئاخۆ دەتوانێ شتێک بکا. (شا)ش پێی گوت: "دەی بڕۆ چرایەک بێنە."

پاسەوان فەرمانەکەی بەجێگەیاند.

شا بەخۆی و چرای دەستی لێ وەسەر پەیژەکان بۆ سەر بان کەوت.

پشــیلەکانیش، ئەوانەی لەســەربان بوون، کاتێک شــایان بە خۆی چرای دەســتییەوە بینی، لەو ســەربان بازیان دایە ســەر بانی و پاردەیەکی دیکەی کۆشــک. ئەوانە ڕەوە پشــیلەیەک بوون، بە دڵنیاییەوە ســەد دانە دەبوون. شــا هەرگیز پێشــتر ئەو ژمارەیەی بە یەکەوە نەدیبوو. بە ڕۆژ ئەو پشـــیلانە بەنێو کوچە و کۆڵانەکاندا بۆ خۆیان دەســـووڕانەوە، بە شــەویش لەیەک خڕ دەبوونەوە. بۆ مایەی ســەرســوڕمانی، پاشــا چرای دەستی بەرزکردەوە. ئەو پشیلە خەپە تۆڕییانە کۆشکیان وەک پاوانێکی خۆیان دانابوو، ڕۆژانەش لەســـەر بەرماوی فڕێدراوی حەرەمســـەرا و نادینەکەی کۆشــک دەژیان. ئەمانە پاشــماوەی ئەو پشــیلانەن کە نەوە دوای نەوە لەسەر بانی کۆشکەکەدا دەژیان.
ئەو بەســـتەزمـانـانە ســـنووری خۆیـان دەزانی، هەرگیز لێ وەژوور کۆشکەکە نەدەکەوتن، بەڵام سەربان و پاشخانی حەرەمسەرا و شوێنی فڕێدانی زبڵ و پاشـــماوە، کە کەوتبووە پشـــتی پشـــتەوەی باخەکە، بە مەیدانی پاوانکراوی خۆیان دەزانی. کاتی لە نزیکەوە چاویان بە چاوی پاشــا کەوت، لەوە تێگەیشــتن نابێ نزیکی بکەونەوە و لەســەریشــیان پێویستە ئاگایان لە جرتوفرتی خۆیان بێ.
شــا بە دەنگی بەرزەوە بانگی کرد: "شــەرمین." ئەوەبوو پشــیلەکانیش بە هەموو لایەکدا هەڵاتن. هەرچی شـــەرمینیش بوو، لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو.
شا بە گەڕانەوەی بۆ سەر جێ خاڵییەکەی، بەزۆی خۆی بۆ کێش دەکرا. ئینجا لەوێ دەستی بە زەنگەکەیەوە نا و بانگیکرد "تاج!"
دەنگی خێرای تەپەی پێ، هی پەردەدار بوو، غاری دەدا تا کیژەکەی پاشا بانگ بکا.

تاج سـولْتان هەمیشـە بە خۆی قەرەواشـەکەی لە ژووره تایبەتییەکەی خۆی دەژیـا، ئەو ژوورەی دەکەوتە ئەوپەڕی حەرەمسـەراکە، کە بە ڕێڕەوێک دەگەیشـتە سـەر باخی کۆشـکەکە. شـا لەگەڵ تاج سـولْتاندا هەسـتی بە ئارامی و خۆشـحاڵی دەکرد. ئەو بەردەوام سـەری کچەکەی دەدا، کاتێ خەریکی دەرسی فرەنسی دەبوو. دەوڵەتمەداری بە ئەزموون مێژوویی وڵاتەکەی فێری کچەکەی دەکرد. لێ پـاشـا هەر مێژووی سەردەمی باوکی و باپیرەی فێری کچەکەی دەکرد.

"هەموو شـتێک لەبەر بکە، وەک کچە شـازادەیەک پێویسـتە هەموو شتەکان بزانی."

ئەو مێژووەی شـا بە کچەکەی دەگوت، وای دەکرد پەیوەسـتی نێوان باوک و کیژ پتەوتر بکا. ئەو پەیوەسـتییەی وای لە کچە دەکرد، خەم لە لەشساخی و خۆشگوزەرانی ئەو بخوا.

تازە تاج سـولْتان ڕۆبەکەی بەسـەر شـاندا دادابوو کە پەردەداری بابنۆکەر هات و پێیگوت دیسان پاشا خەوی لێزڕاوە.

کاتێکیش هات و پاشای بینی، پرسی: "باوکە، خێرە؟"

ئەویش باوەشێکی بە کیژەکەی کرد و پرچە ڕەشە تارییەکەی ماچکرد. "شەرمین ڕۆیشتووە."

کیژەکە بە سەرسامییەوە: "چۆن، ڕۆیشتووە؟"

"هەمو شوێنێکی بەدوادا گەڕام."

کچەش پێیگوتەوە: "زۆری پێنـاچێ دەگەڕێتەوە. تۆ شـەکەتی. هەر بەڕاستی پێویستە بچیتە ناو جێگەی خۆت."

شا وەڵامی دایەوە: "خەوم لێناکەوێ."

"دەی من شتێکت بۆ دەخوێنمەوە" کچە ئەمەی گوت و پاشای خستە ناو جێگەی و لێفەکەی بەسەردا دا.

تاج لەسەر مێزەکە دەستی دایە کتێبێکی فرەنسی. لەسەر ڕۆخی پێخەفەکە دانیشت ئەو لاپەڕەیەی لێک کردەوە کە پێشتر پاشا گوێچکەکەی نوشتاندبووەوە و دەستی بە خوێندنەوە کرد.
"ڤیکۆنتێس بۆ ماوەی سێ ساڵ بوو پەیوەندییەکی پتەوی بە لۆردێکی دەوڵەمەندی ناودار، بە مارکیز ئاجوپنتۆوە هەبوو..." [47]
بەڵام خۆ مێشکی شا لەلایەکی دیکە بوو. ئەو سەری بەرزکردەوە و گوتی: "ژنانی حەرەمسەرا دەستیان لە ونبوونی شەرمیندا هەیە."
تاجیش بە نەرمی پاڵێکی بە شاوە ناو خستییەوە سەر جێگاکەی. درێژەی بە خوێندنەوەکە دا: هەر یەکێ لەو پەیوەندییە پاکانە بوو، کە بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی زۆری ئەو کەسانەی پەیوەندییان لەگەڵدا هەبوو..."
پاشا بەدەم گوتنی ئەم قسەیە: "ئەوان هەموو شتێک کە بۆ من دڵگیر و خۆشەویستە دەبەن." جارێکی دیکە لەسەر جێگەکەی هەڵسایەوە.
"باوکە، ئەوە تۆ چی دەڵێی؟" کچەکە وەهای بە باوکی گوت و کتێبەکەی لەسەر جێگەی خۆی دانایەوە.
"من هێشتا میراتگری جێگرەوەم نییە. کوڕی یەکێ لەو هەموو ژنانە دەکرێ ببنە جێگەرەوەم."
کچەکەش پەرداخێک ئاوی بۆ باوکی تێکرد و دایە دەستی.
پاشا گوتی: "پێویستم بە ئاو نییە. تاج ، گوێبگرە، تۆ تاکە هیوای منی. تۆ پێویستە جێگرەوەیەک بە من ببەخشی. من دەبێ مشووری مێردێکی شیاوت بۆ بخۆم."
تاجیش پێی گوتەوە: "ئەرێ ئەوە باسی چی دەکەی؟ من هێشتا هەر کیژۆڵەیەکم."

---

[47] ئەم دێرە و دێڕی دواتر بە فرەنسی نووسراوە. وەرگێر.

"دایکیشت هەر کیژۆڵەیەک بوو، هەر چواردەساڵان بوو کاتێ تۆی بوو. باشە تۆ ئێستا چەند ساڵەی؟ نزیکەی چواردە، وایە؟"
تاجیش گوتی: "نا نەخێر، هێشتا نا."
"زۆر نابا دەبیتە سێزدە، ئێ خۆ سێزدەش هەروەک ئەوە وایە چواردە بیت. تۆ دەبێ بە باشی ئاگات لە خواردنەکەت بێ. ئاخر چەند گەورەتر و جوانتر بیت ترسی ئەوەم هەیە ئەوان ژەهرخواردووت بکەن. ئەوان شەرمینیان لی بردم، دەکرێ تۆش لە دەستم دەربهێنن." کاتێ پاشا لەم قسەیەی بووەوە، ژووری نوستنەکەی جێهێلا.
"باوکە، ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟"
پاشا گوتی: "بەرەو حەرەمسەرا. هەر کەسێک ئازاری شەرمین بدا، دەبێ بمرێ. دەی تۆش بڕۆوە ژوورەکەت. ئاگات لە خواردنی خۆت بێ. کاتێ دەخەوی دەرکەی هۆدەکەت باش لەسەر خۆت پێوە بدە. هەر کەسێک پەنجەت بۆ درێژ بکا لە سێدارەی دەدەم."

درەنگانی شەو بوو. خواجەباشی، بەرپرسی حەرەمسەرا خەوتبوو. پاشا بەتوندی خۆی بە دەرکەکەدا دا، بە شێوەیەک کابرای بەستەزمان لەخەو ڕاپەڕی. هەر بەتەنیا پاشا وەهای دەکرد. خواجە خڕەی لە شمشێرەی دەرکەوە هێنا و کردییەوە. پێدەچوو شا حەوجەی بە ژنێک هەبووبێ.
"پایەبەرز!"
پاشا خۆی لە کابرا نەگەیاند و درێژەی بە ڕۆیشتنی خۆی دا. بۆنێکی قورسی توتن لە حەرەمسەراکەوە دەهات.
شا بە دەنگی بەرزەوە بانگی دەکرد: "شەرمین."
خواجەباشی لە دڵەوە ترسی لێ نیشت. ئەو بیستبووی، پشیلەکەی پاشا ون بووبوو. ئەوەشی دەزانی پاشا ئامادەیە کەسێک بکوژێ ئەگەر هات و شتێک نەکرێ و هێور نەکرێتەوە، لێ خواجە زاتی نەدەکرد دەمی

لێکبکاتەوە و شـــتێک بڵێ، دەترســـا نەوەک ئەو یەکەمین قوربانیی تووڕەییەکەی شا بێ. ئەو لە دوورەوە بە دوای شادا دەڕۆیشت.
شا هەر بانگی دەکرد: "شەرمین، شەرمین!"
پاشا لە تاریکییدا بەسەر کورسییەک و مەسینەکەیدا کەوت. پاشان پێی لە ســـۆندەی ئاو هەڵدا. بە تووڕەییەوە شـــتەکەی بە دیواردا دا تا بە دەنگەدەنگەوە پارچەپارچە بوو. دەنگە دەنگ لە ژوورەکان پەیدابوو. ژنەکان بێدار بوونەوە، دەرکەی هۆدەکانیان لەســـەر خۆیان گاڵە دا، ترسان لەوەی نەبادا پاشای تووڕەوتووش لێیان بە ژووری بکەوێ.
خواجەباشـــی، ئەوەی زۆر بەهەند هەڵگرتبوو کە ژنەکان لە پشـــتی بێسەروشوێنبوونی پشیلەکەوە بن، گەڕایەوە بەڵکو بە دوای یارمەتییەکدا بگەڕێ. ژنەکانیش لە شوێنی خۆیانەوە کڕ و بێدەنگ مانەوە.
شا هەر هاواری دەکرد: "شەرمین، ئەوە لە کوێی؟"
دەردەست میاوەمیاوی پشیلەیەکی ترساو لەبەر پێی پاشا پەیدا بوو. شا چاوی لەســـەر ئەوە بوو ئاخۆ پشـــیلەکە لە کامە ژوور فڕێدرایە دەرەوە بە هەموو هێزێکەوە خۆی بە دەرکەوە دادا.
"باوکە پاشا، بوەستە!"
خواجەباشـــی خێرا تاج ســـوڵتانی ئاگادار کردبووەوە. ئەوەبوو کیژەکە پیلی پاشای گرت و لە حەرەمسەرای هێنایەدەر.

٢٣

پەیامێکی نهێنی

مەهدولیا گەڕابووەوە. ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی، لە کۆشـــکەکەی خۆی چاوی بە پاشـــا کەوت. ویســـتی گفتوگۆکەیان لە دەرەوەی چاوی وەزیرەوە بێ. ئاخر ڕوســەکان ســەرنجی نەرێنییان لەبارەی وەزیرەوە پێدابوو.

"دایکە، ئەرێ گەشتەکەت چۆن بوو؟ چۆن پێشوازییان لێکردی؟"

"شتەکە لە دەرەوەی بازنەی چاوەڕانکردنەوە بوو. وەک خزمێکی خوێنی، زۆر بە گەرمی لە لایەن ژن و دایک و خوشـــک و کیژەکانی قڕاڵ بەخێرهێنرام. قڕاڵ گوتی، ئەوە دەزانم کە ئێوە هیچ دەســـتتـان لە ڕووداوی باڵوێزخانەکەدا نەبووە."

پاشاش گوتی: "دایکە، دڵمان خۆش دەکەی."

"سەردانەکەی مۆسکۆ ئەزموونێکە لەبیر ناکرێ. ئەو ڕێوڕەسمی نوێژ لە کڵێسـاکان و ئەو تەلارە مێژووییە سـەرنجڕاکێشـانە شـاهیدێکی پێداگرن لەســەر فەنابوونی ئادەمیزاد. هەموو شــتێکی ئەوێ، هەر لە شـــەقام و پەردەکانەوە تا تیاترۆخانەکان، بە تەواوی لە تاران جیاوازن. یەک دوو

جار لە سەر شەقامەکانی مۆسکۆدا دەبووایە لەبەر خۆم و بۆ حالی خۆمان بگریابوومایە."
"دایکە بۆچی؟"
"کوڕم، لەبەر تۆ. لەوێ لە کۆشکەکەی قڕاڵدا هەستم بەوە کرد، ڕۆڵەکەم، پاشای ئێران، لە چ کەساسییەکدا دەژی. لەوێ بە تەواوی ئەوەم بۆ دەرکەوت، مێژوو چی بەسەر هێناوین، بەتایبەت بەسەر تۆ. خۆی جاران ئێمە زێڕ و تەلامان لە شار و کۆشکەکاندا بەسەردا ڕژابوو، لەکاتێکدا مۆسکۆ ئەوکات وەک گوندێک وابوو. ئێستاش کوڕەکەم بووەتە پاشای وڵاتێک، کە هەر کەلاوەی لێ ماوەتەوە."
شا دەستەسڕەکەی خۆی دایە دایکی.
"لێ لەبەردەم قڕاڵدا وەها خۆم نواند، وەک ئەوەی دایکی بەهێزترین پاشای جیهان بم."
پاشاش پێی گوت: "بۆ ئەمە زۆر سوپاسگوزاری تۆین. ئەرێ چیت لەگەڵ ڕوسەکان باسکرد؟"
"بەڵگەنامەکان لای شێخ ئاغاسین، ئەو بەیانی دێت و هەموو شتێکت ڕادەست دەکا. شتەکە لەسەر ئەمەی خوارەوەیە. ڕوسەکان ئامادەن لەو بەشە داگیرکراوەی وڵات، لە ئازەربایجان بکشێنەوە، لێ بۆ ئەمە مەرجیان هەن."
شا بە حەوسەڵەوە گوتی: "گوێم لێتە."
"ئەوان دەیانەوێ دەستیان بە بەشە ئێرانییەکەی سەر دەریای قەزوین ڕابگا، تا بتوانن کەشتیرانی تێدا بکەن."
پاشاش وەها وەڵامی دایەوە: "ئەمە مەحاڵە. ئێمە خۆشمان هیچ کەشتیمان نییە. ئایا دەکرێ ڕێرەوی ئاوی لای باکوورمان بە تەواوی بخەینە بەردەستی ڕوس؟ ئایا پێویستە خۆمان بەرکەنار بکەین و هەر سەیری کەشتییە جەنگییەکانی ڕوس بکەین؟ نەخێر نابێ، هەرگیز نابێ."

"کوڕم، خۆ ئەگەر ئێمە هیچ کەشـــتیمان نەبێ، کەواتە ئێمە ئەو زێیەمان بۆچی پێویستە؟"
"دایکە!"
"گوێ بگرە. ڕوس ئامادەن بکشـێنەوە، بەڵام، لە بەرانبەردا دەیانەوێ بۆ ماوەی پەنجا سـاڵ دەسـەڵاتیان بەسـەر دوورگەکانی دەریای قەزوێن و بانی ئەفغانسـتاندا هەبێ. خۆ ئێمە لێیان خۆش نابین و نایاندەینێ، بەڵکو بە قەرزیان پێدەدەین."
"دایکە لێم مەگرە، بەڵام سەرلەبەری ئەم شتە قوڕە!"

قوڕ؟ باشـە ئێمە چی لەو بانە بەیار و قاقڕەی سـەرووی ئەفغانسـتان بکەین؟ تەنانەت هێسترەکانی مەنگولیاش ڕکیان لێدەبێتەوە. هەروەها ئەو یەک دوو دوورگانەش، باشـە خۆ لەوەتەی زەوی پەیدا بووە، تا ئێسـتا تاکە ئێرانییەکیش پێی وەسەر نەناوە؟"
"کەواتە ڕوسـەکان ئەوێیان بۆ چییە؟ ئەوان لەسـەر خاکی لێی دادەکوتن. باشە شەرم لەخۆت ناکەیتەوە؟"
مەهـدولیـاش بەمجۆرە بەرگری پێ لەخۆی کرد: "بۆچی؟ من هەموو شـتێک دەکەم تا یەکانگیریی وڵاتەکەم بپارێزم. من بەزانم هۆزەکەمان چ قوربـانییەکی داوە تـا خزمەتی ئەم گەلە بکـا. من تەرمی زۆر لە پیـاوە ئازاکانمان بینین، کە لە شـەڕەکانیاندا سـەریان تێداچوو، یان بە هۆی شـۆفاری هێزی بێگانەوە کوژران. تۆ وەها ڕەفتار دەنوێنی وەک ئەوەی ناپاکییم لە نیشـتمان کردبێ. من دەمەوێ تۆ بپارێزم. من شـەکەت و ماندووم. وەها باشـترە هەڵبسـتی و بڕۆی. بەیانی پەیامە گرنگەکانی قراڵت پێدەڵێم." کاتێ شـاژن لەم قسـانە بووەوە، لە شوێنی خۆی هەڵسا.
- "نەخێر. دایکە، دانیشەوە."

- "ئەگەر تۆ هەر وا بکەی و وەک باوکت لە بەرزییەوە قسەم لەگەڵ نەکەی."
پاشا هەڵسا و لە تەنیشت دایکی دانیشت.
- "خۆت دەزانی ڕوس دەیەوێ بگاتە ئۆقیانووسی هیندی؟"
- "دەی لێگەڕێ با ئەوان هەر خەون ببینن. ئێمە خاکی خۆمانیان نادەینێ."
- "قڕاڵ ئەم پێشنیازەی خوارەوەی هەیە: ئەگەر هات و پاشا بیەوێ هەرات لەبن دەستی بریتانییەکان دەربهێنێ، دەکرێ پشت بە ئێمە ببەستێ."
تروسکاییەک پەڕیە چاوی پاشا.
- "خۆ ئەگەر ئێمە پلانی ئەوان پەسەند بکەین، ئەوا ئەوان لە ناوچە داگیرکراوەکانمان دەکشێنەوە. پاشان قڕاڵ تۆپ و تفەنگمان دەداتێ. خۆ ئەگەر پاشا داوا بکا، ئەوا ئەفسەری ڕوس پشتی جەنگاوەرانی ئێمە دەگرن و بە یەکبەرگیی سەربازیی ئێمە لەپاڵ ئێمەدا دەجەنگن."
- پاشاش پرسی: "هەر بە ڕاستی قڕاڵ پێشنیازێکی وەهای کرد؟"
- "ئەو بە تەنیا و دوو بەدوو ئەمەی بە من گوت و کەس لەگەڵمان نەبوو. تەنانەت شێخ ئاغاسیش لەوێ نەبوو. کوڕم، گوێ بگرە، خۆ ئەگەر ئێمە هەراتە خۆشەویستەمان بگێڕینەوە سەر نیشتیمان، لە مێژوودا وەک پاڵەوان دەردەکەوی."
- شا پێی گوتەوە؛ "بەڵام خۆ ڕوس جێگەی متمانە نین."
- "کوڕم، باشە چی لە دەست دەدەین؟"
- "وەزیر هەرگیز ئەم شتە پەسەند ناکا."
- "تۆ پاشای وڵاتی نەوەک ئەو. وێڕای ئەمە، قڕاڵ هیچ بە باشی ناوی وەزیری نەهێنا."
- "ئەو چی گوت؟"

- "قڕاڵ ئەو ڕازەی بۆ درکاندم، کە لە ڕاپۆرتی باڵوێزخانەکەی ڕوسیادا هاتبوو، پێویستە حیساب بۆ ئەگەری کودەتایەکی سەربازیی بکەی، کە وەزیر بەتەمایەتی.
پاشا بەسەر کورسییەکەیدا کەوت.
ئینجا مەهدولیا گوتی: "خەمی لێ مەخۆ. ڕوس خاوەنی قسەی خۆیان دەبن، ئەگەر هاتوو تەخت و تاجت مەترسی کەوتەسەر، ئەوان پێیرادەگەن."
پاشا لە سەر کورسییەکەی هەڵسا، دەستی دایکی گرت و ماچی کرد ئینجا بەجێی هێشت.
لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ کۆشکەکەی خۆی، لە دڵی خۆیدا پرسی تۆ بڵێی کەی لەبارەی پێشنیازەکەی قڕاڵ لەگەڵ وەزیردا بدوێ. لەکاتێکدا پاشا ئەگەری دەستبەسەرداگرتنەوەی هەراتی لەبەردەستی خۆیدا دەبینی، کەچی وەزیر تیشکی خستبووەسەر کاروباری ناوەخۆی وڵات.
شا بڕیاری دا چاوەڕێی کات و ساتی گونجاو بکا.

٢٤

چاپخانە

کاتێک شا هێشتا وەک شازادەیەکی جێنشین لە تەورێزدا دەژیا، وەزیر پۆلێک لە قوتابییە زیرەکەکانی بۆ خوێندن ناردبوونە ئەوروپا. ئەوان خوێندنەکەیان تەواو کردبوو. وەزیریش بۆ بنیاتنانەوەی وڵات پێویستی پێیان هەبوو.

ئەندازیارەکان ئەوانەی هەموو شتێکیان لەبارەی تەکنیکی نوێوە دەزانی، مشووری ئەوەیان خوارد، تۆڕێکی ڕێگاوبانی نوێ بۆ تاران دروستبکەن. پزیشک و دەرمانسازەکانیش نەخۆشخانەی نوێیان کردنەوە. بە ڕۆژ و شەو خەڵک لە نۆرەی درێژی چاوەڕوانی وەستابوون، بەدوای یارمەتی و چارەسەردا دەگەڕان. ئەوانەی زمانی نوێ فێربووبوون و زاست و زانیاریی نوێیان بەدەستهێنابوو، ئەو مامۆستایانەیان دەرس دەدان و پێگەیاندن کە دواتر لە کاتی دروستکردنی قوتابخانەی نوێدا بوونە مامۆستا.

یەکێ لەو کوڕە گەنجانەی ناردرابوونە دەرەوە، واتایەکی تایبەتی بۆ خودی وەزیر هەبوو. ئەویش کوڕی چێشتلێنەرەکەی ماڵی خۆیان بوو.

ماوەیەکی درێژ بوو، ئەو کاتەی وەزیر یارمەتی منداڵەکانی خۆی دەدا و دەرسودەوری زمانی فرەنسی لەگەڵ دەکردنەوە، ئەوەی بەدیکرد کوڕی چێشتلێنەرەکەیان لەپشت دەرکە دەوەستێ و دوابەدوای ئەوان دەرس و دەورەکە دەکاتەوە. ئیدی وەزیر بانگی کوڕیژگەکەی کرد، کتێبی فێرکردنی فرەنسی لەپێش دانا و پێیگوت: "دەی بیخوێنەوە."
بۆ مایەی سەرسامیی وەزیر، کوڕیژگەکە یەکسەر کتێبەکەی خوێندەوە. وەزیر وەهای بینی کوڕەکە بەهرەیەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. ئینجا پەلی کوڕەکەی گرت و خستیە نێو بازنەی خانەوادەکەی و لێیگەڕا لەگەڵ منداڵەکانی خۆی دەرسی تایبەتی بخوێنێ. پاشان کوڕەکەی بۆ تەواوکردنی خوێندن ناردە پاریس و ئێستاش گەڕابووەوە و وەک دەستەڕاستی وەزیر دەستبەکار بووبوو. گەنجەکە ناوی تەقی بوو، بەڵام وەزیر لەو بڕوایەدابوو، ئەم گەنجە لە دواڕۆژدا دەستی لە سەرکردایەتیکردنی وڵاتەکەدا دەبێ، بۆیە ناوێکی شەرەفمەندانەی لێنا: ئەمیر، ئەمیریش ناوێکە هاوواتای شازادەیە.

یەکێ لە خەونەکانی وەزیر بۆ وڵات چاپخانە بوو؛ خوازیار بوو ڕۆژنامەیەک لە تاران چاپ بکا.
ئەو بۆ یەکەمین جار لە مۆسکۆ ڕۆژنامەی بینیبوو، ئەوکاتە بوو لەگەڵ باوکی بۆ ئەوێ چووبوو.
وەزیر هۆنراوەی دەنووسی، لەپاڵ ئەمەشدا حەزی لە ڕۆژژمێر بوو، تێیدا تێبینی و سەرنجی لەسەر ڕووداوەکان دەنووسی. هیوای ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان هۆنراوەکانی لە دوتوێی کتێبێکدا کۆبکاتەوە و بە چاپی بگەیەنێ. لەگەڵ هۆنراوەدا ئارام دەبووەوە، هەمیشە ئەو هۆنراوانەشی لابوون کە بەسەریاندا دەچووەوە و ڕاستی دەکردنەوە. بەمجۆرە خۆی لە جیهانی دەرەوەدا دادەبڕی. ئەو حەزی لە نامەنووسین بوو، نامە و

پەیامی وەک بەڵگەنامەی سیاسی، وەک بەراوردکاری مێژوویی و لەم جۆرە بابەتە.
ئەو جۆرە پەخشانی نوێی دەنووسی. فارسی، زمانێک بوو قورس و ئاڵۆز، بەڵام وەزیر شێوازێکی ڕوون و ڕەوانی هەبوو. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، ئەو وەک ڕووداونووسێک لای باوکی و زۆر لەو نامانەی بە زمانەکانی ڕوسی، فرەنسی، ئینگلیزی و هیندی کە بۆ باوکی پاشا دەهاتن و ئەویش دەیخوێندنەوە و دەیکردنە فارسی. بەمجۆرە ئەو ڕاستەوخۆ زانیاریی لەبارەی شێوازی ڕاستەوخۆی نووسینی ئەورووپی پەیداکردبوو.
جارێکیشیان باوکی پاشا پەڕەمووچەیەکی قازی شاهانەی وەک پاداشتێک بۆ نووسینێکی جوان پێشکەشکردبوو.
زۆرینەی ئەو دەقە وروژێنەرانەشی بریتی بوون لەو نامانەی بۆ ژنەکەی نووسیبوون:
ئازیزەکەم،
دوێنێ ئێوارە کاتێ گەڕامەوە، تۆ لەماڵ نەبووی.
ماڵەکەمان هێلانەیەکی خاڵی بوو.
خاڵی لەو مەلە ئاوازەیەی بۆ هەمیشە فڕی بوو.
دەی خۆشەویستەکەم. هەمیشە و هەر کاتێک دەگەڕێمەوە، لە ماڵ بە، دەنا هەر بانگت دەکەم. ژوور بە ژوور بە دواتدا دەگەڕێم تا دێییتەوە.

ئەم کورتە نامە سادەیە، ڕوانینێکی نوێبوو لە پەیوەندیی نێوان پیاو و ژندا. شیعری فارسی پڕیەتی لە جاڕنامەی دڵداریی پیاو بۆ ژن، بەڵام هەرگیز هیچ پیاوێک نامەیەکی وەهای بۆ ژنەکەی خۆی نەنووسیبوو.

وەزیر فەرمانی بە ئەمیر دا بەڵکو ڕۆژنامەیەک لەبارەی پەرەسەندنەکانی وڵات و جیهان دەربکا. وەزیر بە شـــانازییەوە یاوەریی پاشـــای کرد بۆ چاپخانەیەکی نوێی تازە دروســـتکراو. لەو بەســـەرکردنەوەیەشـــدا تۆپە خۆشـــەویســـتەکەی پاشـــا وەک شـــتێکی دانەبڕاو بە دوای کاروانەکەی ڕاکێشرا.

وەزیر کاروباری ئەو ئەندازیارە گەنجە ئێرانییانەی بە پاشا ڕاگەیاندبوو، ئەوانەی شـــەقام و جادەوبانەکانی تاران لەســـەر شـــێوازی فرەنســـی لێ دەدەن. پاشاش بەرلەوەی بگاتە چاپخانەکە، بە فەرمی یەکێ لە گۆڕەپانە نوێیەکان دەکاتەوە.

بەقەد ئەوەی ئەوان لەناوجەرگەی شـــــار نزیک و نزیکتر دەبوونەوە، شـــەقام و ڕێگاکان جەنجاڵتر دەبوون، ئاخر خەڵک خوازیار بوو نیگایەک لە پاشـــا ببڕن. جلی پاشـــایەتی و ئەو شـــێوازەی ئەو بە ڕازاوەیی لەســـەر پشـــتی ئەســـپەکەی لەنێوان یاســـاوڵەکاندا دەڕۆیشـــت، ســـەرنجێکی وەهای لای خەڵکەکە دەوروژانـــد، وەک ئەوەی لە جیهـــانێکی دیکەوە هـــاتبێ. کاتێکیش پاشـــا گەیشـــتە لای گۆڕەپانەکە، بەوە هیدمەگرتی بوو، کە بینی هەموو پیاوە گرنگ و ناودارەکانی شار بە جلی ئاهەنگئامێزەوە لەمبەر و ئەوبەری ڕێگا وەستابوون. ئاخر ئەوە گۆڕانکاری بوو، بەوەی دوای ئەو حەشاماتی ئەو هەموو خەڵکە کەڕە و کوێرە و سواڵکەرانە، تووشی ئەو پیاوە پایەبەرز و پلە بالایانەی وڵات ببێتەوە.

پاشـــا لای گۆڕەپانەکە دابەزی تا شـــریتەکە ببڕێ. پێشـــتریش لەم جۆرە بۆنـــانەی ئەزموون نەکردبوو. گۆڕەپـــانەکە بە تـــاتەبەرد داپۆشـــــرابوو، ناوەڕاستەکەی پڕ لە گوڵدان بوو، ئاویش لە ناوەڕاستەوە بە فوارەوە بۆ سەرەوە فیچقەی دەکرد.

خوانچەیەک[48] کە مقەستێکی لەسەر بوو لەبەردەم پاشادا ڕاگیرا، ئەویش بەشێوەیەکی ناکارامە دەستی گەیاندە مقەسەکە و یەک دوو شەنقاو[49] بەرەو شریتەکە ڕۆیشت. بە ئاماژەیەکی پاشایانە شریتەکەی گرت و بە هێواشی مقەستێکی لێدا و بڕی. ئینجا موزیک و هوتاف و فیکە کردیانە ڕۆژی خۆیان. شا پێشوازیی لە ئەندازیارەکان کرد و گفتوگۆیەکی کورتی لەگەڵ کردن، یەک دوو دراوی لەناو لەپ دانان، ئینجا لەوێوە لەگەڵ وەزیر بەرەو چاپخانەکە ڕۆیشتن. کۆمەڵێک پیاوی گەنجیش لەگەڵیان ڕۆیشتن.

چاپخانەکە لە تەلارێکی نوێ لە پشت مزگەوتەکەدا هەڵکەوتبوو. لە ژوورەوە بۆنێکی سەیر بەر کەپووی ئامادەبووان کەوت. پێشتر وەزیر نەخشەی تەلارەکەی نیشانی پاشا دابوو، هەندێ شتی لەبارەوە تاوتوێ کردبوو، بەڵام خۆ چاپخانەکە لە نزیکەوە شتێکی دیکە بوو.
ئەو لەوێ سەیری ئامێر و ماکینەکانی کردن. نیگای پەڕیە سەر ئەندازیارێکی گەنج کە سەرپەرشتی ئیشەکەی دەکرد. ئەو پێشتر لەبارەی ئەو ئەمیرەی بیستبوو، کە دەستەڕاستی وەزیر بوو. شا هیچی لەبارەی ئەوە نەدەزانی ئاخۆ ئامێرەکان چۆن کاردەکەن، بەڵام ئەو وەها خۆی نواند وەک ئەوەی لە هەموو شتێک بزانێ. ئەو سەیری پیتە بارکراوەکانی نێو کیسەکانی کردن و لای خەڕەکی پاڵنەری چاپەکە وەستا. بە وریاییەوە پەنجەی ئاماژەی لەسەر خەڕەکەکە دانا، بە جۆرێک سەری پەنجەی لەبەر چەورییەکە ڕەش بوو. ئینجا پەنجەکەی لە هەوادا ڕاگرت، نەیدەزانی چی لێبکا. ئەوسا ئەمیر دەستەسڕێکی پاکی بۆ هێنا. پاشاش پەنجەکەی پێ سڕی و لەسەر ڕۆیشتنەکەی بەردەوام بوو. لای

[48] خوانچە: سینی، مەجمە، ساج، خوان.
[49] شەنقاو: هەنگاو

سندوقی پیتەکان وەستا، وەزیریش ئاماژەیەکی بۆ ئەمیر کرد تا شتەکە بۆ پاشا ڕوون بکاتەوە.
ئەمیریش یەک دوو پیتی داگیراوی لەنێو سندوقی پیتەکان دەرهێنان و لەسەر شوێنە دیارەکەی خۆی بە ڕیز دانیان ئینجا خستییە نێو ئامێری چاپ. پاشان بە کارامەیی پارچە کاغەزێکی بڕی لەسەر کاغەزگری سەر چاپەکەی دانا. پاشا بە تامەزرۆ و حەپەساوییەوە سەیری ئەندازیارەکەی دەکرد و چاوەڕێی ئەنجامەکەی بوو. ئینجا ئەمیر دەسکی ماکینەکەی بادا. دەنگێکی تەواو نامۆ بەر گوێی پاشا کەوت، پاشان کاغەزەکە لە لایەکی ئامێری چاپەکە کەوتەخوار. ئەمیریش کاغەزەکەی و دایە دەستی پاشا. ئەویش بەسەری لێوان ئەو ڕستەیەی خوێندەوە کە لەسەر کاغەزەکە چاپ بووبوو: "پاشا بۆ یەکەمین چاپخانەی پاشایەتی بەخێر بێ".
پاشا بە ئەوقمانەوە سەیری ئەمیری کرد. دوای ئەوە وەزیر یاوەریی پاشای بۆ لای ماکینەی چاپ کرد، لەو شوێنەی هەندێ تێکست چاپکرابوون. داوای لە پاشا کرد بەڵکو دەسکی ئامێرەکە بابدا تا بە شێوەیەکی فەرمی چاپخانەکە بکاتەوە. پاشاش دەستێکی لەسەر دەسکی شمشێر و بە دەستەکەی دیکەی لەسەر دەسکی خولخۆری ئامێرەکە، ئەوەبوو سێ جار لەسەر یەک خەرەکە خولخۆرەکەی سووڕاند. لەملاوە بارستە کاغەزێک لە ئامێری چاپەکە کەوتە خوار. وەزیر بە هەردوو دەست کاغەزەکانی هەڵگرتنەوە و ڕادەستی پاشای کرد و گوتی: "ڕۆژنامە".
کاتێک پاشا سەیری کرد و پۆرتێتی خۆی لە پشت شێری شاهانە بینیەوە، کە شمشێرێکی بەدەم گرتبوو، ڕۆژێکی درەوشاوەش لە پشتییەوە لە سەر ڕووپەڕی پێشەوەدا بینی، هەندێ وروژا. خەندەیەکی

شاگەشگەبوون کەوتە سەرروخساری. نیگای پاشا کەوتە سەر ئەو دەقەی لە ژێر پۆرترێتەکە نووسرابوو. تەزوویەکی وێ هەڵات.
"سەیرکە، لێرەدا هۆنراوەیەکی ئێمە چاپکراوە!" پاشا بە ڕوویەکی گەشاوەوە ڕۆژنامەکەی دایەوە دەستی ئەمیر، کە لە تەنیشتییەوە وەستا بوو، ئینجا درێژەی بە قسەکەی دا: "دەی بۆمان بخوێنەوە!"
ئەمیریش کەوتە سەر خوێندنەوە.
پاشا وەستاندی و پێیگوت: "گوێمان لێت نییە، بە دەنگ بیخوێنەوە."
ئەمجارەیان بە هەستێکی پڕترەوە ئەمیر کەوتە سەر خوێندنەوەی هۆنراوەکە:

ئەرێ کێ لێی تێدەگا؟
ئەز لە خاکێکی سادەوە کەوتوومەتەوە،
لە شەقڵێکدا داڕێژرا، هەر بۆیە شکا
تا لە وەرزێکی دیکەدا تێیهەڵبدرێ.

"نایابە." پاشا وەها هاتە دەنگ: "بەڵام خۆ دەبێ چاومان لەسەر ئەم جۆرە پیتانە ڕابێن. خوێندنەوەی ئەمە لەگەڵ کتێب شتێکی دیکەیە."
ئەو ئاماژەی بۆ وتارێک کرد کە لەبن شیعرەکەیەوە چاپکرابوو و گوتی: "دەی ئەمەشیان بخوێنەوە!"
ئەویشیان وتارێک بوو لەبارەی تێلیگرافەوە بوو، ئەمیر خۆی نووسیبووی. ئینجا بە بە باوەڕبەخۆبوونێکەوە خوێندیەوە: "بەڵێ هەر لە دێرزەمانەوە ئێمە بیرمان لە خێراترین تۆڕی پەیوەندی کردبووەوە. لەسەردەمی خۆیدا، داریوش، پاشای مەزن مشووری تۆڕێکی گەورەی بەرفراونی پەیوەندی خواردبوو، بەهۆیەوە پەیک و نامەبەران بە ڕۆژ و شەو بەبێ وچان و لە هەر چوار کەناری دنیایێ لە جرتوفرتی خۆیاندابوون تا هەواڵەکان خێرا بگەیەننە کۆشک. ئەوان تەنانەت دەنگ

و ســــەدا، ئاماژە و میناشـــیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی پەیامەکانیان لە ڕووبار و چیاکانەوە تێپەڕێنن و بیپەڕێننەوە. کاتێک ئێمەش بەو داهێنانە دێرینانەمان شـــاناز بووین، لێ ئێســـتا وامان لێهاتووە پشـــت بە ڕوس ببەستین بۆ ئەوەی ڕێگەی کەروبارمان [50] بۆ بکەنەوە...'

وەزیر تێڕامانەکەی پاشـــای لە ڕوخســـاردا بینی. ئەمیریش لەســـەر خوێندنەوە دوودڵ بوو، لێ هەر درێژەی پێدا: 'تەلەگراف (بروســـکە) پەیامێکە لە ڕێی کێبلەوە دەنێردرێ. بەم شـــێوەیەی خوارەوە کاردەکا. نێرەر پەیامەکەی دەگەیەنێتە دەســـتی نامەبەر، ئەویش لەهەمان کاتدا پەیامەکە دەگەیەنێتە دەستی وەرگرەکەی..'

پاشا بە ئۆقرەلێبڕانەوە لەسەریەک گوتی: 'بەردەوام بە، دەی پتر...'

'ئینگلستان پێشتر بۆ گەیاندنی پەیامەکانی پشتی بە کەشتی بەستبوو، ئەمەش چەندین مانگی پێدەچوو تا پەیامەکەی لە لەندەنەوە دەگەیشـــتە شـــوێنەکانی دیکەی ژێر قەڵەمڕەویەکەی، وەڵامی پەیامەکانیش دووبارە چەند مانگێکی پێدەچوو تا دەگەڕایەوە لەندەن، بەڵام ئێستا ئینگلستان کە پەیامی خۆی دەنێرێ...'

پاشا لە بەرتەکدا گوتی: 'بەڵێ بەڵێ.'

'وەزیر لە ڕۆژنامەکەیدا پێمان دەڵێ، ئەگەر هاتوو بمانەوێ، پێویست ناکا دە ساڵێک لەســـەر تەلەگراف بوەســـتین. خۆ ئەگەر وەزیریش وەها بڵێ، ئێمە دەبێ پەیڕەوی بکەین بەوەی ئێمەش لە مـــاوەیەکی کورتـــدا پەیامەکانمان بە چاونووقاندنێک لە شـــارێکەوە بگەیەنینە شـــارێکی دیکە، بەڵام...'

پاشـــا ڕۆژنامەکەی لە دەســـتی ئەمیر وەرگرتەوە، لوولی دا و بەنێو چاپخانەدا زیاتر قەدەمی لێدا. ئەو کێبڵ، مەرەکبدان، وشـــە دانراوەکانی

[50] کەروبار: کەرو ئێستر بە بارەوە. ڕێگەیەک کەری بەبارەوە لێوە بڕوا.

پشکنی و بەسەرکردنەوە، ئینجا چەند دراوێکی بەسەر کارمەندەکان دابەشکرد، ئەوسا لێیدا ڕۆیشت.

لە ڕێگادا وەزیر لەبارەی ڕۆژنامەکە بۆ پاشای ڕوونکردەوە: "هەڵبەتە ئەم زانیارییەی نێو ڕۆژنامەکە بۆ خاوەنشکۆ نییە، بەلام پێمان وایە پێویستە هاوولاتییەکانیشمان لە گۆڕانکارییە مەزنەکان ئاگادار بکەینەوە، وتارەکانی نێو ڕۆژنامەکە باسوخواسی پەرەسەندنی ولاتەکەمان دەهێننەگۆ. بریتانییەکان بە فەرمی ئەوەیان پێ ڕاگەیاندووین، کە لەبارەی هەڵسەنگاندنی ئەوەدان هێڵی تێلێگراف بە ولاتەکەی ئێمەدا بەرەو هیندستان ڕابکێشن. زۆر نابێ کێبڵیان لە بندینی دەریا داناوە، ئەمەش ڕێگایەکی گران و پڕتێچووە و کاتێکی یەکجار زۆریش دەخوازێ. ئێستا ئەوان گەیشتوونەتە لای ئێمە، چونکە هەرزانترین و کورتترین ڕێگەیە تا کێبلی خۆیان بۆ هیندستان بە ولاتەکەی ئێمەدا ڕابکێشن. تا ئێستاش لەو بارەیەوە بە فەرمی هیچ قسەیەکمان لەگەل ئالوگۆڕ نەکردوون، لێ چاوەڕێ دەکەین لە ماوەیەکی کورتدا لە دەرکەمان بدەن."

شا بە بێدەنگی گوێی لە قسەی وەزیر گرتبوو، بیریشی هەر لای پەیامەکەی قرالی ڕوس بوو، ئەو پەیامەی لەبارەی پەلاماردانی هەراتەوە بوو. ئەو خوازیاربوو لەو بارەیەوە لەگەل وەزیر بدوێ، بەلام بڕیاری دا هێشتا پێی نەلێ.

ئینجا پاشا پێی گوت: "دەی لە ڕەوشەکە ئاگادارمان بکەرەوە."

بۆ شەوەکەی پاشا بە شلەژاوی لە خەو ڕابوو، خەریک بوو دلی لە نێو قەفەزەی سینگیدا دەربپەڕێ. شەرمینیش خۆی پێوە نووساندبوو. بە دانیشتنەوە لەسەر پێخەفەکەی، بیری لە سەردانەکەی بۆ گۆرەپانەکە و

چاپخانەکە کردەوە. ئێستا پەی بەوە برد، پۆلێک لە پیاوانی گەنج لە هەموو لایەکەوە هەر بە دوای وەزیرەوەن. ئەوانیش ئەو کەسانەن لە دەرەوەی وڵات خوێندنی خۆیان تەواوکردبوو. ئەوان بە شێوەیەکی دیکە دەردەکەوتن، ئەوان جیاواز سواری ئەسپ دەبوون جیاواز لە بازرگان و شازادەکان بە ڕێگادا دەڕۆیشتن.

هەمووشیان بە یەکەوە یەک ڕوخساری وڵاتیان دەنواند، ئەو ڕوخسارەی پێشتر پاشا نەیبینی بوو.

"لەوانەیە دایکم ڕاست بکا." وەها لەگەڵ پشیلەکەی دوا: "ئەرێ خۆ تۆ لە سەردانەکەی لای چاپخانە لەگەڵمدا نەبووی. دەنا دەتبینی پیاوە گەنجەکان چەند مجێز بەرزن. هەربینا خۆشیان دەرخست."

٢٥

بڕیارێکی مێژووی

هەر بە تەنیا شـــا و دایکی و شـــێخ ئاغاســـی بە ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیانەیان دەزانی کە لە کرملین کرابوو. بۆ ئەوەی ڕێ لە دزەکردنی نهێنییەکە بگرن، سـێکۆچکەیەکیان پێکهێنابوو. ئەوان هیچ پەیکێکیان لەنێو خۆیاندا بەکارنەهێنا و هیچ تێبینی و ســەرنجێکی نووســـراویشـــیان نەخســـتبووە ڕوو. شـــا خۆی بڕیاری دابوو لەمەودوا کاراتر خۆی لە کاروباری ســـیاســـییانەی وڵات هەڵقورتێنێ. لە جاران پتر ئامادەی کۆبوونەوە گرنگەکانی لەشکر دەبوو، کارێکی وەهاشی کرد وەزیر بخاتە دەرەوەی ئەو جۆرە بڕیارداڕشتنانە. بۆ مایەی سەرسامییەکی گەورەی وەزیر، ئەوەبوو پاشـــا بەشـــێکی زۆری لەڕایکردنی کار و ئەرکەکانی ســەربازیی لە ئەسـتۆی خۆی گرت، پاکانە و بەڵگەوبەندیش ئەوەشـی بۆ هێناوە، گوایە بۆیە وادەکا تا دەستی وەزیر بۆ نەخشەی پێداچوونەوە و چاکســازییەکانی کاروباری وڵات واڵاتر بکا و کات و دەرفەتی باشـتری بۆ مەیسـەر ببێ. لەو نێوەشـدا پاشـا، شـێخ ئاغاسـی وەک ڕاوێژکارێکی فەرمی ناودێر کرد.

ئیدی دەستبەجێ شێخیش وەک پەیکێکی نێوان پاشا و ڕوس بۆ کاروباری دانوستان لەبارەی لەشکرکێشی بۆ سەر هەرات دەستبەکار بوو. لە کۆتاییدا شا ویستی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی وەزیر بداتە شێخ ئاغاسی. ئاغاسیش ڕاوێژی وای بۆ شا دەکرد بەڵکو ڕەعیەت و مسکێنەکان بە چاوی خۆیان پەی بەوە ببەن، کە پاشا خۆی وڵات بەڕێوەدەبا نەوەک وەزیرەکەی خۆی.

هەروەها هەوڵی ئەوەشی دەدا نەبادا پاشا هەست بە هەراسانی بکا. هەر بۆیە بەردەوام نەخشەی بۆ دادەنا و وای لێدەکرد بە کاروباری دەوڵەت شارەکان بەسەربکاتەوە. ئەم گۆرانکارییانەش بە دڵی پاشا بوون، کەیفی بەم کار و چالاکییانە دەهات.

شێخ ئاغاسی ئەوەی دەزانی ئەگەر هاتوو بتوانێ ڕێککەوتنێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ڕوس ببەستێ و کارێکی وەها بکا پاشا هەرات بگرێتەوە، ئەوا بێ سێ و دوو ئەو دەبووە گەورەوەزیری داهاتوو.

میرزا کەبیر ئەوەی لەبەرچاو ون نەبوو، کە شێخ ئاغاسی بەردەوام لەگەڵ ڕوسەکان کۆدەبووەوە. ئەو زۆر جاران لەبارەی شێخ ئاغاسییەوە هۆشداری دەدایە پاشا بەوەی کەسێکە بە ئاسانی دێتەژێربار و بڕوای بە شتی خورافات هەیە. ئەم جۆرە پیاوانەش دەکرێ وڵات بخەنە دۆخێکی دژوار.

جارێکیان پاشا بەتوندی وەڵامی دایەوە: "وەها باشترە هەریەکە و بەکاری خۆیەوە سەرقاڵ بێ و دەم لە کاروباری ئەوانی دیکەوە وەرنەدا."

دەبوایە وەزیر بە حەوسەڵەوە ئەوەی ببینیایە تا دەهات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فەرماندە و ئەفسەرە متمانەدارەکانی خۆی لە نێو سوپادا ون دەبوون و لە شوێنی خۆیان نەدەمان. خۆ ئەوەش ڕاست بوو پاشا

فەرماندەی گشـــتیی هێزەکان بوو، بەڵام وەزیر لە بڕیارەکانی پاشـــا و نەخاســـمە لە کاروباری ســـوپاوە دەیبینی چۆن پاشـــا کەوتووەتە بن باندۆری دژبەرەکانی. لە بارێکیشدا نەبوو دژی ئەو بڕیارانە بوەستێتەوە. پاشـــاش لاری لەوەدا نەبوو بە زەبروزەنگ وەزیرەکەی خۆی بەرکەنار بکا.

وای لێهات، لە هەر شـوێنێک پاشـا دەرکەوتبا، شـێخ ئاغاسـیشـی لەگەڵدا دەبوو. ئاغاســـی هەر بە ئەنقەســـت لەو کاتانەی وەزیر بۆ دیدارەکانی دەهاتە کۆشک، ئەویش دانیشتنی لای پاشای بەرنەدەدا و نە دەڕۆیشت.

ڕۆژێکیان، نیوەڕۆیەکی درەنگ، دوا لاپەڕەی ئەو بەڵگەنامەیەی مۆرکرد، کە لەســـــەر مێزەکەی دانرابوو، بەڵگەنامەکەش هی هـاوکاریکردن بوو لەگەڵ قڕاڵ. کاتێکیش پاشـــا مۆرەکەی لە قوتووی مەرەکەبەکە دەدا و مۆرەکەی لەســـــەر بەشـــــی خوارەوەی کـاغەزەکـانی بەڵگەنـامەکەی دەگیرســـاند، دەیبینی ڕێگەی هەرات بە ڕوویدا کراوەتەوە. ئەو بە مۆری دەســـتی لەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، لە ئاوێنەکەدا تەماشـــایەکی خۆی کرد. بەڵێ ئەو خەریکە شـــتێک بکا، باوکی نەیتوانیبوو بەدەســـتی بێنێ.

شەرمین! شا وەها بانگی پشیلەکەی کرد، بەڵام بەپیر دەنگییەوە نەهات. لە پەنجەرەوە ســـەیری دەروازەکەی کرد، ســـەری خۆی هەندێک خوراند و کڵاوەکەشی هەر بەدەستەوە وەبوو، ئاوەها وەستابوو. ئینجا لێبڕاوانە کڵاوەکەی لەســـەری نایەوە بەرەو نووســـینگەکەی ڕۆیشـــت، لەپێشـــەوە مۆری ئەنگوســـــتیلەکەی لە مەرەکەب هەڵهێنـا، ئینجـا بە هێزەوە لەژێر ناوەکەی لەسەر کاغەزەکەی گیرساند. پاشان دەستی بۆ زەنگەکە برد و بانگی پەردەدارەکەی کرد بچێ شێخ ئاغاسی بۆ بانگ بکا.

کاتێکیش ئاغاسی گەیشت، پاشا بێ ئەوەی یەک قسەشی لەگەڵ بکا بەڵگەنامەکەی دایەدەستی شێخ، ڕەوانەی کردەوە.
هەنووکە ئەو بڕیارەکەی خۆی دا، ئینجا هەستیکرد لەو بارەیەوە لەگەڵ وەزیر قسە بکا.
جارێکی دیکە بانگی کردەوە: "شەرمین!"
پشیلەکە هات و خۆی نیشان دا.
پاشا بەرەو حەوشەکە ڕۆیشت، بەڵام لە نیوەی ڕێگا، لەسەر پەیژەکان گەڕایەوە دوا. بێ ئاگادارکردنەوە و جاڕدان خۆی بە حەرەمسەردا کرد. کاتێکیش خواجەباشی وای بینی تەڕدەستانە قاپقاپەکانی بەسەرڕێ وەکردن و بە دوای پاشادا ڕۆیشت، پاشاش بێ ئاوڕدانەوە درێژەی بە ڕێڕۆیشتنەکەی خۆی دا، لێ ئیستێکی کرد و سەرلەنوێ ڕای خۆی گۆڕی. ئەم جارەیان ڕووی لە خواجەباشی کرد و پێی گوت: "بڕۆ وەزیرم بۆ بانگ بکە!"
خواجەباشی لەوە نەگەیشت ئاخۆ بۆ چی پاشا دەیەوێ وەزیری بێنێتە حەرەمسەرا.
شا لە شوێنی خۆی هاواری بەسەر خواجەدا کرد و شیڕاندی: "باشە بۆچی لە شوێنی خۆت ڕەق وەستاوی؟ دەی بڕۆ وەزیرم بۆ بێنە!"

کاتێ وەزیر بە سواری ئەسپەکەی گەیشتە حەوشەی کۆشک ئەنگۆرە داهاتبوو. لەوێ لغاوی ئەسپەکەی دایە دەست یەکێ لە ئێشکچییەکان و پەردەداری بابنۆکەریش پاشای لە هاتنی وەزیر ئاگادار کردەوە. کاتێکیش ئەو چووە ژوور یەکسەر پاشا وەزیری لەگەڵ خۆی بردە ژووری گفتوگۆ.
پاشا بەدەر لە خووخدەی خۆی بە وەزیری گوت: "فەرمووو دانیشە."
بەڵام وەزیر هەر بە پێوە وەستابوو.

ئینجا پاشا دۆستانە لێی دووبارەکردەوە: "دەی، فەرموو دانیشە."
وەزیریش لەسەر سەندەلییەک دانیشت. پاشا چووە لای پەنجەرەکە وەستا و پشتی لە وەزیر بوو، ئەوسا سەرەداوە سەرەکییەکانی لەبارەی ئەو بڕیارەی لەبارەی هەراتەوە دابووی لەگەڵ پرسی کەشتیگەلی ڕوسی و دەریای قەزوینەوە پێڕاگەیاند. کاتێکیش بەتەواوی لە قسەکانی بووەوە، هەستیکرد بارێک لەسەر کۆڵی لاکەوتووە.
وەزیریش بێدەنگ سەری بەسەر سینگیدا شۆڕکردبووەوە و هەر بیری لێدەکردەوە.
پاشا لێی پرسی: "ئەرێ وەزیر بیر لە چی دەکاتەوە؟"
"ئەوەی شا کردوویەتی شتێکە چاک ناکرێتەوە." وەزیر بەدەم ئەم وەڵامە لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵسا.
"چاک ناکرێتەوە؟"
"کردنەوەی دەریای قەزوێن بە ڕووی کەشتیگەلی ڕوسی، خۆبەدەستەوەدانێکی تەواوە. هەرچی لەبارەی هەراتیشەوەیە، پاشا خۆی دەزانێ ئێمە هەرگیز جەنگێکی وەها نابەینەوە. پاشا و ڕاوێژکارەکانی، وڵات دەخەنە بارێکی ترسناک."
پاشاش وەها بەرگریی لەخۆی کرد: "ئاخر ئێمە لەگەڵ ڕوس براندوومانەتەوە، گردەبڕانە سۆزمان داوە."
"کەس ناتوانێ لەگەڵ ڕوس بیبڕێنێتەوە. نەوەکانی پێش خۆمان ئەزموونیان لەوبارەیەوە هەیە."
پاشا بە نادڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە: "ڕۆژگار گۆڕاوە."
وەزیریش بە پێداگرییەوە گوتی: "بۆ ڕوس هەرگیز ڕۆژگار ناگۆڕێ."
"شا هەوڵێکی دیکەی لەگەڵ دایەوە: "لێ ئێمە چ زیانێک دەکەین ئەگەر هات و جەنگی هەراتیش نەبەینەوە؟"

"ئێمە زۆر شت لەدەست دەدەین، بەڵام خۆ دەقاودەق ئێستا پێشبینی ناکرێ."

"پێمخۆش نییە وەزیر بە قسەی بە پێچوپەنا لەگەڵ ئێمە بدوێ. دەی نموونە بهێنەوە. یەک نموونەمان پێ بڵێ." شا ئەمەی بە لێبڕاوییەوە گوت.

"قڕاڵ قومار دەکا، ئەو هیچ نادۆڕێنێ، بەڵام پێویستە پاشا باش ئاگادار بێ، ئاخۆ پێی خۆی لە کوێ داناوە. ئێمە ئەوەندە دەکەوینە قووڵایی زۆنگاوەکە، ناتوانین لێی دەرباز بین."

من داوای نموونەیەکی بەرجەستەم لێکردی، کەچی وەزیر هەر مەتەڵم بۆ هەڵدەدا."

"سەنگینی و دژوارییی کاروبارەکە لە سەرووی نموونە هێنانەوەیە." وەزیریش وەها وەڵامی دایەوە: "جەنگ لەگەڵ خۆی پشێوی و نائارامی و نادڵنیایی لێدەکەوێتەوە. پێویستە ئێمە لەگەڵ بریتانییەکان بگەینە سازش نەوەک بکەوینە داوی قڕاڵەوە. چاکسازییەکان..."

"چاکسازیی . چاکسازیی، باشە ئەو چاکسازییانە لە کوێن کە ئێمە چیدی دەسەڵاتمان بەسەر نیشتمانەکەماندا نەشکێ. سازش، کامە سازش؟ وەزیر لە هەموو کەسێک باشتر دەزانێ، بریتانییەکان لە سازش تێناگەن. بڕیارەکە دراوە، ئێمە بە زوویی بەسەر هەراتدا دەدەین. بەسیەتی تۆ بایی پێویستت زانی." شا وەهای بە وەزیر گوت و کاتێکیش وشەکانی لەدەم دەردەپەڕین، لێوی دەلەرزی.

وەزیر زاتی کرد دوا هەوڵی خۆی بدا و وەها تێهەڵچووەوە: "تکایە پایەبەرز لێم مەگرە، بەڵام ئەوە ئەرکی منە ڕووبەڕوو ئەمەت پێ بڵێم. ئەمەیان لە بڕیارە هەرە بیرلێنەکراوەکانە تا ئێستا دەرتکردبێ. من دژی ئەو بڕیارەم. تۆ لە لایەن دەستەیەک لە ڕاوێژکارە چاوچنۆک و سەرشێتەکان ڕێنوێنی کراوی. من دە جاران دژی شەڕم. دەی ئەم

بەڵگەنامانە بدڕێنە. تەخت و تاجی خۆت لەسەر سەنگی مەحەک دامەنێ، وڵات مەخەرە بن باری دژوار!"

لە تافی لاوێتیدا زۆر جاران شا کاتێ شازادەیەکی جێگرەوە بوو، قسەی ئاوەها توندی لە وەزیر وەک مامۆستا و پەروەردەکارێک پێویست بوو ببیستێ، بەڵام خۆ ئێستا پێویستی بەوە نەمابوو. پاشا لە چەکمەجەیەکی مێزەکەی بارستاییەک کاغەزی دەرهێنا لەبەردەم کەپووی وەزیری دانا. حەوجەش نەبوو شـــا چیدی بڵێ. کاغەزەکانیش بەندێکی وەرگێڕاوی دەستوری فرەنسی بوو، دەمێک بوو وەزیر کاری تێدا دەکرد. ئەوەی لە بەندەکەدا هاتبوو، کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پاشا بوو.

ئینجا پاشا هاواری کرد: "دەی بڕۆ ون بە!" پاشان بە توندی دەرکەی لە دوای وەزیرەوە پێوەدایەوە.

٢٦

عیساخان

وەزیر بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە لە کۆشک هاتەدەر. بە نێو شەقامە تاریکەکاندا بەرەو گردەکانی دەرەوەی شار لێخوڕی و هەر لەگەڵ خۆشیدا قسەی دەکرد: "لە تاریکیدا ڕەوە گورگێک بەدوامەوەیە، ئەرێ باشە بۆ ئەوەندە گورگە، ئاخر خۆمن ناتوانم زیاتر لە سێ ئاژەڵی کێوی تێربکەم".

ئەو پێویستی بەوە هەبوو قسە لەگەڵ کەسێک بکا. ئەوە بوو ئەسپەکەی هاژۆت، بە گورگەلۆقە ڕۆیشت و بە دەنگی بەرزیش لەگەڵ خۆی دەدوا. دواجاریش فرمێسک بەسەر ڕوومەتیدا هاتنەخوار. تۆ بڵێی پێویست بکا وەک وەزیر دەستی لەکاربکێشێتەوە و ئەو ژیانەی ماویەتی لەسەر زەویوزاری خانەوادەکەی لە فەراهان بە خوێندنەوە و نووسین بباتەسەر؟ هەڵبەتە، نابێ واز بێنێ، ئاخر ئەوکات دەستەبژێری گەندەڵ، سیاسییەکان و هێزە بیانییەکان دێن و گەمە بە کارتەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی وڵات دەکەن.

ئەو ئەوەی بینی وا نەخشـــەکانی یەک بە دوای یەکدا هەرەس دەهێنن. خەونەکەی بە هێڵی ئاســـنین، کە هەر لای خوارەوەی ولات تا ئەوپەڕی ڕۆژهەلات دەڕۆیشــت، کیبڵی تێلێگراف ســەرتاســەری ولاتی گرتبووەوە. ئەو ویســتی پرد و نەخۆشـخانە بنیات بنێ، منداڵان بنێرێتە قوتابخانە و ژنـان لە کۆڵ کوێرەوەری بکـاتەوە، لێ دیـارە هەموو ئەمـانە لەبارێەک دەترازێن و هەرەس دەهێنن.

کەواتە خۆ بۆ هیچ لەســـەر شـــۆڕشـــی فەرەنســـای نەخوێندبووەوە و لێکۆڵینەوەی لەســـەر نەکردبوو، بەڵگەنـامەکـانی لەبـارەی پێکهێنـانی ئەنجوومەنی نیشــتمانی، ئەوەی لەبارەی هەلاتنی لویســی چواردەهەم و دەســـتوری فرەنســـای خوێندبووەوە و لە مێشـــکی خۆیدا تاوتوێی کردبوون. دیـاربوو ئەو هەموو خۆزگـانە نەکردە بوون، بەلام خۆ ئەو پێشتر ئەنجوومەنێکی ئێرانی بۆ دەسەلاتی قانونددانان دانابوو. ئەوە خۆی بیروباوەڕی ئەو بوو تـا دەســـەلاتەکانی قـانونـدانـان و جێبەجێکـار و دادوەری پێویســـت بوو لە یەک جیابکرێنەوە. ئەو لەوە تێگەیشـــتبوو دەکرێ مێژوو دروســـــت بکرێ و خەڵکیش بۆ بەختەوەریی خۆیـان تێبکۆشن.

لەبەردەمی پاشـــاشـــدا هەرگیز نەدەبوو ئەم بابەتانە بێنێتە گۆڕێ. بەڵێ ئەو لە کاتی دەســـتبەتاڵی ئازادانەی خۆیدا بە وەرگێڕانی دەســـتوری فرەنسـی بۆ سـەر زمانی فارسـییەوە خەریک بوو. وایدەزانی کەس بەو شـــتەی نازانێ، بەلام خۆ نەیارەکانی ئەو کەســـانێک بوون گاڵتەیان پێنەدەکرا.

دیار بوو شـێخ ئاغاسـی بەندێکی وەرگێڕدراوی دەسـتوری فرەنسـی کەوتبووە دەســـت. ئەم بەندەش کتومت لەبارەی ســـنووردارکردنی دەســەلاتەکانی پاشــاوە بوو. ئاغاســیش چاوەڕێی کاتوســاتی گونجاوی خۆی کرد، تا نمایشی خۆی لەبەردەم پاشادا پێبکا.

وەزیر ڕکێفی لە ئەســـپەکەی دا و تا تا لای باوکە بەتەمەنەکەی خۆی تاودا. پیرەپیاوەش خۆی لە ژیانی گشـتیی کێشــابووەوە، لە گوندێک لە دەرەوەی تاران لە قەڵایەکدا دەژیا. ناویشی عیساخان بوو. لە ڕۆژگاری خۆیدا سـەروەزیری باوکی پاشا بوو. عیسـاخان حوکمڕانێکی پڕئەزمون بوو، لە زۆر جەنگ و کوشتن و لەناوبردنی سیاسییانەی بەشدار و کارا بوو.

گوندە بچکۆلانەکەی عیســـاخانیش کەوتبووە بەرانبەر شـــاخی توچال. گوندنشـــینەکان زەویوزاری گەورە و زۆریـان نەبوو، ئەوان خـانووە بچکۆلەکانیان لەبەر بەرزایی و ڕەوەزی چیاکەدا دروسـتکردبوون. لەبەر ئەوەی گوندەکە زەویی پێویست بە خەڵکەکەی نەبوو، بۆیە خانووەکانیان لە پاڵی یەکدی هەڵنابوو، بەشێوەیەک بانی خانووەکانی خوارەوە دەبووە دەروازەی چوونەژووری خانووەکانی ســـەرووی خۆیان. بۆ کەســـانی لایدە هەمیشە ئەو شوێنە تایبەت و جیاواز دەهاتە بەرچاو، ئاخر مانگا و مەڕومالآت لە بەینی بانەکان دەوەستان.

هەرچی مـاڵبـاتی وەزیر بوو، زۆر لەمێژ بوو قەڵایەکیـان بنیـاتنـابوو. هەنووکەش باوکی وەزیر، لەوانەشـــە خودی وەزیریش دوا ڕۆژەکانی خۆی لەوێ باتەسەر.

کاتێک نزیک گوندەکە بووەوە، ئەســـپەکەی وەزیر بە ئەســـپایی و بە تاریکایی بەرەو دێیەکە ملی نا. لە شـوێنێکی دیاریکراودا لە یەکسـمەکەی دابەزی و بەپێی ڕێگەی قەڵای بـاوکی گرتەبەر. دەروازەی قەڵاکە وەک هەمیشە لەسەر گازەرای پشت بوو. پیرەژنێک، کە ساڵانێکی دوورودرێژ خزمەتی ماڵەکەی دەکرد، لە دوورڕا وەزیری بینی و ویستی دەمودەست عیساخانی لێ ئاگادار بکاتەوە، بەڵام وەزیر ئاماژەیەکی بۆ کرد، پێویست بەوە ناکا، بەڵکو دەیەوێ کتوپڕ بچێتە لای باوکی.

عیســـاخان لە ژوورەکەی خۆی لەســـەر مافووریک لە پشـــت میزێک دانیشـتبوو، بە زەرەبینێک(وردبینێک) ســـەری بەســـەر کتێبێکدا گرتبوو. وەزیر لە شوێنی خۆی وەستا و هەر سەیری دەکرد. ئەو پەی بەوە برد کە دەکرێ ئەمە دواساتی بینینی باوکی بێ. شێوازە کوورەکەی دانیشتنی باوکی و ســـەر و ریشـــە درێژەکەی بەتەواوی چەرموو بووە. بڕوای نەدەکرد ئەو پیاوەی بەردەمی، ئەو پیاوە بێ کە کاتی خۆی لەبەرەی پێشـەوە لە دژی ڕوســـەکاندا جەنگاوە، ئاخر ئەو پیاوە ئەو کەســـە بوو گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەگەڵ قڕاڵدا کرد تـا ســـنووری ولاتەکەی لەگەڵ ڕوسـیادا دیاری بکا و بچەسپێنێ. خۆی هەر هەمان ئەو پیاوەش بوو، ڕۆژێـک لە ڕۆژان دەبووایە ئەو ســـووکـایەتی بهەژرێنێ و ئەو ڕێککەوتننامەیە مۆربکا، بە هۆیەوە وازی پێ لە ئوســـتانێکی باکووری ولات، وازی لە یەریڤان و وازی لە بەشـــی ســـەرووی ئازربایجان بۆ ڕوسەکان بێنێ.
عیسـاخان سـەری بەسـەر کتێبێکدا داگرتبوو، لەکاتێکدا تیشـکی زەردی چراکە لاڕوومەتێکی ئەوی ڕۆشن کردبووەوە.
"ئەرێ ئەوە عیساخان چی دەخوێنێتەوە؟"
پیرەپیاوەکە پشـــتی قیتکردەوە، ســـەری بەرەو لای دەنگەکە هەلبڕی و گوتی: "ئەوە دەنگی وەزیرە." ویســـتی لە شـــوێنی خۆی هەلبســـتێ، لێ وەزیر بەرەولای چوو، هەردوو دەســـتی توند گرتن و مـاچی کرد و لەبەردەمیدا چەمایەوە.
عیساخان گوتی: "چییە وەزیر غەمناکە، دەی قسەم بۆ بکە."
"ولات، ولات و هەر ولات." وەزیر بە ئـاخێکەوە وەهـای گوت، ئینجـا دەموچاوی خۆی خستە ناو لەپە بەرگەگرەکانی باوکی.
"کوڕم وا دەبینم کۆلێکی قورست لەسەرشان بێ."
"دەترسم ئەوان بمکوژن."

عیســـا خانیش وەڵامی دایەوە: "پیاوەکانی بنەماڵەمان هەرگیز لە مردن نەترساون."

"من لە مردن ناترســـم، بەڵام لەوە دەترســـم ئەوان بێن و بەرلەوەی کارەکەی خۆم تەواو بکەم، بمکوژن."

"تۆ ناتوانی بە تەنیا ڕەوتی مێژوو دیاری بکەی، خەڵکیش لەو ڕەوشـــەدا نین تەواوی کارەکانیان ببەنەسەر، لێ هەر دەبێ بۆی تێبکۆشی."

وەزیریش وەهـای پێگوتەوە: "من ئەوە دەکەم و هەمیشـــەش وەهـام کردووە، بەڵام دەترسم مێژوو ئەوە لەبیر بکا، کەوا خەریکی چیم."

"وشـەکان لای من ئاشـنان." باوک بە خەندەیەکەوە وەڵامی دایەوە: "خەم مەخۆ، مێژوو تۆی بینیوە."

""بەڵام چی دەڵێی ئەگەر هات و لە نیوەی ڕێگادا ئەرکەکەم لەبار ببەن؟"

عیساخانیش وەڵامی دایەوە: "کەواتە ئەمەش ڕەوتی مێژووە."

وەزیر بزەیەکی هاتێ و ئاهێکی هاتەوەبەر.

ئینجا عیســاخان پێیگوتەوە: "هەرگیز ترســم لە مردن نەبووە، باوکیشـم لێی نەترســاوە، باوکی باوکیشــم هەر لێی نەترســاوە. ئەوانە پیاوگەلێک بوون، وەک تۆ خزمەتی وڵاتیان کرد. ئەوان کارەکەی خۆیان لێهاتووانە بردەسەر. ئێستاش نۆرەی تۆیە."

وەزیر دەرکەکەی پێوەدایەوە و لە تەنیشت باوکی دانیشت.

"باوکە،" وەزیر بە چرپەیەکەوە گوتی: "شـا وڵات وێران دەکا و دایکیشـی لەو پۆلکترە. ڕاوێژکارەکانی لەخشـــتەبەرن و پاشــاش دەیەوێ بکەوێتە داوەکە و لەخشـــتە ببرێ. ئەو ڕیشـــی خۆی داوەتە دەســـت ئەو ڕاوێژکارانەی لە پشتەوە خەنجەری لێدەدەن."

"ئەمە شـــتێکی نوێ نییە." عیســـاخان وەها وەڵامی دایەوە: "ئەدی منیش هەمان شتم لەگەڵ باوکی ئەم پاشایە لێنەقەوما؟"

وەزیر جارێکی دیکە هەڵسـا و بەرەو لای دەرکەکە ڕۆیشـت، تا بزانێ ئاخۆ کەس لە دەرەوە بەدزییەوە گوێیان لێدەگرێ.
ئینجا وەزیر کەوتەسـەر قسـە: "باوکە، تۆ لە خزمەتی باوکە لاوازەکەی ئەم پاشـایەدا بووی. باوکیشـت لە خزمەتی باوکە لاوازەکەی باوکی ئەم پاشـایەدا بووە. هەنووکەش ئەز لە خزمەتی ئەو پاشـایەم. ئەوان ناتوانن بەبێ ئێمە هەڵبکەن."
عیساخانیش پێی گوتەوە: "دەی کوڕم، دڵت بکەوە."
وەزیر وەها هاتەوە قسـە: "باوکە، ئێمە ئێسـتا لە ڕۆژگاری کارەبا و قیتاردا دەژین. پێوسـتی بە سـەرکردەی نوێ هەیە. پێم وایە دەبێ شـا بەرکەنار بکرێ و لەو شتەشدا من هەر بەتەنیا نیم."
پیرەمێردەکە سەیری دوڕ[51] چاوی وەزیری کرد.
ئینجا بە حەوسەڵەوە پێیگوت: "ئەم بیرۆکەیە لەسەرت دەرکە. خۆ ئەگەر پاشا بەرکەنار بکەی، ئەوا وڵات توشی تەوژمێکی ئاڵۆزی شەڕی خێڵ و هۆزەکان دەبێتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە هێزە دەرەکییەکان بۆی لە بۆسە دان و چاوەڕێی دەکەن. ئەم وڵاتە توونی بابایەکی لەمێژینەی ململانێیەکی شـاراوەیە لەسـەر دەسـەڵات، کاری بەسـەرچوو، تەوژمە دینییە ئاڵۆزوبڵۆزەکان، سـیاسـییە دژوارەکان، شـازادە بەرچاوتەنگەکان تۆڵەخوازەکان، ئاخوندە گەمژەکان و ژنە بەدەسـەڵاتەکان، ئەوانەی لەپشـت پەردەوە سـەرەداوەکان ڕادەکێشـن. کوڕم، ئەوەی دەتەوێ، پێویستە لەگەڵ پاشادا بیکەی."
"ئاخر پاشـا گەلحۆیە. هەموان دەچرپێننە بنگوێی تا من بکوژێ، ئەویش لەم کارە دوودڵی ناکا."
عیساخان بێدەنگ بوو، بیری لێکردەوە.

---

[51] دوڕ: ناو، ناوەڕاست.

ئینجا به هێورەییەوە گوتی: "کوڕم، ئیرەیی بە مجێزبەرزییەکەت دەبەم. نامەوێ ڕێگەت لێبگرم. لەوانەیە لەســـەر هەق بیت، بەڵکو پێویســـت بکا یەکێک ڕابپەڕێ و بەم شـــێوازە وڵاتەکە ڕزگار بکا. لێ لەبەر ئەوەی من باوکی تۆم، لەو حاڵەتەدا ئەو ڕاوێژکارە ڕاســـتودروســـتە نیم. خۆت کوڕێکی زیرەکی و پێویســـتت بە ڕاوێژ نییە. لی یەک شـــت هەیە دەکرێ ئاشـــکراوڕوون بێ: هیچ هەنگاوێک بۆ دواوە مەگەڕێوە. هێزی خۆت بەکاربێنە و ئەرکەکەت ڕاپەڕێنە."
وەزیر بە وەڵامەکەی بـاوکی گرژ بوو. لە نێو چـاویـدا ژیـانویســـتی بریسکایەوە. لە شوێنی خۆی هەڵسا و دەرکەکەی بە تەواوی کردەوە.

٢٧

هێزی سروشتبڕ

کاتێک داریوشی گەورە بۆ یەکەمین جار بە خۆی و لەشکرە بێژمارەکەی بەرەو ڕۆژئاوا کشا و ویستی ئەسینا بگرێ، پێشتر ڕاوێژکارەکانی سەیری ئەستێرەکانیان کردبوو، لەو بارەیەوە ڕاوێژی خۆیان دابووە پاشا.
لێ گەلۆ، خۆ ئێستا ولات ئەو ئەستێرەناسە لێهاتووانەی نەماون، هەروەها هەموو قوللە بەرزەکانیش، ئەوانەی مرۆ دەیتوانی پێی لە ئاسمان بڕوانێ، هەموویان لە میانەی شەڕەکاندا لە لایەن دوژمنانەوە تێکوپێک درابوون و خاپوورکرابوون. ئێستا هەر جادوباز پێشبینی پاشەڕۆژی دەکرد و ڕەملی لێدەدا.
شێخ ئاغاسییش دواهەمین پیاوی نێو ئەم نەریتە بوو، ئەو خۆی وەها نمایش دەکرد، گوایە لە باریدا هەیە پەیوەندی لەگەڵ هێزی سروشتبڕدا بگرێ. پاشاش ئەو ئەرکەی بە ملدا هێنابوو تا بەهرەکەی خۆی بۆ ئەوە بەکاربهێنێ و لە پرسی هەراتدا خاترجەمی بکا.

شێخ ئاغاسی بەسەر کێوی توجاڵ کەوت، تا لەوێ لە ئەشکەوتەکەی خۆی بچێتە چلەوخلوەوە. ئەو لە ڕۆژگاری پاشای پێشووشدا، کاتێ ڕاوێژی پێدەکرا، هەر وەهای دەکرد. ئەشکەوتەکەش شوێنەکە بوو، پێشتر جادوباز و فاڵچییەکان دەهاتن و لەوێ بە خۆیان و سیپارە و کتێبی کۆن، گیادەرمانی سەیروسەمەرە، بخوری بۆندار، پەلی وشککراوەی ئاژەڵ، کەللەسەری ئادەمیزاد و مار و خشۆکەکانی دیکەیان خەڵوەتیان دەکێشا.

دەرووی ئەشکەوتەکە کەلێنێکی تەسکی نێوان دوو گاشەبەردی گەورۆنە بوو. شێخ ئاغاسی چەند پارچە نانێکی ڕەق، جانتایەک قەسپی وشککراو و دیمکەیەکی[52] ئاوی لەگەڵ خۆ برد. دەبووایە لە زارکی ئەشکەوتێدا خۆت تی دابا[53] تا بچێتە ژوور، پاشان خۆی کووڕ کردەوە تابتوانێ بچێتە بنەبانی ئەشکەوتەکە، ئەو شوێنەی دەیتوانی بە قیتی لێی ڕابوەستێ. لەوێ مۆمێکی داگیرسان و ئینجا زیاتر بۆ بنەبانی کشا. شوێنێکی شێداری سامناک دەهاتە پێش چاو، لێ نەوەک بۆ شێخ ئاغاسی، ئاخر ئەو فێر بووبوو لەوێ لەبەرخۆیە دەستی بە خوێندنەوەی چەند دەقیکی پیرۆز کرد، بەڵکو دەعبای ژەهردار و دژوارە لەخۆی دوور بخاتەوە و زاریان لەخۆی ببەستێ: *"یا رب ئەل ڕەبوک و ما ڕەبوک و ئینا ڕەبوک و ئەللاهو ڕەبوک و موحەمەدون ڕەبوک و عەلیون ڕەبوک و مەهدیون ڕەبوک."*

---

[52] دیمکە: لە پێستەی ئاژەڵ دروستکراوە، ئاوی خواردنەوەی تێدا هەڵگیراوە.

[53] تی یان تیدان: واتە خۆلادان بەقەدەر ئەوەی تا ڕێگەی یەکێکی دیکە ببێ بە بەردەمتدا ڕەت بێ.

دیوارەکانی ئەشـــکەوتێ بە هۆی دووکەڵی مۆمەمەکان ڕەش بووبوون!
گژوگیای وشـــکراو، گیاوگوڵ، جێپێی گورگ، کەللەســـەر، ددانی مار و
دەقی پیرۆزیشی پێوە هەڵواسرابوون.
شـــێخ ئاغاســـی دانیشـــت و دوای ئەوەی گورگەخەوێکی بۆ کرد و
پشوویەکی بۆ دا، ئینجا تیشکی بیروهۆشی خستە سەر پرسی هەرات.
ئەو هەمیشـــە هەر لە هەمان شـــوێندا دادەنیشـــت تا بتوانێ لەگەڵ هێزە
ســـروشـــتبڕەکان بکەوێتە هاموشـــۆ. کاتێکیش دایکی پاشـــا خۆی بۆ
گەشـــتەکەی ڕوســـیا ئامادەدەکرد، هاتبووە ئێرە هەمان شـــتی کردبوو.
ئینجا لەسەر دیواری بەردەمی ئەوەی بینی چۆن مەهدولیا لە کەژاوەکەی
خۆیدا لە کۆشکەکەی قراڵی ڕوسیا دەچێتەژوور. بەرلەوەی شاژن بەرەو
مۆســـکۆ بەڕێبکەوێ، لێرە لەســـەر دیواری ئەشـــکەوتێ چەند دیمەنێکی
ئایندەی بینین.

شـێخ ئاغاسـی لەپاش سێ ڕۆژ و دوو شـەو هێشـتا هیچ نیشـانەیەکی لە
هێزی باڵاوە لەبارەی هەراتەوە بۆ نەهات. تەنیا لە ئێوارەدرەنگی ڕۆژی
ســـێیەمیدا، خەریکبوو لە ئایندەدا هەم دەنگی خەڵکی هەرات ببیســـتێ و
هەم ڕوخســـاریشـــیان ببینێ. پاش ماوەیەک، ئینجا هات، دیمەنێکی
شـەڕەکەی لەسـەر دیوارەکە نمایش بوو. سـەربازی هیندی بینین لەژێر
فەرماندەیی ئەفسـەرە بریتانییەکان لە دەروازەی هەراتدا بەڕیز ڕێدەکەن
و بەیداخی بریتانیش بەســـەر دەروازەی شـــارەکەدا دەشـــەکێتەوە.
فەرماندەیەکی گەورەی بریتانی، فەرمانڕەوای شـــارەکە، ئەوەندە نزیک
بووەوە تا ڕاددەیەک شـــێخ ئاغاســـی توانی بیچمێ بینێ و لەبیریشـــی
نەکا. ئینجا گوێی لە تۆپەکانی ئێرانیش بوو بەسەر دیوارەکانی شارەکەدا
دەڕۆیشـــتن و گرم لەولا بەزەویدا دەکەوتن، بەیـداخی بریتـانی بینی
دەکەوتنە ســـەر زەوی. ئەوەشـــی بینی، هەر ســـەبازیی هیندی بوو

هەڵدەهات و جەنگاوەرانی ئێرانیش بەســـەر پشـــتی ئەســـپەکانیان بەدوایانەوە بوون و ڕاویان دەنان.
لە دیمەنی سێیەمینیشدا شای بە زیندوویی لە دەروازەی شارەکەدا بینی، بە سـواری ئەسـپەکەی دەچووە ژوور. هەر دەتگوت شـتەکە ڕاسـتییە و ئێسـتا ڕوودەدا، گوێی لە پرمژنی هەناسـەی ئەسـپی شـا بوو. هێشـتا شـا هەر لەســـەر پشـــتی ئەســـپەکەی بوو کاتێ ســـەری مرۆڤێکیان فڕێدایە بەردەپێی.
شـــێخ ئاغاســـــی دەســـــتبەجێ ئەو کەللەســـــەرە گەورەیەی فەرماندە بریتانییەکەی ناسـییەوە. ئیدی پەیامی باڵا ڕوون و ئاشـکرا بوو. ئاغاسی لە کێوەکەدا دابەزی تا بە دڵگەرمییەوە پێشـــبینییەکانی بخاتە بەردەم پاشا.

٢٨

لەشکرکێشی

کاتی خۆی هەرات ناوی ئاریا بوو. ئاخر یەکەمین شـــاری ئاریاییەکان بوو، ئـاریـایەکـانیش دامەزرێنەری قەڵەمڕەویی ئێران بوون. گریکە کۆنەکان بە شارەکەیان دەگوت ئارتاکۆوانا.[٥٤]

ئەسـکەندەری گەورە لەسـەر ڕێگەی خۆی بەرەو هیندسـتان بەسـەر شـارەکەی دادا و گرتی. لەوێدا بارگەوبنەی خسـت، هەر ئەوێشـی کردە بنکەیەک بۆ ئەوەی زێڕ و زیوی هینـدسـتان تـاڵان بکـا. ئەو نـاوی شـارەکەی ناونا ئەسـکەندەریا ئاریانا. چەند سـەدەیەک دواتر عەرەب قورئانیان بەسـەر خەڵکەکەدا سـەپاند، پاشـانیش جەنگیزخان شـارەکەی خاپوور کرد. دوای ئەویش چەندانی دیکە هاتن و ڕۆیشـتن. ئێسـتاش نۆرەی شـای ئێرانە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داوای شـارە ئاڵتوونییەکە بکاتەوە.

---

[٥٤] Artacoana

یەک مانگ لە دوای ئەوەی شێخ ئاغاسی لە ئەشکەوتێ دابەزی و هەواڵە خۆشەکەی پێراگەیاند، پاشا خۆی کۆکردەوە و چووە شارە سنوورییەکەی مەشهەد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، لەوێوە دیداری لەگەڵ ئەفسەرە ڕوسەکان هەبوو. ئەفسەرەکانیش نەخشەوپلانی لەشکرکێشییەکەیان لەگەڵ هاوتاکانی خۆیان لە ئێرانییەکان تاوتوێ کرد. هەر دەستبەجێش بە ستراتیژەکەیان سەرسامبوون و پاشانیش پەسەندنامەی پاشای وەرگرت. نەخشەکە تۆکمە و باش دیار بوو، پاشاش دەیەویست خۆی لە بەرەی پێشەوە ئامادەبێ. ئەو خۆی دەها دەبینییەوە کتومت وەک چۆن ئاغاسی لە دیمەنەکەی لە ئەشکەوتێدا هاتبووە پێش چاو، ئاوەها لە دەروازەی هەراتەوە بە نمایشێکی گەورەی هێزەوە، بە سواری ئەسپەکەی لە شارەکە بە ژوور بکەوێ.
دەستنیشانکردنی کاتوساتی بەسەرداداننەکە زۆر لەبار و گونجاو بوو. ئاخر بریتانییەکان لە شار و لادێیەکانی هیندستاندا تووشی فشاری بەرهەڵستی و هەرای ناڕازاییبوون بووبوونەوە. ئەوان وەهای بۆ چووبون هەر دەبێ کێشەکەیان لەگەڵ ئێرانییەکان بە دانوستان و چارەسەر بکەن. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون سوپای ئێرانی بە چەکەوە بتوانێ هەڵبکوتێتە سەر هەرات و بیگرێتەوە.
ڕوسەکانیش مشووری ئەوەیان خوارد بە هیچ شێوەیەک بریتانییەکان لەسەر ناوچە سنوورییەکەی ڕۆژهەڵاتدا گومان لە جموجۆڵی سەربازییانە نەکەن.
لە هەمان کاتیشدا ڕوسەکان یەکەیەکی سەربازییان بەسەر پشتی کەشتی و لە دەریای قەزوینەوە ناردە دەشتە قاقڕکەی پشت سنووری ئەفغانستان تا بتوانن هەر کاتێک دەستیان بەسەر هەراتدا گرت کۆمەکی ئێرانییەکان بکەن.

پاشـا حەکایەتخوانەکەی خۆی لەگەڵ خۆی بردبووە سـەر سـنوور. لە شـەوی هێرشـەکەدا بانگی لای خۆی کرد تا داسـتانێکی جەنگیی بۆ بگێڕێتەوە.
پاشا لە لەنێو مۆڵگە سەربازییەکەی لەسەر سنوور لە نێو خێوەتەکەی خۆیدا دەڕازا. ئەو لەسـەر تەختەبەندێک دانیشـت، پشـتی بە چەندین سـەریندا دابووەوە، قلیانەکەی خۆی دەکێشـا و هەرچی شـتی خۆش و بەتامی ئەوکاتیش هەبوو لەبەردەمی دانرابوو. ئینجا بە نۆکەرەکەی گوت برۆ حەکایەتخوانەکەم بۆ بانگ بکە.
حەکایەتخوانەکەش پۆشـاکی پیاوێکی هەراتی لەبەردابوو، مێزەرێکی شـیرڕەنگی لەسـەر نابوو تا سـەرملانی هاتبوو. لە خێوەتەکە هاتە ژوور و کڕنووشـێکی بۆ پاشـا برد وەسـتا تا ڕێگەی درا دەسـت بە حەکایەتخوانی بکا.
پـاشـا کە قلیـانەکەی لەدەم بوو، دووکەڵەکەی هەڵـدەکێشـا، لە حەکایەتخوانەکەی پرسی: "ئەرێ چیمان بۆ دەگێڕیتەوە؟"
"ئەگەر پایەبەرز پەسەندی بکا، ئەمشەو لەشکرکێشییەکەی خشایارشا بۆ ئەسـینا دەگێڕمەوە، ئەو سـەربردە ڕاسـتەقینەی بە دەقە نووسـینەکەی هیرۆدۆتس پشتڕاست کراوەتەوە."
پاشاش پێیگوت: "دەی، بیگێڕەوە."
ئیجا حەکایەتخوانەکە مۆمەکانی کوژاندنەوە.
"خشـایار، پاشـای پاشـایان لە ئاپاندا لە کۆشـکێک دەژیا، ئەو کۆشـکەی حەفت هەزار پاسـەوان ئێشـکیان لێدەگرت. لە نـایابترین هەنگی لەشـکرەکەی بوو، "فیداگیان"یشـیان پێدەگوترا. ئەوان تیر و نێزەی درێژیـان پێبوو، تـایبەت بۆ ئەوان دروسـتکرابوون، بە زێڕ و زیو ئاودرابوون. لەدوای ئەوانیش هێشـتا حەفتا هەزار سـوارە هەبوون، بە

"نەمرەکان"ناویان دەرچوو بوو. هەروەها لەشکرەکەی ئەو لە دەستەبژێری ناوچە جیاجیاکانی ئێران و هەندێ نەتەوەی دیکەی وەک میدی، باکتری و هیندی و پێدەشتەکانی ساکانی پێکهاتبوو، هەموو ئەوانەی لەگەڵدا بوو.
ئیدی لەشکرێکی یەک ملیۆن و نیوی بەرەو ئەسینا کشا.
شاهەنشاش سواری گالیسکەیەکی زێرینی کراوە بووبوو، ئەسپی شاهانە ڕایدەکێشا، لەکاتێکدا نۆکەرێک لەپشتەوەی وەستا بوو، سەیوانەیەکی بۆ هەڵدابوو تا لە هەتاو بیپارێزێ.
خشایار بە خۆی و کەژاوەکەی بۆ سەر پشتی کەشتییەکی ناوازە لێیخوڕی، لەوێدا جەنگاوەران بە یەکبەرگی تایبەتەوە لە پێشوازییدا وەستابوون. دەنگی کەڕەنا و تەپڵی شەڕ گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد. وەک قوربانییەکیش، وشترێک لەبەر پێی پاشادا سەربڕا، بۆ ئەوەی کەژاوەکە بەسەر خوێنەکەدا بڕوا. خەڵک لە دڵەوە و بە هەموو هێزی خۆیەوە گۆرانی لە شکۆی پاشادا دەگوت. موغە گەورەکەی زەردەشتییش بە داردەستە زێڕینەکەی یەک دوو جار بە نەرمی بە کەژاوەکەیدا کێشا تا پیرۆزنامەی خۆی بەسەردا ببارێنێ، بە دەستەکەی دیکەشی دووکەڵە پیرۆزەکەی بەرەو خاشایار دەنارد، بەڵکو لە چاوی بەد دووری بخاتەوە. خۆی ئەمە نمایشی هێز و دەسەڵاتێک بوو، هەرگیز زەوی شتێکی وەهای بەخۆیەوە نەبینیبوو. گریکەکانیش لەوە گەیشتن، کە زۆری پێناچێ وێنەی ئەو شا مەزنە وەک مۆرێک دەکەوێتە سەر دراوە ئاڵتونییەکەیان.
خشایار، کوڕەکەی داریوش، بە تەنیا یەک دەرسی لە باوکییەوە وەرگرتبوو: "دەست بەسەر جیهاندا بگرە." خۆ ئەگەر بەتەنیا جێپێی لە سەر خاکی ئەسینادا کردبایەوە، ئەوا دەکرا شانازی بەوە بکا تەخت و تاجی هەخامەنشییەکان داوابکا.

ئەم ڕووداوەش چوارسەد و هەشتا ساڵ بەر لە لەدایکبوونی عیسای کوڕی مەریەمەوە قەوما.
لەپاش هەفت ڕۆژان، کەشتییەکان گەیشتنە بەندەری یۆنان. بە نزیکبوونەوە لە وشکانی، خشایار چووە سەربانی کەشتییەکەی تا لە لەشکرەکەی بڕوانێ. بۆ هەرکوێیەک بیڕوانیبا، تا چاو حوکمی دەکرد، هەر کەشتیگەلی ئەو بوو. خۆ ئەو چیدیکە مرۆڤ نەمابووەوە، ئەو خواوەندێک بوو کە خۆی بۆ جیهان ئاشکرا کرد.
کاتێکیش ئاوڕی دایەوە، بۆ یەکەمین جار کەناری ئەورووپای بینی.
کەشتییەکەی پاشا لەنگەری گرت. خشایارشا هەر لە سەربانی کەشتییەکە وەستا بوو سەیری سەربازەکانی دەکرد ئاخۆ چۆن دادەبەزن و بەرەو وشکانی دەڕۆن. خەڵکی خۆجێی ئەوێش بە دەستەوەستانی سەیریان دەکرد.
لەکاتێکدا ئەو خەڵکە بە دەستی لەرزۆکیان دەستی زارۆکەکانیان توند گرتبوو، بە سرتەوە دەیانگوت: "پاشای پاشایان."
پاشا پاشکۆمی چیرۆکەکە و شکستە زەلیلیەکەی خشایاری دەزانی. ئەوەش ڕوون نەبوو، ئاخۆ حەکایەتخوانەکە بۆچی ئەم حەکایەتەی بۆ لێهەڵبژارد، ڕووداوێک ئێرانییەکان دوای چەندین سەدە هەر ئارەقەی شەرمەزای بۆ هەڵدەڕێژن. هێشتا حەکایەتخوانەکە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە نەبووبووەوە، شا دراوێکی بۆ فڕێدا. ئەویش دەستبەجێ لە گێڕانەوەکە وەستا، دراوەکەی هەڵگرتەوە و لە خێوەتەکە چوەدەر.
"هەی گەمژە." ئەم قسەیە لە دەمی پاشا دەرهات و قلیانەکەشی لە لایەک دانا. خۆی وەرگێڕا، لێفەکەی بۆ سەر سەری ڕاکێشا و هەوڵیدا بنوێ. دەبووایە بەیانیەکەی زوو، یەکەمین تیپ لە لەشکرەکەی بەسەر بکاتەوە و هانیان بدا، بەرلەوەی بچنە مەیدانی جەنگ تێزیان بکاتەوە.

ئەو شــەوە خەونێکی ناقۆلا لەخەوی ڕاپســکاند. لە خەونیدا باوکی خۆی بینی. لە خەودا بە چاوی پڕ لە فرمێســکی شــادییەوە باوەشــی پێداکرد. ئاخر ئەوە شــتێکی ناوازە بوو کە پاشــا کۆنەکە لەو کاتەدا بێتە خەونی. بەڵام خۆ ئەوەش هەر چاوەڕوان دەکرا.

ئێرانییەکان چەندین ســـەدەی ڕابردوو بوو، نازی هەراتیان وەک پارچە گەوهەرێکی دێرین هەڵگرتبوو، ئاخر شـــارێکی تایبەت و جیاواز بوو، هەردوو کەلتووری هینـدی و ئێرانی تێـدا کۆبووبووەوە. خەڵکەکەی بە فارســـییەکی ڕەوان قســـەیان دەکرد، دابونەریت ئێرانیانە بوو، تەنانەت دەســـەڵاتـداره هینـدیەکـانیش بە فـارســـی دەدوان، بەڵام داگیرکەرە بریتانییەکان هەموو شــتێکیان کرد تا شــارەکە بکەنە شــارێکی هیندییانە. خۆی ئەوەش ڕێکەوت نەبوو، کە پاشــا مردوەکە ئەم شــەوە بێتە خەونی کوڕەکەی، ئەمەیان شـــتێکی پێویســـت بوو، ئاماژەیەکی خێر و فەڕیش بوو. پاشان هەر لەو بەیانییەدا، کاتێک سوارگەل پۆل پۆل بە پێش پاشادا بەرەو مەیـدانی جەنـگ دەڕۆیشـــتن، لە نـاخی دڵییەوە هەســـتی بە سەرکەوتنێکی حاشاهەڵنەگرانە کرد.

کاتێکیش پاشا بیستی تەپڵی شەڕ بۆ پەلاماردانی هەرات لێدرا، کڕنووشی برد و هەنیەی خســتە ســەر زەوی و بە گریانەوە دوعای کرد و لە خوا پارایەوە بەڵکو ســـەرکەوتنێکی خێرای پێ ببەخشـــی. ئەو هێشـــتا لە نوێژەکەی نەبووبووەوە، کە ســەرهەنگێکی ڕوســی فەرمانی بە ســوپای ئێرانی کرد تۆپەکانیان بتەقێنن.

بەم جۆرە هەزاران تیرئەندازیی ئێران بەرەو شـــار ملیان لێنا. هەروەک ڕوســـەکان دایان نابوو، ئاخر ئێرانییەکان زۆر باشــیان لە تیرئەندازی و تەقەکردن بە غاردانەوە بەســەر پشــتی ئەســپەوە دەزانی. ئەم شــێوازی

شـــەڕکردنە وەک پەڕجوویەک دەهاتە پێشــچاو، بەڵام خۆ مەبەســت لێی هەر ئەوە بوو سەر لە لەشکرە ڕێکوپێکەکەی بریتانی-هیندی بشێوێنرێ. بریتانییەکانیش کە حیســابی ئەوەیان کردبوو لە هەموو لایەکەوە پەلامار بدرێن، کەچی چاوەڕێی ئەو ســتراتیژیە جیایەی ئەمڕۆیان نەکردبوو. بە شــــێوەیەک ئەفســــەرەکان نەیاندەزانی چۆن بەرەنگاری ئەو پۆل پۆلە چەکدارە ئێرانییانە ببنەوە و چۆن بەرگری لەخۆیان بکەن.

ئەو ســــەربازە ئەفغانی و هیندییانەی لەســــەر دیواری شـــارەکەشـــدا وەســــتابوون، نەیاندەتوانی لەوە زیاتر بەرگە بگرن. تیپی ســــوارەی هێرشبەریش لەیەک جیابوونەوە و لە مەیدانەکەدا بڵاوبوونەوە تا خۆیان لە لوولەی تۆپی بریتـانییەکـان بپـارێزن و بگەنە دەروازەی شــــار. بەربەســــتەکە شــکێنرا و لەنێو دیوارەکانی شـــارەکەدا بووە شــــەڕی دەستەویەخە. پێشــتر هەرگیز بریتانییەکان ئاوەها شــەری دەســتەویەخە، شــەڕی دووبەدوو، چاو بەچاو بکەوێت لەگەڵ ســـەربازە ئێرانییەکانیان نەکردبوو.

شەڕەکە زۆر ئازاری ئەفغانییەکانی دا، لە قووڵایی دڵیانەوە نەیاندەویست لە دژی برا ئێرانییەکانیان بجەنگن. هەروەها ســــەربازە هیندییەکانیش مجێزی دنەدەرانەیان بۆ شــەڕ نەمابوو، چونکە ئێران وڵاتی دراوســێیان بوو، ئەوانیش نەیاندەویســت بۆ ئینگلیز شــەڕی دراوســێکانیان بکەن. هەرچی ئێرانییەکانیش بوون هەســــتیانکرد ســــەرکەوتن نزیکە، ئەمەش ورەی زۆر بەرزکردنەوە. بە شــێوەیەکی خۆزاییش خۆیان لە شــــەڕی ســەربازە ئەفغانی و هیندییەکان لادەدا و بە دوای ئەفســەر و ســەربازە بریتانییەکان کەوتن بۆ ئەوەی تا دەرەوەی شارەکە ڕاویان بنێن.

یەکێک لە تیرئەندازە نیشـانشـکێنەکان، نیشـانەی لە سـینگی ئەفسـەرێکی بریتانی گرت، ئەوەی لەسـەر قەپەنگی بارەگاکەی خۆی وەسـتابوو، لەپڕ دەنگی تفەنـگ هــات و کــابرای ئینگلیزی لەجێی خۆی ڕاقەنــانــد.

فەرماندەیەکی جەنگاوەری ئێرانی فەرمانی کرد تەرمی کابرا لە سەر گالیسکەیەک باربکەن، تا زووە فڕێیبدەنە بەردەم پێی پاشا. کاتێکیش سەربازە هیندییەکان ئەم شتەیان بەچاوی خۆیان بینی، هەر بابا بوو بە دەرکەی دیکەی شارەکەدا بەرەو سنووری هیندستان تێیدەتەقاند و هەڵدەهات.

ئەمجارەیان ئەفسەرە ئەفغانییەکان نەیاندەزانی ئاخۆ لە دژی ئێرانییەکان یان لەپاڵیاندا بجەنگن. ئاخر هەرات ئەو شارە بوو هەر لە کۆنەوە هەروەک چۆن ئێرانییەکانی لێدەژیا ئاوەهاش هی خێڵ و هۆزە ئەفغانییەکان بوو، ئەمەش بۆ چەندین سەدەی دووروودرێژ هەروا بووە، تێکەڵی و ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ یەکدا هەبوو. هەر بۆیە دانیشتوانی شارەکە مەراقی ئەوەبوون ئاخۆ چۆن لەشکرکێشییەکە کۆتایی دێ.

کاتێکیش لەشکری بریتانی-هیندی بۆ دەرەوەی شار ڕاونرا، ئینجا سەربازە ئەفغانییەکان فەرمانیان لە سەرکردەکانیانەوە پێدرا جارێ بۆ ماوەیەکی کاتی خۆیان لەشەڕەکە بکشێنەوە و خۆیان بگەیەنە گردەکانی دەوروبەری شارەکە و چاوەڕێ بکەن.

بەم چەشنە ئێرانییەکان دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتەوە، بەڵام لە دەرەوەی دیوارەکانی شارەکەدا هێشتا شەڕ لەوپەڕی گەرمەی خۆیدا بوو. لەوێدا بریتانییەکان زەبرێکی کوشندەیان لە سوپای ئێرانی دا و زیانێکی زۆریان پێگەیاند و هەرچی تۆپی ڕوسی و فەرەنسی سوپای ئێرانی هەبوو، هەموویان تێکشکاندبوو. سوپای ئێرانی لەباریەک ترازا بێژمار کوژراو و بریندارى دا.

بریتانییەکان هەر زوو کەوتنە خۆ بەڵکو تیرئەندازەکان لە هەرات بەدەربنێن. ئەوان داوایان لە سەرۆک هۆزە ئەفغانیەکان کرد، لە هەموو لایەکەوە بەسەر شارەکە دادەنەوە، لێ ئەوەی مایەی سەرسوڕمانی هەمووان بوو سەرهەنگە بریتانییەکە فەرمانی ئەوەی پێکرا دەستبەجێ

سوپاکەی بۆ سەر سنووری هیندستان بکێشێتەوە. ئەفسەرە بریتانییەکان لەم بڕیارە دەهری بوون، لە پەیامی فەرمانەکە نەگەیشتن، بەڵام خۆ لەندەن شتێکی دیکەی لە بن سەردا هەبوو.
یەکێک لە ئەفسەرە بریتانییەکان ئەوەی بینی، کە ڕوسەکان لە پاڵ ئێرانییەکان دەجەنگان. ئەو فەرمانی بە سەربازەکانی کرد تا لەنێو کوژراوەکاندا بە دوای سەربازی ڕوسیدا بگەڕێن. سەربازەکانیش بە خۆیان تەرمی سێ ڕوسی گەڕانەوە. تەرمەکان لە گالیسکەیەک بارکران و ئیدی سوپای بریتانی بەدەستکەوتی جەنگەوە لە هەرات کشانەوە.

هەواڵی سەرکەوتنەکە گەیشتە بەرگوێی پاشا. ئینجا بەدەورەدراوی بە ئەفسەرانی ئێرانی و بە چەشنی خشایارپاشا چووە نێو شارەکە. دانیشتوانە ئێرانییەکانی شارەکە کە ئەمەیان بینی، بۆ پێشوازیی پاشا لە ماڵەکانیان هاتنەدەر. پاشاش لەسەر پشتی ئەسپەکەی دەستی بۆ ڕەعیەتەکەی ڕادەوەشاند و بیریشی لە خشایارشا و شادمانییەکەی کردەوە کاتێ بۆ یەکەمین جار پێی نایە سەر خاکی ئەورووپا.

٢٩

بێدەنگییەکی کوشندە

هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی هەرات گەیشتە تاران. دڵخۆشی گەیشتە ئەوپەڕی ئاستی خۆی. جارچییەکان هەواڵە خۆشەکەیان بە هەموو لایەکدا بڵاوکردەوە. بە فەرمانی مەهدولیای دایکی پاشا، شار ڕازێنرایەوە، موزیکی لەشکر بەوپەڕی شادمانی لە کوچە و کۆڵانەکانی شار لێدرا. بازرگان و دوکاندارەکانی بازار مەشخەڵی گەورە گەورەیان هەڵکرد و لە مەیدانی بازاڕیشدا مەنجەڵی گەورە گەورەی زنجیرداریان لەسەر ئاگردان دانان و خواردنیان بەسەر هەژار و نەداراندا دابەش کرد. دەستوپێوەندەکانی دەوری مەهدولیا بەو ئەنجامەی سوپا بەدەستی هێنابوو، هیوا و نزای خۆشبەختییان بۆ شاژن خواست. سەرکەوتنەکەش وەک زللەیەکی توند دەبینرا بە بناگوێی وەزیر کەوتبێ. شکۆی شێخ ئاغاسی بەرز بووەوە، لای هەمووان وەک وەزیری نوێی وڵات لەقەڵەم

دەدرا. هیچ گومـانێکیش لەوەدا نەمـابووەوە، دوای گەڕانەوەی پاشـــا هەموو ئەرکەکانی وەزیر بە شێخ ئاغاسی بسپێردرێ.
شـــێخ ئاغاســـی لە وتارێکدا کە بەناوی پاشـــا ڕێکیخســـتبوو، لەبەردەم هەموو شـــازادە ســـیاســـی و کاربەدەســـت و بازرگانانی تاران بە دورودرێژی پەسنی هەوڵ و کۆششی پاشای دا. ئەوەی ڕوون کردەوە، چۆن سـوارە ئێرانییەکان بە سـەرەنێزەی خۆیان دەرگاکانی شـارەکەیان کردۆتەوە و چوونەتە نێو شـــار و دەســـتیان بەســـەردا گرتووە. ئەو ئەوەشـی ڕاگەیاند، پاشـا جارێ هەر لە هەرات دەمینێتەوە تا ئەو کاتەی کاروباری بەڕێوەبردنی شـارەکە ڕێکدەخاتەوە، هەروەها بە تەواوی چێژ لەو شارە خۆشەویستە وەربگرێ.
بۆ ڕۆژی پاشتر شێخ ئاغاسی سەردانی مزگەوتی جومعەی تارانی کرد، لەوێ ئـایەتوڵلا بە ئـامـادەبوونی هەزاران شـــوێنکەوتوو دوعـای بۆ لەشساغی و خۆشبەختیی پاشا کرد.
دە شـەو و ڕۆژی ڕەبەق لە هەموو لایەکی وڵات هەر شـایی و ئاهەنگ بوو، داروباریش ڕازێنرانەوە و ئاڵاکانیش لەسەر فەرمانگەکانی حکومەت دەشەکانەوە.

شـا لە قەڵایەکەی ناوەڕاسـتی هەراتدا مایەوە، ئەو قەڵایەی بۆ ماوەیەکی کورت بووبووە بارەگای سـەرەکیی هێزی بریتانی. ئەو خۆی کاروباری شـارەکەی بەڕێوە دەبرد. هەنووکەش کە کاری زۆری لەپێشـە و چالاک و پڕ وزە بوو. ئاخر ئەو لە کۆشـــکەکەی خۆی هەراســـان بووبوو، لە هەرات هەستی کرد پاشابوون چ واتایەکی گەورەی هەیە. هەموو ڕۆژێک بۆ ناو شـار لێیدەخوڕی، لەوێ مۆڵگەی سـەربازیی بەسـەر دەکردەوە، لەســـەر قوللە بەرزەکان بە دووربین ســـەیری ســـنوورەکەی لەگەڵ هیندستاندا دەکرد، ئەو شوێنەی سوپای بریتانی لێ وەستابوو.

تا ئەوکات هەموو شتێک بەگوێرەی نەخشە و پلانەکە دەڕۆیشت، تەنیا گومان لە بەرەی ڕوسەکانەوە هەبوو. شا دەیزانی ڕوس بەرگەی ئەو شتە ناگرن، کە بریتانییەکان یەک دوو تەرمی ئەفسەرەکانی ئەوانیان لەگەڵ خۆیان بردۆتەوە هیندستان. شتێکی سەیر و نامۆش لە ئارادا بوو، ئاخر ڕوسەکان هەر هەفتەیەک دوای سەرکەوتنەکە گەڕابوونەوە وڵاتەکەیان، لەوکاتەوە سۆراغیان نەمابوو، هیچ شتێکیان لێ نەبیسترا. شا هەوڵیدا خۆی بەو بیرۆکەیە ژێر بکاتەوە، بەڵکو ڕوس خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکا تا جارێکی دیکە بێتەوە ناو ئەفغانستان ئەوەی بەر بە دژەهێرشەکەی بریتانیا بگرێ. یاخود لەوانەیە جارێ ویستبێتیان ئەوە ببینین، ئاخۆ چۆن لەندەن کاردانەوەی لە هەمبەر شکستەکەیدا دەبێ.

هەرچۆنێک بێ، هەستەکە مایەی نائاسوودەیی بوو. لەگەڵ ئەوەی لەشکری ئێرانی لە هەراتدا نمایشێکی ناوازە و جیاوازی کردبوو، شا پەی بەوە بردبوو ئەگەر هات و بریتانییەکان بەڕاستی ویستبێتیان ئەوا دەیانتوانی بەر بە هێرشی ئێرانییەکان بگرن و بیانبەزێنن. تۆ بڵێی ئەو کەوتبێتە داوێک، بەڕاددەیەکی وەها پەی بە ناوەڕۆکەکەی نەبردبێ؟

زۆری نەبرد هەواڵێک لە مۆسکۆوە هات؛ هێرش کراوەتە سەر قڕاڵ. لێ قڕاڵ بە سەلامەتی لێی دەرچووبوو. کەچی ڕووداوەکە وای لەشا کرد لەو بارەوە زۆر وریا بێ. لەپڕیش چێژ و خۆشیی سەرکەوتنە خێراییەکەی ڕەوایەوە و شەوانی پڕ لە ترس و مۆتەکە جێگەیان گرتەوە. شا هەستیکی وەهای بۆ هات خەریکە شتێک بقەومێ.

لە کۆتاییدا ڕوسەکان دەرکەوتنەوە. باڵوێزی ڕوسیا لە تاران کارمەندێکی پلە سێی ناردە لای دایکی پاشا تا پێی ڕابگەیەنێ تەندروستی قڕاڵ زۆر باشە، هەروەها ڕوس بەو سەرکەوتنەی هەرات شادمانن، قڕاڵیش سلاوی بۆ پاشا هەیە و مۆسکۆ بۆ ئەگەری هەر کاردانەوەیەکی

سەربازیی ئینگلیز ساز و ئامادەیە. هەروەها باڵوێزەکەی ئەو پەیامەشی بۆ مەهدولیا ناردبوو، ئەگەر هات و بریتانییەکان بەسەر هەرات دابدەنەوە، ئەوا دەستبەجێ ئەوان ئەو لەشکرەی باکووری ئەفغانستانیان جۆش دەدەن.
خۆی ئەمە شێوازێکی نا سەرنجڕاکێشانە بوو بۆ گەیاندنی هەواڵەکە. تۆ دەتتوانی شتەکە وەک سووکایەتییەکیش لێکبدەیتەوە، بەڵام پەیامی ڕوسەکان پاشای هێورکردەوە و پێی قایل بوو. خۆ هەر هیچ نەبێ دەکرا ئەمجارەیان بە ئارامی سەر بنێتەسەر سەرین و پشوو بدا.
لە پاش چەند ڕۆژان، پاشا لە ڕێی هەواڵدزەکانییەوە هەواڵێکی بۆ هات، بە تەواوی پێی دڵخۆش بوو؛ گوایە سەربازە هیندییەکان لەسەر سنووردا دژی بریتانییەکان ڕاپەڕیون و نەیانویستووە دژی ئێرانییەکان بجەنگن. ئەم هەواڵە بۆ پاشا زۆر گرنگ بوو، بە جۆرێک کاری تێکرد، هەر تەڕدەستانە ویستی پەیامهێنەکە بە تەنیا ببینێ. دەمودەست کابرا هێنرایە قەڵا سەربازگەکە. پیاوە پەیامهێنەکە زیاتر لە هیندی دەچوو لەوەی ئێرانی بێ. کاتێ گەیشت لە دەرکەوە بە هەڵلەرزینەوە وەستا بوو، تا ئەوکاتەی پاشای بە خۆی و تێلایەکەی لە ناوەڕاستی ژوورەکەیدا بینی.
پاشا لێی پرسی: "فارسی بەڵەدی؟"°°
پیاوەکەش بە شەرمنییەوە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ. بە فارسی قسە دەکەم."
"بەڵام خۆ تۆ هیندییت؟"
کابرا وەها وەڵامیدایەوە: "نەخێر، بەڵێ، ئەز هیندیم، بەڵام ئێرانییشم."
"مایەی پێکەنینە. تۆ فارسی بە شێوەزاری هیندییانە قسەدەکەی."
پیاوەکە لە ڕەچەڵەکی ئێرانی بوو، ئەوانەی هەزار و سێسەد ساڵ پێشتر وەک شوێنکەوتەی زەرەدەشت بەرەو هیندستان ڕایانکردبوو، ئەوکاتەی

°° نووسەر ئەم ڕستەیەی هەر بە فارسی بەڵام بە پیتی لاتینی نووسیوە: Farsi baladi?

عەرەب بەسەر دەوڵەتی ئێرانیاندا دا. لەوساوە ئەو هیندییە ئێرانییانە بە پارسی لەقەڵەم دەدرێن.
شا بە دانبەخۆداگرتنەوە پێگوت: "ئێمە هەواڵی نارەزایەتیی سەربازە هیندییەکانمان بیست، بەڵام دەمانەوێ جارێکی دیکە لە دەمی تووە ببیستینەوە. باش گوێمان لێبگرە. خۆ ئەگەر درۆ بکەی، تەنانەت ئەگەر یەک وشەشت ڕاست نەبێ، ئەوا هەڵتدەواسین. تێگەیشتی؟"
پیاوەکەش بە ترسەوە گوتی: "خاوەنشکۆ، ناوێرم لەوە زیاتر بڵێم، دەترسم هەڵەیەک بکەم."
"وا لەخۆت مەکە، نمایش بکەی. ئەوەمان پێ بڵێ ئاخۆ ئەو هەواڵەی بۆت هێناوین لە کوێت بیستووە!"
پیاوەکەش وەڵامیدایەوە: "شتەکەم لە سەربازێکی هیندی بیست، خۆی لە نێو سەربازگەکەدایە."
"ئایا ئەو سەربازە هیندییە شتەکەی ڕاستەوخۆ بە خۆتی گوت؟
"بەڵێ، خاوەنشکۆ."
ئینجا شا پێیگوتەوە: "ئەمە باشە، ڕونە. دەی وشە بە وشە پێمان بڵێرەوە."
سەربازە هیندییەکەش گوتی: "ئێمە لە سەربازگەکە بووین، خەریکبوو خۆمان لە ڕۆن و چڵک پاک دەکردەوە، لەو کاتەدا لەنێو سەربازەکانی ئەوێ لە دژی شەڕ و وەستانەوە لە دژی ئێرانییەکان بووە هەرا. ئەو دەنگۆیە بڵاوبووەوە، ئەو ڕۆنەی ئێمە تفەنگەکانمان پێ چەور دەکرد لە چەوریی مانگاکانەوە دروستکرابوو. هەمووان بەو هەواڵە هێدمەگرتی بوون. پاشان ئەو دەنگۆیەش بڵاوبوویەوە، گوایە ئەو هەتوانەی لەبەر پۆرگ و بزماری مێخەکی، سەرپەنجە و سمتمان پێ چەور دەکرد لە چەوریی بەرازی بریتانییەوە دروست کرابوو."
"زۆر نایابە." شا بە خەندەوە گوتی: "دەی ، بیڵێ، زیاترمان بۆ بگێڕەوە."

سەربازە هیندییەکەش درێژەی بە قسەکەی دا: "بینیم هەمووان چەکەکانی خۆیان دانا و هەڵستان."
شا هاواری کرد: "زۆر نایابە."
"ئینجا خەریکی ئەوە بووین بە خۆڵ چەورییەکە لە دەست و پێمان بکەینەوە. عەریفە بریتانییەکانیش هەوڵیاندا ناچارمان بکەن تفەنگەکانمان هەڵبگرینەوە، بەڵام بە گوێمان نەکردن. لە کۆتاییدا ئێمەیان کێشایەوە بەرەی پشتەوە."
پاشا لێی پرسی: "دوای ئەوە؟"
"پایەبەرز، ئەوە هەموو شتێک بوو."
پاشا لە کابرا نزیک بووەوە، فەرمانی پێکرد دەمی بکاتەوە. پیاوەکەش وایزانی بە باشی گوێی لێنەبوو، بە سەرلیشێواوی لە پاشا نزبووەوە.[٥٦]
پاشا قسەکەی لێ دووبارە کردەوە: "دەی دەمت بە تەواوی بکەوە!"
کابرا بە هەڵلەرزینەوە دەمی خۆی کردەوە. پاشاش یەک دوو دراوی زێرینی تێکرد و پێی گوت: "ئێستا دەتوانی بڕۆی، بەڵام هەمیشە هەر بە ئێرانی بمێنەوە."
کابرا بەو دراوە ئاڵتوونیانە ناودەمی، لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە و کڕنووشی بۆ برد و پشتاوپشت لە ژوورەکە چووەدەر.
ئیدی شا دەیتوانی لە شوێنی مانەوەی چێژ وەربگرێ. ئامادەبوو شەوەکانی لەگەڵ ژنانی هەراتی بەسەر ببا، ئەوانەی تەنیاییان لەبیر دەبردەوە.
کاتێکیش شا بەوەی زانی، کە هێزی ڕوس لە بانەکانی ئەفغانستان کشاونەتەوە و بە دەریای قەزوینەوە گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان، ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرا. هێشتا لەو هێدمەگرتن و شڵەژانەی ڕاست نەبووبووەوە، ئەوەشی بەسەردا هات کە ئینگلیز بە پەسەندنامەی سەرۆک هۆزە

[٥٦] لێنزبوونەوە: ورد سەیرکردن، بە چاوی ئەبڵەقەوە تەماشاکردن.

ئەفغانییەکان بە هەزاران ســـەربازی بریتانی و هیندییان لە ئەفغانســـتان ڕێکخستۆتەوە و لەڕیزەکانی سوپادا سازوتەیاریان کردوونەتەوە.
بەم جۆرە مۆتەکە باڵی بەسەردا کێشا. شا بەبێدەسەلاتی دەبووایە هەر ســـەیری بکا چۆن پاشـــمله لەبارەی وڵاتەکەی ئەو بڕیار دراوە. دیارە ڕوســـەکـان ئەویـان بە گورگـان خواردی داوە، بە بریتـانییەکـانیـان فرۆشـــتووەتەوە. بەڵام تۆ بڵێی لە بەرانبەر چ ئاڵوگۆڕییەک وەهـایـان کردبێ؟ شـــا خەریکبوو لە مەراق و نادڵنیاییدا نەخۆش دەکەوت. خەو و خۆراکی لەبەر چاوکەوت، قلیانەکەی تامی هیچی نەدەدا، چیدیکەش ژنە شـۆخ و شـەنگەکانی هەرات دڵیان پێنەدەدرایەوە. لەوەش تێگەیشـت، کە نابێ جارێ هەرات بەجێبێڵێ.

لەو ماوەیەدا خەڵک لە تاران ســـەرقاڵی شـــتی دیکە بوون. ئەوانیش ئەو هەواڵە هۆشـداربیانەیان بیسـتبوو، هەمویان لە هەوڵی ئەوەدابوون ئاخۆ چۆن لە خەمی پاشەڕۆژی خۆیاندا بن و مشووری خۆیان بخۆن. هەندێ لە شـــازادەکان هەوڵیاندا هەرهیچ نەبێ ســـەرەداوی پەیوەندییان لەگەڵ بریتانییەکان ڕابچنن، ئەوانی دیکەش لەگەڵ ڕوسەکان.
شـێخ ئاغاسـیش گوێی لە ڕێککەوتنی نێوان ئینگلســـتان و ڕوســـیا بوو، هەوڵیدا لەو ئاڵوگۆڕە نوێیەی دەســـەلاتدا پێگەی خۆی بەهێز بکا. ئەو زانی چۆن دەســـتی بگاتە ئەو بەڵگەنامانەی لە باڵوێزخانەی بریتانییدا بوون، ئەوەیان دەردەخست کە وەزیر لەگەڵ بزووتنەوەی میللی ڕوسیدا لە دانوسـتان و گفتوگۆدا بووە. پێناوەکەش یەکێک لەو خوێندکارانە بوو، کاتی خۆی وەزیر بۆ خوێندن ناردبوویە ڕوسیا.
لە راپۆرتەکەدا ناوی خوێندکارەکە هاتبوو، باســـی ئەوەش کرابوو لە کۆبوونەکە لەگەڵ بزووتنەوەی میللی ڕوســـیدا ئامادە بووە. ڕاپۆرتەکە

هەواڵەکانی پێشـتری پشـتڕاسـتدەکردەوە، ئەو هەواڵانەی دایکی شـا لە ڕێی چاو و شۆڤارەکانی دەستی کەوتبوو.

شـــێخ ئـاغـاســـی بەنیـاز بوو لەگەڵ گەڕانەوەی پـاشـــا، ڕاپۆرت و بەڵگەنامەکانی بخاتە بەردەم. بازنەی دەوروبەری مەهدولیا چاوەڕێی زەبری کوشـــندە بوون لە وەزیر بدەن، کەچی ئێســـتا پاشـــا لە هەرات عاسی بووە. شێخ ئاغاسیش بە دەوری خۆی تیختیخەی مەهدولیای دەدا بەوەی پێیڕاگەیاند: "وەزیر چەند تۆپێکی لە کۆشـــکەکەی خۆیدا جێگیر کردوون. هەروەهـا ئەو ژن و منداڵەکـانی خۆیشـــی نـاردوونەتە لای خەزوورەکەی لە فەراهان. لەوانەیە شـــتێک لە ئارادابێ، هێشـــتا پێمان نەزانیبێ."

٣٠

کردەی لەپڕی ئینگلستان

لەمێژبوو لەندەن مرخی لە پارێزگا باشوورییەکەی ئێران خۆش کردبوو. خاکوخۆڵی بەشێکی زۆری ئەوێ، کە تا ئەوپەڕی گەرما سووردەبووەوە، ئەو بەشـــە خوارووی وڵات هی لێ ژیان نەبوو، خۆڵەکەی قاوەییەکی ئەوەندە تۆخ بوو وەک ئەوەی لە ڕووندا سـوورکرابێتەوە وابوو. پاشـای وڵاتیش هێشـــتا هەر لە هەرات بوو، ئیدی کاتەکەی بۆ بریتانییەکان دووشەش بوو.

هەواڵی پەلاماردانی بۆ ســـەر بەشـــی خوارووی ئێران گەیشـــتە گوێی ئەفسەرانی بریتانی لە هیندستان. هەفتەیەکیش دوای ئەوە ئەوسا شا لە یەکێکەوە هەواڵەکەی پێگەیشت. پەیکەکە بە شەکەتی و لێبڕانەوە بەسەر پێی پاشـادا کەوت و گوتی: "بریتانییەکان بەســەر بەندەری بوشـەهریان داداوە."

شا لە شوێنی خۆی تاسا و هاواری بەسەرداکرد: "ئەوە تۆ دەڵێی چی؟"

پیاوەکە نەیوێرا باقی هەواڵەکەی پێبڵێ. تەنیا ئەوەندە نەبێ زەرفێکی بە مۆمی سـووری لە بەرکی دەرهێنا، وەزیر پێیدابوو تا بیگەیەنێتە دەسـتی

شـــا. ئەویش بە دەســـتێکی لەرزۆکەوە زەرفەکەی کردەوە و نامەکەی خوێندەوە. بریتانییەکان هەراتیان بەو شـێوە بەجێهێشـــت کە کردیان، تا لەبری ئەو بەدووری شەش هەزار کیلۆمەتر لەشکرکێشی بکەن و بەشی خوارووی وڵات داگیر بکەن.
شـــا بە پەشـــێوحاڵییەوە لە جێگەی خۆی هاواری کرد: "باشـــە، بۆچی ئەوێ؟"

کەشتییە جەنگییەکانی بریتانیا بەنێو کەنداوی فارسییدا هاتن و دەستیان بەســـەر دوورگەی (خارگ)ی ئێرانییدا گرت. مارینزی بریتانی لە ســـەر پشـتی کەشـتییەکانیانەوە بەندەری بوشـەهریان بۆمباران کرد و خەڵکە خۆجێییەکەشیان ڕاونا. بە سـەدان سـەربازی بەریتانی دەسـتیان بەسـەر مەڵبەندە چۆڵکراوەکەدا گرت، ئاڵای بریتانیاشیان لەسەر هەڵدا.
هەرچەندە وەزیر پێشـــتر لە لایەن نەیارەکانی ســـووکایەتی پێکرابوو، لێ دەنەدرا دەســـــتبەرداری وڵاتەکەی بێ. ئەوە بوو دەســـــتبەجێ بەرەو باشـوور ڕۆیشـت و لە نامەکەیدا نووسـیبووی: "ئینگلسـتان لە شـوێنێکی هەسـتیار ئێمەی گرت، ئێسـتا مانەوەی نیشـتمانمان لە مەترسـی دایە. بوونی پاشا لە تاران داخوازییەکی پێویستە."
دەسـتبەجێ پاشـا بانگی فەرماندەکانی لەشـکری کرد و ڕێنمایی نوێی پێدان. ســەرهەنگێکی لە جێگەی خۆی بۆ ســـەرپەرشـــتی لەوێ دانا و پێیشـــی ڕاگەیـانـدن دەگەڕێتەوە تـاران. لەگەڵ گەردەی بەیـانی[٥٧] ڕۆژی پاشـتر، کە هێشـتا ڕێگەوبان هەر تاریک بوو، پاشـا شـارەکەی لە دوای خۆی بەجێهێشـت. بەر لە ڕۆیشـتن و لە دەروازەی شـاردا، ئەسـپەکەی خۆی ڕاگرت، یەک مسـت خۆڵەکەی هەڵگرت و وەک خۆشـەویسـترین یادەوەریی هەرات خستیە پاشکۆی زینی سەر پشتی ئەسپەکەی. ئینجا

---

[٥٧] لەگەڵ گەردەی بەیانی: بەیانی سەرلەزوو. کازیوە.

دەرکەدارینەکەی ماچ کرد بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەرەو تاران کەوتەوە ڕێ. هەفتەیەکی پێدەچوو تا دەگەیشتەوە پایەتەخت.
تا ئەوکاتیش بریتانییەکان توانیبوویان بەرگریی بەندەری بوشەهر بشکێنن و جێپێ خۆیان لەوێ قایم بکەن. ئینگلستان دەیەویست شارەبەندەرەکە وەک بنکەیەکی سەربازیی خۆی لە ناوەڕاست-ڕۆژهەڵات و هەروەک بەندەرەێکی خۆی لە ڕۆژهەڵات بەکاربهێنێ. پاش ئەوێش، چاویان لەسەر دوو شاری هەرە بەناوبانگی وەک خورەمشەهر و بۆرزنجانیش بوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە گومانی ئەوەی لێدەکرا کانەنەوتی گەورە گەورە لێ بن.
ئینگلستان تا پێنج ساڵ پێشتر هەر بە تەنیا سەروکاری لەگەڵ هیندستاندا بوو بە دەگمەنیش خۆی لە ئێران نەدەگەیاند. ئاخر ئەوان ئەوکات دڵنیا نەبوون، لی ئەو زانیارییانەی دواتر بەوان گەیشت، دەریخست لە بندینی خاکەکەدا، لەناوچەی سەر سنوور لەگەڵ عێراقدا یەدەگێکی یەکجار قەبە و زۆر لە نەوتی خاو لە دیوی ئێراندا هەیە. خۆی ئەمەش یەکێک بوو لە ڕازەکانی دەوڵەت، هێشتا نەدرکێنرابوو. بۆ ئەوەی نەخشەکەشیان ڕاستەڕێ بکەن، دەبووایە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕوسیا مۆربکەن. لەشکرکێشی بۆ سەر هەرات ساتێکی زێڕین بوو تا لەگەڵ ڕوسەکان بکەونە گفتوگۆ.

ڕوسیا دەیان ساڵی دوورودرێژ بوو لەسەر دەریای ڕەش لەگەڵ عوسمانییەکان لە شەڕدا بوو، هەمیشەش بریتانییەکان لایەنی عوسمانییەکانیان دەگرت. ئیدی پێشنیازی بریتانییەکان بەوەی چیدی پشتی عوسمانییەکان نەگرن بە مەرجێک ڕوسەکانیش لە ئەفغانستان بکشێنەوە و پاشای ئێرانیش بۆ بەختی خۆی جێبهێڵن.

قراڵی ڕوســـیش کە بەهۆی ڕاپەڕین و هەرای نـاوەخۆ تووشـــی ســەرئێشــەیەکی زۆر بووبوو، تەردەســتانە بە خســتنەڕووەکەی ئینگلیز قایل بوو. ئەوەبوو ڕوسیا هێزەکانی خۆی لە بانە قاقڕەکەی ئەفغانستان کێشایەوە و دەستی ئینگلیزی بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەی والآ کرد.
لە بەرانبەردا وەزیر دەســتەوەســتان دانەنیشــت. زانی چۆن لەشــکرێک ڕێکبخا و بینێرێتە خوڕەمشـــەهر تا خەڵکەکەی بپارێزێ. لە تاران ئەو بۆچوونە هەبوو گوایە ئینگلســـتان وەک تۆڵەکردنەوە لە ڕێی کەنداوی فارسییەوە لەشکرکێشی دەکاتە سەر ئێران و دەیگرێ. وەزیریش خۆی وا تەیار و ئامادەکردبوو تا وەک شێرێک لە مەیداندا بجەنگێ.
بریتانییەکان لە شـــەڕەکەیاندا دڵڕەق بوون. وەزیر بەتەنیا بێ ئامرازێکی کاریگەریی بەرگری لە بەرانبەر تۆپەکانی بریتانییەکان وەســتابوو، بەڵام لەو نێوەدا توانی فەرمـان و ڕێنمـایی خۆی بە شــــێوەیەک دەربکا، کە جەنگاوەرەکانی بتوانن لە کونوکەلەبەری شارەکەدا خۆیان حەشار بدەن، ئیدی کە کاتی خۆی هات لێیان ڕاپەڕن و شــەڕی دەســتەویەخە، شــەڕی پیاو بەرانبەر پیاو لەگەڵ ئینگلیزدا بکەن. ئەو لێگەڕا بریتانییەکان بێنە نێو شـــارەکە، تا وەک ســـەرکەوتوویەک بێخەم بە کوچە و کۆڵانەکاندا بگەڕێن. ئینجا لە هەموو کون و قوژبنێکی شـــارەکەوە لێیان وەدەرکەون و دەستی خۆیان لێ بوەشێنن.
نامە و پەیامیشی بۆ هەموولایەک، بۆ سەرۆک هۆز و دەمڕاستانی تیرە و خێڵە ڕەوەندەکانی دەوروبەر ئەوێ دەنارد، داوای ئەوەی لێکردن کە ڕۆژی خۆی هاتووە، نیشـــتمان پێویســـتی پێیان هەیە. "دەی خۆ ئەگەر پەرداخی ئاویشـتان لە دەسـتدابێ، یەکسـەر دایبنێن و ئەسـپەکانتان زین کەن و بە خۆتان و پیاوەکانتان بگەرە خوڕەمشەهر."

سـەرەک هۆز و تیرە و خێڵەکانیش قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵماڵی و بەدوای جێسمی ئەسپ و شوێنەواری گالیسکەی سەربازە بریتانییەکان کەوتن و خۆیان گەیاندە خورەمشەهر.
دوژمن سـەری لێشـێوا، ئاخر وەیانزانی سـەربازە ئێرانییەکان لە لاڕێوە شـارەکەیان جێهێلاوە. ئەوان ئالای خۆیان هەڵدا و لەترسـی دژە هێرش خەریکی دامەزراندنی تۆپەکانیان بوون. ئەوە بوو سـەربازە ئێرانییەکان لە هەموو لایەکەوە، لە حەشـارگەکانیان هاتنەدەر و داگیرکارەکانیان کردنە نیشـانی لوولەی تفەنگ و سـەرەنێزە و شـمشـێرەکانیان.
بریتانییەکان بە دوای ئەوەدا گەڕان ئاخۆ کێ تەقەیان لێدەکا، بەڵام خۆ لەبەر دەسـتڕێژ سـەری خۆیان پێ هەڵنەدەهات. هیچ چارەیان لەبەردەستدا نەمایەوە، مەگەر لە شارەکە بچنەدەر و چۆڵی بکەن.
وەزیر تێکۆشا ورە بداتە بەر سەربازەکان. هیوای بەوە هەبوو سەرۆک هۆز و تیرەکان لە کاتی خۆی بەپیر دەنگییەوە بێن، هیواکەشی بە ڕاست وەرگەڕا. ئیدی بریتانییەکان کەوتنە نێوان دوو بەرداشـەوە، لە لایەکەوە سـەرباز و لە لایەکی دیکە هێزی خێڵە پشـتیوانەکان. مەیدان، مەیدانی ڕاسـتەقینەی شـەڕ بوو، لەو کاتەش وەزیر پیاوەکانی خۆی بۆ جۆش دەدا، ئەفسـەرێکی بریتانی کە ئەوی ناسـییەوە، لوولەی دەمانچەکەی تێکرد و سـێ جاران لەسـەر یەک تەقەی لێکرد. دوو گوللە بەر وەزیر کەوتن. سـەربازێک خۆی گەیاندێ و پری دایە و خسـتیە پشت خۆی و بە ئەسپەکەی تێیتەقاند و گەیاندیە هێڵی پشتەوەی مەیدانی شەڕ.
ئینجا سـەرۆکی هۆزە خۆجێییەکەی ئەوێ جێگەی وەزیری گرتەوە و فەرمانی پێدان بەدوای بریتانییەکان بکەون، بەم جۆرە تا درەنگانێکی شەو هەر شەڕ بوو، دوژمنیان تا قووڵایی دارستانی دارخورماکان ڕاونا.
بۆ بەیانیەکەی و بە هەڵاتنی خۆری ڕۆژێکی نوێ، هیچ سـەربازێکی بریتانی یان هیندی لەوێ نەمابوو.

ئینگلســتان دوابەدوای ئەو ڕووداوە کەشـتی و بەلەمەکانی ناردنە سـەر بەندەر عەباس. بەسەر ئەو بەندەرە باشوورییە هەرە گرنگەشیان دادا، لێ لەوێ هیچ سەربازیکی ئێرانی لێ نەبوو. لە ئەنجامدا دوو هەواڵی ناخۆش بە پاشـا گەیشـتن: "وەزیر بەسـەختی بریندارە و ئینگلسـتانیش دەسـتی بەسەر کەنداوی فارسییدا گرت."

٣١

ژنەکە

پێش هەتاوهەڵات، کەژاوەی مەهدولیا بەرەو کۆشکی شا کەوتەڕێ. لەو دواییانەدا ژانی لە چۆکاندا هەبوو، نەیدەتوانی بەپێ بڕوا. دەبووایە لە قاڵدرمە و لە هەنگاونان لە شـــوێنە بەرزەکاندا یەکێک بچێتە بن باڵی. ئەوەبوو شـا بۆ پێشـوازی هات و دەسـتی گرت و یارمەتی دا تا لەگەڵ خۆیدا بیباتە ژوور. هێشـتا هەر لەسـەر پەیژەکان بوو، مەهدولیا ئامێزی لە شـــا وەرێنا و بە هەنســـکەوە گوتی: "ئای لە ڕۆڵەکەم، وای لە کوڕە بەستەزمانەکەم."

پاشاش بە سرتەوە پێگوت: "دایکە ئەدی هیممەت و شکۆت لەکوێیە؟ خۆ پاسەوانەکان سەیرمان دەکەن."

لە ژووری دانیشـتنەکەدا مەهدولیا بە ئاخ هەڵکێشـانەوە خۆی بەســەر کورسییەک دادا و لێی دانیشت.

به داخ و حەسرەتەوە کەوتەوە سەر قسە: "ئای کورەکەم، خۆزگە من بمردبامایە، بەڵام تۆم لەو دۆخە سەخت و ناخۆشەدا نەدیبایە."
دیاربوو پاشا لەبن کاریگەریی دۆخەکەدا بوو، لای پەنجەرەکە وەستابوو.
"کورم، ئەو بێدەنگییەت دەمکوژێ. دەی قسەم لەگەڵ بکە، دڵی خۆتم بۆ بکەوە."
"باشە دایکە، چی بڵێم. لەشکرەکەم لە هەرات گیری خواردووە. بەندەرەکانیشمان لە کەنداوی فارسییەوە داگیرکراون و منیش هیچ فیشەکم نەماوە تا تەقەیان پێ بکەم. باشە هەنووکە چیبکەم؟ تەگبیر؟ متمانەم بەکەس نەماوە. دایکە خۆت دەبینی، چۆن ڕوس ئێمەیان بە گورگان سپارد. چ یارییەکی قێزەونیان لەگەڵ کردین. ئاخر خۆ قڕاڵ تۆی لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکردی. ئەو دوو بە دوو لەگەڵ تۆ قسەی کرد پاشانیش لەپشتەوە خەنجەری لێدام."
مەهدولیاش تۆڵەستێنانە هاتە وەڵام: "باوەڕ ناکەم ئەم کارە قڕاڵ کردبێتی. ئەدی ئەو لەپاڵ ئێمە لە هەراتدا نەجەنگا. تۆ دەبێ لە شوێنێکی دیکەدا بە دوای هۆکارەکەدا بگەڕێی. ئەم پیلانە هەر دەبێ لەبن سەری بازنەی دەوروبەری خۆمانەوە بێ."
"لە لایەن کێوە؟"
"کورەکەم، ساویلەکە مەبە، لە وەزیر زیاتر کێ هەیە!"
"دایکە، توخوا واز لەو نەخۆشییە هەناوڕەشییە بهێنە. زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە، ئێمە ناڕەوا دەرهەق وەزیر دەجووڵێینەوە. من نامەم بۆ نارد و پەسنی ئازایەتییەکەم دا. ئەم پیاوە بەسەختی بریندار بووە، لەوانەیە بمرێ."
"دەکرێ بریندار بووبێ، بەڵام مردن، ئەوە شتێکی دیکەیە. ئەمەشیان هەر بۆ ئەوەیە تا خۆڵ بکاتە چاوتەوە! دەی بڕۆ سەر جادە، گوێت هەڵخە و ببیستە، ئینجا دەزانی ئاخۆ دایکت باسی چی دەکا. لەشکرەکەت لە

هەرات گیری خواردووە، کەنداویش داگیرکراوە. هەڕەشـــە لەســـەر نیشـــتمان هەیە، کەچی خەڵک ســـەری زمان و بنی زمانیان هەر وەزیرە. ئەو بۆتە پاڵەوان، هەمووان بە پاشـــای ڕاســـتەقینە ناویدەبەن. ئایا کەس ئەمەی بە پاشـــــا ڕانەگەیاندووە؟ نەخێر هیچ کەس، ئاخر کەس ناوێرێ ڕاستی بڵێ. کوڕم، من لێرەم، بۆ ئەوەی تارماییەکە لەسەر چاوت لاببەم. من دایکی تۆم، تاکە کەسێک کە گەفت لێ ناکا منم، من بەتەنیا و هەر بۆ ئەوە هاتووم تا دڵت بدەمەوە."

قســـەکانی مەهدولیا کاریان لە شـــا کرد. فرمێســـک بەســـەر ڕومەتیدا هـــاتنەخوار، ئەو ڕووی بەرەو پەنجەرەکە وەرگێڕا تـــا ڕوخســـــارە خەمبارەکەی خۆی بشـــارێتەوە. شـــاژنەدایک لەســـەر کورســـییەکە تەکانی بەخۆی دا، خۆی گەیاندە شـــا، دەســـتی گرت و ماچی کرد، ئینجا گوتی: "خۆ ئێمە ئەو وڵاتەمـــان لە کلۆرەدارێ بۆ نەکەوتۆتە خوار. پیـــاوە مەزنەکانی خێڵەکەمان، ئەوانەی پێش تۆ بە زەبری شمشێر ئەم وڵاتەیان پێکەوەنا و پاراستیان. خۆی نە بە تۆ دەستی پێکرد و نە بە تۆش کۆتایی پێ دێ. پاشـــایان لە ژیانی خۆیدا تووشـــی نســـکۆش دێن. دەی پشـــتت قیتکەوە، سەرت بەرز ڕاگرە و ئارام بگرە."

پاشا بێ ئەوەی ئاوڕ لە دایکی بداتەوە لە هەنسکی گریانی دا.

ئینجا مەهدولیا شای بۆ باوەشی خۆی ڕاکێشا و بەگوێیدا چرپاند: "زۆر باش بیری لێبکەوە. ئێستا نۆرەی تۆیە، ئەو ئەرکەت لەسەر شانە تەخت و تاجەکە ڕزگار بکەی. تۆ دەبێ وەک باپیرانت توندوبەند بی. لێ جارێ هەموو شـــتێک بۆ وەزیر لێبگەڕێ، دەرفەتی ئەوەی بـدەرێ ئەوەی پێیخۆش بێ بیکا. لێگەڕێ با وەک پاڵەوان لە لایەن گەلەوە پێشـــوازی لێبکرێ و چەپڵەی بۆ لێبدرێ. پاشـــان پێویســـتە پاشـــا بجووڵێ. دواتر دەگەڕێمەوە تا پێت بڵێم چۆن. ئەمەش کارێکی ســـانا نییە، بەڵام ئەگەر

هات و هەمووان دەســـــتبەرداری شـــا بوون، خۆ هەر دەبێ یەکێک لە پشتیەوە بوەستێ، ئەو کەسەش منم!"
پاشـــا خۆی ڕاســـت کردەوە، ڕوومەتی مەهدولیای ماچ کرد. ئینجا تا بەردەرکەی کۆشک یاوەری کرد. شەماڵی دەرێ ئەوی هێنایەوە سەرخۆ. بە قووڵی هەناســـەی هەڵمژی، کاتێ هەناســـەی دایەوە گوتی: "دایکە، سوپاس بۆ هاتنت."

سـەردانەکەی مەهدولیا بۆ لای پاشـا، وەک ئەوە وابوو دەسـتی گرتبێ و لە بیری هێنـابێتەدەر. ئیدی جارێکی دیکە هەســـتی بەخۆی کردەوە و دوای چەندین شـەوی بێداری و خەوزڕان، ئەو شـەوە ئارام لێی ڕازا. بۆ بەیانییەکەی پڕ بەدڵ حەزی لە نانی بەیانی بوو، وەک شـــێتان کەوتە سـەری. لەسـەر ناشـتا، هەسـتیکرد شـیعرێکی بۆ دێ. دەسـتبەجێ داوای قەڵەم و کاغەزی کرد.
دەســـتی دایە دەفتەرەکە، لەســـەر چۆکی خۆی داینا، بەر لەوەی لەبیر بچێتەوە هەندێ ســـەرەدێڕی گرنگی نووســـین. خۆی ئەمانە ئەو دێڕانە بوون، کە کاتی خۆی، کاتێ هێشتا هەر لە هەرات بوو، بۆی هاتبوون، لێ لەبەر دۆخە نـاکـاو و شـــڵەژاوەکەی هەینێ لەبیریـان بردبووەوە بیاننووسـێتەوە. هۆنراوەکە لەبارەی گەمەی ژیانەوە بوو، لێ هێشـتا ئەو وشە گونجاوەکانی بۆ نەدۆزیبوونەوە تا کێش و سەروایان بە دروستی بۆ دابنێ. ئیدی ئەو وەهای نووسی:
کاش میشود که من ازاد بودم
چوبی بر دست، پا بار راه بودم
تۆ بڵێی وەک هەر کەسێکی دیکە ئازاد بووبم
بە تێلاکەی دەستمەوە بێباکانە بەڕێدا دەڕۆیشتم
بە ماندوویی لە سایەی دارێکدا چاوم گەرم کردن

پێڵاوەکانم کردنە سەرین.
من دەڕۆم، دوور دوور، هەر زۆر دوور
ڕۆژێکیش دێ تووشی کچە جوتیارێکی جوان ببم
ئیدی لەگەڵ خۆی بمباتەوە ماڵێ
منیش لای ئەو بمێنمەوە
زەویەکەی بۆ بکێڵم
بۆ ئەو بچمە ڕاوێ
ئاسکێک بەکۆڵ دادەم و بگەڕێمەوە

ئەو وەها چووبووە نێو قووڵایی هۆنراوەکەی، هیچ ئاگای لەو هەراوزەنایەی ناو کۆشکەکە نەبوو. کاتێکیش هەرایەکە لە دەست دەرچوو، ناچار وازی لە هۆنراوەکەی هێنا و چووە لای پەنجەرە. لەوێ هەموو ژنانی حەرەمسەرا لە حەوشەکە وەستابوون. سەیری سەربانیان دەکرد و هەر هاواریان دەکرد: "وامەکە! نەخێر وامەکە! دەی وەرە خوارێ!"
پاشا کە وای بیست، پەنجەرەکەی کردەوە: "چییە، ئەوە چی قەوماوە؟"
هیچ کام لە ژنەکان نەیوێرا شتێک بڵێ. خواجەباشی، گەورەی حەرەمسەرا هاتە پێشەوە و بە دەنگهەڵبڕینەوە گوتی: "یەکێ لە ژنانی حەرەمسەرا لەسەربان وەستاوە."
- "لەوێ چی دەکا؟"
- "دەیەوێ باز بدا، چونکە دایکی ئەویان فڕێداوەتە دەرەوەی کۆشک."
پاشا پرسی: "ئەو کێ بوو؟"
- "دایکی ئەو ژنەی ئێستا لەسەربانەکە وەستاوە."
- "باشە دایکی ئەو لێرە چی دەکا؟"

- "دەیەوێ کچەکەی لەگەڵ خۆی بباتەوە."
- "ئەدی بۆچی دەقیژێنێ؟"
- "دەترسێ نەبادا کچەکەی لەسەر بانەکە خۆی فڕێبداتە خوار."

شا بانگی کرد: "ئەو کیژە کێیە؟ ئێمە دەیناسین؟"

"ئەو یەکێکە لە ژنەکانی ئێوە."

ژنەکانی حەرەمســـەرا هەر یەک لای خۆیەوە بانگی دەکرد: "نەکەی، باز نەدەی!"

لێ خۆ ئەو هاوارکردنە درەنگ بوو. ژنە لەسـەربانەکە بازی و هەر وەک فەردەئاردێک لە خوارەوە لە تەنیشـــت دایکە چاوبەگریانەکەی کەوتە سەرزەوی.

ژنەکان لە شـوێنی خۆیان لەقیژەیان دا و بە ئەفسـوسـەوە لە دەرکەوە بەرەو نێو حەوشەکە غاریان دا.

"ئەمە پەڕجووە. ئەو هێشتا ماوە! هێشتا هەناسە دەدا!"

شا بانگی کرد: "ژنەکە بهێننە ئێرە!"

پاشـــان دوو پاســـەوانی چوارشـــانە ژنەیان لە بەتانییەک وەرپێچا و گەیاندیانە ژووری مینابەندەکە.

ژنەکانیش لە دەرەوە هەوڵیان دا گوێیان لەوە بێ ئاخۆ شـــا چی بە ژنە دەڵێ.

- "دەی ڕووبەندەکەت لادە و چیدیکەش مەگری."
- "ژنە ڕووبەندەکەی لادا، بەڵام دەسماڵەکەی بەسـەر ڕوخسـاریدا دا و هێشتاش هەر نەرمە هەنسکی دەکردن.
- "دەی پێم نەگوتی، بەسیە فونگە فونگ!"

ژنە دەستێکی لەسەر دەمی خۆی دانا و بێدەنگ بوو.

ئینجا شا پێی گوت: "دەی پەچەکەشت لادە، دەمانەوێ دەموچاوت باشتر ببینین."

ژنە گەنجەکە لەوانە نەبوو، جوانییەکی ناوازەیان هەبێ.
شا بەسەرسوڕمانەوە سەیری کرد و پێیگوت: "تۆش یەکێکی لە ژنەکانی ئێمە؟"
ژنە وەڵامیدایەوە: "بەڵێ." چاوەکانیشی لەبەر گریان سوور هەڵگەڕابوون.
"ئەمە شتێکی مەحاڵە، تۆ لەو نموونە ژنانە نیت کە مایەی سەرنجی ئێمە بن."
ئەمجارەیان ژنەکە توندتر گریا.
شا لێی پرسی: "باشە کەی بوو کە دواجار ئێمە تۆمان بینی؟"
ژنە وەڵامی دایەوە: "سێ ساڵێک دەبێ."
"لە کوێ؟"
"کاتێک تۆ لە گوند هاتیتە لامان، منیش لەنێو خەڵک وەســـــتابووم، تۆ ئاماژەت بە من دا. ئیدی منیان بۆ ئێرە هێنا، ئێســـــتاش ئەو هەموو ماوە درێژە چاوەڕێ دەکەم."
"چاوەڕێ دەکەی؟ چاوەڕێی چی؟"
ژنە پێی گوتەوە: "چاوەڕێی ئێوە."
"هێ ئێمە؟" کەواتە ئێمە لە کوێین؟ خۆ ئێمە زۆر دێینە حەرەمسەرا."
"ئێوە دوو جاران هـاتوونەتە لای من، هەر ئەوەنـدە و بەس. زۆر جار دایکم هەوڵیداوە من لەگەڵ خۆی بباتەوە، لێ خواجەباشــی ڕێگەی پێنەدا بێتە ژوور. ئەمڕۆ گوێم لە دەنگی دایکم بوو بانگم دەکا. ئەوەبوو هەڵاتمە سەر بان و بازم دا."
لەو کاتەدا لە دەرکە درا.
پاشاش گوتی: "وەرە ژوور."
خواجەباشــی هاتە ژوور. ئاگردانی زێڕینی قلیانکەی پاشــای لەدەســتدا بوو.
شا پرسی: "ئەمە چییە؟"

"ئەم ژنە ئەم کەڵبە[58]زێڕینەی قەلونەکەی تۆی دزیوە. لەناو جلەکانی خۆیدا شاردبوویەوە. من لە دەرەوەی حەوشەکە، لەسەر شۆستەکە دۆزیومەتەوە." کابرا ئەمەی گوت و شتەکەی دایە دەست پاشا.
ئینجا پاشا خواجەباشی ئیزن دا و شتەکەی لەبەرچاوی ژنەکە دانا و پیی گوت: "باشە بۆچی کەڵبەی قلیانەکەی منت دزیوە؟"
ژنە بێدەنگ بوو.
"ئێمە پرسیمان ئاخۆ بۆچی ئەو شتەت دزیوە؟"
"من...من... من ئەم دزییوە، هەر بە تەنیا ویستم شتێکی شا وەک یادگاری لەگەڵ خۆم ببەم. کاتێکیش بەرەو سەربانەکە غارم دا، قلیانەکەی تۆم بینی، بۆیە کەڵبەکەم لێکردەوە. من ویستم بەڵگەیەک لەگەڵ خۆم ببەم. بەڵگەیەک بەوەی من لە کۆشکدا بووم، بەوەی من یەکێک بووم لەوانەی حەرەمسەرا و ژنی پاشا بووم."
دیاربوو ئەم وشانەی ژنە کاری لە پاشا کرد. دەستێکی لەسەر پشتی ژنە دانا بە ئاگردانی زێڕینی قلیانەکەی دەستی بەنێو ژوورەکەدا ڕاوێچکەی دا. لە ساتێکدا ڕووی بە لای ژنە وەرگێڕا و بە نەرمی پێیگوت: "تۆ لەو جۆرە ژنە جوانانەی نیت کە سەرنجمان ڕابکێشن، باشە بۆچی ئەو کات ئاماژەم بۆ کردووی و تۆم هێنایە کۆشک؟ "
ژنەش لێبڕاوانە گوتی: "ئەوکات من جوان بووم. ڕێک من ئەو جۆرە ژنە بووم کە تۆ حەزت لێی بوو، لێ ئەم ساڵانەی ڕابردوو منیان لاواز و ناشیرین کرد."
شا چووە لای ژنەکە وەستا و هەندێک خۆی شۆڕکردەوە دەستی بەسەری ژنەدا هێنا هەندێ یاری بە یاخەی کرد. ژنەش لە ورووژاوییدا لەرزی. ئینجا لە بەرکی چاکەتەکەی سێ دراوی زێڕینی دەرهێنان و

---

[58] کەڵبە: پشکۆگر، ئەو ئاگردانە بچکۆلەیەی لەسەرووی بۆڕی قلیان، دایە پشکۆی تێدەکرێ تا توتنەکەی لەسەر بسووتێنرێ.

خستیه کۆشی ژنه و به سرتەشەوە پێیگوت: "ئێستا تۆمان بینی، دەی بڕۆ، خۆ ئەگەر بتەوێ دەتوانی لەگەڵ دایکت بچیەوە ماڵ، بڕۆ."
خەندەیەک پەڕییە سەر لێوی ژنە. ئێستا شتێکی لە شۆخییەکەی جارانی بۆ گەڕایەوە.
شا دەرکەکەی کردەوە، ئەو ژنانەی لە پشت دەرگە گوێیان هەڵخست بوو، هەریەک بەلایەکدا تێیانتەقاند. ئەو وەها جووڵایەوە وەک ئەوەی هیچی نەبینێ بێ، ئاسایی بەرەو باخەکە ڕۆیشت هەروەک ئەوەی هەر هیچ نەقەوماب‌ێ. تەنانەت بیری بۆ ئەوە چوو، کە بازدانی ژنە لەسەر بانەوە، ئاماژەیەک بووە بۆ ئەو. ئاماژەیەک بەوەی گەلەکەی لێی ڕازی نییە، چونکە خۆی سەروکار و هاموشۆی لەگەڵ ئەواندا نییە، دەبێ سەربەستییان پێ بدا. لێ ئەو هەر زوو بیرۆکەکەی بەلاوە نا. گەل پێویستی بە ئازادی نییە. گەل پێویستی بە ڕابەرێک هەبوو. ڕابەرەکەش شا بوو.

٣٢

ولات نزا بۆ کەنداوی فارسی دەکا

بریتانییەکان نەیاندەوێرا ســەری خۆیان لە دەرەوەی دیوارەکانی شــارە بەندەرەکان هەڵبێنن. هەر کاتێک ئەوان لە شــار دەهاتنەدەر، دەدرانە بەر دەستڕێژی گوللە.

وەزیر، کە بەســـەختی بریندار بووبوو، لە قەڵای ســـەرۆکی خێڵەکە دانرابوو. حەکیمە خۆجێییەکە توانیبووی گوللەکان لە جەســـتەی وەزیر دەربهێنێ. دوای یەک مانگ لە چارەســەری هێشـتا وەزیر تاقەتی ئەوەی نەبوو لەســەر پێی خۆی بوەســتێ. کاتێکیش لەســەر جێی نەخۆشـیەکەی هەڵسا، هەوڵیدا دەست بە دیوارە دوورودرێژەکانی قەڵاکە بگرێ و بەپێی خۆی هەندێک بڕوا.

پیرەژەکـانی هۆزی بەختیـاری زۆر بـاش ئـاگـایـان لە وەزیر بوو، داودەرمانی باشـیان بۆ دانابوو، وای لێهات لەوێ هەندێ خۆی بگرێتەوە و هێز و گوڕی بۆ پەیـدا ببێتەوە. بۆ مـایەی شـــــادمـانی هەمووان، سپێدەیەکیان بەخۆی خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و لێیخوڕی. ئینجا بە هێواشی بەنێو مەزراکاندا ئەسپەکەی هاژۆت.

وەزیر ئەو ڕۆژانەی وەک خاڵێکی نوشست ئەزموون کرد. ئەو دەبووایە بیر بکاتەوە، شـــتێک بدۆزێتەوە تا بتوانێ بریتانییەکان لە وڵاتەکەی دەربکا. بە یارمەتیی یەک دوو پیاوی دەسـترۆیشـتوو توانی لەشـکرێکی بچووک لە شـــەهیدخوازان[59] شـــەڕیێ بخا. ئەو ئەوەی بە جەنگاوەران گوت، کە مێژوو ئەوەی بەســـەر دا ســـەپاندوون بە خۆیان و خەنجەری بەر پشتیان، بە تفەنەنگە ڕەشکە کۆنەکانیان بەرەنگاری زلهێزترین وڵاتی جیهان ببنەوە و دژی سوپاکەی شەڕ بکەن. ئەو جەختی لەسەر ئەوەش دەکردەوە، کە سەرکەوتن شتێکی مەحاڵە، بەڵام مەبەست لە بەرگرییەکە ئەوەیە زەبر لە داگیرکەران بدرێ و ئازاریان پێبگا. شـــەهیدخوازەکانیش بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەبوون.

کاتێکیش وەزیر بایی پێویسـت چاکبووەوە و لەگەڵ لەشـکری شـەهیدان بەرەو بەندەرعەباس بەڕێکەوت، تووشـــی کۆســـپ و تەگەرەی یەکجار زۆر بوو، ئەوەی بریتانییەکان لە دەوروبەری بەندەرەکە دایاننـابوو و لەسەر گردەکانیش بۆیان دانیشتبوون لێنەدەگەڕان بستێک بچنە پێشەوە، بەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن دژوار بوو.

لەوێ جەنگاوەرەکانی خۆی وەها جۆش دەدا: "ئارام بگرن و تا بۆتان هەڵدەکەوێ لەهەر کوییەک بۆتان هەڵکەوێ لە دوژمن بدەن. چاوەڕێکردن و هەر چاوەڕێکردن تاکە چەکی دەستی ئێوەیە."

بەڵێ، هەر بەڕاســتیش کات خاڵی لاوازی بریتانییەکان بوو. کارخانەکانی ئینگلســـتان بۆ ســـووتەمەنی بەهەوادا دەچوون، لەکاتێدا بە ملیۆنان لیتر نەوتی خاوی دەســـتلێنەدراو لە ژێر خاکی کەنداودا کەوتبوو. ئینگلســـتان پەلەی بوو.

---

[59] نووســـەر نووســـیویەتی لەشـکری شـەهیدان، مەبەسـت لێی ئەو لەشـکرەیە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی ئامادەیە شـــەهید ببێ و نەگەڕێتەوە، منیش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە وام پێباشتر بوو دەستەواژەکە بکەمە لەشکری شەهیدخواز.

ڕەوشــە نائارامەکە لە بەردەم بریتانییەکان بەربەسـتێکی ڕاسـتەقینە بوو بەوەی زیاتر لەو ناوچانە نەچنە پێشـــەوە کە دەیانەویســـت بندینی خاکەکەی بپشـکنن. لەشـکری شـەهیدانیش بە ڕۆژ و شــەو بە خۆیان و تفەنگی دەستیانەوە لەسەر تۆقەڵیی دارخورماکان بۆیان لە بۆسەدابوون. یان بێ هەسـتوخوســت بەخۆیان و خەنجەری دەسـتیانەوە لەنێو قوڕە لیتەدا بە حەشاردراوی بۆیان لەسەر پێ بوون.
بریتانییەکان وەهایان دەزانی، بەڵەم و کەشـــتییەکانیان لە کەنداوی فارســـییدا بێوەی دەبن، لێ زۆر جاران پیاوەکان بە تاریکی لەنێو ئاودا لێیان پەیدا دەبوون و لێ وەسەر بەلەمەکانیان دەکەوتن و زەبری خۆیان لێدەوەشاندن.
چیرۆکی کردەی پـاڵەوانـانەی جەنگـاوەران بە خێرایی بڵاوبوونەوە و بوونە مـایەی ورەبەرزکردنەوە و زاتـدانەبەرخۆی خەڵکی داگیرکراوی بەندەرەکان. تـا دەهـات بازنەی بەرگری فروان و فراوانتر دەبوو. وای لێهات بریتانییەکان سەرچلی ئەوە نەکەن بەشەو لە مۆلگەکانیان بێنەدەر.

بریتانییەکانیش لەوە تێگەیشتن پێویستە سوود لە ئەزموونی خۆیان هی هیندســـتان وەربگرن و بەکاریبهێنن. پێوســـت بوو لەگەڵ ئێرانییەکان بکەونە گفتوگۆ.. هەر کاتێکیش ئاسـایش و ئارامی بەرقەراربوو، ئامادەی کنەوپشکنینی نەوتی خاوو بوون، بۆ ئەوەی بیر لێبدەن و ئەوە مسۆگەر بکەن زێڕی ڕەش بگەیەننە ئینگلسـتان. ئەوەی مایەی سـەرسـامی بوو بریتانییەکان چاوەڕواننەکراوانە لە هەردوو شارە بەندەرەکاندا کشانەوە. ئەوان لە نێو بەلەمە و کەشـــتییە گەورەکـانیـان لە کەنـداودا چاوەڕێی ڕێنمایی لەندەن بوون.
دوعای ئەو ملیۆنان خەڵکەی لە مزگەوتان دوای نوێژ کردیان، گیرۆ بوو. وەزیر سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

له دوای نیوەڕۆیەکی درەنگی لەنـــدەنــدا، دیپلۆمـــاتەکـــانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا ســــەردانی شـــوێنی حەوانەوەی نوێنەرانی ئێرانیان له لەندەن کرد. ئەوان لەو ماوەی دوایدا زۆر جار یەکدیان دەدی. نوێنەرانی ئێرانی بە چـــا و شــــیرنەمەنی پێشــــوازییـــان له دیپلۆماتەکانی ئینگلیز کرد و لەســەر مێزێک دانیشــتن ئاخۆ ئینگلســتان و ئێران کاروبارەکانیان لەگەڵ یەک چۆن ڕایی بکەن.

بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، بروســکەیەک بۆ وەزیر لێدرا، بروســکەکە له کەشـــتییەکەی بریتانییەوە نێردرابوو. وەزیریش دەبوایە پێشــــوەختە چاوی لەســـەر پیتە تایبەتییەکان ڕاهاتبا. بۆیە چاویلکەی بۆ لەچاو کرد و پەیامەکەی خوێندەوە. دەردەستیش پەیامێکی بۆ پاشا نارد:

گەورەیی هەر بۆ خوایە. ئەو خوایەی هێز و توانســــتی بەســــەر هەموو شــتێکدا زاڵە. هەر ئەو زانایە و هیچی لێ شـاراوە نییە، هیچ سـرتەیەکی لی بزر نییە، تەنانەت ئەگەر بە کڕی و بێدەنگییش شــــت گوترابێ. ئەو هەموو شتێک دەبینێ و هێزی ئەو بەسەر هەموو شتێکەوەیە. هێزی ئەو بەســـەر هەموو ئەوەی لەســـەر زەوییە و ئەوی له ئاســمانیشــە باڵکێشــە. هەر ئەو بڕیار دەدا. لەســــەر وەزیرە لەپێشــــدا هەواڵی هاتنی ڕۆژگاری شــــــادمــانی پێڕابگەیەنێ. ئێمە بۆ شــــــەڕراگرتن لەگەڵ بریتـانییەکـان گەیشتووینەتە ڕێکەوتن. بریتانییەکان ئامادەن لەبارەی هەرات و لەبارەی کانەکانی ژێرەزەوی لەبەشــــی باشــــووری وڵات لەگەڵ ئێمەدا گفتوگۆ بکەن. هەفتەی دادێ له له بەندەرعەباس گفتوگۆ لەگەڵ نێردەی بریتانییدا دەکەین. هەر کاتێک گەیشــتینە شــتێک، ئەوا دەمودەســت شـا له هەواڵ و پێشهاتەکان ئاگادار دەکەینەوە.
دڵسۆزتان. وەزیر

٣٣

ڕۆژژمێرنووس

لەو کاتەی پاشـــا لە هەرات گەڕاوەتەوە، بەشـــی زۆری کاتی خۆی لە قەڵای ســـەربازیی دەرەوەی تاران بەســـەردەبرد. ئەو لەوێ خۆی لە چالاکییە ســـەربازییەکان هەڵنەدەقورتاند، بەڵکو هەبوونەکەی وەهای لێ دەخوێندرایەوە، ئەو ســـەرکردایەتیی هێزی چەکداریی وڵات دەکات. لە ژووری کردەوە جەنگییەکان دادەنیشـــت و هۆنراوەی دەنووســـی، هەروەها ئەو یاداشـــتانەی کە لە هەراتەوە بە بیری مابوون، تۆمار دەکردن. ئەو خۆی وەک خووخدەیەک لە ڕۆژژمێرەکەی خۆیدا شـــتی ڕۆژانەی تۆماردەکرد، بەڵام ئێســـتا مێژووی ڕۆژانەی ڕووداوەکانیشـــی هاتەســـەر و تۆماری دەکردن. بێ مەبەســـتانەش بەدوای گەواهییەکاندا دەگەڕا.

نووســـین هەســـتێکی وەهای بە شـــا دەبەخشـــی وەک ئەوەی بە شـــتێکی هەرە بایەخدارەوە خەریک بێ، بەوەی مێژوو دەنووسێتەوە. پێشوەختانە

ئەو هەستەی بۆ هات کە لە دوای خۆیەوە، نەوەکان لە ڕێی ڕۆژژمێر و یاداشتەکانییەوە پەسنی بدەن و خامەکەشی لە کردەوەکانی باشتر لە بیرەوەری و یادگەدا بمێننەوە. کاتێک دەینووسی، لە هەموو شتێک دادەبڕا، خۆی لەبیر دەکرد و چێژی لێ دەبینی. هەرچەند شێوازی نووسینی جوانتر دەبوو هێشتا هەر ئیرەیی بە بەهرەی نووسینی وەزیر دەبرد. ئاخر دەیزانی ئەمیر کەبیر بە وشەکانی جادووی دەخوڵقاند. لەو نامانەی کە لە وەزیرەوە بۆی دەهاتن، هەندێ جار وا هەستدەکرا لەبری ناوەڕۆک زیاتر بایەخ بە ڕستەسازی دراوە.

هەنووکە زیاتر لە بەترێک شەو[٦٠] ڕابردووە، بەڵێ نیوەی شەوە. شا کە لەم شەوانەی دووایيدا خراپ دەنوست، هێشتا هەر لەسەر پێخەفەکەی بێدار بوو، سەری بەسەر ڕۆژژمێرەکەیدا گرتبوو، تێیدا دەینووسی.

پەیکی وەزیر لەسەروبەندی هەمان کاتدا گەیشتە کۆشک. سەردەستەی پاسەوانانیش یەکسەر گەورەنۆکەری ئاگادارکردەوە، بەڵکو پاشا لەخەو هەڵستێنێ. پەردەداریش بە نەرمی لە دەرکەی ژووری خەوی پاشای دا. کاتێک گوێی لە دەنگی دەرکە بوو، قەڵەمەکەی دانا و گوتی: "ئەوە کێیە؟"

کابراش وەڵامیدایەوە: "خاوەن پایە، تەتەرێک لە باشوورەوە هاتووە و پەیامێکی گرنگی بۆ هێناوی."

لەو تاریکییەدا شا بە دوای چاکەتی شەویدا گەڕا: "دەی بابێتە هۆڵەکە، ئێستا ئێمەش دێین."

پەردەداری بابنۆکەر مۆمەکانی هۆڵی مینابەندەکەی هەڵکردن.

"سوپاس بۆ خوا، دیارە ئەوە مایەی خۆشبەختیمە ئەمجارە هەواڵێکی خۆش بە شا ڕادەگەیەنم." بەدەم ئەم قسەیەوە کابرای تەتەر زەرفێکی لەبن جلەکانی دەرهێنا و ڕادەستی پاشای کرد.

---

[٦٠] بەترێک لە شەو ڕابردووە: دەربڕینێکە زیاتر لە بەیت و حەکایەتە کۆنەکاندا هاتووە، واتە بەشێکی زۆر لە شەو تێپەڕیوە.

پاشـــا یەک دوو هەنگاو بەرەو لای چرای ســـەر زۆپاکە ڕۆیشـــت، زەرفەکەی هەڵپچڕی و نـامەکەی لێککردەوە. لەبەر تیشـــکی چراکە خەندەیەکی گەورە پەڕیە ســـەر دەموچاوی، ســـێبەرەکەشـــی باشـــتر سـەلماندی. لە دڵخۆشـییان ویسـتی پاداشـتی پەیکەکە بکا، بەڵام خۆ ئەو هیچ دراوی زێڕینی لە بەرکی چاکەتەکەیدا نەبوون. شـتێکی شـایستەش نەبوو ئەو پیاوەی سەدان کیلۆمەتری بێ پشوودان بەسواری ئەسپەکەی بڕیوە، بە دەسـتی بەتاڵ بگەڕێنێتەوە. جارێکی دیکە لە گیرفانەکانی گەڕا، لێ هیچ دراوی تێدا نەدۆزینەوە. ئینجا قاپقاپە شـــاهانەییەکەی داکەند و دایەدەســـتی پەیکەکە، ئەو کابرایەش لەبەر شـــەکەتی و ماندووبوون بە ئاستەم خۆی لەسەر لاقەکانی ڕادەگرت: "ئەمەیان بۆ تۆ، فەرموو بیبە!"
کـابرای تەتەر کە پـارەی لە حیســـابی خۆی دانـابوو، نەیـدەزانی چ کاردانەوەیەکی لە بەرانبەر پاشادا هەبێ.
ئیجا پەیکەکە قاپقاپەکانی لێوەرگرتن و ماچی کردن، لەبن هەنگڵی دانان و بە دوودڵیش لە شوێنی خۆی وەستابوو، چاوەڕێی پارەوپوولی دەکرد.
ئینجا پاشا زەنگەکەی لێدا.
شـا گوتی: "پەردەدار، وەرە ئەو پیاوە بەسـتەزمانە لەگەڵ خۆت ببە، ئەو ماندووە، خواردنی بدەرێ و شوێنێکی حەوانەوەی بۆدابین بکە تا پشوو بدا. بەیانیش سێ دراوی زێڕی خۆی لە ئێمە وەردەگرێ."
پەیکەکە ویســتی دەســتەکانی پاشـــا ماچ بکا، بەڵام شـــا دەرفەتی پێنەدا. پەردەدارەکەش چووە بن باڵی پیاوەکە و لە هۆڵەکەی بردەدەر.

پاشـــا لە کەیفخۆشـــی پەیامەکە خەوی لێزڕا. جارێکی دیکە نامەکەی وەزیری خوێندەوە. ئەو ڕزگاری بوو، ئیدی پێویســـت نەبوو چی دی شـــەرم لە جەنگە دۆڕاوەکەی بکاتەوە. دەســـتی دایەوە ڕۆژژمێرەکەی،

نووسی: "خوا لەگەڵ ئێمەدایە، هەرگیز خوا دەستبەرداری ئێمە نەبووە. خوا ئێمەی ڕزگار کرد. ئێستا نیوەی شەوە و لە بەختەوەریدا خەوم لێناکەوێ. ئێمە نازانین ئاخۆ ئەو بریتانییە فێڵبازانە لە باشووری وڵاتماندا بە دوای چیدا دەگەڕێن. وەزیر دەڵێ بە دوای کانیی زێڕوزیودا دەگەڕێن. باشە کانی ژێرزەمینی لە شوێنێک هەیە، کە خۆر کردوویەتیە دۆزەخ و هەموو شتێکی سووتاندووە. هەمیشە خوا لای ئێمەی گرتووە، ئەو ڕێنیشاندەرمانە.
ئێمە جەنگەکەمان نەدۆڕاندووە، لەوەش زیاتر لەوێ لە ڕێی گومرگەوە پارەیەکی زۆرمان دەستدەکەوێ.
ئێمە، پاشای ئێران بەو وشانە ئەوە ڕادەگەیەنین کە لاپەڕەیەکی سپی لە مێژووی وڵاتەکەمان هەڵدەدەینەوە."
هەرچەندە لەنیوەی شەویش داین، لێ ئێمە دیسان هەست بە باشیی خۆمان دەکەین، مجێزم لە ناشتایەکی چەور هەیە."
شا ڕۆژژمێرەکەی شاردەوە. پێویستیشی بەوە بوو شادمانییەکەی لەگەڵ کەسێکدا بەش بکا، بەڵام لەگەڵ کێ؟ سەرەتا ویستی بەرەو کۆشکی دایکی بڕوا، بەڵام خۆ ئەو پاشایە، بۆیە دەبێ دان بەخۆدا بگرێ و تا بەیانی بوەستێ. بیری لە ڕاوێژکارەکەی، لە شێخ ئاغاسیش کردەوە، لێ هەر زوو ئەو بیرۆکەشی بەلاوەنا دوای ئەوان تەنیا یەک کەس لە مێشکیدا مابووەوە، ئەو کەسەی هەر وەک ئەو بەو پێشهاتانەی وڵات دڵخۆش دەبێ، ئەویش کیژە هەرە خۆشەویستەکەی، تاج سوڵتان بوو.

چرای ژوورە بچووکەکەی شوێنی حەوانەوەی تاج کوژابووەوە، بەڵام یەک مۆم لەپشت پەنجەرەکەی داگیرسابوو. بە نەرمی لە دەرکەی دا. پیرەژنە خزمەتکارەکە، دەیزانی هەر پاشا بەو درەنگانەی شەو لە دەرگا

دەدا، مۆمێکی هەڵگرت، هەر بۆ دڵنیاییش لە کونی شمشێرەی دەرگاوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، ئینجا دەرکەی کردەوە.
پاشا بە بێدەنگی و لەسەر پەنجەی پێیەکانی چووە ژووری نوستنی کیژەکەی. "تاج، هێشتا هەر نووستوی؟ ئێمە لێرەین، پاشا، باوکت لێرەیە."
کیژۆڵەکەش لەبن لێفەدا وەک ژنێکی گەنج دەهاتە پێشچاو، لە خەوەکەی خۆی وەرسووڕاندە سەر لاتەنیشتەکەی دیکەوە. بە دەستێک لاچکی لێفەکەی زیاتر بۆ سەر شانەکانی ڕاکێشا و کڕ لێیخەوتەوە.
"تاج، دەی هەڵسەوە، ئێمە هەواڵێکی خۆشمان پێیە. پاشا دڵخۆشە، زۆر بەکەیفە."
کیژۆڵەکە چاوی کردنەوە: "شتێک قەوماوە؟"
ئەویش بە سرتەوە گوتی: "هەواڵی خۆش. ئینگلستان بەندەرەکەیان جێهێشتووە. ئەوان دەیانەوێ سەروسەودامان لەگەڵدا بکەن."
کچەکە باوەشی بە شادا کرد و سەری ماچ کرد.
کچەکە بەدەم ئەم قسەیەوە: "باوکە، بۆ تۆ زۆر کەیفخۆشم." لەسەر جێگەکەی خۆی قیت بووەوە.
"هەڵمەستە، هەر پاڵکەوە. دەمەوێ وەها قسەت لەگەڵ بکەم." پاشاش بە دەم ئەم قسەیەوە دانەویە ئاستی پێخەفەکەی. "گوێبگرە، لە هەرات من زۆر غەمبار بووم، چونکە هیچ جێنشینێکم نەبوو. خۆ ئەگەر لەوێ کەسێک منی کوشتبا، ئەوا کوڕێک، هیچ کەسێکی خوێنی خۆم نەبوو بە شوێن پێی مندا بێ. پێویستە ئێمە بە زووترین کات پیاوێک بۆ تۆ بدۆزینەوە."
تاجیش پێیگوتەوە: "بەڵام، بەڵام باوکە، من ئەوەم ناوێ. هێشتا زۆر زووە بۆ من."
"قسەی هیچ." پاشا بەمجۆرە وەڵامیدایەوە: "سەدان جار پێمان گوتی، دایکت هەر ڕێک لە تەمەنی تۆدا بوو، کاتێ بە تۆوە دووگیان بوو."

"من لەوم پرسی. دایکم ڕێک لەو تەمەنەی ئێستای مندا نەبووە کاتێ مارەت کرد."
پاشا دەستی دایە سەرینێک لەسەر مافوورێک لێی ڕاکشا، ئینجا گوتی:
"من لێرە هەندێک ڕادەکشێم، دەمودەست هەستم بە شەکەتی کرد، لەو دوایانەدا خەوم زۆر خراپ بووە."
"باوکە، «من کتێبی ڕووسی و فرەنسی و ئینگلیزی دەخوێنمەوە، لەو وڵاتانەدا کچان لەو تەمەنەدا بە شوو نادرێن."
"ئەو چیرۆکانەی تۆ خوێندنتەوە، چیرۆکی هەڵبەستراون، باوکی ئەو کچانەی تۆ لەکتێبەکاندا بەسەریاندا ڕۆیشتووی، پاشا نەبوون. من پاشام. خۆ ئەگەر من مردم، ئەوا کوڕانی ژنەکانی دیکەم لەسەر تاجەکەم وەک سەگی هار تێکبەردەبن. ئەوان وڵاتەکە وەک مامزێک هەلابەهەلا دەکەن، بیر لەوەی پێمگوتی بکەرەوە."
تاجیش بە پاڕانەوە: "باوکە، لێت تێدەگەم، بەڵام خۆ دەبێ جارێ بوەستی تا هەندێک گەورەتر دەبم."
پاشاش ڕاستەوڕاست سەیری ناو چاوی کرد و بە چرپەوە گوتی: "ئێمە دوژمنمان هەن، متمانەم بەکەس نییە، متمانەم نە بە دایکت، نە بە داپیرەت، نە بە باپیرەت و نەبە وەزیریش، بە کەسیان نییە. تۆ تاقەکەسی کە متمانەی تەواوم پێت هەبێ. گوێت لێمە؟ هەمووان دەیانەوێ من بگلێم، کۆتاییم بێ، ئەو کاتە زۆرەشمان لەبەردەستدا نەماوە."
ئەو سەیرێکی دەرکەی کرد ئاخۆ پیرەژنە قەرەواشەکە لەوێ ماوە. کاتێکیش دڵنیابوو ئەوان هەر خۆیانن، ئینجا پێیگوت: "گوێبگرە، وەزیر دەیەوێ تەختمان بڕووخێنێ. من بەڵگەم هەیە، بەڵگەنامە دەدوێ، ئێمە دەرفەتێکی باشمان پێدا، ئەو لە لایەن گەلەوە خۆشەویستە. بەڵام لە پاشملە خەریکی پیلانی ڕەشە لە دژی ئێمە. ئەو نازانێ ئێمە پێی دەزانین. ئێمە جارێ ڕێگەی دەدەین دانوستان لەگەڵ ئینگلستان و ڕووسیادا بکا،

پاشـــان که کاتی خۆی هات، بێ هەســـتوخوســـت وەک دووپشـــکێکی ژەهراوی پێیەکی لەسەر سەر دادەنێین و دەیفلیقێنینەوە."

"باوکە ئەوە تۆ چی دەڵێی، من بڕوا بەو شـــتانە ناکەم. وەزیر پیاوێکی زۆر نایابە. من زۆر کەیفم پێ دێ. چۆن دڵت دێ ئەو بە..."

"من بەڵگەی ســـەلمێنەرم لەبەردەســـتە. تۆ هێشـــتا گەنجی، تۆ دەبێ ئەو شـــتانە فێر ببی. لێ زۆر نابات دەبێتە دایکی جێنشـــینەکەمان، تۆ دەبێ لەکاتی خۆیدا زەبری خۆت بوەشـــێنی، دەنا نۆرەی خۆت دێ. ئەوەی ئێستا پێویستمان پێی هەبێ تەنیا شازادەیەکی جێگرەوەیە."

تاج بە خەمەوە پرسی: "باوکە، بە نیازی بمدەیتە کێ؟"

"دەتدەمە پیاوێکی هۆزەکەمان."

"چۆن پیاوێکی وەها دەبینیتەوە؟"

"مشـــووری دەخۆین. ئێمە خەونمـــان بینیوە، تۆ کوڕێـــک بە ئێمە دەبەخشی."شا دوای ئەم قسەیە لە شوێنی خۆی ڕاکشایەوە.

"باوکە، زگم هێشتا زۆر بچکۆلەیە، دەترسم نەتوانم هیچ کوڕم ببێ."

شا نەیویست گوێی لەو قسانە بێ. چاوەکانی داخستن و نوست.

بە بێدەنگی قەرەواشـە پیرەکە هاتەژوور. پەتۆیەکی بەسـەر پاشـادا دا و تاجیشی لەگەڵ خۆی بردە ژوورەکەی خۆی تا لەوێ بخەوێ.

٣٤

بڕوانامەکان

وەزیر سـێ لە ڕاوێژکارە لاوەکانی لەگەڵ خۆی بردبوون. ئەمیر یەکێک بوو لەوان. بریتانییەکان داوایان کرد، دانوستانەکان لەسەر پشتی یەکێ لە کەشتییە جەنگییەکانی ئەواندا بێ، چونکە لەوێ هەموو ئامادەکارییەکانی دانوستانی تێدایە. وەها لێکدەدرایەوە گەشتیگەلە پڕ لە شکۆکەی ئینگلیز، باندۆری خۆی لەسە نێردەی ئێرانییەکانەوە دابنێ. وەزیریش لای خۆیەوە ئەو خستەڕووی بریتانییەکانی ڕەتکردەوە، لەبری ئەوە بریتانییەکانی بۆ شوێنێک بانگهێشت کرد، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جێگەی حەوانەوەی کۆرش، داریوش، ئەسکەندەری گەورە و جەنگیزخان بووە، لە میانەی کاروانی جەنگاوەرانەی خۆیان، لەوێدا ماونەتەوە.

شوێنەکەش یەکێ لە قەڵا کۆنینەکانی وڵات بوو، لەسەر گردێکی نزیک دەریا هەڵکەوتبوو. ڕاستە ئەم قەڵایە جێ حەوانەوەیەکی خۆش نەبوو،

لێ مرۆ لەناویدا هەســـتی بە شـــكۆی دیرۆک و گیانی دەســـەلاتدارە دێرینەكان دەكرد. لەســـەر قوللەكانی قەلاكەشـــدا دیمەنی بەرفراوانی كەنداوی فارسی لێوە دیار بوو.
لەســەر دیواری بەردینی قەلاكەوە نیشـانەنمای جەنگ و جیهانگیرەكانی ســـەردەمی خۆی لەســـەر هەلكەنرابوو. لەوێدا تابلۆیەكی دانســـقەی ئەســكەندەری گەورە هەبوو، ئەو كاتەی بەخۆی و ســوپاكەی بەســەر هیندســتانی دادابوو، لەپشــت ســەریشــیەوە هەورێک لە دووكەل هەبوو، ئەو دووكەلەی لە كۆشـــكە ئێرانییەكـانەوە دەهـات، ئەوانەی ئـاگری تێبەردابوون. هەروەها تابلۆیەكی ســەرنجڕاكێشــی دیكەش هەبوو، تێیدا جەنگیزخان دەبینرا، تەماشـای ڕۆژئاوای دەكرد، لەكاتێكدا لە پاشـخانیدا خاكی ڕۆژهەلاتی دەستبەسەرداگیراو وێنەی كێشرابوو.
خۆی ئەوە شـتێكی ئاسـایی بوو، كە هەموو ئەو شـوێنەوارە مێژوویەی دەسەلاتدارانی ڕابردوو لە لایەن دەسەلاتداری نوێوە تێكوپێک درابن، لێ ئەوەی لەو قەلایەدا مـابووەوە، بەهۆی پەرجوویەكەوە هێلرابوونەوە و دەســتیان لێنەدرابوو. ئەوان قەلا و دیمەنی تابلۆكانیان لە شــوێنی خۆی بێ دەستكاری هێلابوونەوە.
وەزیر ئاگادار بوو لەوەی ڕەوڕەوە ســـەرنجڕاكێشـــەكەی شــۆڕشـــی پیشـــەســـازی لە ڕێی كەنداوی فارســـییەوە هاتۆتە نیشـــتمانەكەی و گەڕانەوەشـــی بۆ نییە. ئەویش دەیەویســـت شــوێنەواری ئەو ڕووداوانە وەک ئەوانی دی لەسەر بەرد جێبهێلێ.
وەزیر لەگەل ســێ ڕاوێژكارەكەی بە ســواری ئەســپ گەیشــتە ســەر كەناراوەكە. ڕەتیان كردەوە جلەوی ئەسـپەكانیان بدەنە دەسـت عەرفێكی بریتانی. ئەوان هەر بەسەر پشتی ئەسپەكانیانەوە بەسەر گردەكە كەوتن. كاتێكیش گەیشـتە قەلایەكە، ئەو ئەفســـەرە بریتانییەی بۆ پێشــوازییان هاتبوو، پشـــتگوێیان خســـت. ئەوان هەر بە خۆیان ئەســـپەكانیان بردە

تەویلە و ئالیک و ئاویان بۆ دانان. ئینجا بە پێ ڕۆیشـتنە بن ئەو خێوەتە دانراوەکە و لە سـەر مێزی دانوسـتاندن دانیشـتن. وەزیر هەسـتی بە فشاری سەر خۆی کرد.

بۆ خۆدڵنیاکردنەوەش لەنێو کتێبە پیرۆزەکەدا ئەم ئایەتانەی خوێندنەوە؛

من ناوی تۆ دووبارە دەکەمەوە.

تۆ کە هەموو شـتێکت ئافەریدە کردووە و جڵەوی هەموو شـتێکت لە دەست دایە.

تۆ ئەوەی بەخت دیاری دەکەی و ڕێگا نیشان دەدەی.

تۆ ئەوەی ئاو بە خوڕ دەبارێنی.

تۆی زەوی وا لێدەکەی بتەقێ و بکرێتەوە.

تۆ ئەوکەسەی گەنم لەسەر ڕووی خاکدا دەڕوێنی.

سەوزە و دارزەیتون، دارخورما و باخی ڕەنگین، میوە و گیا.

ئەلف لام میم

ئەلف لام میم.

ئەلف لام میم.

نوێژ بۆ تۆ دەکەم هەر بەتەنیاش هانا بۆ تۆ دەبەم.

تۆش بمخەرە سەر ڕێگەی ڕاست.

ڕێگەی ئەو کەسـانەی کە ڕێنیشـاندەریان بووی، نەوەک ئەوانەی گومڕا بوون تۆ خۆشت نەویستن.

ئەزموونی وەزیر لە ڕۆژە سـەرەتاییەکانی دانوسـتاندندا وەک کەسـێک وابوو سـووکـایەتی پێبکرێ. نێردەی بریتـانی وەک کەسـانی زاڵ دەجووڵانەوە، ئەمەش زۆر سـەخت بوو بە وەزیر بفرۆشـرێتەوە. هەموو ڕۆژێک دوای کۆتایی هاتنی دانیشـتنەکان دانوسـاندکارە بریتانییەکان دەگەڕانەوە نێو کەشـتییەکەیان تا نانی خۆیان بخۆن و پشـووبدەن و برازێن و خۆیـان بۆ ڕۆژی پـاشـتر ئـامـادە بکەن. هەرچی وەزیر و

ڕاوێژکارەکانیشـــی بوون هەر لە قەلایەکە لە نێو خێوەتێکدا دەمانەوە. دوای سـێ هەفتە لە دانوسـتاندنی سـەخت و دژواردا ئەم پێشـنیازانەی خوارەوە خرانە سەر مێز:

- بریتانیا کەشـــتییە جەنگییەکانی خۆی لە کەنداوی فارســـی بکێشێتەوە.
- دەکرێ ئینگلســـتان بەنـدەرەکـانی کەنـداوی فـارســـی بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ هیندستاندا بەکاربهێنێ.
- فرەنسـییەکان سـوپای ئێرانی جێبهێڵن و ئەفسـەرە بریتانییەکان بۆ دارشتنەوە و چاکسازیی سوپا جێگەیان بگرنەوە.
- گرێبەســـت لەگەڵ فرەنســـییەکان لەبارەی کانزاکانەوە کۆتایی پێبهێنرێ و بریتانییەکان قەرەبووی فرەنسییەکان لەو بوارەدا بکەنەوە.
- بریتـانییەکـان لە مـاوەی پەنجـا ســـاڵی ئـایندەدا بەنـدەرەکەی باشووریان پێبدرێ بە مافەکانی گومرگیشەوە، بەلام هێشتا گومرگەکەی لەژێر سەرپەرشتیی ئێرانییەکاندا بمێنێتەوە. ئینگلستان دوای لێدەرکردنی تێچوونی دامودەزگاکانی بەندەرەکە، برە پارەیەکی مانگانە بداتە دەوڵەتی ئێران.
- بریتـانییەکـان ڕێگەیـان پێبـدرێ لە ســـەرتـاپـای پـارێزگـاکـانی باشـــووری وڵات بەدوای کانی ژێرزەمینیەکاندا بگەڕێن و دامودەزگای پێویستی بۆ دابمەزرێنن.
- ڕێژەی ٧٥٪ی بەرهەمی دەرهاتوو بۆ ئینگلســتان و باقی ڕێژەی بیست و پێنجەکەش بۆ ئێران.
- هەرات لەســـەر کـاغەز هەر بەشـــێک دەبێ لە ئێران، بەلام بەڕێوەبردنی شارەکە دەدرێتە دەستی بریتانییەکان.

- ئینگلستان هێڵیکی تێلێگراف بۆ بەکارهێنانی خۆی بۆ هیندستان بەناو وڵاتدا ڕادەکێشی و مۆنۆپۆلییەکەشی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەبن دەستی خۆیاندا دەبێ.
- ئینگلستان هێڵی ئاسنین لە کەنداوی فارسییەوە تا سەر سنووری هیندستان ڕادەکێشێ و مۆنۆپۆلییەکەشی بۆ پەنجا ساڵ لەبن دەستی خۆیاندا دەبێ.

ڕێککەوتننامەکە، سەرکەوتن نەبوو. وەزیر هەوڵێکی زۆر سەختی دا تا دوو داخوازیی خۆی تێدا جێبکاتەوە، پێشتر بەریتانییەکان بەلایەناوە نابوو.
وەزیر لە شوێنی خۆی هەڵسا. "کەواتە ئیمە نایکەین. خۆ ئەگەر ئێمە بەو ڕێککەوتنە بچینەوە ماڵێ، هەر ژنەکانمان پێمان پێدەکەنن."
داوای کرد ئەم بڕگانەی خوارەوە لە ڕێککەوتننامەی ئاشتییەکەدا جێگیر بکرێن:
- ئینگلستان تۆڕێکی تێلێگراف بۆ ئێران ڕابچینێ، تاران بە تەواوی شارە گەورەکانی وڵاتەوە ببەستێتەوە.
- ئینگلستان هیچ کارمەندێکی هیندی دانەمەزرێنێ، بەڵکو کارمەندی ئێرانی لەو سەدان نووسینگەی تێلێگرافانە دابمەزرێنێ.

سەرۆکی نێردەی بریتانی تووڕە بوو، خۆی پێ نەگیرا تا بەتەوسەوە بە ئەم قسەیە بە نێردەی ئێرانی نەڵێت: "ئاخر لەم وڵاتەدا جارێ هیچ کەس وشەی تێلێگرافی نەبیستووە، چۆن دەتوانن لە نووسینگەکانیدا کاربکەن؟"
وەزیریش وەها وەڵامیدایەوە: "ئەوان خێرا فێر دەبن."
دانوستان بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵپەسێردرا و خواستەکانی وەزیر بۆ لەندەن نێردران.

لە پاش هەفتەیەکدا لەندەن پێشنیازەکەی بەم شێوەیە هەموار کردەوە:

- ئینگلســـتان تۆڕی تێلیگراف بۆ ئێران ڕابکێشـــی بە مەرجێک تەواوی مافە گومرگییەکانی بەندەرەکانی کەنداوی فارسی بۆ ماوەی نیو سەدە لەبن دەستی بریتانیادا بێ.

ئەمەش داخوازییەکی نیشـتمانییانەی هەسـتیار بوو، بەڵام وەزیر دوای وتووێژێکی دوورودرێژ لەگەڵ ڕاوێژکارە لاوەکانیدا ڕێککەوت. ئاخر وڵاتەکە لە باریدا نەبوو ئەو بەندەرە کۆنانە نۆژەن بکاتەوە. خۆ ئەگەر کەشـــتییەکانی بریتانیا بیانەوێ ئەو بەندەرانە بەکاربهێنن، هەر دەبێ خۆیان مشـــووری ئەوە بخۆن نوێیان بکەنەوە و لەگەڵ کەشـتییەکانیان بیگونجێنن. ســـەرباری ئەوەش کەســـیش نازانێ ئاخۆ ئایندە چی لەبن ســـەردا دەبێ. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژانیش بریتانییەکان لەوێ بڕۆن، خۆ ناتوانن بەندەرەکان لەگەڵ خۆیان بگوازنەوە ئینگلســـتان. باڵەخانە و دامودەزگاکان لە شوێنی خۆیان بۆ نیشتمان دەمێننەوە.

بریتانیەکان پێیان وابوو ڕێککەوتنەکە لە ئانوســـاتی مۆرکردن دایە، لێ وەزیر دیسان لەسەر مێزی دانوستاندن داوایەکی دیکەی هێنایە پێشەوە:

- ئینگلسـتان بەو مەرجە هێڵی ئاسـنین لە کەنداوی فارسـییەوە بۆ سەر سنووری هیندستان ڕابچێنێ، کە لە هەمان کاتیشدا هێڵی ئاسنینی نیشتمانیش بۆ ئێران لێبدا.

دیســـان وەزیر هەمووانی ســـەرســـام کردەوە، تەنانەت ڕاوێژکارەکانی خۆیشـــی، چونکە ئەمە خەونێکی ناواقیعی و نەکردە بوو، کەس زاتی نەکرد هەر بیریشی لێبکاتەوە.

بریتانییەکانیش هەســـتیان کرد ئەگەر هات و پەســـەندی نەکەن، دەکرێ ڕوسەکان تۆڕی تەلێگراف و هێڵی ئاسنینی ناوخۆ لە ئەستۆ بگرن. دوای

ڕۆژێکی دیکەی پڕ لە وتوویژ و تاوتوێکردنی چڕوخەست، پرسەکەیان بەم بڕگەیەی خوارەوە چارەسەر کرد:

- ئەگەر ئینگلستان هەر کاتێک دەستی بە لێدانی هێڵی ئاسنین لە کەنداوی فارسییەوە تا سەرسنووری هیندستان کرد، ئەوا ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینی نیشتمانیش بۆ ئێران بەهەند هەڵبگرێ.

لە کۆتاییدا ڕێککەوتننامەکە مۆرکرا و هەفتەیەکیشی خایاند تا بڕوانامەکان لەگەڵ پەیکێکدا بگەنە تاران. پاشاش بەنابەدڵی کاغەزەکانی واژۆکرد و مۆری خۆی لەسەر دانا.

دوای ئەوەی وەزیر و سەردەستەی نێردەی بریتانی بڕوانامەی ڕێککەوتننامەکەیان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ کرد و تەوقەیان لەگەڵ یەک کرد، ئیدی هەموو کەشتیەکانی بریتانیا فیکەی خۆیان لێدا.

ئەمەش هەستوسۆزی وەزیری بزواند، بەڵام ڕکێفی خۆی گرت و لێنەگەڕا فرمێسکی شادمانی لەچاو بێنەخوار. فاک و فیکەی کەشتیەکان گەلیان لە خەوی غەفڵەتی هەزار ساڵە ڕاچڵەکاند. لە هزری وەزیردا پەیامەکان خێرا بە ڕێگەی هێڵی تیلێگرافدا بەسەرتاسەری نیشتمان بڵاودەبوونەوە، قیتارەکانیش لەمسەر بۆ ئەوسەری وڵات لە جرت و فرتدا بوون. ئێستاش لەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە لە قەڵا کۆنەکەدا بینیان چۆن کەشتییە جەنگییەکانی بریتانی کەنداوی فارسی جێدەهێڵن.

ئینجا وەزیر وەهای بە ڕاوێژکارەکانی گوت: "لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووومان دەنووسرێتەوە."

٣٥
فەخری

هەر لەوکاتەی ئەسکەندەری گەورە بەلەمەکانی دەوڵەتی ئێرانی سووتاند، ئیدی ئەم وڵاتەدا لەباریدا نەما کەشـــتیکەلی خۆی نۆژەن بکاتەوە. هەر بۆیە خەڵکەکە بایەخی کەنداوی فارســیان نەدەزانی و ڕۆژانە بۆ هەرات و بۆ ئەفغانستان بەخەم بوون.
ئەگەر هاتبا و باســـی ئەفغانســـتانیان هێنابایە گۆڕێ، بە دڵگەرمییەوە لەبارەیەوە دەدوان، ئاخر چەند شـــاعیری گەورە خەڵکی ئەوێ بوون، هەروەها سـەربردەی چەند داسـتانی پاڵەوانێتیش لە نێو کتێبی شـانامەدا لەوێ ڕوویاندابوو. هەر بۆیە هیچ کەس ئەوەی بۆ قووت نەدەدرا ئەوێ ســـەر بە نیشـــتمان نییە. خۆ هێچیش لە مەزنایەتیی ڕۆژگاری بەرێ نەمابووەوە، لێ هێشا لە نێو خەڵکدا هەر مابوو.
لەهەمان کاتیشـــدا زۆر لە کوڕوکاڵی ماڵباتە دەوڵەمەندەکان و گەورە بازرگانان بەرەو ئیســـتانبول باریان کردبوو، لەوێ بە شـــێوەیەکی سـەرسـامانە بووبوونە گەواهیدەر بەسـەر جیهانێکی دیکە. ئاخر شـارەکە وەک پردێکی نێوان ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتی لێهـات. لەوێوە یەکەمین

داهێنانەکانی ڕۆژئاوا، هەروەک تێلێگراف و قیتار و چرای ڕوناکی لە لایەن ڕۆژهەڵاتییەکانەوە بەکاردەهێنرا.
ئەوە نوێیەکە ئەوەیان بینی چۆن باکۆ و بۆمبای گۆڕانکاری زۆر بەرچاویان بەخۆیەوە بینی و کەچی تاران هێشتا هەروەک گوندێکی گەورە ماوەتەوە. هیچ پاشایەک حەرەمسەرای نەمابوو، کەچی حەرەمسەراکەی پاشای ئێران تادەهات گەورەتر دەبوو. بەردەوام ژنی نوێی بۆ زیاد دەکرا.
بیروهزری بزووتنەوەی بەرگریی ڕوسیش وردە وردە گەیشتە شارەکانی وەک تەورێز، ڕەشت، تاران و ئیسفەهان. ڕۆشنبیرە لاوەکانی ئەو شارانە زۆرتر لە جاران لەگەڵ یەک کۆدەبوونەوە و باسیان لە ئایندەی وڵاتەکەیان دەکرد. دەنگی ناڕەزایەتی بەو دەنگانەی لە مۆسکۆ بەرز بووبوونەوە بەراورد دەکران.
لەگەڵ بە پیشەسازیکردنی وڵات جووڵەی بەرگریی ڕوسی بەرفرەوانتر دەبوو، بزووتنەوەی بەرگریی ڕوسی توانییان کرێکارەکانی وڵات لە دژی قڕاڵ جۆشبدەن و بجوڵێنن. لە تاران و ئیسفەهانیشدا هێشتا گرووپەکانی بەرگری، کەسێک نەبوو دژی بوەستنەوە. ئاخر خەڵکەکە نەخوێندەوار بوو، وەهاشیان دەزانی پاشا نوێنەری خودایە لەسەر زەوی. ئەوەیان لە مێشکدا نەبوو لە دژی ئەودا بوەستنەوە.
پاشا هەروەک وەزیر بەدوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتە دراوسێکاندا دەڕۆیشت. هەستی بە مەترسی و شیاربوونەوەی گەل دەکرد. ئەوەشی دەزانی هەموو چاوەکان لەسەر وەزیرن.
دوژمنەکانی وەزیر، ئەویان بە ناپاکیکردن لە نیشتمان تاوانباردەکرد. ڕاوێژکارەکانی وەزیریش تێکۆشان خەڵکەکە بێنە سەر ئەو بڕوایە، لە ڕێی ڕێککەوتنامەی ئاشتییەوە وڵات ڕۆڵێکی گەورە لە جیهاندا وازی دەکا.

پاشــا نەیدەزانی بەدوای کێدا بڕوا. تا دەهات لەوە بەئاگادەهاتەوە هێز و دەســەڵاتەکەی چەند لە پاشــەکشــەدایە. زوو زوو ســەردانی لادێکانی دەوروبەری پایتەختی دەکردن تا زیاتر خۆی نیشانی گەل بدا، بەڵام ئەم سەردانانە کاریگەرییەکی کەمیان هەبوو.

لەو نێوەشدا و دوای ڕێککەوتننامەکەی وەزیر لەگەڵ ئینگلستان، لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ تاران لە شــارێکەوە بۆ شــارێکی دیکە، وەک کەســێکی ناودار خۆی دەنواند. لە دەروازەی شــارەکانەوە بە هەزاران کەس بە دەهۆڵ و زوڕنا، بە ئاڵا و دەست بۆ هەڵوەشاندن پێشوازییان لێدەکرد و وەک قوربانیی مانگا و وشــتریان لەبەر پێدا ســەردەبڕی. هەر لە خۆوە خەڵک خورما و قەندی بە شــەقامەکاندا دەبەشــیەوە و گەورەبازرگان و دوکـانـدارەکـانیش خێوەتیـان لە گۆڕەپـانی بـازاڕ هەڵـدەدا و خوانیـان دەڕازاندەوە و هەموو ڕێبوارێکیان بۆ خواردن بانگهێشـــت دەکرد. لە ئیسفەهانیش، لەو شارەی وەزیر بۆ یەک دوو ڕۆژ تێیدا مایەوە تا پشوو بدا، دانیشـتوانەکان لە دەروازەی شـار بەسـەر شـانانەوە تا ناوجەرگەی شار هەڵیان گرت.

دواجاریش گەیشـــتەوە تاران، دیاربوو هەموو شــارەکە بۆ پێشــوازیی هەڵســتابوو. منداڵان بەســەر دارودرەخت هەڵگەڕابوون، ژنانیش بەســەر بانان کەوتبوون. هەموو ڕێگاکە، هەر لە دەروازی شــارەوە تا گۆڕەپانی بازاڕ ســەدان مافور و ڕایەخ ڕاخرابوون. دەســتەی ســواران یاوەریی وەزیریان کر تا گەیاندیانە ڕەشـــماڵێکی گەورە لەناوجەرگەی بازاڕ، خەڵکەکەش گۆرانییان پێداهەڵدەدا و پەسنیان دەدا.

وەزیر بە هەســتێکی تێکەڵ لە دڵخۆشـــی و ترس خۆی دایە دەســـت گوڕدەمی[61] حەشــاماتی خەڵکەکە. گەورە بازرگانان باوەشـیان پێدا دەکرد

[61] گوڕدەم: ئاپۆرای خەڵک.

و پیرۆزبایی شەڕەکە و سەرکەوتنەکەیان لێدەکرد، کەچی وەزیر تێبینی ئەوەی کرد، هیچ کەسێک لە دەستوپێوەندەکانی کۆشک لەوێ ئامادە نەبوون.

دوکاندارەکان یارمەتیی وەزیریان دا تا بچێتە سەر کورسییەکی تایبەت بەو بۆنەیە، لەژێر دارێک لەسەر مافوورێکی گرانبەها دانرا بوو، ئیدی لە دەوری خڕبوونەوە. دەستبەجێ چای دەمکرا و کولیچەیان بۆ هێنا و ئەویش بە گەرمی لەگەڵ دوکاندارە پرسنەکان کەوتە گفتوگۆ.

هەر بە خەندەوە پێیگوتن: "ئەوەی ئێمە کردمان بۆ ئێوەی خاوەنکار باشە. خۆتان ئامادە بکەن، دەستە جل و پێڵاوی نوێ بپۆشن. زۆری پێناچی پێویست دەکا بەرەو نووسینگەی تێلێگراف بڕۆن و هەواڵی کاسبیتان بگەیەنن یان بە قیتار لە شوێنێکەوە بۆ شێوێنیکی دیکە بچن."

هەمووان کەیفیان بەو هیوایە هات، کە لەسەر قسەکانی وەزیریان هەڵنا.

"من ئاگادارتان دەکەمەوە، لەمەوپاش چیدی لە ماڵەکانتان چرای پلیتەدرای ڕۆنی گەرچک ناسووتێنن. دەترسم ناچار بن هەموو ئەو ڕۆنەی لە ئەمبارەکاندا داتان کردووە[62]بیرێژن، ئاخر پلانی ئەوەمان دارشتووە کارەبا بهێنین. لەمەوپاش پێویست ناکات لە ماڵەکانمان مۆم دابگیرسێنین، بەڵکو گڵۆپی کارەبایی ماڵەکان ڕووناک دەکاتەوە."

ئەو پێکەنی و هەمووانیش بە دڵخۆشییەوە لەگەڵ ئەو پێکەنین.

لە دواییدا و ئێوارەدرەنگ وەزیر گەیشتەوە لای ماڵی خۆی، تا شەوەکە لەگەڵ ماڵ و منداڵی بباتەسەر. ماڵێکی گەورە لە گوندێکی بچکۆلانەی پەرگەی شار کە ناوی *ولنجک* بوو.

---

[61] داکردن: ئەمبارکردن، هەڵگرتن.

ماڵەکە شوێنی کارمەندی میری بوو، لە کۆنەوە هەر سەرووەزیری وڵات لێیدەژیا. ژنی وەزیر کیژی خانەوادەیەکی ناوداری هۆزەکەی خۆی بوو هی فەراهان، دوو کوڕ و سێ کچیشیان هەبوون.
وەزیر بۆ یەکەمین جار لە پاریسەوە دارتێلی تێلێگرافی بینیبوو، لە لەندەنیش بۆ یەکەمین جار قیتار و هێڵی ئاسنینی بینی.
هەمیشە لە وڵاتانی دەرەوەدا ژنان سەرنجیان ڕادەکێشا. ئەوانی لە قاوەخانە، لە شانۆکان و لە بازنەی سیاسییدا بینی، لەو شوێنانەی یاوەریی پیاوان بوون. ئیدی هەستی کرد چۆن ژنانی وڵاتەکەی لە چ ڕەوشێکی نایەکساندان، ڕاستی ئەمەش ئەوەبوو هیچ مافێکیان نەبوو.
لە مۆسکۆ چەند شەوێک لەگەڵ ژنانی ڕوسی سەری بە شوێنی خواردنەوەدا کردبوو، ئەوانیش وەک شازادەیەکی ئێرانی بایەخیان پێدابوو.
ئەو لە ژیانی خۆیدا زۆر ژنی ناسیبوون، بەڵام ئاسوودەیی خۆی هەر لای ژنەکەی، لای فەخری دەبینییەوە. زۆری خۆشدەویست و کاتێکیش بۆ شوێنێک دەچوو، غەریبی دەکرد. هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ لێی دووردەکەوتەوە بۆی دەنووسی. وشەکانی هۆنراوەکەشی زۆر تایبەتمەند بوون:
هەندێک جار هەستدەکەم بوومەتە پیرەدار
باڵندە لە فڕین دوای فڕین لەسەرم دەنیشنەوە
لێ من هەر تەنیا تۆم دەویست
تۆ بێیت و لەسەرم هەڵنیشیەوە،
هەر بۆ منیش بخوێنی.

دوای ماوەیەکی درێژ، وەزیر گەڕابووەوە ماڵێ. وێڕای پەسندنامەی خەڵک بۆ کردەوەکانی، کەچی هەستی بە خۆی دەکرد خەمبارە. شتێک

هەبوو دەرەقەتی نەدەهات. کاتێک پێینایە حەوشەی ماڵەکەی، هەستیکرد مێژوو خەریکە قووتی بدا. ئەوە بوو لە ئەسـپەکەی دابەزی، دەرکەی کردەوە و ئەسپەکەشی بردە تەویلە. لە حەوزی حەوشەی ماڵەوە دەست و چاوی شـوشـتن، لەکاتێکدا فەخری، ژنەکەی لەپشـت پەنجەرەوە تەماشـای دەکرد. بە هێواشـی بەرەو قەپەنگەکە هات. لە سـێبەرەکەیدا ئەوە دەبینرا دەشەلێ.

فەخری دەمودەست ئەوەی بینی، ئیدی بە چرای دەستیەوە هاتەدەر.

بەبێ دەنگی بۆ ماوەیەکی زۆر لە باوەشی گرت.

"فەخری، غەریبیم کردبووی. هەوڵدە لە ماڵ گلم دەیەوە، چیدی لێمەگەرێ بچمەوە دەرێ."

فەخرییش گریا.

ئینجا بە هەنسکەوە چرپاندییە گوێی: "دەی پیاوەکەم، وەرە ژوورێ."

ژنە بیسـتبووی هەموو دەسـتوپێوەندەکانی شـا ئەویان بە ناپاک لەقەڵەمدابوو، ئەو کەسـەی نیشـتمانی بە گیانە توورەکان فرۆشـتبوو. تا ئێستا بەو شێوەیە لە ژیانی مێردەکەی نەترسابوو. هەستێکی وەهای بۆ پەیدابوو، هەر باوەشپێکردنێکی دەکرێ دوایین باوەش بێ.

ئینجا فەخری خەمبارانە سـەیری دەرکەی حەوشـەی کرد و بە چرپەوە پێی گوت: "خۆشەویستەکەم فەرمو وەرە ژوورێ."

٣٦

لە کۆشکەکەدا

وەزیر هەر لە گوندی *ویلنجیک* مایەوە تا پاشا بە دوایدا بنێرێ، بەڵام بۆ مایەی دڵتەنگی ئەو هیچ خەبەرێک لە کۆشکەوە نەهات. کاتێکیش چاوەڕوانییەکە زۆری خایاند، بڕیاریدا خۆی دەستپێشخەری بکا و بچێتە کۆشک.

کاتێکیش چوو، پاشا لەوێ نەبوو. تەنانەت کابرای گەورە نۆکەریش، کە هەمیشە تووشی دەهات، لە هەچ کون و کەلەبەرێک دیار نەبوو. بە دوودڵییەوە پاڵی بە دەرکەی کۆشکەوە نا، کەچی بۆ مایەی سەرسامی، هیچ مۆمێک لەسەر تاقەکانی دانەگیرسابوون. ئینجا لە دەرکەی هۆڵی مینابەندەکەی دا و بە لەسەرخۆیی گوتی: "خاوەنشکۆ، منم وەزیر، من لێرەم."

هیچ وەڵامێک نەبوو.

ئەمجارەیان بە دەنگێکی بەرزتر بانگیکرد. "خاوەنشکۆ، ئەرێ ئێوە لێرەن؟" ئەوەی لە مێشکی خۆیدا هەڵسەنگاند ڕاستەوخۆ بێ پرس سەر بە ژوورەکەدا بکا، لێ هەر زوو ئەو بیرۆکەیەی بەلاوەنا و وەهای نەکرد. لە دەرەوە بانگی سەردەستەی پاسەوانانی کرد.

"ئەری ئەو خەڵکە بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟"
پیاوەکەش پێی گوتەوە: "مەبەستت چییە؟"
"هیچ کەس لێرە نیە، باشە پاشا لە کوێیە؟"
"هەر دەبێ خاوەنشکۆ لە کۆشک بێ."
وەزیر جارێکی دیکە چووەوە ژوور. بە ڕاڕەوە درێژەکەدا ڕۆیشت و بانگی گەورەنۆکەری کرد: "ئاغا موشیر!"
ویستی بچێتە ناندینەکە، بەڵام داخرابوو. پاشان دەرکەی هۆڵی مینابەندەکەی کردەوە. "خاوەنشکۆ، تۆ لێرەی؟ ئەری هەموو شتێک باشە؟"
هەر دەبێ وابێ، هەردەبێ پاشا شەوەکەی لە حەرەمسەرا بەسەربردبێ. هەربینا گەڕایەوە. وەزیر چووە سەر کورسییەک دانیشت و لاقی ڕاستەی لەبەر ئازار شێلا.
زۆری نەبرد گوێی لە دەنگەدەنگێک بوو لە پاشخانی کۆشکەکەوە هات، لەبەر غەڵبەغەڵبەکە لە شوێنی خۆی هەڵسا. دەنگەدەنگەکە هی ژنەکانی پاشا بوو، لە حەرەمسەراکەوە دەهات. هەر دەبێ شتێکی گرنگ قەومابێ، ئاخر پەنجەرەکان دەشکان و ژن و منداڵیش قیژە و هاتوهاواریان بوو، لە کۆتایی ڕارەوەکەدا هەر لە پشت دەرگا وەستا بوو. تۆ بڵێی لە درزی دەرگاوە تەماشا بکا بزانێ چی هەیە؟ یان وەها باشە بانگ بکا بەڵکو یەکێک بە پیر دەنگییەوە بێ؟ شتەکە لە سەرچڵی خاڵی نەبوو، خۆ ئەگەر شا ئەم شتە بە خۆتێهەڵقورتان لە کاروباری تایبەتی و کەسی لەقەڵەم بدا، لێکەوتەی باشی نابێ. ئەوە بوو لەپشت دەرکەکە وەستا و گوێی هەڵخست. ئەو هەر گوێی لە دەنگی ژن و منداڵ و لە خواجەباشی سەرداری حەرەمسەرا بوو.
وەزیر وەها لە دەنگ و هەرایەکە تێگەیشت، ژنان ویستوویانە لە حەرەمسەراکە بێنەدەر، بەڵام خواجەباشی و قەرەواشەکان لێنەدەگەڕان

و هەوڵیان دەدا هەر لە ژوورەکان بیانهێڵنەوە و دەرنەچن. پشێوییەکە لە دەست دەرچوو. ژنان هەر شتیان بە دەرکەی حەرەمسەراکەدا دەدا و خەریکی ئەوەبوو بیشکێنن. وەزیریش نەیدەتوانی چیدی لە تەماشا بمێنێتەوە. ئینجا دەرکەی نیوە کردەوە و بانگی کرد: "خانمان! ئەوە چی لە گۆڕێدایە؟"
لەبەر پاشاگەردانی هەراوبەزمەکە کەس گوێی لە بانگکردنەکە نەبوو.
"خانمان! ئەوە منم، وەزیرم. ڕێگەم بدەن بەڵکو یارمەتیتان بدەم."
دیسان کەس دەنگی ئەوی نەبیست. تۆ بڵێی ژنەکان لەبەر ئەوە ئەوەندە توورە و ئۆقرەیان لەبەر بڕاوە، شا شتێکی لێهاتووە؟ تۆ بڵێی مردبێ؟ تۆ بڵێی خواجەباشی بۆ ئەوە لێناگەڕێ ژنەکان بێنەدەر تا هەواڵێکی وەها سامناک بشارێتەوە و دزە نەکاتە دەرەوە؟
وەزیر نەیدەتوانی لەوە زیاتر دان بەخۆیدا بگرێ، بە دەستەکانی چاوەکانی خۆی داپۆشی و لێ وەنێو حەرەمسەراکە کەوت.
هەر دەڕۆیشت و هاواری دەکرد: "خانمان؟ پاشا لە کوێیە؟ ئەوە چی قەوماوە؟"
ئینجا بێدەنگیی باڵی بەسەردا کێشان. ژنان بە هاتنی لەناکاوی وەزیر سەریان سوڕما. ئاخر هەموویان بێ سەرپۆش بوون، ڕووبەندیان لە خۆیان نەدابوو، بۆیە بە تەواوی پەشۆکان.
خواجەباشی هاواری کرد: "دەی سەرتان داپۆشن!"
قەرەواشەکانی ژنانی حەرەمسەرا غاریان دا و لەچک و ڕووبەند و سەرپۆشیان هێنا و دایانە ژنەکان. کاتێکیش ژنەکان خۆیان داپۆشت، ئینجا وەزیر دەستی لە چاوی کردنەوە جارێکی دیکەش لێی پرسینەوە ئاخۆ چی بووەتە مایەی ئەو هەراوزەنایە.
ژنەکان دەستیان بە گریانێ کرد، هەروەک ئەوەی باوکیان یان کاکیان بینیبێ، کەسێک کە بتوانن دەردەدڵی لا هەڵڕێژن. پاشا و شاژنی دایک و

شـــازادەکان ڕقیان لە وەزیر دەبووەوە، بەڵام لای ژنەکانەوە کەســـێکی خۆشـــەویســـت بوو. ئەوان دەیانزانی ئەو ژنەکەی خۆی خۆش دەوێ و کاتێکیش دەچێتە سەفەر نامەی بۆ دەنووسێ. هەموویان سەرەتای یەکێ لە نامەکانی ئەویان لەبەر بوو، ئەو نامەیەی بەو شێوە دەستی پێدەکرد:

خۆشەویستەکەم،

هەمیشە کاتێک دێمەوە، لە ماڵ بە،

دەنا هەر بانگت دەکەم،

ژوور بە ژوور بە دواتدا دەگەڕێم تا دێیتەوە.

ژنێک بە هەنسکەوە گوتی: "هەمووان لێرە نەخۆشن، هەموو کەسێک لەو حەرەمسەرایەدا خەریکە بمرێ."

ژنێکی دیکە هەڵیدایێ: "دەرد، تاعون بەسەر ئەم حەرەمسەرایەدا زاڵە."

وەزیر پرسـی: "ئەوە تۆ دەڵێی چی؟" وەک ئەوەی هێشـتا بە باشـی گوێی لە وەڵامی ژنەکان نەبووبێ.

"تاعون لەم حەرەمسەرایەدا بڵاوبۆتەوە."

ئەویش بە بڕوانەکراوی گوتی: "بۆچی وا دەڵێی؟"

یەکێ لە ژنەکان هاواری کرد: "ئەمشـــەو ژنێک مرد، ئەو هێشـــتا هەر لە نێو پێخەفەکەی خۆی دایە."

ژنێکی دیکە قسەکەی لێ وەرگرتەوە: "دەردێک لەو شارەدا بڵاوبووەتەوە. تەنیا ئێمە نەبێ، دەنا هەمووان دەیزانن."

"ئەم قســـەیە وا نییە. من ئێســـتا لە شـــارەوە هاتووم، هیچ دەردێک لە گۆڕێدا نییە. هەر دەبێ ئێوە ترســـا بن. ئەمە ترســـە زەندەقی بردوون، لەوانەیە ئەو ژنەی نێو حەرەمسەرا بەر هۆکارێکی دیکەوە مردبێ."

"ئاخر زۆر ژنی دیکە نەخۆشـن، پاشـاش لێرە نەماوە. ئەو دایک و کچ و پشیلەکەی لەگەڵ خۆی برد وئێمەشی لێرە بۆ مردن بەجێهێشتووە."

وەزیر هێدمەی[٦٣]گرت. ئەو دووبەدوو لەگەڵ خواجەباشی دوا و تێگەیشت ئاخۆ چی بەسەر کۆشکەکەدا هاتووە. پێدەچوو پزیشکەکەی پاشا لە ژنە مردووەکەی حەرەمسەرا گومانی لە هەبوونی دەردی تاعونی کردبێ. ئەو بە متمانەوە پاشای لە دۆخەکە ئاگادارکردۆتەوە، پاشان شا بڕیاری دا بڕواتە هەوارێکی ئارام و بێ وەی.

وەزیر قسەی لەگەڵ ژنەکان کرد: "خانمان، خەم مەخۆن. مشووری هەموو شتێک دەخۆم." ئینجا ڕووی خۆی لە خواجەباشی کرد و پێیگوت: "دەی بڕۆ ژنە مردووەکە لە حەرەمسەرادا بێنەدەر و هەموو ژنە نەخۆشەکانیش لێرە لە قاوشێکی گەورە، لە دیوەکەی دیکەی کۆشک کۆبکەرەوە. منیش دەمودەست دەچم پزیشک ئاگادار دەکەمەوە." ئینجا ڕووی قسەی کردە ژنەکان: "دەرکەی حەرەمسەرا دەکرێتەوە، ئێوە دەتوانن بۆ وەرگرتنی هەناسەیەکی سازگار بچنەدەر. هەموو شتێک بە پاکی ڕابگرن، گەرماو و هۆدەکانتان پاک بکەنەوە. خۆتان و منداڵەکانیش پاک پاک بشۆن."

ئەم قسە باوکانەیەی وەزیر بە دڵی ژنەکان بوو، هێوری کردنەوە، بەم جۆرە دیسان ئارامیی بۆ حەرەمسەرا گەڕایەوە. دەمودەستیش تەرمی ژنە مردووەکە لەوێ لابرا و پزیشکیش بۆ ژنە نەخۆشەکان بانگ کرا. ژنان هەڵمەتێکی پاککردنەوەی گشتییان ڕاگەیاند و منداڵانیش ئازادانە جرتوفرتی خۆیان بۆ باخی کۆشکەکە دەستپێکردەوە.

وەزیر دیسان لە ڕەفتاری نابەرپرسانەی پاشا نامراد بوو. ئەو بڕوای نەکرد تاعون لە تارانی دابێ، گومانی بۆ ئەوە چوو ژنانی حەرەمسەرا لە ترسان تۆقیون و شتەکەیان لەوەی هەیە گەورەتر زانیوە. ئینجا سواری

[٦٣] هێدمەگرتن: شۆکبوون.

ئەسپەکەی بووە و بەرەو قەزوین، بەرەو ئەو قونەگوندەی لەنێو چیاکان هەڵکەوتبوو ملی لێنا، بەڵکو لەوێ چاوی بە پاشا بکەوێ.
هەوای دەرەوەی شار هێنایەوە سەرخۆی، تووڕەییەکەی دامرکایەوە و تێگەیشتنێکیشی بۆ دەرچوونی شا بەم جۆرە لە لا پەیدا بوو. خۆی هەردەبێ شتێکی گەورە و دژوار لە ئارادا بووبێ.
ئەو لە دواگردیش ئاوا بوو، بەنێو مەزرادا ئەسپەکەی خۆی تاودا. لە سەر ڕۆخی ڕووبارێک خەڵکی بینی پاڵ کەوتبوون. سەرەتا وایزانی ئەمانە جوتێر و کشتیارەکانی ئەو دەوروبەرەن و لە چیمەنی تەنیشت ڕووبارەکە پشوودەدەن، لێ کاتێ لێیان نزیک کەوتەوە، بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەکرد. خۆ ئەمانە خەڵکی کەترە[٦٤]و نەخۆشن، خەریکن دەمرن. خەڵک لە ترسی تاعون ئەوانی لە گوندەکە دەرکردبوو.
وەزیر هەراسان بوو. لە هەموو شوێنێک هەر ژن و پیاو بوون وەک کەلاکی ئاژەڵی مردارەوەبوو لەو گۆڕە کەوتبوون. بینی چۆن دایکان منداڵەکانی خۆیان لە کفندا وەردەپێچان، دایبابی بینین بە خۆیان و منداڵەکانیان بەرەو چیاکان هەڵدەهاتن. بێدەسەڵاتانە بە لای تەرمی سێ ژندا ڕەتبوو لاقی نیوەڕوتیان لەنێو ڕووبارەکەدا بوو. کەسانێک گەچیان بەسەر تەرمەکاندا دەکرد تا لە سەگی تۆڕی و هارییان بپارێزن.

کاتێک وەزیر گەیشتە گوند تازە تاریک داهاتبوو. ڕاستەوڕاست بەرەو دەرکەی قەلاکە ملی لێنا، بەڵام پاسەوانەکان ڕێگەیان پێگرت.
سەردەستەی پاسەوانەکان پێیگوت: "خاوەنشکۆ پێشوازی لە هیچ کەس ناکا."
"دەکرێ بە پاشا بڵێی وەزیر لەبەردەرگا وەستاوە؟"

---

[٦٤] کەترە: کەسیرە، هیلاک، داهێزراو.

کابرای تایین پێیگوتەوە: "تەنانەت پاسەوانەکانیش بۆیان نییە لە حەوشەی قەڵاکە نزیک بکەونەوە."
وەزیر تووڕەیی خۆی خواردەوە، ئینجا پێی گوتەوە: "خۆ دەکرێ لە دەلاقەکەوە بانگ بکەی کەوا من لێرە لە بەردەرگە وەستاوم."
پیاوەکە شێلگیرانە گوتی: "خاوەنشکۆ نایەوێ کەس ببینێ. هەر بە ڕاستی هیچ کەس. ئەو بە دەمی خۆی فەرمانی پێکردووین."
وەزیر خۆی بینی لە پشت دیواری قەڵاکەوە وەستاوە، باشە ئەرێ بە ڕاست چی بکا؟ باشە پاشا چی لە تاعونێک بکا کە هەموو لایەکی داگرتووە؟ خۆ ئەگەر کەسێک شتێکی لەدەست بێت و بیکا هەر وەزیرە. ئەدی بۆچی لێرە وەک سوالکەرێک لەبەر قاپیی شا بوەستێ تا لێی بپاڕێتەوە بەڵکو قسەی لەگەڵدا بکا؟
بڕیاریدا بگەڕێتەوە و تا پێیدەکرێ لە تاران شتێک بکا ئەم پەتایە بوەستێنێ. بەڵکو داوای یارمەتی لە ڕوس و بریتانییەکان بکا. وا باشە ڕاستەوخۆ بچێتە لای باڵوێزی بریتانی و لە ڕەوشەکە ئاگاداری بکاتەوە. دەکرێ باڵوێزیش داوا لە لەندەن بکا بەڵکو تیمی پزیشکانی خێرخواز لە ڕێی هەراتەوە بەرەو تاران بنێرن. ئەم بیرۆکەیە تاکە فریادڕەس بوو.
وەزیر ویستی بەرە تاران بکەوێتەوە ڕێ، بەڵام دیمەنی ئەو پاشا بێباکەی خۆی لە قەڵایەکی ئارام و بێ وەیدا حەشار داوە تووڕەی کرد. ئاخر خۆ پاشا بەرپرسیارێتی گەلی لەسەر شانە.
ئینجا لە شوێنی خۆیەوە هاواری کرد: "پاشا! وەزیر لێرەیە! وەزیر هاتووە! ئەوە منم وەزیر، لێرەم!"
پاسەوانەکانیش بێهودە ویستیان وەزیر لەوێ دووربخەنەوە.
وەزیر جارێکی دیکە بانگی کردەوە، ئەمجارەیان توندتر: "پاشا، وەزیر لێرەیە، وەزیر! وەزیر!"

ئەوسا فەرماندەی پاسەوانەکان دەستی گەیاندە تفەنگەکەی، لی نەیوێرا لوولەکەی لە وەزیر بکا. ئەویش دەستی بۆ تفەنگەکەی خۆی برد تەقەی بە هەوادا کرد، لەکاتێکدا هێشتا هەر لەسەریەک بانگی دەکرد: "وەزیر لێرەیە!"

لەبەر دەرگە بووە هەرا و پاشاگەردانی، ئەسپەکان دەیانحیلاند، سەگی ئێشکچی دەوەڕین، پاسەوانەکانیش هەوڵیان دا وەزیر لە دەروازەی قەڵاکەوە دوور بخەنەوە.

لە ژوورەوەش پاشا کڕوبێدەنگ گوێی لێگرتبوو. گوێی لە دەنگی داردەستی دایکی بوو. مەهدولیا هاتە پشت کوڕەکەی گوتی: "دوودڵ مەبە! بیکوژە. ئەو زۆر بە دەسەڵات بووە."

کەچی لەهەمان کاتدا دەرگای قەڵاکە کرایەوە. تاج سوڵتانی کیژی پاشا بە خۆی و مەشخەڵێک بەدەستەوە هاتەدەر. بە ئارامی ڕووی لە وەزیر کرد: "سەلام وەزیر. ئەرێ من چیم پێدەکرێ بیکەم؟"

وەزیریش وەڵامیدایەوە: "نا ، نەخێر کچەکەم، نەخێر. من شادمانم کە خاتوونی شازادە تەندروستە، ئەوەندە بۆ من بەسە."

"من بیستم تۆ لەبەرەی باشوور بریندار بووی. خەمم لێخواردی، لێ ئێستا خۆشحاڵم جارێکی دیکە دەتبینمەوە. ئێستا چۆنی ئاغای وەزیر؟ زۆر جار بیرم لێ دەکردییەوە."

قسەکەی تاج بۆ وەزیر مایەی سەرسامی بوون. تووڕەییەکەی دامرکاندەوە. لە شوێنی خۆیەوە تەماشایەکی کرد، بینی خاتوون لەبەر تاریکی وەستاوە، لایەکی ڕووی لەبەر تیشکی مەشخەڵەکەی دەستی بە تەنیشت دەرکەکەوە ڕووناکە. وەزیر بینی تاج سوڵتان گەورە بووە و هەروەک شازادە خاتوونێکی ڕاستەقینە دەجووڵێتەوە.

"کیژەکەم، سوپاسی ئەو وشانەت دەکەم، کە هەروەک دڵت گەرمن. من باشترم. تۆ شازادە خاتوونێکی ناوازەی."

تاجیش بە خەندەوە هاتەوە قسە: "سوپاست دەکەم."
وەزیر بە دەم ئەم قسانەی: "فەرموو تۆ بڕۆرەوە ژووری، باش ئاگات لە خۆت بێ." کڵاوەکەی بەرزکردەوە و هەنـدێکی بۆ چەمـایەوە، ئینجـا سـواری ئەسـپەکەی بوویەوە و بە کلکی بارگیریدا دا و بەڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە.

٣٧

پەتای ڕەش

تاعون لە تارانی دا، بەڵام ئینگلستان لە کاتی خۆیدا دەستی یارمەتی بۆ وەزیر درێژ کرد. ئەوان پەرستاری هیندییان ناردنە گوندەکانی دەوروبەری تاران تا بەر بە بەڵایەکە بگرن و لەناویبەرن. لەهەمان کاتیشدا پزیشک و داودەرمانی ڕوسیشی فریاکەوت. ڕوسەکان لە شارەکانی لای باکوور بۆ چارەسەرکردن خێوەتیان لای مەیدانی بازاڕەکان هەڵدا.

بە هەزاران کەس لە ناو تاران و دێهاتەکانی دەوروبەریدا مردن. لە حەرەمسەراشدا سێ ژنی دیکە لەبەر نەخۆشییەکە دەرنەچوون. خەڵکەکەش هەموو ڕۆژانی هەینی دەچوونە مزگەوتی گەورە، لە نوێژی هەینی و لە دوای ئیمامەوە دوعایان دەکرد و لە خودا دەپاڕانەوە بەڵکو ئەو بەڵایەیان لە کۆڵ بکاتەوە. دیاربوو دوعای ئەو هەموو خەڵکە گیرۆ بوو، چونکە پێشوەختە زستان هات، سەرمایەکی وەها داهات بەردی شاخەکانیش خۆیان لەبەر نەدەگرت. یەک هەفتە لەسەر یەک بەفر باری، داروبەرد بوو بەشەختە. ڕەوشەکە ئەوەندە نالەبار و تووش بوو مرۆ

نەیدەزانی لە سەرمان ڕەق دەبێتەوە یان بە دەردی تاعونەکە سەری تێدا دەچێ.
بەڵا و سـەرما بە لایەک، ئینجا برسـیەتی و قاتوقڕیشـی هاتەسـەر. ئەزموون ئەوەی نیشـانی خەڵکەکە دا، لەبەر برسـییەتی و قاتوقڕی، تاعونیان لەبیر چووەوە.
لێ لە بەشـی باشـووری وڵاتدا تێبینی ئەوە نەکرا بەڵای تاعون لێیدابێ. بریتانییەکان لە کەنداوی فارسـییدا خەریکی دروسـتکردنی بەندەرەکان بوون و لە شـاری مەسـجید سـولەیماندا بەردی بناغەی یەکەمین دامودەزگای نەوتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دانا.

پاشـا هەموو ئەو ماوەیە هەر لە قەڵاکە مایەوە و فەرمانەکانی بە پەیکدا دەناردنە تاران. بەڵام بەر لەوەی بەفرە ئەستوورەکە بباریّ و پەیوەندیی ئەو بە دنیای دەرەوە ئەستەم بکا، گەڕایەوە کۆشکەکەی خۆی لە تاران. خۆشـی بەدوورگرت لەوەی سـەری حەرەمسـەرادا بدا، ئەوەشـی لێ قەدەغەکردن باس لە مەرگەسـاتی ئەوانە بکەن، کە بە دەردەکە سـەریان نایەوە.
لە یەکێ لە شـەوە سـاردەکانی زسـتان، ئەو شـەوانەی کوچە و کۆڵان چۆڵ چۆڵ بوون، خەڵک دەرکە و پەنجەرەی ماڵەوەیان باش گالەدا، درزی پەنجەرەکانیان بە پەتۆ باش گرتبوو، لەو کاتەدا شـا بەدوای وەزیریدا نارد. لەپاش ئەو ئێوارەیەی وەزیر بە سـواری ئەسـپ لێدا چووبووە قەڵاکە و پاشـاش فەرمانی دابوو قاپییەکەی لێنەکەنەوە، هیچ پەیوەندییەکی دووبەدوویی لەگەڵ شادا نەکردبوو. هەر لە ڕێی تەتەرەوە پەیامەکانیان بۆ یەکدی دەنارد. دیاربوو پاشا ویستبووی وەزیر سەرما بچێژێ بۆیە بەو شەوە ویستوویەتی ببینێ.

فەخری، ژنەکەی وەزیر لەگەڵ گەیشتنی پەیامەکە پێیگوت: "هەستێکی خراپم هەیە، باشتر وایە بەتەنیا نەچی."
"خەمی مەخۆ، زۆر نابا دێمەوە."
فەخری پێیگوتەوە: "گوێم لێبگرە، بەهانەیەک بدۆزەوە، بڵێ بەیانی دێم و سەری پاشا دەدەم."
"ئەمە نابێ. شا بە دوایدا ناردووم و پێویستی بە منە، دەنا بەو درەنگانی شەوە بەدوایدا نەدەناردم."
فەخری بە گریانەوە: "خوایە، بە هانامانەوە وەرە."

"*وەزیرکوشەن*" لە مێژووی ئێراندا چەمکێکی ناسراوبوو، هاوواتاکەشی "بمرێ وەزیر! بوو.
کوشتن و لەناوبردنی وەزیری لێهاتوو شتێک نەبوو لە بازنەی دەرباری پاشایەتی بەدەر بێ. هەموو وەزیرێک دەیزانی ئەو ئەگەرە لە ئارادایە، کاتێکی چاوەڕواننەکراو هەیە تا پاشا بیکوژێ. نموونەش کەم نین؛ کوشتنی پاشا بە دەستی شازادە، پاشا کوڕ و براکانی خۆی سارد کردبێتەوە. سەربردەی (حەسەنک)[٦٥] گەورەوەزیر نموونەیەکە هەمووان دەیانزانی. حەسەنک کەسێکی خۆشەویست و دەستڕۆیشتوو بوو. لە ڕۆژێکی شوومدا سوڵتان بانگیکرد. حەسەنکیش دەیزانی لە دەرباری سوڵتانەوە بێزراوە، لێ هەرگیز گومانی بۆ ئەوە نەچوو سوڵتان بیەوێ بیکوژێ. ئیدی هەر پێی نایە کۆشک، دەرکەی لەسەر داخرا و

[٦٥] مەبەست حەسن کوڕی محەمەد میکایلی، ناسراو بە حسنک، دوایین وەزیری سوڵتان محەمەد غەزنەوی بوو، بە بڕیاری مەسعود غەزنەوی و بە فتوای خەلیفەی بەغداد گوایە کەسێکی قرمتی یان ئیسماعلییە لە ساڵی ٤١٠ی کۆچیدا لەدار درا. وەرگێڕ

ئابلۆقه درا. بەیهەقی[66]تۆمارنووسی سەدەکانی ناوەڕاست، دیمەنی کوشتنی حەسەنکی لە کتێبەکەی خۆی بەم شێوەیە تۆمارکردووە:
ڕۆژێک حەسەنکی گەورەوەزیریان لەسەر پشتی ئەسپێکی بەستەزمان بۆ بەر پەتی سێدارە هێنا. ئەو هەرگیز سواری ئەسپێکی وەها بچکۆلە نەبووبوو. کابرای جەللاد ویستی چاوەکانی بە پارچە پەڕۆکێک ببەستێ، لێ حەسەنک ڕەتیکردەوە چاوی ببەسترێ.
سوڵتان بانگیکرد "بەردبارانی کەن!"
لێ گەلۆ، کەس بەردێکی تێنەگرت.
ئەمجارە سوڵتان بانگیکرد: "لەداریدەن!"
جەللادەکە حەسەنکی لەدار دا. حەفت ساڵ حەسەنک هەر بە دارەوە کراوەبوو. خۆرەتاوی ئێرانی تەرمەکەی سووتاند و بای ڕۆژهەڵاتیش خۆڵەمێشەکەی پەخش کرد.

نموونەیەکی دیاری دیکەش هەبوو، ئەویش کوشتنی گەورەوەزیر میرزا تەقی خان بوو. بەیانییەک سەر لەزوو، میرزا دەچێتە گەرمای شار خۆی بشوا. دوای خۆشوشتن دەچێتە سەر کورسیی سەرتاش دادەنیشێ. دەلاکەکەش تیغەکەی زۆر بە باشی بۆ دەسوێ، مووی گەردنی بۆ دەتراشێ، پاشان لە ڕاستی دەماری خوێنهێنەردا دەستی توند دادەگرێ و دەمارەکەی دەبڕێ. ئەو ئەم کارەی بە فەرمانی پاشا کرد.
فەخری ئەو چیرۆکانەی دەزانین، بۆیە دەترسا چارەنووسی مێردەکەشی بەهەمان مەرەد بڕوا.
وەزیر بە ژنەکەی خۆی گوتەوە: "مەگریێ." ماچی کرد و ئینجا سواری ئەسپەکەی بوو بەرەو کۆشک لێیخوڕی.

---

[66] مەبەست ابو الفضل بەیهەقییە (٩٩٥-١٠٧٧)زایینی، مێژوونووسی دەرباری غەزنەوییەکان بووە. وەرگێڕ

کاتێ گەیشــتە بەردەرکەی کۆشــک، بینی پاســەوانەکان هی جاران نین. ئاخر ئەم ســەردەســتەی پاســەوانانی نەبینیوە، پێشــتر یەکێکی دیکە بوو. خۆی وەک عورفێکی لێهــاتبوو، هەر کــاتێ وەزیر لە مەیــدانەکە وەدەرکەوتبا، فیکەیەک لێدەدرا، ئینجا ســەرۆکی پاســەوانەکان دەهاتەدەر و بەڕێزەوە ئیکلامی بۆ وەزیر دەکێشـــا. ئەم جــارەیــان دونیــایەکی کشــــومات، هیچ شــــتێک لەم شــــتانە ڕووی نەدا، ســــەردەســــتەی پاسەوانەکانیش لە شوێنی خۆی نەجوولا.

ئەو هێشــتا هەر لەســەر پشــتی ئەســپەکەی بوو، خڕەی دەرگا هات و کرایەوە. گومانی بۆ ئەوە چوو، لەدوای ئەوەوە دەرکەیان داخســتبێتەوە. چڵوپۆپی دارەکان لەبن بەستەڵەکدا سەریان شۆڕ بووبوونەوە. لوولەی دووکەڵی ســەربانی کۆشــک دووکەڵی لێهەڵدەســتا و مەشــخەڵەکانی لای حەوزی ئاوی حەوشەکەش هەڵکرابوون. سایەی پاشا لە ژووری کاری خۆی لەســەر پەردەکەوە دیار بوو، وەک ئەوە وابوو لە پشــت پەردەوە سیخوڕی بەسەر وەزیرەوە بکا.

وەزیر لە ئەســـپەکەی دابەزی و لغاوەکەی دایە دەســـتی یەکێک لە نۆکەرەکان، کە ئەو نەیدەناسی. کابرا کەسێکی چوارشانەی تێکســـمڕاو بوو، پێنەدەچوو هیچ کارامەییەکی مەیتەری بە ڕوخسارەوە دیاربێ.

وەزیر بە ئەســـپایی بەســـەر پەیژە بەســـتووەکاندا بازی دا چووە نێو کۆشـــک. ڕاڕەوەکان تاریک بوون، بەڵام چرایەک بچووک لە دەرکەی هۆڵی مینابەندەکە هەڵکرابوو.

کەشــوهەواکە مایەی گەف و هەڕەشــە بوو. دەنگێک لە هەناوی خۆیەوە پێیگوت، واباشــــە بەرلەوەی کــارلەکــار بترازێ بگەڕێیتەوە، بەڵام خۆ نەیــدەتوانی بۆ دواوە بگەڕێتەوە، ئــاخر شــــا ئەوی بینی بوو، کەواتە چاوەڕێی دەکا. خۆڕســـکانە ئاوڕێکی لەدوای خۆی دایەوە، دەرکەکەی

کردەوە ویستی بچێتە دەرەوە. لێ ئەو پیاوەی سەری ڕیشمەی ئەسپەکەی لێوەرگرت لەسەر پەیژەوە وەستابوو.
ئینجا بە نەرمی بە وەزیری گوت: "پایەبەرز چاوەڕێت دەکا." ئەمەی گوت و دەرکەکەی پێوەدایەوە.
وەزیر گەڕایەوە هۆڵی مینابەندەکە، بە نەرمی لە دەرکەی دا و بانگی کرد: "ئاغا موشیر!"
لە تاریکیەوە دەنگێک هات: "فەرموو وەرە ژوور، ئاغای پەردەدار لێرە نییە."
لە هۆڵی مینابەندەکەدا هەموو پەردەکان دادرابوونەوە، بەڵام ژووری چلچلراکە ڕووناک بوو. وەزیر بەسەر مافورە گەورۆنە کەسکەکەی هۆڵەکەدا ڕۆیشت، چووە سەر کورسییە ڕەنگ هەنارییەکە دانیشت و لاقەکانی خۆی شێلا، دیسان ئازاری دەدایەوە.
هەموو جارێک، کە ئەو لەو هۆڵەدا چاوەڕێی هاتنی پاشای دەکرد، بە سەرسامییەوە سەرنجی لە تانوپۆی مافوورە ڕاخراوەکەی بەرپێی دەدا. ئاخر یەکێک بوو لە مافووره هەرە نازدارەکان تائێستا چنرابێ. داوی باریکی تەلایی و هەزاران داوی وردیلەی دیکە تانوپۆییەکەی وەها بە گوڵ و گوڵوک نەخشێنرابوو، هەر خواخوات بوو لێی ڕابمێنی.
کەس نەیدەزانی ئاخۆ کەی ئەو مافوورە شاهانەیە چنراوە، لێ مرۆ لەو بڕوایەدا بوو هی کۆشکە ئێرانییە دێرینەکان بێ، ئەوانەی سێزدە سەدە پێشتر بە دەستی موسڵمانان ئاگریان تێبەردرا، ئەوکاتەی دەوڵەتی ئێرانی ڕوخا. ئیدی شوێنکەوتووانی محەمەد هەموو کۆشکەکانیان تاڵانکردن و ئاگریان تێبەردان، لێ یەکێک لە نۆکەرەکان توانیبووی ئەم مافوورە دەرباز بکا.
ئەم خەیاڵڕۆیشتنە وای لە وەزیر کرد باشتر بێتەوە سەر خۆی.

"چییە دەڵێی وەزیر ترساوە، من تۆم وەها نەناسیوە. تۆ شەکەت و ماندووی، دەی هەفتەیەک برۆ فەراهان و پشوو بدە." ئەو ئەم قسەیەی بەخۆی گوتەوە.

لە پشت دەرکە بچکۆلەکەش، کە هەمیشە هەر کابرای پەردەدار بەکاریدەهێنا، گوێی لە تەپەی پێ بوو.

بانگی کرد: "ئاغا موشیر!"

هیچ وەڵامێک نەبوو. بەرەو لای دەرکە بچکۆلەکە ڕۆیشت بزانێ چ باسە، کەچی ئەو دەرکەیەی هەمیشە لەسەر گازەرای پشت بوو، گاڵە درابوو. گوێی لێبوو یەکێک هەنگاوی هەڵدەهێنا. "ئاغا موشیر، ئەوە تۆی لەوێ؟" کاتێک بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشانەوە، ترسێک پەڕییە دڵی. ئەو پەردە درێژانەی هەمیشە پاشا لەوێوە سەریدەرێناو پەیدا دەبوو، جووڵایەوە. وەزیر چاوەڕێی کرد پاشا بێ، بەڵام خۆ ئەو نەبوو، بەڵکو شەرمین بوو، سەری لە بن پەردە دەرهێنا.

وەزیر ئاهێکی پێداهاتەوە بانگی کرد: "شەرمین. وەرە، دەی وەرە ئێرە!" لێ پشیلەکە لەجێی خۆی نەبزووت. وەک ئەوەی بۆنی شتێکی ناخۆشی کردبێ. تاوێک لە وەزیر ڕاما، ئینجا سەری بردەوە پشت بەردە و ون بوو. شەرمین ئەوەی بۆ وەزیر ڕوونکردەوە، دۆخی ئێستای هۆڵی مینابەندەکە ئاسایی نەبوو، دەنا هەر یەکسەر بۆی دەهات و خۆی لە لاقەکانی هەڵدەسووی.

وەزیر دوودڵ بوو. بەڵکو ڕاستەوخۆ لە شا وێبکەوێ: "خاوەنشکۆ، من لێرەم، چاوەڕێی ئێوەم.

بۆ لای پەردەکە ڕۆیشت.

سەرلەنوێ بانگی کردەوە: "خاوەن پایە! تۆ لەوێی؟"

پێدەچوو پاشا هەر لە تەلارەکە نەمابێ، وەزیریش سەرچیخ چووبوو بەوەی سایەی پشت پەردەی بە هی پاشا زانیبێ. بەدەست لەپشتەوە

گریدان بەنێو هۆڵەکەدا هەر ڕاوێچکەی دەدان. هەستیکرد کەوتۆتە داوێ. هەر لە سەرەتاوە جەستەی ئاگاداری کردبووەوە، بەڵام خۆ ئەو ئاماژەکانی بەهەند هەڵنەگرتن.
ئێ باشە، دەبووایە چی بکردبایە؟ نەیدەتوانی خۆی بشارێتەوە، نەیدەتوانی لە ماڵ بمێنێتەوە یان نەیدەتوانی هەڵبێ. ئەو دەبوایە گوێڕایەڵی پاشا بێ، هەر بۆیە بەدەم بانگکردنەوە هاتبووە کۆشک.

هەمیشە دوژمنەکانی حیسابی تایبەتیان بۆ دەکرد و زەفەریان پێنەدەبرد، ئەو بیریشی لەوە نەکردبووەوە لە نێو هۆڵی مینابەندەکە تەڵەی بۆ دابنێنەوە.
ئەو بوێری دایەوەبەر خۆی. کێ ناڵێ شا لێی تووڕەیە و بیەوێ بەم شێوەیە بیشکێنێ بەوەی ماوەیەکی زیاتر لە پێویست چاوەڕێی بکا؟ سەرباری ئەو هەموو شتانەش، شا چی لێدەکا؟ کاتێک باوکی ئەو پاشایە داوای لێکرد ببێتە سەروەزیری کوڕەکەی، ئەویش یەک مەرجێکی شاهانەی لێ داواکرد: "ئەگەر شازادەی جێنشین بە قورئان سوێند بخوا هەرگیز نەمکوژێ."
شازادەی جێنشینیش بە پێکەنینەوە گوتی: "من سوێند بە قورئانێ دەخۆم، هەرگیز دەستم بە خوێنی تۆ سوور نەبێ." ئەوسا پاشای باوک دەستی وەزیری خستە نێو دەستی کوڕە جێنشینەکەی و گوتی: "ئێستا من بە ئاسوودەیی سەردەنێمەوە." کاتێک وەزیر لە مێشکی خۆیدا ئەو وشانەی پاشای بەبیرهاتنەوە، هێدمە گرتی. ئەرێ، شا سوێندی نەخوارد بەوەی هەرگیز وەزیر نەکوژێ، بەڵکو بەوەی دەستی بەخوێنی ئەو سوور نەبێ. خۆ دەکرێ کاروباری کوشتنەکەی ئەو بە یەکێکی دیکە بسپێرێ.

مەشخەڵە چرای لای حەوزەکە کوژێنرانەوە و ئەو ناوە بە جارێک تاریک بوو. دەرگاکەش داخرابوو، هیچ پاسەوانێکیش دیار نەبوو. وەزیر سەرچیغ نەچوو بوو، خۆی دەبووایە بگەیاندبایە شوێنێکی ئارام و بێوەی. خێرا بۆ لای دەرکە ڕۆیشت و کردیەوە، لەوێ تووشی پاسەوانێکی چوارشانە بوو، وەک دیوار لە ڕاڕەوەکە وەستابوو.

وەزیر بە کابرای پاسەوانی گوت: "پێموایە ئێستا پاشا سەری زۆر قاڵە، لەوانەشە پتری پێبچێ. دەچم دەستنوێژ هەڵدەگرم."

"تۆ ناتوانی لێرە بڕۆی، خاوەنشکۆ چاوەڕێت دەکا."

"شتەکە زۆر ناخایەنێ."

پاسەوانەکە پێیگوتەوە: "نەکەی بڕۆی."

وەزیریش بە تەوسەوە پێی گوتەوە: "وا تێبگەم لێرە دەستبەسەرم؟"

کابرا بەتوندی پاڵێکی بە وەزیرەوە نا و کردییەوە ژوور و دەرکەکەی لەسەر داخست.

وەزیر لە دڵی خۆیدا بەخۆی گوتەوە: "نەکەی بترسی، حەوسەڵەی خۆت لەدەست نەدەی."

ماوەیەک هەروا لە ناوەڕاستی هۆڵەکە وەستا، ئینجا بەرەو لای شێرەی ئاوی پاشا ڕۆیشت، کە لەسەر مێزێک لە گۆشەیەکی هۆڵەکە دانرابوو. بە ئەسپاییەوە دەستنوێژی هەڵگرت. ڕووی لە کەعبە کرد و نوێژەکەی خۆی دابەست. ئەمەش تاکە ڕەفتار بوو تا هەندێ ئاسوودەیی پێببەخشێ. نوێژەکەی خۆی دابەست و لەجاران پتر درێژەی پێدا، کەچی پاشا هەر دەرنەکەوت.

تۆ بڵێی شا لە کوێ چاوەڕێ بکا؟ خۆ ئەگەر ویستبێتی سووکایەتی بە وەزیر بکا، کردی و سەرکەوتووش بوو. خۆ ئەگەر نەخشەیەکی دیکەی هەبووبێ، باشە بۆ هیچ ناقەومێ؟

لەپڕ ئەوەی بە مێشکدا هات، ئێستا شەوی هەینییە و لە ڕۆژانی هەینیشدا حەرامە کەس بکوژرێ. مانگ ڕێک لەسەر کۆشکەکە هەڵاتبوو، کاتەکەش سەروبەندی نیوەی شەو بوو. ئیدی کەوتە سەر ویرد خوێندنەوە: *"ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە ئیللا ئەڵلا، وە ئەشهەدو ئەننە محەمەدەن ڕەسولوڵلا.* گەواهی دەدەم تەنیا یەک خودا هەیە ئەویش ئەڵلایە، هەروەها گەواهی دەدەم محەمەد نێردراوی ئەوە."

مرۆ ئەو کاتە ئەم وشانە دەڵێتەوە، کاتێک تەواو دڵنیابێ مردن لێی نزیک بۆتەوە. دووریش نەبوو شا لە شوێنێک بەدزییەوە چاوی لەسەر ئەو بێ، چۆن وەزیر، پاڵەوانەکە، ئەو پیاوەی ویستوویەتی ئەو لەسەر تەخت لابەرێ. گیرۆدەی دۆخێک بووە، دەربازبوونی ئەستەمە.

وەزیر بە دانبەخۆداگرتنەوە لەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. ئێستا بۆ مردن ئامادەیە، هەندێک هێور بووبووەوە. جارێکی دیکە لە مافوورەکەوە ڕاما، هەر بەڕاستیش جوانترین مافوور بوو بە دەستی ژنە ئێرانییەکان چنرابێ. پێدەچوو زۆر وەزیری دیکەش پێش مەرگی خۆیان، بەسەر مافوورەکەدا ڕۆیشتبن.

مانگ لەسەر ئاسمانی کۆشکەکە ئاوا ببوو.

لەبەر خۆیەوە بە بردەبردێکەوە گوتی: "کاتی هاتووە."

دەرگا کرایەوە. سێ پیاوی تێکسمڕاوی چوارشانەی لێ وەژوور کەوتن. پەتۆی گەورەی ڕەش و کندریان پێبوو.

وەزیر بە توندی هاواری کرد: 'لا ئیلاهە ئیللا للا..."

دوو لە پیاوەکان غاریان دایێ و لە پشتەوە گرتیان و دەستیان لە پشتەوە توند بەستنەوە.

"لا ئیلاهە ئیللا للا" وەزیر وەها هاواری کرد، لێ نەیتوانی ڕستەکە تەواو بکا، سێیەمینەکەیان پارچە پەڕۆیەکی توند لە زاری پەستی.

وەزیر بە چنگەڕنێ خەریکبوو خۆی لە دەســــتیـان ڕاپســــکێنێ، لێ بەرزەفتیـان کرد و بە هەرســــێکیـان لە زەویـان دا، ئینجـا بە چەنـد جوولەیەکی خێرا لە پەتۆ ڕەشــەکەیان وەرپێچا. ئەویش تێکۆشـــا بەڵکو دەسـت و پێی خۆی بجوولێنێ و خۆی بکاتەوە، لێ هەرزوو پیاوەکان بە کندر توند بەسـتیانەوە و وەک فەردەیەک لەســەر زەوی هەڵیان گرت و بردیانەدەر.

کاتێکیش ئارامی بۆ ژوورەکە گەڕایەوە. پشــیلەکە ســەری دەرهێنایەوە. بەسـەر مافوورەکەدا ڕۆیشت و لێرە و لەوێ هەر بۆنی دەکرد.

پەردەکە لادرا و شـا بەدەرکەوتەوە. هێشــتا هەر شــەو بوو، مەشــخەڵ لەسـەر حەوزەکە هەڵکرانەوە و پاسـەوانەکانیش بێباکانە لەبەردەم دەرگا وەستانەوە وەک ئەوەی هیچ شتێک نەقەومابێ.

٣٨
بێدەنگی

دوای کوشتنی وەزیر، ئەمیری دەستەڕاستی، یارمەتی ژن و ماڵ و منداڵی دا تا لە تاران هەڵبێن. هەموو دۆست و برادەرانی وەزیریش ڕایانکرد. ئەمیر خۆشی خۆی لەبەر چاوان شاردەوە.
لە کۆشک بووە شایی و لۆغان. نەیارەکانی وەزیر پیرۆزباییان لەیەک دەکرد بێ ئەوەی ناوی کوژراوەکەش بهێنن. مەهدولیا کە چیدی نەیدەتوانی بە پێی خۆی بڕوا، هەموو ڕۆژەکەی لە پێشوازیی میوانەکانیدا بوو. زلهێزە دەرەکییەکانیش بە بێدەنگی چاودێریی بارودۆخی گۆڕانی دەسەڵاتیان لە وڵاتدا دەکرد.

لە هیچ شوێنێکیش بە فەرمی مردنی وەزیر ڕانەگەیەنرا. پرسەکە هەروا لەنێوان مردن و نەمردن بە کراوەیی هێڵرایەوە. خەڵکی ئاساییش شتەکەیان ئەوەندە بەهەند هەڵنەگرت.
دوای ئەوەی وەزیر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دیار نەما و هیچ سەروسۆراخێکی پەیدا نەبوو، خەڵکەکە لە خۆیان دەپرسی تۆ بڵێی بۆ کوێ چووبێ. وەها مەزندە دەکرا لە لایەن پاشاوە لادرابێ، ئیدی بە

خۆی وماڵباتەکەی چووبنەوە گوندەکەیان و خۆیان لە ژیانی گشـــتیی کێشابێتەوە.
چیرۆکێک لەوناوە بڵاوبووەوە، گوایە وەزیر لە کاتی دانوســتاندن لەگەڵ ئینگلیزدا ناپاکیی لە وڵات کردووە، بۆیە پاشـــا ســزای داوە. کەســانێک هەبوون دەیانگوت، گوایە وەزیر هەموو دەســـەڵاتەکانی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، ئامادەش نەبوو لەگەڵ کەسی دیکەی بەش بکا. هەر بۆیە وایکرد هەموو ئەوانی دیکە لێ بتەکێنەوە.
هەنووکەش ئەو بەندوباوە بە کراوەیی بە خەڵک دەگوترا، گوایە وەزیر ئەجێندایەکی دووســـەرەی هەبووە. شــێخ ئاغاســـی ڕایگەیاند، پاشـــا بەڵگەنـــامەی ئەوتۆی کەوتوونەتە دەســـــت، کە لەگەڵ ئینگلیزەکـــان دانیشـــتووە و گفتی ئەوەی لێ وەرگرتوون، ئەگەر هات و پاشـــای ڕووخاند، ئەوا پشتی بگرن.
نەیارەکانی وەزیر دەیانەویست هەموو کەسێک بهێننە سـەر ئەو بڕوایە، گوایە هەر وەزیر بووە کاتی خۆی ئەفغانســـتانی داوەتە بریتانییەکان. ئەوان ئەویان وەک ناپاکێک وێنا دەکرد و پەسنی شـایان لەسـەر بڕیارە ئازایانەکەی دەدا.
کاتێکیش وروروژاوییەکە دامرکایەوە و بەندوباو کەم بوونەوە، پاشـــا ئاهەنگێکی ساز دا. هەموو شازادە و پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی بازاڕ و یەک دوو ئایەتوڵلاشی بانگهێشت کردن.
ســـەبارەت بە وەزیر هیچ قســـەیەک نەکرا. هۆڵەکە هەر جمەی دەهات هەموویـان بۆ ئـاهەنگەکە بـانگکرابوون. لە هـاتنەژوورەوەدا مێوانەکـان ســـەری خۆیان دادەنەواند، بەم جۆرە دڵســـۆزیی خۆیان بۆ پاشـــا دەردەبڕی.
جاران پاشـــا کەســـێکی کەم دوو بوو، لێ ئێســـتا پێویســـت بوو چەند قسەیەک بۆ مێوانەکان بکا: "خوا ویستی لەسەر ئەوە بوو، ئێوە جارێکی

دیکە بەو شێوەیە لێرە بیینمەوە.' ئەم قسەیەی هەر مایەی سەرسوڕمانی خۆیشــی بوو، ئاخر کتومت نەیدەزانی مەبەســتی چی بوو. لەبەرئەوەی ئەو قســانەی کرد و بێ ئەوەی بشــخوازێ فرمێســکی لە چاودا بارین، ئیدی خەڵکەکەش وروژان. هیچ کەسیش پرسیاری نەکرد.

ئەو بە بەردەم مێوانەکانی ڕابورد، مێوانەکانیش بە دوو ڕیز لە بەرانبەر یەک وەســـتابوون. بە شـــێوەیەکی ڕیزپەڕانە لەگەڵ بـازرگـان و دوکـانـدارەکـانی بـازاڕ قســـەی کرد بە دەســـتەواژەی تویکڵدارەوە پێیراگەیاندن، گۆڕانکاری بەڕێوەیە و لە بەرژەوەندیی بازاڕیش دایە.

لای ئایەتوڵلاکان ئیســـتیکی کرد و ئەو دەرفەتەی پێدان چەند ویردێک بخوێنن و لە چـاوی بەد بەدوور بن. یەکێکیـان بوێری ئەوەی تێدابوو قورئانەکەی گیرفانی دەربهێنێ. بەســـەر لێوانەوە کورتە ســـورەتێکی خوێندەوە ئینجا بە هێواشی فووی بەسەر دەموچاوی پاشادا کرد بەڵکو باشتر بپارێزرێ.

بە کورتە ئـامـاژەیەکی پـاشـــا، ســـێ نۆکەر پەیدابوون، هەریەکەیـان ســینییەکی پڕ لە دراوی زێڕینی لەســەر بوو. ئەمەش خۆی خوو بوو لە ئاهەنگەکانی ســـەری ســـاڵدا ئەم دراوانە وەک دیاری بەســـەر مێواناندا دابەش بکا، ئیدی ئەو بەم ئاماژەیەوە مەبەســـتی بوو بڵێ ئەم ڕۆژەش وەک ئەوە وایە بەهارێکی نوێ دەستی پێکردبێ.

ئاهەنگەکە پێنج ســـکەی زێڕی تێچوو بوو، ئەو زێڕانەی لە گەنجینەی ژێرزەمینەکەوە دەرهێنابوو. شـــێخ ئاغاســـایش دراوی نوێی لە ســـکە دابوون.

زۆرینەی مێوانەکـان لە چینی ســـەرەوەی نـاو کۆمەڵگە بوون، ئەوان پێکەنین و بە شـــاوە ســـەرســـام بوون و دەســـتیان ماچ کرد و هیوای خۆشبەختییان بۆ خواست.

هەر هەموو شـــازادەکانیش بە جلی ســـەربازیی نوێوە هاتبوون، بە هەموویان دەورەی پاشـایان دا و ئەوەیان بۆ دەرخسـت، گوایە ئامادەن گیانیان لە پێناوی نیشتماندا بەخت بکەن.
شـا بە بێدەنگی گوێی لە هەمووان بوو، خەندەی بۆ کردن. ئاخر دەیزانی ئەوان هـاوئـاخوڕی[٦٧]بریتـانی و ڕوســـەکـان بوون. لە ڕۆژژمێرەکەی ئەوەی تۆمـار کرد: "ئەمـانە تـاقمێکی نـاپـاکن. خۆ ئەگەر دەرفەتیـان بۆ بڕەخسـێ، دەسـتیان دەچێتە خوێنی منیش. ئەوان خواخوایانە کچەکەم و شـــەرمینیش پارچە پارچە بکەن. پێویســـتە ئەوان وا لێبکەین بەر لەوەی بکەونە پیلانگێڕان، بۆ خۆمانیان کێش بکەین."

مێوانەکان چایان لە ئیســـتکانی ئاودامانزێڕ بۆ هات. پاشـــاش کوپێک قاوەی خواردەوە، ئەوە یەکەمین جار بوو ڕاشکاوانە لەنێیش خەڵکدا قاوە بخواتەوە. خەڵک ئەم شـــتەی بە ئاماژەی دەســـتپێکی ســـەردەمێکی نوێ بینی. بە تـاســـەیەکی زۆرەوە کوپە قـاوەکەی خۆی لەســـەر خوانچە زێڕینەکە دانایەوە. ئینجا خواحافیزی لە مێوانەکان کرد و بە ڕێی پشـت پەردەکە کشایەوە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی.

دوای ئەو، شـــێخ ئاغاســـی ڕۆڵی خانەخوێی بینی. خزمەتکارەکان بە خۆیـان و دەفری گەورەی پڕ لە شـــیرینەمەنی هـاتنەژوور. مێوانەکـان ئەوەیان بۆ شـێخ ئاغاســی باســکرد چۆن ئەو بەو ئاوەز و حیکمەتەی هەیەتی و لەم ڕۆژە سەخت و تەنگانەیەدا لە پشتی شا وەستاوە. پێشتر هەرگیز پاشــایان وەها دڵخۆش و بەختەوەر نەبینیبوو. شـێخ ئاغاســی گوتی بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەر هەرات دڵی شــکابوو، بەڵام ئێســتا ئەو

[٦٧] ئاخوڕ: ئەو شـــوێنەی لە تەویلە ئالیکی بۆ ئاژەڵان دادەنرێ. هاوئاخوڕ واتە لەهەمان سەرچاوەی خۆراکەوە سوودمەندن. وەرگێڕ

قۆناغە ڕەشە تێپەڕیوە، سەرلەنوێ کاروباری دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات کەوتۆتەوە بن جڵەوی پیرۆزانەی پاشـــــاوە. وێرای ئەوەش، پێی ڕاگەیاندن، شـا داوای لێکردووە ئەرکەکانی وەزیر ڕابپەڕێنێ. "زۆر کاری ناڕەوا، بەتایبەتی لە نێو سـوپادا هەن. بۆ مایەی خۆشـبەختیی پاشـا ئەو حیکمەتەی هەیە دەسـتنیشـانیان بکا و ڕاسـتیان بکاتەوە. هەر بەڕاسـتیش ئەم خاڵەیان، خاڵی بەهێزی من نییە."

شێخ ئاغاسی بە چاوی فرمێسکتێزاوەوە سوێندی بە خوا خوارد بەهرە و هێزوگوڕی خۆی بخاتە خزمەتی پاشاوە.

لەســـــەرەتاوە، پاشــــا هەوڵیدا مردنی وەزیر لە ئینگلســــتان و ڕوســــیا بشـارێتەوە. باڵوێزی بریتانیا و لە ڕێی چاوی سـووسـەکارانییەوە و هەر لەهەمان ڕۆژی کوشتنەکەی وەزیردا بە ڕووداوەکەی زانی و لەندەنیشی لێ ئـاگـادارکردەوە. بـاڵوێز ڕووداوەکەی بە ڕووداوێکی خەمبـارانە و شـــتێکی تەواو چاوەڕواننەکراو دانـا. وەزیر پیـاوێکی مجێزبەرز بوو، دوژمنی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردبوون. ڕاوێژکارە گەنجەکانیشی گیران یان خۆیان شـــــاردبووەوە و چاکخوازەکانیش زەبرێکی کوشـــــندەیان بەرکەوت.

ئینگلســتان لەبارەی گۆڕینی دەســـەڵاتەوە غەمبار نەبوو. ئاخر ئێســـتا لەندەن دەتوانێ ڕاستەوخۆ سەروسەودا لەگەڵ شادا بکا.

لە دوای چل ڕۆژ لە کوشـــــتنی وەزیر، ئایەتوڵڵاکەی تاران و لە کاتی دوانی ڕۆژی هەینیدا، کورتەهەواڵێکی لەبارەی خانەوادەی پاشـایەتییەوە ڕاگەیاند: "ئێمەی پاشـای ئێران شـێخ ئاغاسـیمان بە وەزیری نوێی وڵات دانا. خوا دەست بەباڵیەوە بگرێ."

پاشا له هەواڵەکەیدا بە وشـەیەکیش باسـی مەرگی وەزیری نەکردبوو، هەروەها ئایەتوڵڵا لەوبارەیەوە کڕ و بێدەنگ بوو. شـێخ ئاغاسـی سەبارەت بە تەقوابیەکەی پەسن درا. ئایەتوڵڵاش سەرنجێکی وەهای دا، گوایە خوداش بەو بژاردەیە دڵخۆشە.

لەسـەر شـەقامیش هێشـتا هەر چیرۆک و بەندوباو لەبارەی وەزیرەوە دەگوتران.

- "وەزیر هەڵاتووە."
- "ئەو لای باڵوێزخانەی بریتانی لێی پاڵداوەتەوە."
- "وەزیر ویستوویەتی تەختی پاشا سەراوبن بکا و تاجەکە بخاتە سەر سەری خۆی."

ئەو خۆی لەنێو هۆزەکەیدا شاردۆتەوە.

- "ماڵەکەی چۆڵ بووە و ئابڵووقە دراوە. ژن و منداڵەکانیشـی هەڵاتوون."
- "وەزیر گیراوە، هەیئەکان بەسـەر ماڵیان داداوە و پشـکنیویانە و فایلەکانیشیان بردوون."
- "زۆری پێناچێ وەزیر لە مەیدانی گەورەی شـارەوە بەدارەوە هەڵدەواسرێ."

چیرۆکەکان گەیشتنە حەرەمسەرا. یەکێک لەوان ئەمەی خوارەوەی وەک ڕاسـتیی ڕووداوەکە زانرا: "ئاخر وەزیر هاتە نێو کۆشـک شـەوەکەی هەموو پاسـەوانەکان گۆڕدران. ئەوان لە هۆڵی مینابەندەکەدا خنکاندیان. پاشان بەو تاریکییە سوکوئاسان لە گۆڕستانی عەبدولداود چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و ناشتیان."

کەس نەیدەزانی دەراوی ئەو هەواڵە کێیە. ئاخر شـتەکە لەیەکدانی سـێ ڕاسـتیی بوو، لە لایەن سـێ شـاهیدی جیاوازەوە گێڕدرابووەوە.

شـــاهیدەکانیش یەک لەدوای یەک، گۆڕهەڵکەن، پاککەرەوە و مەیتەرەکە بوون. چونکە ویژدانی ئەوان بووە بەڵا بۆیـان، بۆیە ئەوەی بینیبوویـان گێڕایانەوە.

شـــەویکیان گۆڕهەڵکەنەکە کە لەپاڵ ژنەکەی درێژ بووبوو، پێی گوت: "دەمەوێ شـــتێکت پێبڵێم، بەڵام هەر بەینی خۆمان بێ، نابێ کەس پێی بزانێ. ئـایا دەزانی شـــەوێکیـان دەبووایە بچم گۆڕێک هەڵبکەنم. هەر هێندەم زانی کاتێک گالیسـکەیەک بە دوو سـوارەوە تەرمێکیان لە پەتۆی ڕەشـەوە و لوولدابوو. منیش دەسـتم دایە چرا و چوومە نێو گۆڕەکە بۆ باراســتن و بەرەوقیبلەکردنی ســەری مردوو. ویســتم پەتۆی ســەر تەرمەکە لابەرم، بەڵام یەکێ لە پیاوەکان چراکەی لە دەســـت دەرهێنام یەخەمی گرت و لە نێو چاڵەکە دەریهێنام. ئینجا خۆڵیان بەسـەر تەرمەکە داکرد و گۆڕەکەیان پڕکردەوە. کاتێکیش لە ئیشـــەکە بوونەوە، ڕۆناکی داهات. لە زەردەی بەیاندا بینیم گالیســـکەکە لە کۆشـــکەوە هاتبوو. مردووەکەش هەر هی ئەوێ بوو."
ژنەش لە لای خۆیەوە چیرۆکی مێردە گۆڕهەڵکەنەکەی بۆ خزمەتکارێکی کۆنی حەمـام گێڕایەوە، ئیـدی چیرۆکەکە لە حەمـامەوە گەیشـــتە حەرەمسەرا.

دوای مـردنـی وەزیـر بە هەفتەیەک، ئەو خزمەتکـارەی کۆشـــکی خـاوێنـدەکردەوە، کڵاوێکی قووچی دڕاوی لە هۆڵی مینـابەنـدەکەدا دیتبووەوە. کڵاوەکە لە پەنجەرەکە، لەپشـت پەردەکە لە سـەر ناوکەوەکە کەوتبوو. بە نەخشـــە ئاودامانی کڵاوەکە زانی هی وەزیر بووە. کاتێ هەڵیگرتەوە دەســـتەکانی دەلەرزین، لێ نەیوێرا ئەوەی بینی لای کەس بگێڕێتەوە. ئینجـا کڵاوەکەی لەژێر جلەکانی شـــاردەوە بە ترســـەوە

هێنایەوە ماڵێ. لە ماڵێ دەســتێکی پێداهێنا و لەنێو پەڕۆیەکی ڕەش و لە ژێر زەمینە تاریکەکەدا شـاردییەوە. ســێ هەفتەی ڕەبەق قولماتی لە زار نەهاتەدەر، بەڵام ئەو هەموو ماوەیە لە ناخییەوە شـتێک پاڵی پێوەدەنا تا بۆ کەسـێکی باس بکا. شـەوێکیان خەوی لێ نەدەکەوت، بۆیە چووە لای دایکە پیرەکەی، سەری خستە کۆشی و بە گریانەوە گوتی: "من کڵاوێکم لە مـاڵێیە. کڵاوە دڕاوەکەی وەزیرم لە هۆڵی مینـابەنـدەکە دۆزیوەتەوە. لەپشت پەردە لەسەر زەوی کەوتبوو، بەڵام نەخشەکەی دەدرەوشایەوە." هەرچەندە چیرۆکەکەی تەنها بۆ دایکی گێڕابووەوە، لێ هەر چۆنێک بێ شتەکە بەر گوێی ژنەکانی شا کەوتەوە.

ژنەکان هێشـــتا پێویســـتیان بە ڕاســـتییەکی دیکە هەبوو تا کرۆکی بابەتەکەیان بۆ دەربکەوێ.
مەیتەری کۆشــــک نەیدەتوانی لەوە زیـاتر دەمی دابخـا و هیچ نەڵێ. شەوێکیان متمانەی بە کچەکەی کرد و بۆی گێرایەوە: "ئەسپەکەی وەزیر مـاوەیەکی زۆرە لە تەویلەکە ڕاگیراوە. ئەمەش واتـای ئەوە دەگەیەنێ، وەزیر ئەو شـەوە بە سـواری ئەسـپەکەی خۆی هاتە کۆشـک، بەڵام بە هەمان ئەسـپ لێی نەچووە دەرێ. ناوێرم باسـی ئەو یەکسـمە لای کەس بکەم، من لە تەویلەکەدا بەسـتوومەتەوە. ئەسـپەکەش حەجمانی نەماوە، هێشتاش هەر ناتوانم بیهێنمەدەر. تۆ نابێ ئەم ڕازە لای کەس بدرکێنی."
ئەم هەواڵەش گەیشتەوە حەرەمسەرا.
ئیدی ژنانی پاشا هەر سێ ڕاستییەکانیان لەپاڵ یەک ڕیزکرد: "وەزیر لە هۆڵی مینابەندەکەدا کوژراوە."

بۆ شـــەوی پاشـــتر ژنانی شـــا ڕەشـــیان پۆشـــی و لەســـەر قەپەنگی حەرەمســـەرا لەگەڵ لەیەک کۆبوونەوە. قلیانی خۆیان دەکێشـــا و چایان

دەخواردەوە. لەبەردەمیشیان وەک نیشانەی پرسە، سینی پر لە خورمای ڕەش داندرابوو. نیگایان خەمبارانە بوو، بەڵام کەسیان نەگریا و کەسیشیان لەبارەی وەزیرەوە نەدوا. بێدەنگییەک وەک بەردی کەڕە باڵکێش بوو.

٣٩

مەلیچک

پێدەچوو وڵات بێ جووڵە بێ، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست بوو. ناکۆکەکان گوتیـان بە مردنی وەزیر و گیرانی لایەنگرەکـانی وڵاتی لە بەدبەختی پاراســت، لێ ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان لەبارەی ئەوە نەبوو ئاخۆ مردنی وەزیر دەرووی چ بەڵایەکی بەســەردا کردوونەتەوە. پێلێکی بەرگریی بە هێواشی بەسەرتاسەری وڵاتدا بڵاودەبووەوە.

هاوزەمانی ئەو ڕووداوانەش، شەرمین دیار نەما. پاشا هەموو شوێنێکی بەدوا گەڕا، لێ وەک ئەوەی ئاسمان هەڵیکێشـابێ یان زەوی قوتی دابێ، نەدۆزرایەوە. ئەو گومانی لە ژنەکانی هەبوو، پشـــیلەکەیان دزی بێ تا تۆڵەی مردنی وەزیری پێ بکەنەوە. هەر بۆیە داوای لە بەرپرســـی حەرەمســەرا کرد هەموو ژوورەکان، یەک لەدوای یەک بپشـکنێ. لێ هیچ سۆراغێک لە شەرمینەوە نەبوو.

کێ نالێ شـــەرمین خۆی کۆشـــکەکەی جێنەهێشـــتووە؟ تۆ بڵێی چیدی هەســـتی بە ئارامی نەکردبێ؟ تۆ بڵێی لە ژنەکانی حەرەم یان لە خودی پاشا نەترسابێ؟ لەوانەشە شەرمین ڕەگەڵ پشیلە بەڕەڵاکان کەوتبێ؟
شـا هەستی کرد چیدی پشیلەکەی ناگەڕێتەوە. ئەمەش ئازاری دا، بەڵام خۆ هیچیشی پێنەدەکرا.

چەند مانگێک بەســـەر کوشـــتنی وەزیردا تێپەڕی. زۆر جاران شـــا بیری لێدەکردەوە، بەڵام خۆی بە هۆنراوەکانی خەریک کردبوو، تا مێشـــــکی خۆی ســـاف بکاتەوە و پێی ژیر ببێتەوە. ئەوەشـــی بۆ نەچووەســـەر، دوا هۆنراوەشی هەر لەبارەی وەزیرەوە بوو:
کوتکێک هەڵگرە، دیوارەکە بشکێنە
لەم زیندانە ڕاکە
هەڵێ و خۆت بدەرە دەستی هەتاو
وەک ئەوانەی ڕۆیشتن
ئەوانی هەرگیز نەگەڕانەوە.
ویڕای هەموو شتێک، داخ و کەسەر بۆ ڕزگار بوون لە وەزیر تا دەهات زیاتر و زیاتر دەبوو. بۆ کەس نەبوو پرســـە بۆ ونبوونی دابنێ، لێ پاشـا بە بێدەنگی پرســـەی بۆ دانا. دڵی خۆشـــی بەوە دایەوە، گوایە پاشـاکانی پێش خۆشـــی کردەوەی هاوشـــێوەیان کردووە. خۆ پێویســـت بوو یەکێک یەکێتیی وڵاتەکە بپـارێزێ. هەنووکە وەزیر نەمـاوە، ئیـدی خۆی دەبێ کاروباری وڵات بگرێتەدەست، دەسەڵاتەکەی نمایش بکا.
داوای لە شێخ ئاغاسی کرد گەشتێکی بۆ شـاری سوڵتانئاباد بۆ ڕێکبخا. ڕێگەی ســـــوڵتانئابادیش بە شـــــارە پیرۆزەکەی قومدا تێدەپەڕی، ئەو شـــــارەی مەزارگەی مەعســـــومەی پیرۆز، نەوەی پێغەمبەری لێیە. گومبەزەکەی ئەو یەکێکە لە شوێنە دینییە هەرە گرنگەکانی وڵات.

شێخ ئاغاسیش ڕاوێژی به شا دا یەک دوو ڕۆژ له قوم بمێنێتەوە و سەردانی مەزارە پیرۆزەکەش بکا. بەم جۆرە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ گەورە ئاخوندەکانی وڵات پتەو دەکا.
گەشتەکەش دوو هەفتەی دەخایاند، لەو ماوەیەدا پاشا و ژنەکانی له ماڵی بازرگانه دەوڵەمەندەکانی شار دەمانەوە.
قوم شارێکی پیرۆزی گەرم بوو، له لێواری بیابانەکه هەڵکەوتووە. به شێوەیەکی تایبەت له ئاخوند و خزمەکانیان پێکهاتبوو. ئەوەی ڕاستی بێ ئایەتوڵڵا گرنگەکان له قوم دەژیان. پێگەی ئایەتوڵڵاش گەورەتر بوو له ئاخوند و ئەوانەی پێشنوێژیان دەکرد. هەر کەسێک بگاتە ئەم پایە دینییە دەبووایە تەمەنێکی زۆری تێپەڕاندبا. ئایەتوڵڵاکان دەستڕۆیشتوو بوون، ئەوان هەزاران لایەنگریان هەبوو. به شێوەیەکی سادە لەنێو خەڵکدا دەژیان. خەڵکەکەش گوێیان لێدەگرتن. ئەوان له ژیانێکی سادە دەژیان. مزگەوتیش مەکۆی دەسەڵاتەکەیان بوو. له ڕێی سەدان ئیمامی پێشنوێژخوێنەوە کە بەسەرتاسەری وڵات بڵاوبووبوونەوە، دەیانزانی چی لەنێو خەڵکەکەدا دەگوزەرێ. پاشاش لای خۆیەوە ڕقی لەو شارە دەبووەوە، بەڵام مایەی لێتێگەیشتن بوو، لەگەڵ ئایەتوڵڵاکاندا ڕەفتاری باش بێ.
پاشا له قوم کاتەکەی خۆی له قەڵایەکی پەرگەی شارەکە، له شوێنێکی ناوازە لەنێوان دارخورما پیرەکاندا بەسەر دەبرد، به ڕۆژ زۆر گەرم بوو لێ به شەو هەوایەکی فێنک و خۆشی هەبوو. شا حەزی لێنەبوو سەردانی گومبەزە پیرۆزەکە بکا، بەڵام پێویست بوو نیشانی ئایەتوڵڵاکان بدا، ئەو ئەوکەسەیە، به توندی جڵەوی وڵاتەکەی لەدەستە.

به یاوەریی دەستەیەک لە ناودارانی شار، نەخاسمە ئاخوندەکان، سەری لە گومبەزە پیرۆزەکەی مەعسومەی دا و وەک باو بوو شیشەی قەفەزە زێرینەکەی ماچ کرد.
بەدوای ئەویشدا سەری لە مەدرەسە دا، ئەو مەدرەسەیەی ئیمامەکانی پێدەگەیاند، پاشان گەڕایەوە قەڵاکە تا چیدی کەسە پیرۆز و مێزەربەسەر و ڕیشدارەکان نەبینێ.
بۆ سپێدەی ڕۆژی پاشتر درێژەی بە گەشتەکەی بۆ سوڵتانئاباد دا. دەڤەری فەراهانیش کە لە سەد دووسەد گوندێک پێکهاتبوو، شوێنێکی زۆر گرنگ بوو. ئاخر ئەوێ زێدی وەزیر بوو. بۆ ماوەیە چەندین سەدە ڕەچەڵەکی ماڵباتی وەزیری تێدا نیشتەجێ بووبوو. دانیشتوانی ئەم دەڤەرە شانازییان بە خانەوادەکانیان بەتایبەتیش بە خانەوادەی وەزیری کوژراوەوە دەکرد.
کاتێک شا بۆ ڕۆژی پاشتر و لەسەروبەندی گەیشتنە ناو شارەکە، هەموو ئەو پیاوانەی لەسەر ڕێگەی خۆی بینین، لە وەزیر دەچوون. لەوانەیە لەمەدا سەرچیغ چووبێ، بەڵام ئەو پیاوانە هەمان کڵاوی وەزیریان لەسەر بوو، هەمان شێوەی ڕدێنی قەڵەمکراویشیان هەبوو. فرمێسک لە چاوی پاشا هاتنەخوار.
شا ویستی بچێتە بازارە کۆنەکەی شار. پێشتر وەزیر حەزی لە پێڵاو بوو، بەتایبەتی پێڵاوە چەرم ئەستوورەکان، هەر جارێک بە گەشت و کاروان دەرچووبا، بە جووتێک پێڵاوی نوێوە دەگەڕایەوە. پاشاش بە تەوسەوە پەلاری خۆی تێگرتبوو: "دەبینم کاتی ئەوەت هەبووە جووتێک چەکمە بۆ خۆت بکڕی."
وەزیر وەڵامیدایەوە: "ئەوەی من کڕیم هەرگیز ناگاتە ئەو خۆشییەی کاتی خۆی باوکم بۆ یەکەمین جار جووتێک چەکمەی لە بازاڕی سوڵتانئاباد بۆ کڕیم."

هەمووان بەو سەردانەی پاشا سەرسام بوون. دوکاندارەکان نەیاندەزانی چن هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ڕۆڵی شایان لە بێ سەروشوێنکردنی وەزیر بیستبوو.
سەردەستەی پاسەوانەکان هاواری کرد: "*جاوید شاهـا* بژی پاشا!"
پاسەوانەکانیش بە دوایدا گوتیانەوە: "*جاوید شاها* بژی پاشا!
پاشا لای بەهارات و دەرمانفرۆشەکان وەستا و بۆنی گیاکانی کرد، لای مافوورفرۆشێکیش بە ئاماژەکردنێکەوە پرسی: ""ئەم مافوورە لە کوێ چنراوە؟"
بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، لەسەر ڕێڕۆیشتنەکەی خۆی بەردەوام بوو، بەلای چەند دوکانی زێڕ و تەلافرۆشدا ڕەت بوو و ئینجا لێ وەژوور دوکانی پێلاوفرۆشێک کەوت. دەستی بۆ پێلاوێکی قاوەیی کاڵ برد، بۆنی پێستەکەی کرد و پاشان لە شوێنی خۆی دانایەوە. دوای دەستلێدان و پشکنینی چەند جووت چەکمەیەکی دیکە، لە دوکانەکە چووەدەر و پاشان لە لاڕێوە بازاڕەکەی جێهێشت. پاسەوانەکانیش بۆ ساتێک لەبەرچاویان ون نەدەبوو.

شا ویستی سەری کارخانە گەورەکەی مافوورچنین بدا، ئەوەی لە پشتەوەی بازاڕەکە هەڵکەوتبوو. پلانێکی گەورەی وەزیر ئەوەبوو، هانی فرۆشتنی مافووری ئێرانی بدا بۆ دەرەوەی وڵات. هەر بۆیە پرۆژەی دروستکردنی کارگەی مافوورچنین لە شارەکان دابمەزرێنێ. وەک نموونەیەکی پرۆژەکەش، کارخانەکەی سوڵتانئابادی دامەزراندبوو.
بۆ مایەی سەرسامی و خۆشحاڵیی مافوورچنان، پاشا بە یاوەریی دەستەی پاسەوانەکانی سەردانی کارخانەکەیان بکا. پاشا بەجۆش و وروژاو بوو. ئەو ئێستا خۆی لە نێو یەکێ لە خەونەکانی وەزیردا بینیەوە. ئاخر ئەم جۆرە کارخانانە لە ئێرانێ نەناسراو بوون.

دەروازەیەکی نوێ سەریدەکێشا بۆ حەوشەی باخێکی نەریتانەی پڕ لە گۆم و ئەستێلک، هەرچی دەوروبەریشی بوو شوێنی کاری کرێکاران بوو، سەرقاڵی ڕستن و چنینی مافوورەکانیان بوون.
شا لەبەردەم یەکێ لەو شوێنانەی کارکردن وەستا. بە چاوێکی تەواو کراوە لێی ڕوانی. لە بن هەیوانی کارخانەکەدا سەدان کیژ و ژنی گەنج لەپاڵ یەک دانیشتبوون، بەسەرپەرشتیی وەستایان خەریکی مافوورچنین بوون. تا ئەو کات، مافورەکان هەر لە گوندەکان و ژنان لە ماڵەکانی خۆیاندا دەیانچنین، ئاخر بە بیری کەسدا نەهاتبووە ئەو هەموو کچ و ژنانە لە شوێنێک کۆبکاتەوە و کاری مافوورچنینیان پێبکا. پاشا مەیلی لێبوو دەستی بۆ بەرکی بباتەوە و دراوی زێڕینیان بۆ فڕێ بدا، بەڵام سەرنجی دا ئەم خووەی بۆ ئێرە دەست نادا.
ژنانی کارمەند نەیاندەزانی ئەو پیاوە پاشایە، بەڵام پەیدابوونی کەسێکی لایدە شتێکی ئاسایی نەبوو. ئیدی هەردەبێ پیاوێکی گرنگ بێ و لێکەوتەشی بەدواوە بێ. لەپڕێکدا ناوەکەی چرپێنرا. ئیدی بێدەنگیی باڵی بەسەردا کێشان، ژنان نەیانوێرا سەریش بەرز بکەنەوە تا تەماشای بکەن. ئەوان لە شوێنی خۆیان مانەوە، هەر سەیری مافووری بەردەمی خۆیانیان دەکرد. شا بەلای مافووره تەواونەکراوەکاندا ڕۆیشت و نیگایەکی لە ژنەکان بڕی. هەستیکرد دەماری ملی گرژ بوون، چاوەکانی زوورانەوە. لەپڕ وەسووڕا و لەوێ هاتەدەر.

بۆ ڕۆژی پاشتر، بڕیاریدا لەگەڵ پاسەوانەکانی بۆ ڕاوی کەڵەکێوی بچێتە چیا. کێوەکانی فەراهان ژینگەی کەڵەکێوییە بەهێزەکان بوو، بە ئاسانییش ڕاونەدەکران. ئەوان هەمان ڕەنگی تاوێرەبەردەکانیان هەبوو، هەر کاتێک دەنگێکی نامۆ شیان ببیستبا خۆیان لەپەنا بەردەکاندا حەشار دەدا.

دوای ئەوەی نیوەی ڕۆژەکە بەسەر کێوی مەزداراندا هەڵگەڕان، تووشی هیچ نێرییە کێوییەک نەبوون. پێدەچوو ڕاوکردنی چەند کەوێک دوو قازی کێوی قنیاتیان بشکێنێ. شا بەخۆی نیشانئەنگێوێکی باش بوو. ئەو تەقەی لە یەک دوو کەو کرد و خستنیە خوار، ئەمە وایکرد مرخ لە هەڵکشانی زیاتر خۆش بکا تا دەگاتە سەر دوندی کێوەکە. دوای ڕاوکردنی حەوت کەو و نۆ قازی کێوی، کرمی دڵی دامرکا و گەڕایەوە تا چێژ لە کەبابی گۆشتی تازەڕاوکراو وەرگرێ.
لە گەڕانەوەیاندا چاویان بە کەڵەکێوییەکی تەنیا و دابڕاو کەوت. پاشا ئاماژەی بۆ پاسەوانەکانی کرد لە شوێنی خۆیان بچەقن و هیچ نەجووڵێن. بە دووربینەکەی چاوی لەسەر ئاژەڵەکە نەتروکاند. ئینجا بە ئەسپایی دەستی بۆ تفەنگێکی سوارکراو برد. لەکاتێکدا نێرییەکە بە گوێی قولاغەوە بە ئاراستەی ڕاوچییەکەی دەڕوانی، پاشا پلی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی گیر کرد. نێرییەکە سڵەمییەوە، تەنانەت هاوسەنگی خۆیشی لەدەست دا، وەک ئەوەی پێکرا بێ. لێ ئاژەڵەکە تەڕدەستانە خۆی ڕاستکردەوە وەرسووڕا و بە بازی گەورەوە هەڵات. پاشا دوو فیشەکی دیکەشی گرتە کەڵەکە، ئینجا درێژەی بە لێگەڕانەکە دا. ئاژەڵەکە ئاراستەی خۆی گۆڕی و بەرەو دارستانەکە تێتەقاند، لەبەر حوکمی چاوان ونبوو.
شا بە گورگەلۆقە خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی نێرییەکە ئاودیو بووبوو، ڕاوکەرەکانی دیکە هێشتا گوێیان لە دوا تەقە بوو. شا بە سواری یەکسمەکەی پێینەدەکرا زیاتر بڕوا، لەسەر پشتی ئەسپەکەی دابەزی لغاوبەدەستەوە بەنێو دارەکاندا غاری دەدا. نێرییەکە لەپێش شاوە بە مەودایەکی کەم وەستا و ئاوڕێکی لە شا دایەوە ئاخۆ هەر بەدواوەیەتی یان نا. پاشا بە ئۆقرەلەبەرهەڵگیران دیسان تەقەی لێکردەوە، دیسان نەیپێکا. خۆ نەشدەکرا لە بەرانبەر نێرییەکەدا ببەزێ. خۆی هەڵدایەوە

سەر پشتی ئەسپەکەی و بەرەو ئەو تاوێرە بەردە تاویدا، کە وای دەزانی نێرییەکەی لە پشـــتە. بە ئارەقە و هەناســـەبڕکێوە گەیشـــتە قەدپاڵی شاخەکە، کەچی شوێنەواری نێرییەکە نەما.

شـــا بڕوای بە شـــتە خورافییەکان هەبوو، دڵنیابوو لەوەی لەخۆڕا نەبوو کەڵەکە هاتبووە ســـــەر ڕێی. ئاخر ئەو پێنج جار تەقەی لێکرد، ئەمەش زۆر بە دەگمەن دەقەوما. لە حەکایەتە کۆنەکانی ئێرانییدا، مامز و ئاسک و کەڵەکێوی ڕێنوێنی پاشـــاکان بوونە بۆ ســـەرچڵییەکی ڕازدار، ئەم نێریەش ئامانجێکی باڵای هەبووە.

لەبەر ئەوەی ئارەقەی کردبوو، دەیەویست لە جووڵە نەکەوێ. تێنوێتییشی هاتەسەر، لەدوورەوە گوندێکی هاتە بەر حوکمی چاوان. کاتێکیش بەرەو دارەکان لێیخوڕی، لەپشـــت دەوەنە دارەکاندا گوێی لە گریانی منداڵێک بوو. وەســـتا تا ســـەیرێکی بکا. منداڵێکی بچکۆلەی پیس و دژونی تەمەن حەوت ساڵە، بە پێی پەتی لەنێو دەوەنەدارێکدا وەستابوو.

"تۆ کێی؟ بۆ دەگری؟"

منداڵەکە بە جلە شـــڕەکەی باش نەدەهاتە پێشـــچاو. چاوەکانی بە شـــێوازێکی ســـەیر زۆر لەیەک نزیک بوون، گوێچکەکانیشـــی لە باری ئاســـایی گەورەتر دیار بوون، بە هەردوو دەســـتیشـــی مەلێکی توند بە سینگییەوە گرتبوو.

شـــا خەندەیەکی بۆکرد و لە ئەســـپەکەی دابەزی. منداڵەکەش لە گریان وەستا و بەو چاوە عەنتیکانەی تەماشای پاشای کرد.

"لێرە چی دەکەی؟ لە ماڵەکەی ئەوێ دەژی؟" پاشـــا بەدەم ئەم پرســـیارە ئامازەی بە کۆڵێتێکی قوڕینی ســـادەوســـاکاری کرد هەندێک لە خۆی دوورتر کرد.

منداڵەکە هیچ وەڵامی نەدایەوە.

"ئەدی ناوت چییە؟"

دیسان منداڵەکە بێ وەڵام بوو. تۆ بڵێی لە زمانی پاشا نەگەیشتبێ، یان کەڕە بوو؟

"تۆ باڵندەیەکی جوانیشت هەیە، ئەرێ ناوی چییە؟"

منداڵەکە هاتە وەڵام: "مەلیچک."

"ئەوە چیت گوت؟"

جارێکی دیکەش گوتیەوە: "مەلیچک."

پاشا بە دەنگ پێکەنی، چونکە منداڵەکە وشەی پاساری "مەلیچ" بچووک کردۆتەوە و کردویەتییە "مەلیچک".

"پەکوو، چەند گرنگە، ئەوە تۆ وشەیەکی خۆشی نوێت داهێناوە، لەمەوپاش دەبێ لە هۆنراوەکانماندا بەکاریبهێنین. مەلیچک ، جوانە، زۆر باشە بۆ تۆ."

پاشا کلۆ شەکرێکی لە بەرکی شلوارەکەی دەرهێنا و خستیە دەمی منداڵەکە. بە جوینی کلۆشەکرەکە، تامی شیرنایەتی کرد و دەستی پاشای گرت. ئەم دەستگرتنە پاشای وروژاند، هەستێکی متمانەبەخشی پێدا و بە نەرمی دەستی بەسەر سەریدا هێنا. منداڵەکەش سەری بە لاقەکانی پاشاوە نووساند، وەک هەمیشە شەرمینیش دەیکرد.

شا پێی گوت: "تۆ منداڵێکی خۆشەویستی، ها بینا تاریکی داهات، تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە ماڵێ و ئێمەش بە ڕێگەی خۆماندا بڕۆین."

کاتێک پاشا گەڕایەوە لای ئەسپەکەی، منداڵەکەش بەدوایدا هات. "نەخێر ، مەلیچک. وامەکە، بگەڕێوە، بڕۆ ماڵی خۆت."

بەلام منداڵەکە گوتی: "مەلیچک، مەلیچک، مەلیچک!"

شا بە خەنەدوە سەیری کرد. "ئێمە تۆمان پێ جوانە، دەی وەرە با بتبەمەوە ماڵێ." بەدەم ئەم قسەیەوە پەلی کوڕەکەی گرت و بەرزی کردەوە و لە پشت خۆی لەسەر زینی ئەسپەکەی سوار کرد.

لەو کاتەدا دەنگی کچێک هات و بانگی کرد: "دەی براکەم بدەرەوە!

تەڕاشەکە جوولایەوە و کیژۆڵەیەک بەخۆی دوو چاوی ڕەشی گەورەوە و پرچێکی ئاڵۆزوبڵۆزەوە دەرکەوت. پاشـــا هەنگاوێک بۆ لای ڕۆیشـــت، بەڵام کچەکە وەرسووڕا و ڕایکرد.

"هۆ کیژۆڵە! وەرە، براکەت بەرەوە!"

فیسـتانە کەسـکە سـوورگوڵییە درێژەکەی، بە پێخواسـی لەنێو گیاوگۆڵ، ترس لە چاوەکانی و دەنگە نەترسـەکەی سـەرنجی پاشـایان بۆ خۆی ڕاکێشـا. لای کۆڵیتە قوڕینەکەدا کوڕیژگەکەی دابەزاند و پێیگوت: "دەی برۆ ژووری و بە خوشـکەکەت بڵی بادیە[68]ئاوێکمان بۆ بێنێ." بەڵام کوڕیژگەکە لەجێی خۆی چەقی، هیچ خۆی لە گوورە نەبرد.

پاشـا لێبڕاوانە سـواری ئەسـپەکەی بووەوە. تا ئەوکاتیش دەسـتەی نێچیروانە یاوەرەکانی شـوێنپێیان هەڵگرتبوو گەیشـتنە لای. منداڵەکە جارێکی دی، دایەوە پرمەی گریانێ. پیرەپیاوێک لە ماڵەکە هاتەدەر. لەبەر ئەوەی سـوارەکانی لە دووڕرا بینیبوون، مەزنـدەی کردبوو پیاوێکی گرنگیان لەگەڵدابێ. خاکەڕاییانە بۆ پاشـا نوشـتایەوە و پەلی منداڵەکەی گرت و لەوێ لایبرد.

کیژۆڵەکەش بادیە ئاوێکی بۆ پاشـا هێنا. ئاوەکەی لێوەرگرت و بە گومانەوە تەماشـای بادییەکەی کرد. "ئەوە چییە، ئەو ئاوە بۆ ئەوەندە پیسە؟"

"ئەوە پیسی نییە، چەوەندەری شەکرم تێدا شکاندووە."

"بۆچی چەوەندەرەکەت لێ نەپاڕزنیوە؟[69]"

"ئاخر تۆ ئارەقەت کردووە و ئاوەکەش سـاردە، زۆریش تینووی، خۆ ئەگەر بادیە ئاوەکە بەیەک قوم بخۆیتەوە، نەخۆش دەکەوی. پێویستە بە هێواشی بیخۆیتەوە."

---

[68] بادی: دەفری مسین بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێ.

[69] پارزنین: پالاوتن

شا ئاوە شیرینەکەی خواردەوە، چاویشی هەر لەسەر کیژۆڵەکە بوو. پاشان دراوێکی زێڕینی خستە ناو بادیەکە و زرنگەی هات
"ئێمە دەڕۆین!" وەهای گوت و ئاوزینگی لە ئەسپەکەی دا و وەجووڵە کەوت. کوڕیژگەکە لە کۆڵیتەکە هاتەدەر و بە قیژەوهاوارەوە بەدوای کەوت. شا وەستا، منداڵەکەش توند خۆی بە چەکمەیەوە نووساند. کەمێک بیری کردەوە، خۆ ئەو لەو فەراهانە، لە دەڤەری وەزیر. کەڵەکێوییەک ئەوی گەیاندۆتە ئێرە، لای ئەو کۆڵیتە قوڕینە. ئەمە هەموو واتای خۆی هەبوو. ئەو ئاماژەی بۆ یەکێ لە پاسەوانەکانی تەنیشت خۆی کرد تا لێی نزیک ببێتەوە. "ئێمە ئەو کوڕیژگە لەگەڵ خۆمان دەبەین. هەروەها کیژۆڵەکەش."
پاسەوانەکە گەڕایەوە لای کۆڵیتەکە، لێ چووە ژوور، قسەی لەگەڵ جوتیارەکە کرد، کیسەیەک دراوی لە مست نا و مۆڵەتی لێوەرگرت و کیژ و کوڕەکە لەگەڵ خۆیان ببەنە کۆشک. کابرای جوتیاریش بە نەرمی ژنەکەی خۆی دواند، ئەویش بە سەرسامییەوە سەیری پاشای کرد و سەری بۆ دانەواند. دایباب چوونە لای کیژەکەیان، قسەیان لەگەڵ کرد، نێوچاوانیان ڕاموسی. هێستریان لە تەویلە دەرهێنا، کیژ و کوڕیژگەیان لێ سوارکرد و لەگەڵ شادا ڕۆیشتن.
لەپاش پێنج ڕۆژان، کە گەڕانەوە کۆشک، پاشا کیژەکەی ناردە حەرەمسەرا. ناوی لە کوڕەکە نا مەلیچک. فەرمانی بە پەردەدار کرد کوڕیژگەکە باش باش بشۆن.
ئیدی کوڕەکە جێگەی بەتاڵی شەرمینی گرتەوە و ناویشی بووە مەلیچک.

٤٠

تێلێگراف

مەلیچک بووە خۆشەویستی شا. خوشکەکەی چاوی لە کورپژگەکە بوو، ژوورێکی تایبەت بەخۆیان لای خزمەتکارەکان پێدرا. بۆ مەلیچک هەبوو لە کاتی نانخواردنی پاشا بمێنێتەوە و لەسەر زەوی دابنیشێ، ڕێک لەو شوێنەی جاران شەرمینی لێ هەڵدەتروشکا. ژنەکان سەرەتا زگیان بە مەلیچک دەسووتا و لەگەڵی میهرەبان بوون، کەچی ساڵ بەساڵ لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکە، هەراسانتر و بێزراوتر دەبوو، ئاخر لەمنداڵەکانی دیکەی دەدا و ژنەکانیشی بێزار دەکردن. کەسیش نەیدەوێرا پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. مەلیچک لە لایەن شاوە ڕێگەی هەموو شتێکی پێدرابوو، ئاخر ئەو دڵی بە کورپژگەکە دەکرایەوە.

مەلیچک زۆر باشی دەخوارد، خواردنی زۆر نایابیشی دەخوارد، بۆیە هەر زوو هەڵیدا[٧٠] قەڵەو بوو، کێشیشی قورس بوو. ئەو منداڵە نەما، کاتی خۆی لەتاو کەمخۆراکییەوە دەیناڵاند. خزمەتکارەکانیش لەسەر

[٧٠] زوو هەڵیدا: زوو گەورە بوو.

ڕێی نەدەوەســـتان. هەر کاتێکیش بە شـــێوەیەکی چاوەڕواننەکرا و لەبەردەم ژنانی حەرەمسەرادا قیت ببایەوە، هەر زوو کڵۆ شەکرێکیان لە دەمی دەپەســتا. کوڕێژگەکە کتومت هاوشـێوەی پاشـا جلی لەبەردەکرد، هەمان چاکەت، هەمان پێڵاو و هەمان کڵاویش. شـەوانیش هەر لای شـا دەمایەوە تا ئەوکاتەی خەوی دەهات.

هەر زووش چیرۆک لەبارەی مەلیچـک بەســـەرتـاســـەری وڵاتـدا بڵاوبوونەوە. تۆ نەتدەزانی کامەیان ڕاسـتە و کامەشـیان هەڵبەسـتراوە. دەگوترا مەلیچک بۆ دایک و باوکی دەگریا، غەریبی کردبوون، ئیدی پاشا سواری سەر پشتی خۆی دەکرد، هەروەک چۆن گوێدرێژ لەسەر دەست و قاچی دەڕوا، وەهای دەکرد و لە هۆڵی مینابەندەکەدا دەسووڕایەوە.

هیچ کەسـێک پاشـای بە بێ کڵاوە قووچەکەی نەبینیبوو، لێ دەگوترا بۆ مەلیچک هەبوو کڵاوەکەی پاشـــا دابگرێ و یاری پێبکا. هەمیشـــەش منداڵەکە پیس و پۆخل و بۆگەن بوو. ئەو لە ئاوێ دەترسـا و لێنەدەگەڕا بیشۆن.

پاشا بەخۆی لەنێو تەشتێکی گەورەدا دەیشوشت. بە مقەس سەری بۆ چاک دەکرد، چونکە مەلیچک لێندەگەڕا تەنانەت خوشکەکەشی دەست بۆ پرچی بەرێ.

خەڵک دەیگوت پاشـا لێنەدەگەڕا مەلیچک فێرە خوێندنەوە و وێنەکێشـان بێ. ئاخر ئەمە پێویســت نەبوو، چونکە ئەو کوڕێژگەکەی وەک ئاژەڵێکی ماڵی و دەستەمۆ دەبینی. تاکە شت پاشا فێری کردبێ شەترەنج بوو، بۆ ئەوەی پێکای[71] خۆی بدۆزێتەوە تا یاری لەگەڵ بکا و خۆشی لێببینێ.

ئەو یارییشی لەگەڵ شێخ ئاغاسی دەکرد. هەر زوو پاشا ئەوەی پێخۆش بوو، کە گاڵتەی بە ئاغاسـی دەکرد. هەر جارێک شـێخ ئاغاسـی لە پاشـا

---

[71] پێکا: هاوکار، هاوهەر شـــتێکی دیکە.. کاتی خۆی جووت بە دوو گا کراوە، بە هەریەک لەو دوو گاجووتە گوتراوە پێکا.

هاتبایە ژوور، مەلیچک خێرا بۆ لای دەڕۆیشـــت خۆی بە دامەنییەوە دەکرد، لە بەرکەکانی بەدوای شیرینی و نوقڵدا دەگەڕا. دەستی بۆ شاڵی پشـتدێنی دەبرد و دەیکردەوە، ئاخر ئاغاسـی شـاڵەکەی وەک قایشـی پشـتێن بەکاردەهێنا، ئیدی مەلیچک شـاڵەکەی لە کەمەری دەکردەوە و لەنێو ژوورەکەدا یاری پێدەکرد. ئەو پیاوە بەستەزمانەش تا شاڵەکەشی وەربگرێتەوە، دەبووایە بەهێواشـــی بەدوایـدا غـاربـدا، دەنـا لەپڕ دوولینگەکەی دەهاتە خوار. پاشـاش بەدیاریەوە لە قاقای پێکەنینی دەدا. ئەم خۆشییە و پێکەنینە هێندەی دیکە تیختیخەی مەلیچکی دەدا.

شـا خۆشـی بە چارەی شـێخ ئاغاسـی دەهات، بە دەرکردنی وەزیر و دیارنەمانی لە گۆڕەپانەکە، ئەو مەودایە خوڵقا پاشـا هەسـت بە بوونی پاشایەتی خۆی بکا. بە بەراورد لەگەڵ گەورەوەزیری پێشوودا، هەمیشە هەسـتی بە کێماسـی دەکرد. قسـەکانی دایکی هەر لە مێشـکیدا دەزرینگایەوە: "لەبەردەم وەزیردا هەر دەڵێی کارمەندێکی بەرئەمری."
لێ هەنوکە لەگەڵ شـێخ ئاغاسـییدا، ڕۆڵەکان تەواو پێچەوانە بوونەتەوە. ئێسـتا ئاغاسـی کارمەندە بەرئەمرەکەیە. ئەمەش هەسـتێکی زۆر خۆشـی دەدایە شا بەوەی خۆی هەمووو شتێکە. هەر خۆی بڕیاردەرە.
هێشـتا یەک کۆسـپ لەبەردەم پاشـادا مابوو، تا تاکەسـواری مەیدان بێ. ئەویش دایکی بوو. پاشا لە بەرانبەریدا بێدەسەڵات بوو. ئاخر خۆ ناکرێ دایکت بنێرییەوە ماڵێ، ناشـتوانێ لێی بدەی و دەریبکەی، ئەوەش هەر ناکرێ بیکوژی و لەناویبەری.
هەرچی لەبارەی دایکییەوە بوو، دەبووایە جارێ ئارام بگرێ.

ئینگلسـتان لەگەڵ شـێخ ئاغاسـی دەرفەتی گەورەتری لەبەردەسـتدا بوو، لێ لەهەمان کاتدا زەحمەتیش هەبوو. ئەو پێگایەکی بە متمانە نەبوو.

لەندەن بۆ ئەوەی ڕەوتی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی باشتر بخاتە بن ڕکێفی خۆیەوە، باڵوێزەکەی خۆی لە تاران گۆڕی و سێر مالکۆم، سیاسەتوانە بەهرەمەندەکەی لەجێگە دانا. ئەو کابرایە بە مێژووی ئێران سەرسام بوو، تا ڕاددەیەکی باشیش فارسی دەزانی. ئەوەی دەزانی گەنجینەی وڵات بەتاڵ بووە و تێچوونەکانی کاروباری خودی پاشاش زۆر بەرز و قورس بوون.
مالکۆم لە دیدارە فەرمییەکەیدا سەرنجی پاشای بۆ خۆی ڕاکێشا. لە دیدارێکیدا ساچمەزەنێکی ڕاوی پێشکەشی شا کرد، پاشاش بە دەوری خۆی بانگهێشتی باڵوێزیکر بەڵکو گەشتێکی ڕاووشکار بەیەکەوە بکەن.
هەردووکیشیان لەبارەی زمانەوە هەستیار بوون و حەزیان لە شیعر بوو. لە یەکێ لەو سەردانانەی، کە بۆ چاخواردنەوە چووبووە کۆشک، پاشا متمانەی بە باڵوێز کرد و هۆنراوەیەکی خۆی بۆ خوێندەوە:
ئای لە دڵم، چەند مایەی بەبەزەییت
تۆ دەبێ سزای چاویش بگریتە ئەستۆ
ئاخر چاوم خۆشەویستی نەدەبینی
سا چۆن بێتاوانی خۆی دەسەلمێنێ؟
مالکۆمیش سەرنجەکەی خۆی پێگوت: "ئەم شیعرە لە ئاستێکی بەرزی شاهانەیە."
یەکێک لەو کاروبارە یەکەمانەی مالکۆم بۆ پاشای ڕێکخست، دەرهێنانی ڕایەڵەی تێلێگرافی نێوخۆیی بوو لە لیستی پرۆژەکان. لەندەن هەر لە بەراییەوە دژی نەخشەکە بوو، مالکۆمیش مشووری ئەوەی خوارد مانگانە دەرماڵەیەک بۆ بەلاوەنانی ئەم کارە بداتە پاشا.
مالکۆم بۆ ئەوەی لە هەر ئاماژەیەک بۆ بەرتیلپێدان دوورکەوێتەوە، وشەی دەرماڵەی لادا و کردییە باج. بەم جۆرە لەسەر ئینگلستان پێویست بوو مانگانە بڕێک پارە بە ناوی باجی تێلێگراف بداتە پاشا.

پاشــاش پێی شــاگەشــکە بوو، ئاخر هەر لەو گۆڕە و بێ بەرانبەر بڕە پارەیەکی دەهاتە چنگ، وەک ئەوە دیار بوو، خوا لەســەر کارەباشــەکانی پاداشتی کردبێ.

ســـێر مـالکوم پەی بەوە برد، بەبێ هـاوکـاری دەســـتەبژێر، ناتوانێ پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکا. بۆیە شـــازادە دەســـتڕۆیشـــتووەکانی بانگهێشـتی باڵوێزخانە کردن و داوای دڵسـۆزیی لێکردن. بۆ هەر یەکێک لەوانیش کارێکی لە پڕۆژەی ڕایەڵەی تێلیگرافی نیشـتمانی لەسـەر کاغەز پێدان و لە بەرانبەریشدا مانگانە مووچەیەکی بۆ بڕینەوە.
بەم جۆرە ئینگلسـتان ویسـتی خێراتر بۆ جێبەجێکردنی ئەو کاروبارانەی کاتی خۆی لەگەڵ وەزیردا نەخشـە و پلانیان بۆ کێشـابوو، بێتەدەسـت. چەند هەزار پیاوێکیان لە لادێکاندا خسـتنە گەڕ تا دارەکان ببڕنەوە و بە سـەدان گەنجی تـارانیش فێرکران چۆن سـتوون و کێبلی تێلێگراف ببەسـتن. وەسـتای تەلارسـازی هەموو وڵاتیشـیان بانگکردن و خڕیان کردنەوە بۆ ئەوەی بە دەیان نووسـینگەی تێلێگراف لەسـەر رێگای گەیشتن بە هیندستان دروست بکەن.

پاشـا هیواخواز بوو بە هەڵپەسـاردنی هێڵی نیشـتمانی تێلێگراف، کارێکی وەهـا بکـا ڕەعیەتەکەی دووردەخـاتەوە لەو زانیـارییـانەی لەبـارەی دوا پێشـکەوتنەکان ڕوویانداوە. خۆی ئەمە بیرکردنەوەیەکی سـادە بوو. بازرگانەکان ئەوانەی گەشـتی دەرەوەی وڵاتیان دەکرد، بە چیرۆکی زۆر سـەرنجڕاکێش لەبـارەی بەرهەم، کـارخـانە، شـار، گۆرەپان، پرد و ڕۆژنامەکان دەگەڕانەوە.

لەو شوێنەی پاشای لێهاتبوو، لە هەموو لایەک سەری زمان و بنزمانی خەڵک هەر ئەو باسوخواسانە بوون. تەنانەت لە بازنەی دەورەی دەرباری پاشایەتییشدا بووبووە گرنگترین بابەتی قسەوباس.

شازادەکان لە گفتوگۆکانیاندا چەمک و زاراوەی نوێی ئینگلیزی و فرەنسییان دەردەبڕی تا خۆیانی پێ بابدەن کە ئاستیان چەند باڵایە. هەمووان هەوڵیان دەدا ئەوە نیشان بدەن، شتێکی نوێی بینیوە یان بیستوویەتی.

پاشان لە ڕێگەی سەردانێکی بۆ ئیسفەهان، تووشی پیاوانی ئێرانی بوو بە بەرگی کاری شینەوە خەریکی ڕاچاندنی کێبڵ و دەزگای تێلێگراف بوون. لە دەروازەی ئیسفەهاندا هەیتە و یاساوڵی بە یەکبەرگییەکی نەناسراوە بینین. پێی سەیر بووە ئەو هەموو هەیتە و یاساولانەی هەبوو، کە نەیزانیبوو. کاتێکیش لێیپێچییەوە، بۆی دەرکەوت ئەوانە هەیتە و یاساوڵی شارەکە نین، بەڵکو پاسەوانی نووسینگە و دامودەزگای هێڵی تێلێگرافن.

بە پرسینی خۆی سەردانی کارخانەیەکی کرد، کێبڵ و دەزگای تێلێگرافییان قایم دەکرد. دیاربوو وڵات بە بەرچاوی ئەوەوە دەگۆڕا. ئەمە هەراسانی کرد، ئاخر بیری کەوتەوە کاتی خۆی وەزیری کوژراو پێیگوتبوو، هەقە سەردانێکی ئینگلستان یان فەرەنگستان بکا بەڵکو بە چاوی خۆی و لەنزیکەوە پەرەسەندنە پیشەزسازییەکانی ئەوێ ببینێ. لێ ئەو هەمیشە ئەو بیرۆکەیەی ڕەتدەکردەوە. ئاخر چۆن دەتوانێ بە دڵێکی ئاسوودەوە سەفەر بکا، لەکاتێکدا چارەنووسی هەرات بە داوێکی باریکەوە بەندە و لەسەنگی محەک دایە، هەروەها ئەدی چی بکا ئەگەر خەڵکەکەی خۆی لێی هەڵبگەڕێنەوە و جڵەوی دەسەلات بگرنەدەست؟

لە کاتی سەردانەکەی بۆ گوندەکانی دەوروبەری ئیسفەهان، بینی چۆن گوندنشینان لای ستونی تێلێگرافەوە وەستان و سەرگەرمی باسوخواسن

لەگەڵ یەکدی. ئاخر چۆن دەبێ چەند دانەیەک لە ستوون و کێبڵەوە بەم جۆرە خەڵکی بورووژێنن؟

- "خۆی ئەمە پەڕجووە، ئەوان قسەکانت دەخەنە نێو کێبلەکە و لە چاوتروکانێکدا دەینێرنە دیوەکەی دیکەی دونیا."
- "چ وشەگەلێک دەنێرن؟"
- "پێموابێ وشەی ئینگلیزی یان ڕوسی."
- "ئەدی وشەی فارسی؟"
- "نەخێر، پێموابێ ناتوانرێ بنێردرێن."
- "خۆی ئەمە فەرمانی پاشای ئینگلستانییە. ئەو شتێک دەڵێ، ئیدی ئەوان لە ڕێی ئەم کێبلانەوە ڕەوانەی سەرتاسەری دونیایێی دەکەن."
- "ئەرێ دەکرێ پاشاکەی ئێمەش ئەو کێبڵانە بەکاربهێنێ؟"
- "پێموانییە بتوانێ."
- "بۆچی نا؟"
- "ئاخر ئەمانە بۆ ئێمە دانەنراون، ئەمانە کێبڵی بریتانیین. پاشا تەنیا زەویەکی بەکرێداوە، تا ئەوان ستونەکانی خۆیان تێدا بچەقێنن."

جوتیارەکان بە ئاوەزمەندیی شا سەرسام بوون، ئەویش وەهای خۆنیشان دا، گوایە بە مەبەست خۆی بە ڕێگەی تێلێگرافدا هاتووە تا کاروباری ڕاچاندن و دانانەکەی بپشکنێ.

شێخ ئاغاسیش هەمان ڕوانینی شاژنی دایکی سەبارەت بە هێڵی تێلێگرافەوە هەبوو.

شاژن گوتی: "بریتانییەکان زیاتر لە دووهەزار کیلۆمەتر کێبڵیان بەنێو خاکی ئێمەدا بردووە. هەزاران داریشیان لەبنەوە بڕیەوەتەوە تا دارتێل و ستوونەکانی تێلێگراف بچەقێنن. تۆ بڵێی ئەوان ئەو هەموو شتە بۆ ئێمە بکەن؟ نەخێر، ئەوان بەسەر پشتی ئێمەدا خێراتر دەگەنە هیندستان. ئەدی باشە بۆچی ڕێگەمان پێداون؟ هەر ئەوکاتەش پرسیارەکەم کرد و

ئێستاش تا ئەو کاتەی وەڵامەکە وەردەگرمەوە هەر هەمان پرسیار دەکەمەوە."

"دایکە لەبیرت چووە، بریتانییەکان باشووری وڵاتیان داگیرکردووە. ئێمە دەبێ دانوستان بکەین. هاوکاریکردنمان لەبارەی پرۆژەی تێلێگراف دەبێ وەک هێمایەکی گۆڕانی ڕۆژگار ببینرێ." پاشا وەها وەڵامیدایەوە و کۆتایی بە دەمەتەقێیەکە هێنا.

ئەو خێراییەی وڵاتەکەی پێ کێبڵڕێژ کرا، لە خەیاڵدا نەبوو. بریتانییەکان چرای گازییان هێنابوو تا کرێکارەکان بتوانن لە شەویشدا کاربکەن. کاتێک خەڵک بۆ بەیانییەکەی لەخەو هەڵدەستان، دەیانبینی کرێکارەکان سەدان دارتێلی دیکەیان داچەقاندووون.

کاتێکیش بارەگای سەرەکی تەلەگراف لە تاران تەواو بوو، سێر مالکۆن بە فەرمی داوای لە پاشا کرد شوێنەکە بکاتەوە. پاشاش بەم بانگهێشتکردنە زۆر شاگەشکە بوو. شا بە خۆی و یاوەرەکانی و تۆپەکەی هاتە سەر بۆنەکە. وەک پێشوازیلێکردنیش دەستەیەک لە سەربازە موزییکژەنە هیندییەکان پارچە موزیکێکی خۆشی سەرکەوتنیان بۆ لێدا.

سێر مالکۆم پاشای بەخێرهێنا، چوکلاتێک، کە لە کاغەزێکی ڕەنگتەڵایی وەرپێچرابوو، لە بەرکی درهێنا و دایە مەلیچک.

ڕاڕەوی بارەگاکە بەقەد مافوری ئێرانییەکان بە ئاڵای بریتانیشەوە ڕازابووەوە. لەژێر نیگای تاسەمەند و مەراقی مێوانە گرنگەکان، سێر مالکۆم دوانێکی بە زمانی فارسی دا، تێیدا پەسنی پاشای دا بۆ ئەو هاوکارییە ناوازەی ئەو دۆستایەتییە گەرمەی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتیی بریتانییەوە هەیەتی. لەسەر سینییەکی زێڕین مقەسەکەی هەڵگرت و دایە

دەستی پاشا تا شریتەکەی پێببڕێ. پاشاش سەرێکی بەنێو باڵەخانەکەدا کرد و ئامێری تێلێگرافەکەی بەسەرکردەوە.
بەدەم چێژوەرگرتن لە خواردنەوەی پیاڵەیەک لە چای ئینگلیزی لە باخچەی پشتەوەی بارەگاکە، سێر مالکۆم بە قسەیەک پاشای سەرسام کرد.
"بەبۆنەی ئەو ڕووداوە مێژووییەوە ئینگلستان بایەخێکی تەواو بە منداڵەکانی شا دەدا، بەتایبەتیش بە مەلیچک، بەڵام دەکرێ منداڵەکانی دیکەی خاوەنشکۆش لێی سوودمەند بن."
پاشاش گوتی: "ئێمە بەو شتە خۆشحاڵین."
مالکۆم درێژەی بە قسەکەی دا و گوتی: "ئەم دیارییە هێمای بەرەو پێشووەچوونە. ئەمە ئامێرێکە تازە لە پارکەکانی لەندەن دامەزرێنراوە. شتەکە بۆ منداڵان دروستکراوە، بەڵام مرۆ تێبینی ئەوەی کردووە، لە لەندەن چەند منداڵان، ئەوەندەش دایکان بەکاریدەهێنن."
بەم سەرنجە مالکۆم ئەوەی نیشان دا، دیارییەکە بۆ ژنانی حەرەمسەراشە.
"من بۆ ئەو ئامێرە هیچ وشەیەکی فارسییم بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بە ئینگلیزی لای ئێمە پێیدەڵێن سلاید Slide یان سلیپ Slip.[72]"
پاشا بەدەم وەڵامدانەوە: "با بزانین چۆن دەبێ." چاوی گێڕا تا بزانێ ئاخۆ ئامێرەکە لەوێ دانراوە یان نا.
"دیارییەکە دەگەیەنرێتە کۆشک."

بۆ هەفتەی دواتر، دوو گالیسکەی بارکرا و بە تەختە و لەوحە ئاسنی درێژ گەیەنرانە کۆشک. ئەندازیارێکی ئینگلیز و پێنج تەکنیکاری هیندی لەگەڵ بوون تا دڵنیابن لەوەی ئاسن و تەختەکان لەکاتی گواستنەوە

[72] مەبەست خشخشۆکە. وەرگێڕ.

دانان‌دا زیانیان پێنەگا. کەســـیش نەیدەزانی ئەو تەختە ڕەنگدەرەوانە بەکەڵکی چی دێن، هەریەکە لە ئاســـتی خۆیەوە شـــتێکی دەگوت، وەک ئەوەی مەتەڵێک هەڵبێنێ: "لەوانەیە ئەو پارچانە بۆ دەزگای تێلێگراف بن."
"وا دیارە پاشا تێلێگرافی تایبەتی بە خۆی دەبێ."
"ئەم شـــتانە فڕیان بەســـەر تێلێگرافەوە نییە، پێموایە دەرگا دارینەکەی کۆشک لێدەکرێتەوە، ئیدی ئەم ئاسنانەی لەجێگەدا دەنێن."
"خۆ ئەگەر ئەو هەموو پارچە ئاسنانەیان بەو زەحمەتییە بە وڵاتدا گێڕابێ تا گەیاندبێتیانە و ئێرە، هەردەبێ شتێکی گرنگ بێ."

پاشا بڕیاری دابوو دیارییەکە لە حەرەمسەرا دابنێن، چونکە ئەگەر ژنانی لەندەن خۆشـــی لێببینن، دەکرێ ژنانی حەرەمســـەراش پێیان خۆش بێ. دەمودەستیش ناوێکی فارسی بۆ ئامێرەکە داهێنا، ناوەکەش تاڕاددەیەکی زۆر وەرگێڕانی دەقاودەقی وشەی "سلاید Slide": *سورسورە* بوو. ئەو داهێنانی وشـــەکەی بە دەســـتکەوتێک زانی، وشـــەیەک بەتەواوی واتای چالاکییەکەی دەردەبڕێ: "*سـورسـورە*: تۆ دەخلیسـکێی و تا کۆتاییەکەی لەگەڵی دەڕۆی."
ئەو ڕۆژە هەموو ژنانی حەرەمسەرا بۆ مەزاری عەبدولداود نێردران. بۆ ئێوارە درەنگ گەڕانەوە، شا ویستی بە سورسورە (خشخشۆک، لەیلوک) غەفڵەتگیریان بکا.

ئەندازیارە بریتانییەکە و یاریدەرە هیندیەکان هەموو ڕۆژەکە خەریکی دانانی بوون و کارەکەشـیان بەجێگەیاند. ئەوان ڕێرەوێکی دووروودرێژی خشـخشـۆکیان بە هۆی دینگەی ئاسـنینەوە بە دیوارەکانەوە چەسـپاند تا وەک خانوویەک لە شـوێنی خۆی جێگیر بوەسـتێ. کاتێکیش هەموو شـت ئامادەکرا، بریتانییەکە بۆ سـەلماندنی کارەکە لێ وەسـەر پلیکانەکە کەوت

و له سەرەوەڕا لەخشخشۆکەکە نیشت و تا خوارەوە ڕانەوەستا. پاشان هەر پێنج تەکنیکارە هیندییەکانیش هەمان شتیان کرد.
دیارییەکە لە شوێنی خۆی دامەزرێنرا و سازوتەیار بوو، پاشاش بەم دیارییە تایبەت و جیاوازییەی بریتانییەکان بێ سنوور کەیفخۆش بوو. سێ دراوی زێڕینی دانە ئەندازیارە بریتانییەکە سەر و دراویشی دایە تەکنیکارە هیندییەکان. ئێستا ئەو بەتەنیا لە دیار ئەو خشخشۆکە زەبەلاحە وەستاوە. شا فەرمانی کرد چەند دۆشەکێک لە خوارووی خشخشۆکەکە دابنێن. ئینجا دەستێکی لەسەر کەلەکە دانا و سەیرێکی خشخشۆکەکەی کرد، ئێستا ساز و ئامادەیە. بە ئەسپایی بەسەر پەیژەکان خۆی گەیاندە سەرووی خشخشۆکەکە، دانیشت، ئینجا بە جوانی بۆ خواروی خوارەوە خشا.
کاتێک بە نەرمی لەخوارەوە کەوتە سەر دۆشەکەکان گوتی: 'نایابە!'
بە ئۆقرەلەبەربڕاوییەوە چاوەڕێی هاتنەوەی ژنەکانی کرد. شا بە خۆ و مەشخەڵی دەستییەوە لە پێشوازییاندا بوو، ئەوانیش لەخۆیان پرسی ئەرێ بۆچی هەموو چراکانی حەرەمسەراکە کوژێنراونەتەوە.
ئینجا پاشا بە شانازییەوە ڕایگەیاند: 'خانمان، *سورسورە* بۆ چاورەڕێتان دەکا. دەی بەدوامدا وەرن!'
ئەو لە پێشەوە ڕۆیشت و دەرکەی حەرەمسەرای کردەوە.
'خانمان، بە دوای ئێوەدا!'
ژنان لە حەرەمسەرا چوونەژوور. لەبەر تیشکی چرا و لە سێبەری ڕەنگدانەوەی دینگە و تەختەی خشخشۆکەکەدا، ژنان شتێکی زل و زەبەلاحی ئەفسووناوییان لە ناوەڕاستی حەرەمسەرادا بینی. چرای زیاتر هێنران، ئینجا مەلیچک لە سەرووی خشخشۆکەکە بەدەرکەوت، بۆمایەی سەرسامی لەبەر چاوی هەمووان بە قیژەقیژەوە لەسەرەوە تا خوار

خۆی خشـــــانـد و بە کەیف و زەوقەوە لە خوارەوە کەوتە ســـەر دۆشەکەکان. پاشان شا ژنەکانی لەوێ بەجێهێشت و خۆی هاتەدەر. لەپشتەوە گوێی لە هەراوزەنا و قرتەی پێکەنین ژنەکانی بوو. دوو دڵۆپ فرمێسکی گەورەی خۆشی کەوتنە سەر ڕوومەتی. "ئیدی لەوانەیە ئێستا وا پێویســت بکا ســەردانی ئینگلســتان بکەم." ئەمە قســەی پاشــا بوو بە مەلیچکی گوت، کە بە زەحمەت لەکۆڵ خشخشۆکەکەیان کردبووەوە.

٤١

هێنان و ناردن

هەنووکە کێبڵی تێلێگراف بەسەر هەزاران دارتێل و ستوونەوە بەنێو وڵاتدا ڕەت دەبوو. بە شێوەیەکی نازدارانەش لەگەڵ دیمەنی سروشتەکەی دەهاتەوە. ڕوسەکان لە کاتی جەنگەکەی هەرات لەگەڵ بریتانییەکان ڕێککەوتبوون، پاشاشیان خستبووە پشت بەردی کەڕە، چاوەڕێی ئەوەیان لە ئینگلیز نەدەکرد ئەو نەخشەیەی بۆ ئێرانیان دانابوو جێبەجێی بکەن.

ئەو جەنگە بێدەنگەی نێوان ڕوسیا و ئینگلستان لە لایەن بریتاییەکانەوە بردرایەوە. خۆ ئەگەر ڕێگەی ئاسنیش لە کەنداوی فارسییەوە بۆ هیندستان لێبدرێ، ئەوا هەر دەبووایە ڕوسەکان لە دوورەوە تەماشاچی بن. هەربۆیە هەموو شتێکیان دەکرد تا کۆسپ بخەنە بەردەم لێدانی ڕێگەی ئاسنینی بریتانی. ئەوەیان بە شا ڕاگەیاند، گوایە بە پێچەوانەی بریتانییەکانەوە ئامادەن هێڵی ئاسنینی نیشتمانی بۆ ئێران لێبدەن.

به هۆی بەردەوامی شەڕوشۆڕ، هیچ پاشخانێک بۆ بازرگانی و زانست نەمابووەوە. بەتایبەتیش لەو سەد ساڵەی رابردووەوە، شتێکی وەها بایەخدار هاوردە نەکرابوو، بەهەمان شێوەش هیچی وەها نەنێردرابوە دەرەوە، لێ لەو کاتەی گۆڕانکارییە مەزنەکانی ڕۆژئاوا ڕوویاندا، کەشتییەکانیان بە پڕی دەهاتن و بازاڕی ئێرانیان پڕ لە کاڵای بریتانی کرد.

بازاڕی شارەکانی باکووری وڵاتیش هێشتا هەر سەروسەودایان لەگەڵ بازرگانە ڕوسەکان بوو. لەوێ هەر بەرهەمی نوێ، کە لە مۆسکۆ و سەنت پترسبورگەوە دەهات، دەفرۆشرا.

لەبەر ئەوەی ئینگلیز دەسەڵاتیان بەسەر بەشی خوارووی وڵاتدا دەشکا، ئیدی ڕوسەکانیش لە بەشی باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە لێیان داکوتا. ئەوان بەنیازبوون بەندەرەکان بۆ کەشتییە ڕوسیەکان نۆژەن بکەنەوە. باڵوێزی ڕوسیا لەبارەی گومرگەکانی باکووری وڵات، کە بەهۆیەوە پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوت، پێشنیازێکی خستە بەردەم پاشا.

بە شێوەیەکی بنەمایی پاشا نەیدەویست هیچ شتێکی لەگەڵ ڕوسەکاندا هەبێ. ئەو هێشتا هەر لەبەر ئازاری ئەزموونی شەڕی هەرات دەیناڵاند. لێ هیچ بژاردەی بۆ نەمابووەوە. وێڕای ئەمەش نەیدەتوانی لەبەر تەماعی برە پارەی قەبە خۆی بگرێ.

ڕاوێژکارەکانی پێیانگوت هەق نییە چیدی باڵوێزی ڕوسیا پشتگوێ بخا، ئاخر ئەوان دەیانزانی، قڕاڵ لەنێو وڵاتەکەی خۆی لەژێر فشاردایە، بۆیە لەگەڵ ئێران ئامادەی سازشکردنە.

ئیدی پاشاش ڕێگەی دا باڵوێزی ڕوسی بێتە دیداری.

چیرۆکی خشخشۆکەکە گەیشتبووە مۆسکۆ و باڵوێزی ڕوسیاش دەیەویست لە لایەن خۆیەوە بە دیارییەکی ناوازە پاشا سەرسام بکا.

پاشــــا خۆی وەها نیشــــانی باڵوێز دا، بەرامبەریان بێباکە، بۆئەوەی ســــەرنجی ئەوەیان لا بوروژێنی، هێشــــتا ناپاکییەکەی هەراتی لەبیر نەچووە.
ڕوســــیش هەروەک بریتانیا یەکێ لە دیپلۆماتە بە ئەزموونەکانی خۆیان ناردە تاران. ناوی باڵوێزە نوێیەکە دیمیتری چۆڤۆلفســکی بوو. ئەو کتێبێکی لەبارەی مێژووی پەیوەندییەکانی ڕوسی-ئێرانی بڵاوکردبووەوە. لەپاش ئەوەی پاشــا و باڵوێزەکە چایان خواردەوە و هەندی قســەی ڕێز و میوانداریيان لەگەڵ یەکدی ئالوگۆڕ کرد، چۆڤۆلفســکی بە پرســیارێک پاشــــای غافلگیرکرد: "من چەند پۆرترێتی مـاڵباتی قڕاڵم لەگەڵ خۆم هێناون، ئاخۆ خاوەنشکۆ نایەوێ بیانبینێ؟"
شــا بۆ دیتنیان هەدادانی نەما، بەڵام هەر بەکورتی ســەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقـاند. دیمتری چۆڤۆلۆڤســکیش دەســــتی بۆ جـانتـاکەی برد و ئەلبوومێکی ئاواداماتزێری لێدەرهێنا و پۆرترێتێکی ناوازی قڕاڵی نیشـان دا.
"کەشخەیە". ئەمە تاکە وشە بوو کە بۆ پاشا هات و بە باڵوێزی گوت.
لێکچوونە پۆرترێتەکە بە کەســی ماخۆی ڕاســتەقینەکەی خۆی بە قووڵی پاشای هەژاند و باندۆری خۆی لەسەر دانا. ئەمەیان هەر بەتەواوی لەو پۆرترێتانە جیاوازبوو، کە تا ئێستا بە قەڵەمدار کێشرابوون، ئەوانەی ئەو دیتبوونی. لە لاپەڕەی دووەمی ئەلبوومەکە چـاوی بە ژنێکی کەژەی جوانی شانومل ڕووت کەوت. بێ دوودڵی ژنی قڕاڵ بوو. شا دەستی بە دەمییەوە گرت و نەرمەکۆکەیەکی کرد و هەندێ بێ باکانە لاپەڕەکانی ئەلبوومەکەی هەڵدانەوە.
"ئەگەر پۆرترێتەکان بەدڵی خاوەنشــکۆ بێ، دەکرێ وێنەگرێکی ڕوســـی ڕابسـپێرم بێتە ئێرە و پۆرترێتی پاشـا لەنێو کۆشـکدا بگرێ و بە نەمری بیهێڵێتەوە، ئەمەشم وەک دیارییەکی قڕاڵ لێوەربگرن."

پاشــا دەســتبەجێ وەڵامی نەدایەوە، ئەو ئەلبومی وێنەکانی لە لایەک دانا و یەک دوو پرســیاری پەیوەندییەکانی ڕوس بە بەندەرەکانی باکوورەوە لە باڵویز کرد. لە ڕوخســـارییەوە دەخوێندرایەوە حەزی لێ نییە گوێ لە ڕوونکردنەوەی پڕ لە وردەکاری بگرێ.
کاتێکیش چۆڤۆلفســـکی ویســـتی کاغەزێکی لوولدراو بکاتەوە، وێنەیەکی باڵەخانەی گومرگەکەی نیشـــان بدا، پاشـــا چیدی حەوســـەڵەی نەما و پێیگوت: "دەکرێ بۆ ئەمە دیدارێک لەگەڵ وەزیرەکەمان ڕێکبخەن."

یەک دوو مانگ دواتر، وێنەکێشـــێکی ڕوســـی بە گالیســـکەیەکی تایبەت گەیشتە تاران. لە کۆشک دابەزی. کاتێکیش مەیتەرەکە ویستی ئەسپەکەی لە گالیســـکەکە بکاتەوە، ڕاشـــکاوانە بە مەیتەرەکەی گوت؛ پێویســـتی بە یارمەتی ئەو نییە. کابرا کەسێکی سەیربوو بەخۆی و ڕیشی تاشراو و سمێڵێکی کشتنەکراو. پاشان دەستی لەپشتەوەی گرێدان و بەرەو لای حەوزەکە ملی لێنا و بە پیاسە بۆ لای باخەکە ڕۆیشت.
پاشا لەپشت پەنجەرەوە سەرنجی دابوو. کابرا وەهای خۆ دەنواند وەک ئەوەی لە کۆشکەکە ژیابێ.
وێنەکێشـەکە بایی ئەوەندەی دەزانی پێویسـت نەکا ئەو پرسـیار لە پاشـا بکا، بەڵکو پاشـــا بەخۆی پرســـیار لەو بکا. کاتێکیش وادەی خۆی هات، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدا.
پاشا بە هێواشی لێی چوەژوور. کاتێک وێنەکێشەکە ئاوڕیدایەوە و بینی، شەپقەکەی بەرزکردەوە و کەمێک بۆی دانەویەوە و گوتی: "خاوەنشکۆ!"

بۆ ماوەی هەفتەیەکی ڕەبەق پاشـــا لەهەموو ســـوچێکی کۆشـــکەکەوە وێنەی گیرا، تەنانەت مەلیچک و تاج ســـوڵتانی کیژە نازەنینەکەی، کە زۆری پێنەچوو مێردی دەکرد. هەروەها وێنەکێشـــەکە وێنەیەکی پاشـــای

لەگەڵ ژنەکانیشـیدا گرت، تۆمارەکە دیمەنەکەی بۆ هەتاهەتایە پاراسـت، ژنەکانیش هەموویان لەچک و بورقایان پۆشیبوو.
کـابرای ڕوس پەی بەوە برد، خەریکە بەشـێک لە مێژووی ئێران تۆماردەکا و دەسـەلمێنێ. هەر بۆیە بە ئەسـپایی بە دوای شـوێن و دیمەنی ناوازە و بێوێنە دەگەڕا تا بە کامێراکەی بیانگرێ.
بەهۆی هێزی قەنـاعەتپێهێنەرانەی بـاڵای ئەو، بێ کێشـە توانی بچێتە حەرەمسـەرا. ئەمەش یەکەمجار بوو کەسـێکی غەوارە پێی بنێتە ئەوێ. شتەکە وەها کەوتەوە تەنانەت ئەوە بە مێشکی پاشاشدا نەهات ڕێگەی لێبگرێ. کاتێکیش ئەو زنجیرەیەک وێنەی ژنەکانی کێشـا، زانی وێنەکانی گەواهیدەری بێوێنەن بۆ واقیعێکی نادیار. ئامێرەکەی دەسـتی ڕۆژگاری قفڵ دا.
بۆ دوو دیمەن کـابرای وێنەکێش کـاتێکی زۆر و کـارامەییەکی زۆری پێویست بوو. یەکێکیان، وێنەی دەستەیەک لە ژنە ڕووپۆشەکان، ئەوانەی بە بازنەیەک لەسـەر زەوی دانیشـتبوون قلیانیان دەکێشـا، هی دیکەشیان پۆرترێتێکی پاشـا بوو لەسـەر کورسـی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کورش، پاشای پاشایان لەسەری دانیشتبوو.

زۆر دوای ئەوەی وێنەگرەکە ئەوێی بەجێهێشتبوو، لە مۆسکۆوە کتێبێکی وێنەدار گەیشـتە باڵوێزخانەی ڕوسـی لە تاران و ئەوانیش دەبووایە بیگەیەننە دەسـتی پاشـا. دیمتری چۆڤۆلۆڤسـکی بە دڵێکی پڕ لە هیواوە ئەلبوم و گرێبەستەکانی گومرگی ڕوسی-ئێرانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بە سواری ئەسپەکە بەرەو کۆشک ڕۆیشت.
پاشـا پەڕەکانی گرێبەسـتەکەی هەڵدانەوە، بە وریاییەوە چەند بڕگەیەکی تاوتوێکردن و یەک دوو پرسـیاریشـی لەبارەوە کردن. ئینجا کاغەزەکانی لە لایەک دانـا و گوتی: "ئێمە لەگەڵ کەسـانی پەیوەنـدیدار لەبـارەی

نەخشەکانی ئێوە قسەمان کردووە. بە شێوەیەکی گشتی پێشنیازێکی تۆکمەمان هەیە. لە ماوەیەکی کەمدا وەزیرەکەمان پەیوەندیتان پێوە دەکا. ئیمە بە پەیوەندیی نوێی نێوان هەردوو وڵات دڵخۆشین."

دوای ئەم قسانە، دیمتری چۆڤۆلۆڤسکی ئەلبومەکەی لەنێو جانتاکەی دەرهێنا و دایە دەستی پاشا، ئەویش بە پەرۆشەوە پەڕەکانی هەڵدایەوە.

بە وشکییەوە ئەو تێبینییەی دەربڕی: "ئێمە لێی ڕازین."

ئینجا زەنگەکەی لێدا و بانگی مەلیچکی کرد و وێنەکەی خۆی نیشان دا.

شا پێی گوت: "مەلیچک، ئەوە تۆی."

دیمیتری چۆڤۆلۆڤسکی دەرفەتەکەی قۆستەوە تا دیارییەک بداتە کوڕێژگەکە: "ئەگەر خاوەنشکۆ ڕێگە بدا، دیارییەکی بچکۆلەشم بۆ مەلیچک هێناوە." دیارییەکەش دەمانچەیەکی یاریی مندالان بوو.

شا دەمانچە ساختەکەی لێوەرگرت، پشکنی، لوولەکەی لە مۆمێکی سەر مۆمدانێک کرد و تەقەی لێوە هێنا. دەمانچەکە دەنگێکی گەورەی لێوەهات، مەلیچک لەبەری سڵەمییەوە. پاشاش پێکەنی.

ئینجا دیمیتری سەری بۆ پاشا دانەواند.

٤٢

بەرگری

کێشکە و پاسارییەکان بە شڵەژاوییەوە دوای تەوابوونی کاری تێلێگراف لەسەر دارتێل و کێبلی تیلێگرافەکە نیشتنەوە و وەک ئەوەی پێشتر هەرگیز لە شوێنێکی وەها نەنیشتبنەوە. لە چریکە و خوێندنیان وەها دیاربوون کەیفیان سازە. لەپاڵ کێشکە و پاساری، منداڵانیش دڵیان پێخۆش بوو. گوێیان بە دارتێلێکەوە دەنا و بە بەردێک لێیاندەدا و زرینگەیان لێوەدەهێنا، گوایە بەم شێوە لەگەڵ یەک پەیوەندییان دەگرت، یارییەکەیان یارییەکی ئەفسووناویی بوو، هەرگیز لێی تێرنەدەبوون.

دیاربوو ئەو کار و چالاکییەی دوابەدوای تێلێگرافەوە هات، هێز و هیوای بەخشییبێتە هەمووان. مەلیچک کە ڕقی لە جووڵە و ڕۆیشتن دەبووەوە، هەنووکە بەخۆی و یاریی دەمانچەکەی هەر لە جرتوفرتدا بوو، نیشانەی لە نۆکەر و قەرەواش و ئاشپەز و پشیلەکان دەگرت و هەر یەکێک تووشی هاتبا تەقەی لێدەکرد. کەسیش نەیدەوێرا ڕێگەی پێبگرێ.

تەنانەت شـێخ ئاغاسـییش کاتێک دەچووە لای پاشـا پێویسـت بوو دان بەخۆیدا بگرێ.
جارێکیان ئەو کورپژگە خەپەیە سێرەی دەمانچەکەی لە تاج سـوڵتانیش گرت. هەستیشی کرد ناتوانێ کارێکی وەها بکا، لێ تاج سوڵتان لێنەگەڕا ئەم کارەی چەند بارە بکاتەوە.
کەسێکی دیکەش هەبوو، دەبووایە مەلیچک لێی دوورکەوتبایەوە. ئەویش ئەفسـەرێکی گەنج بوو، لەم دواییانەدا زوو زوو پاشـا بانگی دەکرد و لەگەڵی دادەنیشـت. ئەفسـەرەکە سـەر بە هەمان هۆزی پاشـا بوو، هەر هەمان نازناوی خانەوادەشـی هەبوو. ئەم ئەفسـەرە لە شـەڕی هەراتدا ئازایەتییەکی زۆری نواندبوو، ئەمەش هەر لە بیری پاشـادا بوو. ئەو پاداشـتی ئەفسـەرە ئازاکانی کرد و نازناوی عەینولدەولەی دابوونێ، دەقاودەق واتای چاوی دەوڵەتی دەگەیاند. پێدەچوو ئەم عەینولدەولەیەش بۆ تاج سوڵتان شیاوترین پیاو بێ.

پاشـا هێشـتا بەتەمەندا نەچوو بوو، بەڵام فشـاری ئاوەزمەند و ڕیشـسـپییانی هۆزەکەی خۆی بۆ دیاریکردنی جێنشـینێک لەسـەر بوو. ئەوان پێیانوابوو نابێ بەختی سـەرۆکایەتیی هۆز و وڵاتەکە بۆ ڕێکەوت و چـارەنووس جێبهێڵێ. ئەو دەبووایە لە مـاوەیەکی کورتـدا نـاوێکی بۆ ئەگەری دەستنیشانکردنی جێنشینێک پێبووایە.
پاشا بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ڕێژەییانەی سەقامگیریی وڵات، بڕیاری دا ئەم پرسە چارەنووسسازە خێرا یەکلابکاتەوە. شا نیازەکەی خۆی بۆ ڕیشسپییەکان ئاشکرا کرد و پرسوڕای سەبارەت بە ئەفسەرە گەنجەکە لێکردن. ئەوانیش هەر یەکسـەر پەسـەندیان کرد و دەسـتخۆشـییان سەبارەت بەو بژاردەیە لێکرد.

ئەندازیارە بریتانییەکان لە جموجۆڵی خۆیان نەکەوتن. ئەوان بە هیوا و گەشـــبینییەوە لە نموونەی خـاکی هەڵکۆڵراویـان کۆڵیەوە و هەوڵیـانـدا ئەنجامەکەی لە چاوی دنیای دەرەوە بشارنەوە. لێ کەموکوڕی ئەوان بۆ کار و چالاکی لە پارێزگاکانی باشـــوور و بەتایبەتیش ڕاچاندنی کێبڵی تێلێگراف، کە بەســـــەر مزگەوت، ماڵ ، حەمام و ڕوبار و داروبەرد و بەرزاییەکان دەڕۆیشت، خەڵکی بەئاگا هێنایەوە.

پاشا خەمی ئەوەی بوو خەڵکەکەی بکەونە بن باندۆری دەرەکی. لەپشت ســـەری ئەوەوە هێشـــتا بنەماڵە دەوڵەمەندەکان و بازرگانە گەورەکانی بازار کوڕەکانیان بۆ مۆســـکۆ، لەندەن، پاریس، بۆمبای و ئینســـتەنبول دەنارد.

دەســـتەیەک لە پیاوە بەهرەمەندەکانی ئێرانی هەســـتیان کرد ئەرکێکی نیشـــتمانییە بگەڕێنەوە وڵات و ڕابەرایەتیی هاوڵاتییەکانی خۆیان بکەن. کەســـە هەرە گرنگەکەی ئەم دەســـتەیە پیاوێک بوو بە ناوی جەمال خان ئەســـتارئابادی، کە بە جەمال خان ناسـرا. لەو کاتەی بۆ یەکەمین جار لە لەندەن قیتار کەوتە گەڕ، ئەو لەوێ بوو. ئەو لە بێرمینگهام ســـەردانی چەندین کارگەی ئاســـن و پۆڵای کردبوو، هاموشـــۆی قاوەخانەکانی کردبوو، لەگەڵ کرێکاراندا قاوەی خواردبووە و بازاڕی قســـەی گەرم کردبوو و لە کۆبوونەوەکانیشیان بەشدار بووبوو.

جەمال خان بووبووە برادەری وەزیریش، هێشتا لەژیاندا مابوو، نامەیان بۆ یەکدی دەنارد و ئاگایان لەیەک بوو. جارێکیان لە سەنت پەترسبورگ و جارێکی دیکەش لە باکۆ یەکدیان بینیبوو. خۆی هەر ئەو جەمال خانە بوو دانەیەکی لە دەستوری فرەنسی بۆ وەزیر ناردبوو.

مردنی وەزیر ئـازاری جەمـال خـانی دا، بەڵام خۆ ئەوە بۆ ئەو مـایەی ســـەرســـامی نەبوو. ئەوکاتەی ئەوان لە باکۆ یەکدیان بینی، ئەو وەزیری

لە ئەگەرێکی وەها ئاگاداركردبووەوە. هەردووكيان هەستيان بەوەكردبوو، ولات پێویستی بە قوربانیدان هەیە بۆ ئەوەی هەنگاوێک بچێتە پێشەوە. جەمال خان دەیزانی وەزیر چۆن كوژراوە و لەكوێش خراوەتە ژێر گڵ.
خەڵكی ئاسایی جەمال خانیان نەدەناسی، بەڵام ئەو لەنێو ڕۆشنبیران لە ولاتانی ڕۆژهەڵات وەک سیاسییەكی بیرمەند ڕێزلێگیراو بوو. وتارەكانی لەبارەی بەئاگاهاتنەوەی گەلانی ولاتە موسوڵمانەكان لە دەرەوەدا بە شێوەیەكی تاسەمەند دەخوێندرانەوە.
ئەو یەک دو ساڵانیش لە میسر ژیا، پاشان چووە توركیا تا لە ئێران نزیک ببێتەوە. ئیستەنبول خاڵی وەرچەرخانی هزری نوێ بوو، شوێنێک بوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەیەكەوە گرێ دەدا. جەمال خان لەوێ هەستی دەكرد نامۆ نییە، لێ ڕووداوەكانی ئەم دواییانە داخوازبوون بگەڕێتەوە ولات.

باوكی جەمال خان ئایەتوللایەكی بەناوودەنگی تاران بوو، هەر بۆیە كوڕەكەی پەیوەندیی باشی لەگەڵ ڕەوت و بزووتنەوە ئیسلامییەكان هەبوو. زۆری پێنەچوو پێگەیەكی ڕێزلێگیراوی لە مزگەوتی ناوبازاڕ وەک وتاربێژ پێدرا. هەموو ڕۆژانی هەینی، كاتێک ئیمام پشنوێژی بۆ دەكردن، ئەویش قسەی بۆ نوێژكەرانی مزگەوتێ دەكرد، گوێگرەكانیشی بەزۆری لە بازرگان و دوكاندارانی ناو بازاڕ پێكهاتبوون.
ئەو قسەكەرێكی بەهرەمەند و لەبلەبان بوو، لەبەر ئەوەی باسی بابەتگەلی دیكەشی دەكرد، نەوەک هەروەک ئاخوندەكانی دیكە هەر بە تەنیا یەک شتی سواو بجوێتەوە، بۆیە خەڵكی بەتاسەوە لە دەوری خڕدەبوونەوە. چیرۆكی لەبارەی بازرگانیی جیهانی دەگێڕایەوە، كە چۆن بازرگانانی جیهانی ڕۆژئاوا بە یارمەتی تێلێگرافەوە بە ملیۆنان پارەیان

بۆ دەگەڕێتەوە و قازانج دەکەن، چونکە پێویستی نەدەکرد بەخۆیان سەفەرە دوورودرێژەکانیان بکەن، بەڵکو کارەکەیان بە کورتە پەیامێکی تێلێگراف مەیسەر دەبوو. ئەم قسەوباسانە تا دەهات بازنەی گوێگرانی بەفرەوانتر دەکرد. ئەو چاوی خەڵکەکەی کردەوە و تا دەهاتیش زیاتر لەبارەی گەندەڵیی شازادەکان و سیستمە شکستخواردووەکەی خۆیان بوێر و بوێرانەتر دەدوا. بە ماوەیەکی کەم لە تاران بووە ناوێکی ناسراو. قسەکانی ئەو لەسەر زاروزمانان دەگوازرایەوە بۆ یەکدی و لە هەموو وڵاتەوە بانگهێشت دەکرا تا قسەیان بۆ بکا و وتاری خۆی بدا.

شەوێکیان دوای نوێژ لە مزگەوتی هەینی تاراندا، لە یەکێ لە وتارەکانیدا دابەزییە سەر ئینگلستان: "خەڵکینە، بەسیەتی سووکایەتی. ئەگەر ئێمە ڕایەڵەی تێلێگرافی نیشتمانی خۆمان نەبێ، با بریتانییەکانیش تێلێگرافەکەیان لەم وڵاتەدا لابەرن و بیگوازنەوە."

ئەمە پەیامێکی نائاسایی بوو. تا ئەوکاتە خەڵک وەها باسی تێلێگرافی دەکرد وەک ئەوەی شتێک بێ لە دەرەوەی ئەوان بێ و بۆ ئەوان نەبێ. ئێستاش جەمال خان بە کراوەیی نیگەرانییەکانی خۆی لەبارەی دارتێلەکانی بریتانی لەسەر خاکی نیشتمان دەردەبڕێ.

خەڵکەکەش قسەکانی ئەویان پشتراست دەکردەوە: "ئەو ڕاست دەکا، باشە ئەگەر ئەو دارتێلانە بۆ ئێمە نەبن، چیمان داوە لەو هەموو دارتێلانەی تێلێگراف؟"

- "خۆ ئەگەر ئێمە نەتوانین کێبلی ئەو تێلێگرافە بەکاربهێنین، باشە چ پێوست دەکا، بەم شێوەیە بەسەر خانوبەرەی ئێمەدا بڕوا."

لەو مزگەوتانەی جەمال خان قسەکانی خۆی تێدا دەکردن و بازنەی وتووێژەکانی تێدادەبەست، خەڵکەکە لەسەر ڕیزی پێشەوە بۆ ئەوەی بە باشی گوێی لێبگرێ، قەرەپەستێنەیان بوو. دوای قسە و وتارەکانی ئەو

لەنێو مزگەوتێدا خەڵکیش بەدوای ئەودا قسەی خۆیان دەکرد: "ئەوی ئەو دەیڵێ ڕاستە. ئاخر خەڵکێکی زۆر لەو وڵاتە نەخۆشن، کەچی نە داودەرمان و نە پزیشک، هیچمان نییە."

- "هەرگیز بیرم لێنەکردبووەوە، بەڵام ئێستا هەقە بپرسین، ئەرێ بۆچی ئەوەندە خەڵک هەن بێ کاروکەسابەت؟"
- "خۆ ئەگەر پیشەسازیی نوێ بێتەناومان، ئەوا هەموو شتێک باشتر دەبێ."
- "ئەو ڕاست دەکا، ئێمە هەموومان شایستەی ژیانێکی باشترین."

پیاوەکانی دەوروبەری شا لە جەمال خان بەدگومان بوون، هۆشداریان لەبارەی مەبەستە شاراوە و تەمومژەکانی داین. پاشاش هێشتا شتەکەی وەها نەدەبینی سەری خۆی پێوە بێشێنێ. ئێستاش کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەریەک لە بریتانیا و ڕوسیا پەیداکردووە، ئەوا لە جاران زیاتر دەستی لە تەخت و تاجەکەی گیرکردوە. هەڵبەتە چاو و شۆڤاری بە دوای ئەو قسەکەرە نوێیەدا ناردن بزانن چی دەڵێ و ئاگاداری بکەنەوە، داوای لە سەرۆکی پاسەوانانی شاریش کرد چاودێری بکا. شتێکی دیکەش بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی پاشا. خۆئامادەکردن بۆ زەماوەندی کیژە خۆشەویستەکەی خۆی، شووکردنی تاج سوڵتان بەتەواوی هەموو وەخت و کاروچالاکی ئەوی بۆ خۆی بردبوو.

تاج سوڵتان لە فروغی دایکی هەواڵی دەستنیشانکردنی ئەفسەرێک لە لایەن شاوە بیست تا ببێتە دەزگیرانی و هەروەها نیازی باوکی بۆ ئەوەی زەماوەندەکەیان بەزووترین کات ڕێکبخەن. کاتێکیش پاشا کچەکەی بانگی لای خۆی کرد، تا لەبارەی مێردی ئایندەی قسە بکا، ئیدی بە گریانەوە کەوتە سەر دەست و پێی باوکی و گوتی: "بەڵام باوکە، خۆ ئەو پیاوە چەند ژنی دیکەی هەن."

دەستبەجێ پاشا وەڵامی دایەوە: "منیش هەمە. ئێمەش ژنی زۆرمان هەن.
- "من لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە، ئەو پیاوێکی باش نییە. ئەو کەسێکی ترش مۆن و تووڕەیە، دەست لە ژنەکانی خۆی بەرزدەکاتەوە."
- "ئەو لە تۆ نادا، ئەگەر کارێکی وەهاشی کرد، بە پەتی قەنارەی هەڵدەواسم"
کچە بە پاڕانەوە: "باوکە من ئەوم خۆشناوێ."
پاشاش هاتەوە وەڵام: "تۆ زیاد لەبەرەی خۆی پێت ڕاکێشا. دەبێ واز لە بۆڵەبۆڵ بێنی. چییە دەڵێی ئەو کتێبە فرەنسییانە چاوی تۆیان لەبارەی ژنومێردایەتی کردۆتەوە. کچەکەم، شتەکە هەر تایبەت نییە بە تۆ، بەڵکو پرسەکە بە هۆزەکەمانەوە پەیوەستە. تۆ ئەم کارە لەپێناو نیشتماندا دەکەی. ئاگاداربە، شتێکی وەها نەکەی تووڕەمان بکەی."

دوای ئەو سەرکۆنەکردنەی شا، دەستەیەک لە ژنە بەتەمەن و بە ئەزموونەکانی هۆزەکەی پاشا سەری تاج سوڵتانیان دا تا وەهای لێبکەن بۆ ئەرکەکەی سازوئامادە بێ. ئەوان توانییان وەهای لێبکەن بچێتە لای باوکی و داوای لێبوردنی لێبکا.
پاشاش سەری ماچ کرد و بە دڵخۆشییەوە پێیگوت: "ئێستا کاتی *ئاشپەزونێکی* گەورەیە."
شا خۆی وشەی ئاشپەزونی داهێنابوو. واتاکەشی ئەوەبوو؛ بە هەموان سوپێکی چەوری ئێرانییانە لێبنێین.
شا حەزی لە سووپ بوو. ئەو هەمیشە بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕا تا *ئاشپەزون* ڕێک بخا. کاتێ شا جاری دەدا *ئاشپەزونی* دەدا، ژنانی حەرەمسەردا کەیفیان دەهات. ئەوان ئەمەیان بە ئاماژەیەکی کەیفسازی و میزاجخۆشی دەزانی و کەشێکی ئاهەنگئامێزی وەهای دەخوڵقاند،

ســێبەرەکەی بۆ چەندین هەفتە بەســەر حەرەمســەراوە دەمایەوە. ئیدی ململانێ و شـــەڕەدەنووک و دەمەقاڵێ لابەلای نێوخۆیان بەلاوە دەنا، هەموویان دەست لەناودەست تا خواستەکەی شا بەدیبێنن.
بە شـــێوەیەکی ئاســـایی ئەوان شـــێویان بۆ شـــا و منداڵەکانی لێدەنا، بەرماوەکەشیان دەدایە نۆکەر و پاسەوانەکانی کۆشـک، لێ ئەمجارەیان پاشـا ویسـتی بە شـێوەیەکی زۆر گورتر و بەرفراوانتر بێ. ئەو ویسـتی ســـوپەکە بەســـەر هەژارانی شـــاردا دابەش بکا، وەک بەلاگێرییەکی شووکردنی کچەکەی بەڵکو لە گیانی بەدی بپارێزی.

بۆ ڕۆژی ئاشـــپەزونەکە، پاشـــا بەیانییەکەی زوو لەخەو هەڵســـا و لە حەرەمســـەرا ئامادە بوو. هەر ڕاسـتەوخۆ لە دەرکەی کۆشـک چادرێکی گەورە هەڵدرا، هەژارەکانی شـــار، هەر یەکەیان ئامانێک و مەنجەڵێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، لەســـەر شـــوێنگرتن قەراپەســـتانێیان بوو. لە پاشـخانی حەرەمســـەرادا بیسـت مەنجەڵی قفڵداری گەورۆنە گەورۆنە بە دوو ڕیز لەســـەر ئاگر دانرابوون. بۆنوبەرامەی ســـووپەکە دەمار دەڕۆیشت. هەمووان سـەرقاڵی پاککرنەوەی سـەوزە، پارچەپارچەکردنی گۆشت و ئامادەکردنی دەرمان و بەهارات بوون.
لە کاتی ســـازکردنی ئاشـــپەزوندا، ژنان پێدەکەنین، ســـەمایان دەکرد و گۆرانییان دەگوت و بە یەکتریان ڕادەبوارد. ئەو بایەخپێدانەی پاشـــا زیاتر دەیبەژاندن و دڵی خۆشـدەکردن. ئەو بە بەژن و بالا و خشـڵ و خۆرازاندوەیانی هەڵدەدا و دڵداریی لەگەڵ دەکردن.
تاج سـولْتانیش جلی ئاهەنگی پۆشـین، بە شـێوەیەکی تایبەتیش خۆی بە منداڵەکان ســـەرقاڵ کرد. هەرچەندە ژنەکان هەر هەموویان ئیرەییان پێدەبرد، لێ دەیانزانی لە دڵەوە بەختەوەر نەبوو.

پاشـــا تا دڵی کچەکەی خۆش بکا و زەوقی بکاتەوە، دەســـتەیەک لە ژنە مۆزیکژەن و گۆرانیبیژانیشـــی بانگهێشـــت کردبوو. کاتێکیش ئەوان بە مۆزیکەوە لە کۆشـک هاتنەژوور، تاج سـوڵتان گەشـایەوە، پاشـا ئاماژەی بە مۆزیکژەنەکان کرد بوەســـتن. ئینجا ڕووی کردە ژنەکان و گوتی: "خانمان، هەر شـتێک پێویسـت بوو بیکەن، جلی جوان جوان لەبەربکەن. چونکە کەمێکی دیکە ئاهەنگێکی زۆر گەورەمان دەبێ."

بە ئاماژەی ئەو، مۆزیکژەنەکان دەســـتیاندایەوە ئامێرەکانی خۆیان. پاشـــاش کیژەکەی خۆی ماچ کرد و دەســـتی گرت و بەیەکەوە چوونە ســـەر مەنجەڵەکان تا هەر یەک هەندێ ســـەوزەی تێبکەن و پیرۆزبایی شاهانەیان لێ بخوێنن.

پاشان پاشا چووە سەر کورسی پشوودانەکەی دانیشت و پیاڵەیەک چا و قلیانیان بۆ هێنا. دوو کڵۆ شـەکری خسـتنە دەم، قومێکی لە چایەکە دا و قلیانەکەشی لەسەر کێشا.

لەو قاپە ســووپەی بۆیان هێنا، یەک دوو کەچکی تێوەردان و تامی کرد. سەرنجێکی دایە ژنەکان بەوەی سوپەکە تامی خۆشە.

دوای خواردنەوەی چایەکەی، لەبەر قلیانەکە کەمێک ســـەری گێژ بوو، لەبەر تینی هەتاویش بۆرژا، ئیدی قاچەکانی لێ ڕاکێشـــان و ســـەری بەســـەر بالیفدا کرد وویســـتی چاوی گەرم بکا. لی هێشـــتا خەوی لێنەکەوتبوو، لەپڕ لە تەقەی تفەنگێک بە شڵەژاوی بەئاگا هاتەوە. ئەمەش کاری مەلیچک بوو نەیهێشت پشوو بدا.

پاشا بە پێکەنینەوە بانگی کرد: "هەی چەتوونی بچکۆلە!"

بەوەی شـا لەوێ بوو، مەلیچک وێرای زیاتر شـووڵ لێهەڵبکێشـێ. چەند لاساری و شـێتایەتی زیاتر دەبوو، ئەوەندە شـا دڵی پێ خۆشـتر دەبوو. ئیدی ســـێرەی لە ژنان گرت. ئەوانیش بە قیژەوە هەڵدەهاتن، لەکاتێکدا

ئەوان شرینییان بۆ فڕێدەدا تا خۆیان لە شەڕی لابدەن، ئیدی شا لە بەر پێکەنینی دەکەوتە سەرپشت و ئاوی لەچاو دەهات.

بۆ دوای نیوەڕۆیەکەی، کاتێک پاشـــا و ژنەکانی و منداڵەکان تێروپڕیان خوارد، ئینجا ژنەکان کشـــانەوە نێو حەرەمســـەرا. ئینجا دەســـتەیەک لە پاسەوانان ئەوەی لە سوپەکە مابووەوە بۆ خەڵکەکەیان برد.
لەســـەر بانی کۆشـــکەکە پاشـــا بینی حەشـــاماتەکە چۆن بۆ خواردنەکە تێکقژقژاون، چۆن خۆیان بۆ پێشـــەوە ڕاپێش دەکەن. پاســـەوانەکانیش بێهوودە هەوڵیـــان دەدا بیـــانگەڕێننەوە دواوە و ڕیزیـــان بکەن. لەو جەنجاڵییەدا یەکێ لە پیاوەکان پاڵی بە یەکێ لە پاســـەوانەکانەوە نا و بە پاســـەوانێکی دیکە کەوت، کە مەنجەڵی ســـووپەکەی لەدەســـت بوو. کابرا هاوسەنگی خۆی لەدەست دا، مەنجەڵەکەی لەدەست کەوت و سوپەکەش ڕژا.
ڕەوشـــەکە لەدەســـت دەرچوو، پاســـەوانەکان بە دار و تێلای دەســـتیان وەرگەڕانە خەڵکەکە لێدە ئەمما لێدە، خەڵکەکەش بە قـاپ و قـاچـاخی دەســـتیان لە ســـەری پاســـەوانەکانیان دایەوە. مەنجەڵە گەورەکانی پڕ لە ســـووپ بە گۆڕی وەربوون و لە پشـــتەوەی چادرەکەشـــەوە مەشـــخەڵی ئاگر بەرزبووەوە. سەردەستەی پاسەوانەکان لەو پاشاگەردانییەدا تەقەی بەهەوادا کرد. هەر بـابـا بوو لە ڕاســـــتی خۆیەوە هەڵـدەهـات و پاسەوانەکانیش ڕاویان دەنان تا ئەو کاتەی ئارامی بۆ ئەوێ گەڕایەوە.
پاشـاش لە شـوێنی خۆی بێ جووڵە سـەیری سـووپە بەتامەکەی دەکرد، کە لەسەر زەوی جۆگەلەی بەستبوو.

٤٣

جەمال خان

پشێوییەکەی ئاشپەزونەکە پاشای نیگەران کرد. بە دڵنیاییەوە هەر دەبێ دوێنێ جەمال خان و هاوبیرەکانی خۆیان بە شێوەی هەژار و دەرۆزەکەر شکڵگۆڕکردبێ و خۆیان خستبێتە نێو ئەو حەشاماتە و هەراکەیان نابێتەوە. ئەوان ئەو پشێوییەیان پەیداکرد، ئاخر ئەوان یەکەمین کەس بوون بە ڕووی هەیتە و یاساوڵەکاندا هەڵشاخان و شەڕیان کرد.

لە ڕاپۆرتێکدا ئەوە بە ڕوونی خرابووە ڕوو، گوایە جەمال خان بەرپرسیاری ڕژاندنی مەنجەڵەکانی سوپ بووە، ئاخر ئەو لە کاتی ڕاپەڕینەکەی گەلی ڕوسیا، لەوێ بووە و شارەزایە. هەروەها هەر ئەویش بوو، ئاگری لە چادرەکە بەردا و سووتاندی.

بۆ بەدواداچوونی ئەوەی ئاخۆ لە شارەکانی دیکەش ئەو هەرا و پشێویە ڕوویداوە، پاشا فەرمانی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەرفراوان کرد.

هێشتا وڵات خاوەنی دەزگایەکی ڕێکخراوی ئاسایشپارێز نەبوو، تا دەستبەجێ بتوانێ نەیار و گومانلێکراوەکان ڕاو بنێن و سەرکوتیان بکا. دەبووایە بەرپرسی ئاسایشی شارەکان هەموو ئەو کەسانەی چووبوونە

دەرەوەی وڵات بانگ بکەن، بیانپشــکنن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن و چاودێرییان بکەن، ئینجا ڕاپۆرتی خۆیان بدەنەوە. پاشـــا ئەم کارەی پێ شتێکی دژوار بوو.

لە دوای دوو مانگ، کاتێک پاشـــا دۆســـیەکەی خرایە بەردەم، چاوەڕێی ئەوەی نەکرد تا بە تەواوی لێی بکۆڵێتەوە. ســەرۆکی ئاسـایشـپارێزی هەر شـارێک ئەوەی بە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێشـانە تێبینی کردبوو، کە دەستەیەک لە گەنجانی شـارەکە بە بەردەوامی لەگەڵ یەک کۆدەبنەوە تا ڕەوشی وڵات هەڵبسەنگێنن و باسی لێوەبکەن. لە هەموو ڕاپۆرتەکانیش ئەوە دەرکەوتبوو، لەهەر دەستەیەک لەو دەستانەی شارەکان، یەک یان دوو کەسی تێدایە، کە لە دەرەوەی وڵات ژیابن و پاشان گەڕاونەتەوە.
پاشـا سـەرەتا لە کاتی بەرپابوونی هەراوزەنای ئاشـپەزوندا، کە بەهۆی هەژار و نەدار و دەرۆزەکەران قەومـابوو بە ڕێکەوتی دەزانی، لێ هەنووکە ئەو ڕاپۆرتانەی دەخوێندنەوە، پەی بەوە برد ئەمەیان بایەکی پێشوەختەی گەردەلوولی ناڕازیبوونە. بەدەستەسرەکەی ئارەقەی سـەر نێوچاوانی سڕی، هەڵوەدای هەوایەکی فێنک و سازگار بوو. ئاخر ئەو لە وڵاتەکەی خۆی پشـــێوی و هەرای وەک ئەوەی لە ڕوســـیا ڕوویدا، نەدەویســـت. ئەو هەمیشـــە لەوە دەترســـا، ئەو کەســـانەی بۆ خوێندن چووبوونە دەرەوە، لە دەسەڵاتەکەی هەڵبگەڕێنەوە. ڕووداوەکەی سووپ لە کاتی ئاشـــپەزوونەکە و ناواخنی ئەو هەموو ڕاپۆرتانە، ترســـەکەی پشتڕاستکردەوە.
ئەو جارێکی دی دەســـتیدایەوە ئەو ڕاپۆرتانەی پێشـــتر لەبارەی دوان و قســـەکانی جەمال خان بۆی بەرزکرابوونەوە، بەڵام ئەو ئەوکات بەهۆی ســـەرقاڵی بە شـــووکردنی کچەکەی فەرامۆشـــی کردبوون. لە یەکێ لە دۆســـیەکاندا، ڕســـتەیەک لەبارەی جەمال خانەوە نووســـرابوو، بووە

مایەی هۆشداری: "ئەو ئەو کەسە یاخییەیە هەر لە بۆمبایەوە تا میسر، پەیوەندی لەگەڵ ڕابەرانی هەموو نەیارەکانی هیندستان لە موسڵمان و هیندییەکانەوە هەیە و نامە و نامەکاری لەنێواندا هەیە."
شا دەمودەست بانگی سەرۆکی هێزی ئاسایشپارێزی تارانی کرد. بە ئاستەم توانی دەمارگرژییەکەی خۆی جڵەو بکا، لێ سەرەتا ئەو یەک دوو پرسیاری گشتیی لە پیاوەکە لەبارەی شارەکەی لێکرد. وەردە وردە سەری قسەی هێنایە سەر ڕووداوەکە.
"ئێمە ڕاپۆرتەکەی ئێوەمان خوێندەوە، ئێستا باش گوێ لەو پرسیارانەم بگرە و وەڵامی بێ پێچوپەنام بدەرەوە. ئایا تۆ لەوە خاترجەمی جەمال خان ڕۆژی گۆڕینێ[٧٢] لەنێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا بوو؟"
کابراش بە زمان تێکئاڵاوی گوتی: "بەڵێ، خاوەنشکۆ، لە ڕاستییدا، لە ڕاپۆرتەکەدا، بەڵێ، بەڵێ، بە دڵنیاییەوە."
"کەواتە نەخێر." شا ئەمجارە توندتر پێیگوتەوە: "پرسیاری دووەم. ئایا دڵنیای لەوەی، ئەو کەسەی مەنجەڵە گەورەکەی ڕژاند دەرۆزەکەر نەبوو، بەڵکو پیاوێک بوو ماوەیەک لە مزگەوتێ ژیابوو؟"
"ئەوەی ڕاستی بێ، چاوەکانمان، لە ڕاپۆرتەکەدا هەموو شتێکم ..."
پیاوەکە هەوڵیدا بە دەنگێکی پچڕپچڕەوە ڕوونی بکاتەوە.
پاشا پێیگوتەوە: "دیسان، نەخێر."
کابرا سپی هەڵگەڕا و چاوەڕێی پرسیاری سێیەم بوو.
شا هاواری بەسەرداکرد: "بڕۆ ئەو جەمال خانە بگرە! بۆمی بێنە ئێرە و وای لێبکە لێرە بکەوێتە سەر دەست و پێم. پاشان دەزانین ئاخۆ ئەم ڕاپۆرتانە ڕاستن یان نا."

[٧٢] ڕۆژی گۆڕینێ: ڕۆژی قەومانەکە، ڕۆژی مەبەست.

جەمال خان دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات، لە ماڵی باوانی لە تاران دەژیا. ئەو لە مزگەوتان قسەوباسەکانی خۆی دەکرد، وەک ئەوەی تاکە چالاکیی ئەو بێ. ژێربەژێریش تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ سەرتاپای چالاکوانەکانی وڵات ڕاچاندبوو. ئەم کردەیەشی زۆر بە هێواشی بەڕێوەدەچوو، چونکە بەدەست چوونە شارەکان گیری خواردبوو. ئەم کارەشی تا بتوانی کەسانی لێهاتوو بۆ مەبەستەکەی کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخا زیاتر لە ساڵێکی دەخایاند.
وردەوردە لە شارە گەورەکاندا مەکۆی وەها پەیدابوون تێیدا ڕەوشی سیاسیی ناوەخۆ و گۆڕانکارییەکانی وڵاتە دروسێکانی وەک ڕوسیا و هیندستانیان تێدا دەهێنایە گۆڕێ.
دوای فەرمانی گرتنی جەمال خان، دەستەیەک لە هەیتەکانی پاشا بە نیوەی شەو بەسەر ماڵی باوانی جەمال خانیان دادا، لێ ئەویان لەوێ نەدۆزیەوە.

سەرۆکی هێزی ئاسایشپارێزی شا پیاوەکانی خۆی لە شارە گەورەکان ئاگادارکردەوە و زانیاری لەبارەی جەمال خان پێدان، بۆ ئەوەی هەر کەسێک بەو ڕوخسار و خاسییەتانەی بەردەست کەوت، بیگرن. بەڵام لەو وێناکردنە تەمومژاوییانەی درابوو کتومت پیاوەکەی پێ نەدەناسرایەوە، لەوەش پۆلکتر[٧٤] نەیاندەزانی لە کوێ بەدوایدا بگەڕێن تا بیگرن و ڕاپێچی بکەن.
هاوڕێکانی جەمال خان وتار و شوێنی وتاردانیان بۆ ئامادە دەکرد. ئیدی لەپڕ و بەبێ ڕاگەیاندن لە نوێژی هەینیی مزگەوتێک پەیدا دەبوو.

---

[٧٤] پۆلکتر: بەدتر، خراپتر.

کـاتێکیش ســـەروســـەکوتی یـاســـاوڵەکـانیش پەیـدا دەبوو، لەنێو گوڕدەمەکەدا[75]خۆی دەشاردوە، تێ بزر دەبوو، نەدەکەوتەبەر.
لەو شـــوێنەی جەمال خان بۆ یەکەمین جار وتاری خۆی دا، باســـی پێشـــکەوتنی وڵاتەکانی ڕۆژئـاوا لە کـاروبـاری ڕۆژانەی ژیـانیـان بۆ خەڵکەکە کرد. ئەو بە ڕوونی ئەوەی نیشان دا نیشتمان چەند لە دواوەیە. ئەو خەڵکەی بۆ یەکەمین جار جەمال خانیان دەبینی و گوێیان لێدەگرت، کەســـانێکی تاســـەمەند و پەرۆش بوون، نەشـــیاندەزانی چۆن لەگەڵ قســـەکـانی ئەودا بجووڵێنەوە و چی بکەن. ئەو وای لێکردن بیر لە پێغەمبەرەکانی سەردەمی بەرێ بکەنەوە، سەردەمی خۆ ئاشکراکردن و بـانگەوازی خۆیـان، ســـەردەمی چوونە نێوخەڵک و ئـاگادارکردنەوەی خەڵک. شتێکی سەیریش نەبوو ئامادەبووان بەشێک لە قسە و وتارەکانی لەبەربکرێن. جەمال خان بە تەنیا بەو جموجۆڵە هەڵنەستابوو، ئەو لەگەڵ شەش کەسی باوەڕپێکراو بەسەر چالاکییەکانی ڕادەگەیشت.
یەکێـک لە هـاوڕێکـانی فەتحعەلی ئـاخونـدزادە بوو. ئەویش لە لەنـدەن ژیابوو، لە زمانی ئینگلیزیش قاڵ بووبووەوە. یەکەمین نووســـینیشـــی کتێبێک بوو لەبارەی ڕێزمانی فارسییەوە، هەروەها ئەو بە دنەدانی گیانی وەزیری پێشـــوو، بانگەوازی ئەوەی دەکرد، دەبێ هەموو منداڵانی وڵات ئەو دەرفەتەیان پێبدرێ فێری نووسین و خوێندنەوە ببن.
یوســـف مســـتەشـــار عەبدولیش چەند ســـاڵێک لە باڵوێزخانەی ئێران لە پـاریس ئیشـــی کردبوو، لێ لەبەر ئەوەی ڕەخنەی لە گەنـدەڵیی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی خۆی گرتبوو، لەسەر کارەکەی لادرابوو، ئینجا پاریسـی جێهیشـت و چووە ئیسـتەنبول، لەوێوە ڕۆژنامەیەکی بە زمانی

[75] گوڕدەم: ئاپۆرا و حەشـاماتی خەڵک، کە بەیەک جار بۆ شـوێنێک بڕۆن یان لە شوێنێک خڕببنەوە.

فارسی دەردەکرد، ڕۆژنامەیەک بە شێوەیەکی قاچاغ ئاودیوی وڵات دەکرایەوە.
زەینولعابدین مەراغەیی سێیەمین پیاوی دەستەی هاوڕێیان بوو، ئەو هونەرمەندێک بوو، لە بۆمبای و دوای ئەوەش لە ڕۆما ژیابوو، بە قووڵییش چووبووە نێو هونەرەکەی. مەراغەیی زمانی ئیتاڵی دەزانی، وتاری لە ڕۆژنامە ئیتالییەکان دەنووسی. ئەویش گەڕابووەوە نیشتمان تا هاوڵاتییەکانی لە خەوی غەفڵەت بێدار بکاتەوە.
چوارەمینیان حاجی عەبدولڕەحمان تاڵیبۆڤ بوو. پیاوێک خەڵکی تەورێز، هەمیشە لە دیوەکەی دیکەی سنووری ڕوسیا ژیابوو، لە سەنت پەترسبورگیش خوێندبووی. تالیبۆڤ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕابەرانی ناڕازیی مۆسکۆ هەبوو.
میرزا ڕەزا کرمانی پێنجەمین کەسیان بوو، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکیش. ئەو ڕۆڵەی ئایەتوڵڵای شاری کرمان بوو. باوکی ئەوی ناردبووە عێراق بۆ ئیمامەتی بخوێنێ. لە عێراقەوە پەیوەندی بە دەستەیەک لە میسرییەکان پەیداکردبوو، ئەوانەی بەگژ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیی بریتانییدا چووبوونەوە. ئینجا لە عێراقەوە دەچێتە میسر، لەوێ چاوی بە جەمال خان دەکەوێ. ئەوان پەیوەندییان بە یەکەوە هەبوو، لە تارانیش یەکدییان گرتەوە. میرزا ڕەزا مێزەرەکەی بە سیدارەیەک گۆڕیبووەوە، ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا لە لایەن ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا لەسەر دەنرا.
دواهەمین کەسی دەستەکە ئەمیر بوو، چەند ساڵێک دواتر بووە سەرۆوەزیری وڵات. هەمووان ئەمیریان وەک لاوێکی ڕۆشنبیر دەناسی، کە وەک دەستەڕاستی وەزیری کوژراو کاری دەکرد. ئەمیر دوای کوژرانی وەزیر، ژن و دوو کیژۆڵەکەی لەنێو گالیسکەیەک شاردبوونیەوە و لە تاران دەربازی کردبوون. پاشان بۆ ماوەیەک خۆی بێسەروشوێن

کرد. ڕیش و سمێڵەکەی ئەویان ئاشکرا کرد. وەک وەستایەک گەڕایەوە تاران، لەوێ چاوی بە جەمال خان کەوت و بەیەکەوە کاریان کرد.
ئەو دوو پیاوە بەردەوام بەتەنیا سەفەریان دەکرد، وەک ئەوەی شتاقیان[٧٦] ئەوی دیکەیان نەناسیبێ. ئەوان لە شوێنی جیاجیا کۆدەبوونەوە، بە نهێنییش کۆمیتەیەکیان لە دژی ڕژێم پێکهێنابوو.

لەپاش شەش مانگ کە بەسەر ڕووداوی سوپەکەدا تێپەڕی بوو، جەمال خان دوانێکی چارەنووسسازانەی لەسەر مەزاری پیرۆزی عەبدولداوددا دا. خۆی ئەمە دوانێکی جیاواز و لە شوێن و ڕۆژێکی ناوازەشدا بوو.
لەسەر گڵکۆی عەبدولداوددا بە هەزاران کەس بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی ئیمام مەهدیی فریادڕەس کۆبووبوونەوە. بەندوباو وەها بڵاوبووبووەوە، جەمال خان لەو ڕۆژەدا وتارێکی گرنگی دەدا. بێگومان ئەویش باشترین شوێن بوو تا لەبەردەم گوڕدەمێکی زۆر لە خەڵکی دەربکەوێ، چونکە چوونە نێو مەزارەکە لە یاساڵەکانی ئاسایش قەدەغە بوو. لەنێو چوار دیوارەکانی مەزارەکەدا بەگوێرەی نەریت هەموو کەسێک پارێزرا وو. تەنانەت پارێزراوییەکە تاوانبارانیشی دەگرتەوە.
هیچ شوێنێک لەنێو حەوشەی مەزارەکەدا نەمابووەوە نەگیرابێ. گرووپی شەش کەسییەکە سەکۆیەکییان لە مەزارگەی عەبدولداود بۆ جەمال خان ڕێکخست. ئەو کەسانەی بەندوباوی دوانەکەی جەمال خانیان گوێ لێبووبوو، تێکۆشان چەندی بکرێ لە سەکۆکە نزیک بکەونەوە. ئاپۆرای خەڵکەکە بە ئۆقرەلێبڕاوییەوە چاوەڕێی هاتنی جەمال خانیان دەکرد. ئەوەبوو لەپڕ جموجۆڵێک پەیدا بوو. جەمال خان بە شاڵێکی کەسکەوە لەسەر سەکۆکە پەیدا بوو.

[٧٦] شتاقیان: هیچ کامیان

ئەو شاڵە کەسکەش تەنیا لە لایەن ئەو کەسانە دەبەسترا کە خۆیان بە نەوەی محەمەد پێغەمبەر دەزانی. یەکەمین جاریش بوو، جەمال خان بە شاڵێکی سەوزەوە لەنێو خەڵکیدا دەربکەوێ. کاتێکیش خەڵکەکە شاڵە کەسکەکەیان بینی، هاواریان کرد: "*سەلو عەلا محەمەد وە عەلا ئالی محەمەد*. سڵاو لە محەمەد وماڵباتی محەمەد."

تا دەهات جۆش و خرۆش پتر دەبوو، هیچ شوێنێک لەنێو حەوشەی مەزارەکەدا نەمابووەوە نەگیرابێ. "خەڵکینە!" بەم جۆرە جەمال خان لەو ئامێرەی دەنگی پەخش دەکرد هاتە قسە: "ئێمە هەموومان بۆ ئەوە هاتووینەتە ئێرە تا ڕۆژی لەدایکبوونی ئیمام مەهدیی فریادرەس یادبکەینەوە. پێتان دەڵێم هەرگیز ڕزگارکەرەکە نایەت تا جیهان لە کوێرەوەری دەرباز بکا، بەڵام ئەی براداران، ئێمە سووکایەتی بەو دەکەین ئەگەر خۆمان هیچ نەکەین، ئەگەر ئێمە لە خەوی غەفڵەتدا بین و خۆمان لاواز نیشان بدەین و هەر چاوەڕێی فریادرەسەکە بکەین بێت و ڕزگامان بکا.

هۆ خەڵکینە! ئێمە خاوەن مافین. پیاوان مافیان هەن، ژنان هەیانە و منداڵانیش مافیان هەیە. دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە مافەکانیان لێ زەوت کردووین، ئەوان وەک مەڕوماڵات لەگەڵ خەڵکەکە دەجووڵێنەوە.

هۆ خەڵکینە! من پەیوەندییم لەگەڵ دەستە و کۆمەڵە بەرگرییەکانی وڵاتانی دەرودراوسێدا هەیە. ئینگلستان لە بەشی خوارووی وڵاتەکەماندا بە ڕۆژ و شەو بەدوای نەوتماندا دەگەڕێ. دیارە برێکی لەبننەهاتوو نەوت لە پارێزگای باشووری وڵاتدا هەیە. ئەمەش ڕاستییە بریتانییەکان دەیانەوێ ئەو شتەمان لێ بشارنەوە.

هۆ خەڵکینە، لەوانەیە ئێوە نەیزانن، بەڵام نەوتی ژێرزەوی بەقەد زێڕی تەواوعەیار بەنرخە. نەوتەکە سووتەمەنییە بۆ چەرخی دەزگا و مەکینەی کارخانەکانیان .

ئینگلستان، پاشا و شازادەکانی کڕیون. ئەو کەسانەی لە شاوە نزیکن، هەر بەرکی خۆیان پڕ دەکەن. ئەوان بوونەتە دەوڵەمەندی ناقوڵا، لەکاتێکدا بە هەزاران پیر و پەککەوتە لەم وڵاتەدا هەن توانای ئەوەیان نییە جووتە پێڵاوێک بۆ منداڵەکانیان بکڕن."

لەبەرئەوەی ئەو لەسەر سەکۆیەکی گەورە بە پێوە وتاری دەدا، ئیدی جەمال خان دەیتوانی ئەوە ببینێ چۆن دەستەیەک لە چەکدار لە دەرەوەی مەزارەکە خەریکن لە دەورەی یەکدی خڕدەبنەوە. ئەو زانی ئەوان بۆ ئەو هاتوون و دەرکەشیان لێگرتوون نەتوانێ لەبەردەستیان دەربچێ. لێ ئەوەشی دەزانی، ئەوان ناوێرن لە مەزەراکە بێنە ژوور.
"خەڵکینە! ئێوە مافی خۆتانە گەرماو و نەخۆشخانەتان هەبێ. خۆ هەمووان ناتوانن لەسەر زەوی و لەسەرماڵیاتەکانیان بژین، ئێوە مافی کارکردنتان هەیە، لێ تەنیا ئەوەندە هەیە ئێمە لە وڵاتدا کارخانەمان نییە. سەیرێکی دەوروبەری خۆتان بکەن، لێرە لەو مەزارەدا، بە سەدان دەرۆزەکەر، کەسانی نابینا، منداڵی کەمئەندام و پیرەمێردی نەخۆش هەن. ئێمە پێمان وایە ئەمە لەگەڵ ژیاندایە، بەڵام با من شتێکتان پێڕابگەیەنم، پێویست نییە ئەو حاڵەتەدا وەهابێ، کە هەیە. ئەو کەسانەی ئاماژەم بۆ کردن دەکرێ چاک ببنەوە. ئەوانیش هەروەک شازادەکان، هەروەک خەڵکی دەوڵەمەند، دەکرێ خاوەنی تەندروستی باش بن. هۆ خەڵکینە! دەستڕۆیشتووانی ئەم وڵاتە بیر لە ئێوە ناکەنەوە. ئەوان هەر بیر لە خۆیان دەکەنەوە. گەلی هاووڵاتیان! بە ئاگا وەرنەوە!"
ئەو لە شوێنی خۆی بینی، یەکێ لە پاسەوانەکان بە خۆی و تفەنگەکەی دەستییەوە بەسەر دیوارەکەدا هەڵگەڕا و خۆی لە پەنا چوارچێوەی دەرکەکەدا پەنا دا. ئەو کۆتایی بەم قسانە و کۆتایی بە دوانەکەی خۆی هێنا:

"خەڵکینە، من دەبێ پەلە بکەم. هێشـــتا شـــتی گرنگی دیکە ماوە پێتان ڕابگەیەنم. داواتان لێدەکەم ســـەرنجی ئەو گۆڕە نەناســـراوە بدەن." لەکاتێکدا دەدوا بە پەنجە ئاماژەی بۆ شوێنێکی تەنیشت سەکۆکەی کرد. "لەوێ وەزیر میرزا کەبیر نێژراوە، ئەو کەســەی لە لایەن شـاوە کوژرا. ئێمە کێلمان بۆ دروستکردووە و بەم زووانەش دەمانەوێ..."
ئەو نەیتوانی قســـەکەی تەواو بکـا، چونکە تەقە کرا و گوللەیەک بەر دینگەی ســـەکۆیەکەی کەوت. ئیدی پاســـەوانەکان بەســـەر مەزارەکەیان دادا.
دوو جاری دیکە تەقە کرایەوە، خەڵکەکە ڕای کرد و پەرت بوون. جەمال خان هەوڵیدا بە پشـت ســـەکۆکە هەڵبێ و خۆی دەرباز بکا، بەڵام ســـێ هەیتەی لەسەر ڕێگە وەستان. یەکێکیان مەترەقەیەکی لە شانی دا، لەبەر زەبرەکە ســـاتمەی برد و کەوتە ســـەر زەوی. ئیدی پیاوەکان هەر بە شاڵەکەی خۆی دەستیان لە پشتەوە شەتەک دا. لە کۆتاییدا کشانەوە و پاڵیان بە خەڵکەوە نا بەرەو دەروازەی مەزارگەکە ڕۆیشتن. خەڵکەکەش، کە هاتنەناوەی هەیتەکانیان بۆ نێو مەزارەکە پێ هەرس نەکرا، دەســتیان کردەوە و پەلامـاریـان دانەوە. پێنج لە هـاوڕێکـانی جەمـال خـان هەراوزەنـایـان بە دەرفەت زانی بە قوتران[٧٧] وەرگەڕانە هەیتەکـان، بە شێوەیەک توانرا جەمال خان لەبەردەستیان قوتار بێ و بەنێو گوڕدەمی خەڵکدا ون بێ. دەستەیەک لە چەکدارانی پاشا بە خۆیان و تفەنگەکانیان هـاتنە نێو مەزارەکە و تەقەیـان لە هەمووان دەکرد. ژنـان لە قیژە و هاواریان دا، منداڵان گریان، بە تەمەنەکانیش کەوتنە بن دەســـت و پێ، بەڵام هێشـــتا پیاوە بەهێزە ســـەردانکەرەکانی مەزارگە بە ژیانی خۆیان بەرگرییان کرد، پڕیان دایە چەکدارەکان و چەکەکانیان لێ ســـتاندن و فڕێیان دانە دەرەوەی مەزارەکە.

[٧٧] قوترە: تێلا، مەترەق.

خەڵکەکە زۆر لە هاتنەناوەی چەکدارەکان بۆ نێو حەرەمی مەزارەکە و تەقەکردن تێیدا دەهری بوون. ئاخر بەو لاساریەیان نەریتیکیان شکاند و رێز و شکۆی مەزاری عەبدولداودیان شکاند. ئیدی لە گەرووی هەزاران کەس هاوار دەکرا: "ئەڵلاهو ئەکبەر!"

دوای ماوەیەک ئارامی بۆ مەزارگەکە گەڕایەوە. خەڵکەکە بە بازنە لە دەوری گۆڕەکەی وەزیری کوژراودا وەستان، یەکێک چەند ئایەتێکی لە قورئان خوێندنەوە. هاوڕێکانی جەمال خانیش بە شکۆوە کێلەکەی وەزیریان دامەزراند، ئەم چەند وشەیەی لەسەر هەڵکەنرابوو: "لێرە میرزا کەبیر، وەزیرە لێهاتووەکە نێژراوە."

٤٤

ڕابەر

دوای ڕووداوی ســـــەر مەزارگەکە، هەیئەی تایبەت بە جلی مەدەنییەوە ئـامـادەی هەموو کۆبوونەوە گومـانلێکراوەکـان دەبوون و چـاودێرییـان دەخســـــتەســــەر، بۆ ئەوەی وتاربێژ و قســـــەکەر نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان قســـــە بۆ خەڵکی ئامادەبوو بکەن. بەڵام لەو ڕۆژە بە دواوە تا ماوەیەکی دوورودرێژ تووشی هیچ ڕووداوێکی لەو جۆرە نەبوونەوە.

بەرهەڵســـــتکارانیش بۆ ماوەیەک بێدەنگییان لێکرد، پێدەچوو جارێ هیچ جموجۆڵێکی وەها نەکەن پێیەوە دیار بێ. دیاربوو ئەوەیان دەزانی پاشـا بە مســـتێکی ئاســـنین لەگەڵیان دەجووڵێتەوە ئەگەر هات و جارێکی دیکە پشێوییان نایەوە.

جەمال خان و هاوڕێکانی لەوە تێگەیشـــتبوون ناتوانن بروســـکەئاســـا ئاپۆرای خەڵک بجووڵێنن و دەستبکەنەوە. هەڵمەتێک کە بۆ توندوتیژی و زەبروزەنگ ســـەربکێشـــێ، خەڵکەکەی ترســـاندبوو، هەر بۆیە خۆیان لە بیرۆکەی ئەو دەســـــتەیە بە دوور دەگرت. ئـاخر جەمـال خـان گوتی:

منداڵەکانیان مافی ئەوەیان هەیە ببنە خاوەنی جووتێک پێڵاو، کەچی خەڵکەکە نەیدەزانی ئەم قسەیە چ پەیوەندییەکی بە پاشاوە هەیە.

ئەو باسی کانی بێبنی نەوتی ژێرزەمینی کردبوو، خەڵکەکەش نەیاندەزانی ئەم شتە چ بایەخێکی بۆ ئەوان هەیە.

ئەو باسی پێویستیی کردنەوەی قوتابخانە بۆ منداڵەکانی ئەوانی کردبوو، بەڵام ئاپۆرای خەڵکەکە هێشتا بایەخی بەرچاوی خوێندن و نووسینی بۆ منداڵەکانی نەدەزانی.

هیچ بابەتێکی وەها نەبوو ڕاستەوخۆ سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشێ و بەهۆیەوە بیانجووڵێنێ. ئاخر خەڵکەکە پاشایان بە سێبەری یەزدان لەسەر زەوی دانابوو.

جەمال خان و هاوڕێکانی نەیاندەتوانی تەکتیکەکانی بزووتنەوەی بەرگریی لە مۆسکۆ و وڵاتەکانی دیکە لەسەر وڵاتەکەی خۆیان بگونجێنن و پەیڕەوی بکەن، ئەوان دەبووایە ستراتیژی تایبەت بە خۆیان دابنێن، ڕێکارێک لەگەڵ دابونەریتە باوەکەی ئێران بگونجێ. وێڕای ئەوەش دەبووایە واز لە سەرکێشیی ترسناکانەی گەشتەکانیان بۆ شارەکان بهێنن، بەپلەی یەکەم تاران بکەنە چەقی بازنەی چالاکییەکانیان.

لە کۆبوونەوەی دواتری نێو خۆیان، میرزا ڕەزا کرمانی پێشنیازێکی کرد. پێشتریش خووخدەی ئەو کەمدوویی و بێدەنگی بوو، بۆیە کاتێک نۆرەی قسەکردنی هات، هەمووان بە تاسەوە گوێیان لێگرت.

"من زۆر دڵنیا نیم، پێموابێ لە چارەسەرییەک بۆ ئەم ڕەوشە نزیک بوومەتەوە."

جەمال خان پێیگوت: "دەی، پێمان بڵێ."

"بە لێکدانەوەی من، ئێمە هەرگیز ناتوانین قەناغەت بە گوردەمی خەڵک بهێنین، ئاخر ئێمە ئەو کەسە دیار و ئامادەبۆکراوانە نین تا وڵات بەڕێوە

ببەین. ئەوان ئێمە ناناســـن، بەدوای ئێمە ناکەون، ئەوان ڕابەری خۆیان دەوێ، یەکێک لە زاناکانی خۆیان، کەسێکیان دەوێ ڕابەرێکی میللی بێ."
"لێ خۆ هەرئەوەیە کێشەکە، ئەو کەسە دیار نییە."
میرزا ڕەزا وەلامی دایەوە: "بایی پێویست لەو کەسانە هەن."
تالیبۆڤ قسەکەی پێبڕی: "کەواتە، ئەو کێیە؟"
میرزا ڕەزا وەلامی دایەوە: "ئایەتوللاکان! سەیرکەن، لە ڕوسیادا ڕابەرانی ڕەوتی بەرگری، هێزوتینی خۆیـان لە کرێکـارانەوە وەردەگرن، ئەوان پشـتیان بە دەسـتی کاری کارخانەکان بەسـتووە، بەلام ئێمە لێرە هیچ کارخانەمان نین، لەوەش هەر گەرێ چینی کرێکارمان هەبێ. ئەوەی ئێمە هەمـانە دوکـانـدارەکـانی بـازاڕ و ژمـارەیەکی لەبننەهـاتووی خەلکی نەخوێندەواری بێ کاروکاسـبییە. ئەمانەش گوێ لە ئایەتوللاکان دەگرن. ئەوەی ئێمە پێویستمان هەبێ ئایەتوللایەکی دەستڕۆیشتووە."
هەموویان بەو ڕوونکردنەوەیە ئەوق مان و چاویان لێ زەق بوو.
"لێ تۆ لەبیرت چووە، کە ئـایەتوللاکـان ڕێکوڕەوان هێزی گەورەی نەریتپارێزی ولاتن." مسـتەشـار عەبدول وەها هاتەجواب و درێژەی بە قســـەکەی خۆی دا: "ئەوان هیچ لەبارەی جیهانەوە نازانن. ئەوان حەز و مەیلیشـیان بە لای تەکنیکدا ناڕوا، ئەوان لەو دونیا پانوپۆڕەدا هەر سـێ شار دەناسن: مەککە کە مالی خوای لێیە، مەدینە کە محەمەد پێغەمبەری لێ نێژراوە، نەجەف عەلی تێدا کوژرا و لەگەل کەربەلا، کە لەســـەر خاکەکەی ســـەری حوســـێنیان بڕی. ئەوەی ئێمە پێویســـتمان پێیەتی زانســـتە، گۆڕانکـارییە. ئێمە دەبێ ئـاگـامـان لەوە بێ ولات نەخەینە بەردەستی ئەو جۆرە هێزانە."
ئەمیر نیزام گوتی: "ئەمەش وایە. ئایەتوللاکان لەبارەی پرسی نەوتی خاو و تێلێگرافەوە هەســـتیار نین، هەر گوێشـــیان لێ نییە. ئەوان بە مالی

پاشـــایەتییەوە گرێدراون، لەو بڕوایەشـــدان هەژاری، دەرۆزەکردن و نەخۆشی لەگەڵ ژیان دایە و خودا دایناون."
میرزا ڕەزا وەڵامی دایەوە: خۆ نـابێ بەیەک چـاو ســـەیری هەموو ئایەتوڵلاکان بکەین. ئاخوندی دەستڕۆیشتووی وەها هەیە هەروەک ئێمە لە وڵات دەڕوانێ و لەبن باری کوێرەوەرییدا دەناڵێنێ."
جەمال خان بە پرسنییەوە قسەی کرد: "دەی، کێیە؟"
"من بیرم بۆ ئایەتوڵلای شـاری شیراز دەچێ. حاجی شێخ عەلی ئەکبەر موجتەهیدی شیرازی، باشـتر هەر بەناوی میرزا شیرازی ناسـراوە. ئەو هەرگیز گیانی خۆی نەفرۆشتووەتە دەسەڵات."
"تەمەنی چەندە؟"
"پێموابێ هەشتا، هەشتا و پێنج سـاڵ دەبێ، لەوانەشە هەشتا و حەفتیش بێ."
ئاخوندزادەشت هەڵیدایێ: "هەشتا و حەفت؟! کەواتە خەریکە دوارۆژەکانی خۆی دەژمێرێ، پێدەچێ نەتوانێ لەســـەر قاچەکانی خۆیشـــی بڕوا. ئەو ناتوانێ یـارمەتی ئێمە بدا، ئێمە ســـەرکردەیەکی لاوی بە گوڕوتینمان پێویستە."
میرزا ڕەزا پێشـــنیازەکەی خۆی وەهـا ڕوونکردەوە: "خۆ حەوجە نییە ئاخوندی ڕابەر وەک مامز بڕوا، هەر پێویســـت ناکا لەســـەر جێگەکەی خۆشـــی هەڵبســـتێ. خۆ ئەگەر بیەوێ هەر بە یەک دوو وشـــە دەتوانێ تەخت و تاجی شا بلەرزێنێ و قوتقوتۆکێی بگرێ. لەبەر ئەوەی بەتەمەنە، کەواتە هێز و دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، من باش دەیناسم."
تالیبۆف پرسی: "چەند باش دەیناسی؟"
"ئەو کۆنەدۆســـتێکی باوکی کۆچکردوومە، بۆ ماوەیەکیش لە مزگەوتی هەینی لە شـیراز دەرسـم لای خوێندووە. ئەگەر بتانەوێ دەتوانم پێتانی بناسێنم و قسەی لەگەڵ دەکەین."

"بەلام چی پی بلێین؟ چی لی داوا بکەین؟"
ئەمیر نیزامیش گوتی: "ئێمە دەبێ شتێکی هەستیاری لەگەڵ باس بکەین تا بتوانین قەناعەت بە کەسێکی وەک ئەو بکەین. بیرم لێکردۆتەوە. خۆ ناکرێ باسی ولاتەکەمان، باسی گەل و تێلێگرافی لەگەڵ بکەین، بەڵکو باسی دینی لەگەڵ بکەین. ئێمە پێویستە ئەو بهێنینە سەر ئەو بڕوایە، کە ئیسلام لە مەترسیدایە."
هەمووان لە شوێنی خۆیان گەڕانەوە دوا و بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. میرزا ڕەزاش چای بۆ تێکردن.
ئەم پێشنیازە خاڵی وەرچەرخانی ڕەوتی بیروهزری ئەوان بوو. تۆ بڵێی ئایەتوللایەکی بەسالاچووی وەک ئەو چی بە خەڵکەکە بڵێ تا لە دژی ڕژێمی گەندەڵی شا هەڵبگەڕێنەوە؟ ئەدی چۆن ئەوان بتوانن قەناعەت بەو بێنن بەوەی ئیسلام لەبن باری مەترسیدایە؟ هەر بە ڕاستییش ئەمە پێشنیازێکی نایاب بوو میرزا ڕەزا کردی، بەلام پێویست بوو ئەوان لە بیرۆکەکە قووڵ ببنەوە.
ئینجا جەمال خان هاتەوە قسە: "لێرەوە دەوەستین. هەفتەی داهاتوو زیاتر تاوتوێی دەکەین."

لە پاش هەفتەیەک کە کۆبوونەوە، هێشتا کەسیان ڕێوشوێنێکی گونجاوی چۆنیەتی جێبەجێکردنی بیرۆکەکەیان لانەبوو. تا یەکێک لەوان لە دووتوێی قسەکانیدا ئەوەی بەسەر زاردا هات، گوایە باس لەوە دەکرێ ژنانی ئێرانی بە شێوەیەکی بەردەوام لای ئەندازیارە بریتانییەکان دەبینرێن و لایان دەمێننەوە.
تالیبۆف هەڵیدایێ و گوتی: "ئەمە شتێکی گونجاوە با زەقی بکەینەوە."
ئاخوندزادەش گوتی: "ئەمە بە دەردمان ناخوا، خۆ ناکرێ باسی قەحپەکانی تاران بێنینە گۆڕێ."

زەینولعابدینیش هاتە قسە و گوتی: "دەتوانین لەگەڵ ئایەتوڵلاکە باسی هەژموونی زاڵی بریتانییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بکەین."
جەمال خانیش وەڵامی دانەوە: "پێویستە بابەتێکی ڕوون و ڕاشکاو هەبێ، دەنا خەڵکەکە بە دوای ناکەوێ. هەژموونی زاڵی بریتانییەکان بۆ ئەوان هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ."
ئەو ئێوارەیەش گفتوگۆکانیان بە ئامانجێکی یەکلاکەرەوە نەگەیشت، لێ لە میانی وتوویژی ئایندەیاندا ئەمیر نیزام و تالیبۆڤ پلانێکیان خستەبەر باس، ئەگەر بێت و باش دەستیان پێوەگرتبا، دەبووە بومەلەزە.[78]
سەرەتا تاڵیبۆڤ هاتە قسە. تالیبۆڤ ئەو پیاوە بوو لە مۆسکۆ خوێندبووی و ڕوسی وەک بولبول دەزانی. زۆر جاران ببووە پێناوی نێوان بازرگانە ئێرانی و خاوەنکار و بەرهەمە ڕوسییەکان پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ باڵوێزخانەی ڕوسیا لە تاران هەبوو.
"پار شا هەموو مافەکانی بازرگانی بە هێنان و ناردنی بەرهەمەکانی توتنی بە بریتانییەکان فرۆشتووە. لەسەر بنەمای داهاتی ساڵانە بڕێکی کەم دەدرێتە پاشا، بەڵام بریتانییەکان لەسایەی ئەم مافەوە پارەیەکی یەکجار زۆر قازانج دەکەن. هەڵسوڕێنەری کاروباری توتنی وڵاتی ئێمە ئێستا پیاوێکی ئینگلیزە."
ئاخوندزادەش گوتی: "ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ناسراوە، دەتەوێ چی بڵێی؟"
ئەمیر هاتە قسە: "با بۆتان ڕوون بکەمەوە. ئەم کابرا بریتانییە هەموو پشکنەرە ئێرانییەکانی بۆ توتن لەسەر کار لاداون، کارەکەی ئەوانی داوەتە پشکنەرە هیندییەکان. نرخی توتنی دابەزاندووە و لە بەرانبەردا نرخی بەرهەمی توتنی بریتانی بەرزکردۆتەوە. کارمەندە بریتانی و هیندییەکانیش لەگەڵ جوتیارانی توتنی ئێرانی زۆر بە خراپی

[78] بومەلەزرە: زەمینلەرزە، زلزال.

دەجوولێنەوە و بارێکی هەراســـان لە نێوان توتنفرۆشـــانی بازاڕ و کۆمپانیای بریتانی پەیدابووە.'

هەموان گوێیان گرتبوو، لێ کەس لە مەبەســتی ئاخێوەرەکە نەگەیشــت، ئاخۆ بۆ کوێ سەردەکێشێ.

ئەمیر نیزام لەکاتی قسەکردندا چاوی دەبریسکانەوە: 'ئێوە نابێ ئەوەتان لە بیر بچێ، توتن لە وڵاتەکەمــان بەقەد نــان بەنرخە. نزیکەی هەموو پیاوەکانی وڵاتەکەمان کیســەیەکی پڕ لە توتنیان پێیە، هەموو ژنان قلیان دەکێشن.'

جەمال خان پێی گوت: 'دەی لەسەر قسەت بەردەوام بە.'

تالیبۆڤیش هەڵیدایێ؛ 'بەرپرســە بریتانییەکەی کۆمپانیای توتن کەســێکی قۆشــمەیە. ئەو قەڵەوە و بە دوای هەواوهەوەســی خۆیەوەیەتی و حەزی لە ژیانی خۆشـــە. من دووبەدوو بینیومە، لەم دواییانەدا شـــتێکی زۆر ســـەیروســـەمەرەی کردووە، ڕەفتارێک بە شـــێوەیەکی ناوازە دەکرێ بەکەڵکمان بێ.'

مەراغەیی لێی پرسی: 'ئایا شتەکە پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە؟'

ئەمیر نیزام هاتەوە قســە: 'نەخێر، ئەمە نییە، ئەو ئەوەندە مێباز نییە، ئەو نەوســنە، زۆر حەزی لە خواردن و جگەرەکێشــان و خواردنەوەیە، هەر بۆیە خۆشمەشرەبە.'

'ئایا لە شوێنی گشتییەوە مەی خواردۆتەوە؟'

تالیبۆڤ وەڵامی دایەوە: 'نەخێر، ئەمەش نا.'

'دەی، کەواتە پێمان بڵێ.'

تــالیبۆڤ بە خەنــدەوە زەرفێکی لەنێو جــانتــاکەی دەرهێنــا و گوتی: 'لە کۆتــاییدا خودا بە هــانــامــانەوە هــات. لەوانەیە ئەم بەڵگــانە بەقەد زێڕ گرانبەها بن.'

تالیبۆڤ وێنەیەکی ڕەشــوســپی دەرهێنا، ئیمامێکی تووکن لەســەر مافوورێکی ئێرانی دانیشــتووە، خەریکی کێشــانی قلیانە و بە پێکەنینەوە دووکەڵەکەی بە با دەکا.
میرزا ڕەزا گوتی: "ئیمامێکی قلیانکێش، ئای لەم لاسارییە؟"
ئەمیر نیزام گوتی: "ئەو ئیمام نییە."
"وا مەڵێ!"
"ئەو بریتانییە، خۆی وەک ئیمامێک نمایش دەکا، بە ڕیشــێک و عەبایەک و مێزەرێک. بەڵێ هەر بەڕاســتی، ئەم ئینگلیزە ســەرۆکی کۆمپانیای نیشــتمانیی توتنە." تــالیبۆڤ درێژەی بە قســەکەی دا: "ئەو هەر بۆ گاڵتەوگەپ مێزەرێک و ڕیشێکی ساختەی لەخۆ ناوە. سەیرکەن، ئەو بە پێڵاوەش بەســەر دوگردی[٧٩]نوێژان کەوتووە. ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سووکایەتیکردن بە هێمای دینی و نیشتمانی."
"باشە ئێوە ئەو وێنەیەتان چۆن دەستکەوت؟"
ئەمیر نیزامیش وەها وەڵامی دایەوە: "ناتوانم زیاتر لەو بارەیەوە قســە بکەم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم تالیبۆڤ لە ڕێی پەیوەندییەکانییەوە دەســتی کەوتووە."
ئەوســا جەمال خان گوتی: "ئەم وێنەیە داردەســتێکی بەهێزە، لەوانەیە ڕێڕەوی جووڵەی ئێمە دیاری بکا."

---

[٧٩] دوگرد: بەرماڵی نوێژ.

٤٥

میرزای شیرازی

کات، ئێواره درەنگانێک بوو، سەروبەندی ئەوه بوو دونیا تاریک و بولێڵ بێ. له دەرەوه هێشتا گەرما بوو. شا له ژوورەکەی خۆی لەسەر مافوورێکی جوان له پشت مێزێکی نەوی لەبەر چرایەک، که له شێوەی گوڵی مێلاقه دابوو دانیشتبوو، شتێکی له ڕۆژژمێرەکەیدا دەنووسی.

له مەودایەکی گونجاودا نۆکەرێک له لای دەستەچەپی وەستابوو، به باوەشێنێک له پەڕی تاوس، هێدی هێدی باوەشێنەی لێدەکرد به شنەبای باوەشێنەکه دەموچاوی فێنک دەکردەوه. لەبەردەمیشی ژیاننامەنووسێکی لاو دانیشتبوو، هەموو نووسینەکەی پاشای دێڕ له دوای دێڕ وشک دەکردەوه.

له دەستەڕاستیشی نۆکەرێکی دیکه بەخۆی شەربەیەکی پڕ له شەربەتی ئاڵوباڵو وەستا بوو، چاوەڕێی ئاماژەی شای دەکرد، تا پەرداخەکەی بۆ پڕ بکاتەوه.

"هەندێ جار لەبیرمان دەچێ ئاخۆ هەندێ ڕووداو تۆمار بکەین یان نا. ڕووداویش ئەوەنده زۆرن و بەو جەنجاڵییەش بەو هەموو شتێک

ڕاناگەین. خۆشم نازانم ئاخۆ چیم لەبارەی شووکردنەکەی تاج یاداشت کردووە. هەروەک ئەوە دیارە ماوەیەکی زۆری درێژی بەسەردا تێپەڕی بێ. لێ دیسان هەندێکی لەسەر دەنووسمەوە. ئاخر بەدەر لە شووکردنەکە هەواڵی خۆشیش هەیە.

تاج سوڵتانەکەی ئێمە هەر یەک دوو مانگە مێردی کردووە، ئاهەنگێکمان لە قەڵایەکی پەڕگەی تارانەوە بۆ گێڕا. هەموو ڕیشسپیانی هۆزەکەمان ئامادە بوون. تاج خەمبار دیار بوو، ئێمە ئەم شتەمان بە ڕوخساریەوە بینی. لێ ئەو هێشتا گەنجە و کیژۆڵەکانیش خەونی بەدینەهاتووی خۆیانیان هەیە.

جارێکی دیکە تاج پێیگوتم ئەو عەینولدەولەی ناوێت، بەڵام خۆ ئەگەر ئەو منداڵێکی لێ بوو، دۆخەکە دەگۆڕێ. زۆر جاران ئەو شتەم لەگەڵدا هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام بێ سوود بوو. ئەمجارەیان بە توندی قسەم لەگەڵ کرد. پێمگوت دەبێ واز لە پرتەوبۆڵەی خۆی بێنێ و شتەکەش پەیوەندیی بەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئێمەوە، بە هەمووانەوە هەیە. ئینجا گوێڕایەڵ بوو. من ئەوەشم پێگوت، ئێمەش حەزمان لێنەبوو ببینە پاشا، کەچی ئێستا هەوین.

بۆ خۆشبەختی هەموو شتێک باش هات. ئاهەنگەکە شتێک بوو لەبیر ناکرێ. هەروەها خانوویێکی جوانیشمان بۆ دابین کرد، بەڵکو تێدا بەختەوەر بێ.

قومێکی لە شەربەتەکە دا، لەگڵ هزران ڕاچوو، ئینجا دەستی دایەوە خامە و درێژەی بە نووسینەکەی دا. "بە مێردکردنی تاج بارێکی قورس لەسەر شانم لاکەوت. ئێستاش دەتوانین سەرنج و ئاگاهیمان بخەینە سەر کاروبارە گرنگەکان.

هەندێک جار لەوە تێناگەین ئاخۆ چی باشە بیکەین و چی باشیش نییە تا نەیکەین. خۆ ئەگەر لەگەڵ بریتانییەکان بکەوینە گفتوگۆ، ڕوسەکان

هەست دەکەن بەسەریاندا بازدراوە. ئەگەر لەگەڵ ڕوسەکانیش دابنیشن، ئەوا بریتانییەکان ئێمە فەرامۆش دەکەن.

دوێنێ کابرا ڕێشداره ڕوسییەکەمان لابوو، ناوەکەیم بیرناکەوێتەوە. قیافە و ڕوخساری هەندێ قۆشمە دیار بوو. بۆ کارمەندێک ڕیشێکی وەهای لێدەهات، بەڵکو وەها پێویست بکا ئێمەش داوا لە کارمەندانی خۆمان بکەین ڕیشیان بهێڵنەوە.

ڕوس پرۆژە پێشنیازێکیان بۆ هێناوین بەوەی ئەوان هێڵی ئاسنینی وڵاتەکەمان لێبدەن، هەڵبەتە ئەوان ئەم کارە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن، چونکە ئێمە هیچ هێڵی ئاسنینمان پێویست نییە. ئەسپ و گالیسکە و داشقەکانمان بە کاری پێویستی خۆیان هەڵدەستن. باشە بۆچی بەسەر هێڵی ئاسنیندا هاتوچۆ بکەین؟ وەزیرەکەشمان، شێخ ئاغاسی لەگەڵ ئێمەدا هاوڕایە، ئاخر ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە لە بەرژەوەندیی وڵاتدا نین. لێ هەندێکی دیکە ئاگاداریان کردووینەتەوە، خۆ ئەگەر هات و لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا نەڕۆین، لە بەرانبەر وڵاتە دراوسێکانمان وەک هیندستان و تورکیادا لاواز دەبین. هەربۆیە ئەم ڕۆژانە زۆر پیاسە دەکەم، تا بە دەم پیاسەوە باشتر بیربکەمەوە. خوا بمانخاتە سەر ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی ئەوانەی داڵدەی داون، نەوەک ڕێگەی ئەوانەی سەرگەردانی کردوون. ئێمە چاوەڕێی بەرچاوڕوونییەک لە خواوە دەکەین.

ئێستاش وەرزی ئاڵوباڵووە داهاتووە، هەموو ئاڵوباڵووەکان خڕو خەپە و سوورن، هەروەک یاقوت بە چڵی دارەکانەوە هەڵواسراون. کاتێک لەبارەی ئەوانەوە دەنووسم، دەمم پڕ لە ئاو دەبێ. ئەمساڵ ساڵی مشکە. مشکیش پیسە، دەعبایەکی متمانەپێنەکراوە و گڵاوی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەر بۆیە دەبێ وریا بین. سایەی خوا بە سەرمانەوە بێ. بۆ خۆشبەختی

هەموو شـــتێکمان لەژێر کۆنترۆڵ دایە. هیچ شـــتێکی وەها ڕووینەداوە سەخڵەتمان بکا.
لەوەش پتر، هەواڵێکی گرنگ هەیە، لێ ئێمە دوودڵین ئاخۆ تۆماری بکەین یان نا. ڕۆژە خۆشەکان ئەوانەی پەیوەندییان بە تاج سوڵتانی کیژمانەوە هەیە، لە ڕێی قەرەواشـــەکەیەوە پێمان دەگا. ئەو شـــتێکی بە گوێدا چرپاندین، هەواڵێکی شـاهانە. لێ ئێمە جارێ هیچی لەبارەوە نانووسـین نەوەک بەدبەختی بەدواوە بێ، بۆیە بە حەوسەڵەوە چاوەڕێ دەکەین.
لێرە گەرمایە، جارێ دەسـت لە نووسـین هەڵدەگرین، با بەر لە خواردنی خۆرنشین هەندێک چاو گەرم بکەم.
بە ئاماژەیەک نۆکەرەکانی ڕەوانە کرد و لە شـــوێنی خۆی خۆی درێژ کرد، ئینجا گەورەنۆکەر هات و پەتۆیەکی تەنکی بەسەر قاچەکانیدا دا.
کەمێک پاشـــتر مەلیچک بە خۆی و دەمانچە سـاختەکەی هات و خۆی هەڵدایە سـەر پشـــتی، هەموو گیانی هەر وردەکێک بوو، ئاخر تازە لە ناندین تێروپری خواردبوو، وردتکەکێک و ئاردیشـــی بەسـەر خۆیدا وەرکردبوو. ئاشـــپەزەکە لە مەلیچک دەترسـا. هەر کاتێک دەچووە ئاشـــپەزخانەکە و لوولەی دەمانچەکەی لە کابرای بەســـتەزمان دەکرد، ئیدی یەکسـەر قاپێکی پڕ لە خواردنی خۆش و چەور و شـیرینی لەپێش دادەنا. ئەمەش تاکە ڕێگە بوو تا وای لێبکا لە جێگەی خۆی دابنیشـێ و چەتوونی نەکا.
پاشا لێی پرسی: "ڕۆژی ئەمڕۆ لە کوێ بووی؟"
مەلیچک شـــتێکی گوت هی ئەوە نەبوو کەس لێی تێبگا، دەمانچەکەی لە لایەک دانا، بە دەستی و پێ خۆی خزاندە بن پەتۆکەی پاشا، لە تەنیشتی درێژ بوو، چاوەکانی نووقاندن. پاشاش دەستێکی بە سەر و شانیدا هێنا و بە باوێشـکەوە پێیگوت: "مەلیچک بۆگەن بووی، پێویسـتە هەندێک جار

خۆت بشۆی، چیدی لە ئاوێ مەترسە. خۆ مندال نەماوی، خەریکە ببیتە پیاو."

بێباکانە هەندێکی پاڵ بە مەلیچکەوە نا. دەستی بەر چاکەتەکەی مەلیچک کەوت. هەستیکرد دەستی بەر پارچەکاغەزێک کەوت. دیسان دەستی لێدایەوە، بەڵێ هەر دەبێ پارچە کاغەزێکی قەدکراو بێ.

ئینجا پرسی: "ئەوە چیت لە بەرکدایە؟" دەستی بۆ بەرکی برد و پارچە کاغەزە قەدکراوەکەی لێدەرهێنا و بە توندی گوتی: "ئەوە چییە؟ ئەمەت لە کوێ بوو؟"

پاشا پارچە کاغەزە قەدکراوەکەی لێککردەوە، چاوێکی لە لەتە کاغەزەکە کرد و تووڕە بوو: "کێ ئەمەی پێداوی؟ کێ ئەم شتەی خستۆتە گیرفانت؟"

مەلیچک، کە بەرگەی هیچ کەسێکی نەدەگرت دەنگی لەسەر بەرزبکاتەوە، بە چاوی پڕ لە ترسەوە سەیری پاشای کرد. شا پاڵی بە مەلیچکەوە نا، کوڕیژگەکە فرمێسکی لەچاو هاتنە خوار و خۆی خزاندە پشت پەردە.

شا لە تووڕەییان دەلەرزی، کەسێک بوێریی ئەوەی هەبووە کاغەزەکە لە بەرکی چاکەتەکەی مەلیچک دابنێ. کاغەزەکەش بانگەوازێک بوو بۆ گەل تا دژی پاشا و بریتانییەکان ڕاببەڕێ.

پاشا هەڵسا و پەنجەرەی کردەوە تا بانگی سەردەستەی پاسەوانەکان بکا، لێ بیری کردەوە، ئەم کارە سوودی نابێ. زۆر کەس لە کۆشکەکەدا دەژین، ڕۆژانەش هێندەی دیکە دێن و دەچن، کەس نازانێ ئاخۆ کێ ئەم بانگەوازەی بە قاچاغ هێناوەتە نێو کۆشک و لە بەرکی چاکەتەکەی مەلیچکی ئاخنیوە. ئەو دەبێ دان بەخۆیدا بگرێ و وەها ڕەفتار بنوێنێ وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.

لە دەرەوە تاریک بوو، شنەبایەکی فێنکیشی لێدەهات.

ئەو بانگی پەردەدارەکەی کرد، تێیگەیاند خواردنی ئێوارەی لە دەرەوە، لای حەوزی ئاوەکە بۆ دابنێ. هەر لەگۆترەش چووە لای ئەو تۆپەی، کە لە ناوەڕاستی حەوشەکە دانرابوو، ئەم لاو ئەولای پشکنی. پیاسەیەکی بۆ لای دەروازە کرد ڕاشکاوانەش خۆی نیشانی پاسەوانەکان دا. پاشان لە کەلێنی تەویلەکە تەماشایەکی ئەسپەکانی کرد و گەڕایەوە لای حەوزەکە، دەستوچاوی شوشتن، کڵاوەکەی لەسەر کردەوە و بە پەنجەکانی پرچی خۆی داهێنا.

مێز و تەختەبەندی ئامادەکرا، خوانەکەی لەسەر دانرا، خواردن ساز و ئامادە. لێ ئەو مجێزی خواردنی نەبوو. ئەو لە هەر قاپێکی خواردن سەر و یەک دوو کەوچکی لێدان و ئینجا خوانەکەی بەلاوە نا. نۆکەرەکان هەڵیانگرتەوە. ئینجا قلیانیان بۆ هێنا و چادانە چایەکی دەمکراو و دەفرێکی پڕ لە شیرینەمەنیشیان لە تەنیشت دانا.

مەلیچکیش بە ئەسپاییەوە زاتی کرد بێتە سەر تەختەبەندەکە، ئەویش کلۆشەکرێکی داێ. بە کلۆشەکرەکەی دەمییەوە خۆی لە شا هەڵسووی و سەری بە کۆشی کرد.

ئاسمان ساماڵ بوو، شەوێکی ڕوون بوو، مانگ بە دەرەوە بوو، بۆق لە باخەکەدا دەیانقیڕاند و شەمشەمەکوێرەش خشەیان دەهات.

شا بەدەم گوتنی: "شەوێکی جوانە" میزاجی کرایەوە و مژێکی لە قلیانەکە دا.

گەمەی لەگەڵ مەلیچک کرد و دووکەڵی قلیانەکەی بە ڕوودا پف کرد. ئەم ڕەفتارەی وای لێکرد هێوربێتەوە.

پشیلەکان لەو ناوە کردیانە هەراوزەنا. شا بیری لە شەرمین کردەوە. سەری بەرزکردەوە، بینی دەستەیەک کاغەز بە بانەکەوە وەرپێچراون. پاڵێکی بە مەلیچکەوە نا و لای خۆی هەڵیستاند و ناردیە سەربان و پێیگوت: "برۆ ئەوانەم بۆ بێنە."

سەردەستەی پاسەوانەکان نەیدەزانی کێ بگرێ، بە خۆی و یەک دوو پاسەوان غاریاندایە سەربان و کەس لەوێ نەبوو.

هەر هەمان شەو لەبەر هەمان مانگەشەودا جەمال خان و میرزا ڕەزا چوونە شاری شیراز تا چاویان بە ئایەتوڵلا شیرازیی بەساڵاچوو بکەوێ.
شیراز هەزار کیلۆمەتر لای باشووری تارانەوە هەڵکەوتبوو. بریتانییەکان بە بڕی پارەی قەبەوە ئایەتوڵلاکانیان بۆ خۆیان کێشکردبوو، لێ ئایەتوڵلا شیرازی بەو تەمەنە زۆرەیەوە خۆی تێکەڵی سیاسەت نەدەکرد. هەر بۆیە بریتانییەکان ئەویان لە مێشکی خۆیان دەرهێنابوو.
شیراز لە ڕۆژگاری پێشووی خۆیدا پایتەختی وڵات بوو، پاشا کۆنەکانی ئێران لەوێ کۆشک و مزگەوتی سەرنجڕاکێشیان لێ دروستکردبوو. بازاڕی ئەم شارە هەمیشە باندۆری بەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەوە هەبوو.
ئایەتوڵلا شیرازی وەک ئاخوندێکی سەربەخۆ دەبینرا، بۆیە لە سەرتاسەری وڵاتەوە ڕێزی زۆری لێدەگیرا.
جەمال خان و میرزا ڕەزا وەک بازرگان خۆیان گۆڕیبوو، ڕەگەڵ کاروانی شیراز کەوتبوون، شەوی یەکەمیشیان هەر لە کاروانسەرا بەسەربرد. دوای پشوودانێکی تەواو، ئێوارەی ڕۆژی پاشتر سەروەختی خۆرنشین بەرەو مزگەوتی گەورەی شار کشان، کە هەموو ئێوارانی ڕۆژی سێشەممە ، ئایەتوڵلا خۆی پێشنوێژی بۆ دەکردن.
جەنجاڵیی نوێژی ڕۆژی سێشەممان بە بەراورد لەگەڵ نوێژی ڕۆژی هەینی کەمتر بوو، هاموشۆکەرانیش لەو ڕۆژەدا زیاتر لە پیاوە بەتەمەنەکان بوون. ئایەتوڵلا بەتەمەنەکە بەکاوەخۆ نوێژەکەی دەکرد،

پیرەمێردەکانیش ئەوەیان بە شـــەرەف و شـــانازی دەزانی لەدوای ئایەتوڵلاکە نوێژی خۆیان بکەن.
لە دەرکەی مزگەوتی چاوەڕێی ئـایەتوڵلا دەکرا. ئەو بە ســـواری گوێدرێژێکەوە گەیشـــت، دەســـتەیەک لە ئیمامە گەنجەکان یاوەرییان دەکرد. ئەو ئاخوندە لاوازە بچکۆلەیە بە خۆی و ڕیشـە چەرمووەکەیەوە لە کەرەکە دابەزی و بە یارمەتی داردەســـتەکەی چەند هەنگاوێکی نا. کاتێکیش گەیشـــتە نـاو مزگەوتی، پیـاوە پیرەکانی لێ خڕبوونەوە و هاواریان کرد: "سەڵەوات!"
جەمال خان و میرزا ڕەزاش خۆیانیان لێ نزیک کردەوە و لەسەر زەوی دانیشتن.
ئایەتولا پێشـــتر دوای نوێژکردن هەڵدەســـتا و دەچووە ســـەر مینبەر و قســـەی بۆ ئـامـادەبووان دەکرد، لێ هەنووکە هێزوتینی ئەوەی تێدا نەمابوو. دوای تەواوبونی نوێژەکە نوێنەرانی بازاڕ و هەندێ کارمەندانی شار هاتنە لای دانیشتن و هەر لایەکیان شتێکیان هەبوو لەگەڵیدا باسیان لێوە کرد.
ئینجا دەســـتبەجێ میرزا ڕەزا بۆ پێشـــەوە خۆی ڕەپێش دا و دەســـتی ئایەتوڵلای ماچ کرد و پێیگوت: "من میرزا ڕەزام، شـوێنکەوتوویەکی تۆم و کوڕی ئایەتوڵلای کۆچکردوو کرمانیم."
شیرازی خەندەیەکی بۆ کرد و گوتی: "خودا لێی خۆش بێ. تۆ بە باوکت دەچی، کتومت سێویک کرابێتە دوو لەت. باوکت ئاخوندێکی مەزن بوو."
"زۆر سوپاست دەکەم. من لەگەڵ هاوڕێکەم بەتایبەت لە تارانەوە بۆ لای ئێوە هـاتووین، تـا لەبـارەی شـــتێکی گرنگەوە قســـەت لەگەڵ بکەین. بابەتەکەش بەقەد ئەوەی بۆ وڵات گرنگە، ئەوەندەش بۆ ئیســـلام گرنگە. ئەگەر ڕێگەمان پێبدەن، دەمانەوێ وتووێژێکی پڕ لە بڕوا و متمانە لەگەڵ ئێوەدا بکەین."

ئـایەتوڵڵاش پێی گوتەوە: "خۆ ئەگەر کـاروبـارەکە ئەوەنـدە گرنـگ بێ، کەواتە بەیانی دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، سەر لەئێوارە وەرنە ماڵێ."

بۆ ڕۆژی پاشـــتر جەمال خان و میرزا ڕەزا چوونە ماڵەکەی. لە ماڵێکی ئێرانییـانەی خـاکیدا دەژیـا، حەوزێکی ئـاو لە نێو حەوشـــەکەیدا، پیرە دارێبیەکی تێدابوو، سێبەری لە تەختەبەندی حەوانەوە کردبوو.
خزمەتکارەکەی ماڵی یاوەریی مێوانەکانی بۆ کتێبخانەکەی کرد، لەوێ ئایەتوڵڵا لەســـەر مافوورێک دانیشـــتبوو چاوەڕێی دەکردن. ئەوانیش پێڵاوەکانیـان داکەند و چوون لای ئەو لەســـەر مـافووری نـاوکەوەکە دانیشـتن. خزمەتکارەکە هەریەکە و ئیسـتکانێک چای لەپێش دانان، ئینجا ئەوانی بەجێهێشت.
بۆنوبەرامەی چایەکە و شـیرینیی کلۆشـەکرەکە شـکۆی هەندێ ترسـی دانیشـــتنەکەی شـــکاند. شـــیرازی دەســـتی بۆ کلۆشـــەکرێک برد و تیلەچاوێکیشی لە جەمال خان کرد، کە لە نزیکییەوە دانیشتبوو.
میرزا ڕەزا ســـەری قســـەی داهێنا، بە کورتی جەمال خانی بە ئایەتوڵا ناســـاند و باســـی ئەوەی بۆ کرد لە چەندین وڵاتدا ژیاوە و لە لایەن ڕۆشنبیرانی هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناویندا کەسێکی ناسراوە.
ئینجا جەمال خان هاتە دەنگ: "جەنابی ئایەتوڵڵا، لەوانەیە تۆ ئەوە بزانی هاوڵاتیانی وڵاتەکانی دیکە لە بارودۆخێکی باشـــتر لە وڵاتەکەی خۆمان دەژین، لێرە هەمووان لە بن بارێکی قورسی ژیاندا پشتیان کووڕ بۆتەوە. خواش پەســـەندی ناکا موســـڵمانان بەم شـــێوە بێویژدانانە کوێرەوەریی ژیـان بچێژن. ئێمە دەمـانەوێ ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوە لەبـارەی ئیســـلام و لەبارەی بازرگانییەوە بدوێین.
هێزە دەرەکییەکان، لەنێویاندا بریتانیای گەورە دەســـتیان لە بینەقاقای وڵاتەکەمـان و بیروبـاوەڕەکەمـان گیرکردووە. بـازرگـانەکـانمـان یەک

بەدوای یەکدا نابووت دەبن. تەنانەت ئەو قوماشەی ژنانی وڵات بۆ پێچە و لەچک و ڕووبەندیش بەکاریدەهێنن، هەر هەموویان لە ئینگلستانەوە هاوردە دەکرێن."

ئایەتوڵلا گوێی گرتبوو، لێ لە مەبەستەکەیان تێنەدەگەیشت.

جەمال خان هاتە سەر ئەو خاڵەی بە وردی باسی کانە نەوتییەکان و ئەو هەبوونە زۆرە و هەژموونی بریتانییەکان لە باشووری وڵاتی بۆ بکا، لێ سەنگرایەوە،[80] ترسا لەوەی ئەو ئاخوندە بەساڵاچووە پێی هەرس نەکرێ و تەقەی سەری بێ و خەوی لەبەر لێبکەوێ. بۆیە هاتە سەر باسی تێلێگراف، ئاخر کێبڵەکان بەسەر ماڵی ئایەتوڵلا بۆ نووسینگەی تێلێگرافی ناوجەرگەی شاردا دەچوون.

"جەنابی ئایەتوڵلا، لەوانەیە ئەوە بزانیت، کە بریتانییەکان کێبڵیان بەسەر ماڵ و مزگەوتەکانماندا ڕاکێشاوە تا ئاسانتر دەنگیان بە هیندستانی وڵاتی دراوسێمان ڕابگا. ئێستا لە هیندستان خۆپیشاندانی گەورە لە دژی بریتانییەکان دەکرێ."

ئایەتوڵلا هەندێ پشتی خۆی ڕاستکردەوە و سەیری پەنجەرەی کرد. کێبڵی تێلێگراف لەوێ بەسەر دیواری ماڵەکەیدا ڕۆیشتبوو.

ئەو کلۆشەکرێکی خستە ناو دەم و فڕێکی لە چایەکەی دا.

"بریتانییەکان خەریکن وڵاتەکەمان تاڵان دەکەن، ئینگلستان دەستی بەسەر بازاڕی شیرازیشدا گرتووە. پێویست ناکا بشڵەژێی، بریتانییەکان ئەوەندە ڕووقایمن تەنانەت هاتوونەتە نێو ماڵی ئایەتوڵلاش."

ئایەتوڵلا بە هەراسانییەوە ئیستکانە چایەکەی دانایەوە و بە سەنگینییەوە تەماشایەکی جەمال خانی کرد.

"ئەم کلۆشەکرە بۆندارانە لەلای خۆمانەوە ئامادە و پاکنەکراونەتەوە، بەڵکو لە کارخانەکانی شیفێڵدی ئینگلیزییەوە ئامادە کراون.

---

[80] سەنگرانەوە: وەستان، ڕاوەستان.

ئینگلستان تەنیا و پاشا و خزم و دەستەیەک لە سیاسییە دەربارەکانی ئەویان لەبەرچاو گرتووە پارەی داونەتێ. لەولاشەوە سەرتاپای گەل لەبن باری هەژاری و نەخۆشیدا دەناڵێنێ. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ کێ لەو ڕەوشە شپرزەیە ڕێمان نیشان دەدا؟"

ئایەتوڵڵا هێشتا هەر بەبێدەنگی لێی دەڕوانین، ئینجا گوتی: "باشە من چیم پێدەکرێ؟"

جەمال خان بە سەرلەقاندنێک ئاماژەیەکی بە میرزا ڕەزا کرد.

میرزا ڕەزاش گوتی: "گەل وەک مێگەلەڕانێکی سەرگەردان وایە، شوانێکی پێویستە، شوانێک بە گۆپاڵێکەوە کۆیان بکاتەوە و ڕاستەڕێیان بکا."

جەمال خان هەڵیدایێ: "دەقاودەق وایە. ئێمە پێویستمان بە ڕابەرێکی بەهێز هەیە."

میرزا ڕەزا سەری قسەی لێوەرگرتەوە: "ئێمە بیرمان لە ئێوە کردۆتەوە، ئایەتوڵڵا ئێمە پێویستمان بە تۆ هەیە."

ئایەتوڵڵا بە حەپەساوییەوە سەیری هەردوو پیاوەکەی کرد. ئەو هەموو شتێکی لەو پیاوە چاوەڕێ دەکرد تەنیا پرسی کێبڵی تێلێگراف و کلۆشەکرەکان نەبێ.

ئەو پێویستی بە هەوایەکی تەڕوتازی هەبوو. دەستی دایە گۆچانەکەی و لە هۆدەکەی چووەدەر. نۆکەرەکە یاوەری کرد. لای حەوزەکەوە ئایەتوڵڵا بە پاڵپشتیی نۆکەرەکەی پێی ڕاستەی خستە نێو ئاوەکەوە. پاشان چووە بەرسێبەری داربییەکە و لەسەر تەختەبەندەکە دانیشت. دوای ئەوەی قلیانیان بۆ هێنا، داوای کرد مێوانەکانیشی بێنەدەر لای ئەو دانیشن.

جەمال خان و میرزا ڕەزا لای ئەو، لەسەر تەختەبەندەکە دانیشتن.

ئایەتوڵڵا بە سادەییەوە پێیگوتن: "نازانم ئێوە چی لە من چاوەڕێ دەکەن، خۆ من ناکرێ دژی دارتێلەکانی تێلێگراف وکەللەشەکرەکان بوەستمەوە."

جەمال خانیش پێی گوت: "دەنگی خۆت بەرزکەوە."

"من پیرەمێردێکم و پێی ڕاستەم لەسەر لێوی قەبرە. چیدی لە جیهان ناگەم."

میرزا ڕەزا پێیگوت: "ئێمە شتێکمان بۆ هێناوی دەکرێ وەکو چەکێک بەکاریبهێنی."

ئایەتوڵڵا تەماشایەکی دەموچاوی هەردوو پیاوەکەی کرد وەک ئەوەی تازە بیانناسێ.

ئینجا جەمال خان هەڵیدایێ: "بریتانییەکان ڕکێفی مافی ناردن و هێنانی هەموو بەرهەمە گرنگەکانی نیشتمانیان بەدەستەوەیە. هەر بۆ نموونە توتن. چیدی ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر توتنەکەماندا ناشکێ، کە ڕۆژانە هەزاران هاوڵاتیانی ئێمە بەکاریدەهێنن. بازرگانانی توتن و جوتیارەکان کەرتی توتن دەبێ ڕەنجی زۆر بدەن و لە ئەنجامیشدا هیچیان بۆ نامێنێتەوە و پارەشیان نایەتەدەست. ئەو توتنەی ئێستا ئایەتوڵڵا کردوویەتیە نێو قلیانەکەی، بەرهەمێکی بریتانییە. لەم وڵاتە هەر کەسێک توتن بکڕێ، ئەوا بەشێک لە پارەکەی ڕاستەوڕاست دەچێتە قاسەی کۆمپانیای بریتانی بۆ توتن. جەنابی ئایەتوڵڵا! ئێمە پێویستمان بە ڕابەرێکی بەهێز هەیە تا هاوار بکا: دەفن بن[81] بە خۆتان و توتنی بریتانیشتانەوە."

ئایەتوڵڵا دەستی لە قلیانەکەی بەردا. وەک ئەوە وابوو دەستی لە شتێکی پیس دابێ، بە شێوەیەکی خۆزاییش دەستی لەو بەڕەیەی لەسەر دانیشتبوو هەڵسوو وەک ئەوەی پاکیان بکاتەوە. ئینجا بە دەنگێکی نەرمەوە گوتی: "ئەم کاروبارانە ئاڵۆزن. توانای ئێمە هەر ئەوەیە بانگەوازێک بکەین، بەڵام دواتر هیچ لە شتەکان ناگۆڕێ. لەو دونیایەدا

[81] دەفنبوون: بە تووڕەییەوە دەی بڕۆن، نەمێنن، جۆرە توکێکیشە.

تەنیا ئەو گۆچانەم توند بە دەســـتەوەیە و ناشـــتوانم هیچی پێ لەگەڵ ئینگلیزدا بکەم."

دوابەدوای ئەوە جەمال خان پرســـی: "جەنابی ئایەتوڵڵا دەکرێ شـــتێکت نیشان بدەم؟"

ئایەتوڵڵا پیرەکە بە گومانەوە تەماشای ئەو دوو پیاوە لێبڕاوەی کرد، کە ڕیتمی ڕۆژانەیان تێکدابوو.

شـــــیرازی وێنەکەی لە دوورەوە بەبەرچاو ڕاگرت، بەڵام هیچ شـــــتێکی نامۆی تێدا نەبینی. خۆی هەر وێنەیەکی ئاســــایی ئاخوندێکی قەڵەو بوو بە شێوەیەکی قۆشمە قلیانی دەکێشا.

"جوامێران، چاوەکانم وەک پێشان نەماون، من ئیمامێک دەبینم ، وایە؟"

جەمال خان گوتی: "بەڵێ وایە، تۆ باش دەبینی، بەڵام ئەو پیاوەی ناو وێنەکە ئاخوند نییە، ئەو کابرایەکی بریتانییە، مێزەرێکی لەســــەر ناوە، عەبایەکی ئاخوندانەی لەبەرکردووە، ڕدێنێکی ســـاختەشـــی بەرداوەتەوە. ئەو کەسە بریتانییە سەرۆکی کۆمپانیای توتنە."

ڕوخســــاری ئایەتوڵڵا پیرەکە بەیەک جار گۆڕا. ویســـــتی دەســــت بۆ کڵۆشـــەکرێک ببا، لێ دەســـتی خۆی کشـــاندەوە، دەســـتی بۆ ئیســـتکانە چایەکە برد و بە تاڵی فڕێکی لێدا.

٤٦

نامەکە

هەموو دوای نیوەڕوانی ڕۆژانی دووشـــەممە پاشـــا و شـــێخ ئاغاســـی کاروبارە گرنگەکانی ولاتیان تاوتوێ دەکرد. ئەم جارەیان ئاغاسی دوای بەلایەکداخســـتنی دۆســـییەکان و مۆرکردنی بەڵگەنامەکان، نامەیەکی لە جانتاکەی هێنایەدەر.

- "ئەم نامەیە لە کێوە هاتووە؟"
- "لە ئایەتوڵلا میرزای شیرازی."
- "میرزای شیرازی کێیە؟"

شێخ ئاغاسییش وەلامی دایەوە: "ئایەتوڵلای شیرازە."

- "ئەو چی لە ئێمە دەوێ؟"

"ئەو نامەیەکیشـی بۆ من نووسـیوە، نامەیەکی پڕ لە وشـەی ڕەق و زبر. هەر بۆیە دوودڵ بووم بیخەمە بەردەستت یان نا، لێ بیرم کردەوە گوتم وا باشە خاوەنشکۆ لێی ئاگادار بێ."

پاشا نامەکەی دایەوە ئاغاسی و پێیگوت: "بۆم بخوێنەوە."
شــێخ ئاغاســـی بە ئەســـپاییەوە گوتی: "دەکرێ پاشـــا لە خوێندنەوەی بمبووری، چونکە پێموایە ناوەڕۆکەکەی زەقە و بێڕێزی تێدایە ."
پاشـــا قســـەکەی خۆی لێ دووبارەکردەوە: "دەی بیخوێنەوە!" پشـــتی وە کورسییەکە دا.
وەزیریش زەرفەکەی وەرگرت و مۆرە مۆمییەکەی لێکردەوە.

بیسمیلاهە ڕەحمانە ڕەحیم،
بە ناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان.
بۆ پاشای وڵات.
یەک دوو پرســـی نیشـــتمانییمان لە نامەیەکی دووردودرێژدا بۆ وەزیر باس کردووە، پوختەکەی لێرەدا باسکراوە.
پاشـــا چارەنووســـی هاوڵاتییەکانی خۆی داوەتە دەســـتی بریتانییەکان. ئەمەش بۆ موســـڵمانان مایەی شـــەرمەزارییە، کە غەوارەی دەرەوە بەم شێوە بە قووڵی ڕۆچووبنە ژیانیان و جڵەویان کردبێ. لەپێناو ڕێزگرتنی ئیســـلام و بەرژەوەندیی نیشـــتمان، ئێمە ئەو ئەرکە دەخەینە ســـەرشـــانی پاشـــــا، بەوەی کاروباری توتن لە دەســـــتی بریتانییەکان دەربهێنێ و بیگەڕێنێتەوە دەستی هاوڵاتییانەکانی خۆی.
لە چاوەڕوانیی وەڵام، خوات لەگەڵ بێ.
وەلسەلام
میرزای شیرازی

ئـــایەتوڵڵا بەم کورتەنـــامە نـــاوەڕۆک تونـــد و فەرمـــانبەرداربییە، کە هۆشـــدارییەکی وادەداری تێدابوو، پاشـــا دەهری بوو، بەڵام دانی بەخۆدا گرت و گوتی: "بە لێکدانەوەی من ئەو پیاوە پیرە و منداڵیشـــە. ئاخر هیچ

هۆیەک لە ئارادا نییە تا بە نووسـراو وەڵامی بدەینەوە. من تەتەرێکی بۆ دەنێرم قسەی توندی پێبڵێ."

"من داوا لە خاوەنشـکۆ دەکەم جارێ ئارام بگرێ، ئاخر ئەم ئاخوندە دەسـترۆیشـتووە. ئێمە سـەرەتا دەبێ لێ وێبکەوین بۆچی و بەیەک جار لە کەللەی داوە تا دەسـت بۆ خامە بەرێ و ئەم نامەیەت بۆ بنووسـێ. ئەمە نیشـانەیەکە بەوەی سـکاڵا و ناڕەزایەتی لەنێو توتنفرۆشـانی بازار گەیشـتۆتە ڕاددەیەک، لەدەسـت دەرچوە. پێویسـتە بەرلەوەی بجووڵێین زانیاریی زیاتری لەبارەوە بزانین."

پاشا ڕاوێژەکەی وەزیری بەهەند وەرنەگرت.

"بازرگان و دوکاندارانی توتنفرۆشـی دەبێ بێن و بەسـەر پێڵاوماندا بکەون و ماچی بکەن. ئێمە مشـووری ئەوەمان بۆ خواردن تووتن بە ئامادەکراوی بێتە بەردەستیان. لەوە پتر چییان دەوێ؟ ئێمە کارئاسانیمان بۆ کردوون. ئاخوند لەم شتانە تێناگەن، پێویستە ئەوان ئەوە بزانن نابێ لووتی خۆیان لەم جۆرە کاروبارانە بژەنن. پێویسـتە ئەم ئایەتوڵلایەش سنووری خۆی بزانێ."

ئینجا نامەکەی دڕاند و ئەمەشـی بۆ زیاد کرد: "ئێمە دەبێ دەرسـێکی بدەینێ! ئەگەر وەها نەکەین، ئایەتوڵلاکانی دیکەشمان لێ قیت دەبنەوە و داوای نوێمان لێ دەکەن!"

ئیدی تەتەری پاشا لە پاش دوو ڕۆژ کاروان، هێشتا تەپوتۆزی ڕێگاکەی لەسـەر دەموچاو و سـەر شـانەکانی بوو کاتێ گەیشـتە بەردەرکەی ماڵی ئایەتوڵلا. خزمەتکارەکە فەرمووی لێکرد و بردییە ژوور، سەرەتا ویستی چاو و نـانی بداتێ، بەڵام تەتەرەکە ڕەتیکردەوە پشـوو بدا و گوتی پێشوەخت دەبێ ئەو ئەرکەکەی خۆی بەدیبێنێ.

شـــیرازی لە نـاوکەوی[٨٢] ژووری کتێبخـانەکەی خۆی، لەپشـــت مێزی نووســـینە نەویەکەی دانیشـــتبوو. کابرای تەتەر ســـڵاوی لێکرد، هەندێ سەری بۆ دانەواند و پێڵاوەکانیشی داکەندن.

قەدوقیافەی ئایەتوڵلا بۆ بابای تەتەر مایەی ســـەرســـامی بوو. ئاخر ئەو چاوەڕێ بوو کەســـێکی چوارشـــانەی بەهێز ببینێ تا بتوانێ بە وتەکانی دابڕســـێتە دەســـەڵاتی پاشـــا، لێ کاتێ ئەو پیاوە بەســـاڵاچووەی لەســـەر مافوورێکی کاڵبووەوەی خۆماڵی بینی، کابرا قورســـایی ئەو پەیامەی هێنابووی، لە دەست دا.

ئەو یەک دوو ڕۆژ بوو بێوچان بە نێو وڵاتدا ڕێگای تەیکردبوو تا بگاتە شوێن و کابرای مەبەست.

کاتێ چووە ژوور، ئایەتوڵلا ئاماژەی بۆ کرد لەســـەر زەوی دابنیشـــێ. تەتەرەکەش لای مێزەکەی ئەو چۆکی بەزەوی دادان و گوتی: "من پەیامی پاشام بۆ ئێوە هێناوە."

ئایەتوڵلاش دەستی درێژ کرد و گوتی: "دەکرێ بمدەیتێ."

تەتەرەکە دوودڵ بوو: "تکایە لێم مەگرە، بەڵام من هیچ کاغەزێکم بۆ تۆ نەهێناوە، من دەبێ پەیامەکەت بچرپێنمە گوێ."

دەمودەســـت ئایەتوڵلا تێگەیشـــت، شـــتەکە پەیوەندی بە پێڕاگەیاندنێکی نەخوازارەوە هەیە.

"پێویست ناکا بچرپێنیە گوێم، دەی پەیامەکەم پێ بڵێ."

کابرای تەتەر بە دڕدۆنگییەوە ســـەیری دەرکەی کرد. گومانی هەبوو لەوەی خزمەتکارەکە لەبەر دەرکە وەستا بێ.

ئایەتوڵلاش هێوری کردەوە: "ئاسوودە بە، کەس گوێی لێ نییە."

"پاشا ئەم پەیامەی خوارەوەی بۆ ناردووی: **خۆت لە کاروباری پاشایەتی هەڵمەقورتێنە، دەنا دێم و هەردوو چاوت دەردێنم**"

---

[٨٢] ناوکەو: پانتایی ژوور، پێچەوانەی بنمیچ،

تەتەرەکە بە سەری بەخۆداشۆڕبووەوە چاوەڕێی کاردانەوەی ئایەتوڵلای دەکرد.
شیرازی بە ئارامییەوە لێیپرسی: "هەر ئەمە بوو؟"
"بەڵێ هەر ئەمە بوو."
"سوپاست دەکەم، ئەرکت کێشا و ماندوو بووی تا پەیامەکەم پێ بگەیەنی. بڕۆ نان و ئاوی خۆت بخۆ و بخۆوە و پشووی تەواو بدە."

ماوەیەک تێپەڕی، کەچی بۆ پاشا ئەوە ڕوون نەبوو ئاخۆ هەڕەشەکەی لە ئایەتوڵلا کاری خۆی کردووە یان نا. ئەو بە بێدەنگی لای خۆی وەهای دانابوو پەیامەکەی بە باشی گەیشتووە و چیدی ئایەتوڵلا نابێتە مایەی سەرئێشە.
لەو نێوەشدا فەرمانی بە گرتنی هەموو ئەوانەدا، کە گومان ئەوەیان لێدەکرا دەستیان لە پشێوی و ئاژاوە تاراندا هەبێ. بەرەبەرە ئەو قەناعەتەی بۆ پاشا دروست دەبوو بەوەی دەنگی ناڕەزایی لە ڕەگوڕیشەوە دەرهێناوە.

ئەو ماوەیەش جەمال خان و میرزا ڕەزا کرمانی و ئەمیر نیزام هەر لە شیراز مانەوە، تا لەوێوە کاروباری بەرهەڵستی و بەرگریی ڕێکبخەن. پاشا لەوە باشتری نەدەویست جڵەوەکە توند بگرێ و بێخەم بێ، تا ئەوکاتەی نامەی لە توتنفرۆشانی شیرازەوە پێگەیشت، کە بە دەستەجەمعی ڕەتیاندەکردەوە سەروسەودا لەگەڵ کۆمپانیای توتنی بریتانییدا بکەن و گوێشیان بەو داوایانە نەدا تا ئەو برە پارەیەی لەسەریان ماوەتەوە بیدەنەوە و حیسابەکەی خۆیان پاک لەپاک ڕابگرن. ئینجا سەرۆکی هێزی ئاسایشپارێزی شیراز ڕاستەوخۆ فەرمانی لە

پاشاوه بۆ هات، ئەو دوکاندارە توتنفرۆشانەی پارەی توتنەکەیان نەداوە بگرن.

شـا ناڕەزایەتیی دوکاندارە توتنفرۆشــەکانی بەهەند هەڵنەگرت. هەرچی بریتـانییەکـان بوون پرســی دوکـانـدارە توتنفرۆشــەکانیـان بە هەند وەرگرتبوو، حیسـابی خۆیان بۆ دەکرد. ئەوان لەوە دەترسـان نەبادا ئەو پشــێوییەی شــیراز بۆ بازاڕی شــارەکانی دیکەش بتەنێتەوە و ئینجا بازرگانی قەند و چا و ڕســتن و چنین و بەرهەمەکانی دیکەی بریتانیا بکەوێتە بەر مەترسی. هەر بۆیە باڵوێزی بریتانیا دەمودەست لە دەرکەی شای دا و ڕاوێژی ئەوەی داین بەڵکو ڕێککەوتنێک لەگەڵ دوکاندارەکانی شیرازدا ساز بدا. داوی چەند ڕۆژێک مۆڵەتی کرد و لەو نێوەشدا پرسی بە دایکی کرد.

شێخ ئاغاسی لەبەر پاشخانە دیندارییەکەی خۆی هەمیشە شیاوی ئەوە نەبوو ڕاوێژی ڕاسـت و دروسـت بداتە پاشـا. نەخاسـمە هەنووکە، کە بەرهەڵسـتییەکی دینی بەرۆکی گرتوون، ئیدی ئەو کەوتبووە دەریایەکی قووڵی دڕدۆنگییەوە. زۆر جـارانیش بەدوای بیر و تێڕامـانی مەهـدولیـا دەکەوت.

لەو ماوەیەشـدا پاشـا بەردەوام ڕاوێژی بە عەینولدەولەی زاوای دەکرد. بەم شـێوەیە، ئەو وردەوردە مێردی تاج سـوڵتانی کیژی ڕاکێشـایە نێو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات، لێ لەو دۆخەدا ئەو پێویسـتی بە کەسـێکی خاوەن ئەزموون و لێبڕاو هەبوو.

مەهـدولیـای دایکی شــێلگیر و یەکلاکەرەوە بوو: "ڕاوێژەکەی بـاڵوێزی بریتانی لای خۆت دانێ و فشاری زیاتر بخەرە سەر بازرگانەکان."

بەم جۆرە چەکدار بەنێو بازاردا وەربوون و بەسـەر دوکاندارەکانیاندا دا و قاســەی تونتفرۆشــەکانیان بەتاڵکردن و بۆ ئەوەی قەرزی کۆمپانیای بریتـانی پێبـدەنەوە. یەکێ لە بـازرگـانە دیـارەکـانی شــــار هەوڵیـدا بە

نوێنەرایەتیی ئەوانی دیکەش ڕێگە لە یاســـاوڵەکان بگرێ، لێ هەر لەوێ حەسیرمەیدانیان کرد، ئەوەندەیان لێدا تا لەشوێنی خۆی ڕاقەنا و قۆڵ و سەروگوێلاکیان شکاند.
ئینجا دوکاندارەکان، ئەوانەی ســـووکایەتییان پێکرا، هانایان بردە بەر ئایەتوڵلا بەساڵاچووەکە. ئەویش قسەی بۆ کردن و ورەی بەرزکردنەوە و دەســـتی دایە گۆچـانەکەی خۆی. کـاتێ ئـایەتوڵلا کەوتەڕێ، هەموو دوکاندارەکانی بازار بەدوایدا چوونە ماڵی بازرگانە بریندارەکە. دوای سەردانەکە، بە گۆپاڵەکەی خۆی ئاماژەی بە دوکاندارەکان کرد و هێوری کردنەوە و ئەوسا پێی گوتن: "بازاڕی شیراز لە ناڕەزایەتیی ئەم کارەدا، دوکانەکانی خۆی دادەخا!"
دوکاندارەکانیش هیچ سێودوویان لێنەکرد و بازاڕ داخرا.

لە نیوەی شەودا ئەمیر نیزام بەسەر باناندا خۆی گەیاندە بازاڕ و پارچە خامێکی گەورەی هێنا، کردیە لافیتەیەک و بەســـەر دەروازەی بازاڕی دادا. بۆ بەیانییەکەی حەشـاماتی خەڵک لە نووســینی ســـەر لافیتەکەیان ڕوانی و ئاماژەیان بۆ دەکرد. لەبەرئەوەی بەشـــی هەرە زۆری خەڵکەکە نەخوێندەوار بوون، لە یەکدییان دەپرســـی ئاخۆ چی لێنووســـراوە. کاتێکیش گوێیان لە دەقی نووســـینەکە بوو بۆیان خوێندرایەوە، شـتەکە وەها دەهاتە بەرگوێ وەک ئەوەی پەیامێکی نهێنی بێ.
"بازاڕی شـــیراز لەمەوپاش هیچ توتنێک بە بریتانییەکان نافرۆشـــێ. دوکاندارەکانی شیراز داوای ڕایەڵەیەکی کاری نیشتمانی بۆ پێشخستنی بازرگانییەکە دەکەن."
کەس نەیدەزانی ئاخۆ کێ ئەو لافیتەی بەســـەر دەروازەی بازاڕەکەدا داوە. ئاخر هێشـــتا لای زۆر لە دوکاندارەکان ئەوە ڕوون نەبوو، بیریان لێنەدەکردەوە کە بازار تێلێگرافەکە بۆ کاروباری کاســـبییەکەی خۆی

بەکاربهێنێ. بەم جۆرە نارەزایەتیەکە ئاراستەیەکی تەواو جیاوازی وەرگرت.
سەرۆکی هێزی ئاسایشپارێزی شارەکە لافیتەکەی لێکردەوە. هەروەها فەرمانیشی دەرکرد دوکاندارەکان دوکانەکانی خۆیان بکەنەوە، ئەگەر وەها نەکەن ئەوا یاساوڵەکانی چیدی بەرپرس نین لە پاراستنی ئاسایشی دوکانەکانیان. لێ کەس گوێی بە بانگەوازەکەی ئەو نەدا. بۆ شەوەکەی دەیان باندی دز و جەردەی لە زیندان دەرهێنا و بە بازاڕی وەنان تا دوکانەکان تالان بکەن. ئەوان دەرگاکانیان شکاندن، هەر شتێکیان پێهەڵدەگیرا لە گەڵ خۆیاندا برد و باقی شتەکانی دیکەشیان شکاندن و بەگۆڕێیان وەر کرد.
بۆ ڕۆژی پاشتر دوکاندارەکان لە ماڵی ئایەتوللا کۆبوونەوە، تا گوێ لە قسەی بڕیاردەرانەی ئەو بگرن. شیرازی تەتەرێکی نارده بازاڕی تاران تا ئەوانیش هاوئاهەنگ بن دەرگای دوکانەکانیان دابخەن. دوکاندارەکانی تارانیش وەهایان کرد، ئینجا پاشا بازاڕی تارانیشی بە هەمان مەرەدی شیراز برد و دز و جەردەی بۆ ناردن تا تالانیان بکەن.
ئەودی ئینگلستان لێی دەترسا، قەوما. خەڵکی سادەش چوونە پاڵ نارازییەکانی بازاڕ. دەستبەجێش هەموو ئایەتوللاکانی شارە گەورەکان دان یەکیان لە وێنەی بەرپرسە بریتانییەکە بەخۆی و مێزەر و عەبای ئاخوندانە پێکەیشت. ئەوانیش لەسەر ئەوە کۆک بوون: "ئیسلام لە مەترسی دایە."
دروشمێکی هاوبەش پەیدابوو: "ئینگلیز لە توتنەکەمان دوورکەوە!"
پاشا ڕەتیکردەوە مل بەو داواکارییە بدا بە دنەدانی دایکی زەبروزەنگی زیاتری بەکارهێنا.
وێڕای ئەم کاردانەوەیە لە لایەن کۆشکەوە، هێشتا خەڵکەکە لەسەر هەڵوێستەکەی خۆیان ڕقئەستوورتر دەبوون. بۆ یەکەمین جاربوو لە

مێژوودا خەڵکەکە ئەو دەرفەتەیـان بۆ هەڵبکەوێ دژی دەسـەلات بوەسـتنەوە. دوکاندارەکان لە دەوری ماڵی ئایەتوڵلا گردبوونەوە. ئەوان توانییان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوکانەکانیان دابخەن، دەنا دۆخەکە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئەوان وەردەگەڕا.
پاشـا هەدادانی نەما. فەرمانی دەرکرد، دوکاندارەکان بەزۆر لە ماڵی ئایەتوڵلا دەربکەن و خودی ئایەتوڵلا بەسـالاچووەکەش بۆ شـوێنێکی نهێنی ببەن.

یاسـاوڵە ئاسـایشـپارێزەکان هێزوگوڕی دوکاندارەکانیان بۆ بەرگری لەبەرچاو نەگرتبوو، بە هەندیان نەدەزانین. ئیدی یاسـاوڵەکان لە ترسـی ژیانی خۆیان دەسـتیان بۆ تفەنگەکانیان برد و تەقەیان کرد. کوژرا و بریندار پەیدابوون. خەڵکەکە وروژا، لە حەوشەوە پەلاماری یاساوڵەکانیان دا. لە گۆترە تەقە کرا. دانیشتوانی گەڕەکەکە و دەوروبەری بەئاگاهاتنەوە، بە لێشاو لە ماڵەکانیان هاتنەدەر و بەرەو ماڵی ئایەتوڵلا شـیرازی هاتن. بە سـەدان کەس ڕژانە کوچە و کۆلان و لێ وەسـەر بانان کەوتن، بەم جۆرە یاساوڵەکان لەهەموو لایەکەوە ئابلوقە درا و گیران.
بە یاوەریی جەمال خان و ئەمیر نیزام شیرازی لە کتێبخانەکەی هاتەدەر. ئەمیر نیزام مێزی خوێندنەوەی بۆ ئـایەتوڵلا دانـا. ئـایەتوڵلا بەسـالاچووەکەش بە پاڵپشـتیی جەمال خان تەکانێکی بە خۆی دا و بە زەحمەت بەسـەر مێزەکە کەوت. گۆپاڵەکەی بەرز کردەوە، ئیدی بێدەنگی باڵی بەسـەر ئامادەبوواندا کێشـا. "**من فتوایەک دەدەم، لەمڕۆ بەدواوە توتن حەرامە، هیچ کەس لەو وڵاتە نابێ توتن بکێشـێ. هەر کەسـێکیش ملکەچ نەبێ جاڕی شەڕ دژی خودا دەدا.**"
هەمیشـە فەتوا وەک ڕاوێژێکی قـانونی وەرگیراوە. کـاتێکیش قـازیی ئیسـلامی لە دۆزێکی بەردەمی هیچ دەقێکی لەلا نەبێ، بۆ بەرچاوڕوونی

داوا له ئایەتوڵلا دەکا. هەمیشـــەش ئەمە پەیوەندی بە موســـڵمانان و شـــێوازی ژیانیانەوە هەبووە. هەروەک چۆن خواردنی گۆشـــتی بەراز، خواردنەوەی مەی و مێردکردنی ژنانی موســـڵمان بە غەیرە موســـڵمان، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو فتوایەک بە مەرامێکی ســـیاســـییەوە بارگاوی بکرێ.

ئەم فتوایە ســەنگین و هەســتیار بوو، چونکە لە دژی پاشــا و گەورەترین زلهێزی دونیا کە ئینگلستان بوو دەرکرابوو.

ئایەتوڵلا بە ســاڵاچووەکە پێشــبینی لێکەوتەی فتواکەی بۆ ســەد ســاڵی دوای خۆی نەدەکرد هەروەهــا نەیــدەزانی ڕەفتــاری بــازرگــانی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەگۆڕێ.

ئایەتوڵلا میرزای شیرازی قسەی خۆی کرد و گەڕایەوە هۆدە سادەکەی خۆی. دیاربوو قســـەکانی ئەو بەهێزتر و کاریگەرتر بوون لە هەزاران گولله تۆپ. ئینجــا بۆ مــاوەیەکی درێژ بێدەنگی لە حەوشـــەی مــاڵی ئایەتوڵلا، لە گەڕەکەکە، لە شــارەکە و لە وڵات، هەروەها لای پاشــا و لە لەندەنیش باڵکێش بوو.

٤٧

قلیان

هیچ کەس ڕەچاوی لێکەوتەی ڕووداوەکانی شیرازی نەکردبوو. بەوەی ئینگلستان کەوتبووە بەر شالاوەکە، ئەوا بۆ ڕوسیا بەختێک بوو لە ئاسمانەوە بۆی باریبوو. لەبەر ئەوەی تێبینی ئەوە کرابوو، پاشا هەم متمانەی خۆی و هەم جڵەوی وڵاتەکەی لە دەست داوە، بۆیە باڵوێزی ڕوسیا لە تاران دوا گرێبەستی یەکلاکەرەوەی هێڵی ئاسنینی بۆ واژۆکردن لەبەردەم پاشای دانا.

پاشا هێشتا بە تەواوی لە واتای فتواکە نەگەیشتبوو چ جای ئەوەی کەسێکی دیکە بزانێ ئاخۆ فتواکە چۆن بە کردەوە جێبەجێ بکرێ.

ئایەتوڵلا شیرازی خۆیشی سەری لێدەرنەدەچوو. لە پیاسە ڕۆژانەییەکانی کاتێک پشووی دەدا، ئاوڕێکی بۆ پشتەوە دەدایەوە. بینی قلیانەکەی لەسەر تەختەبەندەکەی پشودان دانراوە. لەوانەیە خزمەتکارەکە لەوێی دانابێ.

شیرازی گەڕایەوە و بەسەری گۆپاڵەکەی لە قلیانەکەی داو وەریگێڕا، پشکۆی توتنەسوتاوەکە بەگوڕێ وەربوو. خزمەتکارەکە ئەمەی بینی و

ڕەفتارەکەی وەک کردەوەیەکی بەرهەڵستی لێکدایەوە. هەواڵەکە وەک ئاگری بن پووش بڵاوبووەوە. بەدوای ئەودا هەزاران و هەزاران قلیانی دیکە تێکشکێنران و فڕێدران.
لە ماوەیەکی کەمدا وایلێهات قلیان لە وڵاتدا نەما. هەروەها لەبەردەم باڵوێزخانەی بریتانی لە تاران خۆپیشاندان لە دژی قلیاندا کرا. وەک ڕێکارێکی خۆپارێزی دەرگەوانی باڵوێزخانەکە بە زنجیرێکی ئەستوور دەرگای باڵویزخانەکەی قفڵ دا و کارمەندەکانیش چوونەوە ماڵی خۆیان.

پاشا لە کردەوەی دژ بە قلیان ئاگادارکرایەوە. سەرەتا وایزانی ئەم کارە هی بەدکارانە، لێ وەها دەرکەوت خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بەشدارییان لەو هەڵمەتەدا کردووە. تۆ بڵێی بانگەوازی داهاتووی ئایەتوڵلا چی بێ؟ تۆ بڵێی بوێرێ ڕاستەوخۆ گەل لە دژی پاشا تیختیخە بدا؟
پاشا بە پەشێوحاڵییەوە لە ڕاڕەوکانی کۆشکەکەیدا ڕاوێچکەی دەدا. تەنانەت چووە نهۆمی دووەم، ئەو شوێنەی بە دەگمەن سەری پێدادەکرد. کەوا و جلوبەرگ و کەلوپەلە هەڵگیراوەکانی باوکی کۆچکردوو و پاشاکانی دیکەی تێدا هەڵگیرابوون. هەر لەوێش تابلۆیەکی گەورەی باوکی هەڵواسرابوو. ئەو بە تابلۆکە بەڵەد بوو، ئەو تابلۆیەی باوکی بە خۆی و تاج و کەوای پاشایەتییەوە، بەوپەڕی شکۆی خۆیەوە لەسەر تەختەزێڕینەکەی پاڵی بە سەرینی ئاوریشمین دایەوە، بەڵام تازە بۆی دەرکەوت باوکی قلیانی دەکێشا. شتێک بوو مایەی لێتێگەیشتن نەبوو. باشە بۆچی پێشتر هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵیدا نەهاتووە و قلیانی لەدەستی باوکیدا ببینێ؟ ئێستا تێگەیشت ئەمە پۆرتریتی باوکی نەبوو، بەڵکو هی قلیان بوو.

کاتێکیش ڕەوتی بەرهەڵستییەکە بە تێکوپێکشکاندنی قلیانەکان تەقییەوە و گەیشــتە کۆشــک، دەرفەتێک هەبوو بەوەی ژنەکانیشــی گوێڕایەڵی ئایەتوڵڵا بەساڵاچووەکە بن. ئەوەی پاشاش چاوەڕێی نەدەکرد، ئەوەبوو پشــێوی دەرکەی حەوشــەی ماڵی خۆیشــی لێ بگرێ. هەموو ڕۆژێ مەلیچکی دەناردە حەرەمســەرا ئاخۆ قلیانەکان شــکێنراون یان نا. هەموو جارێکیش مەلیچک بەو چیرۆکە ناڕوونە دەگەڕایەوە.
پاشا لێی دەپرسی: "ئەرێ قلیانت بینین؟"
مەلیچکیش گەمژانە دەیگوت: "بەڵێ، قلیان."
"ئایا قلیانەکان ساغ بوون؟"
مەلیچکیش پرسی: "ساغ؟"
"ئایا قلیانەکان شکێنرابوون یان نا؟"
"نەخێر، بەڕاستی نەشکابوون."
"ئایا ژنان قلیانیان دەکێشا؟"
مەلیچک وەڵامی دەدایەوە: "ژنەکان؟ بەڵێ بێگومان."
"ئایا ئەوانت بینین؟"
هەروەک ئەوەی ئاگای لێنەبووبێ، مەلیچک بە چاوی خێڵەوە تەماشــای پاشای دەکرد.. پاشا هاتبووە سەر ئەوەی زللەیەکی تێ بسرەوێنێ، بەڵام بەهۆی نیگای کوڕیژگە خەپە خۆشــەویستەکەی، کە مایەی بەزەیی بوو، تووڕەییەکەی دامرکایەوە.
پاشــا زۆر بەرگەی نەگرت. بە درەنگانێکی نیوەڕۆیەکە، لە کاتێکدا ژنانی حەرەمســەرا لە یەک کۆدەبوونەوە تا بەیەکەوە قلیان بکێشــن، لەو کاتەدا پاشــا بەخۆی و مەلیچک پیاســەی بەناو حەرەمســەرادا کرد. لەوێ بە شێوەیەکی سەیر سڵاوی لە قەرەواشەکان کرد و چاوەڕێی خواجەباشی، بەرپرســی حەرەمســەرای کرد، کە هەمیشــە لە هۆدەکەی خۆی لای

دەرگاکە دادەنیشـــت. کەچی ئێســـتا ئەویش لەوێ نەبوو، هەروەها قلیانەکەشی دیار نەبوو.
پاشــا بۆ ئەوەی دڵی خۆی بداتەوە بە مەلیچکی گوت: "ئەو ســەرقاڵە، ها بینا هاتەوە."
هەر بەڕاســـتیش بێدەنگییەکی ســـەرنجراکێش بوو. جاران ژنەکان هەر کاتێ پاشـــایان لە دەرکە بینیبووایە، بەغار دەڕۆیشـــتنە ژوورەکانیان و جلی جوانیان لەبەر دەکرد و خۆیان دەڕازاندەوە و لەسـەر ئەوە بەشـەڕ دەهاتن ئاخۆ کێیان زووتر سەرنجی پاشا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵام خۆ ئێستا هیچ ژنێک لەوێ دیار نەبوو. هەموو قلیانەکانیاش بە دیوارەوە هەڵپەسێدرابوون.
لەپڕ قلیـانێـک لە نهۆمی دووەمەوە بەربووە و لە خوارەوە بەر پـاردە بەردینەکە کەوت و هەلا بەهەلا بوو. مەلیچک دەسـتبەجێ خۆی لەپشـت پاشـــا پەنادا، ئەو وایکرد وەک ئەوەی نەهیچی دیبێ و نە هیچیشـــی بیســـتبێ. خۆ ئەگەر ئەمە پێش مـانگێک ڕوویـدابـا، هەڵبەت پـاشـــا خەتابارەکەی پارچە پارچە دەکرد، لێ ئێســـتا نازانێ ئاخۆ دەتوانێ وەها بکا یان نا. ئەو لەوە دڵنیا بوو، ژنانی حەرەمسـەرا ئەوانەی ڕقیان لێیەتی، فتواکە دەقۆزنەوە تا تۆڵەی بکەنەوە. خۆ ئەگەر یەکێکیشـیان سـزا بدا، ســـکاڵا دەبەنە لای ئایەتوڵڵا و ئیدی ئەو وەک کەســـێکی خوانەناس وێنادەکەن.
پاشا بانگی کرد: "خواجەباشی!"
بەرپرسـی حەرەمســەرا لەپشـت بارسـتاییەک لیفە و پەتۆی پیسـوپۆخڵ وەدەرکەوت و بە شێوەیەکی نارێکوپێک چەمایەوە.
شا پێیگوت: "بانگی ژنەکان بکە. دەمانەوێ قلیان بکێشین."

نۆکەرەکـان بە پەلەپەل بەخۆ کەوتن تـا قلیـانەکـان ئـامـادە بکەن. خواجەباشـــییش چووە ژوورەکان و بە دەنگێکی لەرزۆک بانگیکردن: "خانمان قلیانەکان ئامادەن، خاوەنشکۆ دەیەوێ قلیانتان لەگەڵ بکێشێ."
شـــا بەدەســـت لەپشـــتەوە گرێدان بەلای ژوورەکاندا چوو. مەلیچکیش غاریدایە لای خشـــخشـــۆکەکە، بەڵام بۆ خوارە لێی نەخزی. هەســـتی بە نائارامی کەشـــەکە کرد، بۆیە لەســـەر تۆقەڵی خشـــخشـــۆکەکە مایەوە و هەڵتروشکا تا چاودێری پاشا بکا.
ژنەکان بەپیر بانگەوازەکە نەهاتن. ئەو نۆکەرانەی قلیانەکانیان ئامادەکرد، لە ژیانی خۆیان دەترســـــان. خەمی ئەوەیان بوو لە دەوروبەری پاشـــا دوورکەونەوە. خواجەباشـــی کورســـییەکی پاشـــای هەڵگرت و لە نزیک فوارەی ئاوەکەی دانا. کاتێک قلیانەکەســـی دایەدەســـت، بانگی کردەوە: "خانمان، شا خەریکە قلیان دەکێشێ!"

خڕەی قفڵدانی دەرکەکان بە نەرمی دەبیســـترا. شـــا یەک دوو مژی لە قلیانەکە دا و لە ماســـییە ســـوور و کەســـکەکانی نافوورەکە نزبووەوە.[٨٣] ئـاخر بە گوێرەی فتواکە بووایە، نەدەبوو کەس توتن بکێشـــێ و هەر کەسێکیش وەها بکا ئەوا گڵاوە. ئێســتاش پاشـا گڵاو بووە، ژنەکانیش لە خواوە ئەو مافەیان پێدرا پیاوەکەیان پشـــتگوێ بخەن و نابێ توخن بکەون.
شا بانگی کرد: "ئەرێ ئەوانە لە کوێن؟"
نۆکەرەکـان لە قوژبنە تـاریکەکـان خۆیـان گرمۆڵە کرد تـا نەبینرێن. خواجەباشـــییش جارێکی دیکە خۆی لەپشـــت بارســـتایی لیفە و پەتۆ پیســـەکان حەشـــار دایەوە. هەرچەندە ئەو پاشـــا بوو، لێ تێگەیشـــت دەســـەڵاتی بەقەد ئاخوندە بەســـاڵاچووەکە نییە. تەنانەت ئەگەر لەجاران

[٨٣] لێ نزبوونەوە: بە وردی و چاوی مۆڵەقەوە سەیرکردن و تێرامان.

توندتر سزای ژنەکانیشی بدا، ئەوا هیچ ژنێکی زات ناکا دەست بۆ قلیانێک ببا یان سەرجێی لەگەڵدا بکا.
شا نەڕاندی: "وا پێتدەڵێم ئەوانە لەکوێن؟"
مەلیچک لەسەر خشخشۆکەکە بازی داو بە دوودڵییەوە چووە لای پاشا. دەستی پاشای گرت و بەرەو دەرگای برد. بۆ مایەی خۆشحاڵیی هەمووان، پاشا بەدوای مەلیچکدا لە حەرەمسەرا چووەدەر.

٤٨

دانیشتنی سەرچۆکان

فتوای ئایەتوڵڵا وڵاتی بێدار کردەوە. بە هۆیەوە هیوا لە چاوی خەڵکیدا دەبینرا. بازرگانێکی گەورەی توتن لە ئیسفەهانێ هەموو تووتنە داکراوەکەی خۆی هێنایە گۆرەپانی بازاڕ و ئاگرێکیان بۆ کردەوە فەردە فەردە دەیانخستە ناوگڕەکە و بە نمایشەوە سوتاندیان.

تێکوپێکشکاندنی قلیانەکانیش هەموو خەڵکیان لە دەسەڵات و هێزی خۆیان بە ئاگا هێنایەوە. پێگەی پاشا ناسک و شڵۆق دەرکەوت، بەهێواشی ترس لە دەسەڵاتداران دەڕەوایەوە. دوکاندارانی تاران و تەورێز و ئیسفەهان و شیراز بە گوڕدەم بەرەو مزگەوتی گەورەی[٨٤] شارەکانیان دەچوون تا لەسەر چۆکان لێی دابنیشن. ئەو لەسەر چۆکان دانیشتنە شێوە دانیشتنێکی ناسراوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین. بنیادەم پەنا بۆ ماڵی خوا دەبا لەوێ تا ماوەیەکی درێژ دادەنیشێ تا ئەو کاتەی

---

[٨٤] مەبەست ئەو مزگەوتەیە کە نوێژی هەینی لێدەکرێ، لە شارەکانی ئێران تەنیا لە یەک مزگەوتدا نوێژی هەینی دەکرێ. وەرگێڕ

داواکانی جێبەجێ دەکرێن. بەم جۆرە خەڵکی خۆپیشـــاندەر و ناڕازی ڕوویان لە مزگەوت و ســەر مەزارەکان دەکرد و لەوێ لەســەر چۆکان لێی دادەنیشـــتن، لەوێ تەنـاهییـان[85] پـارێزراو بوو. ئـاخر لەوێ کەس تەشـــقەڵەی پێنەدەکردن. تەنانەت فەرمانێکی شـــاهانەش بۆ گرتن لەو شوێنانە نەیدەخوارد.

ئیدی خەڵکێکی زۆر بۆ پاڵپشـــتیی مانگرتووان ڕوویان لە مزگەوتەکان دەکرد. ئەو کەســـانەی لەپشـــت مانگرتنەکانەوە بوون، پەیوەندییان بە کۆمیتەکەی جەمـال خـان لە تـارانەوە هەبوو. لە هەموو وڵات هەر یەک دروشم بەرزدەکرایەوە: "ئینگلیز، واز لە توتنەکەی ئێمە بێنە!" "ڕایەڵەیەکی نیشـتمانیی تێلێگرافمان دەوێ دەنا هەموو دارتێل و کێبڵەکان هەڵدەقەنین و فڕێیان دەدەین!"

هەندێ لە ئەندامانی دەســـتەکەی جەمال خان داخوازیی دیکەیان هەبوو. ئەوان ویســتیان پســپۆڕە ئێرانییەکان ســەرپەرشـتیی پشـکنین و گەڕان بەدوای نەوت لە ئەســتۆ بگرن، بەڵام ئەوانی دیکە پێیان وابوو جارێ بۆ ئەوم داواکارییە زووە. ســەرباری ئەوەش هێشـــتا پســپۆڕی ئەو بوارە پەیدا نەبوون تا کاری ســـەرپەرشـــتییان پێ بســـپێردرێ. ئیدی هەر دەســـتیان بەو داخوازییانە گرت کە لە لای گەلەوە هەســـتی پێدەکرا و مایەی ئەوەش بوون جێبەجێ بکرێن.

تا دەهات ڕەوتی بەرهەڵســـتییەکە پەرەیدەســـەند. هێشـــتا حەشـــاماتی زۆرتری خەڵک دەچوونە پاڵ دانیشـــتنی ســـەرچۆکانی بازرگان و دوکاندارەکان. پاشـــاش وەها خۆی نواند، وەک ئەوەی نەبای دیبێ و نەباران، بە هیچ شـــێوەیەکیش ئامادەنەبوو بچێتە ژێر باری داخوازیی خۆنیشـــاندەرەکان. ئاخر ئەو جۆرە ڕێککەوتنە داهاتەکەی دەخســـتە

---

[85] تەناهی: ئاسایش

مەترسییەوە. ئەو سەرانە جێگیرە شاهانەییەی لەسەر هێڵی تێلێگراف و پرۆژەی کانەنەوتییەکان بۆ پاشــا دەهات، تێچوونە زۆروزەوەندەکانی کۆشک و حەرەمسەرا و گەشتەکانی پاشای پێ دادەپۆشی. بەتایبەتیش ئێستا کە هەست بە هەڕەشەی گەل دەکا، نەیدەویست دەستکاریی گرێبەستەکانی لەگەڵ ئینگلستانی زلهێزدا بکا. لەم ڕۆژە تەنگاو و پشێویانەدا پێویست نەبوو پشت بە گەلە نەخوێندەوارەکەی ببەستێ، بەڵکو پشت بە باڵویزخانەی بریتانیا ببەستێ.
لە جارانیش پتر دوودڵ بوو. هەر لەبەر ئەمە بوو بەردەوام ســەردانی پیرەدایکی دەکرد، کە پێشتر بە تیژبینی خۆیەوە یارمەتیی پاشای دابوو. مەهدولیا کوڕەکەی خۆی باش دەناسی، قسەی لەگەڵ دەکرد و ورەی دەدایەبەر: "ئەمانە ئەو ساتەوەختانەن کە هەموو پاشایەک لە ژیانی خۆیدا پێیاندا دەڕوا. ڕەعیەتەکەت نازانێ ئاخۆ ئەوان بۆ ژیانیان چییان دەوێ. خۆی ئەمە ئەرکی پاشایە هەڵیانسوڕێنێ. ئەوە فەرامۆش نەکەی، ڕوسیا لە پشتی تۆیە، باوکت و من پەیوەندییەکی تۆکمەمان لەگەڵ ئەواندا گرێداوە. ڕۆڵە، هیچ هەنگاوێک بۆ دواوە نەگەڕێیتەوە، تەنانەت ئەوکاتە دوژمن بیەوێ بتکوژێ. پیاوانی هۆزەکەمان هەرگیز لە مردن نەترساون."

شـا گومانی لەو پەیوەندییە تۆکمەیەی هەبوو، ئەوەی زیاتر لە جارێک دایکی بە بیری دەهێنایەوە. بەلای ئەو ڕوسەکانیش لەوانی دیکە شەریفتر نەبوون. خۆ ئەگەر دەرفەتیان بۆ هاتبا ئەوانیش هەر خۆیان ڕەپێش دەخست. پاشا لەو پلانەدا بوو تا کۆتاییە تاڵەکەی لەگەڵیدا بڕوا. ئەو ویستی ئەوە نیشانی ئینگلیز بدا، لە بارێکی وەهادایە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکا. هەر بۆیە فەرمانی دەکرد هێزی هەیتە و

یاساوڵ دەستی کراوەبێ تا جووڵەی بەرگری بە زەبروزەنگ سەرکوت بکەن.
هێشتا فتوای ئایەتوڵڵا بەسالاچووەکە ڕاستەوخۆ کاریگەریی بەسەر هێزی لەشکرەوە نەبوو. هەمیشە سوپا هەر بەدڵسۆزیی بۆ پاشا مابووەوە. دواتر وشەکانی ئایەتوڵا پێستە ئەستوورەکەی هێزی جەنگاوەری وڵاتیشی بڕی.
لە تاران هەیتە چەکدارەکان بەسەر مزگەوتی گەورەی شاریان دادا و کەوتنە گیانی دوکانداره مانگرتووەکان و بەزۆر لە مزگەوتێیان هێنانەدەر. چەند دانەیەک لە دوکاندارەکان دەستیان کردەوە و یەکێکێشیان لەو شەڕە دەستەویەخەیەدا گیانی خۆی لەسەر دانا. کاتێکیش ئەوان تەرمی هاوڕێکەیان لەسەر شان بۆ مزگەوتی بازاڕ برد، تاقمێک لە دز و جەردە خەریک بوون دوکانەکانی بازاڕ ئاگرتێبەردەن. ئیدی خەڵکەکە بە سەتڵی ئاوەوە خەریکی کوژاندنەوەی ئاگرەکە بوون، نەوەک تەواوی بازارەکە بگرێتەوە.
ئەم سوتاندنە هەواڵێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ شارە گەورەکانی دیکە. ئیدی بە ڕۆژ و شەو ئێشک لە بازاڕەکە دەگیرا.

لە تاران سەرۆکی هێزی هەیتەی ناوشار دەرگای مزگەوتە گەورەکەی گاڵە دا و فەرمانی ئەوەشی ڕاگەیاند هەرکەسێک لەو دەوروبەرە ببینرێ، دەگیرێ و ڕاپێچی زیندان دەکرێ. ئەم دانیشتنەی سەرچۆکان لە مزگەوتە بچووکەکانی دیکە درێژەی پێدرا و بێژمار خەڵک لە گۆڕەپانی مزگەوتی گەورە بۆ پاراستنی گیانی دوکاندارەکان گردبوونەوە.
هەیتەکان دڵڕەق بوون. بە تێلاکانیان وەرگەڕانە ئاپۆرای خەڵک لە کۆتاییدا توانیان خەڵک لە گۆڕەپانی مزگەوتەکە وەدەرنێن. دوکاندارەکان لە مزگەوتە بچووکەکانیان وەدەرنران. بەم کردە توند و گرتن و

ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێ، ئەو بوارە بۆ بازرگان و دوکاندارەکان نەما تا تاکلایەنە بەرگە بگرن.
هەرچەندە ئێشک لە بازاڕ دەگیرا، لێ تاقم و باندەکان بە شەوان بەسەر بانەکانەوە خۆیان دەگەیاندە دوکانەکان، تا ئەمبار و کۆگای دوکانەکان بسووتێنن. ترس و گومان باڵی بەسەر دوکاندارەکاندا کێشا. ئەوان لە مەزندەی ئەوە دابوون بەڵکو ژیرانەترین کار ئەوەبێ، دوکانەکانیان بکەنەوە.
کۆمیتەکەی جەمال خان ئاماژەی دوودڵی و گۆڕانی هزری خاوەنکارەکانیان بۆ هات و لێی تێگەیشتن. تا ئێستا ئەوان سەروکاری بەرگرییان هێنابوو، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەستپێشخەرییەکی نوێ بکەن. ئەگەر وەهایان نەکردبا، لە کۆتاییدا دەیاندۆڕاند.
لەپاش چەندین کۆبوونەوە بڕیاردرا لە هەر شوێنێک کاڵا و شتی بەریتانییەکان هەبێ، هێرشی بکرێتەسەر. ئیدی لە هەموو وڵات دەست بەسەر کارخانە و بەروبوومەکانیاندا گیرا و کارمەندی بریتانی و هیندیەکانیشیان دەردەکردن.
ئینگلستان فشاری زۆری خستە سەر پاشا تا گیانی کەسەکانی بپارێزێ و کارخانە و کاڵاکانی لەدەستی خەڵکەکە بپارێزێ. ئەوە بوو پاشا سوپای خستەگەڕ تا باڵوێزخانەی بریتانی بپارێزن و کارخانەکانی توتنیش لە خۆپیشاندەران و خەڵکیی ناڕازی پاک بکەنەوە. لە کێڵگەکانی توتندا جوتیارەکان ئەوەیان نیشاندان، ئەوانیش بایەخی خۆیان هەیە، بۆیە بە پاچ و بێڵەکانیان لە دژی هێزی چەکدار وەستانەوە، تا کار گەیشتە ئەوە سوپا تەقە بکا.
ئەم دەستکردنەوە توندەی سوپا تووڕەیی خەڵکی بە جارێک وروژاند. ئیدی کێبڵی تیلێگراف بڕدرا، دارتێلەکان خرانە خوار و لەسەر یەک دانران و ئاگریان تێبەردرا.

هەموو بریتانییەکانی ئێران بەرەو پارێزگا ئارامەکەی باشـــوور نێردران. هەر بە تەنیا باڵوێزخانە و دەســـتەکەی لە تاران مانەوە بۆ ئەوەی تا بکرێ لە نزیک پاشاوە بن، ئاگایان لە ڕەوتی پێشهاتەکان بێ.
لە نـاوچەی دەوڵەمەند بە کانە نەوتەکـان و لە مـاوەیەکی زۆر کورتـدا چەنــدین گونــد لەگەڵ خــاک تەختکران. بریتــانییەکــان لەوێ هەموو هۆکارێکی مانەوەیان جێگیر کردبوو. هەر کەسێک سـەرنجی دامودەزگا، خـانوبەرە، گۆڕەپـانی یـاری و ڕاکێشــــانی بۆڕی ئـاوی بدابـایە، لەوە تێدەگەیشــت ئینگلســتان نەخشــەیەکی وەهای هەیە، بەلای کەمییەوە تا سەد ساڵ لەم وڵاتە لێی دابکوتێ.

ئەوی بریتانییەکان لێی دەترســــان، قەوما. پاشـــاش لەباریدا نەبوو پشـێویەکە جڵەو بکا. لەڕاسـتیدا ئینگلسـتان ئەو دەسـەڵاتە لاوازەی وڵاتی بە خاڵێکی باش بۆخۆی بینی. ئەوان بەوە خۆشـحاڵ بوون شێخ ئاغاسی جێگەی وەزیرەکەی پێش خۆی گرتۆتەوە. لێ هەنووکە هەر بەڕاســـتی بەرژەوەندییەکانیان کەوتۆتە بەر مەترســـی، ئیدی بە شــێوەیەکی دیکە بیریـان لێکردەوە. بۆ ئەوەی پێگەی خۆیـان لەوێ بە ئـارامی بپـارێزن، دەبووایە کار لەگەڵ ڕەوتی بازاڕدا بکەن. هەربۆیە لەندەن باڵوێزەکەی خۆی ڕاسپارد تا چۆن وتوویژی لەگەڵ شادا دەکرد، بە هەمان شێوەش قســـە لەگەڵ ڕاپەڕیوەکانیش بکا. دەســـتبەجێ پاشـــا هەر شـــەقڵێکی نێوەندگیری لەو شێوەی باڵوێزخانەی لەگەڵ خۆپیشاندەران ڕەتکردەوە.
پاشـــا بە باڵوێزی بریتانیای گوت: "ئێمە لە ئێوە باشـــتر ڕەعیەتەکەی خۆمان دەناســـین. خۆ ئەگەر بوار بە ئایەتوڵلاکان بدەین، هەرگیز لە کۆڵمان نابنەوە. دوکاندار و کاســـبکارەکانیش ناتوانن بۆ هەتا هەتایە دوکـانەکـانیـان دابخەن. ڕۆژێـک دێ لە مـانگرتنەکەیـان بێزار دەبن و

دەگەڕێنەوە سەر کار و کاسبییان. دەی، ئێوەش هەروەک ئێمە ئارام بگرن."

سەرلەنوێ جەمال خان و پیاوەکانی دۆخەکەیان تاوتوێ کردەوە. ئەوان دوو ئەگەریان لەپێش چاوی خۆیان بینین. یان دەبێ هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر کالا و شتەکانی بریتانی بۆ باشووری ولات پەرەپێبدەن یان بە حەشاماتی خەڵکییەوە بەرەو کۆشک بکشێن و شا بخەنە ژێر فشاری خۆیانەوە.
پەلاماردانی بریتانییەکان لە باشوور کارێک نەبوو دەرەقەتی بێن. هەر بۆیە کۆمیتەکە بڕیاریدا سەرنج بخاتە سەر دوو شوێنی ستراتیژی لە تاران: باڵوێزخانەی بریتانی کە پێویستە دەستی بەسەردا بگرن، هەروەها بەرەو کۆشکی پاشاش بڕۆن و گەمارۆی بدەن.
جەمال خان لە میانەی قسەکانیدا گوتی: "پێویستە ئێمە باڵوێزخانەی بریتانی بەرکەنار بکەین. ئاخر ئەوان پێویستیان بە ئێمەیە و ئێمەش بە ئەوان. ئێمە دەبێ بەرهەڵستیان بکەین و لەهەمان کاتیشدا وەک هاوکارێک لە دژی چەوساندنەوەی شادا بیانبینین، دەنا شەڕەکە لە هەردوو بەرەکەدا دەدۆڕێنین. خۆ ئەگەر بەسەر باڵوێزخانەی بریتانیدا بدەین، ئەوا پاشا ئەو بیانوەی بۆ پەیدا دەبێ، لەناومان بەرێ. من وای بۆ دەچم فشاری زیاتر بخەینە سەر شا و لە هەمان کاتیشدا لە بەریتانییەکان داوای ڕاچاندنی هێڵی تێلیگرافی نیشمانی بکەین."
پێدەچوو نەخشەکە باش بێ، لێ هێشتا لە سەرچڵی بەدەر نەبوو. وەهای دابنێ کارلەکار بترازێ و خەڵکەکە هێرش بکاتە سەر کۆشک. وەها دابنێ پاشا بە بارمتە بگیرێ، لەوەش پۆلکتر بیکوژن. ئینجا ئایا بریتانیا و ڕوسیا ئەو پاشاگەردانییەی ولاتیان نەدەقۆستەوە تا لە نێوانی خۆیاندا دابەشی بکەن؟ ئایا ئەمە بۆ هەمیشە نەدەبووە کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی

کۆنی ئێرانی؟ دیاربوو داگیرکردنی باڵوێزخانەی بریتانی باشترین ڕێگە بێ. ئاخر ئەمە چەند بریتانیای پێ قەڵس دەبوو ئەوەندەش پاشا و وای لێدەکردن سازش بکەن.
دوای هەفتەیەک لە دەمەتەقێ و لێکدانەوەی دوورودرێژ، ئەمیر نیزام بەخۆی و هەواڵێکی سەرسام دەرکەوت. "کۆمپانیای توتنی بریتانی ئامادەیە لەبارەی پڕۆژەی توتنی نیشتمانی دانوستان بکا."
باڵویزخانە لە ڕێی پێناوێکەوە پێشنیازێکی خستبووە ڕوو. پێناوەکە کۆنە ناسیاوێکی ئەمیر نیزام بوو، زۆر جاران لە چاخانە یەکدییان دەبینی. کابرا وەک کوڕی گەورە بازرگانێکی مافوور، یەک دوو ساڵان لە لەندەن ژیا بوو. ئێستاش کاروباری تایبەت بەخۆی هەیە و مافووری ئێرانی دەنێرێتە ئینگلستانێ و لەوێ دەیانفرۆشێ. پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ باڵوێزخانەی بریتانی هەیە.
"برادەران، لە میانەی وتووێژێکم لەگەڵ کابرای پێناو، دەرکەوتووە لەندەن بە شێخ ئاغاسی وەک وەزیر خۆشحاڵ نییە. بەرژەوەندیی ئەوان لە ئێرانێکی ئارام و سەقامگیردا هەیە و بەدوای شێوازێکدا دەگەڕێن تا پێشهاتەکان کەڵک وەربگرن. لەنێو دێرەکاندا وەها تێگەیشتم، لەندەن ئامادەبێ سازش بکا."
تالیبۆڤ پرسی: "سازش لەسەر چی؟"
"لەبارەی ڕایەڵەی ناوەخۆ بۆ تێلێگراف."
جەمال خان لێیپرسی: "ئایا پێناوەکە دەقاودەق وەهای پێگوتی؟"
"نەخێر، دەقاودەق نا. باڵوێز بۆ پاشای ڕوون کردۆتەوە، بەڵام خۆ ئەو نایەوێ هەر باسیش بکرێ. پاشا دەترسێ ئەگەر هات و مل بۆ ئەو داخوازییانە کەچ بکا، چیدی جڵەوی وڵاتی پێ نەکرێ."
هەمووان کەوتنە بن باندۆری هەواڵەکە.
ئینجا میرزا ڕەزا پرسی: "ئایا ئەو پیاوە پێناوە چی دەوێ؟"

"هیچ. ئەو تەنیا هەواڵەکەی گەیاند."
ئەمیر هاتەوە قسـەی: "ئینگلسـتان بەمە دەیەوێ بڵێ بە هەبوونی شـا دڵخۆش نییە و بە دوای هاوکارێکی متمانەدار دەگەڕێ."
جەمال خانیش هەڵیدایێ: "خواسـتە دنەدەرەکانی ئینگلسـتان لەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە ئاڵۆزترن. بۆیە دەبێ ئێمە ستراتیژی خۆمان دابڕێژین و قورگی پاشا بگرین."
خۆی هەر بەتەنیا ئەمیر نیزام نەبوو، ئەو ئـامـاژانەی پێگەیشـتبوون. بریتانییەکان گەمەیەکی دووسـەرەیان دەکرد. ئەوان لەوە دەترسـان لە کاتی تەنگانەدا ڕوسـەکان پشـتی پاشـا بگرن و بە هانایەوە بێن. لە ڕێی کەسـانێکی نزیکیش لە ئـایەتوڵڵا ئەوەیـان بە گوێی ئـاخوندەکەد دا: "ئینگلسـتان ئامادەیە مل بدا، بەڵام پاشـا لەبەردەم چارەسـەر ڕێگرە. یارمەتیی تۆمان پێویستە."

دوکاندارەکان دوای نوێژی هەینی، مانگرتنی دانیشـتنی سـەرچۆکانیان شکاند و بە کۆمەڵ بەرەو کۆشکی پاشا ڕۆیشتن، لە ڕێڕۆیشتنەکەیاندا حەشـاماتێکی زۆری خەڵکیان ڕەگەڵ کەوت. لە ڕۆیشـتنەکاندا هەموویان بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد: "توتن! توتن! توتنی خۆمان! تێلێگراف! تێلێگراف! تێلێگرافی خۆمان!"
کاتێک یەکێک لە پاسـەوانەکانی کۆشـک لە دەرکەی پاشـای دا، پاشـا لە سـەر مێزێک دانیشـتبوو: "خاوەنشـکۆ! خاوەنشـکۆ! بە هەزاران کەس لە ڕەعیەتەکە وا بەرەو کۆشک دێن!
پاشا لە ئاوێنەکەدا بینی، ڕەنگی بزڕکا.
- "چی دەڵێن؟
- "دروشمی دژ بە ئینگلستان دەڵێنەوە!"
- "چ جۆرە دروشمێک؟"

- "خاوەنشـــکۆ، نازانم، من هەواڵەکەم لە یەکێ لە پاســـەوانەکانم بیست."
پاشا ویستی بزانێ ئاخۆ خەڵکەکە دروشم لە دژی ئەویش دەڵێنەوە.
- "ئەوان چی دەڵێنەوە؟"
کابرای پاسەوان بە نادڵنیاییەوە: "شت لەبارەی توتن و تێلێگراف."
- "ئێستا لە کوێن؟"
- "ئەوان لە گۆڕەپانی بـازاڕەکە بەڕێکەوتوون، لە نیوەی ڕێگـان بگەنە ئێرە."
شـــا فەرمانی پێکرد: "دەی بڕۆ تۆپەکان ئامادە بکەن. ڕیزێک تۆپ لە گۆڕەپانی کۆشـــکەکە دابمەزرێنن و لوولەشـــی لە خۆپیشـــاندەران بکە و دەستبەجێش عەینولدەولە ئاگادار بکەوە."
پاشـا عەینولدەولەی کردبووە ڕاوێژکاری سـەربازی. بە پێدانی پێگەیەکی وەها گرنگ و بەرپرسـیارێتی لە نێو سـوپادا، زاواکەی تۆکمەتر بە خۆی بەسـتبووەوە. عەیندولدەولەش ئازا و متمانەدار بوو. شـا هیواخواز بوو نەوەکەی خاسیەتەکانی ئەویان بەمیرات بۆ بمێنێتەوە. تاج سوڵتان تەواو عەیار بوو. ئەویش هەروەک پاشا بە منداڵەکەی شادمان بوو.
پاشـــا دووبەدوو عەینەولدەولەی بینی و قســـەی لەگەڵ کرد و فەرمانی پێکرد بەهەر هێزێکی لەبەردەست دایە کۆشک بپارێزێ.

تا ئەو کاتەش ئاپۆرای خەڵک گەیشـتبوونە گۆرەپانەکەی کۆشـک، بەڵام پاســـەوانە چەکدارەکان توانییان خەڵکەکە لە مەودایەکی هەندێک دوور ڕابگرن. سـەرۆکی دەسـتەی پاسـەوانەکانیش بە ئۆقرەلێبڕاوی چاوەڕێی هێزی پشـــتیوانیی دەکرد. هۆشـــداری دایە خۆپیشـــاندەران لەوەی یەک هەنگاوی دیکە نەیەنە پێشـــەوە، ئەگەرنا پیاوەکانی بە تۆپەکانیان لێیان دەدەن.

کاتێکیش عەینولدەولە بە خۆی و تیپێک لە ســـوارە گەیشـــتە گۆڕەپانی کۆشـــک، ســـەرۆکی دەســـتەی پاســـەوانان ئۆخژنێکی بەرهاتەوە. عەینودەوەلە ســـوارەکانی خۆی خســـتە نێوان خەڵک و ڕیزی تۆپە دانراوەکان. بە خۆشی بە سواری ئەسپە ڕەشە زەبەلاحەکەی بۆ ڕێزی هەرە پێشـــەوە ملی لێنا. بە شـــمشـــێری هەڵکێشـــراو لە کالان لەبەردەم گوڕدەمی خەڵکەکە وەستا.

ئاپۆرا خۆپیشـــاندەرەکەش پڕ بەدەنگیان هاواریان کرد: "پاشـــا! پاشـــا! پاشا!"

"توتن! توتن! توتن!"

عەینولدەولە شمشێرەکەی خستەوە کالان. ئینجا دەستی بۆ دەمانچەکەی برد. بەم هەڕەشـــەیە هەڵەشـــەییەی ئاپۆراکەی زیاتر وروژاند، هەر بۆ پێشەوەش هەنگیاویان دەنا.

عەینولدەولە بانگی کرد؛ "خەڵکینە، بوەستن! دەنا تەقە دەکەم."

کەس گوێی پێنەدا.

ئاپۆراکە هەر هاواری دەکرد: "تێلێگراف! تێلێگراف! تێلێگراف!"

"پاشا! پاشا! پاشا!"

پاشـــا چووبووە ســـەر بان و بە دووربینەکەی تەماشـــای دەکرد ئاخۆ زاواکەی چۆن کێشە قورسەکە چارەسەر دەکا.

عەینولدەولە جارێکی دیکە هەڕەشەی کردەوە: "بوەستن!"

بەڵام خۆ کەس گوێی پێنەدا.

"بوەســـتن!" جارێکی دیکەش وەها هاواری کرد و ســـێ تەقەی بەســـەر سەری حەشاماتەکەدا کرد.

خەڵکەکە سـڵەمینەوە. ئەوان پەرت بوون تا گەمارۆی بدەن. ئەســـپەکەی هەستی بە مەترسی کرد، بە ترســـەوە حیلاندی و هەوڵیدا بەنێو ئاپۆرای

خەڵکەکە ڕێگەی خۆی بکاتەوە. کەچی خۆپیشـــاندەران ڕێگەی هەڵاتنیان لێگرت و تا دەهات هەڕەشەکە نزیکتر دەبووەوە.

"تەقە بکەن!" کـاتێ ئەم قســـەیە لە دەم عەینولـدەولە دەرچوو کرداری بەدوادا هات.

ســــوارەکانی پشـــت ئەو، پەنجەیان لەســـــەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان گیرسـاند و ئاگر لە لە لوولەی تفەنگیان هەڵسـا، مەیدانەکە بووە مەیدانی شــەڕێکی نابەرابەر. خۆپیشـاندەرە بێ چەکەکان هەوڵیاندا بە لارێیەکانی گۆڕەپانەکە ڕابکەن و خۆیان دەرباز بکەن. لەوێش دەســتەیەک ســواری دیکە بە تێلاوە چاوەڕوانیان دەکردن. خەڵکەکە بە داماوییەوە خۆیان بەو خانووانەی حکوومەت لە دوروبەری گۆڕەپانەکەدا کرد و چوونە ناوی، ئینجا چەندین باڵەخانەیان ئاگر تێبەردا. کەسیش دیارنەبوو ڕابەرایەتیان بکا. لەو پاشاگەردانییەدا هەر کەسێک ئەوەی بۆی هات کردی. دووکەڵی ڕەش لەو باڵەخانانە بەرز بووەوە و گۆڕەپانی کۆشـــک بە تەمومژێکی چڕ داپۆشـــرا. لە هەموو لایەک تەرمی مردوو کەوتبوون و خەڵکەکەش بریندارەکانی بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشایە خانووە نزیکەکانی ئەوێ.

جەمال خان و کۆمیتەکەی مەزندەی ئەو جۆرە پەرەسندنەیان نەکردبوو. ئەوان دەیـانزانی کوژراو دەکەون، بەڵام چـاوەڕێیـان ئەوەیـان نەدەکرد دۆخەکە وەهای لێبێ. ئەو نامرادییە بەردرێژەی خەڵک بۆ چەندین سەدە هەیبوو، هەمووی لەو ڕۆژدا تەقیەوە.

شـــەڕو پێکدادان تەوای ئێوارەکە درێژەی کێشـــا، کە تاریک داهات و لەسەر منارەی مزگەوتێ دەنگی بانگ هات و خەڵکیان بۆ نوێژی مەغریب بانگ کرد، ئیدی خەلکەکە کشـایەوە. جارێ بۆ ماوەیەکی کاتی شـەڕەکە کرا و وەســـتا، چیدی دەنگی تەقە نەدەبیســـترا و هیچ دروشـــمێکیش نەدەکێشرا.

هەرچەندە بۆ شەوەکەی لە دەرەوەی کۆشک تا رادەیەک کپ و خامۆش بوو، لێ لەناوەوە هەر جەنجالی و دەنگەدەنگ بوو. پاشا لەگەڵ وەزیر و راوێژکارەکانی کۆبووەوە و چەند جارێک تەتەری بۆ لای دایکی دەنارد و دەناردەوە.

لە تاریکیدا تەتەرێک بەرەو باڵوێزخانەی بریتانی نێردرا و گەڕایەوە.

لە پشـــت پەردەی ئەســـتوورەوە کە هیچی پێدا تێنەدەپەڕی، باڵوێز و دەســـتەکەی لە تاوتوێکردنی ڕێگەیەکدا بوون ئاخۆ چۆن چۆنی مۆری خۆیـان لە هەنیەی ڕەوتی ڕووداوەکـان بـدەن. هەموو هەفتەکە لەگەڵ ئایەتوڵڵایەک لە تـاران لەپەیوەندیدا بوون، کە وەک نوێنەری ئـایەتوڵڵا بەسالاچووەکەی شیراز دەجوولایەوە.

لە هەمان کاتیشدا دایکی پاشا دووجاران لە کۆشک پێشوازی لە تەتەری باڵوێزخانەی ڕوسی کرد.

خۆپیشـاندەران تا نیوەی شـەو هەر سـەرقاڵی ئەوە بوون شـەقامەکانی دەوروبەری کۆشک بە کیسەی خۆڵ بگرن و تا هاتن و چوونی کۆشک ئاستەنگ بکەن.

بە هەڵاتنی خۆر سـوارەکانی کۆشـک سـەریان لەوە سوڕما، پیاوەکانیان لەپشت پاردەیەک لە بارستایی کیسەی خۆڵ وەستاون. خەڵکەکە دلێرانە وەســتاون و چەکداریشــن، ئاخر لەکاتی شــەڕەکەی دوێنێ توانیبوویان سـەربازەکان چەک بکەن و دەسـت بەسـەر چەکەکانیشـیاندا بگرن. ئیدی هەردوولا لەشـــوێنی خۆیان بێ جووڵە بەرامبەر یەک وەســـتاون. مرۆ چاوەڕێی ئەوەبوو ڕۆژ بگاتە تاقی ئاسمان. ئێستا کاتی نوێژی نیوەڕۆیە، کەچی بانگ نەدرا.

کـاتێکیش جووڵە بە ئـاپۆراکە کەوت، خەڵکەکە ڕێگەیـان بۆ تەبـاتەبـائی، یەکێک لە ئایەتوڵڵا بەتەمەنەکانی تاران کردەوە. ئەو ئەوکەســـە بوو بە ناوی شـــیرازییەوە بڕیاری دەردەکرد. دوێنێ شـــەو پەیامێکی تایبەتی لە

باڵوێزخانەی بریتابییەوە پێکەیشـــتبوو، ڕاســـتەوخۆش جەمال خانی لێ ئاگادار کردەوە. ئینجا ئایەتوڵڵا پیرەکە بە خۆی و گۆچانەکەی دەستی و بە یاوەری حەفت کەس لە بازرگانە ناودارەکانی بازاڕی تاران بەرەو کۆشک ڕۆیشت، لەوێ پاشا چاوەڕێی دەکرد.

سەرۆکی پاسەوانانی کۆشک پێشوازی لە نێردەکە کرد. دانوستانەکان تا درەنگانێکی دوای نیوەڕۆ درێژەیان کێشـــا، تا ئەوکاتیش هەمووان بە ئارامییەوە چاوەڕێی پێشـهاتەکەیان دەکرد. لە کۆتاییدا کاتێک نێردەکە لە کۆشـــک هاتەدەر، ئایەتوڵڵا گۆچانەکەی وەک نیشـانەیەکی ســـەرکەوتن بەرزکردەوە. پاشـــا بڕوانـامەکـانی مۆرکرد، ئەوانەی تێیـانـدا هـاتبوو کۆمپانیای توتنی بریتانی لەبن هەلومەرجیکی دیاریکراودا کاروبارەکانی بازرگانی توتن ڕادەستی حکومەتی ئێرانی دەکا.
هەروەها ڕێککەوتنێکیش لەگەڵ باڵوێزخانەی بریتانی لەبارەی نەخشـــەی ڕایەڵەیەکی نێوخۆی بۆ تێلێگراف کرا. دەبوو ئەندازیاری بریتانی بێن و نەخشـــەکە لەگەڵ شـــادا جێبەجێبکەن. لەوەش زیـاتر ئەوەی کەس نەیدەزانی ئەوەبوو، باڵوێز لەبەردەم پاشـادا پێی لەســـەر ئەوە داگرتبوو شێخ ئاغاسی بگۆڕێ. ئەو خاڵی لاواز بوو.
ئەوەی بەدوایدا هات شـــتێکی گەورە بوو. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا خەڵکەکە بەخۆیان ئاڵاکانەوە ڕژانە ســـەر شـــەقامەکان و لە هەموو لایەکیش موزیک و گۆرانی بوو. دوکاندارەکان کێک و چایان بەســـەر ڕێبوارانـدا دەبەشـییەوە. لە گۆڕەپانی بازاڕەکانی ســـەرتاپای شـارەکانی وڵات مەنجەڵی گەورزۆنە گەورزۆنە لەســـەر ســـێکوچکەی ئاگر دانران. خەڵکەکە بۆ ماوەی یەک هەفتەی ڕەبەق ئاهەنگیان گێڕا.

٤٩

گەشتەکە

شـــا لەو باوەڕەدا بوو تاج ســـوڵتان نەوەیەکی بۆ دێنێ. کەس هەســـتی نەکرد پاشـــا بەو شـــتە ســـەرقاڵە، کەچی ئەو بە دزییەوە لەســـەر گۆڕی عەبدوڵداودا نەزری کردبوو وشترێک بکاتە قوربانی.

کەمێک پێش ئەوەی تاج ســـوڵتان منداڵەکەی ببێ، پاشـــا لە خەونیدا پیرەدارێکی بینی، لقێکی تـازەی دەرکردبوو. لەپڕێکدا زریـان هەڵیکرد، پیرەدارەکە ڕاقەنا، کەچی لقە تازەدەرهاتووەکە مایەوە و گەشەی دەکرد. لقەکە تا دەهات گەورە و گەورەتر دەبوو.

شا لە خەونەکەی حەپەسا، ویستی یەکسەر خەونلێکدەرەوەکە بانگ بکا و بۆی بگێڕێتەوە، لێ زاتی نەکرد وەها بکا. ئەو خەونەکەی هەر لە دڵی خۆیدا هێشـــتەوە و بە ڕۆژژمێرەکەی خۆی ســـپارد. ئێســـتاش لەســـەر ئانوساتی بەدیهاتنەکەیەتی.

کاتێ عەینولدەولەی زاوای بە سـوـواری ئەسـپەکەی بۆ ناو کۆشـک دەیهاژۆت، پاشـا لەپشـت پەنجەرەوە هەر خەونی دەبینی. لەوە بترازێ شـتێکی دیکە نییە، کە کیژەکەی کوڕێکی بووە. عەینولدەولە خۆی بە هۆڵی مینابەندەکەدا کرد، دەسـتی ڕاسـتەی پاشـای گرت، ماچیکرد و گوتی: "خوا بە باشترین شێوە خەمی ئێوەی خواردووە."

نەریتەکە وەها بوو، باوک پاش چل ڕۆژ لە منداڵبوونی کچەکەی، ئەوسـا دەیتوانی سەردانی کچەکەی بکا، لێ پاشا نەریتەکەی شکاند و داوایکرد ئەسپەکەی بۆ زین بکەن و بەرەو لای تاج سوڵتان تاودا.

بەگوێرەی دابونەریت پێویسـت بوو پیاوێکی هۆشـمەندی بنەماڵە کورتە سـورەتێکی قورئـان بە گوێی زراسـکەسـکە[86] تـازە لەدایکبووەکەدا بخوێندبا، بەڵام پێشـوەخت پاشـا ئەم خووەی قەدەغە کردبوو. ئەو ویسـتی خۆی یەکەمین وشـە بە گوێی نەوەکەیدا بچرپێنێ. لە قەڵا بچووکەکە، دوای ئەوەی تاج سـوڵتان مێردی کرد، پاشـا بە یاوەریی خزمەتکارە پیرەکەی لە شوێنی مێوان پێشوازی لێکرا. کەمێکی پێچوو تا مامانەکە منداڵەکەی لە پەتۆیەکی جوانەوە وەرپێچابوو، لەسـەر دەسـتان بۆیان هێنا.

پاشا دەیەویست باش لە ڕوخساری زراسکەکە ڕابمێنێ، بەڵام ڕووەکەی هێشـتـا لەبەر ئەو دەسـتەسـڕە تەنکە ڕازاوە ڕەنگشـیرییەکەی پێداپۆشـرابوو، نەدەبینرا. بەرلەوەی کۆرپەلەکە ببینی، پێویسـت بوو "ڕونما[87]" مزگێنی و دیاریی بداتە مامانەکە. بە ڕووی گەشـاوەوە یەک دوو دراوی ئاڵتوونی لە دەسـتی ژنەی مامان کردن. ئێسـتا دەیتوانی

[86] زراسک: کۆرپەلەی تازە لەدایکبوو.

[87] ڕونما: وشـەیەکی فارسـییە، نووسـەر هەر وشـە فارسـییەکەی بەکارهێناوە، واتای خەڵات دەگەیەنێ.

سەرپۆشەکە لەسەر دەموچاوی کۆرپەلەکە لابدا و ببینێ. بە ڕوویەکی گەش و بە خەندەوە بە ئەسپایی چەچەکانی[88] ماچکردن، کە بە سەرنجەوە لێیراما.

ئینجا پاشا بە شکۆوە دیوانە شیعرەکەی شاعیری سەدەکانی ناوەڕاست، حافزی شیرازی دەرهێنا، بەرگەکەی ماچ کرد و چاوەکانی نووقاندن، ئینجا هەر لە گۆترە لاپەڕەیەکی کتێبەکەی کردەوە، پاشان سەری لە گوێچکەی ڕاستەی کۆرپەکەی نزیک کردەوە و بە ویردەوە ئەم شیعرەی حافزی لەبارەی خۆشەویستییەوە بۆ چرپاند:

بولبولێ چلێ گوڵی لە دەنووک دایە
ئەو پەلک و نەوایە چ ناڵەناڵێکی خۆش ئاوایە
کاتی پێکەیشتن پێمگوت، ئەم ناڵە و هاوارە چییە؟
گوتی جیلوەی مەعشوقەکەی ئێمەی تێدایە[89]

---

[88] بۆ خۆشەویستی بە زمانی منداڵ بە دەستی منداڵان دەڵێن چەچە. منیش لێرە بەپێویستم زانی ئەو وشەیە لێرە بەکاربێنم . وەرگێڕ

[89] ڕۆماننووس دەقی ئەو دێڕە شیعرەی حافزی هەر بە فارسی و بە ڕێنووسی هۆڵەندی و بێ وەرگێران یاداشت کردووە. من هانام بردە بەر کاک ڕێباز مستەفا (وەرگێڕ لە فارسییەوە) تا ئەم دێڕانە و چەند دێڕی دیکەی فارسی نێو ئەم ڕۆمانەم بۆ بکاتە کوردی. دەقە فارسییەکەش بەم شێوەیە:

بلبلی برگ گلی خوش رنگ در منقار داشت
و اندر آن برگ و نوا خوش نالەهای زار داشت
گفتمش در عین وصل، این ناله و فریاد چیست؟
گفت ما را جلوه معشوق در این کار داشت

دوای خوێندنەوەی ئەو هۆنراوەیە بە ئەسپایی پەنجەی بەسەر کەپووی نەوەکەی داهێنا و گوتی: "ئەو دەقاودەق بە ئێمە دەچێ. ئەو کەپووی وەک هی ئێمەیە." شا بایی پێویست کوڕپەکەی بینی.
کاتێک ویستی بڕوا، بانگی قەرەواشەکەی کرد و پێیگوت: "سڵاومان بگەیەنە تاج سوڵتان، پێی بڵی ئەو ئێمەی بەختەوەر کرد."
لە ڕێگا بەرەو کۆشک هێشتا ڕووی جێنشینەکەی هەر لەبەرچاو بوو.

پاشا دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بازنەی باوەڕپێکراوی خۆی، بە دوای بەربژێرێکی شایستە بۆ پێگەی وەزیردا گەڕا. کەسێک هەم بۆ ئینگلستان و هەم بۆ نەیارەکانیشی مایەی پەسەندی بێ.
لەپاش ڕاوێژی زۆر و بیستنی ڕای زۆر کەس لە ناودارانی بازاڕ و لە کۆتاییدا هاتەسەر ئەوەی مستەوفی ئەلمەمالیک دەستنیشان بکا. دایکی دژی ئەوە بوو شێخ ئاغاسی لە مەیدانەکە ڕابماڵرێ، بەڵام خۆ مستەوفی ئەلمەمالیکیش هەروەک پاشا سەر بە هەمان هۆز بوو. مەهدولیا هیچ بژاردەی بۆ نەمایەوە مەگەر مل بدا و پەسەندی بکا.

سەرەتا پاشا نیازی وەهابوو بانگی شێخ ئاغاسی بکا و بە درێژی قسەی لەگەڵ بکا، بەڵام ئێستا کە ئەو نەوەیەکی بۆ پەیدا بووە، ویستی هەر لەکورتی بیبڕێنێتەوە.
لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا دەرکەوت شێخ ئاغاسی لەباریدا نییە لەو بارە شڵەژاو و تەنگانەیەدا کەڵکی پاشای هەبێ. لەوکاتەی ئاپۆرای خەڵکەکە بەرەو کۆشک هاتن و کوشتار و بریندار لەو گۆڕەی کەوتن، ئەو لەجێی خۆی داماوانە ئەوق مابوو، چاوی لێ زەق بووبوو. کاتی هاتبوو دەبووایە هەنگاوێک بکشێتەوە و ڕێگا چۆڵ کا.

پاشا هەر بۆ ماوەی یەک سەعات قسەی لەگەڵ کرد، پاشان بۆ ماڵەوەی ناردەوە و دەمودەستیش مستەوفی ئەلمەمالیکی وەک سەروەزیری نوێ دانا.
شێخ ئاغاسی بەبێ ڕەتکردنەوە و منگەمنگ گوێڕایەڵ بوو وەڵامەکەشی وەها بوو: "بڕیار بڕیاری شایە، بڕیاری شاش ڕەوایە."
پاشا ئەوەی بۆ قسەکانی خۆی زیاد کرد تا ئاغاسی هەست بە کەموکورتی خۆی نەکا: "بەڵام پێویستە تۆ بەردەوام بەردەست بیت، ئاخر ڕاوێژەکانی تۆ ئاسوودەمان دەکا."
شێخ ئاغاسییش بەدەم ئەو قسەیەی: "من هەمیشە لە خزمەتی تۆم، مایەی شەرەفمەندیمە هەر خزمەتی تۆ بکەم" و سەری بەردایەوە.
لە کۆتاییدا پاشا بارە قورسەکەی لەسەر شانی ئاغاسی لابرد. ئەو گەڕایەوە خەڵوەتگەکەی تا لەوێ پشوو بدا و خۆی بۆ نوێژ و ویردەکانی تەرخان بکا، کاتی ئەوە هات چێژ لە خوێندنەوەی کتێبە کۆنە پەڕزەردەکان و خواپەرستی لەنێو شاخەکەندا ببینێ.
وەزیرە نوێیەکە سیاسەتوانێکی کارامە بوو. لە کابینەی پێشووی میرزا کەبیری کوژراودا وەک وەزیری پیشەسازی و بازرگانی کاریدەکرد. ئەو لەو گەنجە سەرەتاییانە بوو، باوکی ئەم پاشایە بۆ خوێندن ڕەوانەی ئەوروپای کردبوون. ئەو لە پاریس زانستی ئامێرناسی خوێندبوو و بڕوانامەی ئەندازیاریی لەوێ وەرگرتبوو.
مستەوفی ئەلمەمالیک لەسەر ڕێگەی وەزیرە کوژراوەکە ڕۆیشت و دەستی دایە نەخشە و پلانەکانی ئەو. لەوەش بەئاگا بوو لەگەڵ پاشادا زۆر زەحمەتی دەبینێ، چونکە دەمی لە هەموو شتێکەوە دەژەند و لێنەدەگەڕا وەزیرە نوێیەکە بەبێ پەسەندنامەی ئەو هیچ بڕیارێک بدا.
دایکی پاشا و دەستوپێوەندەکانی هەوڵیاندا وەزیری نوێش بخەنە ژێر باندۆری خۆیان. مستەوفی ئەلمەمالیکیش بە تەواوی لەوەوە بەئاگا بوو

و ئەزمونیشـــی بابی پێویســـت هەبوو تا لە بەرانبەر پاشـــا و دایکی بوەستێتەوە. هەروەها ئەو پەیوەندییەکی تۆکمەی بنەماڵەیی لەگەڵ پاشا هەبوو، ئەوەش مایەی پاراستنی بوو.
پاشا پێزانینی ئەوەی بۆ مستەوفی هەبوو بەوەی سیاسەتوانێکی کردەییە و هیچ ئەجێندایەکی شاراوەشی نییە. بە ئاسوودەییەوە گوێی لێدەگرت و وردە وردە تا دەهات جڵەوی دەســـەڵاتی بۆ شـــل دەکرد و مەودای دەرفەتی بۆ بەرینتر دەکرد.
پاشـــا لە ناخی دڵییەوە کەیفی بە چارەی وەزیرە نوێیەکە دەهات، چونکە لە میرزا کەبیر دەچوو. لەبەر ئەوەی مستەوفی زۆر لەگەڵ سەرۆوەزیری پێشـوو کاری کردبوو، هەندێ خەسـڵەتی ئەویشـی هەڵگرتبوو، ئاماژە و شێوازی قسەکردنیشی لەو دەچوو. هەر هەمان پێکەنینەکەیشی هەبوو، هەمـان درێژی ڕدێن، لێ هەرچی لەبـارەی کڵاوەوە بێ، ئەو هەروەک دیپلۆماتە ئەوروپییەکان شەپقەی لەسەر دەنا.
لەکاتی گفتوگۆی لەگەڵ پاشـــادا، وەزیر بە پێشـنیازەکەی بەرانبەرەکەی سەرسام کرد: "لەبەر بەرژەوەندیی وڵات و مایەی لێ تێگەیشتنە جەنابی خاوەنشـــکۆ ســـــەردانێکی ئەوروپا بکا، تا لە نزیکەوە گۆڕانکارییەکانی ئەوێ ببینێ و لێیان ڕابمێنێ."
پاشا نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، زەنگوڵی سەر مێزەکەی هەژاند و داوای لە پەردەدار کرد چادانێک و دوو پیاڵەی بۆ بێنێ.

چەند ســاڵێک پێشـتر، وەزیری پێشـوو لە میانەی وتووێژیدا پێشـنیازی گەشتێکی وەهای بۆ ئەوروپا بۆ کردبوو. ئەوکات پاشا هێشتا شازادەی جێنشـــین بوو، وەزیر ویســـتی لەگەڵ خۆی بباتە ڕوســـیا، بەڵام لەبەر زستانە قورسەکە ڕێگاوبان گیرابوون، گەشتەکە بۆ مۆسکۆ بۆ مەیسەر نەبوو. وێڕای ئەمەش ئەو گۆڕانکاری و پێشـــهاتە نوێیانە، ئەوکات وەک

هی ئێســـتا ســـەرنجڕاکێش نەبوون. ئەو ڕووداوانەی ئەم دواییە وایکرد ئەم پێشـــنیازە بەلاوە بنرێ، بەڵام ئێســـتا ئارامی بۆ وڵات گەڕاوەتەوە، پرسی گەشتەکە بووە ئەگەرێکی ڕاستی.
پرسی گەشتەکە چیدی وەک پرسێکی نێوخۆیی و بیرۆکەیەکی وەزیر و پاشا نامێنێتەوە، ئاخر ئەوروپا خۆی لە دەرکەی ماڵی پاشای دابوو.
پێشتر پاشا هەر تەنیا چاوی بە نوێنەرانی سیاسیی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەکەوت، کەچی بەردەوام بیانییە جۆراوجۆرەکان دەهاتنە نێو وڵات. ئەو بیانیانە ئەو کەســـانە بوون بە دوای مافوورە کاڵبووەکاندا دەگەڕان. ئەوان لە گوندێکەوە بۆ ئەویدیکە دەڕۆیشتن. ئەوان زۆر هەڵوەدای گۆزە و دەفری شـکاو بوون، ئەو شـتانەیان دەکڕی و لە هەگبەکانیان دەنان و دەڕۆیشـــتن. هەرچۆنێک بێ مرۆ لە چیاکانیش تووشـــی هەندێ لەو کەســانە دەهات. دیاربوو ئەوان بە وردبین لە دیمەنی هەڵکۆڵراوی ســەر تاشەبەردەکانیان دەڕوانی.
ڕۆژێکیان پاشا لە زاواکەی پرسی: "ئەرێ ئەوانە لە چی دەگەڕێن؟"
"پایەبەرز ئەوانە ڕۆژئاوایین، ئەوانە لە فەرەنگســـتانێ (لە ئەوروپاوە) هاتوون و دەیانەوێ مێژووی مرۆڤایەتی بسەلمێنن."
"مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر ئەو گۆزە و دەفرە شکاوانە دەخوێننەوە؟"
"من لەگەڵ ئەوان دواوم، ئەوان لەو بڕوایەدان، مێژووی مەزن لەو پارچە دەرە شکاوانە خۆیان شاردبێتەوە."

ئێستاش وەزیرە نوێیەکە پێشنیازی ئەوی کردەوە، گەشتێک بۆ ئەوروپا شتێکی پێویستە و گرنگییەکی زۆریشی هەیە، ئیجا پاشا باشتر لە جاران لە بابەتەکە گەیشت. کەچی هێشتاش هەر دوودڵ بوو.

پاشا وەها وەڵامی وەزیری دایەوە: "ئێمە لەو بارەیەوە بیرمان کردۆتەوە، بەڵام خۆ ناکرێ وڵات بە بێ حوکمڕان بەجێبێڵین. ئەو هەرا و پشێویەی ساڵانی دوایی ڕاستیی قسەکانمی سەلماندووە."

"بەڵام خۆ ئێستا دۆخەکە ئارامە."

"ئێمە گومانمان لە سوود و کەڵکی گەشتەکە نییە، بەڵام وڵات وا خەریکە ئاراستەیەکی نوێ وەردەگرێ. ناکرێ ئێمە لێرە نەبین. سەرباری ئەوەش، خودا جێنشینێکی بەدیاری پێبەخشیوین، دەمانەوێ گەورەبوونی منداڵەکە ببینین ببێتە پیاو."

"بەدڵنیاییەوە ئامادەکردنی ئەم گەشتە ساڵێک دەخایەنێ. تا ئەو ماوەیەش دەکرێ پاشا چێژ لە نەوەکەی ببینێ. گەشتەکەش ئەوپەڕی هەر چەند مانگێکی پێدەچێ. خۆی گەشتەکە قورسە، وزەی زۆری جەستەی گەرەکە. بۆ خۆشبەختییش پاشا لە تەندروستییەکی باش دایە. پێویست ناکا پاشا ئەو جۆرە گەشتە لەوە زیاتر دوا بخا، بەناوی نیشتمانەوە داوا لە پاشا دەکەم جارێکی دیکە ئەم بابەتە هەڵبسەنگێنێتەوە."

وەزیر بەم داواکارییە سەنگینە ئاماژەیەکی وەهای بە پاشا دا، کاتی گەشتەکەی هاتووە.

پاشاش وەڵامی دایەوە: "باشە، بیری لێدەکەینەوە."

پاشان، لە گفتوگۆیەکدا دایکی پێیگوت: "من متمانە بە مستەوفی ئەلمەمالیک دەکەم، ئەو ڕاست دەکا، بەڵام نازانم ئاخۆ گەشتێکی وەها لەو ڕۆژانەدا کارێکی هۆشمەندانەیە یان نا. باشە پاشا چی دەڵێ؟"

"ئێمە دژی ئەوە نین گەشت بۆ ئەورووپا بکەین و پاشاکانیان ببینین. پاشا ئێرانییەکان هەمیشە لە پێشدا بەرلەوەی لەو وڵاتانە بکۆڵنەوە، پەلاماریان داون و داگیریان کردووە. ئێمە دەبینە یەکەمین پاشای ئێرانی ئەم دۆخە تێدەپەڕێنێ. بۆیە ئێمە دەترسێین، هەرکاتێ لە سنوور ئاودیو بووین، ئینگلستان تاجەکەمان بخاتە سەری یەکێک لە یاخیبووەکان.

هەینێ هەرگیز نـاتوانین بگەڕێینەوە و ئەوسـا بەمەرەدی جوویەکی ئاوارەی وڵاتان و دوور لە ماڵ و حاڵی خۆی دەچین.'

'تۆ ئێستا جێنشینێکت هەیە. من نازانم ئاخۆ دەبێ بۆ ئەم گەشتە جۆش و خرۆشـت پێبدەم یان ڕێک بەپێچەوانەوە ڕێگریت لێبکەم. ئێمە دەبێ ئەو بابەتە لەگەڵ هۆشمەند و ڕیشسپییانی هۆزەکە تاوتوێ بکەین. لێ یەک شـت هەقە ڕوون بێ؛ ئەگەر تۆ گەشـتەکە بکەی ئەوا من وەک شێرێک تەخت و تاجەکەت دەپارێزم.'

مستەوفی ئەلمەمالیکی بۆ ئەوەی گەشتەکە لەبەرچاوی پاشا شیرین بکا و دنەی بدا، داوای لە باڵوێزی ڕوسـی و فرەنسـی و بریتانی کرد بەڵکو کتێبێکی وێنەدار بە کارخانە و شـێوەی ژیانی ئێسـتای وڵاتەکانیان بخەنەڕوو تا نیشانی پاشای بدا.

زۆری پێنەچوو تـا ئەو جۆرە کتێبە وێنەدارانەی لە بـاڵوێزخـانەکـانەوە پێگەیشـت. ئەوانە لە شـێوەی ئەلبومدا چاپ کرابوون، بە ڕەنگی ئاڵا و پۆرترێتی سـەرۆکەکـانیـان ڕازابوونەوە. ئەلبوومەکە پڕبوو لە وێنەی قیتار، ڕۆژنامە، چلچرا، دارتێلی کارەبا، قاوەخانە، هێڵی ئاسـنین، بەندەر، گۆڕەپان، نافوورە، پرد، شـانۆ، تیاترۆخانەکان و وێنەی نووسـەر و شاعیر و ژن و خواردنەوە و خواردنەکان.

لە کۆتاییدا پاشا ملی دا بە دەستی خۆی کاغەزێکی هێنا و ئەم وشانەی لەسەر نووسی و مۆری کرد:

'بیسمیللاهـ

ئەم گەشتە بۆ من شتێکی حەتمی هات و نەهاتە. پێویستە ئەو ئەزموونەش بکەین، هەر بۆیە دانی پێدادەنێین. دەکرێ وەزیرەکەمـان ئـامـادەکـارییە پێویستەکان بکا.'

کاتێکیش نامەکە گەیشتە دەستی وەزیر، پاشا مەرجێکی دانابوو: "ئەمە هەر لەنێوان خۆماندا بێ، نابێ کەس بەوە بزانێ ئێمە گەشت دەکەین."
وەزیریش لە پاشای پرسی: "ئەمە ئامادەکارییەکان زەحمەت دەکا، وێڕای ئەمەش، چۆن دەتوانین ئەو دیارنەمانە ماوەدرێژەی پاشا ڕوون بکەینەوە؟"
"کاتێک ئێمە بەڕێکەوتین، وای بڵاوبکەنەوە ئێمە بەرەو کەربەلا ڕۆیشتووین تا لەوێ سەردانی گۆڕی مەزارە پیرۆزەکان بکەین. دواتر ئەگەر پێویست بوو دەکرێ ڕاستییەکە بدرکێنن. خۆت دەزانی، ئێمە ئەوە لەبەر خاتری نیشتمان، لەبەر خاتری ئارامی و ئاسایش دەکەین، وانییە؟"
مستەوفی ئەلمەمالیکیش گوتی: "زۆر باشە، ڕێککەوتین!" پاشا ئەو سروکە دوودڵییەی وەزیری هەست پێنەکرد.

٥٠

ڕوناکی

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئایەتوڵلا شـــیرازی توتنکێشـــانی حەرام کرد، ژنانی حەرەمســـەرا پاشـــایان پشـــتگوێخســـت، ئاخر ئەو وێڕای فتواکە، هێشتا هەر قلیانی دەکێشا. پاشاش لای خۆی بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا، نەچووە حەرەمســـەرا و ســـەرجێی نەکردن. لای خۆی بڕیاریدا ڕێگەی سەبوحی (صبوحی)[٩٠] بگرێتەبەر.
ســـەبوحی تەگبیرێکی زیرەکانەی بوو، ئاهەنگێکی پاشـــایانی ئێرانی بوو، بۆ ئەوانە بوو خواردنەوەی مەییـان لێ حەرامکرابوو، ئەوەش هەر لەو کاتەی ئیســلام بە فەرمی بووبووە ئاینی وڵات. شـتێکی ئەسـتەمیش بوو پاشـــاکان واز لە خواردنەوەی مەی بهێنن، ئیدی شـــتێکی دیکەیان

[٩٠] صـبوحی وشـەیەکی فارسـییە، نووسـەر وشـەکەی وەک خۆی و بە ڕێنوسـی هۆڵەندی بەکارهێناوە، بە گوێرەی فەرهەنگی دهخدا واتای خواردنەوەی مەی لە بەیانیان دەگەیەنێ. وەرگێڕ

نەدەخواردەوە لەوە زیاتر کە شـەراب (شـەربەتی) ترێی شـاری شـیراز بخۆنەوە.
شـەرابی شیراز شـەرابی بەهەشت بوو، تۆ هەر دەبێ شـیعری شـاعیرە ئوستادەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بخوێنیتەوە، تا لەوە تێبگەی ئاخۆ چ جۆرە شەرابێکە.
شیعرێکی حافز:

ساقیا زووکە، پەیمانەکەم پڕ لە مەی کە
هۆ خۆشخوان مەستم کە، دڵ کامیاب کە
ڕووی یارم لە پێکمدا دەبینم
کە تۆ جارێک ڕێی مەیخانەت گرتەبەر
لێی دامەبڕێ و سەر بەڕێی دیدا مەگرە

بە ئاشـکرا خواردنەوەی مەی لە لایەن پاشـایەک کە بە سـێبەری خودا لەسـەر زەوی دادەنرا، شـتێکی نەخوازراو بوو. بەڵام خۆ ئەگەر ئوسـتادێکی وەهـا گەورە بەم جۆرە لەگەڵ مەی جووڵابێتەوە، ئەدی بۆچی پاشـا لەمە بەختەوەر نەبێ؟ ژیـان کورتە و هەروەک حـافزی شـاعیریش لێی تێگەیشـتووە، ئەوەی دەمێنێتەوە هەر شـەراب و یادکردنەوەی خۆشەویستانە. هەر بۆیە ئەوان دەرچەیەکی ڕیزپەڕانەیان دۆزیەوە تا بۆ ماوەیەکی کاتی خۆیان لە جەنجاڵیی ژیان بکێشنەوە و بە تەواوی خۆیان بدەنە دەست شەراب و یادەوەریی خۆشەویستان.
ئیدی دوای ئەو بۆنەیە، ئاوێکیان بەخۆدا دەکرد، داوای لێبوردنیان لە خودا دەکرد و دەگەڕانەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، ژیانێک جەنگ و ناپاکی فەرمانڕەوابوو.

پاشا بۆ بەزمی سەبوحی ژنێکی بەئەزموونی لە خزمەتدا بوو، مشووری تەواوی بۆنەکە و ژنانی بۆ خوارد. ئەم جارەیان حەوت ژنی بۆ هێنانە جێهەوارەکەی خۆی.

کاتێکیش پاشا گەیشتە ئەوێ، لەسەر مافوورێک لەنێو سەرینەکان دانیشت، کە بەتەواوی بۆ ئەو مەبەستە ڕازابوونەوە. ژنە موزیکژەنەکان موزیکیان لێدا، کچە گۆرانیبێژێکی لاو گۆرانییەکی خەمگینانەی لەپشت پەردەیەکی کەسکی تەنکەوە دەچریکاند، سەماکەرانیش بایان دەدا:

ئاخ ئەحمەدی ئەزیزەم، ئەزیزەم، ئەزیزەم
وا من ئینجا مونتەزەر ئەزیزەم ئەزیزەم ئەزیزەم
لە کۆتاییدا تۆ هاتی، ئای ئازیزم، ئازیزم، ئازیزم
من لەمێژە چاوەڕێم کردی، هۆ ئازیزم، ئازیزم، ئازیزم
لەنێوانماندا شێری دڕ هەبوون، ئازیزم، ئازیزم، ئازیزم
کێوی بەرز بەرز هەبوون، ئازیزم ئازیزم ئازیزم

ئینجا حەفت ژنی نیمچە ڕووت بە شەرمنییەوە بە خۆیان و شەراب و پێک و پیاڵەوە هاتنەژوور. بەم جۆرە پاشا هەفتەیەک بەشێوە تایبەتییەکەی خۆی بەخۆشی ڕایبوارد. ماوەیەکی درێژیش بوو لەگەڵ ژنەکانی نەنوستبوو، هەر بۆیە سەبوحەکەی زۆر خۆش و ناوازە گوزەراند.

کاتێکیش پاشا گەڕایەوە کۆشک، پەیامێکی لە خانمەکە، ئەو ژنەی بەزموڕەزمی سەبوحەکەی بۆ ڕێکخستبوو پێگەیشت. پەیامەکەش ژنە گەنجێکی شۆخ بوو، جوانییەکی بێوێنەی هەبوو، پاشاش بەوە دڵمەند نەبوو جارێکی دیکە لە کۆشک دەرچێ و بگەڕێتەوە هەمان هەوارەکەی

سەبوح، بۆیە لە ژنەکەی پرسی ئاخۆ چی تایبەت لەو ژنەدا هەیە، کە بەم جۆرە پێداگرە لەسەری.
"ئەم کچەیان خەڵکی ئازربایجانی بندەستی ڕوسیایە. دایکێکی ڕوسی و باوکیکی ئازەری هەیە. پاشا دەتوانێ هەم بە ڕوسی و هەم بە ئازەریش بیدوێنێ. من زۆر ژنی گەنجم بینیون، بەڵام ئەم کچەیان دانسقە و تاکە. دەکرێ بینێرمە کۆشک."
پاشا مەراق بوو، لێ نەیدەویست ئەم ژنە بهێننە کۆشک. کاتێکیش پەردەدار دڵنیای کردەوە کەس پێی نازانێ، پاشا بێدەنگ بوو.
پەردەدار لە ژنەکەی پرسی: "ئایا کچەکە دەزانێ بە پاشا دەناسێنرێ؟"
"بەڵێ، بە خاترجەمییەوە، دەنا لەگەڵم نەدەهات. ئەمە لە جۆرێکی دەگمەنە، گەوهەرە. لەوانەیە شەرمن دیاربێ، لێ بە دڵنیاییەوە وەها نییە."

بۆ شەوەکەی سەرۆکی نۆکەران کچەکەی لە بەرگی پیاوێکی گەنج بەخۆی و کڵاوێکەوە تا دەرگەی هۆڵی مینابەندەکەی برد و هانیدا لەوێوە بەتەنیا بچێتەژوور. ئەویش بە پێدزیلکە و بەسەری پەنجە لە هۆڵەکە چووە ژوور. لەوێ کاتێ پاشای بە کەوای پاشایەتییەوە لە نێوەڕاستی هۆڵەکە بینی سڵەمیەوە. بە نەرمییەوە بە فارسی سڵاوێکی لێکرد: "سەلام".
شا لە ڕوخساری ژنە ڕاما، ئەوەش لە دەموچاوی خۆی دەخوێنرایەوە، کەوا ئەو چاوەڕێی شتێکی دیکەی دەکرد.
پاشا بە خوێنساردی و بە ڕوسی پێیگوت: "دەی کڵاوەکەت داکەنە."
کچەش بە شەرمنییەوە کڵاوەکەی داکەند، بە هۆیەی پرچە کەژەکەی بەسەر دەفەی شانەکاندا دەرکەوت.
پاشا مسکە بووەوە.[٩١]

---

[٩١] مسکەبوونەوە: خەندەگرتن.

بە تاسـەوە پێیگوت: "ئای چەند جوانی، ئەو پرچە ئاڵتوونیەت لەکوێ هێناوە".
"لە دایکمەوە."
کچە لەوە گەنجتر بوو کە پاشا ڕەچاوی دەکرد، هەر لەبەر گەنجیی کچە نازەنینەکە، هەستی بە پیریی خۆی کرد. ئینجا پشتی تێکرد پێیگوت: "تۆ لێرە لای ئێمە هەروا بزانە لە ماڵی خۆتی."
کچەکە بە هێواشی پێڵاوەکانی داکەند و بەرەو بەردەم ئاوێنەکە ڕۆیشت، جانتا چەرمینەکەی لەسەر کورسییەکی شاهانە دانا، جلە کوڕانەییەکانی داکەند، فیستانێکی لەبەر کرد و لەبەر ئاوێنەشدا قژی داهێنا، لە بوتڵێکی بچکۆلەشدا هەندێ بۆنی لەخۆی دا و ئینجا بە نەرمی گوتی:
"ئێستا من خۆمم."
پاشا ئاوڕی لێدایەوە. بە چاوی مۆلەق و زاری بەشەوە لێیەوە ڕاما. ئەو گەشـاوەیەی کچە شـتێکی نەبینراو، پەرییەک بوو بۆ خۆی، هەر بۆیە هەسـتی کرد ئاسـوودە نییە. ئاخر ئەو هیچی لەو ژنانە نەدەچوو کە لە جێهەواری ژنەکە بەسـەری بردبوو. ئەو زۆر ناسـک و نازدار بوو. لەوانەی ناو حەکایەتی پەرییان دەچوو. تەنانەت نەیدەزانی چۆن لەگەڵیدا بجووڵێتەوە.
شـا لە شـوێنی خۆی بە شـێوەیەکی نەفامانە گوتی: "بەڵکو شـتێک بخۆینەوە؟" بە دەم ئەم قسـەی. ئامـاژەی بەو سـوراحییەکی پڕ لە شەربەت لەسەر مێزەکە کرد.
کچەش بەرەو لای مێزەکە ڕۆیشـت، لە بوتڵەکە ڕاما، بۆنیکرد و گوتی: "شەربەتی ترێی سپیم پێخۆشە. پەرداخێکت بۆ تێبکەم."
پاشا بەو پرسیارە چاوەڕواننەکراوە غافڵگیر بوو، ئاخر تا ئێستا ژنێک بە عیشوە و نازەوە لێی نەپرسیوە ئاخۆ دەیەوێ بخواتەوە.

پاشا وەڵامی دایەوە: "نا، نەخێر، هەنووکە، ئەوەی ڕاستی بێ بەڵێ، بۆچی نا."

کچە بە نازەوە کەمێک شەربەتی ترێی سپی بۆ شا لە پەرداخێک کرد و دایەدەستی.

دوای ئەوەی بۆ خۆیشـــــی نیوەی پەرداخەکەی تێکرد تا بەیەک هەڵدان بیخواتەوە.

"ببورە، من تینوومە."

پاشاش گوتی: "نا ، نەخێر، کێشە نییە."

کچە هـاتە وەڵام: "دیدارەکەی ئێوە بۆ من ئەوەندە ورووژێنەر بوو، هەر بۆیە گەرووم وشک بوو."

پاشــا ڕوونکردنەوەی کچەی پێ پێکەنیناوی بوو، بەڵام خۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کچێکی وەها ئاسان نەبوو. پێیگوت: "ئەگەر برسی بێت خواردنیش ئامادەیە."

"نەخێر خواردن نا، جارێ نا، بەڵکو دواتر، من دەبێ جارێ هەناســـەم بێتەوە بەر."

باشە تۆ بڵێی ئێستا چی دی بڵێ؟ خۆ ناکرێ هەر یەکسـەر لەگەڵ خۆی بیباتە ژووری نوســــتن. ئەم بیرۆکەیەی یەکســــەر بۆ نەهات. ئەو بە هاتنەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو، هەربۆیە دەیەویست چێژی لێوەرگرێ.

یەکســەر شــا شــتێکی بۆ هات: "ئێمە لەو دواییانەدا بە دیاری ئەلبومێکی وێنەمان بۆ هاتووە، تا ئێستاش سـەیرم نەکردووە. ئەگەر بتەوێ پێکەوە سەیری دەکەین."

"چ جۆرە وێنەیەکی تێدایە؟"

"ئەوانە نیگار نین، بەڵکو وێنەی ڕوناکی و شــتی دیکەن. ئێمە خۆشــمان بۆی تاسەمەندین."

ئەو هەستی کرد بە کەیفە و بۆ کچەکەش دەرفەتێکە تا باشتر لێی نزیک بێتەوە. لێ هێشتا دوودڵ بوو ئاخۆ لەسەر تەختەبەندەکە دابنیشێ یان بچێتە سەر سەر ناوکەوەکە، ئەو شوێنەی قلیانەکەی لێدەکێشا. کچەش بە ئەسپایی لەسەر سەرینە ئاوریشمییەکەدا نەوی بووەوە، هەروەک پشیلەیەک لەپاڵ پاشا دانیشت، بەجۆرێک ئەو هەستی بە جەستە نەرم و گەرمی کچە نازەنینەکە کرد.

پاشا دەستی دایە ئەلبوومە ڕوسییەکە و لاپەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە. کچەش سەری هێنا پێشەوە تا تەماشای وێنەکان بکا.

پاشا وەک شێرێکی برسی هەڵوەدای ڕاوکردنی ئاسکێک بێ، لێی پرسی: "ئەرێ ناوت چییە؟"

کچە وەڵامی دایەوە: "ئانجان ئاناستازیا، ئانیتا، ئانی، ئانتۆنیا، ئانیسیا."

شا بە شۆخییەوە پێیگوتەوە: "ئەو هەموو ناوانە؟"

"لەوەتەی بوومەتە پانزەساڵ چیدی ناوی خۆم نازانم. پیاوان هەر خۆیان ناوم بۆ دەبیننەوە، منیش هیچ گرفتێکم لەگەڵ ئەو ناوانەدا نییە." کچە وەها وەڵامی دایەوە، ئینجا ئەویش بە دەوری خۆی پرسی: "ئەدی ناوی تۆ چییە؟".

پاشا واقی وڕما، هەر بەڕاستی بەو پرسیارە لەناکاوە غافڵگیر بوو، ئاخر هەرگیز کەس ئەو پرسیارەی لێنەکردبوو، لە قاقای پێکەنینی دا، ئەوەندە پێکەنی ئاوی لە چاوان هات، ئینجا بە چاوی تەڕەوە گوتی: "ئێمەش چیدی نازانین ئاخۆ ناومان چییە."

کچە هاتەوە قسە: "هەر بەڕاستی نازانی؟ قەیناکا، تۆ پیاوێکی دلۆڤانی."

بەم وشە بێوەییانە کاری لە دڵی پاشا کرد. ئاخر پێشتر کەس پێی نەگوتبوو، کەسێکی دلۆڤانە. ئیدی بە هەردوو دەست کچەی توند گرت و شلپەی ماچێکی لە گۆنای لای چەپییەوە هێنا.

کچە بێ پەردە گوتی: "سمێڵەکەت قدیلەم دەکاتەوە."

شـــا دەبووایە جارێکی دیکە پێبکەنێتەوە: "ئەرێ بەڕاســـت تۆ کێی، تۆ ئەوەندە ... ئەوەندە.. نازانم چۆن بیڵێم، تۆ بۆ ئێمە ئاشـــنای، هەر بۆیە هەست دەکەم تۆ هی ئێمە بیت."

کچە بە دەستەکەی خۆی فرمێسکەکانی پاشای سڕین.

ئینجا شـــا هاتە قســـە و پێیگوت: "بەبیرمان هاتەوە. ناوی ئێمە ناســـر محەمەد فەتعەلی موزەفەرە."

کچەش پرسی: "ئەوانە هەموو نازناون؟"

"ئەوانە هیچیان نازناوم نین، ئەمانە ناوی خۆم و باوک و باپیرەم و باپیرە هەرە گەورەکەمە."

"ئەوانیش هەروەک خۆت پاشا بوون؟"

"بەڵێ، بێگومان، با پیشـــانت بدەین. دەی لەگەڵم دێی؟ دەکرێ دواتر تەماشای ئەلبومەکە بکەین."

پاشـــا ئەلبومەکەی لەلایەک دانا، هەڵســـتا، دەســـتی کچەی گرت بردییە نهۆمی ســـەرەوەی کۆشـــک، بردییە هۆدەیەکی گەورە، لای کتێبخانەیەک، تێیدا کەلوپەلە هەڵگیراوەکانی پاشاکانی لێ پارێزرابوو.

بێجگە لە کەسـوکارە نزیکەکانی پاشـا بۆ کەس نەبوو پێ بنێتە ئەو هۆدە ئەفســـووناوییە. لەوێدا مافووری ناوازە ڕاخرابوون، نەخش و نیگار بە دیوارەکان هەڵواســـرابوون، پارچە جلوبەرگ لە دۆڵابەکان دانرابوون، هەروەها شمشێر و خەنجەریش بە دیوارەوە بوون.

پاشـــا لە یەکێک لە جۆرکەکان[٩٢]خۆڵی هەراتی هەڵگرتبوو. لە یەکێ لە باولە کۆنەکاندا چەکمە و قاپقاپەی چەرمینی پاشاکانی بەرێ داندرابوون. تریانێک، کە لە شـــوارکەبی دروســـتکرابوو، گۆرەوی و دەســـتەســـڕ و پەرداخی ئاودامانزێڕ و ئەڵقە و ئەنگوستیلە و خەناوکەی تێدا هەڵگیرابوو. باولێکی دیکەش پڕ لە دەفتەر و پەڕی مراوی و مقەس و شـــانە بوون.

---

[٩٢] جۆرک: کیسە کە لە قوماش دروستکرابێ.

کچە بە چاوی زەق و گەورەوە سـەیری ئەو ڕیزە شـوشـانەی کرد کە کەللەسەر و ڕیشی پاشاکانی تێدا هەڵگیرابوو.
ئینجا ئاماژەی بە پۆرترێتێکی سـەر دیوار کرد و گوتی: "ئەمە باوکمانە، ئەو لە خەفەتان مرد."
"لە خەفەتان؟"
پاشـا بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە گوتی: "ئەو بەشـە ئازربایجانەی تۆی لێوە هاتووی، پێشـتر هی ئێمە بووە. ڕوسـەکان لەکاتی جەنگ لەگەڵ باوکمدا دەسـتیان بەسـەردا گرت و بۆ خۆیان برد. خەمی لەدەسـتدانی ئەوێ کوشتی."
کچە بۆ دڵدانەوە دەستێکی بەسەر پیلی پاشادا هێنا.
"ئەمەش باپیرەمانە، ئەو پیاوێکی ناوازە بوو، ئەو ئەو وڵاتەی بەیەکەوە نا، ئەو جارێکی دیکە ئەفغانسـتانە خۆشـەویسـتەکەمانی خسـتەوە سـەر نیشتمان و لە نەخشەشیدا بوو هیندستانیش لەگەڵ ئێران یەک بخا، بەڵام سەری لەسەر دانا."
کچە پرسی: "سەری لەسەر دانا؟"
"پاسەوانێکی ئەفغانی بە خەنجەرەکەی لە خەوێدا پەلاماری دا و کوشتی. سەیرکە هێشتا کەوا بە خوێنەکەی هەر بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە."

پاشـان، چوونە سـەر پێخەف و لەوێ تەماشـای ئەلبومەکەیان کرد. لەو ئەلبومە ڕوسـییەدا وێنەی نایابی کارخانە ڕوسـییەکان، ئامێرەکانی هـاتوچۆی بێوێنە و دەزگـا و مـاکینە بزوێنەرە زەبەلاحەکـانی تێدا بوو. باشە تۆ بڵێی مرۆڤ چۆن توانیویەتی ئەو ئامێرە زۆر سەیرانە دروست بکا؟

شـــا زۆر بە وێنەی قیتـارەکە مـاهی مـابوو،[٩٣] وێنەکە وێنەی یەکەمین شـەمەندەفەر بوو لە مۆسـکۆوە بەرەو سـەنت پیترۆسـبورگ دەڕۆیشـت. هەر کەمێک پێش ڕاپەڕینەکە لەگەڵ ڕوســەکان گەیشـتبووە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی هێڵی ئاسنینی تەوریز بۆ تاران لێبدەن. دوای ئەوەی لە وێنەکە ڕاما، ئینجا لەوە تێگەیشـت چۆن فارگۆن و هێڵە ئاسـنینەکەی ژێرەوە بە یەکەوە دەگونجێن و کـاردەکەن. کـاتێکیش وێنەی ســـەرنشـــینـانی شەمەندەفەرەکەی بینی چۆن لە فارگۆنەکە دادەبەزین، ئەوسا بە تەواوی شـەمەندەفەری کەوتەبەر دڵ.

ڕووی لە کچە کرد و پرسی: "نایابن، وا نییە؟ سەیرە مرۆ لەنێو ئەو شتە زەبەلاحە دابنیشێ و لەسەر دوو ئاسندا بڕوا."

لەپڕێکەوە کچە گوتی: "من سواری ئەو قیتارە بوومە!"

"چی؟ تۆ؟ ئەم قیتارە؟"

"بەڵێ!"

"چۆن، مەبەستمە بڵێم کەی؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە: "لە سەنت پیترۆسبورگەوە بۆ مۆسکۆ."

"تۆ؟ بۆ مۆسکۆ؟ چیت دەکرد لەوێ؟"

کچەش گوتی: "من لەگەڵ ئەو پیاوانەدا بووم، من لەگەڵ ئەوان چووم."

"پیاوان؟ کامە پیاوگەل؟" پاشا ویستی زیاتر بپرسێ، بەڵام وەهای نەکرد. پێیوابوو کچە درۆ دەکا، خەیاڵپلاوە، بەڵام خۆ کچە بە خۆی چیرۆکەکەی ســەری لە پاشــا شــێواندبوو. تۆ بڵێی ســیخوڕێکی ڕوســی بێ، تا بەو ڕەفتارە بێوەییانەی خۆی دڵی داگیربکا پاشــان هێزە پاشـایەتییەکەی لێ بستێنێ؟

کچە ئەلبوومە ڕووســـیەکەی لە لایەک دانا و دەســـتی بۆ ئەلبوومە فرەنســـییەکە برد، پەڕەکانی هەڵدانەوە و تەماشـــای باڵەخانەی مۆزەی

---

[٩٣] ماهیمان: سەرسامبوون.

پاریس و ئەنجوومەنی نیشتمانی و کڵێسای نۆتەردام و پردە ڕازاوەکەی سەر ڕوباری سێنی کرد.
کچە پاشـای بۆ خۆی ڕاکێشـا و گوتی: "گوناحە سـەیری ئەمە نەکەی." لەگەڵ ئەم جووڵەیەی مۆمی مۆمـدانەکە کەوت و دڵۆپەکـانی مۆمە تواوەکە کەوتە سەر قاچی کچە.
"ئای چەند گەرمە!" وەها دەنگی لێوەهات و قاچەکانی کشـاندەوە. پاشـا مۆمەکەی هەڵگرتەوە خسـتییەوە سـەر مۆمدانەکە و لە شـوێنی خۆی دانـایەوە. کچە هەندێ نـامراد بوو بەوەی پـاشـا هیچ مەیلی بە لای قاچەکانی ئەو نەدا، کە سوور هەڵگەڕان.
کچە بە گلەییەکەوە گوتی: "تۆ لای خۆتەوە پاشـای و کەچی هێشـتا هەر مۆم بەکاردێنی. ژووری نوستنەکەت بۆگەنی کردوە. من لای خۆم وەهام دانابوو، چرا نوێیەکەت هەبێ."
پاشا هەراسانیی کچەی ڕەواندەوە، دەستی بردە سەر قاچە ڕووتەکەی کچە و سـەری ماچ کرد. لای کچە پاڵکەوت و سـەیری نیگارەکەی کرد. وێنەی شـەوێکی پاریس بوو. پردێکی نازدار هەردوولای ڕوباری سـێنی بەیەک دەبەسـتەوە، دوو دارتێلی ئاسـنیی تێلێگراف وەک دوو شـتی هونەریی جوان بە هەردوولای پردەکەوە داندرابوون. کێبلی تێلێگرافەکە وەک هێڵێکی ڕەش بەسـەر پردەکە ڕاچـانرابوو. لقێکی دارێـک نیوەی وێنەکەی داگرتبوو. لەم کەشوهەوا تەلیسماوییەدا ژنێکی گەنج بەخۆی و کڵاوە ڕەشـە مۆدەکەی لەبن گڵۆپی سـتونی کارەبای سـەرپردەکە دەڕۆیشت.
کچە بە پەنجەی ئاماژەی کرد و گوتی: "من چوومەتە ئێرە و بەسەر ئەو پردەشدا پەڕیومەتەوە."
پاشا خەندەیەکی بۆ کرد، ویستی نەیڵێ، بەڵام دەبەر خۆی نەکرد و هەر گوتی: "لەوانەیە لەگەڵ ئەو پیاوانە چووبێتیە پاریسیش."

"نەخێر، من تەنیا بووم، ئەو شـــەوەش لای ئەو ســـتوونە کارەبابیەدا وەستام."
کەواتە ئەم کچە سیخوڕ نییە، وەهای بۆچوو. هەردەبێ خەیاڵپلاو بێ.
"خاتوون، تۆ سەرنجت ڕاکێشام، زۆر شتی جوانت لە بن سەردایە."
کچە درێژەی بە قســـەی خۆی دا: "کاتێ لەســـەر پردەکە لەپاڵ دارتێلی تێلێگرافەکە وەستا بووم، لەپڕ گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو."
پاشا بە مەراقەوە پرسی: "دەنگی چی؟"
کچە گوتی: "گوێم بە دارتێلەکەوە نا، هەستم کرد جووڵەیەک هەیە. وشە، ڕستە لە نووسینگەی تێلێگرافەکەوە دەنێردرا."
پاشا بە هێواشی دەستی بەسەر پشت و سمتی کچەدا هێنا.
کچە خێرا وەرسووڕایەوە و دەستی پاشای بۆ خۆی ڕاکێشا و پێیگوت: "چاوت بنووقێنە."
ئەویش گوێڕایەڵ بوو. کچە بە ســـەری پەنجە چەند جارێک لەبەری دەستی پاشای دا."
"دەکرێ پێم بڵێ من چیم کرد؟"
پاشـا بە سـەرسـامییەوە چاوی کردنەوە و سـەیری لەپی دەسـتی خۆی کرد.
کچە پێیگوتەوە: "دەی چـاوت دابخەوە، جـارێکی دی دەیکەمەوە. ئینجـا مەتەڵەکە هەڵبێنە."
پاشاش گوتی: "نایزانین."
کچە بە خەنـدەوە گوتی: "من بە پەنجەکـانم نووســـیم: تۆ پیـاوێکی کەشخەی. ئەوە کۆدی مۆرسە."
شا نەیدەزانی پێویستە چ کاردانەوەیەکی هەبێ، دەمی کچەی ماچ کرد و زەق زەقیش لێی نزبووەوە.

"بۆچی وەها سەیرم دەکەی؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟"کچە وەهای پێگوت و سەری بە سینگە ڕەقەکەی کرد و بە نەرمی هەنسکی دا.
"کیژێ، ئەوە بۆچی دەگری؟"
"تۆ لە ڕوخسـار کەسـێکی ڕەقی لێ لە هەناوەوە نەرمی. من هەرگیز پێشـتر لەگەڵ پیاوێکی سـەرنجڕاکێشـی وەها نەبوومە. لای تۆ هەسـت دەکەم خـاتونە شـازادەیەکی ڕاسـتەقینەم، دەکرێ بە تەوای خۆمـت ڕادەست کەم، شتێک پێشتر لە ژیانمدا لەگەڵ کەسی دیکەدا نەمکردووە."
شا بێدەنگ بوو.
"دەی شتێک بڵێ، بۆ وا مات بوی؟"
پاشاش گوتی: "بیر لە سبەینێ دەکەینەوە."
"منیش، بەیانی دەرم دەکەی."
"نەخێر، بیر لەوە ناکەمەوە. کەسێک ئەوەندە هاتبێتەپێش، ناکرێ بڕوا."
"مەبەستت چییە؟"
ئەویش گوتی: "هیچ، لەبیری کە."
شا دەستی بەسەردا هێنا و جارێکی دیکە کڕبووەوە.
"تۆ بەو بێدەنگییەت دەمترسێنی"
"تۆ شـتێکی وەک قیتارت تێدایە، ڕوەک و ڕوناکی و مەل، ئەوانەی بەرز لەسەر دارتێلەکانی تێلێگراف دەنیشنەوە، ئێمە حەزمان لێتە."
ئەمەش یەکێک بوو لەو ساتە دەگمەنانەی پاشا بە ژنێک بڵێ حەزم لێتە. هەر وشـەکانی خۆی هەژاندیان. چەکمەجەی دۆلابی خەوەکەی کردەوە و جۆرکێکی زێڕینی مەخمەلی ڕەنگهەناری دەرهێنا. کاتێکیش کچە گوێی لە زرینگەی دراوە ئاڵتوونییەکان بوو، هەڵسـایەوە و قیت دانیشـت و گوتی: "ئەوە خەریکی چی؟"
پاشا کیسـەکەی کردەوە، دراوە ئاڵتوونییەکانی خستنە ناو بەرۆکی کچە خاڵیکرد.

کچە بەسەرسامییەوە دەستی بۆ مەمکەکانی خۆی بردنەوە و پاشاش بە ئەوقماوی ســــەیری کرد. ئەویش گەمەی بە ســـینگی کرد، ئیدی دراوە ئاڵتوونییەکان زرنگانەوە.
پاشا لەسەر پێخەفەکە هەڵسا و گوتی: "لەگەڵم دێی؟"
"بۆ کوێ؟"
"ئێمە تۆ دەنێرینەوە."
کچە بە سەرسامی تەماشای پاشای کرد.
"بۆچی دەرم دەکەی؟ پێموابوو ڕێگەم دەدەی بمێنمەوە."
"ئێمە ڕای خۆمان گۆڕی."
"دەمەوێ ئەمشەو لای تۆ بخەوم."
شا دووڵ بوو.
لێیەوە نزبووەوە.
کچە پرسی: "شتێکی هەڵەم کردووە؟"
لەو کاتەی پاشـــا بیری لە پرســـیارەکەی دەکردەوە، دۆلابەکەی خۆی کردەوە لەنێو فایلێکدا ملوانکەیەکی کۆنینەی هیندی پڕ لە بەردی کەسک، دەرهێنا. ملوانکەکەی لە ملی کچە کرد و گوتی: "نەخێر، تۆ هیچ هەڵەیەکت نەکردووە."
پاشا لە ژوورەکە چووە دەر و زەنگوڵەکەی لێدا.
ئەمەی بە پەردەدارەکەی گوت: "ئەم کچە بنێرنەوە مـاڵی خۆی!" ئینجـا لەبەر تریفەی مانگەشەودا بە پەیژەکان بەرەو باخەکە ڕۆیشت.

چەند ســاڵێک دواتر، پێش مردنی، پاشـا کچەی وەبیر هاتەوە هەم خشـڵە نایابەکە و هەم گوێی لە دراوە ئاڵتوونییەکان بوو کە خســـتییە بەرۆکی کچە. ئەمانە دوایین یادەوەریی ژیان بوو، دەکرا تامی بکا.

٥١

گەشتنامە

وەزیر پەیوەندیی بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی ڕووسی، سویسری، نەمسایی، ئالمانی، ئیتالیایی، هۆڵەندی، بەلژیکی، فرانسەیی و ئینگلستانییەوە کرد، بەڵکو کارئاسانی بۆ گەشتی پاشا بۆ ئەورووپا بکەن. بۆ مایەی کامەرانیی ئەو، بە شێوەیەکی بەرچاو لەو هەموو وڵاتانە کاردانەوەکەیان یەک جار باش بوو.

هەمیشە ئەورووپییەکان لە کتێبی مێژووییەوە لە بارەی ئێرانییەکانیان خوێندبووەوە، ئەوان هەمیشە بە گوێرەی قسە باوەکە "ڕێسای میدیا و ئێرانی" کاتێ بیریان لە ئێران دەکردەوە، ئەوا بیریان بۆ زێڕ، بۆ مافووری باڵدار، بۆ پاشا تەلیسماوەکانی، بۆ خاتوونە شازادە جوانەکان، بۆ حەکایەتی هەزارویەک شەوە و کاڤیار دەچوو. بەڵام هیچیان رووبەڕوو پاشایەکی ئێرانییان نەبینیبوو.

هیچ کام لەو کتێبانە باســـی ئەوەیان نەکردبوو، پاشـــایەکی ئێرانی ســـەردانی ئەورووپای کردبێ. پاشـــا یەکەمین کەس بوو گەشـــتێکی وەها بکا. هەر بۆیە خانەوادەی پاشا و کۆشکە سەرۆکایەتییەکانی ئەورووپا بۆ ئەو جۆرە گەشـــتە بەپەرۆش بوون. وەزیریش ئەوەندە دڵمەند بوو نەیدەتوانی چیدی ئەم هەواڵە خۆشـــە لای خۆی بهێڵێتەوە، مەراق بوو هەرچی زووە کاردانەوەی ئەو وڵاتانە بە پاشا ڕابگەیەنێ.

"پاشا و سەرۆکی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئەورووپا سڵاوی تایبەتیان بۆ خاوەنشکۆ هەیە و زۆریش خۆشحاڵن پێشوازیی لە پاشا بکە."

پاشـــا بەم ڕاگەیاندنە غافڵگیر بوو. هەرچۆنێک بوو دەرکی بەو بانگهێشتنە گەرمە کرد و بە خەندەوە گوتی: "لەوانەیە پاشاکانی ڕۆژئاوا وەها بزانن شاهەنشا (پاشای پاشایان) دەیەوێ بە دیداری وڵاتەکانیان شاد ببێ. دیارە ئەوان نازانن ئێمە لە پاشای سوپایەکی هەژار و نەدار بەولاوە هیچی دیکە نین."

"خاوەنشکۆ، ئەوەی ئێوە دەیڵێن وا نییە. خاوەنشکۆ، وڵاتەکەی تۆ یەکێکە لە جوانترین وڵاتی ســـەر زەوی. ئێمەش خەڵکی دەوڵەمەندمان زۆرە، شاری زۆر سەرنجڕاکێشمان هەن، ئێمە ئیسفەهانمان هەیە، لە ڕووی جوانی و ناوازەییدا بێوێنەیە. ئێمە شـــاری شـــیرازمان هەیە، ڕۆژێ لە ڕۆژان پایتەختی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهـــان بووە، ئێمە مزگەوتەکانمان هەن، بە وەستایەتییەکی تەلارسازیی نایاب دروستکراون، ئێمە ئەدەبیاتێکی قووڵ و ڕەگئاژۆمان بە ســـەدان شـــاعیر و ئەدیبی کلاسیک هەیە، ژنانی ئێمە لە هەموو ژنانی جیهان ئەفسووناویترن. ئێمە مـــافوورمـــان هەن، کە دەتوانین لەســـەری بـــاڵبگرین و بفڕین. ئێمە زافەرانمان هەیە، ئێمە خۆشترین چای جیهانمان هەیە، هەروەها شاکاری هەزارویەک شـــەوە و تاوســـی شـــاهانەمان هەیە. ناوبانگی ئێمە بۆ هەمووان ناسراوە. تۆ پاشای پاشماوەی ماد و فارسەکانی.

ئەم وشە هاندەرانەی وەزیر ورەی پاشایان بەرزکردوە.
وردە وردە گەشتەکە شەقڵی خۆی وەردەگرت. ئەوان لە ڕێی سنوری ئازربایجان لەگەڵ ڕوسیا بەرەو مۆسکۆ دەڕۆیشتن، لەوێشەوە بە نێو ئەوروپادا دەگەیشتنە فرەنسا، ئینجا بە بەلەم بۆ ئینگلستان. دوای ئەو سەردانە دورودرێژە شاهانەیە، بە کورتەڕێگەیەکدا دەگەڕایەوە وڵات.
پاشا بۆ ئەوەی بەتەواوی دوودڵییەکەی لەمەڕ گەشتەکەدا نەهێڵێ، هانای بۆ قورئان برد. بە چاوی نووقاوەوە لاپەڕەیەکی هەڵدایەوە. کاتێکیش چاوی کردنەوە، پێی سەیر بوو، دیاربوو خودا ڕێگە ڕاستەکەی نیشان داوە، ئاخر کاتێ ئەو لاپەڕەی لێکیکردبووەوە تەماشای ناونیشانی سورەتەکەی کرد، سورەتی سورەتی ڕۆم بوو. ڕۆمیش سورەتێک بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێرانییەکان دەوڵەتی بێزەنتیان بەزاندبوو: "ئاخۆ هیچ گەشت و گوزاریان لەم زەمینە نەکردووە، تا بڕوانن پێشینەکانی ڕابردوو - کە لەمان تواناتر بوون و زەوییان کێڵا و ئاوەدانتریشیان کرد و پێغەمبەرانیش بە نیشانەگەلی ئاشکراوە هاتنە لایان - چییان بەسەر هات؟[94] ئیدی پاشا قورئانەکەی ماچ کرد و بە هەردوو دەستی بە سینگییەوە نووساند.
ئینجا پاشا بە خاترجەمییەوە هەموو تیشکی هزری خۆی خستە سەر گەشتەکە. ئەو بانگی پیرنیای کرد. پیرنیا نەوەی خانەوادەیەکی بازرگانی بەناوبانگ بوو، بۆ وتووێژ بانگهێشتی کرد. ئاخر پیرنیا یەک دوو ساڵ لە ڤیەننا بووە و وەک بازرگانێک لەنێوان نەمساو سویسرادا لە گەشت و کارواندا بووە.

---

[94] ئایەتی نۆیەمی سورەتی ڕۆم: (أَوَ لَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَأَثَارُواْ ٱلۡأَرۡضَ وَعَمَرُوهَآ أَكۡثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ. من پەنام وەرگێڕانەکەی مام هەژار بردوە. وەرگێڕ

ئەو ڕۆژەیان ڕۆژێکی خۆش و گەرم بوو، پاشا لە سێبەری دارەکان لە شوێنی پشوودان دانیشتبوو. پێشخزمەت سینییەکی بۆ هێنا، کاهوو و ئەسکەنجەمینی[٩٥]لەسەر بوو. پاشا حەزی لە کاهووی تەڕوتازی بوو، گەڵای کاهووەکەی لە ئەسکەنجەمینەکە هەڵدەکێشا و دەیخستە دەمی. کاتێکیش لە خواردنی کاهووەکە بووەوە، پێشخزمەتەکە لە هاتنی مێوانەکە ئاگاداری کردەوە.

پیاوە گەنجەکە بە چاویلکەیەکی خڕەوە لەبن قاتێکی نائاساییدا بەدەرکەوت. ڕۆنی لە پرچی دابوو، ڕدێنەکەشی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشانە قەڵەم کردبوو. سەری خۆی هەندێ نەوی کرد و سڵاوی لە پاشا کرد. ئەو بۆنەی لەخۆی دابوو، لە کەپووی پاشای دا، یەکسەریش پژمی.

پاشا بەدەم گوتنی "فەرموو دانیشە" ئاماژەیەکی بۆ کرد.

پیرینیا چەمایەوە لەسەر سەرینێک دانیشت، بەڵام وەنەبێ وەک دانیشتنە ئاساییانەی خۆی کەلە سەرچۆک دادەنیشت، ئاسوودە بێ. خزمەتکارێکیش قلیانێکی لە تەنیشت پاشادا دانا، ئیدی پاشا بە قلیانکێشانەوە سەرنجی ئەوەی دا گەنجەکە جووت پێڵاوێکی ڕەشی ناوازەی لەپێدایە، لە ڕەشییان هەر بریقەی دەداتەوە. پێدەچوو بە هەمان ئەو ڕۆنەی لە پرچی داوە، پێڵاوەکەشی پێ بریقەدار کردبێ.

"ئێمە وامان زانیوە ئێوە ماوەیەک لە ئەورووپا ژیاون، ئێمە باوکت دەناسین، ئەو بازرگانێکی ناودارە. بۆیە تۆمان بانگ کردووەتە ئێرە، تا ئەزموونەکەی خۆتمان لەبارەی ئەورووپا بۆ باس بکەی. دەی ئێمە گوێمان لێتە."

---

[٩٥] ئەسکەنجەمین لە سرکە و شیلەی شەکر پێکدێ، واتە ترش و شیرینە، کاهووی پێ دەخورێ. وەرگێڕ

بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو کەسانەی بۆ لای پاشا دەهاتن پەسنیان دەدا، ئینجا دەهاتنە سەر بابەتەکەی خۆیان، کەچی پیرینیا بێ پێشەکی و ڕاستەوخۆ باسی مانەوەی خۆی لە ئەورووپا بۆ پاشا کرد. بە کورتی بۆی ڕوونکردەوە لەکوێ ژیا بووە و گەشتی بۆ چەند وڵات کردووە.

"باشە ڕێک پێمبڵێ لەوێ چیت دەکرد؟"

"بازرگانییم بە بەردە گەوهەرە خاوەکان دەکرد، بەڵام لەوێ مەیلم بەرەو لای ناسینی زمان و دابونەریتەکانیان ڕۆیشت! بازرگانییەکەشم ڕێگەی ئەو جۆرە گەشتانەی بۆ خۆش کردم."

ئەو لەخۆڕازیبوونەی کابرا بە دڵی پاشا نەبوو. بەتایبەتیش ئەو بۆنە تیژەی لێوەی دەهات.

پاشا بە پێداگیرییەوە گوتی: "کەواتە گەشت. دەی بۆمان بگێڕەوە چیت بینی؟"

"شتی زۆر سەرنجڕاکێش!" بەم جۆرە پیرینیا بە کورتی وەڵامی دایەوە.

"ناوی یەک دووانێکیان بڵێ!"

"زۆر سەختە گەشتەکە بە یەک دوو دێڕ وێنا بکەی، من گەشتنامەی خۆمم لەو بارەیەوە نووسیوە. ئەگەر لێیبووومەوە، دەکرێ بۆ خاوەنشکۆی بنێرم."

"کات بۆ ئەوە نەماوە، جارێ وەک نموونە یەک دوو شتی سەرنجڕاکێشم بۆ باس بکە.

پیرنیا، کە جەمال خانی دەناسی و ئەندامی کۆمیتەکەیان بوو، ئاگاداری دۆخی سیاسیی وڵات بوو. یەکسەریش بانگهێشتنامەی پاشای پەسەند کرد، بەڵکو ئەو بۆنەیە بقۆزێتەوە تا لەگەڵیدا باسوخواسی بەڕێوەبردنی وڵات بهێنێتە گۆڕێ.

"هەر بۆ نموونە، ئەوان دوو ژووریان هەن."

شا بە سەرسامییەوە: "ژوور؟"

"بەڵێ، ژوور."

"جا چی سەیر لەو ژوورانەدا هەیە؟"

"لەو ژوورانە باسوخواسی گرنگترین کاروبارەکانی وڵاتی تێدا تاوتوێ دەکرێ و پاشان بڕیاری لەبارەوە دەدرێ."

"ئەوان؟ ئەوان کێن؟"

"نوێنەرانی گەل."

پاشا قورسایی خۆی لەسەر ئەژنۆیەک بۆ ئەوی دیکە گواستەوە. هەستێک بەوەی مێوانێکی ڕەزاقورسی هاتووە، هی ئەوە نەبوو بەرگەی بگرێ.

پاشا گوتی: "پێشتر شتمان لەوبارەوە زانیوە، دەی باسی شتێ نوێمان بۆ بکە."

پیرنیاش هەستیکرد شا سەخڵەت بووە، تێهەڵچووەوە: "یەکێ لە دیاردە سەیرەکانی دیکە ڕۆژنامە یان ڕۆژنامەکان بوون."

دەمودەست شا هاتە وەڵام: "ئەمەشمان زانیوە."

"بەڵام لەو ڕۆژنامانەدا خەڵک ڕامانی خۆیان لەبارەی هەموو شتێک دەنووسن و بۆ ئەمەش جۆرە کێبڕکێیەکی قەڵەم دەکەن."

"کێبڕکێی قەڵەم؟ لەبارەی چی؟"

"لەبارەی هەموو شتێک! لەبارەی سیاسەت، لەبارەی شارەکان، لەبارەی پرد، لەبارەی ژنان، لەبارەی تەلار و باڵەخانە و لەبارەی هونەریش."

"کێبڕکێی قەڵەم لەبارەی ژنان و پرد، گەنجۆ، وات لە ئێمە کرد پرسن بین."

"ئەم هەموو وڵاتانە کتێبێکی تایبەتیان هەیە، دەستوور هەیە هەموو قانون و ڕێساکانی وڵاتی تێدا نووسراوەتەوە. هەرچی بۆ مرۆڤ هەیە بیکا و ئەوەی بۆشی نییە بیکا، هەمووی لەو کتێبەدایە."

پاشا سەری لەقاند. وەرگێڕانەکەی وەزیری پێشووی بۆ دەستوری فرەنسی بیرکەوتەوە.
"هەر وڵاتێک سیستمی دەوڵەتییانەی خۆی هەیە. ڕژێمی وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەستنادا، هەر یەکەیان ڕژێمی خۆی هەیە. لە سەرێکی دیکەوە ئەم کتێبە باری قورسی سەرشانمان سووک دەکا. ئاخر وا دەکا دەستمان واڵا بێت و کاتی زیاتر بە خۆمانەوە خەریک بین. ئایا شتێکی زانستیت هەیە تا پێمان بڵێی؟"
ئاماژەیەکی بۆ خزمەتکارەکەی کرد: "قلیانەکەمان سارد بۆتەوە!"
دەستبەجێ قلیانێکی نوێی بۆ هێنا.
پرینیا دەترسا لەوەی پاشا لە قسەکانی وەڕز بێت، بۆیە بابەتەکەی گۆڕی.
"هەرچەندە نهێنی لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە و ئێمە لەبارەی گێڕانەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان وەستاین، لێ ڕۆژئاواییەکانیش شتی وەهایان هەیە کە ئێمە نیمانە. لای ئێمە ڕازەکە لە مێژوو دایە، لە نێو کتێبان دایە، لە گێڕانەوەکانمان و لەپشت پەردەوەیە، بەڵام ئەورووپییەکان ئەوەی بن بەڕەیان هێناوەتە سەر بەڕە. تۆ لەوێ دەتوانی دەست لە ڕازەکان بدەی، تەنانەت دەتوانی لەنێویشیاندا بژی و دابنیشی. یەکێک لە نموونەکانیش قیتارە."
"ئێمە ئەوەش دەزانین، لە کۆشکدا بارستاییەک لە ناملیکەی وێنەدار لەبارەی قیتارەوە هەن. دەی پێمبڵێ تۆ لەو گەشتانەتدا بە چ زمانێک دەدوای؟"
"هەرچەندە هەموو وڵاتێک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، لێ لە کۆڕبەندە باڵاکاندا بە زۆری هەر بە فرەنسی قسە دەکرێ."
پاشا بە شانازی و بە فرەنسییەوە پێیگوت: "فرەنسییەکەمان باشە؟"

ئەو مژی لە قلیـانەکەی دەدا، یەک دوو جـار دووکەڵی هەڵمژی و دەریدایەوە، ئینجا گوتی: "ئەری بە فرەنسی قلیان چییە؟"

"ئەوان قلیانیان نییە."

پاشا سەرنجەکەی خۆی وەها دەربڕی: "ئاها، ڕاست دەکەی. سەیرە!"

پیرنیا ویستی شتی دیکە بڵێ، بەڵام بینی دالغەی پاشا بۆ شوێنێکی دیکە ڕۆیشتووە.

ئەوسـا بە شـێوەیەکی ڕەچاونەکراو بانگیکرد: "پیاڵەیەک چا بۆ مێوان بێنن. ئەرێ تۆ باسـی ژنانیشـت کرد، شـتێکی تایبەت و ناوازەت لەبارەیانەوە هەیە بیڵێی؟"

پیرنیاش گوتی: "نازانم چۆن باسی بکەم. بەڵام... لەوێ ژنان بە ڕاشکاوی دەموچاوی خۆیـان بۆ خەڵک دەردەخەن. دەکرێ هەموو کەس چـاو و کەپوو و لێو و گەردن و باسکیان ببینێ. لە ئاهەنگەکانیش هەر بەخۆیان شان و مل و بەشێکی سینگیشیان دەردەخەن."

پاشا ئاماژەیەکی وەهای کرد وەک ئەوەی ئەم شتەی لا گرنگ نەبێ.

"باشە، هەر کاتێک چایەکەت خواردەوە، دەتوانی بڕۆی."

ئیدی پیرنیا چاوەڕێی خواردنەوەی چایەکەی نەکرد.

پاشا لەپشت پیرنیاوە گوتی: "ئەگەر شتێکی شایستەت هەبێ و نەگوتبێ، دەکرێ ئێسـتا بیڵێی." ئاخر هەسـتی کرد ئەو هەموو شـتێکی باس نەکردووە.

پیرنیاش وەسـتا و گوتی: "لەم دواییانەدا ئەندازیارێکی فرەنسـی شـتێکی زۆر سـەیری داهێناوە. قوللەیەکی یەکجار بەرزی لە ملیۆنان کیلۆ ئاسـن دروستکردووە."

"چەند بەرزە؟"

"زۆر بەرز. بە دڵنیاییەوە ئەوەندە بەرز بەقەد ئەو کێوەی ئەوێ!" ئاماژەی بە کێوێکی دوور کرد.

"باشه بۆچی وەهایان کردووە؟"
"کەس نایزانێ. بەندوباویشـــی لەبارەوە هەن. لە ڕۆژنامەکاندا لایەنگر و دژیشی هەن. لەهەمان کاتدا بە ڕۆژ و شەو، ژن و پیاو هەر بۆ خۆشی و لەبەر مەراق بوون بەسەریدا هەڵدەگەڕێن."
"بەسەر چیدا هەڵدەگەڕێن؟"
"بەسەر قوللەکە!"
ئینجا شـا گوتی: "بە ملیۆن کیلۆ ئاسـن بەیەکەوە نرایە و لەسـەر یەک دانراوە تا لە دواییدا خەڵک بەسەریدا هەڵبگەڕێن؟"
"ئەو ئەندازیارەی شـتەکی دروسـتکردوە، بەناوبانگە. بزوێنەرێکیشـی داهێناوە، جۆرە گالیسـکەیەکە بە بێ ئەسـپ، دەکرێ لەگەڵ یەک دوو نازانم چەند، بەڵکو بیسـت کەس سـواری ببن. ئیدی تۆ دوگمەیەک دادەگری. لەپڕێکدا گالیسکەکە دەجووڵێ. سەیر ئەوەیە نە بۆ پێشەوە نە بۆ پشـتەوە دەڕوا، تەنیا بۆ سـەرەوە دەڕوا و پاشـان بۆ خوارەوە دەگەڕێتەوە. هەر ئەوەندەیە یەک دوو جار چاوت لەیەک بدەی، ئیدی گەیشتوویتە تۆقەڵی قوللەکە."
پاشا بە مەراقەوە پرسی: "باشە لە سەر دوندی قوللەکە چی دەکەن؟"
"سەیرکردن. تەماشای پاریس دەکەن! لە شەودا دیمەنێکی پەرجووانەیە. تۆ سەیری سێن دەکەی، ئەو ڕووبارەی بەنێو شاردا دەڕوا، لەوێ گڵۆپە نوێیەکـان دەبینی، لەبەر ڕونـاکی گڵۆپەکـان لەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکەدا ژنە نازدارەکانی فرەنسی دەبینی ڕێدەکەن."
پاشـا قسـەکەی پێبڕی: "لێیگەڕێ." و سـەیری تاوسـێکی دەکرد کە پەرەکـانی لێککردبوونەوە. "دەتوانی بڕۆی." دالغەی بۆ لای ئەو کچە ڕۆیشـت، کە ملوانەکەکەی دابووی. ئاخر ئەویش بەسـەر لای ڕووباری سێندا پیاسەی کردبوو.

ئامادەکارییەکانی گەشتەکە سالێکیان خایاند. تا دەهات ڕۆژی گەشتەکەی نزیکتر دەبووەوە. لە مانگی دواییدا زۆرتر سەری حەرەمسەرای دەدا و لە جاران زیاتر شەوان لای ژنەکانی دەمایەوە. ئەو بە کۆمەل دەیبینین، لە دەوری کۆدەبوونەوە وای کرد نازی بکێشن. ئەو خۆشیی لە نازوعیشوەی ژنەکان دەبینی، ماچ ماچانێ و دەستبازیی لەگەڵ دەکردن، گازی لێدەگرتن و لەگەڵیان پێدەکەنی.
زۆر جاریش لای دایکی دەبینرا و نانی ئێوارانی لا دەخوارد. دانیشتنەکانیان لەگەڵ یەکدی لەوانی جاران جیاوازتر بوون، یەکدییان بۆ ماوەیەکی درێژ لەباوەش دەکرد و بە نەرمییش لەگەڵ یەک دەدوان.
مەهدولیا بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەستەکانی ماچکردن و گوتی: "ڕۆلە، تۆ هەم کوڕ و هەم پاشای منی." پاشان فرمێسکەکانی بۆ سڕین پرچە سپییەکەی ماچ کرد و لە لای ڕۆیشت.

ڕۆژێک بەر لە بەڕێکەوتنی کاروانی گەشتەکەی، بەرەو لای تاج سولتانی کیژی کەوتەڕێ. لەوکاتەی نەوەکەی لەدایک بووبوو، تا ڕاددەیەک ڕۆژانە کچ و نەوەی لە کۆشکەکەی دەبینی، بەلام ئێستا ئەو خۆی چووبووە سەردانی کیژەکەی.

تاج بینی باوکی دلتەنگە، ویستی لێی بپرسێ ئاخۆ خەمی چی لەبەرە، لێ وەهاشی نەکرد. پێشان کاتێ هێشتا شووی نەکردبوو، بە ئاسانی لەگەلی دەدوا و لێیدەپرسی: "ئەرێ باوکە بۆ وا غەمباری؟"
لێ لەوکاتەی مێردی کردووە، پاشا مەودایەک خۆی لێ دوور گرتووە. وەک ئەوەی کچێکی دیکە یان ژنی پیاوێک بێ و کچی ئەو نەبێ. کچە هەستی بە ئازار کرد لەوەی ئەو پەیوەندییە گەرم و بەتینەی جارانییان بە یەکەوە نەماوە و ڕازونیاز باوکانەی بۆ نادرکێنێ. ئەو بایەخەی

جاران بۆ کچەکەی هەیبوو ئێستا بۆ نەوەکەی چووە، تەنانەت ئەم ڕەفتارە بۆ کچە مایەی هەندێ ئیرەیی بوو، بەڵام خۆ باش لە باوکی خۆی دەگەیشت. ئەو ئێستا بۆتە هی پیاوێکی دیکە. ئەوەش مایەی خۆشبەختی بوو، کە پاشا بە منداڵەکەی ئەو دڵخۆشە و هەردووکیانی خۆش دەوێ، هەم خۆی و هەم منداڵەکەی.

تاج منداڵەکەی خستە باوەشی باوکی و گوتی: "ئای من چەند بەختەوەرم، کە پاشا خۆی ئاگای لە شازادە بێ."

پاشا بە مسکەبوونەوە گوتی: "بە خۆشییەوە، شایانی نییە." بە خۆی و منداڵ لەباوەشەوە چووە سەر کورسییەکی هەژۆک دانیشت.

هەمیشە پاشا بە ڕستە و وشە وگۆکردنی تەواوەوە قسەی لەگەڵ منداڵەکە دەکرد، ئاخر پێیوابوو ئەم جۆرە قسانە بۆ گەشەکردنی مێشک پێویستە. ئەو چەند دێڕێکی لە کتێبێکی کلاسیک بۆ خوێندەوە و خۆیشی زەوقی لێبینی. ئەم جارەیان چیرۆکێکی لە کتێبێکی زۆر کۆنی فارسی کە ناوی کلیلە و دیمنە بوو بۆ خوێندەوە.

"هەبوو نەبوو بازرگانێک هەبوو، لە هەرات دەژیا. ژنەکەی ناوی جامیس بوو، هێندەی مانگ جوان بوو. کەس لەو شارە پێشتر ژنێکی وەها شۆخ و جوانی نەدیبوو. ڕووی وەک ڕۆژی سەرکەوتن دەدرەوشایەوە پرچیشی ڕەش و درێژ وەک شەو وابوو، شەوێک کە بێهوودە چاوەڕێی دڵدار بکەی.

هونەرمەندێکی بەناوودەنگ، کە فڵچە و خامەی دەستی جادووی دەخولقاند، لەماڵێکی گەڕەکی ژنە دەژیا. پەیوەندییەکی ژێربەژێریشی لەگەڵ ژنەدا هەبوو..."

تاج بە پێکەنینەوە ناڕەزایی لەم ڕەفتارەی پاشا دەربڕی و گوتی: "باوکە، بۆچی ئەو جۆرە شتانە بۆ ئەو منداڵە دەخوێنیتەوە، خۆ ئەو هێشتا هەر مەمکمژەیە."
پاشاش خۆشیی لە قسەی تاج بینی و وەها وەڵامی دایەوە: "ئەو هەم منداڵە و هەم پیاو. پێویستە بە زوویی فێری ئەو هەموو شتانە بێ."
ئینجا تاج بە پێکەنینەوە: "پاشای باوک، کوڕەکەی من بە چیرۆکی خۆشەویستی پەروەردە نەبووە."
پاشاش گوتی: "ئەو پیاوە. ئەو دەبێتە پاشا."
تاجیش پێیگوتەوە: "هەر بۆیە لە ئێستاوە باسوخواسی هەراتی بەگوێدا دەدەی."
پاشا منداڵە جێنشینەکەی دایەوە دەست دایکی. دەیزانی ئەم منداڵە چەند بۆ پاشەڕۆژ گرنگە.

پاشا لە درەنگانێکی پاش نیوەڕۆکەدا داوای لە تاج سولتان کرد بەڵکو پیاسەیەک بۆ نێو باخەکە بکەن. لەکاتی قەدەملێدانەکەدا بە تاجی گوت بەنیازە گەشتی ئەوروپا بکا نەوەک وەک ڕاگەیەنراوە بچێتە کەربەلا.
"کچم گوێبگرە، تەنیا هەر یەک دوو کەس بەم گەشتەم دەزانن. لەپاش ڕۆیشتنی من نیشتمان لە عۆدەی تۆ دەبێ. چاوەکانت باش بکەوە، زۆر باش ئاگات لە کوڕەکەت بێ. ئەو لە ئێستاوە دوژمنی زۆری هەن. خۆ ئەگەر بە من بووایە، گەشتەکەم تا دوای ئەوەی گەورە و بەهێز دەبوو ، دوادەخست، بەڵام چار نییە، حوکمی ژیانە و دەبێ منیش لەگەڵی بڕۆم."
پاشا ویستی گەنجینە پڕ زێڕ و گەوهەرەکەی ژێرزەمینی کۆشکەکەشی پێ بڵێ. ئاخر خۆ لەگوینە[96] لەکاتی گەشتەکەیدا شت بقەومێ، شتی وەها بۆ ئەو دژوار و چارەنووسساز بێ. بۆ ئەو جۆرە سەرکێشییە، لەسەر

[96] لەگوینە: نزیکە، لەوانەیە، خەریکە.

شـانی پێویسـتە ڕازەکە بۆ جێنشـینەکەی بدرکێنێ. پاشـا کچەکەی بردە دیوەکەی دیکەی باخەکە، تا هیچ کەس گوێی لە قسـەیان نەبێ. ئینجا بە چرپەوە پێیگوت: 'گوێبگرە! من دەمەوێ نهێنییەکی دەوڵەتت بۆ بدرکێنم. شـتەکەش بۆ تۆ نییە، بەڵکو بۆ کوڕەکەتە. ناپـاکییە ئەگەر بۆ هەر کەسـێکی دیکەی باس بکەی. ئەم ڕازە هەر لە سـینگی خۆت بهێڵەوە تا ئەوکاتەی کوڕەکەت دەبێتە پاشای وڵات.'

تاجیش گوتی: 'باوکە، وا مەڵێ، تۆ هەر دەمێنی.'

'مەرگ بۆ هەمووان لە ئان و سـاتدایە، کێ دەیزانێ. باش گوێم لێبگرە و لەبەری کە.'

پاشا دەستی دایە چڵەدارێک و لەسەر زەویەکە وێنەی ژوورێکی کێشا، نەخشـەی دۆلابەکە و کونی پشـتی دۆلابەکە و بووبڕە تەسـکەکە و پەیژەکان و ڕاڕەوە کورتەکە پاشـان پەیژەکانی بە باشـی کێشـا. دوای ئەوە ڕاڕەوەکە ئینجا دەرکەیەکی بچکۆلە و گەنجینەکە، ئەو باسـی ئەو زێڕ و زیو گەوهەرەی بۆ کرد، ئەوەی لە هیندسـتانەوە هێنرابوو. هەروەها باسی ئەو دەرووە و ئەو بووبڕەشی بۆ کرد، کە لە بارودۆخی ناچارییدا دەکرێ وەک ڕێی هەڵاتن و دەربازبوون بگیرێتەبەر.

تاج سـوڵتان باوەشـی بە باوکیدا کرد و بە سـرتەوە گوتی: 'باوکە، زۆر سـوپاسـت دەکەم بۆ ئەو متمانە زۆرەی بە منت هەیە. من ژیانم بۆ ئەو ئەرکە تەرخان دەکەم و پەیامەکەشت لەکاتی خۆی دەدەمە جێنشینەکەت.'

شـەوی سـەفەرەکە، عەینولدەولەی لە ژووری کارکردنەکەی خۆی بینی. هەرچەندە سەرەتا بڕیاریدا بوو هیچی لەبارەی گەشتەکەی بۆ ئەورووپا پێ نەڵێ، لێ هەسـتیکرد ئەو هەم زاوایەتی و هەم پلەیەکی بەرزی لە سوپاشـدا هەیە، بۆیە شـتێکی ئەسـتەمە ئەو گەشـتەی لێ بشـاردرێتەوە. ئیدی پێیگوت لەوانەیە سـەری چەند وڵاتێکی ئەورووپی بدا، پاشـان

ئەوەشـــی پێڕاگەیاند: "ئەمە یان فەرمانێکی ئێمەیە: لە دیارنەمانی ئێمە هەموو لادەرەکان بگرە. کاتێکیش گەڕاینەوە، نامانەوێ هیچیان لەبارەوە ببیســـتینەوە. بەم نامەیەش هەموو دەســـەلاتێکت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پێدەدەم."

پاشا هەر بەخۆی نامەکەی خستە بەرکی عەینولدەولە و گوتی: "بەردەوام تاج سـولتان و منداڵەکە بێنە کۆشـک. لێیانگەڕێ نەوەک هەر ڕۆژەکانیان بەڵکو شـــەویش لێرە بەســـەر ببەن، ئاخر بۆ منداڵەکە باشـــە لە کۆشـــک رابێ."

پاشـــا توند پیلی عەینولدەولەی گرت و بە نەرمی پێیگوت: "بە گیانی خۆت ژن و منـداڵەکەت بپـارێزە. ئەوانە شـــتە هەرە بـایەخـدارەکەی دەوڵەتن. لەبەر ئەوان بڕوا بە هیچ کەسێک مەکە."

بۆ ڕۆژی پاشتر، شا گەشتەکەی دەستپێکرد، کە شەش مانگی دەخایاند. ئەو دەســـتەیەکی لێبژاردەی لەگەڵ خۆی برد، کە پێشـــوەخت ئاگاداری کردبوونەوە بەوەی ئەرکێکی تایبەتیان لەپێشـــە. وەزیر پێی باش نەبوو مەلیچک لەگەڵ خۆی ببا، بەلام پاشـــا بەگوێی نەکرد: "ئەو شـــتە ناکرێ، خۆ ئەگەر بەتەنیا لێرە بەجێی بێڵم، وەکو پشـــیلەکەم فەرامۆش دەکرێ. ســـەرباری ئەوەش کاتێک بێزار دەبم و لە غەریبیدا پێویســـتم بە یەکێک هەیە قسەی لەگەڵ بکەم."

شـا بڕیاریدابوو لەکاتی گەشـتەکەیدا ڕۆژژمێرێکی پێبێ و لێی بنووسـێ. کتێبەکەش بۆ خەڵکی ئێســـتا نەبوو بەڵکو بۆ پاشـــەڕۆژ بوو، بۆ ئەو کاتە بوو، پاشا لە ژیاندا نەمابوو.

ئەو لەوە بە ئاگا بوو، وەک پاشـــا کۆنەکانی ئێران بە شـــکۆوە یادی ناکرێتەوە، بەوەی مۆری خۆی لە تەوێڵی چەرخی ئێســـتای خۆیدا بێ، بەلام خۆ دەکرێ لە ڕێی گەشتنامەکەی خۆی جیابکاتەوە و بناسرێتەوە.

دەزگا نوێیەکان کتێبەکەی ئەو چاپ دەکەن. ڕۆژێک دادێ لای هەموو کەسێک دەخوێندرێتەوە. ئەو ویستی گەشتەکەی بۆ ئەوان بکا، ئەوانەی هێشـــتا لە ژیـانـدا نین، بەڵام بەدڵنیـاییەوە دوارۆژ دێن و دەیبینن و دەیخوێننەوە.

لە نیوەی شەودا، پەردەی پەنجەرەکەی تیدا و سەیری ئاسمانێکی ساماڵ و پڕ لە ئەستێرەی کرد. لەوانەشە ئەمەیان دوا شەوێکی ئێرانییانە بێ بە مەراقەوە لێی ڕابمێنێ.
هەرچەندە خەمی وڵاتەکەشـــی بوو، لێ هەســـتێکی خۆشـــیی نامۆشـــی هەبوو. هەســتەکە وەک ئەوە وابوو، لەپڕێکەوە لەو بارە قورســەی ســەر شــانی ڕزگاری دەبێ، ئەو بارەی وەها لەچارەی نووســرابوو دەبوایە تا مردن هەڵیبگرتبایە. ئەو وەک مەلێکی قەفەسکراو وابوو، بەرەو ئاسمانی شینی بێ بن باڵ بگرێ.

هەرچەندە درەنگیش خۆی خزاندە بن لێفە، لێ بەیانی زوو لەخەو ڕابوو. پیاســەیەکی بەناو باخەکەدا کرد. ســەرەتای وەرزی بەهار بوو. ئەو ناوە هەر گوڵ بوو ســــەری دەرهێنابوو. هەدادانی نەمابوو، تەنانەت حەزی دەکرد زووتر کاروانی گەشــــتەکەی بەڕێ بکەوێ، بەڵام خۆ دەبووایە چاوەڕێی بکردبایە تا هاوسەفەرەکانی ئامادە بووبان.
ئەو ویستی دوا نیگا لە حەرەمسەرا ببڕێ، لێ بۆ مایەی سەرسامی ئەو، ژنەکانی بە جلی ڕازاوەوە لە باخەکەدا وەســـتابوون. هەموویان یەکە و ئاوێنەیەکیان بە دەســـتەوە بوو. ئەوان بە هێواشــــی دەگریان لەهەمان کاتیشــــدا پێدەکەنین. یەک دوو دانەیان بە دەفرێکی پڕ لە ئاوی ڕوون هاتنە پێش و ئاوەکەیان وەک نیشـــانەیەکی بەخت لەبەر پێدا ڕژاند. ئەمەش پاشـــای هەژاند و چاوەکانی پڕ لە ئاوکرد. ژنەکان زیاتر لێی

هاتنەپێش، خۆیان گەیاندێ و تا بەردەرگا یاوەرییان کرد، لەوێش هاوسەفەرەکانی چاوەڕێیان دەکرد.
خزمەتکاران بە خۆیان ئاگردانی بچووک لەسەر سینی و هاتن و بوخوریان لەسەر دەسووتاند و دوکەڵە بۆندارەکەشیان بە بەرکەپووی مێوانەکاندا دەکرد. تیپێکیش لە موزیکژەنان یاوەریی گۆرانیبێژێکی گەنجیان دەکرد کە گۆرانییەکی ماتەمبارانەی خواحافیزی دەچریکاند. پاشاش بە دەستەسڕەکەی فرمێسکەکانی سڕینەوە و دەستی بۆ هەمووان ڕاوەشاند.

حەوت گالیسکەی پاشایەتی حازروبازر وەستابوون. کاربەدەستانی حکوومەت، ئەندامانی خانەوادەی پاشایەتی، نێردەی بازاڕ و باڵوێزی بریتانی و ڕوسی پەرژینێکیان بۆ خواحافیزی لە پاشا دروستکردبوو. دایکیشی پێشوەختە خواحافیزی لێکردبوو، دوعای گەشتێکی سەرکەوتووی بۆ کردبوو.
پاشا سەری بۆ هەندێکیان هەژاند، تۆقەی لەگەڵ هەندێکیان کرد، دۆستانەش لەگەڵ باڵوێزی ڕوسی دوا و چەند وشەیەکیشی لەگەڵ هەڵسوڕێنەری کاروباری بریتانی ئاڵوگۆر کرد. دانیشتوانی تارانیش دەستیان بۆ پاشا هەڵوەشاند. سەرۆکی نۆکەرانیش بە خۆی و سینییەکی پڕ لە دراوی نوێ هاتە لای پاشا وەستا، ئەویش چەنگی لێدەدا و بۆ پەیوەندیدارەکانی فڕێ دەدا. تا ئێستا ئەوەندە دراوی نەبەخشیبوو، بەڵام بۆ ئەوە کردی، پێیوابوو بەم کارەی ئەو کەسانە هەرگیز لەبیری ناکەن لەکاتێکدا ئەگەر هات و ئەو نەگەڕایەوە.
کاتێکیش دوا دراوەکانی بەشینەوە، دەستێکی بۆ هەوا بەرزکردەوە و سواری گالیسکەکەی بوو.

٥٢

دەستور

یەک دوو مانگ بوو شـــا لە گەشـــت و گەڕانی خۆی بوو، هەمووانیش وەهایان دەزانی لە ســـەردانی شـــارە پیرۆزەکاندایە. کاتێکیش مانەوەی زیاتر لە کاتی چاوەڕوانکراوی خایاند، دەنگۆی وەها بڵاوبوەوە، گوایە لە کەربەلا و نەجەفەوە ڕێگەی مەککە و مەدینەی گرتۆتەبەر تا حەجەکەش نەکا نایەتەوە. هەر موسـڵمانێکی باوەڕدار لەسـەری پێویسـتە لە ماوەی ژیانیدا یەک جار بچێتە مەککە و جەژنی قوربان لەوێ بکا.

پاشـــا ئێســـتا لەنیوەی ڕێگای گەشـــتەکەی خۆی دایە و یەک دوو کورتەنامەشی بۆ تاران ناردبوونەوە.

بۆ دایکی وەهای نووسیبوو:

"دایکە، وەک پاشایەکی گەورەی ئێرانی لە ڕوسیای دراوسێوە پێشوازیی لێکراین. ئەوان پێیان گوتم، هێشـتا ئەو سـەردانەی دایکتمان بۆ مۆسـکۆ هەر لە یادگەدا ماوە. ئەوان چەند وێنەیەکی تۆیان نیشـان دام. تۆ باسـی ئەوەت بۆ نەکردم، نیگارکێشێکی دەرباری قڕاڵ تابلۆیەکی تۆی کێشاوە.

داوام لێکردن بەڵکو بتوانم تـابلۆکەت لەگەڵ خۆم بێنمەوە. بەداخەوە، ئەوان هێنـدە تۆیـان بەدڵ بووە، ویسـتیـان تـابلۆکەت لەگەڵ کۆمەڵە تابلۆکانی ئەوێ بمێنێتەوە."

بۆ تاج سوڵتانیشی نووسی:
"ئای چەند خۆش بوو لەگەڵ خۆمم هێنابای، ئاخر ئەو گەشـتە زیاتر بۆ تۆ دونـیا نەوەک ئێمە. هەرشتێک کە لەنێو پەڕەی کتێبان خوێندبێتەوە، لێرە لە بـازاڕەکـاندا لەبەرچـاوە. ژنـان، قـاوەخـانە، پرد، چرا، کڵێسـا، نانەواخـانە و تیـاترۆخـانەکـان. لێ گوێی پێ مەدە، تۆ هێشـتا گەنجی، جارێکی دیکە دەتنێرینە مۆسکۆ.
ئێمە غەریبیی ئەحمەد موزەفەر، شـازادەی جێنشـین دەکەین. باش ئاگات لێی بێ، بە باشـی شـیری خۆتی پێبدە، باش بەخۆتیەوە بنوسـێنە، بە ڕسـتەی تەواوەوە لەگەڵی بدوێ. چیرۆکی خەوهێنەرانەی بۆ مەگێڕەوە، هەروەها ئەو گۆرانییە ڕۆژانەییانەشـی بۆ مەڵێ تا خەوی لێبکەوێ. لە دیوانەکەی حافز بۆی بخوێنەوە، گۆرانی فرەنسی فێربکە.
تا دیدار، زوو دەگەڕێینەوە."

بۆ ئەوەی ژنانی حەرەمسـەراش ئیرەیی نەبەن، بۆ ئەوانیش هەمووان، ئەم نامەیەی نووسی:

"ژنینە! پاشـا غەریبیی ژنانی حەرەمسـەرا دەکا. خۆی ئەوە ئەرک بوو لەسەرمان، ئەم گەشتە بکەین، دەنا نەماندەکرد. مەوداکان زۆر گەورەن، ڕێگاکان هی هات و نەهاتن، لە هەموو لایەک مەترسـی خۆی مەڵاس داوە. سـوپاس بۆ خوا ئێوەم لەگەڵ خۆمدا نەهێنا، دەنا دەبووە مایەی

کوێرەوەری. داواتان لێدەکەم دوعامان بۆ بکەن. ئێمە بەم زووانە دەگەڕێینەوە ماڵێ."

بۆ وەزیریشی وەها نووسیبوو:

"لێرە خەڵک ژیان و گورەزانی بەتەواوی لەوەی ئێمە جیاوازە، بەردەوامیش لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی ژیانی ئێرە بۆ ڕەعیەتەکەی ئێمەش دەست بدا. من لەوە دەترسم ئەگەر هات و ئێمە هەموو ئەو شتانەی ئێرە وەربگرین، بیروباوەڕ و دابونەریتمان لەدەست دەدەین.

ئەگەر هاتمەوە، بەدرێژی لەو بارەیەوە قسەدەکەین. هەر بەڕاستی گەشتێکی سوودبەخش بوو، ئێمە تۆپخانەمان بۆ وڵات کڕی و تفەنگیشمان بە ڕادان دان و چەندین گرێبەستیشمان مۆرکردن.

کورتەنامەیەکم لە عەینولدەولە پێگەیشت، ئەو بەڕوونی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، ئامادەبوونی پاشا پێویست و گرنگە. هەربۆیە ویستم لە مانەوەیەکی درێژخایەن بەرپرسیار بم. ئێمە گەشتەکەمان کورت دەکەینەوە. تا ئەو کاتەی شتەکان هەڵبسەنگێنین، گەیشتووینەتە ئامانجی خۆمان. لە داهاتوودا جارێکی دیکە گەشتێکی درێژتر دەکەین."

مستەوفی ئەلمەمالیکی وەزیر گومانی بۆ کورتەنامەکەی عەینولدەولە چوو باسی چی تێدابێ. لەوانەیە عەینولدەولە لە نامەکەیدا پاشای لەوە ئاگادار کردبێتەوە، هەرچەندە وا پێدەچێ وڵات ئارام بێ، لێ نەیاران سەرقاڵی ئەوەن ڕایەڵەی خۆیان لەژێرەوە بەباشی بپارێزن.

هەروەها عەیندولدەولە هۆشداری دابووە وەزیر لەوەی: "تۆ نابێ وا بیربکەیتەوە، کە ئەوان بێدەنگ بووبن، یان هاتبنە سەر ڕایەکی دیکە، نا بە هیچ شێوەیەک شتی وا لەگۆڕێدا نییە. من بەڵگەم هەن ئەوان خۆیان بۆ کات و ساتی گونجاو ئامادە دەکەن تا دەسەڵات بگرنەدەست."

مستەوفی ئەلمەمالیکیش هیوای وابوو بەڵکو لەو ماوەیەی پاشا لە وڵات نییە، بەشێک لە نەخشەکانی جێبەجی بکا، بەڵام بەکردەوە شتێکی نەکردەبوو بە بێ پەسەندنامەی پاشا هەنگاوەکانی بهاوێژێ.
عەینولدەولەش سەد جاران زیاتر لە پاشا بەدتر بوو. ئەو هەر بەڕاستی سەگەپاسێکی نمونەیی بوو. ئەو لەیەک ڕستەدا پێگەی وەزیری پوخت کردبووەوە: "تا پاشا دەگەڕێتەوە بیر لە هیچ شتێکی نوێ نەکەیتەوە!"
عەینولدەولە بۆ گرتن و لەناوبردنی ڕکابەرە نەیارەکان، لە تاران یەکەیەکی تایبەتی چەکداری پێکهێنابوو. بەمە خوازیاربوو بەر لەوەی شا لە گەشتەکەی بگەڕێتەوە، ئەرکەکەی خۆی بەدیبێنێ، بەڵام تا دەهات پەی بەوە دەبرد، ئەم شتە کارێکی ئاسان نییە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو تەنانەت مستەوفی ئەلمەمالیکیش پەیوەندیی بەو کەسە بەرهەڵستکارانەوە هەیە. ناوبەناو مستەوفی ئەلمەمالیک قسەی لەگەڵ جەمال خان و ئەمیر نیزام دەکرد، بەڵام نیازی نەبوو دژی پاشا بوەستێتەوە. ئەو دەیەویست گەنجە ڕۆشنبیرەکان لە دەوری بیرۆکەکانی کۆبکاتەوە.
لەکاتی دەستبەکاربوونی وەزیر، پاشا داوای لێکردبوو هەموو بڕوانامە و گرێبەستەکانی لا دابنێ تا تاوتوێیان بکا، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر بوون و هەندێکیشیان زۆر سادە و ئاسان بوون، ئیدی کاغەزەکان بۆ ماوەیەکی درێژ هەر لە نووسینگەی ئەو مابوونەوە. وەزیر نەیدەتوانی بەرگەی کەموکورتی بەرپرسیارێتی پاشا بگرێ.
پاشا ڕووبەڕووی ئەو ژمارە گرێبەستانە دەبێتەوە کە پاشا بە تاقی تەنیا لەگەڵ دامودەزگا و کارخانە و بازرگانانی ئەورووپا واژۆی کردبوون.

ئەندامانی کۆمیتەی بەرگریش لەمێژبوو لەو بڕوایەدا بوون، پاشا گەورەترین بەربەستی گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکانە. بۆیە ئەوان

شـــێلگیرانە کاریان بۆدەکرد. ئەندامانی کۆمیتەکە لە دوایین کۆبوونەوە، کە لەتاران ڕێکیانخستبوو، ئەمانەی خوارەوە ئامادە بووبوون:
جەمال خان، میرزا ڕەزا کرمانی، شـــازادە مولکم خان، عەبدولڕەحیم تالیبۆڤ، حاجی زەینولعابدین مەراغەیی، شـــێخ ئەحمەد ڕوحی، میرزا محەمەد حەسەن ئاستیانی، شێخ عەبدولحەسەن، میرزا سولەیمان خان، میرزا یەحیـا دەوڵەتئابـادی، میرزا محەمەد عەلیخـان، شـــێخ ئەحمەد خەرقانی، میرزا موحسین سەدولما، میرزا سولەیمان دهخدا، میرزا عیسا قائیمەقام، ئەمیر نیزام، عەبدولقاسم لاهوتی، مستەشار ئەلدەولە.

زۆربەی ئەو ئەندامانە خەریکی کاروباری کەلتور، ئەدەبیات، سیاسەت و زانســـت بوون. بەشـــێکیان لە تاران دەژیان و ئەوانی دیکەش لە شـــارە گەورەکانی دیکەوە هاتبوون. کۆبوونەوەکەیان خاســـیەتی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی بچووکی لەخۆگرتبوو، بۆ ئەوەی هێز و گوڕیان یەک بخەن.
جەمال خان کۆبوونەوەکەی بەم وتەیە کردەوە:
"دۆستینە، بەخێربێن!
مـــایەی خۆشـــبەختیمە ئێوە لێرە دەبینم. بێگومـــان ئەمەش خەڵاتێکی خودایيە، ئەمشـــەو هەموومان لێرە کۆبووینەتەوە. هەندێکتان یەک دوو ڕۆژە و هەندێکی دیکەشتان هەفتەیەک دەبێ بەڕێکەوتوون تا بگەنە ئێرە. دووبارە بەخێر بێن.
ئەوە باش بزانن، یەکە یەکەی ئێوە بۆ ئەم وڵاتە گرنگن. هەنـدێک جار دەترســـم لەوەی نەتوانین خەونەکەمـــان بەدیبێنین، بەوەی تووشـــی کوێرەوەرییەکی هەمیشـــەیی بووین و لێی دەرنەچین، بەڵام بەنیگـا و دیوێکی دیکەدا هیوا لە لە دڵمدا قوڵپە دەدا.
دۆستان، لەو دواییانەدا سـەردانی بەشـی باشـووری وڵاتم کرد، تا بزانم ئاخۆ بریتانییەکان خەریکی چین. خۆی زۆریش ســـەخت بوو پێ بنێمە

ســـەر خـاکەکەی خۆمـان لەویێ، بەڵام وەهـا خۆم نوانـد وەک ئەوەی وەرگێڕی کـارمەنـدەکـانی خۆمـانەی ئەویێ بم. لەویێ پەرجووی تەواو ڕوودەدا. بریتانییەکان دامودەزگای نوێیان دامەزراندووە، دەزگا، ماشـێن و بزوێنەر، ئامێر و پۆمپا. ئەوان دیوارێکی درێژیـان هەڵنـاوە و هەموو شـــتێک بەرەوای خۆیان دەزانن، بەڵام خۆ ئەو دیوارە هەروا بەردەوام نامێنێ. زوو یان درەنگ پێویســـتە ئیمە لەگەڵ ئەوانەی تازە خوێندنیان تەواوکردووە و لەگەڵ کرێکارەکانمان هاوکاری بکەین. بەڵام جارێ ئێمە خۆمان کێشـــە هەرە گەورەکەین. ئەوەی ئیمە پێویســــتمان پێی هەبێ قانونەکانن، کە لە یەک کتێبی قانوننامەدا جێگیربکرێن. دەســـەڵاتەکانی پاشاش بە تەواوی سنووردار بکرێن.

ئێمە بۆ ئەو کارە ڕێگەیەکی درێژمان لەپێشە، بەڵام کاتێ من ئێستا ئێوە دەبینم، پاشەڕۆژیشم لێ دیارە.

دۆستینە، وەزیری کوژراو بەش بەشی دەستوری فرەنسی وەرگێراوە و وای لێکردووە بۆ وڵاتەکەشـــمـــان بگونجێ. توانیومە دەقی تەواوی دەســـتورەکە بەدەســـت بێنم، و چەند دانەیەکیشـــم لێ چاپکردووە. بە خۆشـــییەوە دەمەوێ وەک دیارییەکی زۆر بەهادار ســـەر و دانەیەکتان پێشکەش بکەم.

دەی بـا دەســـــتوورەکە تـاوتوێ بکەین و بەپێی پێویســـتیش کونج و کەلەبەرەکانی پڕبکەینەوە. ئەمە خەونێکە دەبێتە راستی.

دۆستان، سوپاسی ئامادەبونتان دەکەم."

میرزا ڕەزا لە ژوورەکە چووەدەر، ئینجا بە ســـندوقەدارێکی قورســـەوە گەڕایەوە. ســـندوقەکەی کردەوە، ســـەروو دانەیەکی لە دەســـتوورە کاتییەکەی ئێرانی بەســـەر ئامادەبووان دابەش کرد. هەمووان لە شـوێنی خۆیان بە دڵخۆشی و هەلهەلەوە چەپڵەیان لێدا.

جەمال خان کتێبێکی بەلاوە نا، تا لەگەڵ خۆیدا بیباتە ماڵی ئایەتوڵڵا تەباتەبائی. ئە ئەو ئاخوندە بوو، وەک نوێنەری ئایەتوڵڵا شیرازی لەگەڵ دەستەی بازرگان و دوکاندارانی بازار و لەگەڵ پاشادا قسەی کردبوو.
دوای ئەم دیدارە ئەو بووبووە گرنگترین بیچمی سیاسی لە وڵات.
ئایەتوڵڵا بەساڵاچووەکەی شیرازیش، دوای سەرکەوتنی فتواکەی لەبارەی توتن، بەیەکجاری خۆی لە ژیانی گشتی دزییەوە و چووەوە خەڵوەتە تایبەتیەکەی خۆی. ویستی دواڕۆژەکانی ژیانی بە ئارامی و بە نوێژ و دوعا بەسەر ببا.
ئیدی هەموو چاو کەوتبوونە سەر ئایەتوڵڵا تەباتەبائی. ئەویش باش لەگەڵ جەمال خان دەهاتەوە و لێی تێدەگەیشت و پێیگوتبوو دەتوانێ بۆ هەمیشە پشتی پێببەستێ. دوای کۆبوونەوەی دەستورەکە، جەمال خان بەخۆی و دەستوورەکە سەردانی ئایەتوڵڵا تەباتەبائی کرد.

کەسێک دانەیەکی لە دەستورەکە گەیاندبووە دەستی عەینولدەولە. ئەویش بە دانیشتن و پاڵدانەوە بەسەر سەریندا هەر لاپەڕەکانی هەڵدەدانەوە و لە تورەییشدا لەنێو خۆیدا دەکوڵی. ئەو کەسەی دانەی دەستورەکەی بۆ هێنابوو، ڕاپۆرتیشی لەسەر کۆبوونەوەی دەستەکەی جەمال خان دابووێ. لەوانەیە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەکە شتەکەی لە دەم دەرچووبێ.
عەینولدەولە بۆ ڕۆژی پاشتر چووە نوسینگەی هەواڵگریی تا لەبارەی ئەو پێشهاتە لەگەڵ سەرۆکی دەزگای نهێنی قسە بکا: "بیست و پێنج دانە لەم کتێبە چاپ کراون."
عەیندولدەولەش پرسی: "ئەو کتێبانەیان لە کوێ چاپ کردوون؟"
"ئەوانە لە بۆمبایەوە چاپکراون و لە ڕێی هەراتیشەوە ئاودیوی وڵات کراون."

عەیندولدەولە هەستیکرد ئەم کارە کاری جەمال خان بێ. ئاخر زۆر جاران ناوی جەمال خان وەک عەقڵی پشت هەموو پشێوی و هەراوزەنای وڵات دەهات. لێ زۆر جاریش ناوی میرزا ڕەزای کوڕی ئایەتوڵڵا کرمانیشی دەبیست.
لە ڕاپۆرتەکەدا شتێکی تایبەت لەبارەی میرزا ڕەزاوە باس نەکرابوو، هەربۆیە عەینولدەولە هیچ ڕێکارێکی لە بەرانبەر ناوی ئەو نەگرتەبەر. هەروەها هەرگیز جەمال خانیشی نەبینیبوو، بەڵام بۆ ئەو وێنەیەکی ڕوونی لە مێشکیدا هەبوو. پیاوێک بە سمێڵێکی شۆڕبووەوە بە خۆی و چاکەتێک و کڵاوێکی ڕەشەوە لە خەیاڵدانی ئەودا بوو.
سەرۆکی سیخوڕان بە عەینولدەولەی گوت: "دانەیەک لەو قانوننامەیە لای قورئان لە سەر تاقی ئاگردانەکەی ژووری دانیشتنی ئایەتوڵڵا تەباتەبائی دانراوە."
عەینولدەولەش هێشتا هەر سەرقاڵی خواردنەوەی پیاڵە چایەکەی خۆی بوو.
سەرۆکی سیخوڕان درێژەی بە قسەکانی خۆیدا: "ئایەتوڵڵاش لەسەر هەر لاپەڕەیەکی کتێبەکە تێبینی خۆی نووسیون. ئەمەش دوا دانەیە، بەڵام ئێمە هێشتا هەواڵێکی پشتڕاستکراومان لەسەر قانوننامەکەی ئەوان پێنەگەیشتووە. هەمووان دانەیەکیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ماڵ تا لە دەقەکەی بکۆڵنەوە و تێبینیی خۆیان لەبارەیەوە دەرببڕن. لێرەدا دانەکەی لای ئایەتوڵڵا بەڵگەیە. ئێمە دڵنیاین ئەوان جارێکی دیکەش کۆدەبنەوە، بەڵام دەقاودەق نازانین کەی."
عەینولدەولە پیاڵە چایەکەی خۆی دانایەوە. ئەم قانوننامەیە کێشەکەی لێ ئاڵۆزتر کرد لەوەی پاشا گومانی بۆ چووبوو. بۆ ئێوارەکەی کورتەنامەیەکی بۆ شا نووسی، تێیدا پێشنیازی کردبوو بەڵکو پاشا درێژە بە گەشتەکەی نەدا و لەبەر باری پێویست بە زوویی بگەڕێتەوە."

بەم جۆرە، دوای سێ مانگ، جارێکی دیکە کۆمیتەکە بۆ قسەکردن لەبارەی قانوننامەکە کۆبووەوە. سەرۆکی دەزگای هەواڵگری لە کۆبوونەوەکەی تاران ئاگادار بوو، بەڵام نەیتوانیبوو کات و شوێنەکە بزانێ.

عەینولدەولەش فشاری خستە سەر کابرای سەرۆکی دەزگا و گوتی: "من ناتوانم هیچ لەم زانیارییانە بکەم، من زانیاریی دەقاودەقم دەوێ، بەرلەوەی پاشا بگەڕێتەوە، دەمەوێ هەموو ئەوانە بخەمە زیندان. دەمەوێ بە پاشای نیشان بدەم. دەی شتێک بدۆزەرەوە، شتێک بکە، ناونیشانێکم بدەرێ، خۆ ئەگەر ئێستا نەیانگرین، ئەوا گەورە دەبن و ناتوانین دژیان بوەستینەوە. دەی نیشانەی ڕێکوڕەوانم بدەرێ منیش هەموو دەروازەکان دادەخەم و هەموو ماڵەکان، یەک لەدوای یەک دەپشکنین تا دەیاندۆزمەوە و دەیانگرم. من ئەو جەمال خانەم دەوێ! دەی ڕۆژێکم پێ بڵێ، با زنجیریان لە مل بکەم و تا پاشا دێتەوە لە دیوار بیانبەستمەوە. ئەوسا بە قانوننامەکەی خۆیان لە سەروچاویان بدەم. ئەمە بۆ میرزا ڕەزاش هەر دروستە."

سەرۆکی سیخوڕان چەند چاوێکی خۆی ناردنە ئەو خان و ماڵ و شوێنانەی کە کەسانی لایدە و غەوارە کاتێک دەهاتنە شار، لێی دەمانەوە، بەڵکو لەوێ بیاندۆزنەوە و سایەیان بکەن. لەو هەموو زانیارییانەی بەدەستیان هێنابوو، ئەوە دەرکەوتبوو ئەندامانی کۆمیتەکە لەماوەی یەک دوو ڕۆژی دیکەدا کۆدەبنەوە. عەیندولدەولەش ڕاستەوخۆ هەموو دەروازەکانی تارانی داخستن و یەکەی سوارەشی ناردنە شوێنی حەوانەوەکانی دەرەوەی شار. فەرمانی پێدان هەرکەسێک کتێبێکی پێبێ یان پارچە کاغەزی لە جانتادا پێبێ یەکسەر کۆتوپێوەندی بکەن و

بیگرن. تەنانەت سوارەکان تا شاری قەزوینیش ڕۆیشتن. سەریان بە هەموو کاروانسەراکاندا کرد و هەر کەسێک گومانیان لێکردبا دەیانگرت. کەچی لە هیچ شوێنێک کتێبەکەیان نەدۆزیەوە، لێ ڕیزێک پیاوی بە زنجیربەستراویان بۆ ناو شار ڕاکێشان. عەینولدەولەش یەک بەیەک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردن و پاشان دەیخستنە کونجی زیندان.
عەینولدەولە دەینەڕاند: خۆ ئەگەر پیاوەکانی جەمال خان لە دەرەوەی شار نەبن، ئەوا هەر دەبێ لەنێو شاردا بن."
بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو سوارەکان بە سەر شوێنی حەوانەوەی مێوانەکانی شاریان دادا و لێنەگەڕان کەس لێیوە دەربچێتە دەر تا عەینولدەولە بەخۆی دێت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکا. لێ دەرکەوت ئەو ڕێبوارانە هیچیان بەسەر هیچەوە نییە و هەریەکە و بۆ مەبەستێکی خۆی هاتوتە تاران و دەڕواتەوە.
بۆ ڕۆژی سێیەم ئاماژەیەکی وەها بۆ عەینولدەولە هات، گوایە یەک دوو کەسی لایدە لە حوجرەیەکی مەلایەتی لەپشت مزگەوتی گەورەی شارەوە بینراون. هەر خێرا عەینولدەولە بە یاوەریی دەستەی سواران خۆی گەیاندە ئەوێ و بەسەری دادان و بەهێز دەرگای حوجرەکەی کردەوە. لە یەکێ لە ژوورەکان پیاوێک پاڵی بە عەینولدەولەوە ناو خستی و بەسەریدا بازیدا و لە پەنجەرەکەوە بەرەو باخەکە تێیتەقاند. پیاوە ڕاکردووەکە جەمال خان بوو. ئەو بەرەو دەرگا هەڵات، بەڵام عەینولدەولەی بۆی ڕاستبووە و تەقەی لێکرد. جەمال خانیش سەرپەلۆ چوو و پاشان لەنێو داروتەڕاشدا ون بوو.
عەینولدەولە کە هێشتا نەیدەزانی پیاوە ڕاکردووەکە کێیە بانگی کرد:
"بڕۆن بیگرن، ئەو بریندارە!"
یاساولە چەکدارەکانیش غاریاندایە ئەو شوێنەی جەمال خان لێی بەربووبووەوە و لە گوترە لە دەوروبەری خۆیاندا تەقەیان کرد. لەو

ساتەشدا لە تاریکیدا تەقە لە یاساوڵەکان کرایەوە. ئەوانیش ناچار خۆیان پەنادا و تەقەیان کردەوە. تەقەکەرە هێرشبەرەکەش میرزا ڕەزا بوو. ئەو لە ژوورێکی دیکەوە تەقەی لێکردن ئەوەندەش تەقەی کرد تا هەموو ئەندامانی کۆمیتەکە بە پەنجەرە و بەسەر باندا هەڵاتن و دەربازیان بوو. عەینولدەولە خۆی گەیاندە ئەو هۆدەیەی تەقەکەی لێوە دەهات، بەسەر دەرکە کەوت و دەمانچەکەی خاڵی کرد. میرزا ڕەزاش ڕێک لە کاتی خۆیدا خۆی گەیاندبووە حەوشەکە و لەپاڵ درەختەکاندا خۆی حەشار دا. یاساوڵەکان ئەوەیان بینی میرزا ڕەزا لەکوێ خۆی شاردۆتەوە. وایان گومان کرد گوللەی لەبەر بڕا بن. بۆ ئەوەی بیگرن غاریان دایێ. یەکێکیان بە قۆنداغە تفەنگ بەتوندی لێی دا و دوو کەسی دیکەش خۆیان هەڵدایەسەر و لەزەویان داو بەرزەفتیان کرد.

جەمال خان توانی ڕزگاری بێ، بەڵام یاساوڵەکان چەند ئەندامێکی دەستەکەیان گرتبوو. عەینولدەولە میرزا ڕەزای زنجیر کرد و خستییە کونجی زیندانێ.

٥٣

گەڕانەوە لە گەشت

پاشا دوای گەشتێکی شەش مانگە گەڕایەوە. وەک وەڵامێک بۆ نامەکەی عەینولدەولە، پاشـا تەتەرێکی پێش گەڕانەوەی ناردبووەوە تا نمایشـێک بکا، ئەویش هەندێک جاران ئێواران درەنگ بە گالیسـکەی شـاهانە بەناو شاردا بگەڕێ تا خەڵک وەها بزانن گوایە پاشا گەڕاوەتەوە.

گەشـتەکەی پاشـا زیاد لەوەی خۆی چاوەڕێی کردبوو کات و پارەی تێچوو. لەهەر وڵاتێک دیاریی گەورە و گرانبەهای بۆ خۆی، بۆ ژنەکانی و بۆ ئەندامانیماڵباتەکەی کڕی. ئاخر ئەوە خووخدەیەکی ئێرانیانە بوو، کەسـێک بۆ گەشـت بچێ، دەبووایە بە دەسـت و دیاری بگەڕابایەوە. پاشـاش ڕێزی لەو دابە گرت. ئەو دیارییانەی پاشـا کڕیبوونی، جوان و سـەرنجڕاکێش بوون. ئەوانیش بەرهەمی نوێ، پارچە جل و کەلوپەلی ناوماڵ بوون، پێدەچوو هەرگیز لە بازاڕەکانی ئێراندا دەسـت نەکەون.

پاشـــــا هەر شـــــتێکی لە ڕێگا بەرچاو کەوتبا و دڵی گرتبا، دەیکڕی و بەلاوەی دەنا تا لە کاتی گەڕانەوەیدا لەگەڵ خۆی هێنابایەوە.
ئێستاش کۆتایی بە گەشتەکەی هاتووە، و لە دیوەکەی ڕوسیای دەریای قەزوێنەوە لە ڕێی دەریاوە دەگەیشـــتەوە وڵات، ســــێزدە گالیســـکەی گەورەی پڕ لە کەلوپەل، کاروانیان لەدوای ئەو بەســـتبوو. ٣٦٧ هەگبە و ســـــاکی گەورەی پڕ لە کەلوپەل و ٣٢ دەرزەنی گەورەی پێڵاو، کڵاو، چـاکەت، کتێـب، فەخفوری، ئـامێ و بووکەڵە و گەمە، بـازن، وێنەکـانی لەگەڵ مەزنـانی وڵاتە خـانەخوێکـان. چوارچێوەی وێنە و چـاویلکە، کـاتژمێر، دووربین، گڵۆپ، جگەرە و قەنـدەشـــەکر، زێڕ، ئەڵقە و ئەنگوسـتیلە، ئەو مێدالیانەی لە لایەن سـەرۆکی وڵاتە خانەخوێکان وەک دیاری پێی درابوون. چادان و جزوی قاوە، دەنکی قاوە، کرێم و مەڵهەم بۆ ژنان، ئاوێنە و دەیان شتی جوان و نایاب و ردەواڵەی دیکە.
کاتێکیش کاروانەکەی بە بەردەم لادێ ڕوسـییەکاندا تێدەپەڕی، خەڵک بە دوایدا ڕایاندەکرد و داوای پارەیـان لێدەکرد. بۆ ئەوەی کەلوپەلەکـانی سەلامەت دەربچن، دراوی ڕوسی بۆ هەڵدەدان. ئەو خەڵکەش نەیاندەزانی ئاخۆ باری ئەو هەموو گالیسـکانە چییە، هەروەها خەیاڵیشـیان بۆ ئەوە نەدەچوو پاشـا لە یەکێک لە گالیسـکەکان دانیشـتبێ، دەنا هەر بەو برە دراوە کەمە وازیان لێنەدەهێنا.
گومرگی ڕوسـی مشـــوری ئەوەی خواردبوو شـــا زووتر بە بەلەمێکی هێزی دەریاوانی خۆیان بۆ نیشـــتمانەکەی خۆی بگەڕێتەوە. بەدوایدا کەلوپەلەکـانی بۆ ڕەوانە بکەن. کـاتێکیش پـاشـــــا بینی چـاوچنۆکە بەدرەفتـارەکـان بە دوای کەلـوپەلەکـانـی غـاردەدەن، ویســـتـی شتومەکەکانیشی لەگەڵ خۆیدا بەهەمان بەلەم ببا.
ئەوەش ڕوون نەبوو ئـاخۆ بۆچی کـارمەنـدانی گومرگە خۆجێیەکە نەیـانـدەویســـت هـاوکـار بن. ئەوان هەر بە دەق و ڕێنمـایی دیکەوە

دەهاتنەوە لای پاشـــا بەوەی ڕێگە نادرێ کەلوپەلەکان بە هەمان بەلەم بگوازرێنەوە، بۆیە دەبێ بە شێوەیەکی دیکە باربکرێن و بگوازرێنەوە.
پاشـــا بە ڕێنوێنەکەی خۆی گوت: "ئێمە متمانە بە ئەوانە ناکەین. من لە چاوی ئەوان مەبەستێکی بەدفەڕانە دەبینم. نابێ ئێمە کەلوپەلەکانمان بەم جۆرە بێ مشوور لە دواوە بەجێبێڵین.
ڕێنوێنەکەش وەڵامی دایەوە: "کەلوپەلەکان بێ مشوورخۆر نین، گومرگی ڕوسی چاودێرییان دەکا و لێناگەڕێ دەستکاری بکرێن."
"ئاخر ڕوســەکان زیاتر لە نیوەی ئازربایجانە خۆشـەویسـتەکەمانیان لە باوکمان ســـتاند و هەرگیزیش نەیاندایەوە. خۆ ئەگەر بزانن چی لەناو ئەو هەگبە و ســـاکانەدا هەیە، ئەوا هەمووی لە دەســـت دەدەین، ئێمە هەرگیز لە شـتەکانمان دوور ناکەوینەوە، ئێمە لە ڕوسـیا ناڕۆین مەگەر کەلوپەلەکانمان لەگەڵ خۆماندا نەبەین."
سەرۆکی گومرگیش نەیدەسەلماند، ویستی سەرەتا لەگەڵ بەرپرسەکەی خۆی لە باکو ڕاوێژ بکا. بە نابەدڵی پاشـــا بۆ شـــەوەکەی لە یەکێ لە میوانخانەکان مایەوە. لەو شـــەوەشـــدا شـــتێک قەوما، بۆ پاشـــا لە داگیرکردنی ڕوســـیا بۆ ئازربایجان پۆلکتر بوو. بۆ بەیانییەکەی هەرگیز ئەوە بۆ پاشـا ڕوون نەبووە و ئاخۆ چۆن و کێ بەســەر گالیسـکەکانیان دادا و تاڵانیان کردبوون.

مەیدان و کایەی گومرگەکە لەســـەر دەریای قەزوین خۆی لە بەندەرێکدا دەبینییەوە کە بازرگانانی وڵاتەکانی دوروبەر بەکاریان دەهێنا. ئەوان کاڵاکانی خۆیان بە بەلەمی کەچەکە[٩٧] دەگەیاندنە بازارەکانیان. بۆیە هیچ پێویستیەکی وەها لە ئارادنە بوو تا کەلوپەکان بپارێزرێن.

---

[٩٧] کەچەکە: شەقوشر.

پۆلیسی ڕوسی لە ماوەی گەشتەکەی پاشادا، ئاسایشەکەیان دەپاراست و پاسەوانییان دەکرد، بەلام ئەگەرێکی زۆر هەبوو پۆلیسی خۆجێی بەشێکی گەورەی کەلوپەلەکانیان بردبێ، وردیلەکانیشیان بۆ خەڵکی ئاسایی بەجێهێشتبێ تا تالانی بکەن. لەوە شەوەدا تەقەش کرا، لێ لەبەر با و دەنگی شەپۆلەکانی دەریا پاشا هەستی بە هیچ نەکردبوو.

بۆ ڕۆژی پاشتر کەس نەیدەوێرا هەواڵە کارەساتبارەکە بە پاشا ڕابگەیەنێ. کاتێکیش لە خەو بێدار نەکرایەوە و ناشتای بۆ نەهات. هەر خۆی بۆ هەواڵوباس مەلیچکی ناردە دەرەوە:
"برۆ بزانە ئەوانە لە کوێن؟"
مەلیچک، ئەوی لە میانەی گەشتەکە خەپەتر بووبوو، بە زەحمەتیەوە ڕێیدەکرد و چووە دەرەوەی شوێنی حەوانەوەکە و بە هەناسەبڕکێ گەڕایەوە: "هیچ کەسێک لێرە نەماوە. هەگبە و ساکەکانیش نەماون."
لەسەرەتاوە پاشا هیچی لێ تێنەگەیشت، لێ کاتێ لەسەر پێخەفەکەی هەڵسا، هاواری کرد: "ئەوە چیت گوت؟"
مەلیچک قسەکەی دووبارە کردەوە: "هەمووان ڕۆیشتوون. هەگبە و ساکەکانیش نەماون."
لە شوێنی حەوانەوەکە هیچ کەس نەدەبینرا، بەلام بەندەرەکە جەنجاڵ بوو. ئەو گالیسکانەی دوێنێ ئێوارە بە باری تەواوەوە لەبەردەم گومرگەکەوە ڕاگیرابوون، ئێستا بەتاڵن و تێکیشکێنراون. هەگبەی دڕاو و دیاری شکاو لەو گۆڕە کەوتبوون و هەندێکیشیان بووبونە سوتماک.
پاشا بە شپرزەییەوە بانگی ڕاوێژکارەکانی کرد، بەلام کەس بەپیر دەنگییەوە نەهات. ئینجا بانگی نۆکەرە تایبەتییەکەی خۆی کرد:
"مەشەدی! مەشەدی!"

ئەویش سەروسەکوتی[٩٨] وەدەرنەکەوت. وەک ئەوەی شتێکی لە قورگ گیر بووبێ، بانگی کرد: "مەلیچک."
مەلیچکیش بە هەڵەداوان هاتەوە لای پاشا و بە گریانەوە دەستی گرت.

پاشا دەبووایە شەوێکی دیکەش لەو شوێنە بمێنێتەوە تا بۆ بەیانییەکەی قسە لەگەڵ سەرۆکی پۆلیسی گومرگەکە بکا. کابراش بەیانییەکی زوو وەدەرکەوت. لە ناخەوە داوای لێبووردنی کرد و بەڵێنی دا روسیا قەرەبووی پێویستیی شتەکان بکاتەوە و پارەکەی بۆ بژمێرێتەوە. پاشا نامەیەکی بۆ قڕاڵ نووسی و سکاڵای دۆخە ئازاربەخشەکەی لێکرد، کە لەسەر وڵاتەکەی ئەو پێیگەیشتووە و بەم تێبینییە کۆتایی بە نامەکەی هێنا: "تاقمێک لە چەتە و دز سێبەری ناشیرینی خۆیان خستە سەر یادەورییە شیرینەکانی قڕاڵی خاوەن پایە و خانەوادە خۆشەویستەکەی."

لەگەڵ ڕۆیشتنی پاشا لەوێ حەوت تۆپ تەقێنران. دەستەیەکیش لە پۆلیسەکان ئێکلامیان بۆ پاشا کێشا و تا سەر بەلەمەکە یاوەرییان کرد. سەرۆکی گومرگی ڕوسیش گوتی: "ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەکەین و هەمووی ساغ دەکەینەوە و خاوەنشکۆ ئاگادار دەکەینەوە. هەگبە و ساکەکانی بۆ دەگەڕێتەوە." ئینجا پاشا بە نامرادی و خەمبار و بە دەستی بەتاڵەوە بە خۆی و مەلیچک سواری بەلەمێکی ڕوسی بوون.
گەشتەکەی پاشا لە دەریای قەزوینەوە بۆ تاران مایەی خەم و ژان بوو. لە بەشێکی زۆری ماوەی گەڕانەوەی نەخۆش کەوت. لە تارانیش یەکسەر لەناو جێگەدا کەوت. بە سەرۆکی نۆکەرانی گوت، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نایەوێ هیچ کەسێک ببینێ.

---

[٩٨] سەروسەکوت: سەروبیچم.

پاشـــا تای هاتنێ و گەرووشـــی زۆر ئازاری دەدا. ئەو ڕووداوەی ســـەر بەندەرە ڕوسیەکە، خراپی بەسەر هێنا، بەڵام گەشتە سەرنجڕاکیشەکەی زۆر لە گوڕوتینی بردبوو، شەکەتی کردبوو.
هەمیشـە ئەو کۆشـکەی خۆی بە بەهەشـتێکی سـەر زەوی دەچوواند، لێ ئێســـتا، کە ئەو هەموو کۆشـــکانەی لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بینین، ئیدی زانی ســـەرۆکی وڵاتەکان چۆن دەژین، کۆشـــکەکەی خۆی لە چاو هی ئەوان وەک هی سەدەکانی ناوەڕاست هاتە پێشچاو.
تەنانەت زاتی ئەوەشی نەمابوو خۆی نیشانی ژنانی حەرەمسەراکەی بدا، بەردەوام دەبووایە زەنگ بۆ ســـەرۆکی نۆکەرانی لێبدا تـا ئـاگاداری بکاتەوە، کە نایەوێ هەمان پاسـەوان و سـواڵکەر و بازاڕ و خەسـاوەکان ببینێ.
لە هۆڵی مینابەندەکە و لە ژووری نوســـتنیشـــی هەر هەمان شـــتە کۆنباوەکانی دەبینینەوە. دۆلاب، کورســـی، مێز، ئاوێنە پەیژە، پێڵاو و کڵاوەکان هەر هەمووشیان پەڕپووت بوو دیاربوون. ئیدی لێفەی بەسەر دەموچاودا دەدا و پێی باشـــتر بوو بخەوێ و هەرگیز بێدارنەبێتەوە تا ئەو ژیانە پاشکەوتووە چیدی بەرۆکی پێ نەگرێتەوە.

بۆ ڕۆژی چوارەم، تاج ســـوڵتان کوڕەکەی خۆی لەباوەش کرد و هاتە کۆشـک تا بەخێرهاتنەوەی پاشـا بکا. ئەمەش تاکە ڕێگە بوو، پاشـا بێدار بکرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە ســـەر ژیانی ئاســـاییانەی خۆی. لە کۆتاییدا پاشا ملی دا ببینێ.
"ئای باوکە، چۆن لاواز بووی؟"
پاشـاش کچەکەی خۆی ماچ کرد و بە تاسـەوە سـەیری منداڵەکەی کرد، لەبن پەتۆ شیرڕەنگییەکەدا خەوی لێکەوتبوو.
پاشا بە نەرمییەکەوە گوتی: "گەورە بووە و گۆڕاوە."

"مەبەستت چییە؟ خۆم هیچ شتێکی وەهای لێ نابینم."
پاشا بە دەستی پەتۆکەی لەسەر سەری نەوەکەی لادا.
"باوکە بۆچی بێزار دیاری؟"
پاشا هەر یەکسەر باسی بەتاڵانبردنی کەلوپەلەکانی لای گومرگی ڕوسی بۆ کرد: "جلی زۆر جوانمان بۆ هێنابوون. کتێب و دەرزەنێک گەمەی منداڵانیشمان کڕیبوو، لێ ڕوسەکان هەموویان دزی.
هەستێکی وام هەیە بۆیە تاڵانیان کردین، چونکە ڕێگەم نەدا هەگبە و ساکەکانمان لەوێ جێبێڵین تا دواتر بۆمان بنێرنەوە. ملوانکەیەکی زێر میدالیایەکمان بۆ منداڵەکە لە پاریس کڕیبوو. بۆ خۆشبەختی ئەو دوو یادگارییەم خستبووە نێو ئەو باولەی کە ڕۆژژمێرەکەم تێدا هەڵدەگرت. دیارە خوا نەیویستووە بە دەستی بەتاڵ بۆ لای تۆ و منداڵەکەت بگەڕێمەوە. تەماشاکە، فەرموو ئەوەتان."
بە دەم ئەم قسەیە ملوانکە زێرینە نازدارەکەی دەرهێنا و لە ملی کچەکەی کرد.
تاج سوڵتانیش گوتی: "باوکە، زۆر جوانە، زۆر نازەنینە." ئینجا دەستی باوکی گرت و ماچی کرد.
"میدالیاکەش بۆ جێنشینەکەمانە، باش بۆی هەڵبگرە، بۆ ڕۆژانی دادێ، تا ببێتە یادەوەریی گەشتەکەمان بۆی."
لەوکاتەدا منداڵەکە چاوەکانی کردنەوە و لە پاشا نزبووەوە.[99] تاج سوڵتان بەرزی کردەوە و لە باوەشی باوکی دانا. پاشاش لە خۆشبەختیان شاگەشکە بوو: "ماشەڵلا، ماشەڵلا، تادێ هەر بە ئێمە دەچێ." منداڵەکەی ماچ کرد و بەرزی کردەوە. کاتێکیش زیاتر بەرزی کردەوە.
تاج بەپێکەنین بەڵام بە ترسەوە گوتی: "باوکە، وا مەکە. ئاگادار بە."

[99] لێ نزبوونەوە: لێرامان، بە سەیری تەماشاکردن.

"مەترسە، ئاگامان لێیە، بێگومان ئاگامان لێیە." ئەمەی گوت و منداڵەکەی ئەوەندە بەرزکردەوە تا لە ترسا گریا.
"باوکە، بیدەوە من، دەی پێم بڵێ گەشتەکەت چۆن بوو؟"
"گەشتێک بوو لەڕادەبەر پڕ ئەزموون بوو، نازانین چۆن دەستی پێ بکەین، لەکوێوە بیگێڕینەوە. لە هەموو لایەکەوە وەک پاشایەکی ڕاستەقینە پێشوازیمان لێدەکرا. سەرۆک و مەزنی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەمیشە وەها بیردەکەنەوە کە ئێمە لە ڕۆژگاری شکۆمەندیی دێرینی ئێرانیدا دەژین. پێمان سەیربوو، جیهان ئەوەندە زۆر لەبارەی ڕابردووی ئێمەوە بزانێ. ئێمە گەشتنامەمان نووسیوەتەوە، هێشتا وردەکاریی زۆرتریشی دەخەینەسەر. پاشان دەیخەینە بەردەستی ئێوە. تەنیا دوای مردنم، دەکرێ ناوەڕۆکی گەشتنامەکە ئاشکرا بکەی."
هەندێک شت هەیە تەنیا دەکرێ بۆ تۆی باس بکەین. ئەوانە شتی خۆش و پێکەنیناوین. هەر جارێک بیریان لێبکەینەوە، دەبێ سەرلەنوێ پێبکەنینەوە.
لە مۆسکۆ بانگهێشتی سەر خوانی شێوانی قرال کراین، شان بەشانی ئەو بەسەر سەکۆیەکە کەوتین. من لە دەستەڕاستی دەڕۆیشتم و شمشێرەکەشم بەکەلەکەمەوە بوو. هەستم کرد شتێک لە دەستم کەوتە سەر زەوی، ئەوەش پارچەیەکی شمشێرەکەم بوو، بەڵام زوو نەمزانی ئاخۆ چییە. لەپڕ نیگام پەڕییە سەر گەوهەرێکی کەسک لەسەر مافورەکە، تومەز یاقوتەکەی دەسکی شمشێرەکەم بوو. باشە دەبووایە چی بکەم؟ نووشتامەوە تا هەڵیبگرمەوە. قراڵ سەیرێکی کردم، لێ تێنەگەیشت ئاخۆ من چیدەکەم."
پاشا مرواریيە کەسکەکەی لە بەرکی چاکەتەکەی دەرهێنا، دایە تاج سوڵتان و بە خەندەوە گوتی: "ڕوسەکان پێیان نەکرا ئەمەم لێ بستێنن."
"باوکە، نابێ لەو تاڵانکردنە بێدەنگ بیت."

"دەزانم، بەڵام ئەوانە دیارییەکان بوون، دیاری بۆ تۆ و بۆ ژنەکانی ئێمە بوون. خۆ خەڵک چاوەڕێی شتێک لە ئێمە دەکەن."
"بەڵێ، ئەوە دەزانم، بەڵام خۆ دەبێ لێشی تێبگەین. من زۆر مەراقم ئاخۆ لە گەشتەکەتدا چیت بینیوە، دەی هەموویم بۆ بگێڕەوە."
دیسان پاشا پێکەنیەوە: "ئەمەشیان هەر تەنیا بۆ تۆی باس دەکەین. بە شێوەیەکی ئاسایی، دوولینگەکەم[١٠٠] هەمیشە لەنێوەڕاستی توند دەکرا، بەڵام لە شانۆنامەیەکی هەنگاریدا هەر لێم دەهاتەخوار. شەوێکیان بۆ کۆنسێرتێک بانگهێشت کرابووین. کاتێکیش ژنی پاشای هەنگاری پیلی ئێمەی توند گرت تا بمانگەیەنێتەوە شوێنی حەوانەوەمان، دوولینگەکەم دیسان لێهاتەخوار. ئێمەش هەوڵماندەدا بە ئانیشکمان توند بیگرینەوە و نەکەوێتە خوار، بەڵام پێم نەکرا. هەر بۆیە دەبێ ئەوە بێنیتە بەرچاو کە بۆچی بەڕێگاوە چەند کیلۆیەکمان لێ کەم بۆتەوە." گەشتێکی وا دوورودرێژ، بێ پشوودان و بەو هەموو وروژانە چۆن بووە.
تاج سوڵتان دەستی خستە سەر دەمی بەڵکو پێکەنینەکەی بشارێتەوە.
"باوکە، دەکرێ بیهێنمە بەرچاوی خۆم، کەچی هێشتا هەر گەش و دیاری."
"لە بەرلین چووینە باخچەی ئاژەڵان. لەوێدا شێر و پڵنگ و مار و فیلیان هەبوون. زۆرمان پێ سەیر بوو. مەلیچک زۆری پێ کەیفخۆش بوو، نەیدەویست لەوێ بڕوا. پێشتر، کاتێ هێشتا گەنج بووین، لە جەنگەڵ تووشی شێر و پڵنگ دەهاتین، بەڵام خۆ هەنووکە لە هیچ کوێیەک نابینرێن. بیرمان لێکردۆتەوە، ئێمەش لە تاران باخچەیەکی ئاژەڵان دروست بکەین. دەکرێ یەکێک بۆ کوڕەکەت دروست بکەین. بۆ ئەو زۆر باش دەبێ لە نزیکەوە ئاژەڵەکان ببینێ. لەوانەیە هێشتا شێر و مار و

---

[١٠٠] دوولینگە: شلوار، پانتۆڵ.

پڵنگ لە وڵاتەکەمان بدۆزینەوە. دەکرێ مەیمون و فیلیش لە هیندستانەوە بهێنین."

"باوکە، ئەرێ پێم ناڵێی پاریس چۆن بوو، ئایا بە فرەنسـی لەگەڵ خەڵکی سەر جادە ئاخاوتی؟"

"بە دڵنیاییەوە، بەڵام کیژم، خۆ خەڵکی سـەر جادە بە شـێوەیەکی دیکە لەوەی ئێمە قسـە دەکەن. بە گوێرەی مەزندەمان، ئێمە لە پاریسـییەکان باشـتر فرەنسـی قسـە دەکەین. ئەوان بە دروسـتی دەدوێن، بەڵام جۆرە فرەنسـییەکی تێکشـکاوە. ئێمە هەمووشـتمان نووسـیوەتەوە، شـتی زۆر سـەرنجڕاکێشـمان لە پاریس بینی. ڕووباری سـێن وەک مار بەنێو شـاردا دەکشێ و لە هەردوو دیوی ڕۆخەکەی ڕێگەیان لێداوە. شەوێکیان لەوێ پیاسـەمان دەکرد، ڕووبار و ڕێگاکە و پردەکان بە شـێوەیەکی ناوازە بە گڵۆپی کـارەبـایی ڕوونـاک کرابوونەوە. هەروەک ئەوە وابوو بەنێو حەکایەتێکی ئەفسووناویدا ڕێبکەین. مرواریییەکانی چاکەتەکەم و ئەڵقە و ئەنگوسـتیلەی دەسـتم بە شـێوەیەکی جـادوویی دەبریقـانەوە، سێبەرەکەشمان شکۆدارانە بەدواماندا دەهات

کاتێکیش تاج سـوڵتان ڕۆیشـتەوە ماڵی خۆی، پاشـا بانگی مسـتەوفی ئەلمەمالیکی سەروەزیری کرد، ئەویش دەستبەجێ گەیشت.

وەزیر بە تاسەوە پرسی: "ئەرێ پاشا گەشتەکەی پێ چۆن بوو؟"

پاشاش سوپاسی نەخشە نایابەکەی کرد کە بۆ گەشتەکەی دایڕشتبوو.

"لە میانەی گەشـتەکەماندا جار لەسـەر جار تێبینی ئەوەمان کرد، وەزیرەکەمان لە پێناو ئێمەدا ئەرکی زۆر کێشـاوە و ماندوو بووە. ئێمە یـادگـارێکی نـایـابمـان بۆ هێنـا، لێ بەداخەوە لە بەنـدەرە ڕوسـییەکە لەدەسـتمان دا. ئەنجامی گەشـتە درێژەکەمان لەناو جانتاکەماندا بوو، ئێستاش جانتا و ساکەکان ڕۆیشتوون، وەک ئەوە وایە گەشتەکە لەپێناو هیچ بووبێ."

"بەداخەوە بۆ ئەو ڕووداوە نەخوازراوە، بەڵام خۆ گەشــتەکە واتای زۆر قووڵتری لە دیارییەکان هەبوو."
"هەر بەڕاستیش سەردانی زۆر کارخانە و پرۆژەی تەلارسازی و مۆزە و پیشــانگای کشــتوکاڵیمان کرد. ئێســتا ئێمە نەهاتووینەتە ســەر خۆ، هەســـت ناکەم باش بم، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا لە گەڵ دەســـتەی حکومەت قسە لەسەر ئەوەی لەوێ بینیم دەکەم."
وەزیر خوازیاربوو هەموو شتێکی لەسەر گەشتەکەی بزانێ، بەڵام پاشا هەر بەوەندە براندیەوە کە ســـەردانی کارخانەکانی کردووە و قســـەی لەگەڵ بەڵێندەر و بازرگانە گەورەکاندا کردووە: "لە ئاڵمان ســـەردانی کروپەKrupp، ئەو کارخانەیەی ئاســـن و چەکی لێ بەرهەم دەهێنێ کرد. کــارگەکە زۆر کــاری تێکردم. بەڕێوەبەری کــارگەکە تۆپی تازەدروســتکراوی نیشــاندام. ئێمە باوەڕمان بە چاوی خۆمان نەدەکرد! من درێژیی لوولەی تۆپێکم بە پێیەکانم پێوانەکرد، تۆپەکە بیستویەک پێ بوو. نەوجەوانێکی چواردەســاڵی بە ئاســانی دەیتوانی بە ســکەخشــکێ بەنێو لوولەکەیدا بڕوا. ئێمە ڕیزێک لەو تۆپانە و ژمارەیەک لە تفەنگمان بەڕادان دان. لە ڕوســـیا، لە هەنگاریا، لە ئەمســـتردام، لە بەلژیک و فەڕەنگستانیشدا چاومان بە کارخانەی دروستکردی پێڵاو، فەخفوری و توتن و کاتژمێر و ڕســـتنوچنین کەوت و زۆر گرێبەســـتمان لەگەڵدا واژۆکردن و بەهۆیەوە نوێنەرکانیان بێنە تاران و تا زیاتر لەو بارەیەوە لەگەڵ ئێمە بدوێن."
وەزیر پێیوابوو جارێ کاتی ئەوە نییە ڕەخنە لە گرێبەســـتەکان بگرێ، ئاخر تێبینیی ئەوەی کرد، پاشــا پێویســـتە زۆر وریا بێ: "هەســـت بە خۆشبەختی دەکەم کە پاشا لە گەشتەکەیدا شتی سەرنجڕاکێشی بینوە و بە دڵی بووە، بەڵام بۆ وڵات وەها باشــتره لە کابینەی حکومەت بە شێوەیەکی گردەبڕانە چاو لەو گرێبەستانە بکا و تاوتوێیان بکا."

"زۆر باشە، ئێمەش نەخشەی نوێمان هەیە، دواتر باسیان لێوە دەکەین."
ئینجا پاشا هەڵستا، هێشتا شتێک هەبوو پاشا نەیدەویست وەزیر پێی بزانێ. وەزیر تا لای دەرکە بەدوای پاشادا ڕۆیشت.
"لە بەرلین شتێکمان بینی، بەدڵمان نەبوو. ویستمان سەرنجەکەمان بە بەرپرسەکان بڵێین، بەڵام وەهاشمان نەکرد."
"خاوەنشکۆ، چی بوو؟"
"لە بەرلین نهۆمی مێوانخانەیەک بۆ ئێمە ڕێکخرابوو. شوێنەکە زۆر باش بوو، ئێمە لێی ڕازی بووین. لێ بە درەنگانی شەو کاتێ ویستمان پشوو بدەین و پاڵ بکەوین، گوێمان لە دەنگەدەنگی تاقمە پیاوێکی بەرەڵا بوو. گومانمان بۆ ئەوە چوو ئەوان زانیبێتیان ئێمە شەو لەوێ بەسەردەبەین. ئەوان وەک کەر دەیانزەڕاند، وەک مانگا دەیانبۆڕاند و وەک سەگیش دەیانحەپاند. ویستمان پەنجەرەکەمان بکەینەوە، بانگیان بکەین و بێدەنگیان بکەین، لێ وەهامان نەکرد. سەرمان خستە بن سەرین و لێفە تا گوێمان لە هەراوزەناکەیان نەبێ. پۆلیسیش نەهات چارەیان بکا."
"دەترسم پیاوەکان بەدمەست بووبن. خەڵک لە بەرلین زۆر دەخواتەوە. پۆلیس لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا لەچاو وڵاتی ئێمەدا دەسەڵاتیان کەمترە. خاوەنشکۆ ڕەفتارێکی باشی نواندووە. گەشتی وەها لایەنی نەرێنیشی تێدەکەوێ. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، پاشامان بە تەندروستیی باش گەڕاوەتەوە، ئیدی شانشینەکەمان دەکرێ سوود لە ئەزموونەکەی ئەوێ وەربگرێ."
کاتێکیش وەزیر لەوێ ڕۆیشت، پاشا گەڕایەوە ژووری کاری خۆی، دەرکەی لەسەر خۆی داخست و سەری بەسەر ڕۆژژمێرەکەدا گرت. تا درەنگانێکی شەو هەر لەوێ مایەوە و دەستیشی بۆ نانی شێوان نەبرد. پاشا دەینووسی، لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە، دەیخوێندەوە جارێکی دیکە بەسەریدا دەچووەوە و دەیخوێندەوە.

"ئەمڕۆ ئێمە لە گۆڕەپانی کرملین قەدەممان لێدا، هەر بەڕاستی کۆشکێکی گەورەی دەروازە پتەوە. لەوێ جۆرە پرتەقالێکمان خوارد ناوەکەی سوور بوو، شتێکی بەتام بوو.
ژنەکەی قڕاڵ پیلی ئێمەی گرت، قڕاڵیش قۆڵی ژنێکی گەنجی توند گرتبوو، ناوەکەیم نایەتەوە بیر. ئێمە پێمان نایە ژوورێکی گەورەوە، لەو قاوشە گەورەیەدا سەما دەکرا و ناوبەناویش ئاهەنگی دەمامکداری تێدا دەکرا. شتێکی وەها لەوانەیە بە دڵی ژنەکانی ئێمەش بێ.
لەکاتی نانی شێواندا ژنەکەی قڕاڵ لە تەنیشت منەوە دانیشت، هەرچی ژنە جوانەکەش بوو لە بەرانبەرمان جێی گرتبوو. ژنێکی کەژەمان بینی، ئێمە حەزمان لێبوو لەگەڵ ژنەکە بدوێین، بەڵام ژنەکەی قڕاڵ هەموو شەوەکە هەر دەیچرپاندە بن گوێم و بواری پێنەدام، دەمی بۆگەن کردبوو. خوا لەپای ئەوە هەر سزامان دەدا."
پاشا بە خەندەوە ئەو نووسینەی خۆی دەخوێندەوە. بیری کەوتەوە لە پاریس دیمەنێکی زۆر جوانی بینیبوو، بەڵام بیری چووبوو تۆماری بکا، ئیدی ئێستا ئەویشی بۆ زیاد کرد: "لە پاریس لە ئاوێنەی گالیسکەکەماندا ژنێکی نازدارمان بینی. وەک ئەوە وابوو وێنەکە لە چوارچێوەیەدا گیرابێ، ئاخر هیچ ژنێک بەقەد ئەو جوان نەبوو. گالیسکەکەش درێژەی بە ڕێڕۆیشتنەکەی خۆی دا، ژنەش لە ئاوێنەکەوە ون بوو. ئێمە ئامادەبووین ئەو شۆخە لەبەر زێڕ هەڵبکێشین و بیکڕین، بەڵام خۆ پاشاش سنووری خۆی هەیە."
درەنگانێکی شەو بوو، جاران لەو کاتانەدا لەسەر پێخەفەکەی کشابوو کتێبی دەخوێندەوە، بەڵام خۆ نەیدەتوانی دەست لە نووسینەکەی هەڵگرێ. پەڕەکانی گەشتنامەکەی هەڵدایەوە، گەیشتە سەر ئەو بەندەی لەبارەی سەردانەکەی بۆ هۆڵەندای نووسیبوو. کاتێک خوێندیەوە خەریکبوو دڵی لە شەوقی غەریبیکردن هەڵدەفڕی، لەوێدا وەهای

...ەوە: "کاتێ ئێمە بە قیتار گەیشتینە وێستگەی ئەمستردام، سەرۆکی ...ارەوانی و یەک دوو ژەنەڕاڵ و سەرۆکی پۆلیسی شارەکە لە ...وازییدا وەستابوون. کاتێکیش لە قیتارەکە دابەزین، موزیکژەنەکانیش ...یان موزیک دەژەند گوێیان کەڕ دەکرد، هەر یەکسەر ئەو هەستەمان ...ات، ئێمە لەو وڵاتە بە گەرمییەوە بەخێرهێنراوین.

...ردام شارێکی جوانە، شەقامەکانی پاک و خاوێنن، خانووەکانی ...ووتوی کێک وان و پاڵیان بەیەکدا داوە، شتێکی وەهات بە مێشکدا ...ارەکە لە لایەن منداڵانەوە دروستکرابێ. پاشای هۆڵەندا نەخۆشە، ...ەکی هەیە، کاتێ مرد جێگەی ئەو لەسەر تەخت دەگرێتەوە. خۆ ... ئەو ئێشە لای ئێمەش ڕێی تێچووبایە، ئێمەش تاج سوڵتانمان ...ینشین دەناساند.

... وێستگەی قیتار بە گالیسکە بەنێو شاردا ڕۆیشتین، خەڵکێکی ...ی لەسەر شەقام وەستابوون تا کەژاوەی ئێمە ببینن. ئێمە زۆر ...وانمان بینین، پێموایە ئەم وڵاتە هیچ ژنێکی ناشیرینی لێ نییە. ...ەکەی پێشتر هەرگیز ئێرانیان نەبینیبوو، چ جای پاشای ئێران. ... دەستیان بۆ ئێمە ڕادەوەشاند و هەندێک لە ژنانیش بە دەستیان ...یان بۆ دەهاوێشتین. هەرچەندە شتەکە هەندێک هەراسانیش بوو، ...م خۆشیمان لێی هات.

...ەویش لە میوانخانەیەکی زۆر نایابی سەر کەناڵێکی ئاو ماینەوە، ...اوێنوبژوون بوو، بۆ خەوتنیشمان زۆر ئاسوودە بوو. ئەوان ...ی شارستانن، ئەو هۆڵەندییانە هیچ کامێکیان بە شەو وەک کەر ...ەری.

... دوو هەفتە لەو وڵاتە ماینەوە، زۆر شتمان بینی، سەردانی زۆر ...انەمان کرد و لەگەڵ زۆر لە خاوەن کار و بازرگانان قسەمان کرد، ... وەک دوکاندارانی بازاڕی وڵاتەکەمان ڕووقایم و زبر نین.

"ئەمڕۆ ئێمە لە گۆڕەپانی کرملین قەدەممان لێدا، هەر بەڕاستی کۆشکێکی گەورەی دەروازە پتەوە. لەوێ جۆرە پرتەقالێکمان خوارد ناوەکەی سوور بوو، شتێکی بەتام بوو.
ژنەکەی قڕاڵ پیلی ئێمەی گرت، قڕاڵیش قۆلی ژنێکی گەنجی توند گرتبوو، ناوەکەیم نایەتەوە بیر. ئێمە پێمان نایە ژوورێکی گەورەوە، لەو قاوشە گەورەیەدا سەما دەکرا و ناوبەناویش ئاهەنگی دەمامکداری تێدا دەکرا. شتێکی وەها لەوانەیە بە دڵی ژنەکانی ئێمەش بێ.
لەکاتی نانی شێواندا ژنەکەی قڕاڵ لە تەنیشت منەوە دانیشت، هەرچی ژنە جوانەکەش بوو لە بەرانبەرمان جێی گرتبوو. ژنێکی کەژەمان بینی، ئێمە حەزمان لێبوو لەگەڵ ژنەکە بدوێین، بەلام ژنەکەی قڕاڵ هەموو شەوەکە هەر دەیچرپاندە بن گوێم و بواری پێنەدام، دەمی بۆگەن کردبوو. خوا لەپای ئەوە هەر سزامان دەدا."
پاشا بە خەندەوە ئەو نووسینەی خۆی دەخوێندەوە. بیری کەوتەوە لە پاریس دیمەنێکی زۆر جوانی بینیبوو، بەلام بیری چووبوو تۆماری بکا، ئیدی ئێستا ئەویشی بۆ زیاد کرد: "لە پاریس لە ئاوێنەی گالیسکەکەماندا ژنێکی نازدارمان بینی. وەک ئەوە وابوو وێنەکە لە چوارچێوەیەک گیرابێ، ئاخر هیچ ژنێک بەقەد ئەو جوان نەبوو. گالیسکەکەش درێژەی بە ڕێڕۆیشتنەکەی خۆی دا، ژنەش لە ئاوێنەکەوە ون بوو. ئێمە ئامادەبووین ئەو شۆخە لەبەر زێڕ هەڵبکێشین و بیکڕین، بەلام خۆ پاشاش سنووری خۆی هەیە."
درەنگانێکی شەو بوو، جاران لەو کاتانەدا لەسەر پێخەفەکەی کشابوو کتێبی دەخوێندەوە، بەلام خۆ نەیدەتوانی دەست لە نووسینەکەی هەڵگرێ. پەڕەکانی گەشتنامەکەی هەڵدایەوە، گەیشتە سەر ئەو بەندەی لەبارەی سەردانەکەی بۆ هۆڵەندای نووسیبوو. کاتێک خوێندیەوە خەریکبوو دڵی لە شەوقی غەریبیکردن هەڵدەفڕی، لەوێدا وەهای

خوێندەوە: "کاتێ ئێمە بە قیتار گەیشتینە وێستگەی ئەمستردام، سەرۆکی شـــارەوانی و یەک دوو ژەنەڕاڵ و ســـەرۆکی پۆلیســـی شـــارەکە لە پێشوازییدا وەستابوون. کاتێکیش لە قیتارەکە دابەزین، موزیکژەنەکانیش وەهایان موزیک دەژەند گوێیان کەڕ دەکرد، هەر یەکسەر ئەو هەستەمان بۆ هات، ئێمە لەو وڵاتە بە گەرمییەوە بەخێرهێنراوین.

ئەمســـتردام شـــارێکی جوانە، شـــەقامەکانی پاک و خاوێنن، خانووەکانی وەک قووتوی کێک وان و پاڵیان بەیەکدا داوە، شتێکی وەهات بە مێشکدا دێ، شارەکە لە لایەن منداڵانەوە دروستکرابێ. پاشای هۆڵەندا نەخۆشە، کیژۆڵەیەکی هەیە، کاتێ مرد جێگەی ئەو لەســـەر تەخت دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو ئیشـــە لای ئێمەش ڕێی تێچووبایە، ئێمەش تاج ســـوڵتانمان وەک جێنشین دەناساند.

دوای وێســـتگەی قیتار بە گالیســـکە بەنێو شـــاردا ڕۆیشـــتین، خەڵکێکی زۆریش لەســـەر شـــەقام وەســـتابوون تا کەژاوەی ئێمە ببینن. ئێمە زۆر ژنی جوانمان بینین، پێموایە ئەم وڵاتە هیچ ژنێکی ناشیرینی لێ نییە.

خەڵکەکەی پێشـــتر هەرگیز ئێرانیان نەبینیبوو، چ جای پاشـــای ئێران. ئەوان دەســـتیان بۆ ئێمە ڕادەوەشـــاند و هەندێک لە ژنانیش بە دەســـتیان ماچیان بۆ دەهاوێشـــتین. هەرچەندە شـــتەکە هەندێک هەراســـانیش بوو، بەڵام خۆشیمان لێی هات.

بە شـــەویش لە مێوانخانەیەکی زۆر نایابی ســـەر کەناڵێکی ئاو ماینەوە، زۆر خاوێنوبژوون بوو، بۆ خەوتنیشـــمان زۆر ئاســـوودە بوو. ئەوان خەڵکێکی شـارسـتانن، ئەو هۆڵەندییانە هیچ کامێکیان بە شـەو وەک کەر نەدەزەڕی.

ئێمە دوو هەفتە لەو وڵاتە ماینەوە، زۆر شـــتمان بینی، ســـەردانی زۆر کارخانەمان کرد و لەگەڵ زۆر لە خاوەن کار و بازرگانان قسەمان کرد، ئەوان وەک دوکاندارانی بازاڕی وڵاتەکەمان ڕووقایم و زبر نین.

بەلام لە لاهای، لە شاری دەنهاخدا مەرگمان بە چاوی خۆمان بینی.
ئێمە چووینە شـــارەکە تـا ســـەردانی پەرلەمـانەکەیـان بکەین و ســـەروەزیرەکەیان ببینین. لەوێش خەڵکەکە بە هاتنمان زۆر شـــادمان بوون و ژنەکانیشـــیان بە دیدارمان دڵخۆش بوون. کاتێک ئێمەیان بینی، دروشـــمیان کێشـــا، چەپڵەیان لێدا. ئێمەش دەســـتمان بۆ ڕاوەشـــاندن و هەندێک بۆیان نوشتاینەوە.
ئەسـپە بەسـتەزمانەکان لەبەر ئاپۆرای خەڵکەکە ترسـان و شـڵەژان. لە هیکەوە ئەسـپەکان شـێت بوون. گالیسـکەوانەکە نەیتوانی جڵەویان بکا. ژنـان و منـداڵانیـاش لە قیژە و هـاواریـان داو ئێمەش لەو گۆڕە دەســتەوەســتان لەنێو گالیسـکەکەدا ماینەوە. ئەسـپەکان خێرا بەســەر شۆستەکان کەوتن و لەو چیمەنە کەوتنە غار. گالیسکەکەمان بەر دار و شـــۆســـتەکە کەوت. ڕوخســـاری تۆقاوم بینین، هاتوهاوارەکانیش ئەســـپەکـانی مـاخۆلانتر دەکرد. پێمـان وابوو ئەمە کۆتـاییمـانە. گـالیســـکەکەمـان بەر دارتیلێکی کـارەبـا کەوت و تێیدا عـاســـێ بوو. پاســـەوانەکـانیش بە پرتـاو خۆیـان گەیـاندینێ و بەهـانـامـانەوە هـاتن. خەڵکەکە بە حەپەسـاوییەوە دەیڕوانی، لێ ئێمە پشـتمان ڕاسـتکردەوە و دەستمان بۆ ڕاوەشـاندن. بۆ سـاتێک دنیا کڕ و بێدەنگ. پاشـان خەڵکەکە بە خۆشییەوە تەقینەوە و هاواریان کرد: هەر بژی پاشا.
کە ئەمەمان بینی فرمێســـک لە چاوماندا قەتیس ما. هەر بەڕاســـتی خەڵکێکی باشن.
بە خەندەیەکەوە پاشا ڕۆژژمێرەکەی داخستەوە.

بۆ ڕۆژی پاشـــتر و بۆ ماوەیەکی درێژتر هەر لە نێو جێگەیدا مایەوە، بەلام خۆ هەر دەبووایە لە کۆتاییدا بەدوای ســـەرەداوەکانی ژیانیدا بڕوا

و هەڵیویژنێتەوە. خۆی ئەمە ژیانی ئەو بوو، وڵاتی ئەو وەها بوو، ئەویش پاشایان بوو، ئەو کەسە بوو دەبووایە ڕابەڕایەتیان بکا.
پاشا لەخەو هەڵسا، بەرچایی خوارد و بانگی عەینولدەولەشی کرد. زاواکەی لە تاج سوڵتانی بیستبوو، کە پاشا لە گەڕانەوەی گەشتەکەیدا کەساس بووە. ئەو پێیوابوو ئەو ڕاپۆرتە وردەکارە لەبارەی گرتنی سەرانی گرووپی بەرگری و نارازی دڵخۆشی دەکا.
"بەڵام خۆ نەتتوانیوە مەزنەکەیان بگری!"
"بەگوێرەی زانیارییەکانی من، مەترسیدارترین پیاوی گرووپەکەمان دەستگیرکردووە."
"کامە پیاو؟"
"میرزا ڕەزا کرمانی."

لەسەر پێداگرتنی عەینولدەولەدا، پاشا بۆ ڕۆژی پاشتر سەرێکی زیندانە بەدناوەکەی دەرەوەی شاری تارانی دا.
پاسەوانەکان پاڵیان بە زیندانییەکانەوە نا ئەوانەی دەست و پێیان بە زنجیر بەستڕابوونەوە تا بیانهێننە حەوشەی زیندانەکەوە. پیاوەکەش هەردوو دەستی بە چاوەکانییەوە گرتبوو، تا لە دژی تیشکی خۆرەتاوی ڕاستەوخۆ بیانپارێزێ. عەینولدەولە چووە لای زیندانییەکە، دەستی دایە زنجیرەکەی و بانگی کرد: "دەی کڕنووش بۆ پاشا بەرە."
زیندانییەکەش ڕەتیکردەوە وەها بکا. عەینولدەولە قۆنداغە تفەنگێکی سرەواندە شانەکانی، بە جۆرێک زیندانییەکە لەبەردەم شادا کەوتە سەر زەوی.
عەینولدەولە گوتی: "ئەمە میرزا ڕەزا کرمانییە!"

پاشا بە سەری چەکمە بۆرەکەی لەسەر سەری میرزا ڕەزای دا و زیاتر بە خاکییەوە گیرساند، بە سووکایەتیپێکردنەوە پێیگوت: "ئایا ئەو پیاوۆکە[101] ذژوارە؟"

میرزا ڕەزا پیاوۆکە نەبوو، بەڵکو ئەو لە زیندانە تاریک و شێدارەکەی بەهۆی نەبوونی خۆر و کەم خۆراکییەوە لاواز بووبوو.

عەینولدەولە وەهای لە پاشا ڕەچاودەکرد پێی بڵێ: دەی لە قەنارەی بدەن."

کەچی پاشا ڕووی خۆی وەرسووڕاند و دوورتر ڕۆیشت.

لەوانەیە لەبەر گەشتەکەی بووبێ، هەروا نەیویستبێ لە گۆترە کەسێک لە سێدارە بدا. لەوانەشە ویستبێتی لە شانوشەوکەتی عەینولدەولە کەم بکاتەوە، ئاخر ئەو نەیتوانیبوو جەمال خان دەستگیر بکا.

دەکرێ چارەنووس شتێکی دیکەی لە هەنیەی میرزا ڕەزا نووسیبێ.

---

[101] ڕۆماننووس شێوازی بچووکرندوەی بەکارهێناوە، کە لە کوردیشدا پیاوۆکەی بەرانبەر دێ.

٥٤

کێبلەسکالا

عەینولدەولە لە دوای شـــەڕ و پێکدادانی حوجرەکەی پشـــت مزگەوتی گەورەی شار، هەموو دەروازەکانی تارانی خستە ژێر چاودێرییەکی توند تا ڕێگە لە هەڵاتنی جەمال خان بگرێ لەوەی لە شار بچێتەدەر. فەرمانی بە پشکنینی هەموو ئەو ماڵانە دەرکرد، ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرا جەمال خان خۆی تێدا شـــاردبێتەوە. لێ ماڵی ئایەتوڵڵا تەباتەبائی هەڵاوێرد کرا. جەمال خانیش ڕێک لەوێ خۆی حەشاردابوو.

ئەو شـــەوەی گوللە بە پێی چەپەی جەمال خان کەوت و بریندار بوو، بە هەموو هێزی تێدامابوو توانی خۆی بگەیەنێتە ماڵی ئایەتوڵڵا تەباتەبائی. یەک دوو مانگی یەکەم تا بەخۆی هاتەوە و زامەکەی تیمار کرا و وای لێهات بەپێی خۆی بڕوا لە ماڵی ئایەتوڵڵادا مایەوە. لەو ماوەیەشدا ڕیشی هێشتەوە و بە مۆڵەتی لە ئایەتوڵڵا وەرگرت تا بەرگی ئاخوندێک بپۆشێ

و مێزەرێک لەسەر بنێ ناوی ئاخوندێک بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەکاربهێنێ.
جەمال خان تێکۆشا تەباتەبائی بهێنێتە سەر ئەو ڕایە، کە پێویستە دەسەڵاتەکانی پاشا سنووردار بکرێ و *مەجلیس* (پەرلەمان) و *عەدالەتخانە*[٢](دادگا) بۆ وڵات پێویستن و دەبێ دابمەزرێن.
جەمال خان لەسەر ئەو ڕێگەیە بەردەوام بوو، تا هاوڕێکانی کۆبکاتەوە، بەڵام خۆ ئەم کارە شتێکی ئاسان نەبوو.

پاشا هەستیکرد دەبێ لەمەوپاش لێبڕاوتر بێ و بەردەوامیش بیرۆکەی نوێی بۆ دەهاتن. ئەو گەشتەکەی لێ خۆش هاتبوو، بەڵام لە جارانیش پتر لەو ڕایەدا بوو، ئەو گۆڕانکارییانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا هی ئەوە نین لە وڵاتەکەی ئەو پیادەبکرێن. ئەو لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم بیرۆکەیەی ئاشکرا کرد و گوتی: "ناکرێ ئێمە ئەو شێوازە ژیانەی لەوێ پەیڕەودەکرێ بیهێنینە ئێرە، بەڵام دەکرێ داوایان لێبکەین پرد و نەخۆشخانەمان بۆ دروست بکەن. ئێمە تۆپی وەهامان بینین دە جاران لە ئەوانەی ڕوسی بەهێزتر بوون. ئێمە پێویستمان بەو شتانە هەیە. ئاڵمانەکان تفەنگیان بەدیاری پێبەخشیوین. من لەگەڵ ئەواندا کەوتمە گفتوگۆ، ئەوان دەتوانن بە شێوەیەکی تایبەت بۆ سوپاکەمان هەمان تفەنگمان بۆ بەرهەم بهێنن. گۆڕانکارییەکانی دیکە چارەنووساز نین. بەتایبەتیش شێوازی ژیانی ئەوان پێویست نییە لێرە پەیڕەوی لێبکەین."

پاشا لە کۆشکە تایبەتییەکەی خۆیدا بە پێچەوانەی ئەو شتانە، ویستی چەند گۆڕانکارییەک بکا. مەزنی هەموو وڵاتان کابینەیەکی تێلێگرافیان لە

---

[١٠٢] ڕۆماننووس هەر دوو وشە فارسییەکەی مەجلیس و عەدالەتخانە بە ڕێنووسی هۆڵەندی بەکارهێناون، منیش نەمویست بیانگۆڕم. وەرگێڕ

کۆشکەکەی خۆیان دانابوو. لە ئینگلستان ئەوەی هێنابووە بەرباس ئاخو دەتوانرێ شـــتێکی وەهاش لە تاراندا جێبەجێبکرێ. ئەم کارەش زۆر خێراتر لەوەی پاشا چاوەڕێی دەکرد، جێبەجێ بوو.
پاش شەش مانگ لە گەڕانەوەی پاشا لە گەشتەکەی، سێر جێمس مۆر، ئەندازیارێکی لاوی ئینگلیز ڕایگەیاند ئامادەیە کابینەیەکی تێلێگراف لە کۆشک دابمەزرێنێ، تا بەهۆیەوە پاشا بتوانێ پەیامە تێلێگرافەکانی خۆی بنێرێ و وەربگرێ.
ئەندازیارەکە نامەیەکی پێبوو، تێیدا هاتبوو ئینگلســتان ئامێری تایبەتی بە تێلێگراف وەک یادگارییەک بۆ پاشـــا دابین دەکا. دیارییەکەش لەبەر گەورەیی پارچە پارچە لە باولی گەورەدا هێنرانە کۆشک. ئەندازیارەکەش ســەری ســندوقە کانزایی و تەختەکەی هەڵدانەوە تا ئامێری تێلێگرافەکە ڕەنگزێڕینەکەی هێنایەدەر و لەبەر هەتاویشدا دەبریسکایەوە.
پاشـــان دوو دارتێلی لە کۆشـــکەکە بۆ چەقاندن و بە شـــیوەی ئێرانی ڕازاندنیەوە. کێبڵەکەشـــی لە دارتێلێکەوە بۆ ئەوی دیکە ڕاچاند. کاتێکیش هەموو شـتێک ئامادەکرا، کابینەیەک لە ژوورێکی لاچەپی تەنیشـت هۆڵی مینابەندەکە ساز کرا.
پاشـــا بە یارمەتیی تێلێگرافوانێکی بریتانی پەیامێکی کاتیی بۆ باڵوێزی ئێران لە لەندەن نارد. پاشـــا لە پایتەختی ئینگلیســتانەوە شــیعرێکی لە ڕۆژنامەیەکی بریتانی خوێندبووەوە، ئەو شـــتەی پێ زۆر ناوازە بوو کە مرۆ بەم شێوە بە شـیعر ئاشـنا بێ. ئیدی پاشـا داوای لە تێلێگرافوانەکە کرد شـیعرێکی ئەو بە تێلێگراف بۆ باڵوێزی ئێرانی لە لەندەن بنێرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەروەک چۆن مانگ زەریای خەمبار جێدێڵێ
عەشقەکەم منی لە بارێکی کەساسدا هێشتەوە
تەنیا یەک جیاوازی هەیە- عەشق هیچ شوێنەوارێک جێناهێڵێ

مانگ هەر وێنەکەی خۆی لە دوای خۆی جێدەمێنێ

باڵوێزیش بەم برووسـکەیە وەڵامی دایەوە: "ئەمە شـاکار بوو. ئەگەر خاوەنشـکۆ ڕێگە بدا، شـیعرەکە بۆ سـەر زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕین، چونکە لێرە لە لەندەن بۆ کاروباری پەیوەندیەکانمان بەکەڵکمان دێ."
پاشـاش بە کەیفی سـازەوە دەسـتبەجێ وەڵامی دایەوە: "ئێمەش ڕێگەمان پێدای!"

ئێسـتا پاشـا پەیوەندیی ڕاسـتەوخۆی بە شـارە گەورەکانەوە هەبوو، ڕۆژانە تێلێگرافی بۆ ئیسفەهان، شیراز، مەشهەد و بەندەرعەباس دەنارد پرسیاری ڕەوشی ئەوێی لێدەکردن.
ئەو هەسـتی کرد ئێسـتا باشـتر کۆنترۆڵی وڵاتەکەی پێدەکرێ، ئاخر ڕۆژانە نامە و پەیامی لە کارمەندە خۆجێیەکان پێدەگەیشت و ئەویش بە سەرنجەوە هەموویانی دەخوێندنەوە.
تـا دەهـات ئەو نـامـانەی بۆ دەهـات کە نـاوی لێنـابوون کێبڵەسـکاڵا. دوکاندارەکان تێلێگراف لەسـەر تێلێگرافیان بۆ پاشـا دەنارد و گلەیی و گازندەی خۆیان لەدەسـت دەسـەڵاتدارە خۆجێیەکان دەکرد کە بەردەوام سـەرانەیان لێ دەسـەندن. لە ڕێی ئەو تێلێگرافانەوە لە پاشـا دەپاڕانەوە بەڵکو سنوورێک بۆ ئەو نادادییانە دابنێ.
هەروەها سکاڵای لەو ماڵبات و خانەوادانەش پێدەگەیشت کە یاساوڵەکان بە زۆرەملێ و بێ ڕەزامەندیی دایبابیان کچەکانیان ڕاپێچی حەرەمسەرای خۆیان دەکردن.
ڕۆژانە بە سەدان لەو کێبڵەسکاڵایانە دەگەیشتن. پاشاش بە جدییەوە لە هەموویـان ڕادەمـا. ئەو هەسـتێکی خۆشـی هەبوو، ئـاخر هەنووکە پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ ڕەعیەت و مسـکێنەکـانی خۆیـدا

پەیداکردووە. دەمودەستیش وەڵامی داواکارییەکان دەدرانەوە. کورتەپەیامی توندی بۆ کاربەدەستە خۆجێیەکان دەنارد و یارمەتیی کوێرەوەریی ماڵباتەکانی دەدا: "ئەو کچە ئازاد بکە، دەنا هەر خۆمان دەزانین چیت بەسەر دێنین!"
هەموو ڕۆژێک، بەیانیان سەرلەزوو دوای ئەوەی تازە لە خەو هەڵدەستا دەچووە لای کابینەی تێلێگرافەکە ئاخۆ نامە و پەیامی نوێ هاتوون. هەر زوو کاتێ لە خەو ڕادەبوو، دەموچاوی خۆی دەشوشت، جلەکانی خۆی لەبەر دەکردن و لەگەڵ بەرچاییەکەیدا سەری بەسەر بارستایی ئەو نامە و پەیامە تێلێگرافییانەدا دەگرت و بە تاسەوە دەیخوێندنەوە.
هەندێ جاریش لەپڕ بێ ئەوەی چوونەکەی ڕابگەیەنێ بەسەر شارێکیدا دەدا تا لێبپێچێتەوە ئاخۆ فەرمان و ڕێنماییەکانی وەک خۆی جێبەجێکراون یان نا. ئەم کارەی لێخۆش هاتبوو، چێژی لەو فەرمانە دادپەروەییانە دەبینی کە دەریدەکردن.
لەم دواییانەدا یەک دوو سکاڵای کێبڵییانەی لە بازاڕەکەی تاران پێگەیشت. دەستەیەک لە دوکاندارەکان دادوبێدادیان بوو لە دەست مەلیچک، ئاخر بەردەوام دەچووە بازاڕ و هەراسانی دەکردن. پاشا بەمە زۆر پێکەنی، ئاخر ناوی مەلیچکیش لەنێو پەیامی تێلەگرافەکاندا هاتبوو. ئینجا تێلێگرافەکەی نیشانی مەلیچک دا و بە پێکەنینەوە پێیگوت: "مەلیچک، تۆش بوویتە شتێکی گرنگ، ناوت بەنێو کێبڵەکاندا هاتوە."

هەواڵی ئەوەی پاشا لە ڕێی پەیامی تێلێگرافەوە لە سکاڵای ڕەعیەتەکەی دەپێچێتەوە، خێرا وەک برووسکە بە نێو سەرتاپای وڵاتدا بڵاوبووەوە. ئیدی گوندنشینان بە پشتی کەر ڕێگایەکی زۆر دووروودرێژیان دەبڕی تا خۆیان بگەیەننە شارە گەورەکان و لەوێوە خۆیان بگەیەننە

نووسینگەکانی تێلێگراف. هەندێجار چەندین شەو ڕۆژیان پێدەچوو تا دەگەیشتنە ئەوێ تا سکاڵاکەیان بۆ پاشا بەرز بکەنەوە.
لەبەر ئەوەی ئامێرەکەی پاشا لە توانایدا نەبوو ئەو برە زۆرەی نامە و پەیامانە وەربگرێ و بنێرێتەوە، بۆیە هەندێکیان بۆ نووسینگەی سەرەکیی تاران دەنێردردان. کارمەندانی نووسینگەکەی تارانیش هەموو سکاڵاکانیان دەخستنە نێو کیسێک و ئیدی هەموو بەیانیان بۆ کۆشکیان بەڕێ دەکردن.

بەرە بەرە ئەم هەوڵە بێوچانە پاشای شەکەت و هیلاک کرد. ئیدی بووبووە بارگرانییەکی تاقەتپڕووکێن. پاشا نەیدەزانی ئاخۆ چی لەو هەموو سکاڵایانە بکا. ئەوانەی دەچەوسێندرانەوە، ئەوانەی نەخۆش دەکەوتن، ئەوانەی خەرمانەی کردوکۆیان لەدەستدابوو، ئەوانەی تاڵان کرابوون، ئەو ژنانەی مێردەکانیان لەمێژ بوو لە زینداندا بوون، ئەو کەسانەی چیدی هەستیان نەدەکرد ژینگەکەیان سەلامەتە، نەخۆشەکان، نابینا، کەڕە و کەمئەندامان هەر هەموویان داوایان دەکرد دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکرێ.
پاشا لەو هەموو کوێرەوەرییەی لە وڵاتەکەیدا هەبوو، ترسا. ئاخر ئەوەی لە توانایدا هەبوو کردی، لێ ئەوەی بینی ئەمە یارمەتیی هەمووان نادا. و بەهێواشی ئەو تاسە و پەرۆشییەی جارانی لە دەست دا، ئیدی نامەکانی نەدەخوێندنەوە، بارستەی سکاڵاکان لە گۆشەیەکی ژووری کارکردنیدا لەسەر یەک بێ ئاوڕ لێدانەوە کەڵەکە بووبوون، دواجار تێلێگرافوانەکەی ناردەوە ماڵێ و قفڵێکی گەورەشی لە دەرکەی کابینەکە دا.

دوای نیوەڕۆیەکیان بە دڵتەنگییەوە ملی ڕێگەی ماڵی دایکی گرتەبەر. مەهدولیا لەمێژ بوو نەخۆش کەوتبوو.

ئەو تیشـــــک و تیریژە زەرد و ســـــوورانەی دوای ئێوارەدرەنگ بە دیوارەکانی کۆشکی دایک کەوتن، ئەو کاتەی پاشا گەیشتە ئەوێ، مایەی دڵخۆشـیی ئەو بوون و کەیفی پێهات. ئەو هێشـتا هەر لەسـەر پشـتی ئەسـپەکەی بوو، کاتێ بینی دایکی بە گۆچانێکەوە لەپاڵ دیوارەکەوە قەدەم لێدەدا. سـەرباری نەخۆشـی کەچی دایکی هەمیشـە هەروەک شـاژنێک ڕەفتاری دەنواند. تاجێکی ئاڵتوونی لەسـەر بوو لەبەر ڕووناکی دەبریسکایەوە.

پاشـا هەسـتێکی تێکەڵی لەهەمبەر دایکیدا هەبوو. هەندێجار بی ڕاددە خۆشـی دەویسـت، هەندێ جاریش ڕقی لێ دەبووەوە. ئێسـتاش دەبووایە لە جاران زیاتر کەیفی پێهاتبا. ئاخر لەوە تێگەیشـتبوو خەریکە لەدەسـتی بدا، لەوانەیە دیدارەکە دوادیدار بێ.

هەر بەڕاسـتیش ئەوە دایکی بوو ئەوی کردبووە پـاشـا. ژنێکی دەسـترۆیشـتوو، سـەراو و دەراوی زۆری بینیبوو. ئەو بەرجەسـتەیەک بوو بۆ هەموو ژنانی ئێرانی، هەموو شـاژنەکانی پێش خۆی لەخۆیدا ڕەنگ دەدایەوە. ئەو ژنەی دەبووایە وەک ماینێکی چەموش توندوبەند بێ، ژنێک دەبووایە ژیانی خۆی و ژیانی ڕۆڵەکەی لەنێو جەنگەڵێک لە گەندەڵی بپارێزی و دەربازی بکا.

مێردەکەی ئەو پاشـایەکی لاواز بوو، بەڵام هەمیشـە وەک دینگەیەک لەپاڵیدا مایەوە. هەر ئەو ژنە بوو وای لە پاشـای پێشـوو کرد بڕیارە پێویسـتەکان دەربکا. کاتێکیش هیچ کەسێک ئەو ژنەی نەدەناسـی، زۆر جاران لە ژووری نوسـتنی خۆیەوە سـەیری ئاوێنەی دەکرد و دەیگوت: "ڕۆژێک دێ ئەوان بزانن من کێم. من هەموو ژنە ئێرانییەکان دەناسـم، ئەوانەی لە ژیان ماون و هەن و ئەوانەی نەشـماون. من هەموو هێز و هەموو مافێکی ژنانم هەیە ئەوەی لێیان سەندراوەتەوە."

ئەو لە کوڕەکەی خۆیدا هەم باوکە لاواز و هەم باپیرە بەهێزەکەشـــی دەبینی. کوڕەکەی لە نێوان کەلێنی گۆڕانکارییەکاندا گیری خواردبوو.
کاتێ پاشا گەیشت بانگی کرد: "سڵاومان لە شاژنی شاژنان."
شـاژنە دایکیش سـەیری کرد و بە خەندەوە گوتی: "پاشـا زەندەقی ئەم پیرەژنەی برد."
ئینجا لە ئەسـپەکەی دابەزی، بەرەو دایکی ڕۆیشـت، دەسـتی ماچ کرد چووە بن شانی و لەپاڵ دیوارەکەدا یارمەتی دا بڕوا.
دایکەکە بە سەرنجەوە: "پاشا خەمبار دیارە."
ئەویش بە بێ دەنگی لەپاڵیدا دەڕۆیشت.
"دەی پێم بڵێ."
"دایکە، دایکە، چیدی ناتوانم. خەڵک دەگرییێن، خەڵک دەپاڕێنەوە، خەڵک دەمرن، خەڵک تالان دەکرێن، دەردوبەلای کوللە لە جوتیارانی داوە، ژنان بەزۆر لاقە دەکرێن، منداڵان بە دەردەخوریکە کوێر دەبن، گەنجان لەبەر فشـاری دڵ دەناڵێنن. دایکە ئێمە لە ئاسـتیاندا هەسـت بە بێدەسـەلاتی دەکەین. هەندێ جـار شـــتێ قێزەون لە کۆشـــکدا دەقەومێ. ئەوان مەلیچکیان ئەوەندە خەپە کردووە، ئیدی ئەو بەسـتەزمانە چیدی ناتوانێ بەرێدا بڕوا. نازانم کێ وامان لێدەکا."
مەهدولیاش توند باسـکی کوڕەکەی گرتبوو گوتی: "کوڕی خۆم، دڵتەنگ مەبە. تۆ میراتگری شـارسـتانیەتی کۆنی. هەندێک جار لەسـەر کێوە بەرزەکانەوە دەکەوینە دۆڵێکی زۆر قووڵەوە. من باوکت و باپیرەتم وەک پاشا بینیون. تۆ دە جاران باشتر لەوان وڵاتەکە هەڵدەسوڕێنی. ڕۆڵەکەم، خۆی ئەمە خەتای تۆ نییە. تۆ لە پاشـاکانی دیکە زیاتر ئاسـتەنگت هـاتوونەتەپێش. ئـارام بگرە. من لە خودای خۆم دەپـاڕێمەوە، نوێژی بۆدەکەم، لەبەری دەگرییم. ئەویش یارمەتیت دەدا."

"دایکە، زۆر ســـوپاســـت دەکەم، ئێمە داوات لێدەکەین بەتەنیا جێمان مەهێڵە."
ئەویش وەها وەلامی دایەوە: "کوڕەکەم، من نامرم. من ئەوەندە دەژیم تا پاشا خۆی دەڵێ: دایکە، ئێستا دەکرێ تۆ ئۆغر بکەی."
پاشـــاش بە خەندەوە لێی پرســـی: "ئەرێ دایکە ، دەتەوێ لە دەســـتمان ڕزگارت بێ؟"
"من تۆ جێناهێڵم. تا پێویست بکا لەپاڵ تۆدا دەبم."
پاشاش گوتی: "دایکە، ئەمە بەڵێنێکی جوانە."
"دەی گەنجۆ یارمەتیم بدە، ئاخر بەتەنیا ناتوانم بەسەر پەیژەکان بکەوم."
ئەویش دایکی بەرزکردەوە و لە ئـامێزی گرت و بەرەو ســـەرووی پەیژەکانی برد.
شاژن بە خەندەوە و بە گۆچانەکەی هەڕەشەی لێکرد: "دەی لێرە لەسەر زەوی دامنێ."
پاشاش بە ئەسپایی داینا و تاجی سەری ماچ کرد.

٥٥

لە بازاڕ

تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانە بەسەر روخساری پاشادا دیاربوو. بە خۆی و ڕیشی بۆز و سەری کەچەڵەوە چیدی زاتی ئەوەی نەدەکرد لەبەردەم ئاوێنەدا کڵاوە قووچەکەی خۆی دابگرێ. کاریگەریی تێپەڕینی ڕۆژ و ساڵ بەسەر مەلیچیکشدا دەبینرا.

پێشان پاشا دەردەدڵی خۆی لای پشیلەکەی هەڵدەڕشت و بەم جۆرە هەندێک ئاسوودە دەبوو. لە ڕۆژژمێرەکەیدا ئەو هەستەی بە باشی دەربڕیبوو. تەنیاییەکەی خۆی لەگەڵدا بەش دەکرد. دوای ئەوەی شەرمین بەبێ هیچ هۆیەکی دیار و ڕوون بێسەروشوێن بوو، مەلیچک شوێنی ئەوی بۆ پاشا گرتەوە. کاتێ مەلیچک هێشتا بچکۆلانە بوو ئەو زۆر پێی دڵخۆش بوو.

پاشا بە پێویستی نەدەزانی مەلیچک فێرە خوێندنەوە و نووسین بکرێ، بەڵام بنەما سەرەتاییەکانی گەمەی شەترەنجی فێرکردبوو. خۆشیی لە جووڵە گەمژانەکەی مەلیچک دەهات.

هەرچەند کوڕیژگەکە هەراشتر دەبوو، پاشا کەمتر بە هاموشۆبوونی دڵی دەکرایەوە. ئاخر ئەو تا ئەوکاتەش هەر ڕقی لە خۆشوشتن

دەبووەوە و بۆنی گەنیوی لێدەهات. کاتێک مەلیچک منداڵ بوو، شـــا بەخۆی دەیبردە گەرماو ســەری لێدەشــوشــت، قژی بۆ دەتاشـی و جلی خاوێنی دەکردەبەر. لێ ئەو ڕۆژانە دەمێکە بەسەرچوون.

وەرز و ساڵ هاتن و ڕۆیشتن، شەو بەدوا ڕۆژدا دەهاتن و گەشتەکەی پاشاش ئەوەندە دوورکەتبووەوە وەک خەونی لێهاتبوو.
دواجاریش هەستیکرد گەشتەکە بەختەوەری نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانە بە بەدبەختی بۆی شکایەوە. نیازی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەپیر کێشەوبێشەی ڕەعیەتەکەیدا بچێ و یارمەتییان بدا، نەیتوانی درێژە بەوە بدا شـــانی بداتەبەر و پشـــێویی ســـیاســـی جارێکی دیکە بەجۆش و خرۆش تاویسەندەوە.
باڵوێزەکەی خۆی لە مۆســـکۆوە لە نامەیەکدا وەهای بۆ نووســـیبوو: "ئەوەی پاشـــا لە نیشـــتمان لەبەری دەناڵێ، لەڕاســـتیدا هەر ئەو جۆرە کێشانە بەرۆکی قراڵی ڕوسیاشی گرتۆتەوە و تەنگەتاوی کردووە.
دەســت و تاقمە جۆربەجۆرەکان دەیانەوێ دەســەڵات لەبن دەســتی قراڵ دەربهێنن. ئەوان دەڵێن ئێستا دەستەبژێر کاروباری وڵات هەڵدەسووڕێنێ و خەڵکیش دەچەوسێنرێتەوە. ئەم دەستە و تاقمانە بۆ جۆرە هاوژیانێک تێدەکۆشـــن گوایە گەل لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیەوە کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن.
ئەمە پێشـهاتێکە مایەی مشـوورخواردنە. ئەوان پێ لەسـەر مافی خەڵکی ئاسـاییدا دەگرن، واتە مافی خەڵکی سـەر جادە و ناو گەڕەک و کۆڵانان. ئێمە وەهـای دەبینین ئەو پشـــێوییـانە لەوپەڕی هێز دان، پێـدەچێ ڕەشـەبایەکە بگاتە وڵاتەکەی ئێمەش. سـەرکردەکانی ڕاپەڕینی ڕوسـی لە باکووە قســـەیان لەگەڵ ســـەرکردە ڕاپەڕیوە ئێرانییەکاندا کردووە، یەکێکیش لەوان ئاغا جەمالە."

بۆ شەوەکەی پاشا وەهای لە ڕۆژژمێرەکەیدا نووسی: "هەرچی بقەومێ هەر بەتەنیا پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، قڕاڵیش هەمان کێشـــەی هەیە. لە تورکیاش دەسـەڵاتی سـوڵتان لەلایەن خەڵکەوە سنووری بۆ دادەنرێت و هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتەکەی هەیە.
ئەوەی خەڵک لە ڕوسیا و تورکیا دەیکەن، پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمەش لێرەدا درێژە بە شـێوازە ئاوەزمەندانەکەی حوکمڕانیمان دەدەین. پێدەچێ بەخت من وەک دوا پاشـــای کۆنی ئێران بخاتە نێو خانەی مێژووەوە. خۆ ئەگەر بەو شێوەیەش بێ، پێویستە تێبکۆشین تا لەژیاندا مابین بەوپەڕی خۆشییەوە بژین و چێژی لێببینین."

میرزا ڕەزا کرمانی لە زیندانە ســـامناکەکەی تاراندا هەموو هەوڵێکی ڕوحانیی خۆی بۆ ئەوە بوو تا لەوێ شــێت نەبێ. ئەو لەگەڵ تاوانبارە پەلڕەشـــەکان[103]دانرا بوو. کاتێکیش پاســـەوانەکان خواردنیان بۆ دەبرد بە کتێبی قانوننامەکەی خۆی لەســـەریان دەدا. لەکاتی نانی بەیانیشـــدا جارێک لێیان دەدا. لەســـەروبەندی دوای نیوەڕۆشـــدا دووجار لێیان دەدا و شەوانیش بەر لە نانی شێوان سێ جاران لێیان دەدا.
میرزا ڕەزا دەیزانی دەبێ ئامانجە ســەرەکییەکەی لەپێشـچاو بێ نەوەک لەو ژینگە نـامرۆڤـانەیەی تێیکەوتبوو لاواز بێ و بەرگریی نەمێنێ. ئەو نهێنییەکی گەورەی لە سینگی خۆیدا شاردبووەوە، نهێنیەک وەک ئاگردان دەسووتا و ڕۆژانە گەرمی دەکردەوە.

جەمال خان چەند جارێک ســـەردانی باکۆ و ئیســـتەنبولی کردبوو، تا لەگەڵ هاوبیرەکانی نیشـــتەجێی تورکیا، لە عێراق، هیندســـتان، میســـر و ڕوســـیا کۆببێتەوە. ئەو، بە دووروودرێژی بارودۆخی پەرەســـەندووی

[103] پەلڕەش: بەدفەڕ و خراپ. ئەوانەی بەدڕەفتارن.

سیاسییی وڵاتەکەی بۆ هاوڕێکانی لە دەرەوەی وڵات ڕوون دەکردەوە و بیروڕای لەبارەی ئەزموونەکانیان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕدەکرد. بە هێواشـــیش ڕایەڵەیەکی توندوبەندی کاروباری ژێرزەمینی لە وڵاتەکەی خۆی ڕاچاندبوو. چاوەڕێی بۆنەی ڕاســـتودروســـتیان دەکرد تا دەستبکەنەوە و زەبری خۆیان بوەشێنن.

لە میانەی ئەو گرێبەستانەی پاشا لەکاتی گەشتەکەیدا لەگەڵ کاردار و بەڵێندەراندا واژۆی کردبوو، ڕێککەوتنێک هاتبووە ئاراوە، پێدەچوو کارەساتبار بێ.

بریتانیەکان لەماوەی بیست ساڵدا باڵوێزخانەکەی خۆیان زۆر بەرفرەوان کرد. ئەوان پارچە زەوییەکی پانوبەرینیان لەپشـــت باڵوێزخانەکە کڕی، تێیدا ڕیزە خانوویەکیان دروســـتکرد، بۆ شـــوێنی حەوانەوەی مێوانە بریتانییەکانیان بەکارهێنا.

ڕوسەکان هێشتا هەر لە خانوە کۆنەکانیان دەژیان، ئەوانەی هی سەدەی ڕابردوو بوون.

کاتێک پاشـــا لە مۆســـکۆ بوو، ئەم بابەتە لە کرملین هێنرایە بەرباس. پاشـــاش کە دوو بیرەی ڕوســـی هەڵدابوو، بەڵێنی چەور چەوری بە ڕوسەکان دا تا بێ پارە پارچە زەوییەکی گەورەیان بداتێ و هەر هەمان شەویش بەڵێنەکەی خستەسەر کاغەز و بۆی مۆر کردن.

دوای ئەوە هیچی لێ شـــین نەبووەوە، پـاشـــاش گرێبەســـتەکەی لەبیرکردبوو.

کار وەها ڕۆیشت تا ئەوکاتەی ڕوسەکان پەرژینێکی گەورەی داریان لە دەوری پارچە زەویە گەورەکە وەرێنا. کارەکەش لە لایەن هەندێ لە وەســـتا و کرێکارە خۆجێییەکان جێبەجێکرا، بە شـــێوەیەک کەس بیری نەدەکردەوە، کە بیرۆکەی ڕوسەکانە بۆ ئەوەی باڵوێزخانەکەیان فراوانتر

بکەن. نە پاشـــــا و نە ڕوســــەکانیش نەیاندەزانی لەژێر زەویەکەدا گۆڕستانێکی سەدەی پێشوو هەیە.
جەمـال خـان لە ڕێی پەیوەنـدییەکـانییەوە لە نیـازی تەلارســـــازییە ســــەرنجدارەکەی ڕوس ئاگادار کرایەوە. ئیدی چوو تا بە چاوی خۆی ببینێ، کاتێ بینی هێدمەگرتی بوو. بۆ ئەوەی بناغەی باڵەخانەکە لێبدەن، دەبووایە گۆڕەکان بشـکێنن و ئێسـکوپروسـەکیش بەکۆمەڵ لە شـوێنێک بن گڵ بکەن. لەم کارەیاندا پەرشـوبڵاوی پەیدابووبوو، لە هەموو لایەک هەر بوتڵی بەتاڵی خواردنەوەی ڕوسـی کەوتبوو لەگەڵ ئێسـکوپروسـک تێکەڵ بووبوون و وەک بارستایی خاشاکی لێهاتبوو.
بۆ شەوەکەی جەمال خان ئایەتوڵلا تەباتەبائی لەگەڵ خۆی بردە شوێنی گۆڕســـتانەکە، کونێکیان لە پەرژینەکە کرد و ئایەتوڵلای تێدا بردە ژوور و لەبەر ڕووناکی چرادا گۆڕەکانی نیشـــــاندان، گۆڕ هەڵدرابوونەوە و ئێسقان و بوتڵە بەتاڵەکانیش لەو گۆڕە کەوتبوون.
ئـایەتوڵلا لە تووڕەییـان دەلەرزی و گوتی: "ئەڵلا، ئەڵلا ، ئەمە مـایەی پەژراندن نییە. خوایە هانام هێنایە بەر تۆ."

پاشـــــا کەتنێکی گەورەی کردبوو، بەڵام ئاخۆ چی لەبەردەم ئایەتوڵلادا بوو؟ ئەو هێزی هەبوو هەزاران کەس بنێرێتە سەر باڵوێزخانەی ڕوسی بۆ ئەوەی هەم سـزای پاشـا و هەم ڕوسـەکانیش بدا. لێ ئایەتوڵلا لەوە ترسا نەوەک حاڵەتەکە کوشتاری لێبکەوێتەوە.
بۆیە بڕیاریدا نامەیەکی کورت و پوخت بۆ پاشـا بەو وشـانەی خوارەوە بنووسێ:

"وەها چاوەڕێ دەکرێ گۆڕەکان بەوپەڕی شکۆوە چاک بکرێنەوە.
هەر خوا لێبوردەیە و هەر ئەویش سزادەرە.
وەلسەلام.
تەباتەبائی."

پاشا لە داخان دەکوڵی، بەڵام خۆ نەدەکرا لەگەڵ ئایەتوڵڵادا بێ دەسنوێژ بێ. بۆ ئەم مەبەستە پرسی بە وەزیر کرد. مستەوفی ئەلمەمالیکیش گوتی: "هەر بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی سەنگینە. پێویستە شتێک بکەین."
"ئاخر ئەمە گۆڕستانێکی کۆنی سەدان ساڵەیە و فەرامۆشیش کراوە."
"ئەم بەڵگەوبەندە نایخوا، خەڵک دەیەوێ ڕوسەکان لەوێ دوور بکەونەوە. من پێموایە دەبێ خواستەکەی ئایەتوڵڵا بەجێبگەیەنین. پێویستە داوا لە ڕوسەکان بکەین، جارێ بۆ ماوەیەکی کاتی دەست لە نەخشەکەیان هەڵبگرن."
"نەخێر نابێ هەر بیر لە شتێکی وەها بکەیتەوە، دەنا لەبەرچاویان لاواز و بێ دەسەڵات دەردەکەوین، بەدوای چارەسەرێکی دیکەدا بگەڕێ."
"خاوەنشکۆ، لەوە بترازێ هیچ چارەسەرێکی دیکە نابینم."
"قسە لەگەڵ ئایەتوڵڵادا بکە."
"قسەکردن کەڵکی نییە، نابێ لەوێ باڵوێزخانەی ڕوسی دروستبکرێ."
"چۆن ئەوەت زانی؟" پاشا وەهای وەڵامی وەزیر دایەوە، لە خۆشی دەپرسی تۆ بڵێی وەزیر لایەنی کامەیان بگرێ.
مستەوفی ئەلەمامليكيش گوتی: "خاوەنشکۆ، هەمووان ئەو شتە دەزانن، هەروەها خۆشتان."

پاشا نەیدەتوانی ئایەتوڵڵا لە شوێنی خۆی بوەستێنێ، وەزیریش دەیزانی سازشکردن شتێکی نەکردەیە ئایەتوڵڵاش لە لای خۆیەوە لە ململانێدا

بوو ئاخۆ لە وتاری ڕۆژی هەینیدا خەڵکەکە لەو مەترسییە ئاگادار بکاتەوە یان نا.
مستەوفی ئەلمەمالیک بە باڵوێزخانەی ڕوسی ڕاگەیاند، کەوا شتێکی ئەستەمە لەو شوێنەی دەستیان پێکردووە باڵوێزخانەی نوێیان دروست بکەن. لێ ڕوسەکان وای بۆچوون بریتانییەکان لەپشت ئەو هەرایە بن، بۆیە هۆشدارییەکەی وەزیریان پشتگوێخست و درێژەیان بە کاروباری خۆیان دا. کرەملین ئامادە نەبوو لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا دەست لە تەلارسازییەکەی هەڵبگرێ.
ئینجا وەزیر خۆی چووە ماڵی ئایەتوڵلا تا قسەی لەگەڵدا بکا: "من لە خەمخۆریت تێدەگەم، هەر بۆیە زۆر سەرقاڵی ئەوەم شوێنێکی نوێ بۆ ڕوسەکان ببینمەوە. داوات لێدەکەم هەندێک لەسەرم بوەستی."
هەر بەڕاستیش مستەوفی ئەلمەمالیک لەوەدا سەرکەوت شوێنێکی دیکە بۆ ڕوسەکان ببینێتەوە و پەیامی خۆی بۆ پاشا نارد تا بە زووترین کات قسە لەو بابەتەوە بکەن.
پاشاش بە وەزیرەکەی خۆی ڕاگەیاند: "ئێستا نا، دواتر، ئاخر ئێمە بە ئەرکێک لە ڕێگەداین بەرەو مەشهەد دەچین. کاتێک گەڕاینەوە دەتوانیت بێیت و قسەی لێوە بکەین."
شاری مەشهەدیش لەسەر سنووری هیندستان هەڵکەوتبوو، سەردانەکەی پاشاش بۆ ئەوێ دوو هەفتەی پێدەچوو.
وەها دیاربوو پاشا ڕەتیکردبووەوە گوێ بە هەستیاریی پرسەکە بدا و دان بە سەنگینی کێشەکەدا نانێ، ئاخر لەوکاتەی ئەو لە تاران دەرچووە، وەها چاوەڕێ دەکرا تەقینەوەی دۆخەکە لە ئان و ساتی خۆیدا بێ.

ئایەتوڵلا متمانەی بە وەزیر هەبوو، هەر بۆیە ئامادەیی خۆی بۆ دەربڕی چاوەڕێ بکا تا پاشا لە مەشهەد دەگەڕێتەوە.

ماوەیەک بوو پاشــا مەلیچکی لەگەڵ خۆی نەدەگێڕا. ئاخر بۆ مەلیچکیش زۆر مایەی هەراسـانی بوو لەو گەشـتە دووروودرێژانەدا لە جێگەی خۆی بنگرتی ببێ و هیچ بزۆزییەک نەکا، بۆیە ئەو لە مـاڵدا مـایەوە و بووە مایەی وەڕەزکردنی ئەوانی دیکە. ئەو چەند تفەنگ و دەمانچەی یاری لەو ســـاڵانەی ڕابردوو پەیداکردبوون، ئەوانەی لە گەشـــت و بۆنە جیاوازەکاندا بەدیاری وەرگرتبوون. یەکێ لەو تفەنگانە لەو گەشـــتەی پاشـــا بۆ ئەوروپا لە ولاتی بەلژیک بۆی کڕیبوو. کاتێک بەو تفەنگە نیشانەت لەیەکێک گرتبا و تەقەت لێکردبا، بەهۆی دەنگە زۆرەکەی بابای نیشانەلێگیراوەکە دەشێوا.

کاتێکیش پاشـــا بەرەو مەشـــهەد کەوتەڕێ، هەموو ڕۆژەکەی مەلیچک بەخۆی و تفەنگە بەلژیکییەکەی بەنێو کۆشـــکدا لەجرت و فرتدا بوو. هەرچەندە چاوەکانی وەک خۆیان نەمابوون، لێ ئەو ترســـوتۆقینەی بە لاســـارییەکەی پەیدا دەکرد، کەم نەبووبووەوە. هەمووان لە ترســـان خواردنیان دەدایێ ودەم و بەرکیان پڕ لە شیرینی دەکرد، بەڵکو خوا بکا دەستیان لێنەوەشێنێ و دۆستانە لەگەڵیان بجووڵێتەوە.

پزیشکە بریتانییەکەی پاشا، کە چارەسەری نەخۆشییەکانی مەلیچکیشی دەکرد، جارێک بە پاشـــای گوتبوو: "پێویســـتە ئەو زیاتر بجووڵێتەوە و بڕەتێ[104] دەنا لەماوەی یەک دوو ساڵدا دەکەوێ و دەمرێ."

بۆ ئەوەی مەلیچکیش بجووڵێنن و وەرزشـــی پێبکەن، پاشـــا فەرمانی بە چەنـد نۆکەرێکی چوارشـــــانە کردبوو نـاوبەنـاو بە کورســـییە دارەبازئاســـاکەی بگەیەننە ســـەر گردەکانی دەوروبەر. خۆی دەبووایە نۆکەرەکان قەفەزێکی پڕ لە مریشکیش لەگەڵ خۆیان ببەن. لەوێ لەسەر گردەکاندا مریشکەکانیان بەڕەڵا دەکردن، تا مەلیچک بە خۆی تفەنگەکەی

[104] ڕەتاندن: واتە غاردان بە کەسێک یان بە ئاژەڵێک تا کفت و ماندوو دەکەوێ.

بەدوا یاندا بکەوێ و ڕاویان بکا. بەم جۆرە مەلیچک وەک یاریکردنێک دەکەوتە جووڵە و هەڵبەز و دابەز. لێ زۆر جاریش دەربەست نەدەهات. ڕۆژێکیان لەسەر گردەکە مەلیچک جەغری[١٠٥] پێیداگرت هەر دەبێ ببردرێتە لای بازاڕ. بۆ یەکێک کە یەکەمین جار بێ مەلیچک ببینێ، شتێکی سەیر و سەمەرە بوو، ئاخر شازادەیەکی کەمئەندامی خەپە بەچاوی سەیر و عەنتیکەوە و تفەنگێک بە دەستەوە و لەسەر کورسییەک بەسەر شانی نۆکەرانەوە. مەلیچک حەزی لە بازاڕ بوو، بۆ ئەو خۆشترین جێ بوو، ئاخر لەوێ تێروپڕ شیرنەمەنی دەدرایێ. لە بازاڕ کەس بە هاتنی ئەو دڵخۆش نەدەبوو، چونکە مەلیچک هەمووانی دەترساند، بگەیشتبایە هەر کەسێک بە تفەنگەکەی دەیتوقاند. دوکاندارەکان چەند جارێک سکالایان لای سەرۆکی ئاسایشپارێزی بازاڕەکە کردبوو، کەوا هاتنی مەلیچک بۆ بازاڕ بە باش نازانن و پەسەندی ناکەن، ئاخر ئەو هەراسانیان دەکا، لێ سەرۆکی ئاسایشپارێزەکە ئەوەندە بوێر نەبوو پرسەکە بە کۆشک ڕابگەیەنێ. هەروەها بروسکەی ڕاستەوخۆش بە کێبڵی تێلێگرافەوە بۆ پاشا دادی نەدا.

ئێستاش شا لەوێ نییە، مەلیچک فەرمانی بە نۆکەران کرد زوو زوو هەڵیگرن و بیبەنە بازاڕ. ڕۆژ دوای ڕۆژ بازاڕی دەشێواند، ئیدی دوکاندارەکان گەیشتە لووتیان. ئەوان مەلیچکە هەرانسانکەریان بە درێژبوونەوەی سایەی پاشا دەبینی. بەندوباوێکی وەهاش کەوتە بازاڕ، گوایە بە مەبەست مەلیچک لە کۆشک هێڵراوەتەوە تا بچێتە بازاڕ و دوکاندارەکان هەراسان بکا. ئەم تەنگەتاوبوونە دەروویەکی دەربازبوونی بۆ خۆی دۆزییەوە. هەروەک ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبن، دوای

[١٠٥] جەغرین: نەسەلماندن، پێداگرتن بەلایەنی نەرێنییەوە.

نیوەڕۆیەکیان شیرینییەکەی یەکجار زۆریان بەسەر مەلیچکدا هەڵڕشت. سواڵکەرەکانیش قەراپەستێنەیان بوو تا بگەنە ئەو کورسییەی مەلیچکی لەسەر شانان هەڵگیرابوو، یەکدیان پاڵ دەدا و نۆکەرەکانیان بەلایەکدا دەخست تا خۆیان بگەیەننەوە شیرنییەکان.
مەلیچکیش ئەو شیرنبارانییە و شەڕی سواڵکەرانی پێخۆش بوو. لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەستی دایە تفەنگەکەی. بەم جۆرە پشێوی کەوتە بازاڕ. هەڵگرانی کورسییەکەی مەلیچک پاڵیان پێوەنرا، کورسییەکەی مەلیچکیش لاربووەوە بە قورسایی خۆی و مەلیچکەوە کەوتە سەرزەوی. دوکاندارەکانیش وردە دراویان فڕێدەدا تا سەر لە سواڵکەرەکان بشێوێنن، بەڵام تا دەهات پشێوی و پاشاگەردانی گەورەتر دەبوو. یاساوڵەکان ئەوانەی ئاسایشیان بۆ بازاڕ دەگەڕاندەوە چەند تەقەیەکیان کرد، بە هۆیەوە چەند سواڵکەر و دوکاندار بەرکەوتن و بریندار بوون.
دوای ئەوەی دەرۆزەکەرانیان لەوێ دوورخستنەوە، بینیان مەلیچک بە برینداری لەسەر زەوی کەوتووە. ئینجا خستیانە سەر گالیسکەیەک و بەرەو کۆشکیان بردەوە.
کاتێکیش دوکاندارەکان بینییان وەک شازادەیەک ڕەفتار لەگەڵ مەلیچک دەکرێ، لەکاتێکدا هاوڕێکانی خۆیان بۆ بەخت و چارەنووسی خۆیان جێهێڵراون، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بازاڕیان داخست و بەرەو لای ماڵی ئایەتوڵلا ڕۆیشتن و لە ڕێگاشدا هەر هاواریان دەکرد: "ئەڵلا، ئەڵلا، دادپەروەری!"
جەمال خان کە شاهید بوو بەسەر ئەو بارە نارەزایەتییەی خەڵک، دەرفەتەکەی قۆستەوە، ئەویش چووە ماڵی ئایەتوڵلا، لەبەردەمیدا نوشتایەوە و گوتی: "مێژوو لە دەرکەی ماڵی تۆدا دەدا."
تەباتەبائییش گوێی لە هاوار و بانگی ئاپۆرای خەڵک بوو: *ئیلتیجا*(پەنا)، *ئیلتیجا*(پەنا)، ئێمە هەموو هیوایەکمان بە ئێوەیە."

ئایەتوڵلاش دەرکەی ماڵی خۆی خستە سەر گازەرای پشت، بەڵام نەشیدەزانی ئاخۆ بەو ئاماژەیەی بەرسیارێتی خستە سەرشانی خۆی بەوەی نیشتمان بەرەو ڕۆژگارێکی نوێ دەبا. دوکاندارەکان مافووریان ڕاخست و لەماڵی ئایەتوڵلا لەسەر چۆک لێی دانیشتن.

بە ڕابەرایەتیی جەمال خان، کەسانێک دروشمێکی گەورەیان بەسەر دەرکەکەدا هەڵواسی، دروشمەکە تەنیا کە لە سێ وشەی بەهێزی مێژوویی پێکهاتبوو: *قانون! مەجلیس! عەدالەتخانە!/* قانون! پەرلەمان، دادگا!

٥٦

ئایەتوڵلاکان

یەکەمین ئایینی ئێرانی بەناوی زەردەشـــتی پێغەمبەری ئێرانییەکانەوە بوو. ئاگر لای شوێنکەوتوانی زەردەشت پیرۆز بوو. ئەوان ئاگریان وەک هێمایەکی ئاهورامەزدای خواوەند لەسەر زەویدا دەبینی.
لە پەرســـتگا هەرە بەناوبانگەکەیان لە شـــاری یەزد، یەکەمین ئاگر کە مرۆڤ کردبێتییەوە پاراســـتبوویان. هەربۆیە پەرســـتگاکان بەناوی ئاتەشکەدەبوون، کە واتای "ماڵێک بۆ ئاگر"ی دەگەیاند.
موغەکانی زەردەشـــتی ڕێســـاکانی ژیانی ڕۆژانەیان دادەڕشـــت و خەڵکەکەش بەو پێیە دەجووڵانەوە.
کاتێکیش عەرەب لەژێر ئاڵای ئیســـلامەوە بەســـەر ئێرانیان دادا، دینی زەردەشتییان قەدەغە کرد. بەسەر پەرستگە دێرینەکەی یەزدیان دادا تا ئـاگرەکەی بکوژێننەوە، بەڵام موبەدەکـانی زووتر ئـاگرەکەیـان لەوێ

لابردبوو، بە یاوەریی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە شـوێنکەوتووان بەرەو هیندستان ڕایان کردبوو.
یەک دوو سەدەی خایاند تا خەڵکەکە ئیسلامی وەک دینی خۆی پەژراند، بەڵام هەر بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، ئێرانیەکان ئیسـلامی داگیرکەرانیان ڕەتکردەوە و بیروبـاوەڕێکی نوێی ئیسـلامێتییـان بۆ خۆیـان داهێنـا. ئەوەیش ئیسـلامی ئێرانی بوو، کە پێیدەگوترێ بیروباوەڕی شـیعایەتی. لەو کـاتەوە ئێرانییەکـان ڕوحـانییەکـانی خۆیـان، ئیمـام و ئـایەتوڵلاکـانی خۆیان هەن، ئایەتوڵلاش دواپلەی پێگەیی دینییە، کە ئاخوندێک پێی بگا.

ئایەتوڵلاکان ڕێسـای نوێیان بۆ لەسـەرڕۆیشـتن دارشـت. ئەوان ژیانێکی سادە دەژیان و خۆشیان لە کاروباری سیاسی هەڵناقورتێنن.
ئایەتوڵلا شـــیرازیی بەســـاڵاچوو یەکەمین ئایەتوڵلا بوو، کە لە لایەن جەمال خان و ئەوانەی وەک ئەو دەســـەڵاتە دینییەکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی لە ڕێی فتواکەیەوە کۆمەک بە توتنفرۆشـە تووڕە و جوتیارەکانی توتن بکا. دوای ئەوە وردە وردە ئاخوندەکان خزانە نێو سـیاســەت و عەودالی سیاسەت بوون.
تەبـاتەبـائییش یەکێک بوو لەوان. دوای ڕووداوەکەی بـازاڕ، تەبـاتەبـائی چووە شـارە پیرۆزەکەی قوم. لەوێ پرسـی بێڕێزیکردنی گۆڕستانەکەی تاران و نەخشـەی دروستکردنی باڵوێزخانەیەکی نوێی ڕوسـی و ملنەدانی پاشا بۆ گرتنەبەری ڕێکارێکی پێویست لەگەڵدا باس کردن. ئاخر پاشا بە چوونی بۆ مەشهەد پشتی لەوە کرد کێشەکە چارەسەر بکا.
چیرۆکی گۆڕســـتانەکە کاری خۆی کرد، ئایەتوڵلاکان شـــتەکەیان بە پێشلکاری و بێڕێزییەکی گەورەی ڕوسەکان بینی بۆ سەر گۆڕستانێکی موسڵمانان. ئیدی لەم کارەدا ئەوانیش پشتی تەباتەبائییان گرت.

زووتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا، پاشا لە گەشتەکەی بۆ مەشهەد گەڕایەوە. بە دڵنیابوونەوە لە پشـــتگیریی قومەوە، ئەوە بوو ئایەتوڵڵا تەباتەبائی نامەیەکی توندی لەبارەی پرســـی گۆڕســـتانەکە و کردەوە ســـامناک و تۆقێنەرەکەی مەلیچکی نووسی. ئەو ئەم دوو پرسەی وەها بەکارهێنا تا بگـاتە ئەو داخوازییەی: "گەل داوای قـانون و مەجلیس و عەدالەتخـانە دەکا."

ئایەتوڵڵا ویستی نامەکەی بە تەتەرێک ڕەوانەی کۆشک بکا، بەڵام جەمال خان ڕاوێژێکی دیکەی بۆ کرد. "پاشـــا تۆ پشـــتگوێ دەخا. هەروەها ئەم نامەیەش لای خۆی دادەنێ و دەیمرێنێ. پێموایە ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی دیکە بۆی بچین."

ئایەتوڵڵاش پرسی: ""باشە پێشنیازت چییە؟"

"با نامەکەت لە ڕێی باڵوێزخانەی بریتانییەوە بگا. بە پەســـەندنامەی تۆ داوا لە بریتانییەکان دەکەین نامەکەی تۆ بە فەرمی ڕادەستی پاشا بکەن."

"پێموایە ئەمە بیرۆکەیەکی هۆشـمەندانە نییە. باشـە بۆچی ئینگلسـتان بە کاروباری ناوخۆمانەوە بگلێنین؟"

جەمال خانیش وەها وەڵامی دایەوە: "لەوە باشـــتر نییە، خۆ ناکرێ تا هەتایە هەر چاوەڕێی کاردانەوەی پاشـــا بکەین. بێگومان قانوننامەش مافێکی سروشـتی هەر گەلێکە. لەم ململانێیەشمان لە دژی پاشا دەکرێ ئینگلستان ببێتە هاوپەیمانمان."

دەســـتەیەکی حەوت کەســـی لە بـازرگـانـان بە نوێنەرایەتیی بـازار، پەیامەکەی ئایەتوڵڵایان گەیاندە باڵوێزخانەی بریتانی. هیچ کەســـێکیش لەوان ئینگلیزیی نەدەزانی. هەر بەڕێکەوتیش پیاوێکی بەناوبانگی بریتانی لە باڵوێزخانەکە بوو، ئەویش براون ئێدوارد گرانڤیل[106] بۆو. ئەو شـــێت و

[106] Browne Edward Granvill

شـــەیدای ئێران بووبوو، بە هەموو شـــوێنە وێرانە و کاولگە دێرینەکاندا دەگەڕا و هەوڵی دەدا بەڵکو نهێنیی خەتە بزمـارییەکـان بـدۆزێتەوە و مەتەڵە مێژوویەکەیان هەڵبێنێ. لەو کاتدا بە دەگمەن کەسێکت دەدۆزیەوە ئەوەندەی ئەو براون ئێدوارد گرانڤیله ئاگاداری مێژووی ئێران بێ. ئەو بە پیشــە پزیشــک بوو، بۆیە چووبایە هەر شـوێنێک پێشـوازیی لێدەکرا. تەمەنی ســی ســاڵان بوو، ســێ کەڕەت هاتبووە ئێران. هەر بۆ خۆیشــی فێرە زمانی فارسی بووبوو.
ئەو کـابرا بریتـانییە لە بـاشــووری وڵات بوو کـاتێ دەنگوبـاســـی پشێوییەکانی ناو تارانی بیست. لە ناوچەی پاشارگاددا بە دوای کۆشکە کۆنەکـانـدا دەگەڕا ئەوانەی ئەســـکەنـدەری مەزن ئـاگری تێبەردابوون. کاتێک بە هەرایەکەی زانی دەســتی لەکارەکەی هەڵگرت و بە پەلەپرووزێ بەرەو تاران گەڕایەوە تا پێشهاتە تازەکان لە نزیکەوە ببینێ.
گرانڤیل لەوێ لە شـــوێنی مانەوەی بریتانییەکاندا مایەوە، کاری لەســـەر گەشــتنامە بەناوبانگەکەی بەنێو ئێراندا دەکرد. لەو ڕۆژە دیارەشــدا ئەو لەپشت پەنجەرەی ژووره بچکۆلەکەی لە نهۆمی دووەمی باڵوێزخانەکەدا وەستابوو، ڕووی لەسەر گۆڕەپانی بازار بوو، چاوەڕێی تێلێگرافوانەکەی دەکرد تا ڕاپۆرتی گەشتنامەکەی بۆ ڕۆژنامەیەکی بریتانی بنێرێ.
لەوێوە ئەو حەوت پیاوی بە کەوا و ســـەڵتە و کڵاوی قووچ و قیتەوە بینین، کە بە شـــکۆوە بەرەو بـاڵوێزخـانەکە دەهـاتن. لەبەر ئەوەی ئەو زمانی فارسـی دەزانی و بەڕەفتار و ئاکاریان بەڵەد بوو، دەمودەسـت لە ڕێڕۆیشتنەکەیانی زانی، شتێکی گرنگ لە ئارادایە.

حەوت بازرگانەکە یاداشـــتێکیان بە ئینگلیزی لەگەڵ خۆیاندا بردبوو، کە تێیدا باسـکرابوو مەبەسـتیان لە سـەردانی باڵوێزخانەکە چییە. هەر زوو گرانڤیلیش چاوێکی بە دەقە نووســراوەکەدا خشـــاند. تەنانەت دوودڵیش

بوو لەوەی ئاخۆ فەرموو لەو حەفت جوامێرە بکا بێنەژوور یان سەرەتا پێویستە بالۆیزی لێ ئاگاداربکاتەوە. ئیدی بڕیاری یەکەمی دا و فەرمووی ژوورەوەی لێکردن.
بۆ مایەی سەرسامی پیاوە ئێرانییەکان، کابرای ئینگلیز بە زمانی خۆیان بەخێریهێنان هەر ڕێک بەگوێرەی دابونەریتەکەشیان لەگەڵیاندا جووڵایەوە: "*خوش امدید، بفەرمائید تو. چای تازە حازر است*. بەخێربێن، فەرموون بۆ ژوورەوە، چاش دەمکراوە و بۆ ئێوە سازە."
بازرگانەکان دەستبەجێ متمانەیان بە کابرای ئینگلیز کرد و گرێی دڵیان لەلا کردەوە.
ئینجا گرانڤیل بە دڵگەرمییەوە چووە ژوورەکەی بالۆیز و دەرکەی لەسەر خۆی پێوەدا و پێیگوت: "حەوت پیاوی ئێرانی لێرە لە خوارەوە چاوەڕێی تۆ دەکەن. ئەوان نامەیەکیان پێیە بە مۆمی سوور مۆرکراوە، دەیانەوێ بالۆیزخانەی بریتانی نامەکەیان بە فەرمی ڕادەستی پاشا بکا."
"باشە بۆچی دەیانەوێ ئێمە ئەو کارەیان بۆ بکەین؟"
"ئەگەر من باش لە چیرۆکەکەیان حاڵی بووبم، ئەوان لە لایەن شاوە پشتگوێخراون. ئێستاش دەیانەوێ لە ڕێی بالۆیزخانەوە هەوڵی خۆیان بدەن و پاشا ناچار بکەن وەڵامی نامەکەیان بداتەوە."
"بەڵام ئەم شتە کارێکی نەکردەیە، بۆ ئێمە نییە لووتمان لە کاروباری ناوەخۆی ئەم وڵاتە بژەنین."
براون ئێدوارد گرانڤیل کەسێکی ئازاد بوو، هیچ چاوی لەسەر پلەوپایەی سیاسییانە نەبوو. نزیکەی سێیەکی ژیانی خۆی لە هیندستان و ئێران بەسەربردبوو، کەیفیشی بە هەڵسوکەوتی بریتانیا لەو وڵاتانە نەدەهات.
ئێستاش بالۆیزەکە پێیگوت ئەو ناتوانێ نامەی ئەو حەوت بازرگانە ئێرانییە وەربگرێ، ئینجا گرانڤیل هەندێ چەمایەوە و بەگوێی بالۆیزی

چرپـانـد: "ئەمە دەرفەتێکی بێوێنەیە بۆ ئیمپراتۆریەتی بریتـانی، دەی نامەکەیان لێوەربگرە."

باڵوێز دابەزیە نهۆمی خوارەوە و چووە لای مێوانەکان، کە بەتاســـەوە چاوەڕێیان دەکرد. یەکێ لە حەوت پیاوەکان نامە مۆرکراوەکەی وەک گەوهەرێک بە ســینگییەوە نووســاندبوو. ئەوان ســڵاویان لە باڵوێز کرد، پیاوەکە نامەکەی توند گرتبوو، خەریک بوو بە زمانی فارســـی چیرۆکی هاتنەکەی بۆ دەگێڕایەوە.

باڵوێزیش بانگی گرانڤیلی کرد تا ببێتە دیلمانج[107] باڵوێزەکە لە فارســـی دەگەیشــت، پێویســتی بە بانگکردنی براون ئیدوارد گرانڤیل نەبوو، بەڵام پێدەچوو بۆ ئەوەی بووبێ شـــتەکە بۆ ئەو کتێبەی گرانڤیل، کە خەریکی نووســـینی بوو، نموونەیی بێ. لەوانەیە هیوای بەوە بووبێ لە ڕێی گرانڤیلەوە هەروەک چۆن ڕووداوەکە دەچێتە نێو مێژووی ئێران، ئاوەهاش بچێتە نێو مێژووی بریتانی.

"باڵوێز دەڵێ ئەم کارە لە جیهانی دیپلۆماسیدا شتێکە نەکراوە و نەبووەتە خوو، کە باڵوێزێک خۆی لە کێشــەکانی ناوەخۆی ئەو وڵاتەی لێی مێوانە هەڵبقورتێنێ. لێ بۆ یەک تــاکەجــار بە شــــێوەیەکی تــایبەت ئەو بەرپرسـیارێتییە هەڵدەگرێ و نامەکەی ئێوە بە فەرمی بە پۆسـتی خۆیان بۆ پاشــای ڕەوانە دەکا. باڵوێز پێ لەســەر ئەوە دادەگرێ، کە ئینگلســتان لە دەرەوەی ئەو پرســـەیە و خۆی بەدوور دەگرێ لە نــاوەڕۆکی نامەگۆڕینەوەی ئێوە."

ئەو پیاوەی بە نوێنەرایەتیی دەســتەکە قســەی کرد، ســوپاســی باڵوێزی کرد و نامەکەی ڕادەست کرد. ئینجا هەر حەوت پیاوەکە هەندێ سەریان دانەواند و خواحافیزییان کرد و لەوێ ڕۆیشتن.

---

[107] دیلمانج: وەرگێڕ، پاچڤەکار.

کاتێکیش پاشـا نامه مۆردارەکەی بارزگانەکانی لەنێو زەرفێکی بە مۆری بەریتانی بەدەست گەیشت، خەریک بوو لەسەر کورسییەکەی بەرببێتەوە. یەکسـەر بانگی وەزیر و عەینولدەولەی کرد. "بازرگانەکان پێیان لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕاکێشـاوە. جاری پێشـتر ئێمە بە نەرمی و لاوازیی لەگەڵیان جوولاینەوە، هەر بۆیە ڕوو قایمیان کرد و پەنایان بردووەتە بەر باڵوێزخانەی بریتانی. ئێمە ئەو شـتە وەک ناپاکییەک لە تەخت و تاجی پاشایەتی دەبینین. ئینگلستان بێ ئەوەی کەس داوای لێبکا خۆی لە کاروباری ئێمە هەڵقورتاندووە. ئێمە دەبێ ئەو بەڵایە ڕیشەکێش بکەین."
داوای لە وەزیر کرد سـکالایەک بگەیەنێتە باڵوێزخانەکە و پێگەی خۆیان پێ نیشـان بدا، هەروەها داوای لە عەینولدەولەش کرد ئەو کەسـانەی پەیوەندییان بە باڵوێزخانەکە کردووە، بگرێ: "زۆر توند سـزایان بدە، لەبەر چاوی خەڵکیش وا بکە!"
وەزیر وێرای ئەوە بڵێ: "بەم شـێوازەیە ناتوانین چارەسـەری کێشـەکان بکەین. ئێمە ناوەڕۆکی نامەکەیان پشـتگوێ دەخەین، پێویسـتە داواکانیان بزانین."

- "کامە داخوازی، ئەوەی ئەوان دەیانەوێ دژوارە و بێ قانونییە. ئینگلسـتان بۆی نییە پێمانبڵێ لە ولاتەکەی خۆمان چی بکەین و چی نەکەین."
- "ئەوانە داخوازیی ئینگلستان نین، بەڵکو داخوازی بازاڕن."
- "ئایا بازاڕ پاشایە یان ئێمە؟"
- "ئێوە پاشان و ئەوەش پێویستییەکانی ڕەعیەتەکەتانە، ڕەعیەتێک کە پێویستە گوێیان لێبگرین."
- "ئێمەی پاشای ئێران لەگەڵ ناپاکان لەسەر یەک مێز دانانیشین."
- "ئەم بژاردەیە لێکەوتەی نەخوازراوی بۆ شا لێدەکەوێتەوە."

- "پاشـــاکانی پێش ئێمە هەمیشـــە لەگەڵ هەســـتێکی وەهای نەخوازراوەوە جووڵاونەتەوە."
مســـتەوفی ئەلمەمـالیکیش جەختی کردەوە: "بۆ بەرژەونـدیی تـایبەتی خۆتـان ڕاوێژی من ئەوەیە لەم هەلومەرجەدا هیچ تونـدوتیژییەک بەکارنەهێنرێ."
پاشـا ڕووی دەمی کردە عەینولدەولە و گوتی: "ســەرەتا با ئەو کەســانە بگرین، کە نامەکەیان گەیاندۆتە باڵوێزخانەکە. پاشـــان قســـە لەبارەی ناوەڕۆکی نامەکە دەکەین."
پاشا بەم قسەیەی بڕاندییەوە و کۆتایی بە هەموو وتووێژێک هێنا.

هەر زوو عەینولدەولە بۆی دەرکەوت ئاخۆ ئەو بازرگانانەی نامەکەیان گەیاندبووە باڵوێزخـانەکە کێن. ئینجـا بەخۆی و تیپێک لە یاســـاوڵە چەکدارەکانەوە چووە ماڵی ئایەتوڵلا، لەوێ بازرگان و دوکاندارەکان لەســەر چۆکان دانیشـتبوون. بە تفەنگی دەسـتییەوە ئەو لە نێوەڕاسـتی حەوشـــەی ماڵی ئایەتوڵلا ڕاوەســـتا، لەکاتێکدا پیاوە چەکدارەکانی هەر حەوت بازرگانەکانی ڕاکیشـــانە دەرەوە. بازرگان و دوکاندارەکانی دیکە ویســـتیان ڕێگەیان لێبگرن. هـاواریـان دەکرد: 'لا ئیلاهە ئیللا ئەڵڵا." و پەلاماری یاساوڵەکانیان دا.
ئایەتوڵلا تەباتەبائییش مێزەرە ڕەشـــەکەی فڕێدایە بەرپێی عەینولدەولە و پێیگوت: "من لە ڕەفتارەکەت ئاگادار دەکەمەوە! خودا ئەوەی تۆ دەیکەی قەدەغەی کردووە!" ئینجا ویســـتی بچێتە بەردەرکە و یارمەتیی بازرگانە گیراوەکان بدا، بەڵام ڕێگەی لێگیرا.
خەڵکەکەش هاواریان دەکرد: "ئەڵلا! ئەڵلا! خەڵکینە، یارمەتی!"
ئینجـا لە هەموو کونوقوژبنێکەوە خەڵـک ڕژانە مـاڵی ئـایەتوڵلا، لەو شـــوێنەی گیراوەکان ســـواری گالیســـکەیەک کرابوون. عەینولدەولە و

پیاوەکانی خەڵکەکەیان لە دوور ڕاگرت، ئیدی لەوکاتەدا و لەپڕ جەمال خان، کە هەمیشە بە جلێکی ئاخوندانە دەردەکەوت، بە خۆی و دەستەیەک لە شــوێنکەوتە دڵســـۆزەکانی پەلاماری گالیســـکەکەیان دا. توانییان گیراوەکان ئازاد بکەن، هەروەها لەوەشـــدا ســـەرکەوتن خۆیان بگەیەننە نووسینگەی تێلێگراف و دەرگا ئاسنینە گەورەکەی باڵەخانەکەی پشتەوە لەسەر خۆیان دابخەن.

تا ئەوکات خەڵک هانای بۆ شـــوێنە پیرۆزەکان و ماڵی ئایەتوڵڵاکان دەبرد، بەڵام ئەمە یەکەمین جار بوو، باڵەخانەی تێلێگرافەکە ببێتە جێگەی داڵدەدانی ئەوانەی لەبەردەســتی یاســاوڵەکان هەڵدەهاتن. عەینولدەولەش لە گەمارۆدانی باڵەخانەکە پتر چیدیکەی پێنەدەکرا، پاشـــان ســـواری ئەسپەکەی بووە بۆ لای شا تێیتەقاند تا لە ڕەوشەکە ئاگاداری بکاتەوە.

ئێوارە داهات و دونیا تاریک داهاتبوو، کەچی ئەو یاســاولانەی دەورەی باڵەخانەی تێلێگرافیان گرتبوو، هیچیان لە عەینولدەولە هەڵنەکڕاند و ســـەروســـەکوتی هەر وەدەرنەکەوتەوە. دیاربوو پاشـاش لەو ئاراســـتە نوێیەی ناڕەزایەتیی دوکاندارەکان ســـەری لێشـــێوابێ. لەنێو باڵەخانەی تێلێگرافەکە کەشـێکی ســـەرکەوتن بەســەر داڵدەخوازەکاندا باڵکێش بوو. دوکاندارەکان چەندین تێلێگرافیان بۆ بازاڕەکانی وڵات نارد و بارودۆخی خۆیان لە تاران بۆ ڕوونکردبوونەوە. تێلێگرافەکەشـــیان بە دروشـــمی نوێوە واژۆ کردبوو.

هەر هەمـان شـــەوی زرینگەی تێلێگرافی باڵوێزخانەی بریتـانی هـات. ئەویش تێلێگرافێـک بوو بۆ بـاڵوێز نێردرابوو. براون ئێـدوارد گرافیل بروســـکەکەی خوێندەوە: "شـتێکی باوەڕپێنەکراوە، ئەوان داواکارییەکانی خۆیان بە هەموو دنیادا ڕاگەیاندووە. ئەوان پەرلەمان و دادگایەکی باڵا و قانوننامەیان دەوێ و داواشیان لە ئینگلستان کردبوو تا لە ململانییەکەدا پشتیان بگرێ."

باڵویزیش گوتی: "نازانم ئاخۆ ئەمە هەنگاویکی هۆشـــمەندانەیە یان نا. خۆی پێم باشـــتربوو ســـەرەتا قســـەم لەگەڵ کردبان. دەترســـم هەموو شتێک لەدەست دەربچێ."

"لەوانەیە، بەڵام لەوانەش نییە. هەروەک پاشـــا نەیارەکانیشـــی دەزانن یـــاریەکە چۆن بکەن. ئەوەی نوێ بێ ئەوەیە ئەوان تێـدەکۆشـــن ئینگلستانیش بخەنە پاڵ ڕاپەرینەکەیان."

"ئەمە کـارێکی ئـاڵۆزە. من پرســـم بە لەنـدەن کرد و ئێمە خۆمـان لە ڕەوشێکی بێزارکەردا دەبینینەوە."

پاشا لە ڕێی تێلێگرافەکەی خۆیەوە هەمان پەیامی پێگەیشت. کاتی ناوی بازرگانەکی خوێندەوە، ویسـتی ئەویش بخاتە سـەر بارسـتایی تێلێگرافە کەڵەکەبووەکان. ترس و سـڵەمینەوە پەڕیە نێو دڵی پاشـا. ئەم فەرمانەی بە عەینولـدەولە کرد: "کێبلی تێلێگرافی تـاران ببڕە، تـا نەتوانن چیـدی پەیوەنـدی بە دنیـای دەرەوە بکەن. لێنەگەڕێ کەس بچێتە ژوور لای ئەوان، با لە برسان و تینوێتیان ناچار بن بێنەدەرەوە."

هەر زوو هەواڵی داگیرکردنی باڵەخـانەی تێلێگراف بەنێو ســـەرتـاپـای شـــارەکەدا بڵاوبووەوە. ئیدی خەڵک پۆل پۆل خەڵک بۆ پشـــتگیریی دوکاندارەکان دەهاتن و ورەیان بەرز دەکردنەوە و بانگیان دەکردن و دروشـــمیان بۆ دەکێشـــان. خەڵک هەوڵیدا خواردنیان بۆ لەســـەر شـــوورەکەوە فڕێبداتە ناو خانوەکە، بەڵام هەر کەســـێک وەهای کردبا، یەکسـەر یاسـاوڵەکان دەیانگرت و لێیشـیان دەدا. دوکاندارەکانیش لەنێو باڵەخانەکە هەر هاواریان دەکرد: "*مەجلیس! عەدالەتخانە! قانون!*"

ئاپۆرای خەڵکیش هاوارەکەیان دەســـەندەوە: "*ما همە با هم هســتیم*، ئێمە لەگەڵ ئێوە داین، ئێمە هەمووومان بە یەکەوەین." وێڕای پاســـەوانییەکی توند، کەچی ئازوقە بۆ دوکاندارەکان هەر نێردرا. کاتێک گەورەکانیان

سەیریان نەدەکرد و ئاگایان لێنەدەبوو، هەندێ لە پاسەوانەکان دەبەی ئاو و خواردنیان لە خەڵکەکە وەردەگرت و دەیاندایە ئەوانەی لەپشت دیوارەکانەوە خۆیان حەشاردابوو.

سێ ڕۆژ وەها ڕۆیشت و هیچ نەقەوما.
دوکاندارەکان لێبڕاوانە لەسەر قاچی خۆیان وەستابوون و هاواریان دەکرد: "یان مەرگ یان قانون!" ئەم دروشمە توند و ئاگرینانە لە لایەن ئاپۆرای دەوروبەریان دەنگی دەدایەوە. ئەوانیش سەداکەیان دەگەیاندە تەواوی شارەکە.
ئێوارانیش ژنانی پاشا بە خۆیان و دووربینەکانیان وەسەر بان دەکەوتن. بە باشیش خەڵکەکەیان نەدەبینی، بەڵام مەشخەڵ و جووڵەی خەڵکیان دەبینی و گوێشیان لەو هاوارەیان دەبوو: "قانون! قانون! قانون!"
دروشمەکان شتێکیان لە هەناوی ژنانی حەرەمسەرا دنەدەدا. ئەوان تێنەدەگەیشتن ئاخۆ بەکردەوە "قانون" چی دەگەیەنێ و ئاخۆ قانون چ سوودێک بە ئەوان دەگەیەنێ. ئەوانیش لەبەر خۆیانەوە وەک ویردێک بخوێنن دەیانگوت "قانون، قانون. قانون"، بە دووبارەکردنەوەی ئەو وشە نامۆییە خۆشییەکی نادیار دەپەڕیە جەستەیان.
پێدەچوو ڕەوشەکە بێهوودە بێ. پاشا نەیدەویست زەبروزەنگ بەکاربهێنێ. خۆنیشاندەرانیش نەیاندەویست باڵەخانەکە جێبهێڵن. باڵوێزی بریتانیا لە لەندەنەوە پێیگوترا بەدوای پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا بڕوا، هیچ دەستپێشخەرییەک نەنوێنێ، لەگەڵ هەمووانیش لەسەر خەت بێ و قسە بکا. لەندەن گەیشتە ئەو ئەنجامە، کە پاشا ئەو ململانێیە ناباتەوە، هەر بۆیە بە باڵوێز ڕاگەیەنرا لە حاڵەتی هەرە کۆتاییدا دەستێکی یارمەتی بۆ خۆنیشاندەران درێژ بکا.

بالّویزیش گوتی: "نازانم ئاخۆ ئەمە هەنگاویکی هۆشمەندانەیە یان نا. خۆی پێم باشتربوو سەرەتا قسەم لەگەڵ کردبان. دەترسم هەموو شتێک لەدەست دەربچێ."
"لەوانەیە، بەڵام لەوانەش نییە. هەروەک پاشا نەیارەکانیشی دەزانن یاریەکە چۆن بکەن. ئەوەی نوێ بێ ئەوەیە ئەوان تێدەکۆشن ئینگلستانیش بخەنە پاڵ ڕاپەرینەکەیان."
"ئەمە کارێکی ئاڵۆزە. من پرسم بە لەندەن کرد و ئێمە خۆمان لە ڕەوشێکی بێزارکەردا دەبینینەوە."

پاشا لە ڕێی تێلێگرافەکەی خۆیەوە هەمان پەیامی پێگەیشت. کاتی ناوی بازرگانەکی خوێندەوە، ویستی ئەویش بخاتە سەر بارستایی تێلێگرافە کەڵەکەبووەکان. ترس و سڵەمینەوە پەڕیە نێو دڵی پاشا. ئەم فەرمانەی بە عەینولدەولە کرد: "کێبلی تێلێگرافی تاران ببڕە، تا نەتوانن چیدی پەیوەندی بە دنیای دەرەوە بکەن. لێنەگەڕێ کەس بچێتە ژوور لای ئەوان، با لە برسان و تینوێتیان ناچار بن بێنەدەرەوە."
هەر زوو هەواڵی داگیرکردنی باڵەخانەی تێلێگراف بەنێو سەرتاپای شارەکەدا بڵاوبووەوە. ئیدی خەڵک پۆل پۆل خەڵک بۆ پشتگیریی دوکاندارەکان دەهاتن و ورەیان بەرز دەکردنەوە و بانگیان دەکردن و دروشمیان بۆ دەکێشان. خەڵک هەوڵیدا خواردنیان بۆ لەسەر شوورەکەوە فڕێبداتە ناو خانوەکە، بەڵام هەر کەسێک وەهای کردبا، یەکسەر یاساوڵەکان دەیانگرت و لێیشیان دەدا. دوکاندارەکانیش لەنێو باڵەخانەکە هەر هاواریان دەکرد: "*مەجلیس! عەدالەتخانە! قانون!*"
ئاپۆرای خەڵکیش هاوارەکەیان دەسەندەوە: "*ما همە با هم هستیم*، ئێمە لەگەڵ ئێوە داین، ئێمە هەموومان بە یەکەوەین." وێڕای پاسەوانییەکی توند، کەچی ئازوقە بۆ دوکاندارەکان هەر نێردرا. کاتێک گەورەکانیان

سەیریان نەدەکرد و ئاگایان لێنەدەبوو، هەندێ لە پاسەوانەکان دەبەی ئاو و خواردنیان لە خەڵکەکە وەردەگرت و دەیاندایە ئەوانەی لەپشت دیوارەکانەوە خۆیان حەشاردابوو.

سێ ڕۆژ وەها ڕۆیشت و هیچ نەقەوما.
دوکاندارەکان لێبڕاوانە لەسەر قاچی خۆیان وەستابوون و هاواریان دەکرد: "یان مەرگ یان قانون!" ئەم دروشمە توند و ئاگرینانە لە لایەن ئاپۆرای دەوروبەریان دەنگی دەدایەوە. ئەوانیش سەداکەیان دەگەیاندە تەواوی شارەکە.
ئێوارانیش ژنانی پاشا بە خۆیان و دووربینەکانیان وەسەر بان دەکەوتن. بە باشیش خەڵکەکەیان نەدەبینی، بەڵام مەشخەڵ و جووڵەی خەڵکیان دەبینی و گوێشیان لەو هاوارەیان دەبوو: "قانون! قانون! قانون!"
دروشمەکان شتێکیان لە هەناوی ژنانی حەرەمسەرا دنەدەدا. ئەوان تێنەدەگەیشتن ئاخۆ بەکردەوە "قانون" چی دەگەیەنێ و ئاخۆ قانون چ سوودێک بە ئەوان دەگەیەنێ. ئەوانیش لەبەر خۆیانەوە وەک ویردێک بخوێنن دەیانگوت "قانون، قانون. قانون"، بە دووبارەکردنەوەی ئەو وشە نامۆییە خۆشییەکی نادیار دەپەڕیە جەستەیان.
پێدەچوو ڕەوشەکە بێهوودە بێ. پاشا نەیدەویست زەبروزەنگ بەکاربهێنێ. خۆنیشاندەرانیش نەیاندەویست باڵەخانەکە جێبهێڵن. باڵوێزی بریتانیا لە لەندەنەوە پێیگوترا بەدوای پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا بڕوا، هیچ دەستپێشخەرییەک نەنوێنێ، لەگەڵ هەمووانیش لەسەر خەت بێ و قسە بکا. لەندەن گەیشتە ئەو ئەنجامە، کە پاشا ئەو ململانێیە ناباتەوە، هەر بۆیە بە باڵوێز ڕاگەیەنرا لە حاڵەتی هەرە کۆتاییدا دەستێکی یارمەتی بۆ خۆنیشاندەران درێژ بکا.

جەمــال خــان و ئــایەتوڵڵا تەبــاتەبــائی هەموو هەوڵێکیــان دا گەورە ئــایەتوڵڵاکــانی قوم بهێننە تــاران، بەو هیوایەی هــاتنی ئەوان دۆخەکە یەکلابکاتەوە. بۆ ئێوارە درەنگ سێ گالیسکە کە نۆ ئایەتوڵڵای تێدابوون گەیشتنە شار. خەڵکیش هەر هاواری دەکرد: "*خوش آمدید، خوش آمدید. سەلەلاهو عەلا محەمەد، سلام بر محمد*. بەخێر بێن، سڵاو لە محەمەد وماڵباتی."

یاساوڵەکانی لای تێلێگراف گالیسکەکانیان وەستاندن. ئایەتوڵڵاکانیش بە شــــەکەتی لە گالیســــکەکان دابەزین. ئایەتوڵڵاکان بەرەو باڵەخانەکەی تێلێگراف ڕۆیشــتن، هیچ یاســـاوڵێکیش زاتی نەکرد بیانوەســتێنی. ئاخر دەیانزانی ئەگەر هەڵەیەکی وەها بکەن، ئەوا ئاپۆرای خەڵک دەیانخاتە بن دەستوپێیان. هەر بۆیە خۆیان لادا بە بێدەنگی سەری خۆیان شۆڕکرد.

کاتێک خەڵکی نێو باڵەخانەی تێلێگراف ئایەتوڵڵاکانیان بینی، لە شــــوێنی خۆیانەوە وروژان و هاواریان دەکرد: "یان مەرگ، یان قانون!"

بەتەمەنترین ئایەتوڵڵا کە ناوی بەهبەهانی بوو، داردەســــتەکەی لە هەوا بەرزکردەوە و لەســەر ڕیتمی دروشــمەکان ڕایدەوەشــاند. ئەم نیشــانەیە لای ئایەتولاکانی دیکەش دووبارە کرایەوە: "قانون! قانون! قانون!"

پاشــــان ئایەتوڵڵا ماندوو شــــەکەتەکان بەرەو ماڵی ئایەتوڵڵا تەباتەبائی ڕۆیشتن تا لەوێ وەک نارەزاییەک لەسەر چۆکان دابنیشن.

زۆری پێنەچوو دەیان ئاخوندی دیکە شــــوێنپێی ئەوانیان هەڵگرتەوە. باڵوێزخانەی بریتانی ئەمەی دەبینی و هەموو شــتێکی یاداشــت دەکرد و ڕۆژانەش بە تێلێگراف دەیناردەوە لەندەن. ئیدی مرۆڤ بۆ هەموو شتێک ئامادەبوو.

ئەو دانیشتنەی سەر چۆکانی ئاخوندەکانی قوم پاڵپشتێکی دوکاندارەکانی باڵەخانەی تێلێگراف بوو، بەڵام خۆ هێشتا گۆڕانکاریی بەسەر ڕەوشەکەدا نەهێنا.

پاشا بە هیچ شێوەیەک لە ژێر فشاردا نەچەمایەوە.

جەمال خانیش هەموو شەوان کۆدەبووەوە بەڵکو ئەگەری هاوکاریکردنی دوکاندار و ئایەتوڵلاکان بگەیەنێتە قۆناغی داهاتوو. ئەوەبوو کۆمیتەکە یەک دوو شەو لەپاش گەیشتنی ئایەتوڵلاکان بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان دا. ئەوان بەسەر زیندانە سامناکەکەی تاراندا بدەن و هاوڕێکانیان ئازاد بکەن.

بۆ ڕۆژی پاشتر بە سەدان لە خۆپیشاندەران زنجیر و کۆتی زیندانییەکانی زیندانە شێدارە و تاریکەکەیان پچڕاند.

میرزا ڕەزا لاواز و کەلەلا بووبوو، نەبەزانە وەستابوو کاتێ لە دالانە تاریکەکەدا گوێی لە دەنگی جەمال خان بوو بەرەو ژووری زیندانەکەی ئەو دەهات.

لەو شەڕە تەقەیەی نێوان پاسەوانانی زیندان و خۆپیشاندەراندا چوار زیندانی بوونە قوربانی. خۆ ئەگەر پاسەوانەکان زەبروزەنگیان بەکارهێنابا، بە دەیان خۆپیشاندەر دەکوژران، بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، هەندێ لە پاسەوانەکانی زیندانەکە لەگەڵ کردەی خۆپیشاندانەکە هاوئاواز بوون.

کاتێکیش هەواڵی بەسەردادانی زیندانەکە گەیشتە باڵەخانەی تێلێگرافەکە، خۆپیشاندەران پەلاماری هێزی یاساوڵی ئاسایشپارێزی ئەوێیان دا.

عەینەولدەولەش لەبری ئەوەی پاشەکشە بکا، کەوتە حاڵەتی هێرشکردن. فەرمانی بە یاساوڵەکان کرد بە باریەیەکی[108] گەورە دەرگەی نووسنگەی

---

[108] باریە: ستوونێکی ئاسنینە بۆ شکانی بەرد بەکاردێ.

تێلێگرافەکە بشـــکێنن. بە قۆنداغە تفەنـگ لە دوکـانـدارەکـانیـان دا، لێ دوکاندارەکانیش بەرگرییان لەخۆیان کرد و هاواریان دەکرد: "یان قانون یان مەرگ!"

چەند کەســـێک پەلاماری عەینولدەولەیان دا. گەمارۆیان دا، ئاخوندێکی گەنج بازی داو جڵەوی ئەسپەکەی گرت. یەکسمەکە هەستا سەر پاشوو و حیلاندی. عەینولدەولەش لولەتی تفەنگەکەی لە ئاخوندەکە کرد، بەڵام ئەو پێی چەپەی گرت و لەســـەر زین هێنایەخوار، ئیدی بەخۆی و تفەنگ و شیرەکەی کەوتە سەر زەوی. ئاخوندە گەنجەگە تفەنگەکەی لێستاند و ویســـتی تەقە لە عەینولدەولە بکا، بەڵام چاوەشـــێکی عەینولدەولە لە ئاخوندەکە تەڕدەستتر بوو تەقەی لێکرد و بەریدایەوە.

براون ئێدوارد گرانڤیل لە سەربانی شوێنی حەوانەی بریتانییەکاندا بینی چی ڕوویدا. لەو پاشـــاگەردانییەی تەقەی یاســـاوڵەکان و بەرد و داری خۆپیشـــاندەران، کە بەرگرییان پێ لە گیانی خۆیان دەکرد، جەمال خان بەنێو گوڕدەمی خەڵکەکەدا ڕایکردە بـاڵوێزخـانەی بریتـانی. لە خوارەوە ســەری هەڵبڕی و هاواری بۆ ســەربانی باڵویزخانە کرد: "براون ئێدوارد گرانڤیل گوێبگرە. زۆری پێ ناچێ دەیان کەس دەکوژرێن. ئینگلســـــتان پێویستە بە بەرپرسـیارێتیی خۆی ڕابێ. خۆپیشـاندەران گەمارۆ دراون. دەی دەرگای باڵوێزخانەکەیان لێ بکەنەوە، تا هەمووان بێنەژوور!"

ســەرەتا براون ئێدوارد گرانڤیل لە قســەکەی تێنەگەیشـت. کاتێک جەختی لێکردەوە ئینجا بانگی کرد: "وا باڵوێز ئاگاداردەکەمەوە."

پێشـــتر لەندەن ئەو بوارەی دابووە باڵوێز لە کاتی پێویســـتدا کۆمەکی بەرەی ناکۆکی پاشـــا بکا. بۆ دڵنیابوون ویســـتی هێشـــتا تێلێگرافێک بۆ لەندەن بنێرێ تا مۆڵەت وەربگرێ. بەڵام گرانڤیل بە هەڵچوونەوە گوتی: "پاشـــا لەبەر چـاوی بـاڵوێز خەڵەکەکەی خۆی دەکوژێ، بۆیە نـابێ چاوەڕێی لەندەن بکەی. تۆ دەبێ بڕیار بدەی!"

له دەرەوەش هێزی یاســـاوڵ تەقەی لە خۆپیشـــاندەرە بێ دیفاعەکان دەکرد.
باڵوێز گوتی: "دەرگاکان بکەنەوە!"
گرانڤیـل بەرەو دەرکە ڕایکرد. جەمــاڵ خــان پڕ بەدەنگی بــانگی کرد: "خەڵکینە خۆ بگەیەننە باڵوێزخانەی بریتانی!"
یەک لەدوای یەک دەهاتنە نێو باخەکەی باڵوێزخانە.
لەوکاتەی باڵوێزی بریتانی تێلێگرافێکی بۆ لەندەن لێدەدا، دەیبینی چۆن خەڵکەکە لەپشــت پەرژینی باڵوێزخانەکە بە مســتی لەهەوا بەرزکراوەوە بەرەو یاساوڵەکان هاواردەکەن: "یان مەرگ، یان قانون!"

٥٧

باڵوێزخانەکە

بۆ ڕۆژی پاشـــتر زۆرینەی خەڵکی شـــار لەبەردەم بـاڵوێزخـانەکە خڕبوونەوە. ئەوان ئەو کەسـانە بوون کە تا ئێسـتا ڕووداوەکانیان هەر دووربەدوور بیســـتبوو. کاتێکیش باخەکانی باڵوێزخانەکە لە ئاپۆرای خەڵکی لێوڕێژ بوو، خەڵک مافوور و ڕایەخیان لەسەر شۆستەی بەردەم بـاڵویزخـانەکە و لە گۆڕەپـانەکە ڕاخســـتن، هێشـــتـاش هەر خەڵـک تێکدەقژقژان و هەر دەهـاتن، تـا وای لێهات مۆنجەی دایەوە. مـاڵەکـانی دەوروبەریش دەرکەی حەوشـــە و ماڵەکانی خۆیان کردنەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێ داوای ئاویان لێ بکا.

پـاشـــا بـاوەڕی بەو قســـانەی عەیندولدەولە نەدەکرد کە لەبـارەی خۆپیشـاندەران بۆی گێڕایەوە. لێوەکانی دەلەرزین و دەسـتیشـی لەسـەر

مشتووی شمشێرەکەی بوو. ئەوە بوو عەینولدەولە شەنقاوێک بۆ دواوە گەڕایەوە.

"ئینجا تۆ چیت کرد؟ هەر تەماشـات کرد؟" پاشـا بە تووڕەییەوە هاواری بەسەردا دەکرد و گوتی: "تۆ تەنیا داهۆڵێکی چۆلەکەترسێنی، باشە ئەوان چۆن وێرایان بەسـەر زینداندا بدەن؟ چۆن وێرایان خەڵکی دیکە ببەنە نێو باڵوێزخانەی بریتانی؟ دەی لەبەردەممدا مەوەسـتە هەر دەڵێی بوکەڵەی نێو جامخانەی. برۆ گەمارۆی باڵوێزخانەکە بدە!"

دەسـتبەجێ عەینولـدەولە بەرەو مۆڵگەی سـەربـازی بەڕێکەوت. بە پشتیوانیی هێزی سەربازی دیکە بەرەو باڵوێزخانەی بریتانی کشا.

تا ئەو بەو کارە ڕابوو، پاشا بانگی وەزیری کرد.

پاشـا هێشـتا سـارد نەبووبوەوە، لەناوخۆی هەر دەکوڵا. "بریتانییەکان خەریکی کودەتـان. برۆ ئاگاداریـان بکەرەوە و با پێگەی خۆیان بزانن، دەنا داوای یارمەتی لە ڕوسیا دەکەم."

مستەوفی ئەلمەمالیکیش ویستی پاشا هێور بکاتەوە: "پاشا پێویستە بیر لە لەشساغی خۆی بکاتەوە. تووڕەیی زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێ."

پاشـاش وەها وەڵامی دایەوە: "باشـترە بمرم لەوەی ببینم بریتانییەکان ناچارمان بکەن قانوننامەمان بەسـەردا بسـەپێنن. دەی برۆ پەیوەندی بە باڵوێزخانەکەوە بکە، فەرمانیان پێ بکە تا خۆپیشـاندەران لەوێ دەربکەن و بیاننێرنەوە ماڵێ، دەنا ئەو کارەیان بە جاڕدانی جەنگ لەقەڵەم دەدەم."

ئاخر مایەی هۆشـمەندی نییە دەسـتبەجێ وەها بە توندی لەگەڵیان بکەوینە قسە، کێشەکە، کێشەی باڵوێزخانەی بریتانی نییە."

"بەڵێ، ڕێکوپێک کێشەکە کێشەی باڵوێزخانەکەیە. بریتانییەکان هاوکاریی ئەو کۆمیتەیەن کە ناویان لەخۆ ناوە کۆمیتەی تاران."

"خاوەنشکۆ، ئێمە ناتوانیان بەردەوام هەر بریتانییەکان بە خەتابار بزانین. ئەوان سەرمایەیان لە باشووری وڵاتەکەمان وەبەرهێناوە. ئەوان حکومەتێکیان دەوێ کە خەڵک و دامەزراوەکانیان بپارێزێ."
پاشا گوتی: "ئێ باشە، خۆ حکومەت هەیە."
"بۆ ئەم پرۆژە ئالۆزانە، ئێمە حکومەتێکی بێ لایەن و پەرلەمانێکی بەهێزمان پێویستە."
"چییە دیارە وەزیر هەوڵدەدا دروشمی دوژمنەکانمان بە ئێمە بفرۆشێتەوە."
"نەخێر ئەوە ڕاست نییە. ئینگلستان دەیەوێ لە وڵاتەکەماندا بانک دابنێ. خۆ ئەگەر ئێمە قانوننامەیەکی دادوەرییمان نەبێ، ئەوا سەرمایەگوزاران ڕوومان تێناکەن. پاشا پێی سەیرە کە بۆچی باڵوێزخانەی بریتانی ڕێگەی داوە خۆپیشاندەران پەنا بۆ باخی باڵوێزخانەکەیان ببەن. خاوەنشکۆ، داواکانی ئینگلستان یەکسانن بە داواکانی ڕەعیەتەکەی خۆت، بۆیە ڕێگەی پێداون."
"وەزیر وتار بۆ ئێمە دەدا، بەڵام تۆ یەک شتت لە بەڵگەوبەندەکانی خۆت لەبیرچووە. من سەردانی چەند پەرلەمانێکی ئەورووپیم کردووە، ئەو جۆرە پەرلەمانانە بۆ ئێرە ناشێن. دەسەڵات پێویستە بە شێوەیەکی نهێنی بمێنێتەوە هی ئەوە نەبێ کەس بتوانێ دزەی بۆ بکا."
"بەڵێ هەروا دەمێنێتەوە. من ئەوە مسۆگەر دەکەم، بەڵام پرسیارەکە پەسەندنامەی فەرمیی تۆیە تا بتوانم دانوستان لەگەڵ ڕابەرانی خۆپیشاندەران بکەم."
"تا ئەوکاتەی ئەوان لە نێو باڵوێزخانەکەدا بن، من قایل نیم. باڵوێزخانەی بریتانی بە خاکی بریتانیا دادەندرێ. یەکەم جار دەبێ ئەوان لە باڵوێزخانەکە بێنەدەر، پاشان دەکرێ تۆ قسەیان لەگەڵدا بکەی."
وەزیر پێیگوتەوە: "باشە بابزانین چیمان پێدەکرێ."

پاشاش بە پێداگرتنەوە: "ئێمەش حەوسەڵەمان هەیە."

لە لایەکەی دیکەوە، ئایەتوڵلاکانیش لە کەڵکەڵەی ئاراستەی نوێی خۆیاندا بوون.
خۆ ئەگەر خەڵەکەکە هەر لە باخی باڵوێزخانەی بریتانیادا بمێننەوە، بۆ ئایەتوڵلاکانیش سەخت دەبێ ڕاستەوخۆ پشتگیرییان لێبکەن. ئەوکات ناتوانن بڕیاری بێ پێچوپەنا بدەن.
ئەوان بۆ ساتێک دەستیان لە ڕاوێژ و کۆبوونەوە لەگەڵ یەکدی هەڵگرت و بۆ هەڵمژینی هەوایەکی تەڕوتازی چوونە حەوشەی ماڵی ئایەتوڵلا تەباتەبائی.
تەباتەبائی، بەتەمەنترین ئایەتوڵلا بەرەو لای حەوزەکە چوو، دەستی شوشتن و مستە ئاوێکیشی بە دەموچاوی خۆیدا کرد.
قورسایی خۆی خستە سەر گۆچانەکەی بە چاوی نوقاوەوە گوێی لە هەراوزەنای گوڕدەمی خەڵکی سەر جادە گرت. پاشان چووە سەر پەیژەی سەربان.
لەسەر لێواری بانی ماڵی خۆیەوە ئاپۆرای خەڵکەکەی لە لای باڵوێزخانەکە و لەسەر شۆستە و سەکۆی گۆڕەپانەکەی ئەوێ دەبینی.
کاتێکیش خەڵکەکە ئایەتوڵلایان لەسەر بان بینی، تێکرا هاواریان کرد: "یان مەرگ، یان قانون، یان مەرگ، یان قانون، یان مەرگ، یان قانون."
ئایەتوڵلا بەساڵاچووەکەش بە باسکی چەپەی لەسەر ڕیتمی دروشمە بەکۆمەڵەکەیان بۆ بەرزکردەوە هانیدەدان لەکاتێکدا قۆڵی چەپەی دابوە سەر گۆچانەکەی خۆی پێوە گرتبوو. پاشان چووە سەر لێواری بانەکە دا و لێی دانیشت.
ئاپۆراکە بە دەنگی بڵندتر هاواریان کردەوە: "قانون! قانون! قانون!"

ئێستــــا ئـایەتوللایەکی دیکە لەســــەر بانەکە لەپاڵ ئـایەتوللا پیرەکە بەدیارکەوت. خەڵکەکەش دەستیان وەک مشت لە هەوادا بەرزدەکردەوە و پێیەکانیشــیان لەزەوی دەکوتا: "یان مەرگ، یان قانون!" بە شــێوەیەک هــاواریــان دەکرد و پێیــان لەزەوی دەدا دەرکە و پەنجەرە و بــانی باڵوێزخانەکە لەرزین.
یەکێک لە نۆکەران مافوورێکی گەورەی بردە ســــەربان رایخســــت و ئایەتوللاکانیش ڕوویان لە باڵوێزخانەکە کرد و لێی دانیشــتن. بەم جۆرە ئەوانیش چوونە ڕیزی خەڵکە دارژاوەکەی ســــەر شــــەقام، بێ ئەوەی خۆیان ڕادەستی سەرانی باڵوێزخانەکە بکەن.

بەم کردەوەیە ئایەتوللاکان ئەرکی مســــتەوفی ئەلمەمالیک لە پێشــــتر ئاڵۆزتر و قورســــتر کرد. وەک هەنگاوی یەکەم پەیامێکی بۆ باڵوێز نارد بە زمانێکی ڕەوان و ســــەنگین داوای لێکرد وا لە خۆپیشــاندەران بکا لە باڵوێزخانەکە بچنەدەر.
باڵوێزیش، کە ئایەتوللاکانی لەسەر بانەکە بینیبوو، زانی پێگەکەی ئەو لە جـاران بەهێزتر بووە. بەلای خۆیەوە ئەویش تەتەرێکی بۆ لای وەزیر ناردەوە تا پێی بڵێ: "ئێمە هیچ لەشکرێکمان لەبەردەستدا نییە تا بتوانین ئەوانەی بــاڵوێزخــانەیــان داگیرکردووە وەدەربنێین. من بە تــایبەتی سوپاسگوزار دەبم ئەگەر تۆ کۆتایی بەم دۆخە بهێنی. ئینگلستان لایەنی ئارامی لێ هەڵدەبژێرێ."
هەمووان چاوەڕێی ئەوە بوون بارێکی خەمگینی باڵ بەسەر گۆڕەپانەکەدا بکێشــێ، بەلام بەپێچەوانەوە کەشــێکی خۆشــی و جەنجاڵی ژیان باڵکێش بوو. لە هەموو لایەکەوە هەر نان و ســــەوزە و میوە و قەندەشــــەکر و کولیچە دەهاتن. خەڵکەکە بەیەکەوە نانیان دەخوارد، بەیەکەوە دەنوستن،

بەیەکەوە قلیانیان دەکێشا و وتوویژیشیان هەر بەیەکەوە بوو. کەسیش نەیدەزانی ئەو دۆخە چەند دەخایەنێ.
لە دەورەی کۆشکیش بێدەنگی و خامۆشی زاڵ بوو. وەها دەردەکەوت پاشا هێشتا نایەوێ مل بۆ ئەو فشارەی خۆپیشاندەران کەچ بکا، بەڵام خۆ نەیدەتوانی هەروا بێ کار و کاردانەوە تەماشا بکا. دەنگوباسی دانیشتنی سەرچۆکانی باڵوێزخانەکە وەهای لێکەوتەوە، لە شارەکانی دیکەشەوە خەڵک بچنە نووسینگەکانی تێلێگراف بۆ پشتیوانیی هاوڕێکانیان ئەوانیش لەوێ درێژە بە دانیشتنی سەرچۆکان بدەن. ئیدی دەبووایە زوو ڕەوشەکە بەلایەکدا بخرێ.
پاشا بەهۆی وەزیرەکەی و لە ڕێی ئینگلستانەوە هەوڵیدەدا لەگەڵ ناکۆکەکان دانوستان بکا. لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ ڕاوێژکارە تایبەت و ئەفسەرانی سوپا کەوتە ڕاوێژ خۆیان بۆ ئەو حاڵەتە ئامادە بکەن کاتێک لە دواییدا پەلاماری تەخت و تاج بدرێ. لەو نێوەشدا زۆر بەنهێنی تەتەری ڕوسی لەنێوان کۆشک و باڵوێزخانەی ڕوسیدا لەجرت و فرتدا بوو.

هەفتەیەک تێپەڕی. دانوستانی وەزیر لەگەڵ نێردەی بازار و وتوویژی لەگەڵ ئایەتوڵڵاکان هیچی لێ شین نەبوو. بەرەی ناڕازی نەیاندەویست هیچ هەنگاوێک بنێن بەرلەوەی پاشا داواکانیان نەسەلمێنێ.
پاشاش هەستی بە قورسایی ڕەوشەکە کرد چۆن فشاری بۆ دەهێنێ و سینگی دەگوشی، هەر لەبەر ئەوەش بوو هەندێ جار بە زەحمەت هەناسەی دەدا. ئەو یەک دوو جاران و لە نیوەی شەودا بێدار دەبووەوە، چونکە گوێی لە خوێنی دەبوو قوڵپی دەدا. ئەو خەونی مۆتەکەئاسای دەبینی، خەوی لێ تار دەبوو. لە خەونیدا شوێنی تۆپەکەی دەگواستەوە لوولەی لە باڵوێزخانەکە دەکرد و بەرەو ڕووی خۆپیشاندەرانی باخەکەی

باڵوێزخانە گڕی دەدا. نەخێر، ئەو نەیدەتوانی چیدی بەرگەی ڕەوشـــەکە بگرێ.
پاشا بە عەینولدەولەی گوت: "ئێمە دەبێ دەرسێک بە ئینگلستان دابدەین. بـاخی بـاڵوێزخـانەکە خـاوێن بکەوە. ئەگەر پێویســـــت بکـا پەرژین و شوورەکەی دەورەی باڵوێزخانەکە بڕوخێنە و ناپاکەکان لەوێ دەربکە."
فەرمانی پاشـــا ڕوون بوو. ئیدجا زاواکەی یەکەیەکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەسـتە پێکهێنا، تیپێکی سـوارە چەکدار بە تفەنگ و بە شـمشـێر. دوای نیوەڕۆیەکی درەنـگ بوو کە عەینولـدەولە بە خۆی و هێزەکەی بەرەو باڵوێزخانەکە کشا.
ئێوارەی پێشتریش پێشهاتی دیکە لەگۆڕێدا بوو. گالیسکەی پڕ لە تفەنگ بە قاچاخ هێنرابوونە ناوشار.

کـاتێکیش یەکە تـایبەتیە ســــەربـازییەکە لە گۆڕەپـانی بـاڵوێزخـانەکە بەدەرکەوت، گوریســی دۆخەکە ئەوەندە کشـت بووبوو، لەســەروبەندی پســـاندا بوو. جەمال خان بە بەرگی ئاخوندییەوە لە دەرکەی پشـــتەوەی باڵوێزخانە دەرچوو، خۆی گەیاندە ماڵێکی لاکۆڵان.
عەینولدەولە پیاوەکانی کۆکردنەوە و قســـەی بۆ خەڵکە مانگرتووەکە کرد: "بەناوی پاشاوە داواتان لێدەکەم باڵوێزخانە جێبێڵن."
ئـاپۆرای خەڵکیش لە بـاخەکەی بـاڵوێزخـانەکەدا هـاواریـان دەکرد: "یـان مەرگ، یان قانون!"
"خەڵکینە گوێبگرن! من نامەوێ زەبروزەنگ بەکاربهێنم، دۆستانە داواتان لێدەکەم باڵوێزخانە چۆڵ کەن."
وەڵامەکەش هەر ئەوە بوو: "یان مەرگ، یان قانون."

"خەڵکینە! شـــەرمەزارییە لەبن ئاڵای بێگانەدا دژی پاشـــاکەی خۆتان ڕاپەڕن. من دەرفەتێک دەدەمە ئێوە. ڕێگەتان دەدەم بە ســـەلامەتی لێرە بڕۆنەدەر."
ئاپۆراکە بەرەو ئایەتوڵلاکان هاواریان کردەوە: "یان مەرگ، یان قانون!"
عەینولـدەولە تەقەیەکی بە هەوادا کرد و بـانگی کرد: "دەی هەمووتـان بڕۆنە دەرێ!"
خۆپیشـــــاندەران خۆیـان لە گورە نەبرد. عەینولـدەولە هـاواری کرد: "شمشێر!"
سوارەکان شمشێرەکانیان لە کالان دەرکێشا.
"خەڵکینە! ئەمە دوا ئاگادارکردنەوەیە. دەی باڵوێزخانەکە جێبێڵن!"
ئاپۆرای خەڵکیش هاواری کرد: *قانون! مەجلیس! عەدالەت*!"
عەینولدەولە جاڕیدا: "هێرش ببەن!"
یەکەم جـار عەینولـدەولە هێرشـــی بردە ســـەر ڕیزی پێشـــەوەی خۆپیشـاندەران ئەوانەی لەســـەر شـۆسـتەکان وەسـتابوون. کاتێکیش گۆڕەپانی باڵوێزخانەکە چۆڵ بوو، ئینجا ســـوارەکان ڕێگەی شـــەقامە لاڕێکەیان گرت.
جـارێکی دیکە عەینولـدەولە ڕووی خۆی لە خۆپیشـــــاندەرەکـانی نێو باڵوێزخانەکە کرد و پێیگوتن: "یەک دەرفەتی دیکەتان دەدەمێ تا بە بێ خوێنڕشتن باڵوێزخانە چۆڵ بکەن."
ئاپۆراکەش هاواری دەکرد: "قانون! قانون! قانون!"
ئینجا شـمشـێرەکەی کێشـایەوە و خسـتیەوە کالانی خۆی، دەسـتی دایە تفەنگەکەی و بانگیکرد: "بەناوی پاشـا داواتان لێدەکەم دەرگاکە بکەنەوە، دەنا تەقە لە هەمووتان دەکەم و بەرتان دەدەمەوە!"
ئاپۆراکە هەر هاواری دەکرد: "مەجلیس! مەجلیس! مەجلیس!"

عەینولدەولە بانگی ســوارەکانی کرد ئەوانەی ڕاســتەوخۆ لەپشــت ئەو وەستابوون: "تفەنگ!"
لوولەی تفەنگی بەرەو باڵویزخانەکە درێژکرد، لەپشــتی شــوورەکە کپ و کڕی بوو. ئایەتوللاکانیش بێ هەستوخوست لەسەر بانەکە دانیشتبوون و ژنانیش کڕ و بێدەنگ. براون ئێدوارد گرانڤیل هەناســەی لەخۆ بڕیبوو، لە نهۆمی ســەرەوەی باڵوێزخانەکە لە پشــت جامی پەنجەرەوە چاوەڕێی دەکرد.
"تەقە بکەن!"
یەک دوو کەس لەپشت شورەکەوە ڕاقەنان، هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو دۆزەخ بەرپابوو. دەرگاکە کرایەوە گوڕدەمی خەڵکەکە بەرەو ڕووی عەینولدەولە و ســـوارەکان هاتن. گۆڕەپانەکە بووە گۆڕەپانی شـــەڕ و کوشـتار. جەمال خان بە تفەنگەوە لەســەر بانی ماڵەکانەوە خۆی هەڵدایە ســەربانێکی نزیک لە گۆڕەپانەکە. لەســەر لێوی بانێک خۆی درێژ کرد و ســـێرەی لە عەینولدەولە گرت. گوللەکەی بەر شـــانی کەوت، بەجۆرێک تفەنگی لەدەست پەڕی و خۆیشی لەسەر پشتی ئەسپەکەی گلا. سێ لە سەربازەکانی تەڕدەستانە لەوێ کێشایانەوە دوا و لایان برد.
ئینجـا لەهیکەوە ســـەربـازەکـان لە هەموو لایەکەوە تەقەیـان لێکرا. نەیاندەزانی ئەو فیشەکانە لەکوێوە دێن. کوژراوەکانیان لە شوێنی خۆیان جێهێشتن و بریندارەکانیان هەڵگرتن و لەوێ هەلاتن.
ئێستا کە خەڵکەکە دەسەلاتی پەیدابوو بەرەو کۆشک کشان.

عەینولدەولە بەســـــەختی بریندار بووبوو. یەکێک لە گەورەئەفســـــەران شـــوێنی ئەوی گرتەوە. خێرا بەرەو کۆشـــــک لێیخوڕی تـا هەواڵەکە بگەیەنێ. لەوێ لەبەردەم پاشا چۆکی دادا و گوتی: "خاوەنشکۆ! پاشایەتی

لە مەترسیدایە. ئێمە هەموو شتێکمان کرد تا کار نەگاتە ئەو ئاستەیە، بەڵام ئاپۆرای چەکدار وا بەرەو کۆشک بەڕێوەیە."
پاشا پرسی: "باشە ئەوان چەکیان لە کوێ بوو؟"
"هیچ لەوبارەوە نازانین، لەهیکەوە لەسەربانەکان و لە هەمولایەکەوە تەقە لە پیاوەکانمان کرا. یەک دو سەربازمان کوژراون و بە دەیانیش بریندارن، لەنێویاندا عەینولدەولەش برینداره، بەڵام زۆر لە چەکی سەربازەکان کەوتنە دەستی هەڵەوە. دەترسم خۆپیشاندەرەکان بەسەر سەربازگەکەمانیان دادابێ."
پاشاش گوتی: "ئێمە کەوتوینەتە تەڵەوە، باوکم لەو ئینگلیزە بەدفەڕانە ئاگاداری کردبوومەوە."
ئینجا فەرمانی دا ڕیزێک تۆپ لە دەرکەی کۆشک دابەزێنن و ڕێگەی گەیشتنی هەموو شەقام و لارێیکان بە گۆڕەپانی کۆشک بگرن و بەربەست دابنێن.
کاتێکیش ئەفسەرەکە ڕۆیشت، پاشا بانگی سەرۆکی پاسەوانەکانی کرد: "دەی تۆپەکەم ئامادە بکە!"

٥٨

(دوا)ئاگادارکردنەوە

پاشا بەرگی سەربازییانەی پۆشی، دەمانچەی لە خۆ بەست و چاوەڕێی هاتنی وەزیر بوو. لە حەوشەوە گوێی لە تەپەی یەکسمی سوارێک بوو. خۆی بوو، مستەوفی ئەلمەمالیک بوو. پاشا هەوڵیدا ئارام و لەسەرخۆ بێ: "پێموایە لە دانوستانەکان نەگەیشتیە هیچ."

"خاوەنشکۆ ڕاست دەکا. هیچ، بە دەستی بەتاڵ گەڕامەوە."

" ئێمە لە پێشدا دەمانزانی. ئەوانە ناپاکن."

وەزیریش وا وەڵامی دایەوە: "خاوەنشکۆ ئەنجامگیرییەکەت لەجێگەی خۆی نییە. پاشا منی بەبێ دەسەڵاتی دانوستان بەڕێگەدا نارد، چونکە پاشا باوەڕی بە دانوستان نییە. پاشا دەیەوێ ئەم ڕەوشە ئاڵۆزە بە زەبروزەنگ چارەسەر بکا."

پاشا بە سەرنجەوە گوتی: "بۆ وەزیر جوان نییە بەم چەشنە بدوێ."

"خاوەنشکۆ، تۆ ئەم وڵاتەت خستۆتە مەترسی."

"پاشا پێی لەسەر قسەکەی خۆی داگرتەوە: "بۆ وەزیر جوان نییە بەم چەشنە بدوێ."

"تەختوتاج لە مەترســـی دایە. لێکەوتەکانی کردەی عەینولدەولە هی ئەوە نین پێشـــبینی بکرێن. کۆشـــک بە پیاوی چەکدار گەمارۆدراوە، ئەوان چیدی شـەرم لەوە ناکەن بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە بە ڕووی پاشـای خۆیان بوەستنەوە."

شـــتێکی نائاســـایی بوو پاشـــا لێبگەڕێ وەزیرەکەی بەم چەشـــنە بدوێ. پەرداخێک ئاوی بۆ وەزیر تێکرد. "ئێمە لە پێگەی سـەختی وەزیر حاڵیین. باشە ئێستا چ ڕاوێژێکی پێیە؟"

- "لە ئەوانەوە پەیامێکم بۆ خاوەنشکۆ پێیە."
- "لە کێ؟"
- "لە ڕابەرانی ئۆپۆزسیۆن."
- "ئەوان کێن؟"
- "پاشـــا ئەو کەســـانە ناناســـێ، بەڵام دوو ئایەتوڵڵایان لەگەڵ دان، یەکێکیان پێشتر و لەکاتی هەرای توتندا بینیوتە."
- "ناوی چییە؟"
- "ئایەتوڵڵا تەباتەبائی."
- "ئەدی ئەوی دیکە؟"
- "ئایەتوڵڵا بەهبەهانی."
- "ئایا ئێمە پێشتر ئەومان بینیوە؟"
- "پێموانیە بینیبێتـــت، ئەو ئـــاخونـــدێکی بەتەمەنە، ئەوەی لەگەڵ نێردەیەک لە قومەوە هاتووەتە تاران. ئەو نوێنەری ئاخوندەکانی قومە."
- "پەیامەکەیان چییە؟"
- "ئەوان دوائاگادارکردنەوەیان بۆ تۆ هەیە."
- "شـــــا بە تـونـدی وەڵامـی دایەوە: "ئەوان هـیـچ نـیـن تـا دوائاگادارکردنەوەم بۆ بنێرن."

- "دوامۆڵەتی ئەوان بۆ تۆ تا بەیانی دوای نیوەڕۆیە، تا نوێژی عەسر، بۆ ئەوەی داخوازییەکانیان بسەلمێنی."
- "داخوازییەکانیان چین؟"
- "ئەوان دەیانەوێ قانوننامەیەک، دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمانییان هەبێ."
- "پەرلەمان؟" شا بە زبرییەوە گوتی. "باشە ئەو ئایەتوڵڵا پیرە گەنیوانە چۆن لە پەرلەمان تێدەگەن؟"
- "خاوەنشکۆ، هەموو وڵاتەکە ڕاپەڕیوە. من خەممە. خاوەنشکۆ من بیر لە ئێوە دەکەمەوە. وەک وەزیر لەو بڕوایەدام نیشتمان پێویستی بە شایە. خۆ ئەگەر شا بکەوێ، ئەوا یەکێتییەکە لە بەین دەچێ."
- پاشا پرسی: "باشە دەتوانین چی بکەین؟"
- "هەستێکی وەهام هەیە خۆپیشاندەران ئامادەیەکی ئاشتبوونەوەیان لە پاشا دەوێ. بۆ ئەوەی پشێوییەکە نەهێڵرێ، دەکرێ پاشا بەشێک لە داواکانیان پەسەند بکا."
- "کامە داوایان؟"
- "داوای پەرلەمان. خۆ هەر بەلای کەمییەوە ساڵێکی دەوێ تا پەرلەمان ڕێکدەخرێ و دێتەکایە. لەو ماوەیەدا ئێوە دەتوانن ئارامی بۆ وڵات بگەڕێننەوە و لە هەمان کاتیشدا کایەی ئەوە دەرەخسێنی تێیدا بتوانین بیربکەینەوە."
- "پەرلەمانێک؟ باشە چ جۆرە کەسانێک وەک نوێنەری ئەو گەلە نەخوێندەوارە پەرلەمان پێکدەهێنن؟ مەلاکان؟ ئاخر ئەوان چی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات تێدەگەن؟"
- "خاوەنشکۆ، ئێستا کاتی ئەو تاوتوێکردنە نییە."
- "شا هاواری کرد: "دەستی بریتانییەکان لەپشت ئەو ئایەتوڵڵایانەوە هەیە. بەڵام خۆ ئێمە دوژمنی گەورەتر لە ئینگلستانمان

قاوداوه. باشـه ڕێککەوتین. ئێمە دەسـەڵاتمان بە وەزیرەکەمان دا تا لەو بابەتە قسەیان لەگەڵدا بکا."

ئینجا پاشا یەکسەر چووە ژووری کاری خۆی، دەستی دایە قەڵەمێک و کورتەنامەیەکی نووسـی. کاغەزەکەی قەد کرد و خسـتییە زەرفێک و مۆری خۆی پێوەنا. تەتەرێک نامەکەی بۆ باڵوێزخانەی ڕوسی برد.

زۆری پێنەچوو تـا تەتەرەکە لەگەڵ سـوارێک گەڕایەوە. سـوارەکە کاربەدەسـتێکی ڕوسـی بوو، ئەو کەسـەبوو زۆر جاران پاشـا لەگەڵیدا بیروڕای ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئینجا بەیەکەوە لە باخی کۆشکدا پیاسەیان کرد و دوای کورتە گفتوگۆیەک لەگەڵ یەکدی، پاشـا کاربەدەسـتەکەی گەڕاندەوە باڵوێزخانەی ڕوسی.

پاشا لەسەر قوللە چاودێرییەکانی کۆشکەکەوە بە دووربین سەیری ئەو ناوەی دەکرد. هێشـتا خۆپیشـاندەران نەکەوتبوونە نێو سـێرەی دووربینەکەی، بەڵام گوێی لە هەراوزەنایان بوو. لە حەرەمسـەراشـدا دەنگەدەنگ پەیدابوو، ژنەکان بە دوو دەستە لە بەرانبەر یەک وەستابوون. شەڕ و دەمەقاڵێ و جوێندان بوو.

ئەو بەسـەر لێویەوە گوتی: "هەرگیز لە مێژوودا ژن هی متمانەپێکردن نەبوون. ئەوان یەکەمین کەسـن کە دەرکەی ژووری نوسـتن بۆ دوژمن تی بدەن."

لەو دەمەدا گالیسـکەیەکی شـاهانە گەیشـتە گۆڕەپانی کۆشـک. پاشـا کەژاوەی دایکی خۆی ناسییەوە. گالیسکەکە لە دەروازەکە هاتە ژوور و لەبەردەم پەیژەکاندا وەسـتا. مەهدولیا دابەزی، سـەرۆکی پاسـەوانەکان مەشخەڵێکی بەرز ڕاگرت تا ژنە بەرپێی خۆی ببینێ.

پاشا بانگی کردێ: "دایکە، ئەوە تۆ بەو هەرایە و لە ناوەڕاستی شەوێ لێرە چی دەکەی؟"

"ڕۆڵەکەم، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. من بۆیە بەپەلە بۆ لای تۆ هاتم تا لەپاڵت بوەستم."

"دایکە، تۆ ڕاست دەفەرمووی، هەر بە ڕاستی مێژوو خۆی دووبارە کردەوە."

مەهدولیا وەڵامی دایەوە: "بەڵام یەک جیاوازی هەیە. جاری پێشتر من بەهێزوگوڕی خۆم بەسەر ئەو پەیژانە دەکەوتم."

پاشاش پێیگوتەوە: "خۆ دەکرا هەر کاتێک پێویستت پێم هەبوایە بانگم بکەی." بەدەم ئەم قسەیە یارمەتی دا تا لەسەر کورسییەک لە تەنیشتی ئەو دابنیشێ.

"ئاخر پاشا چۆن بەو هەموو بەربەستانە بیتوانیبایە بێتە لام؟ ڕێکوڕەوان ویستم بەلای ئەو خەڵکەوە بێم تا نیشیانیان بدەم، ئێمە ناترسین. کاتێکیش ئەوان منیان بینی هاواریان کرد: 'قانون، قانون، قانون.' بەڵام ئاخۆ ئەو خەڵکە چی لە قانون تێدەگا؟ ئەوان هەموویان بۆگەنیان کردووە، دەبوایە کە بەلایاندا تێدەپەڕیم بە دەستەسڕێک لووتم گرتبایە. هێشتاش تێناگەم کێ ئەوانەی هێناوەتە سەر ئەو بیرۆکەیە. کێ تەڵقینی داون و ئەو وشانەی فێرکردوون؟"

"ئێمە خۆمان کردمان، ئێمە خۆمان هۆکارەکەین. ئەو گەنجانەی بۆ خوێندن ڕەوانەی ئەوروپامان کردن، ئێستا بوونەتە دوژمنمان. ئێمە ماری سڕبوومان لەنێو لفکەکراسی خۆمان دانابوو."

"کوڕم، من ئەوەت لێ قەدەغە دەکەم لە وەستانەوە لە بەرانبەر ئەو ڕێڕۆیشتنەوەی ئەوان لاواز بیت."

"خۆت دەبینی، ئێمە لاواز نابین، بەڵام ئەوان دوا ئاگادارکردنەوەیان داوینەتێ."

"چ ئاگاداركردنەوەيەک؟"
"دەيانەوێ بۆ بەيانی لەگەڵ نوێژی عەسر داواكانيان بۆ بسەلمێنين."
"ئەوان زۆريان پێ لێهەڵبڕيوە! بێ سـێودوو لە دەرەوەڕا پشـتيوانی دەكرێن، دەنـا زاتيـان نەدەكرد ئەم جۆرە داخوازييـانە بكەن." كـاتێ مەهدوليا وەهای گوت، بڕوانامەيەكی لە بن جلەكانی دەرهێنا.
بەڵگەنامەكەی دايە دەستی پاشا و گوتی: "ئەمە ئەو گرێبەستەيە، باوكت و من لەگەڵ ڕوسـەكاندا كردوومانە. هەمووی ڕەش و سـپی تێدا تۆماركراوە. بەگوێرەی گرێبەسـتەكە بێ، لەسـەر ڕوسـەكانە لە كاتی پێويستيدا يارمەتيتان بدەن. دەی داوای كۆمەكيان لێ بكە!"
پاشاش بەڵگەنامەكەی لێككردەوە، چاوێكی بە بڕگەكاندا خشاند و گوتی: "ئێمە لەگەڵ ڕوسـەكان لە پەيوەندیدايين. ئەوان ئاگادارن، بەڵام شـتەكە وەها نييە، تا ئەوان ڕاستەوخۆ بە هانامەوە بێن."
"تێدەگەم. بۆ بەيانی پێويسـتە شـتێک بدۆزينەوە، كاتيش تا دێ تەنگتر دەبێ."
پاشا پێی گوتەوە: "دايكە، ئارام بەوە، هەموو شتێكمان ڕێكخستووە."
مەهدولياش پرسـی: "چييە، چيت كردووە؟ چ بەڵێنێكت لە ڕوسـەكان وەرگرتووە؟"
لەپڕ پاشا هەڵسايەوە. مەودايەكی دەويست تا بتوانێ ڕووبەڕوو لەگەڵی بكەوێتە قسـە. مەهدوليا لەو ڕەفتارەی زانی دەيەوێ شـتێک بڵێ: "دايكە، من پاشـام، من ئەوە دياری دەكەم كە تەداروكێک بكەم. بۆ ئەمەشـيان پێويستم بە بيروڕای تۆ نييە."
كەچی مەهدوليا پرسيارەكەی هەر دووپاتە كردەوە: "باشە چ بڕيارێكتان داوە؟"
"دايكە، شـتەكە ڕێكخراوە، حيسـابی خۆمان كردووە. پێويسـت ناكا خەم لەمە بخۆی. تۆ پێويستيت بە پشوودانە. نامەوێ زياتر سەرت بئێشێنم."

مەهدولیا زانی پاشـــا پلانێکی نهێنی هەیە، ئەوە بۆ یەکەمین جاریشـــە نایەوێ بە دایکی بڵێ. لەنێو قسەکاندا گوتی: "کاتی ئێوە بەسەرچوو."
مەهدولیا ڕاســـتی کرد، پاشـــا نەخشـــەیەکی هەبوو، حەزی لێنەبوو بیدرکێنێ. تۆ بڵێی ئەو متمانەی بە دایکی و دەوروبەری نەبووبێ؟ بۆیە، نەیدەویست دایکی بەو نهێنییانە بزانێ کە دەبووایە جارێ هەر لای پاشا بێ.
مەهدولیا بە دڵڕەنجاوی، بەڵام بە شانازیشەوە بە چاوی فرمێسکاوییەوە گوتی: "پاشـا باشـی بینیوە، ئەز پیر بووم و ئیدی پێویسـتت بە من نییە. تۆ بایی ئەوەندە بەهێزی تا بەتاقی تەنیا دەربەسـتی شـتەکان بێیت. وەک دایکێک شانازیت پێوەدەکەم، من دەڕۆم."

پاشـا هەموو ڕۆژەکەی هیچی نەخوارد. ترسـێکی ناپاکانە بەسـەریدا زاڵ بوو. ئاخر ئەو بە زەبروزەنگ وەزیرە کۆنەکەی لادابوو. ئێســـتاش بە شێوازێکی هەستیارەوە دایکی لە نۆرەیە. پاشا سەرقاڵی ئەوەبوو هەموو بەرپرســـیارییەک بخاتە ســـەرشـــانی خۆی. ئەو شـــتەکەی وەها دەبینی. ئەوەی ڕاستیش بێ ئەو تەنیا مابووەوە.
هەوڵیدا وەک پاشـایەکی ڕاسـتەقینە بجووڵێتەوە، لە ڕووداوە گەورەکانی وڵات نەترسێ. هەر وەهاشی کردبوو. لێ هەنووکە ڕەعیەتەکەی چەکدار و خۆیان لەپشـــت تەلیســـە خۆڵەکانی دەرەوەی کۆشـــکەکە مەڵاس داوە، ئەم جارە هەســـتی بە مەترســـی کرد. لەوانەشـــە هەندێک جار پاشـــایانی مەزنیش لە ساتە تەنیاییەکانیاندا ترسیان بەسەردا زاڵ بێ.
لە شوێنی خۆی بردەبردێکی لێوەهات: "تاج، نەوەکەم."
ئەرێ باشـە بۆچی پێشتر بیری لێنەکردبوونەوە؟ ئەرێ پەردەدارەکەی لە کوێ بوو؟ بۆ یەکەمین جار لەژیانـدا بە نـاوی خۆی بـانگی کرد: "ئـاغـا موشیر!"

هیچ کاردانەوەیەک نەبوو.
جارێکی دیکە پاشا بانگی کردەوە: "ئاغا موشیر!"
پێدەچوو پەردەدارەکە لە کۆشک نەبێ.
ئینجا کابرا دەستبەجێ و بە غاردان هات.
"برۆ، بە پەلە سواری ئەسپەکەت بە! شێخ ئاغاسیم بۆ بێنە."

پاشا گەڕایەوە ژووری کارەکەی، دەستی دایە قەڵەم و لەسەر کاغەزێک نووسی. لەبنی نامەکەش واژۆی کرد، پاشان لە پەنجەرەوە سەیری کرد ئاخۆ کەی ئاغاسی وەدەردەکەوێ.
لە کۆتاییدا سەرۆکی پاسەوانەکان لەگەڵ ئاغاسییدا هات. پاشا ئاغاسی لەگەڵ خۆی بردە ژوورە بچکۆلانەکەی وتوویژ. "ئێمە شـــتێکی گرنگمان بۆ تاج و بۆ منداڵەکەی، بۆ جێنشین جێهێشتووە. ئێمە دەبێ پێشتر ئەوان بگەیەنینە شوێنێکی ئاسایش پارێزراو."
پاشـــا نامەکەی دایەدەســـتی ئاغاســـی و گوتی: "ئەمە بۆ باڵوێزخانەی ڕوســیە. تۆ دەبێ دوو شت بکەی. یەکەمیان هەر بە دەستی خۆت ئەم نامەیە دەدەیە باڵوێزی ڕوسی. هەر بەتەنیا دەستی باڵوێز. پاشان بەیانی ســـەر لەزوو بە بێدەنگی تاج و منداڵەکەی هەڵدەگری و دەیانبەیتە جێهەواری خۆت. لەکاتی پشێوی و هەرادا لای ئەوان دەمێنیتەوە. ئەگەر ڕەوشی تاران لەدەست دەرچوو، ئێوە بڕۆنە تەورێز. ئەگەر شتێکیشمان بەسەرهات، بۆ ڕوسیا رابکەن، بڕۆنە مۆسکۆ. باقی شتەکەم لەم نایە بۆ باڵوێز نووسیوە."
قسەی لەوە پتر پێویست نەبوو. شێخ ئاغاسی بۆ ئەو هەموو متمانەیە دەستی پاشای ماچ کرد.
پاشا بە ئۆخەیەکەوە پەرداخێک ئاوی خواردەوە. ئێستا ئەو لەو خەڵکەی لە دەرەوە بوون ترسی نەما، ئەو پێشتر لە ناپاکی دەترسا. ئاخر دەکرێ

کەسانی بازنەی دوروبەری خۆی هەر ئەم شـەوە بەسـەری دابدەن و بیکوژن. هەر لە منداڵیشەوە ئەو ترسە دێرینەی لەگەڵدا هاتبوو.
باپیرەگەورەی ئەو دوای لەشکرکێشییەکی سەر هیندستان لەناو چادرێک لەسـەر گردێکی ئەفغانسـتاندا نوسـتبوو. لە لایەن کەسـانی بڕواپێکراوی خۆیەوە ئێشـکی لێدەگیرا. لێ هەر ئەو پاسـەوانە بڕواپێکراوانە بوون لە خەودا دایانە بەر خەنجەران و هەر لەوێ سارديان كردبووەوە.
هەمیشـە هۆزەکەی ئەو باسـی ئەو کوشـتنەی وەک دەرس و عیبرەتێک دەکرد. پاشـا لە منداڵییەوە دەترسـا لەوەی شـەوێک یەکێک دیت و لە خەودا دەیکوژێ.
ئەمشـەویش ترسـەکە پتر بووبوو. کێ ناڵێ ئەمشـەو لە لایەن پەردەدارە گوێڕایەڵەکەیەوە کۆتایی نایەت. تۆ بڵێی ئەو پەردەدارە کێیە کە هەرگیز قسـەی نەکردووە؟ باشـە لە دەرەوەی کۆشـک لەگەڵ کێ پەیوەندی کردووە؟ باشـە کێ ئەوی ناسـاندووە؟ بەڵێ، هەر بەڕاسـت ئەو پیاوە ئەفسـووناوییە کێیە، هەر کاتێک پاشـا زەنگوڵەکەی ڕاوەشـاند ئەو بەدەردەکەوت؟
بۆ ئەوەی لە هەموو سـەرەڕۆییەک دووربکەوێتەوە، بڕیاریدا شـەوەکە، شـەوی دوا ئاگادارکردنەوەکە، لە گەنجینەی ژێرزەمینەکە بەسـەر ببا. لەکاتی پێویستیشدا دەتوانێ بەڕێڕەوە نهێنییەکەدا خۆی دەرباز بکا.

٥٩

لەسەر تەختەی شەترەنج

پاشا لەگەڵ گەردەگەردەی بەیانیدا بە خێشکەیی لە کونێ هاتەدەر و بە ئەسپایی دەرکەی ژووری نووستنەکەی خۆی کردەوە، دەستی بە گوێیەوە وەنا و گوێی هەڵخست. کۆشک مات و خامۆش بوو. بۆ هۆڵی مینابەندەکە چوو، وەک هەمیشە جلی سەربازییانەی پۆشیبوو. پاسەوانەکان بێ هیچ کێشەیەک دەهاتن و دەچوون و سەربازەکانیش لە شوێنی خۆیان بوون.

پەردەدارەکە بەدیار کەوت. "ئێمە برسیمانە، بانگی ئاشپەزەکە بکە."

ئاشپەزەکە بەخۆی و مەجمەیەکی[١٠٩] گەورەی پڕ لە خواردنەوە هات. تەماشایەکی پاشای کرد و چاوەڕێی کرد تا دەستوور بدا خواردنەکە بۆ تاقیکردنەوە تام بکا.

"ئەرێ ئەمڕۆ بەیانی کەس بۆ لای تۆ هاتە ناندین؟"

ئاشپەزەکە وەڵامیدایەوە: "نەخێر خاوەنشکۆ."

"هیچ کەس؟"

---

[١٠٩] مەجمە: سینی، خوان.

"نەخێر خاوەنشکۆ، تەنیا پەردەدارەکە هات."

"ئەدی شەو کەس هاتبووە ناندینێ؟"

ئاشـپەزەکە شـڵەژا، زمانی تێکئالا: "نەخێر، خاوەنشـکۆ، من، من ئەوە نازانم."

"دەی هەموو ئەو شتانە بگەڕێنەوە!"

کاتێک ئاشـپەزەکە لەوێ ڕۆیشـت، پاشـا چووە لای ئەو دەرکەیەی هەمیشـە پەردەدارەکە بە وێدا دەهاتە ژوور، ئیدی وەژوور هۆدەکەی پشتەوە کەوت.

پەردەدارەکە لەسەر مێزێک دانیشتبوو، خەریکی بەرچایی خۆی بوو. ئەو لەوێ چاوەڕێی پاشای نەدەکرد، بۆیە کە بینی پەشۆکا و سڵەمیەوە.

"تۆ ئەمڕۆ ئـازاد بە، بڕۆوە مـاڵێ. دواتر پێت ڕادەگەیەنین ئـاخۆ کەی دەتوانی بگەڕێیتەوە."

پەردەدارەکە لە شوێنی خۆی دودڵ بوو.

شا لێبڕاوانە پێیگوتەوە: "تۆ بڕۆرەوە ماڵەوە."

پەردەدارەکە جانتا هەڵواسـراوەکەی داگرت و بۆ پاشـا نووشـتایەوە و ڕۆیشـت. ئیدجا پاشـا نانێکی تازە و پەنیر و جادانە پڕ چایەکەی پەردەداری لەسـەر مەجمەیەک دانـا و لەگەڵ خۆی بردییە هۆڵی میناـبەندەکە.

سـەرۆکی پاسـەوانەکان لە دەرکەی دا. تەتەرێکی سـوپا لەبەر دەرکە چاوەڕێی دەکرد.

پاشا گوتی: " چەکەکەی لێ وەربگرە و بینێرە ژوور."

تەتەرەکە پێیڕاگەیاند، ئایەتوڵلاکان بانگەوازیان بۆ سەربازان ڕاهێشتووە چەکیان دابنێن و بڕۆنەوە ماڵێ. شـا ویسـتی لێی بپرسـێ ئاخۆ هەر بەڕاسـتی سـەربازەکان گوێڕایەڵی بانگەوازەکە بوون یان نا، کەچی پرسیارەکەی نەکرد.

پاشا پرسی: "هەر ئەوە بوو؟"
تەتەرەکە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ خاوەنشکۆ." ئینجا چووە دەر.
جارێکی دیکە شا چووە پشت پەنجەرەکە. پاسەوانەکانی بە شێوەی جارانی خۆیان دەسووڕانەوە و سەربازەکانی دیکەش لەسەر دیواردا وشیارانە وەستابوون. ئەو چاوەڕێی وەزیر بوو، بەڵام ئۆقرەشی لەبەر هەڵگیرابوو. هەستیکرد پێویستی بە نوێژکردن هەیە. چوو دەستنوێژی هەڵگرت و ڕووی لە مەککە کرد. کاتێکیش لە نوێژەکەی بووەوە، دەستی دایە قورئانێ سورەتی ئەلشەرحی خوێندوە، ئەو سورەتەی خوا قسە لەگەڵ پێغەمبەرەکەی دەکا:

محەمەد!
ئەدی ئێمە دڵی تۆمان خاوێن نەکردەوە؟
ئەو بارە قورسەی لەسەر شانت هەبوو، لامان نەبرد؟
ئەدی وامان لێنەکردی بە ناوبانگ بیت؟
لەبیرت بێ! هەمیشە دوای کاتی تەنگانە، خۆشی دێ.

شا نەیتوانی بەر بە فرمێسکەکانی بگرێ.
هەنووکە تەتەری وەزیر هات. ئەویش پەیامێکی زارەکی پێبوو.
پیاوەکە چرپاندییە گوێی پاشا: "من لەگەڵ بەرەی نەیار دانیشتووم و قسەیان لەگەڵدا دەکەم. دانوستانەکان زۆر توند و گرژن و کاتی دەوێ، ئێستا ناتوانم بێمە لات."

جەمال خان و هاورێکانی کۆبوونەوەیەکی لەناکاویان لەبەهار ٥٥،
لێکەوتەکانی دەستبەسەرداگرتنی کۆشک تاوتوێ کرد. خۆ ئەگەر ١٩٥١،
شا دەستبەسەر بکەن و تەختەکەی بڕوخێنن، ئەوا کاردانەوەی ٥٨م ١٩٦

و هەم ئایەتوڵڵاکانیش پێشـبینی نەکراو دەبێ. ئەوان لەسـەر ئەوە کۆک بوون، دوا چارە کە دەستی بۆ ببردرێ لادانی پاشا بێ. ئەوان پێویستیان بە واژۆ و مۆری پاشـا هەبوو تا لەسـەر بەڵگەنامەی داواکاریەکانیان بدرێ، بەڵام ئاخۆ چۆن دەتوانن بە بێ خوێنڕشـتن ئەم شـتەیان دەستبکەوێ؟

هەرچەندە سـەرەتا وەزیریان خسـتبووە ژێر فشـارێکی زۆرەوە، کەچی ئێسـتا سـتراتیژییەکەی ئەوان ئەوە بوو بوارێکی بەرفرەوانتری پێبدەن تاکو وەک ناوبژیوانێکی ڕاستەقینە بە ڕۆڵی خۆی ڕابێ.

ئینگلسـتانیش لەگەڵ هەرا و پاشـاگەردانییدا نەبوو. ئەوان سـوودیان لە سـیسـتمێکی جێگیر دەبینی. ئەوان دەترسـان کەوتنی شـا پاکانە بداتە دەسـتی ڕوسـەکان تا لە لای باکوورەوە پەلاماری وڵاتەکە بدەن. باڵوێزخانەی بریتانی لەبەر ئەم هۆکارە بوو پشتیوانیی لە ستراتیژییەکەی جەمال خان دەکرد.

دوای ئەوەی خوێندنەوەی قورئان هەندێ ئارامیی بە دڵی پاشا بەخشی، پیاسـەیەکی بەنێو باخەکەدا کرد و لەسـەر زاریشـی هەر سـورەتەکەی دەگوتەوە بەڵکو ورە بداتەبەر خۆی: "هۆ محەمەد! ئارام بگرە! ئارام بگرە! بەرگەی ئەوە بگرە کە پێت دەڵێن!"

پاشـا گومانێکی بۆهات بەوەی پاسـەوان و سـەربازەکان هەر بۆئەوە لەوێن تا چاودێریی پاشـا بکەن.هەر بۆیە بە ئەنقەسـت زۆر لای گوڵ و چیمەنی لای دەریاچەکە مایەوە. دەبێ ئەوان بێنەسـەر ئەو ڕایە، پاشـا بەتەواوی هێوربووەتەوە.

لە پشـتەوەی ماڵی خزمەتکارەکانەوە لێ وەسـەر بانەکە کەوت تا بە دووربین گۆڕەپانەکە بخاتە بن چاودێریی خۆیەوە. هێشتا بەربەستەکان هەر وەک خۆیان بوون، بەڵام ئەوەی مایەی سـەرسـوڕمانی بوو، بینی

هەموویان پڕ لە سەرباز و پاسەوان نین. لای خۆی گومانی بۆ ئەوە چوو، بەشێک لە سەربازەکان بایاندابێتەوە لای ئایەتوڵڵاکان.
ئەوەی بۆ ئەو زۆر مایەی سەرسامی بوو، کشوماتیی گۆڕەپانەکە و کوچە و کۆڵانەکانی دەورووبەری بوون. هەرزوو ئەو بیرۆکەی هات، خۆپیشاندەراکان خۆیان بەدەستەوەدابێ.
شا چووە سەربانی ناندینەکە. لەوێوە بە ڕوونی ئەو کەسانە دەبینران کە لە پشت کیسەخۆڵەکانەوە وەستابوون. وەها دیاربوو وەک ئەوەی چاوەڕێی فەرمانێک بن.
تەماشایەکی لای حەرەمسەراشی کرد، ئەویش هەر کڕ و بێدەنگ بوو. هیچ کەسێک لە دەروازەکەوە دیار نەبوو.
شا هەستی کرد هیچ شوێنێکی دیکەی نییە بۆی بڕوا. ئەو شەترەنجزانێکی چاک بوو، باشتر بوو لە ڕکابەرەکانی و هەنگاوەکانی هەر بۆ پێشەوە بوون. زۆر کەم وابوو لەگەڵ باوکی بدۆڕابا. تەنیا لەگەڵ وەزیری کۆن دەبووایە زۆر جار دانی بە دۆرانەکەی خۆی بنابایە. کەچی لە ژیانی ڕاستەقەینەدا خراپ سەرپەرشتیی گۆڕەپانی یارییەکەی دەکرد. هەڕەشەی کشمات لەسەر پاشا هەبوو. ئەو ئێستا گەیشتبووە ئەو ئاستە، نەتوانێ لەوە زیاتر داشەکانی بجووڵێنێ. ئاخر هەردوو ئەسپ و وەزیر و دوو فیل و سەربازەکانی، هەر هەموویان لە گەمەکە دەرهێنرابوون. نیگای پەڕیە سەر تۆپەکەی خۆی، کە بێ ئیشوکار لەوێ لە حەوشەکە دانرابوو.
بیری بۆ گەنجینەی ژێرزەمینەکە، بۆ دەرچەی ناچاری، بۆ ئەو ئەسپەی لە تەویلەکە ئامادەکرابوو، بۆ هەموو ئەمانە ڕۆیشت. پاشا بەخۆی گوتەوە: 'پاشای گەمارۆدراو لەسەر تەختەی شەترەنجدا پێویستە کاتەکەی درێژبکاتەوە. ئێمەش ئەوەمان کرد، وەزیرەکەمان لەگەڵ

نەیارەکان لە وتوویژدایە و ڕوسـەکانیشـمان بەگەڕ خسـتوون. هەنووکە من دەبێ وەک پاشایەکی ڕاستەقینە ئارام بگرم."
ڕۆژ گەیشــتە تـاقی ئـاســمـانێ. دوائـاگـادارکردنەوەکە خەریکبوو بەسـەردەچوو. ئەرێ پێویسـتە بچێتە نێو کۆشـکەکە و لەوێ ببینێ ئاخۆ چۆن خەڵکەکە بەسەر کۆشکدا دەدەن یان وەک شێرێکی ترسنۆک بچێتە کونی ژێرزەمینەکە و خۆی بشـارێتەوە؟ ئەو هەر لەسـەر بانەکە وەسـتا، هەسـتێکی وەهای بۆ پەیدابوو، هێشـتا جڵەوی ڕووداوەکانی لەدەسـت دەرنەچووە.
نیگای پەڕیە سـەر باخی پشـتەوەی کۆشـک. بینی چۆن خوشـکەکەی مەلیچـک یـارمەتیی براکەی دەدا تـا لە ژووری بیهێنێتە دەرێ. ئـاخر مەلیچک لە ڕوداوەکەی بازاڕەوە قاچی چەپە و یەک دوو پەراسـووی شـکابوون. لەوکاتەوە لەسـەر جێ کەوتبوو، بەو هۆیەشـەوە تا دەهات قورسـتر دەبوو. پاشـا هەموو ئێواران سـەرێکی دەدا. خوشـکەکەی مەلیچک کورسـییەکی بۆ پاشـا لای پێخەفی براکەی دانابوو، تا بتوانێ هەر کاتێک ویسـتی قسـە لەگەڵ مەلیچک بکا. مەلیچک لەسـەر دەسـت و پێ بەدەرکەدا هاتەدەر. پاشا بەئاستەم ناسییەوە.
بانگدەری مزگەوتی گەورەی شـار بانگی دا: *ئەڵلاهو ئەکبەر، حەییا عەلا ئەلسەلات*؛ دەی خێراکەن وەرنە نوێژێ.
پاشـا هێدمەگرتی بوو. بەسـەرچوو، کاتی دوا مۆڵەتەکە تێپەڕی. ئەو چاوەڕێی پشـێویی دەکرد، لەوانەیە هەسـتی بە نائومێدی کردبێ، لێ ئەوەی مایەی سـەرسـامی ئەو بوو، بانگدەرەکە هێورەیی و بێدەنگی لەگەڵ خۆی هێنا. کۆتایی بە نادڵنیایی هات. ئێسـتا ئەو شـتە دەقەومێ، ئەوەی لێی تۆقی بوو. ئەو هەموو شـتێکی کردبوو تا ڕێ لەوە بگرێ و ڕوونەدا.
بانگدەرەکە دووبارەی کردەوە: "حەیا عەلا ئەلسەلات."

ئێستا پێویستە هەمووان چەکەکانیان دابنێن تا بۆ نوێژ کردن ڕوو بکەنە مەککە. ئەمە ساتی ئاشتی بوو، هیچ کەسێک بەسەریدا نادا، هیچ کەس نایکوژێ.
کاتێکیش بانگدەرەکە لە بانگی خۆی بووەوە، دیسان بێدەنگی باڵکێش بووەوە. پاشا هەر بەڕاستی بینی کە هەمووان پشتیان لە کۆشک و ڕوویان کردووەتە مەککە و نوێژەکەیان دابەستووە.

قەلەباچکەیەک بەسەر گۆڕەپانەکدا فڕی و بە قیغە قیغەکەی دڕی بە بێدەنگیدا دا. نوێژیش تەواو بوو. جووڵە بە ئاپۆرای خەڵکەکە کەوت. پاشا هەوڵیدا هیچی لەبەرچاو گوم نەبێ. خەڵکەکە لە باریەک ترازا و مەودایان بەیەک دا. وەزیر و دوو ئایەتوڵلا و حەوت پیاو بە قاتەوە لەگەڵ دوو کەسی بێگانە بە پێ بەربەستەکەیان تێپەڕاند و بەرەو گۆڕەپانی کۆشک هاتن. لەوێ وەستان و قسەیان کرد.
پاشا ئایەتوڵلا تەباتەبائی ناسییەوە، ئایەتوڵلاکەی دیکەش بەهبەهانی بوو، ئەو ئاخوندە پیرەی یەکەمین کەس بوو چووە سەربانی ئەو ماڵەی بەرانبەر باڵوێزخانەکە و لێی دانیشت.
پاشا باڵوێزی بریتانیشی ناسییەوە، دووەمین بێگانەش براون ئێدوارد گرانڤیل بوو، بەڵام پێشتر ئەوی نەبینیبوو. شا گومانی بۆ ئەوەچوو، پیاوەکانی دیکە بازرگانەکانی بازاڕ بن.
ئینجا پاشا دووربینەکەی لەچاوکردەوە. وەک ئەوەی نێردەکەی گۆڕەپانەکەی بۆ دیدار بانگ کردبێ، بۆیە لەسەر بان دابەزی و چووە هۆڵی مینابەندەکە و چاوەڕێی سەردانەکەی کرد. لە بەرانبەر ئاوێنەدا کڵاوەکەی سەری ڕاست کردەوە، ئینجا بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت.
وەزیر لەگەڵ سەرۆکی پاسەوانەکان قسەی دەکرد. پاشان سەرۆکی پاسەوانەکان هات تا پاشا ئاگادار بکاتەوە.

کاتێک لە دەرکە درا، پاشا بە حەوسەڵەوە گوتی: "وەرە ژوورا!"
پیاوەکە ئیکلامی کێشـــا و گوتی: "باڵوێزی شـــانشـــینی بریتانی لەگەڵ نێردەیەک لە دەروازەن، داوا دەکەن ئـاخۆ پـاشـــا دەیەوێ بیـانبینێ؟ هەروەها وەزیریشیان لەگەڵدایە و چاوەڕوانە."
هێشتا پاشا کشمات نەبووە، دەکرێ زیاتر یاری بکا.
" بۆ ژوور یاوەرییان بکە."
وەزیر مســتەوفی ئەلمەمالیک یەکەمین کەس هاتەژوور، هات و لەپشــت پاشا شتێکی بەگوێیدا چرپاند.
کاتێکیش مێوانەکان گەیشـتنە نێو هۆڵی مینابەندەکە، پاشـا لای کورسـیی گەورەپاشاکانی ئێرانیدا وەستا.
بەهبەهانی بە سادەیی گوتی: "سڵاو لە پاشا."
پاشاش وەڵامی دایەوە": "سڵاو!"
باقی نێردەکەش سڵاویان کرد.
وەزیر هەر هەموویانی بە پاشـا ناسـاند و ئینجا چوو لەپشـت پاشـاوە وەستا.
بریتانییەکان بەجیا وەســـتان. بازرگانەکانیش کڵاوی خۆیان داگرت. شوێنەکەیان لەپێش ئایەتوڵلاکانەوە بوو.
بە ئاماژەیەکی شـاهانە پاشـا ئاماژەی بە ڕیزێک کورسـی لەژێر ئاوێنە گەورەکە دا. لەبەرئەوەی ئـایەتوڵلا بەهبەهـانی هەر بەپێوە بوو، ئەوانی دیکەش دانەنیشتن.
باڵوێزی بریتانی دەسـتپێشـخەری کرد. یەک هەنگاو هاتە پێشـەوە و بە ئینگلیزی گوتی: "خاوەنشکۆ، جارێ فارسییە شەقوشڕەکەم هەڵدەگرمەوە و قسـەی پێناکەم. ئینگلسـتان تێکەڵ بە کاروباری ناوەخۆیی ئێوە نابێ. بێ خواسـتی خۆمان تێکەڵی ئەو ڕووداوانە بووین، بەڵام تۆ پێویسـتە بزانی، ئینگلسـتان پاڵپشـتی پاشـایە. پاشـایەکی دەسـتڕۆیشـتوو زۆر لە

بەرژەوەندیی ئێمە دایە. پێدەچێ زۆر شتی ناروون لەبارەی ڕۆڵی باڵوێزخانەی بریتانی لە ڕووداوەکانی ئەو ئەو ماوەی ڕابردودا گوترابێ، بەڵام من پاشا مسۆگەر دەکەمەوە، ئینگلستان لەو بارەیەوە ناکارابووە. لەو ڕۆژانە من وەک پێناوێک قسە دەکەم. براون ئێدوارد گرانڤیلیش وەک دیلمانج تا تەموژییەکە لەبەین بەرێ."

گرانڤیل بۆ پاشا چەمایەوە و باڵوێزیش درێژەی بە قسەکانی خۆی دا: "ئەو نێردەیەی لێرەیە بڕوانامەیەکیان لەگەڵ خۆ هێناوە، تێیدا داوا لە خاوەنشکۆ دەکەن پەسەندنامەی خۆی لەبارەی پێکهێنانی پەرلەمانێک دەرببڕێ. وەک باڵوێزی بریتانی داوام لێکرا وەک شاهیدێک بێمە ناو. ئیدی لێرەوە دەستوەردانی ئینگلستان لەم پرسە دەوەستێ."

کاتێکیش باڵوێز یەک هەنگاو بۆ دواوە گەڕایەوە، ئایەتوڵڵا پیرەکە بە گۆچانەکەی خۆی ئاماژەی بۆ یەکێک لە بازرگانەکان کرد. ئەویش لێ چووە پێش و سەری خۆی دانەواند و زەرفێکی ڕادەستی پاشا کرد. پاشاش بڕوانامە سێ لاپەڕەییەکەی لەنێو زەرفەکە دەرهێنا و سەیرێکی کرد. لە ڕوخسارەکەی نەدەخوێندرایەوە ئاخۆ ڕامانی چییە.

ئەو جارێکی دیکە ئاماژەی بە مێوانەکان کرد تا لە شوێنی دەستنیشانکراوی خۆیان دابنیشن. ئایەتوڵڵا بەهەبەهانی بە لەسەرخۆیی بەرەو کورسییەک ڕۆیشت. ئیدی کەشە دژوارەکە ڕەویەوە. هەر ئایەتوڵڵا دانیشت و دانەنیشت، گۆچانەکەی لەدەست بەربووەوە. ئایەتوڵڵا تەباتەبائی هەڵیگرتەوە و دایەوە دەستی بەهەبەهانی لە تەنیشت ئەودا دانیشت. ئەوانی دیکەش بەدوای ئەودا دانیشتن. پاشا زەنگوڵەکەی لێدا و بانگی کرد: "چا بۆ مێوانان!" لێ ئەوەی لەبیر کردبوو پەردەدارەکەی ناردبووەوە ماڵی خۆی. هیچی دیکەی نەگوت. بەو بەڵگەنامەی لەناو لەپی دەستی دابوو، بیری لێدەکردەوە. براون ئێدوارد گرانڤیل پرسی: "ڕێگەم دەدەی یەک دوو قسە بکەم؟"

پاشا بە سەرنجەوە سەیرێکی کرد و گوتی: "فەرموو قسە بکە."
"من گەڕیدەیەکم. من دەنووسم، من مەراقی مێژووی وڵاتەکەتانم. ساڵانی دوورودرێژ لە ئێران ژیاوم. یەک ڕاستی هەیە لای من ماوەتەوە، ئەگەر پاشا ڕێگە بدا، پێتانی ڕادەگەیەنم."
ئەو فارسییە نایابەی قسەی پێدەکرد سەرنجی پاشای ڕاکێشا. ئاماژەیەکی بۆ کرد درێژە بە قسەکەی بدا.
"من ئەوەم بەدی کردووە، ئێرانییەکان پاشاکەی خۆیان خۆشدەوێ. ئەو گەلەی کە ئێستا بە تفەنگەوە لەپشت کیسە خۆڵەکانیشەوە وەستاوە، ئێوەیان خۆشدەوێ."
بەم قسەیە خەندەیەک پەڕییە سەر ڕوخساری شا. دەستی بۆ بەرکی کەواکەی برد بەڵکو یەک دوو دراوی ئاڵتونی دەربێنێ و بۆ گرانڤیل فڕێی بدا. ترینگەی دراوەکان دەبیسترا، لێ لای خۆی هێشتنەوە. پاشا تا لای مێزەکە ڕۆیشت، پەرداخێک ئاوی بۆخۆی تێکرد و قومێکی لێدا. دەستەی ئامادەبووان چاویان لەسەر هەر جووڵەیەکی بوو. پاشا هەوڵیدا کات بەدەست بێنێ بەو مەبەستەی بەڵکو دەروویەکی لەسەر ببێتەوە و لەو دۆخە ڕزگاری ببێ. جارێکی دیکە لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی کرد، نەخێر، هیچ شتێک ڕوونادا. نێردەکە بڕوانامەیەکی داوەتێ، ئێستا ماوەتەوە سەر ئەو.
ئەویش بۆ لای مێزەکە ڕۆیشت، دەستی دا خامەیەک لەپەڕی قاز، نووکەکەی لە مەرەکەب هەڵێنا، کاغەزەکەی واژۆ کرد و بە مۆری ئەنگوستیلەکەشی ناوەڕۆکەکەی سەلماند و پەسەندی کرد. ئامادەبووان بەو ڕاستییە سەرسام بوون، کە شا بەختی خۆی دیاریکرد. ئینجا بەڵگەنامەکەی لوول دا و دایە دەستی وەزیر. وەزیریش لای خۆیەوە دایە دەستی ئایەتوڵڵا بەهبەهانی. ئایەتوڵڵاش سەری نەوی کرد و تەماشای کرد. ئاخۆ پاشا دەستی بۆ دێنێ تا تۆقەی لەگەڵ بکا. لێ پاشا

ئەو جوولەیەی پشـــتگوێخســـت و ڕووی لە وەزیر کرد: "تا دەرەوە یاوەریی ئەو پیاوانە بکە."
لەکاتێکدا ئامادەبووان دەچوونەدەر و گرانڤیل وەستا.
کاتێکیش نێردەکە لەوێ ڕۆیشـــت، شـــا گوتی: "تۆ دەڵێی نووســـەری، لەبارەی چییەوە دەنووسی؟"
"من لە کەلاوە کۆنەکاندا بەدوای مێژوودا دەگەڕێم، بەڵام خۆشەویستیی زۆرم بۆ خەڵکی ئاســـاییە. من زۆر گەشـــت دەکەم، ئەزموونەکەم دەنووسمەوە. دیدارم لەگەڵ ئێوە یەکێکە لەو ساتە هەستیارانە، بێ سێ و دوو لەسەری دەوەستم."
"تۆ مەیلت بە لای سیاسەتدا ناڕوا؟"
"نەخێر، من لەبارەی ژیانی ڕۆژانە، لەبارەی کەلتوور، لەبارەی بەها و دابونەریتەوە دەنووسم."
"خۆ ئەگەر لەبارەی منیشەوە بنووسی، ئەمەی خوارەوە بنووسە: "پاشا دەڵێ: من بڕیاردەدەم!"
"خاوەنشکۆ، مەبەستت چییە؟"
ئەویش وەها وەڵامی دایەوە: "دواتر لێی تێدەگەی."

کاتێکیش نێردەکە لە کۆشـــک هاتنەدەرەوە، پیاوەکانی بازاڕ کڵاوەکانیان بۆ هەوا بەرزکردنەوە. بەم جۆرە جەمال خان و میرزا ڕەزا و ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتەکەیان تێگەیاند، پاشـــا بەڵگەنامەکەی مۆر کردووە. کەس باوەڕی نەدەکرد، هیچ کەس نەیدەویست بەرلەوەی مۆری پاشا لەسەر بڕوانامەکە ببینێ، فیکەی خۆشی لێبدا.
جەمال خان بەڵگەنامەکەی لێککردەوە و هاواری کرد: "*جاوید ئێران!* بژی ئێران!"
ئیدی هەزاران گەروو هاواریان کرد "*جاوید! جاوید!* با بژی!"

میرزا ڕەزا بە لاوازی و پەشـــێوحاڵی لەبەر زیندانییە دوورودرێژەکەی، دەســتی دایە ئالایە ســێ ڕەنگەکەی ولات، بازیدایە ســەر ســەکۆیەک و بانگی کرد: 'ئاهەنگەکە دەستپێکرد! پاشا پەرلەمانی نیشتمانیی پەسەند کرد!'

ئامادەبووانیش هاواریان کرد: '*مەجلیس، مەجلیس، مەجلیس*! (پەرلەمان، پەرلەرمان، پەرلەمان)'

تاران وروژا، بووە شایی و لۆغان، موزیک ژەنرا، گۆرانی گوترا، خەڵکی سەر جادە باوەشیان بەیەکدا دەکرد و ژنانیش لەسەر بانان فرمێسکی شـــادییان لە چاو دەهاتەخوار. خەڵک هەڵپەڕی، کەوتنە ســــەما، ئەو بازرگانەکانی بازاڕیان لەسەر شانان دانان و پەسنی کۆڵنەدانەکەیان درا. دوو ئایەتوڵلاکەش بە یاوەری گوڕدەمی خەڵکەوە چوونە ئەو ماڵەی کە ئایەتوڵلاکانی قوم لەوێ لەسەر چۆک دانیشتبوون. ئیدی خەڵک هاواری کرد: '*موبارەک، موبارەک، مەجلیس موبارەک*: پیرۆزە، پیرۆزە، پەرلەمان پیرۆزە.'

جاران بە شێوەیەکی ئاسایی خەڵکی ئێران هەستوسۆز و هەڵچوونیان بە وشـــە و دروشـــم دەردەبڕی، لێ ئەمە یەکەمین جار بوو لە مێژوودا، ئـاپۆرای خەڵکی بەیەکەوە وەک ســـوپاســـنامەیەک چەپڵە لێبدەن. دوکـانـدارەکـان گەڕانەوە بـازار تـا دوای مـانگرتنێکی زۆر دەرگـای دوکانەکانیان بکەنەوە. ماوەی هەفتەیەکی ڕەبەق لە هەموو لایەکی ولات ئاهەنگ گێڕدرا. خەلک بەیەکدییان دەگوت: 'هەوا بۆنی گوڵی لێدێ.' بەڵێ ئەوان ڕاست بوون، ئاخر جۆرە بەهارێک داهات. هەمووان هەستیان بە باشیی خۆیان دەکرد، هەمووان شادمان بوون. هەمووان پێدەکەنین.

٦٠

مەجلیس

لە کشـــوماتییدا گەر لە کۆشـــک دەرزی بەربووبایەوە گوێت لێدەبوو، کەچی لە ناوجەرگەی تاراندا هەراوزەنایەک بوو هەر مەپرســـە. ڕۆژانە ئەندامـانی کۆمیتەی بەرگری، نوێنەرانی بـازار، بریگرتە ڕێپێدراوەکـانی ئـایەتوڵڵاکـان تـا درەنگـانی شـــەو کۆدەبوونە تـا کـارێکی وەهـا بکەن دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان ساز بکەن.

شـتێک بوو بە بیر کەسـدا نەدەهات بە ماوەیەکی کورت بتوانن نوێنەری هەموو چین و توێژ و پیشـــەکـان لەیەک کۆبکەنەوە. لێ کۆمیتەکە دەیەویســـت تا زووە بیچمێک بە پەرلەمان ببەخشـــن، چونکە کاتەکە بۆ ئەوان لەبار بوو. بڕیاریان دا نوێنەری هەموو شـارە گەورەکان بۆ تاران داوا بکەن، بەوەی لەماوەی مانگێکدا پەرلەمانێکی کاتیی پێکبهێنن. کەواتە شـتەکە پەیوەندی هەبوو بە نوێنەرانی شـەش چینە گرنگەکەی کۆمەڵگە: خانەوادەی پاشـایەتی، ئاخوندەکان، هۆزەکان، بازاڕ، کەرتی پیشـەسازی و زانایان.

هەروەها بڕیاریان دا لەدوای سێ مانگ کۆبوونەوەی داهاتوویان ببەسترێ. لەو دوو کۆبوونەوانەشدا پاشا بڕوانامەی دەستور واژۆ دەکا. بە دوای باڵەخانەیەکی شایستەدا بۆ بارەگای پەرلەمان دەگەڕان، بەڵام ئەو باڵەخانانەی بۆ ئەم کارە دەستیان دەدا، هەموویان موڵکی پاشا و شازادەکان بوون، هیچ کەسیش لەوان دەستبەرداری موڵکەکەی خۆی نەدەبوو. بگرەوبەردەی زۆر پەیدابوو، دوای کێشمەکێشێکی زۆر، لە کۆتاییدا پاشا قایلبوو، باڵەخانەیەکی کۆنی میریی بۆ پەرلەمان بەتاڵ بکا. ئەو وەهای دانابوو شتەکە بۆ ماوەیەکی کاتییە.

بە نابەدڵیشەوە فەرمانی ئەوەی بۆ چاپخانەی پاشایەتی دەرکرد سەد و پەنجا دانە لە دەستووری پێشنیازکراو چاپ بکا، بۆ ئەوەی نوێنەرانی گەل بیخوێننەوە و تاوتوێی بکەن لە کۆبوونەوەی دووەمی پەرلەماندا لێی کەم و زیاد بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. ئەم ژمارە زۆرەی کتێبەکە یەکەمین هەنگاوی ناچاکردن بوو بۆ شا تا ڕێگە بدا بیروڕای ڕەعیەتەکەی بزانێ و پەسەندی بکا.

لەپاش مانگێک لە تەداروک، نوێنەران لە میانەی ئاهەنگێکی گەورەی شار چوونە نێو تەلاری پەرلەمان. ئایەتوڵلاکان لەپێشەوە بوون، شازادەکان بە دوایاندا ئینجا پیاوە ناودارەکانی بازاڕ، بەدوای ئەوانیشدا نوێنەران بوون، هەر هەمووشیان بە جلوبەرگی ڕازاوەی ئاهەنگ و کڵاوی بەرز و قووچەوە بوون. هەروەها جەمال خان و میرزا ڕەزای هاوخەباتی لەگەڵ چەند ئەندامی دیکەی کۆمیتەکە وەک ڕێکخەرانی بۆنەکە لەگەڵیاندا چوونەژوور.

چەند سوارێک بە سواری ئەسپ کە بە شێوەیەکی جوان ڕازابوونەوە لەپێشەوە دەڕۆیشتن و پاسەوانەکانیش بە جلی جوان و نایابەوە

کەڕەنایان[110] بۆ لێدەدان. هەمووان هەسـتیان کرد ئەمە ڕێڕۆیشـتنێکی بێوێنەیە، ئایەتوڵلا شـایستەکان، شـازادەکان بە خۆیان و داری زێرکەفت لەبن هەنگڵ، بـازرگـانەکـان و عەبا گرانبەهـاکـانیـان کە لە قومـاشـی ئینگلیزییەوە دروسـتکرابوون. لەوێوە دەسـتبەجێ نیگای تەماشـاکەران پەڕیە سـەر چەکمە ڕەشـە بریقەدارەکان، کە هەموو نوێنەران لەپێیاندا بوو. لەوانەیە هەر بەڕێکەوت بووبێ هەموویان لەم جۆرە پێڵاوانەیان لە پێ کردبێ، بەڵام یەکسەر وەک هێمای سەردەمێکی نوێ دەبینرا.

کـاتێکیش نوێنەران دانیشـتن، بەتەمەنترین نوێنەر وەک سـەرۆکی دانیشـتنی پەرلەمانەکە دانرا. هەمووان چاوەڕێی پێوقەدەی پاشـایان دەکرد. خەڵک گرەویان لەسـەر ئەوە دەکرد، لەدوا سـاتدا شـتەکەی بۆ قووت نەدرێ و بەرگە نەگرێ. یەک دوو لە نوێنەران پێشنیازی ئەوەیان کرد، ئەگەر هاتوو پاشـا ئەوان پشـتگوێ بخا و نەیەت، پەرلەمان پەک نەخرێ و بڕیاری خۆی بدا. بەڵام ئەم شـتە نەدەکرا، ئاخر ئامادەبوونی پاشا داواکراو بوو تا دانیشتنەکە ڕەوایەتیی خۆی وەربگرێ.
هاتنی پاشـا کۆتایی بە هەر مشـتومڕێکی لەو بابەتە هێنا. ئەو بەسـواری ئەسـپێکی کەتەی ڕەشـەوە گەیشـتە بەردەم تەلاری پەرلەمان. هەندێ شـڵەژاوی پەیدابوو، ئاخۆ کێ پێشـوازی لێبکا. جەمال خان ئاماژەی بۆ میرزا ڕەزا کرد. میرزاش ڕەزا بە خۆی پێڵاوە ڕەشـە بریقەدارە نوێیەکەوە بەرەو پیری شـا ڕۆیشـت، سـەری بۆ نەوی کرد و گوتی:
"خاوەنشکۆ!"
پاشـا سـەیری نەکرد، هەر بۆیە هیچ گومانێک نەبوو بزانێ ئاخۆ ئەو پیاوە هەر هەمان ئەو کەسـەیە کە عەینولدەولە بە زنجیر کۆتوبەندی

---

[110] کەڕەنا: ئامرازێکە لە شـاخی گا یان لە کانزا دروسـت دەکرێ، بۆ جاڕدان و ئاگادارکردنەوە لە شەڕ و مەترسییەکان لێدەدرێ.

کردبوو خســـتبوویه بەر پێیان. میرزا ڕەزا یاوەریی پاشـــای کرد و گەیاندییە سەر سەکۆی پەرلەمان. شا چاوێکی لە نوێنەران کرد و گوتی:
"ئێمە پاشای ئێران، هەمیشە خەونمان بە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆوە دەبینی. سوپاسی خوداش دەکەین خەونەکەی ئێمەی بەدیهێنا."
پاشا بێباکانە لە شوێنی خۆی بێدەنگ بوو، دوودڵ بوو ئاخۆ لەمە زیاتر بڵێ یان نا، یان باشتر وایە بچێتە سـەر کورسـییەکی دیکە و دابنیشـێ. لەمە یاتر هیچی دیکەیان لەو چاوەڕێ نەدەکرد. هەر بەتەنیا ئامادەبوونەکەی داخواز بوو تا ڕەوایەتی بە دانیشـتەکەیان بدا. ئێسـتا بۆی هەبوو بگەڕێتەوە ماڵێ و تا دوای چەند مانگێک کاتێک پەرلەمان لە دانانی دەسـتور دەبێتەوە ئینجا بە فەرمی دەسـتوورەکە پەسـەند بکا و مۆری خۆی لێبدا. ئەو لەسەر سەکۆکە هاتە خوار بەرەو دەرگا ڕۆیشت پەرلەمانی بەجێهێشت.
هەر دوای ئەوەی ئەو ڕۆیشـــت، ئیدی یەکێک زاتی کرد چەپڵە لێبدا، هەرزوو بەدوایدا هەمووان چەپڵەیان لێدا. خۆی ئەمە چەپڵەیەکی توند و دوورودرێژ بوو، تەنانەت شـــا بەردەرکەی دەرەوەی پەرلەمانیش هەر گوێی لێبوو. لەوێ لەســەر پەیژەکان وەسـتا و گوێی لێگرت. پاشـان بە هێواشـــی لە پەیژەکان دابەزی و بەلای تۆپەکەیدا تێپەڕی، کە لەســـەر گالیسکەیەک بارکرابوو، ئینجا ڕۆیشت.
لە کۆشک چووە ژووری کارکردنی و ڕۆژژمێرەکەی کردەوە. ئەوەندەی نووسی تا پەنجەکانی بە ژان کەوتن.
بەرلەوەی بچێتە نێو پێخەفەکەی، پیاسـەیەکی بە نێو حەوشـەی کۆشکەکەدا کرد. بینی دەرکەی ژووری مەلیچک تی درابوو، هێشتا چرا مۆمدارەکەی هەر دەسووتا.
پاشـا چووە ژوور و لەسـەر کورسـییەکەی تەنیشـت تەختی مەلیچک دانیشت. باشیش نەیدەبینی ئاخۆ مەلیچک بەئاگایە یان خەوتووە. کەچی

لەگەڵی کەوتە قســـە: "ئەوان پەرلەمانێکیان بۆ خۆیان ڕێکخســـت. **مەلای** ڕیشـــداریش یەک لەپاڵ یەک لەڕیزی پێشـــەوە دانیشـــتبوون. **هەموویان** جلی گرانبەها و پێڵاوی چەرمیندیان پۆشـــیبوو. پێیانوایە ئەگەر هات و جلی گرانبەها لەبەربکەن، دەمودەســـت دەبنە ســـیاســـییەکی لێزان و باش. ئەوانە بووکەڵەن و ئینگلســـتان لەپشـــت ئەم کارەوەیە. ئێمە شـــتێکی پووچمان ڕاگەیاند و بەو هۆیەوە ئەوان زۆر بەکەیف بوون و چەپڵەیان لێدا، چەپڵەیان بۆ ئێمە لێدا. لێ گەلۆ، خۆ ئەوان نازانن چ نەخشـــەیەکمان بۆ داڕشـــتوون. زۆر ناخایەنێ جارێکی دیکە کۆدەبنەوە. ئەوان دەیانەوێ دەســـتورەکەیان بۆ پەســـەند بکەین. ئێمەش جارێ لێدەگەڕێین، خەون ببینن. مەلیچک، نابێ تۆ ئەم شـــتە بۆ کەس بگێڕیەوە. بۆ جاری داهاتوو، ئەگەر خەڵکەکە کۆبووەوە، ئەوا مەرگ بەرۆکیان دەگرێ. هەموو شـــتێک ڕێکخراوە، ڕوسەکان سۆزی خۆیان دەگەیننە سەر."

شـــا گوێی لە تەپەی پێ بوو. پاشـــان گوێی لە دەنگی خوشـــکی مەلیچک بوو. ئینجا هەڵسا و بەنێو تاریکایی شەودا گەڕایەوە شوێنی خۆی.

٦١

کارەبا

ڕوسیا داواکەی پاشای پەسەند کرد، چونکە وەهایان مەزندەکردبوو ئەگەر هاتوو ئینگلستان پەرلەمانیان بکەوێتە بن دەست، ئەوا دەبێتە گەورەترین براوەی ململانێیەکە. هەرچەندە سەرچڵییەکی سەربازیانەش بوو، بەڵام ڕوسیا وەک دوا دەرفەتی خۆی دەبینی تا ناوچەکەی لەدەست دەرنەچێ، چونکە بریتانیا وەردە وردە خەریکبوو بەرەی لەبن پێیان دەردەهێنا.

هەروەها ڕوس هاتنەسەر ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ باوکی شادا بەستبوویان جێبەجێ بکەن، بەوەی لە کاتی پێویستدا لەپشت شاوە بوەستن و نەهێڵن بکەوێ. وەهاشیان نیشان دا بە پەلە خەریکی ئامادەکارین و لەسەر پێن. لەو نێوەشدا دەبوایە پاشا دانی بەخۆیدا بگرتایە.

بۆ ئەوەی کاتەکە بکوژێ لە کارەبا قووڵبووەوە. دوای گەشـــتەکەی بۆ ئەورووپا چەند گۆڕانکارییەکی لە کۆشـــک کردبوو. یەکێکیان دانانی تێلێگراف بوو، بەڵام خۆ لەمەیاندا ســـەرکەوتوو نەبوو. دەمێک بوو ئامێری تێلێگرافەکە لە کابینەی تەنیشـــت هۆڵی مینابەندەکەدا کاری پێنەکرابوو.

نەخشـەی نوێی دانانی گڵۆپی نوێ بوون بۆ کۆشـک. لە فەرەنسـادا لەگەڵ کارگەیەک ڕێککەوتبوو کارەبا بۆ کۆشـــکەکەی دابین بکا. ئەندازیارێکی فەرەنسـایی بەر لە هەرایەکە هاتبووە تاران تا لەگەڵ پاشـادا قسـە لەسـەر پرۆژەکەدا بکا. ئەو هەوڵیدەدا پاشـــا بهێنێتە ســـەر ئەو ڕایە، تا لەپاڵ کۆشک چەند دانەیەکیش لە دامودەزگاکانی میری و ناوجەرگەی تارانیش ڕووناک بکاتەوە، لێ پاشا کارەبای تەنیاوتەنیا هەر بۆ خۆی دەویست.

کابرای فەرەنســـی تازە خەریکبوو دەســـت بە جێبەجێکردنی نەخشـــەی پرۆژەکەی بکـا، کەچی لە هەموو لایەکی تـاران هەرای مـانگرتن و خۆپیشـــاندان بەرپابوو. هەرایەکە وای لێکرد کارەکەی بوەســـتێنێ و بگەڕێتەوە فەرەنسـا. هەنووکەش پاشـا داوای لە ئەندازیارە فەرەنسـییەکە کرد بێتەوە و کارەکەی تەواو بکا.

ئەندازیارەکە مانگێکی پێویســـت بوو تا ژووری دەزگای کارەبا لە باخەکەی پشـتەوەی کۆشـک دروسـت بکا. پاشـا ڕۆژانە سـەری دەدا و ئەندازیارەکەی دەبینی و قســـەی لەگەڵدا دەکرد و چێژی لەو کارەدەبینی کە پەرجووی دەئافراند. دەکرێ مرۆ وەهـای بۆ بچێ پـاشـــا وەک یاریدەرێکی کابرای فەرەنسی وابوو. پاشا دەستی دەدایە دەرنافیسێک و برغوی بادەدا تا توندی بکا. کێبلەکانی دەپێوا، لە وایەرە مســـینەکان ورد دەبووەوە و لە پرسنی خۆیەوە پرسیاری تەکنیکیانەی لێدەکردن.

ئەندازیارەکە ســـەدان مەتر کێبلی زیادەی هێنابوو، هەروەها چەندین ســـندوقی پڕ لە گڵۆپیش. ئەو هێشـتا هەر هەوڵی دەدا قەناعەت بە پاشـا

بکا بەوەی کارەباکە نەوەک هەر بەشـــی کۆشـــک دەکا بەڵکو لە توانایدا هەیە گۆڕەپانی کۆشک و شـەقامەکانی دەوروبەریشـی ڕووناک بکاتەوە، لێ پاشـــا پێیداگرت هەر کۆشـــک و بەس. ئەو دەیەویســـت هەر بەتەنیا هۆڵی مینابەندەکە، ژووری کاری خۆی، ژووری نووستنی و ڕاڕەوەکانی کۆشـــک و حەوشـــەکەی کارەبادار بکا. وەک ئەوەی ئەو هیچ خەمێکی دیکەی نەبێ بەدەر لە ڕووناککردنەوە کۆشکەکەی نەبێ.

پێش وادەی نەخشەکە هەموو شتێک ئامادە کرا و ئەندازیارەکەش داوای لە پاشـــا کرد ڕۆژێک لە کۆشـــک بچێتەدەر، تا کارەکەی تاقی بکاتەوە. پاشاش وەهای کرد و بە تاسەوە چاوەڕێی هاتنی شەوی کرد.

ئەندازیارەکە لە هۆڵی مینابەندەکەدا پلاکێکی ڕەنگزێڕینی بۆ شـا لەسـەر مێزێک لە تەنیشت کورسیی پاشایەتی دانابوو.

هەر کاتێک تاریک دابهاتبایە، پاشـا پەردەی هەڵدەدایەوە دەچووە سـەر کورسییەکەی دادەنیشت. دەستێکی لەسەر پلاکەکە دادەنا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشـــا، ســـاتێک دەوەســـتا ئینجا دوگمەکەی دادەگرت و گڵۆپەکەی پێدەکرد.

پەرچوو ڕووی دەدا، تـاریکییەکە بەیەک جـار ڕاودەنرا و ڕونـاکییە ڕەنگزێڕینەکە بە هەموو لایەکی هۆڵەکە پەخش دەبوو. پـاشــــا بە حەپەسـاوی لەسـەر کورسـییەکەی دەمایەوە و تەماشـای دەوروبەری خۆی دەکرد. چلچرایەکە شـــەوقی دەدایەوە، ئاوێنەکە دەبریســـکایەوە، بیچمە ڕەنگـاوڕەنگەکـانی ســـەر مـافوورەکە وەک ئەوەی هەزاران بەردەگەوهەری بچکۆلەبن لەسـەر تەختەبەندە ڕەنگهەنارییەکە و لەسـەر فەرشە کەسکەکە، جادوویانە شەوقیان دەدایەوە.

لەسـەر کورسـییەکەی هەڵسـتا، لە ئاوێنەکەدا تەماشـایەکی خۆی دەکرد. پرچە ماشوبرنجییەکەی لەبن کڵاوەکەی وەک مسێکی شوراوە دیاربوو،

کوریشــــکەکانی[111] ســــەر دەموچاویشــــی وردەکاتر دەردەکەوتن. لەبەر ڕووناکییەکەدا، تەواو لە باوکی دەچوو، ئەمەش وروژاندی و هێنایە جۆش و وردەفرمێسکی لەچاو باراندن.

ڕۆژەکانی پاشتر لە هۆڵی مینابەندەکەدا پێشوازیی لە دەستە دەستەی ژنەکانی کرد. ئاماژەی بۆ کردن لەوێ لەســـەر ناوکەوەکە دابنیشــــن. کاتێکیش بەتەواوی تاریک دەبوو، دەچووە ســـەرکورسییەکەی و بانگی دەکرد: "بێدەنگی!" ئینجا یەک دەقە دەبوووایە متەقیان لەخۆیان بڕیبا. ئینجا پاڵی بە دوگمەی کارەباکەوە دەنا، چێژ و خۆشــــی لەو ســــاتەوەختەی کاردانەوەی ژنەکانی دەبینی. دوای ئەوەی ژنەکان ســـەراســـیمە و ئەوق دەمانەوە، پەسنی پاشایان بۆ گڵۆپەکان دەدا و تێدەکۆشان وای لێبکەن هەمان شتیش بۆ حەرەمسەرا بسازێنێ.
ئەویش بەڵێنی پێدان: "ئەمە دەکەین، بەڵام بە ژنەکانی دیکە مەڵێن. دەمەوێ ئەوانیش هەروەک ئێوە بەم شتە غافڵگیر بکەم."

بێجگە لەو داهێنانە نوێیە ئەو خۆشیی لە نەوەکەشی دەبینی. کوڕیژگەکە هەموو ڕۆژێک دوای بەرچایی دەهێنرایە کۆشــک بۆ ئەوەی پاشــا یەک ســــەعات یاری لەگەڵ بکردبایە. ئەو خۆی لەســــەر زگ درێژ دەکرد، کوڕیژگەکەی دەچووە سەر پشت، ئینجا تەکانێکی دەدا لەسەر دەست و پێ لەسەر مافوورەکە لەمسەری هۆڵەکە بۆ ئەوسەر دەڕۆیشت. شیعری خۆی بۆ دەخوێندەوە و دەنگی خۆیشــی بۆ دەگۆڕی، بە شــێوەیەک ئەو منداڵەی دەهێنایە پێکەنین. دەســت لەدەســت بەنێو حەوشــە و باخەکەدا پیاسەی دەکرد، فێری دەکرد ئاگای لە گوڵ و چۆلەکە بێ.

---

[111] کوریشک: چرچولۆچی سەر دەموچاو.

عەککاسباشی، وێنەگرەکەی کۆشک دەیان وێنەی پاشا و نەوەکەی گرتبوو، وەک: وێنەی پاشا کە منداڵەکەی لە کۆشی[112] بوو، منداڵەکەی لەسەر پشت، لەسەر مل، لەسەر مێزەکەی، لەسەر پشتی ئەسپەکەی، لەسەر تۆپەکەی و لەباوەشی کە پلی خستبووە سەر پلاکی کارەباکە، بەهەموو شێوەیەک وێنەی گرتبوو.

کاتێکیش ژنانی حەرەمسەرا بێئومێد بوون لەوەی پاشا بەڵێنی خۆی ناگەیەنێتە سەر، بۆ ڕۆژێک ژنەکانی ناردنە سەر مەزاری چاکی عەبدولداود. فەرمانی دا یەک دوو کێبل لە ژووری دەزگای کارەباوە بۆ حەرەمسەرا ڕابکێشرێ، لە نیوەڕۆدا چلچرا کۆنەکانی گۆڕین و گڵۆپی نوێی لە جێگە دانا. شا داوای لە ئەندازیارەکە کرد ئاخۆ کێبل و گڵۆپی بەردەست هەن تا کارەبا بۆ ژووری موزیکیش ڕابکێشێ و چلچرا کۆنەکەی ئەوێش بە گڵۆپی نوێ بگۆڕێ.
ئەندازیارە فرەنسیەکە بەخەنەدوە گوتی: "بۆ پاشا کار مەیسەرە."
بۆ شەوەکەی کاتێ ژنەکان ماندوو شەکەت گەڕانەوە کۆشک، خەریکبوو شتەکە باوەڕ نەکەن. ئەوان لە خۆشییان قیژاندیان کاتێک پاشایان لە دەرکەی حەرەمسەراوە بینی، ماچیان کرد و باوەشیان پێداکرد و شەوێکی دوورودرێژیان بە خۆشی لەگەڵدا بردەسەر.

دوو هەفتە مابوون بۆ دانیشتنی دووەمی پەرلەمان. سەربازانی ڕوسی بە خێشکەیی بێئەوەی هەستیان پێبکرێ بە باشی لەسنوور پەڕیبوونەوە و خۆیان لە سەربازگەکانی دەوروبەری تاران حەشار دابوو. پاشا ئەو بەختەی کەوا سەربازانی ڕوس لە هاتنیاندا ئاشکرا نەبووبوون و کەس

---

[112] کۆش: باوەش.

هەستی پێ نەکردبوون، بە نیشانەیەکی خودایی بۆ سەرکەوتنی کردەنیازەکە زانی.
هەرچەند ڕۆژی ڕاستییەکە نزیک دەکەوتەوە، ئەوەندە لەسەر شانی پاشا قورستر دەبوو. بۆ ئەوەی خۆی لە وروژاوی و دڵەکوتە و هەڵچوون دەرباز بکا، نەوەک هەستی پێبکرێ، بیری لەشتێک کردەوە کە پێشتر نەیکردبوو.
لە پاریس بەشداریی ئاهەنگێکی دەمامکدارانەی کردبوو. ئیدی بڕیاری دا بە شێوازێکی فارسییانە هەمان ئاهەنگ لە ژووری موزیک ساز بکا. ئاخر بەم جۆرە خەڵک وا تێدەگەن گوایە پاشا بەتەواوی سیاسەتی بەلاوە ناوە و خووی داوەتە لایەنێکی خۆشی و ڕابواردنی پاشایەتی.
هاموشۆیەتی چل ژنی لە هەموو جۆرە تەمەنەکان لێهەڵبژارد، لەنێویاندا بەتەمەنترین و گەنجترین ژنی خۆیشی تێدابوو. فەرمانی پێکردن هەر یەکە و دەمامکێک بۆ خۆی پەیدابکا و خۆیان جوان بکەن و بە ئارایش و جلی کەشخە و جوان جوانەوە. ئەو ئازادیەی پێدان ئەو شەوە هەرچی دڵیان دەخوازێ بۆ خۆیان بیکەن.
ئاهەنگێکی وای لێکەوتەوە، هەرگیز لەبیرنەدەکرا. ژنە دەمامکدارەکان یەک بەدوای یەک لە ژوورەکانیان هاتنەدەر. ئەوان بە بوونەوەری ناوازە دەچوون، ئیرەیی لای ژنانی دیکە وروژاند. بە قاقای و تریقەی پێکەنینەوە ئەو ژنە لێگیراوانە بەسەر ڕایەخێکی سووردا چوونە ژووری موزیک. وەک ئەوە وابوو لە هەسارەیەکی دیکە دابەزیبنە سەر زەوی. شا لە خۆشییان خەنی بووبوو. ژنە دەمامکدارەکان کاری وەهایان دەکرد لە ژیانی ڕۆژانە و لەبەردەم پاشادا هەرگیز زاتیان نەدەکرد بیکەن. ئەوان بەناز و عیشوە دەجوڵان و بەدەست ئاماژەیان دەدا و پاشاش پێی شاگەشکە بووبوو. دووکەڵێکی چڕی بخوور لە ژوورەکە هەڵسا و سێ ژنی دەمامکدار موزیکژەن ئاهەنگێکی شادیان لێدەدا.

ئاهەنگی دەمامکەکە یەک هەفتە درێژەی کێشا. پاشا ژنە دەمامکدارەکانی دەگۆڕی، هەر شەوە و دەستەیەک. ئەو چێژی لەو بەزمە دەبینی، هەر بەڕاستییش بووبووە ئاهەنگێکی شاهانە، بەڵام خۆ ئەو هەر ئەوەندەی پێدەکرا دۆخە بێ ئۆقرەییەکەی و بخاتە ژێر فشار نەوەک بیرەوێنێتەوە. دەبوو گرژییەکە خاو بکرێتەوە پێویستی بەوە هەبوو شتێک بشکێنێ، بقیژێنێ، بگرێ، دەست بوەشێنێ. شەوێکیان بیرۆکەیەکی جەهەننەمی بۆ هات و ئاراستەی ئاهەنگەکەی گۆڕی.

"خانمینە گوێبگرن، ئەمشەو لە تاریکیدا یارییەک دەکەین. کاتێک گڵۆپەکان دەکوژێنەوە، موزیکژەنەکان لەسەر هەوای خۆیان دەبن. پاشان لە تاریکییدا هەرچی پێتانخۆشە بیڵێن و بیکەن. ئێوە بە تەواوی سەربەستن. دەکرێ پاڵ بەیەکەوە بنێن، لەیەک هەڵدەن، لەیەک بدەن، نوقرچ لەیەک بگرن، یەکدی بگەزن. هەموو ئامادەن؟ کاتێ ڕووناکی کوژایەوە، ئێوە دەستپێبکەن."

پاشا گڵۆپەکەی کوژاندەوە، تاریک بوو، نووتەک، چاو چاوی نەدەبینی، بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. موزیکژەنەکان نەیاندەوێرا ئامێرەکانیان لێبدەن. ژنەکان نەیاندەزانی چی بکەن. بۆ ساتێک پێکەنینێکی دەمارگرژانە دڕی بە گرژیەکە دا. دواتر هیچی دی نەقەوما. تا ئەوکاتەی ژنێک بانگی کرد: "ئۆو، نەکەی، دەمهێشێ." دیاربوو ژنێکی دیکە نوقرچی لێگرتبوو. ئەویش بە دەوری خۆی گازی لێگرتەوە. بەم جۆرە تارماییەکان کەوتنە جووڵە.

ئیدی هاواریان دەکرد؛ "لێم دوورکەوە." "لێم مەدە." قاقای پێکەنینیش لەولاوە بوەستێ. "ئای، نوقرچم لێ مەگرە، چییە دەڵێی شێت بووی؟" "هێمکوتی، وا مەکە." "ئۆو، قەپاڵێکی لێگرتم، خۆ بگرە بۆت هاتم." ئەوە بوو قیژاندیان، پێکەنین. کەسیش نەیدەزانی کێ لە کێ دەدا و کێ کێ پاڵ

دەنێ. نامرادی چەند ساڵەیان لەو شەودا دەردەدا. موزیکژەنەکانیش کەوتنەوە سەر ژەنین. سەرەتا بە هێواش و بە ئەسپاییەوە، پاشان توندتر و سووکتر. ژنان جلیان لەبەر یەکدا دڕی، کەزی یەکدییان رادەکێشا و بانگ و هاواریان دەکرد: "تکایە گڵۆپەکە پێکەرەوە، پارمەتی، منیان پلیشاندەوە، کوشتمیان." موزیکژەنەکان ئاوازێکی هەڵچووی شەیتانەیان بە ئامێرەکان لێدا. پاشاش پێدەکەنی و وەک شێت و هاران هاواری دەکرد.

ژنەکان لە پاشا پاڕانەوە کۆتایی بەم هەرا و پاشاگەردانییە بێنێ، ئاخر شەکەت شەکەت بوون، پرزەیان لێبڕا، هەستیان دەکرد دەکەونە خوار و دەبوورێنەوە. پاشا لەوەی بینی سەراسیمە بوو، ئەوق ما، ئاخر ژنەکان تەواو شڕ بووبوون، جلیان لەبەردا دڕابوو، دەمامکەکانیان شکا و بوو، ماسکارای تۆخ بە فرمێسک بەسەر ڕومەتیاندا هاتبووە خوار. هەموویان داماوانە لە شایان ڕوانی. ئەویش گڵۆپەکەی پێکردەوە و لەحەرەمسەرا چووەدەر.

٦٢

قانون

ڕەشـنووسـی دەسـتوور ئامادەکرا. کۆمیتەکە لەوەدا سـەرکەوتبوو وەک ڕێسای فەرمانبەردار هەم چەند بەشێک لە دەستووری فرەنسی هەم لە قورئانیش بخاتە نێو قانوننامەکەیان.
دەبووایە لە دانیشـتنی دووەمی پەرلەمـاندا پاشـا لەبەردەم هەموو ئەندامانـدا سـوێندی ئەوە بخوا پارێزگاری لە دەسـتور بکا و ڕێز لە لەیەکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بگرێ.
پـاشـا هەموو بەڵگەنـامەکـانی ڕادەسـتکرابوون، بەڵام بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە لە لایەک فڕێیدابوون و بە کۆمیتەکەشـی ڕاگەیاندبوو، بە پێشنیازەکەیان قایلە.
کۆمیتەکە لای خۆی گەیشـتبووە ئەو بەرەنجامە، کە پاشـا ناتوانێ بەرپەرەسـەندنی ڕووداوەکان بگرێ. ئەوەی ڕاسـتیش بێ، شـا هەرگیز وەها وڕوژا و بێ حەوسـەڵە نەبووە. ڕوسـەکانیش ماوەیەکی درێژ بوو هیچیان لەبارەی ئامادەکارییەکانی خۆیان بۆ کردەوەکە پێڕانەگەیاندبوو

تا پلانەکەیان نەخەنە مەترسییەوە. لێ شـا دڵنیا نەبوو، هەر بۆیە بەلای کەمییەوە لە تووڕەییان ئاگری گرتبوو. هەندێ جار وەهای بیردەکردەوە بەڵکو ڕوسەکانیش دەستبەرداری بووبن.

دووڕۆژ بەر لە کردنەوەی پەرلەمان خەریکبوو پاشـا لە تاج سـولْتانی کیژی بدا، ئاخر چیدی لە کاتی خۆیدا منداڵەکەی بۆ نەدەهێنایە کۆشک.

شـا بانگی کرد: "ئەوە لە کوێ بووی، بۆچی وادەکەی هێندە چاوەڕێتان بکەین؟"

تاج سـولْتانیش وەلامی دایەوە: "باوکە، تکایە لێم مەگرە، ئەو منداڵە جاربەجار جەنە[112]ئدەگرێ."

"پاکانەم ناوێ، ئەگەر یەک جاری دیکە دوا بکەوی، وادەکەم منداڵەکەت لێ بستێنن. تۆ سەرچیخ چووی ئەگەر وابزانی ئێستا تۆ بوویتە شاژنی ولات."

"زۆر داوای لێبوردن دەکەم."

منداڵەکە کە بە کورسـیەکەدا هەڵدەگەڕا و کەوتە سـەر زەوی و دایە گریانێ. پاشا وەک کاردانەوەیەک دەستی بەرزکردەوە تا لە تاج سولْتانی بدا، بەلام هەر زوو دەستی دانایەوە و لە شەرمان لە ژوورەکە چووەدەر.

درەنگانێکی شـەوەکە تەتەرێکی مەهدولیا لە دەرگەی پاشـا بوو. شـا وایزانی ئەمەش هەر خۆتێهەڵقورتاندنێکی دایکییەتی و سـەرنج و ئاگاهی دەوێ. بە نەخوازراوییەوە پێشوازیی لە تەتەرەکە کرد.

ئەو کاتەی بابای تەتەر زەرفێکی بچووکی مۆرکراوی لە دەسـتی پاشـا دانـا، ئینجـا چـاوەکـانی لێ ئەبلەق بوون. خۆ ئەمە پەیـامێکی نهێنیی ڕوسەکان بوو. شا دراوێکی ئاڵتونی بۆ کابرا فڕێدا و یەکسەر گەڕایەوە ژووری کاری خۆی.

---

[112] جەنەگرتن: گڕ و وڕک گرتن، لاملییکردن.

بۆ ڕۆژی پاشتر، سەرلەبەیانی لەسەر پەیژەکانەوە بەدیارکەوت، بە جلی فەرمیی سەربازی تەواو و چەکمە قاوەییەکەی لەبەرخۆردا دەبریقایەوە.

لەشکری ڕوس لە شەوی پێش دانیشتنی پەرلەماندوا ئامادەکارییان تەواوکرد. فەرماندەکەشیان کۆلۆنێل لیاخۆفی کۆزاک بوو، بە ڕاوێژ لەگەڵ عەیندولدەولە، کە برینەکەی تیمارکرابوو تۆپە سەرداپۆشراوەکانیان لە شوێنە ستراتیژییەکان دانا.
هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، سەربازە ڕوسەکان بە شاردا وەربوون. کاتێکیش ئاکنجییانی تاران لە ماڵەکانیان دەچوونەدەر، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بارگرژی و دۆخێکی توند و لەناکاو بوونەوە. ڕێگاکانی گەیشتن بە پەرلەمان گیرابوون، هەر کەسێکیش ماڵی لە دەوروبەری پەرلەمانەوە بووایە، بۆی نەبوو لە ماڵەکەی خۆی دەربچێ. سەربازانی ڕوس ڕێگەی گۆڕەپانی باڵوێزخانەی بریتانیشیان بەربەست کرد. سەربازێکی ڕوسی لەوێ لێ وەسەر تێلی تیلیگراف کەوت و کێبڵەکەی پچڕاند.
ڕوسەکان بەڵێنەکەی خۆیان بۆ پاشا بردەسەر.

هەر بەڕاستیش خەونەکەی پاشا بە ڕاست وەرنەگەڕا.
ئاخر دوو ڕۆژ پێشتر جەمال خان لە ڕێی یاخیبووە ڕوسەکانەوە پەیامی ئەوەی پێگەیشت کەوا لەشکرێک بە فەرماندەیی کۆلۆنێل لیاخۆف لە ڕێگادایە بەرەو تاران بڕوا. ئیدی مەزندەکە لەوە پتر نەبوو، کە شا داوای یارمەتیی لە ڕوس کردووە تا دەست بەسەر پەرلەماندا بگرێ.
دەستەیەک لە سواران چاودێرییان خستە سەر ڕێگەی گەیشتن بە تاران. جەمال خان باڵوێزخانەی بریتانی لە ڕەوشەکە ئاگادارکردبووەوە. زۆری

نەخایاند هەواڵەکە لە ڕێی بەدیکردنی لەشکری ڕوسی لە مۆڵگە و قەڵا سەربازییەکانی دەرەوەی تاران پشتڕاست کرایەوە.
کات تا دەهات تەنگ دەبوو، پاشا هەمووانی خستبووە سەر ڕێگەیەکی شاش. بە پەلە و پڕتاو کۆمیتەکە ئاگاداری سەرجەم نوێنەرانی پەرلەمانی کردەوە، هەر لەشەویەوەڕا بچنە نێو تەلاری پەرلەمان. لەکاتێکدا کۆلۆنێل لیاخۆف و عەینولدەولە هێزی ڕوسییان بەرەو تاران دەنارد، نوێنەران خۆیان گەیاندبووە نێو تەلاری پەرلەمان. زۆرینەی نوێنەرانی تاران و نوێنەرانی شارەکانی دیکە ئەوانەی لە شوێنی حەوانەوە لەناوجەرگەی شار بوون، لەکاتی خۆیدا گەیشتن، بەڵام دەستەیەکی هەژدە نوێنەری کە لە دەرەوەی دیوارەکانی شاردا شەویان بەسەربردبوو، بۆ ئەوان درەنگ بوو، پێڕا نەگەیشتن. کۆمیتەی بەرگری هەموو هەوڵێکی خۆی دا بەڵکو ئەو ژمارەیەش بگەیەنێتە تەلارەکە تا زۆرینە ئامادە بین.
ئایەتوڵڵا تەباتەبائی، کەسایەتییە سەنگینەکەی پەرلەمانیش هێشتا نەگەیشتبووە پەرلەمان. ئاخر سەربازی ڕوسی لەبەردەم ماڵی ئەو لێیان داکوتابوو، بۆیە نەیدەتوانی لە ماڵێ بێتەدەر. میرزا ڕەزای کارامە و کەمۆ[114]ئوانی ڕوسەکان لەخشتە ببا و ئایەتوڵڵا لەسەر بانی مزگەوتێوە و لە ڕێی کۆڵانی لاڕێوە بگەیەنێتە باخی ماڵەکەی پشت پەرلەمان. بەڵام ئەستەم بوو ئایەتوڵڵاکە لەسەربانی پەرلەمان بگەیەنرێتە نێو هۆڵی کۆبوونەوە. ئینجا میرزا ڕەزا تەڕدەستانە جووڵایەوە. سێ پیاوی کەتە و بەهێزی بانگکردن تا بە تەور و بێل کونێکیان لە دیواری تەلاری پەرلەمان کرد و ئایەتوڵڵا لەڕولاوازەکەیان لە کونەکەی بردە نێو هۆڵی پەرلەمان. ئایەتوڵڵا لەودیو دیوارەکەوە خۆی تەکان دا، تۆزوخۆڵی لەسەر خۆی لابرد و مێزەرەکەی ڕاستکردەوە، کەچی کاتێ لێ وەژوور هۆڵی کۆبوونەوەکە کەوت هێشتا هەندێک قوڕ بە کەواکەیەوە بوو.

---

[114] کەممۆ: زۆرزان و لەبلەبان.

کاتێکیش ڕۆژ ڕمێک لە کەلەوە هەڵکشا، کۆلۆنێل لیاخۆف ڕاپۆرتی خۆی دایە پاشا: "کردەوەکە سەرکەوتوو بوو."
پاشا برۆکانی هەڵکشاند.
کۆلۆنێلەکە ئەمەی بۆ قسەکەی پێشوو زیاد کرد: "بەڵام پێشتر بەشێک لەوان خۆیان گەیاندبووە تەلاری پەرلەمان."
پاشا بە خۆگرییەوە گوتی: "ئێمە ئەوە دەزانین." ئەو هەواڵە ناخۆشەی لە عەینولدەولەوە پێگەیشتبوو.
کۆلۆنێلیش گوتی: "پەرلەمان گەمارۆدراوە، کەس ناتوانێ لێی بێتەدەر. منیش ئەو دەسەڵاتەم نییە، لێ ئەگەر پاشا بخوازێ، دەتوانم هەموویان لە پەرلەمان بهێنمەدەر."
پاشاش پێیگوتەوە: "پێمانوایە ئەمە پێویست ناکا. باشترە وایە سەربازانی ڕوس نەچنە نێو تەلارەکە. زۆری پێناچێ لەگەڵ یەک دەچین و ئەوانەی ئەوێ بەدەستی خۆمان لە تەلارەکە فڕێدەدەینە دەرێ."
شا فەرمووی پیاڵە چایەکی لە کۆلۆنێل کرد، بەڵام ئەو سوپاسی کرد و نەیخواردەوە.
"ئەگەر پاشا ئامادە بێ، دەکرێ بڕۆین."
ئەویش وەڵامی دایەوە: "ئێمە ئامادەین!"

مستەوفی ئەلمەمالیکی سەروەزیر یەک دوو جار هەوڵی دابوو پاشا ببینێ، بەڵام پاشا هەواڵی بۆ ناردبوو بۆ ڕۆژی بەیانی دەتوانێ بێتە لای. فەرمانی پێکرد جارێ لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە.
پاشا بە یاوەریی تیپێک لە پاسەوانان سواری ئەسپەکەی بوو. کۆلۆنێل لیاخۆف لە دەستەڕاستی دەڕۆیشت. تۆپەکەشی لەلای چەپە و لەسەر گالیسکەیەک بارکرابوو. ئەوان بەرەو گۆڕەپانی بازاڕ لێیانخوڕی، تا

دەسـەڵاتی خۆیان لە بەردەم باڵوێزخانەی بریتانیدا نمایش بکەن، هەموو دەرکە و پەنجەرەکـانی ئەوێ داخرابوون و هیچ کەسـێکیش لە خانووەکانی جێی مانەوەی بریتانییەکان نەدەبینرا. پاشـا گومانی هەبوو باڵوێزخانەی بریتانی سیخوڕی بەسەرەوە بکا، بۆیە پشتی ڕاستکردەوە و ڕووی دەمی لە کۆلۆنێلە ڕوسییەکە کرد و لەگەڵی کەوتە قسە.

لای تەلاری پەرلەمانیشـەوە کۆلۆنێل لیاخۆف چوە پێشـی پێشـەوە و بەرەو لای فەرماندە مەیدانییەکە، هەندێ قسـەی لەگەڵ کرد و بە کورتی بڕیەوە و گەڕایەوە لای پاشا.

- "کۆبوونەوەکە دەستپێکردووە و نوێنەرانیش بە چڕی سەرقاڵی قسەوباسی خۆیانن."

پاشا بەسەرسامییەوە پرسی: "کەی؟"

- "ئەفسـەرەکە پێیڕاگەیاندم، باقی نوێنەران لە ڕێی دیواری ماڵە دراوسـێکانی تەلارەکە توانیویانە خۆیان بگەیەننە نێو هۆڵەکە. هۆڵەکە ئێستا پڕ لە ئەندامە."

- "باشە ئەوان باسی چی دەکەن؟"

کۆلۆنێل نەیدەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

پاشا ئاماژەیەکی بۆ عەینولدەولە کرد، کە لای تۆپەکە وەستابوو.

"تۆ کۆنترۆلت لەدەستداوە." پاشا بە شێوەیەکی خۆگرانە و بێ هەڵچوون قسەی کرد تا کۆلۆنێلە ڕوسەکە پەی بە تووڕەبوونەکەی نەبا. "ئەوان لە ئێمە زیرەکتر بوون."

عەینولدەولە ویستی شتێک بڵێ، بەڵام شا گوتی: "دەمت داخە. دەی بڕۆ ژوور و فەرمـان بە ئەوانەی نـاوەوە بکە چۆڵی بکەن. پێیـانبڵێ و ئـاگـاداریـان بکەوە، ئەگەر هـاتو ئەوێ جێنەهێڵن ئەوا زەبروزەنـگ بەکاردەهێنین."

عەینولدەولەش بەرئەمرانە ئەوەی کرد، کە پێی ڕاسپێردابوو.

چەند خولەکێک دواتر هاتەوە لای پاشا: "سەرۆکی پەرلەمانەکە ئەمەی خوارەوەی گوت: ئێمە ئێستا لە ناو وتووێژێکی قورس و چڕی دەستور داین. کەمێکی دیکە دەقی دەستورەکە دەخەینە دەنگدان. ئەگەر دەستورەکە پەسەند کرا، دادوەرەکانی دادگای باڵا سوێندی دەستبەکاربوونیان دەخۆن. پاشان ئاهەنگۆکەیەکی بچکۆلە بۆ ئەو رووداوە راستییە شادمانە دەگێڕین. پێدەچێ ئەو هەموو شتانە تا درەنگانی دوای نیوەڕۆ بخایەنێ. بۆ ئەمەش هیچ توندوتیژی پێویست نییە."

"دەی بڕۆ بگەڕێوە و بە سەرۆکەکە بڵێ: دەی بۆ دەرەوە! هەر ئێستا! دەنا پاشا ئێوە لەدوای خۆی ڕادەکێشێتە دەرەوە."

عەینولدەولە گوێڕایەڵ بوو، لێ ئەوەندەی پێنەچوو یەکسەر گەڕایەوە: "سەرۆکەکە دەڵێ: ئێمە پەیامەکەی شامان بە باشی وەرگرت."

پاشا پرسی: "هەر ئەوەندە بوو؟"

عەیندولدەولە: "بەڵێ هەر ئەوەندە."

پاشا ئاماژەیەکی بۆ کۆلۆنێل لیاخۆف کرد، ئەوان یەک دوو هەنگاو دوورکەوتنەوە تا دووبەدوو ڕاوێژ بکەن و بزانین چی بکەن. پاشان پاشا گەڕایەوە لای عەینولدەولە و گوتی: "جارێکی دیکە بڕۆرەوە نێو تەلارەکە و ئەم قسە توندانەی من بە هەمووان بڵێ: یان ئێوە بەخۆشیی خۆتان دێنەدەرەوە، یان پاشا تەلارەکە دەداتە بەر گوللەی تۆپەکەی خۆی."

عەینولدەولە سەری نەوی کردەوە و ڕۆیشت پەیامەکەی بگەیەنێ. ئەمجارەیان زۆر درەنگتر لە جارەکانی پێشوو هاتەدەرەوە:

پاشا لێیپرسی: "ئەری پێت گوتن؟"

عەینولدەولەش وەڵامی دایەوە: "بەڵێ خاوەنشکۆ."

- "ئەدی بۆ هێندەی پێچوو؟"

- "ئەوان زۆر بە چڕی بە دەنگدانەوە خەریک بوون."
- "دەنگدان لەسەر چی؟"
- "خاوەنشکۆ، لەسەر قانونەکان."
- "من دەبێ دەرسێکیان پێدادەم!"

لێ هەر لەجێگەی خۆی مایەوە، لە دەرکەی پەرلەمانەوە ڕاما و لێ نزبووەوە.

خۆی دەبووایە شتێک بقەومێ. پاشا لە ئەسپەکەی دابەزی. بە دانانی دەستەچەپی لەسەر پشتی بەرەو لای تۆپەکەی چوو. دەستی خستە سەر لوولەکەی بیری لێکردەوە.

"دەی ڕێک ڕووی لە پەنجەرەکە کەن." پاشا وەها فەرمانی بە عەریفێک کرد لە کاتێکدا بە دەستی ئاماژەی بۆ پەنجەرەیەکی شووشەڕەنگینی دیواری پەرلەمانەکە کرد.

عەریفەکەش فەرمانی بە دەستەی سەربازەکانی کرد: "ئامادە بن!"

سێ سەرباز بەغار هاتنە پێشەوە بەشی پشتەوەی گالیسکەکەیان کردەوە، دوو لەوحەی قورسیان هێنان و دایاننا و تۆپەکەیان پاڵ پێوەناو تا گەیاندیانە سەر زەوی. لەو شوێنەیان دانا کە عەریفەکە نیشانەی کردبوو و لوولەشیان ئاراستەی تەلاری پەرلەمان کرد.

پاشا ئاماژەی بۆ کردن.

عەریفەکە گوللەیەکی خستە ناو تۆپەکە.

کاتێکیش هەموو شتێک ئامادە کرا، پاشا چووە پشتەوەی تۆپەکە وەستا. هەمووان هەناسەیان ڕاگرت. ئەفسەرە ڕوسەکان چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد. پاشا خۆی تۆپەکە بتەقێنێ. عەریفەکە بە ڕێز و شکۆوە مەشخەڵی ئاگرەکەی دایە دەست پاشا. کاتێ پاشا فتیلەکەی ئاگر دا

کۆلۆنێل لیاخۆف ســـەری بۆ پاشـــا لەقاند. بە هورمژنێکی[۱۱٥] یەکجار زۆرەوە ئـاگر لە لوولەی تۆپەکە هـاتەدەر. گولله تۆپەکە کونێکی لە تەلارەکە کرد. زەوی لەرزی، ئەسـپەکان لە حیلەیان دا و هەڵسـانە سـەر پاشوو.

لەپڕ ئـاگر لە تەلارەکە بەرزبووەوە و دووکەڵ لە پەنجەرە بچکۆلە جامڕەنگینەکە هاتەدەر. پاشـــا چاوەڕێی کرد، کۆلۆنێل چاوەڕێ بوو، ئەفسەرەکان چاوەڕێیان کرد، بەڵام خۆ هیچ کەس لە دەرکەی باڵەخانەکە نەهاتەدەر. شـا بە دڕدۆنگییەوە لای تۆپەکەی وەسـتابوو، لەو کاتەدا لە نەبوونەوە پیاوی چەکدار لەسەر بانی پەرلەمانەوە پەیدابوون و دەستیان بە تەقە کرد.

کۆلۆنێل لیاخۆف خۆی دایە بەر پاشـــا و بردییە پەنا تۆپەکە تا گولله نەیگرێتەوە. ئەفسـەرە ڕوسـەکان، کە ئەو کاردانەوەیان ڕەچاونەکردبوو، دەسـتبەجێ سـەربازەکانی خۆیان کشـاندەوە کۆڵانەکانی دەوروبەری ئەوێ، تا لە پشت دیوارەکان خۆیان پەنا بدەن.

شـەڕێکی سـەخت لە دەوروبەری تەلارەکە ڕوویدا. پیاوە چەکدارەکانی سـەر بانی پەرلەمان بێ وەسـتان تەقەیان دەکرد و دەرفەتێکی وەهایان دایە نوێنەرەکان لە حەوشـە و باخی پشـتەوە لە تەلارەکە بچنەدەر و دەربازیان بێ.

کۆلۆنێل لیاخۆف فەرمانی کرد بەسەر تەلارەکە دابدەن و لێی بچنەژوور. جەمال خان بڕوانامەی دەسـتورە پەسـەندکراوەکەی پەرلەمانی نوێ خسـتبووە نێو جانتایەکی چەرمین و هەوڵیدا بەسـەر بانەکەوە بازبدا و دەرباز بێ، بەڵام ئەفسـەرێکی ڕوسـی پێکای. جەمال خان سـەرپەلۆی برد. جانتا چەرمینەکەی لەدەست کەوت. میرزا ڕەزا تەقەی لە ئەفسـەرەکە کرد و بۆ لای جەمال خان ڕایکرد و دەستی دایە جانتاکە و هەڵات.

---

[۱۱٥] هورمژن: دەنگی تۆپ. دەنگێکی گەورە.

جەمال خان بە سکەخشکێ بەسەر بانەکەدا ڕۆیشت و لە باخی ماڵێکی پشتەوەی تەلاری پەرلەمان خۆی فڕێدا.
هەموو دوای نیوەڕۆ لە شارەکەدا هەر شەڕ و هەرا بوو، تا گەیشتە ئێوارە درەنگ، ئەوسا سەربازانی ڕوس توانییان دەست بەسەر ناوجەرگەی شاردا بگرن.
بە درەنگانێکی شەو کۆلۆنێل لیاخۆف ڕاپۆرتی خۆی دایە شا:
"بەرەنگاری سەرکوت کرا! ئێستا پەرلەمان هی ئێوەیە."
پاشا بەرەو لای ئاگردانی زۆپاکە ڕۆیشت، دەستی بۆ سندوقێک برد و دایە لیاخۆف و پێیگوت: "ئەمەمان وەک سوپاسنامە لێ وەربگرە!"
کۆلۆنێلەکە لەوەی بینی سەرسام بوو. ئەمە خەنجەرێکی کۆن بوو، بە چەندین بەردەگەوهەری برسیکەدار ڕازابووەوە.

٦٣

شا وێنەی خۆی دەگرێ

ڕۆژی پاشتر، دروشمی دەستە و تاقمی خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی نادیارەوە گەیشتبووە کۆشک. پاشاش بە هەندی هەڵنەگرت و یەک دوو ڕۆژ خۆی بینییەوە هەمان دروشم لەبەرخۆیەوە دەڵێتەوە:

از خون جوانان وطن لاله دمیده
از ماتم سرو قدشان سرو خمیده
لە خوێنی لاوانمان لالە سەری دەرهێنا
داریش سەری نەویکرد لەبەر ماتەم و شینا

چەند ڕۆژێکی پێچوو تا ئارامی و تەکوزی بۆ شارەکە گەڕایەوە. سەربازانی ڕوس گەڕانەوە و لەجێگەی ئەواندا سەربازانی ئێرانی پاسەوانیی خاڵە گرنگەکانی شاریان کرد. دوکاندارەکانیش بە کاروباری خۆیانەوە خەریک بوون و خەڵکیش جارێکی دیکە چوونەوە بازاڕ. لە هەراکەدا حەوت پەرلەمانتار کوژران، یەک دووانێکیش بریندار بوون و

ژمارەیەکی بەرچاویشیان گیران. نەشزانرا ئاخۆ چەند سەربازی ڕوسی لەو شەڕەدا سەری تێدا چووبێ. ئایەتوڵلا و پەرلەمانتارە هەڵاتووەکانیش خۆیان شاردبووەوە.
هەرچی چارەنووسی جەمال خان بوو، لە هیچ کەس دیار نەبوو، دەنگودۆی وەها هەبوو ئەفسەرێکی ڕوسی کوشتبێتی. بەڵام سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان گوتیان گوایە جەمال خان و میرزا ڕەزا بۆ لای دۆستەکانیان لە مۆسکۆ هەڵاتوون.
پاشا هەستیکرد باش و براوەیە. تێلێگرافی لە هەموو شارە گەورەکانەوە بۆ هات کە بازاڕەکان کراونەتەوە و خەڵکیش بە شێوەیەکی ئاسایی دەچێتە مزگەوت و نوێژی خۆیان دەکەن. شتێکی وای نەکرد سووکایەتی پێبکرێ و هەمووان دەیانبینێ ئەو لەکوێ وەستاوە. شا جارێکی دیکە بە توندی پێی خۆی لەسەر زەوی گیرکرد و ویستی سەرکەوتنەکەی بسەلمێنێ. داوای لە وێنەگرەکەی کرد چەند وێنەیەکی لەناو شارەکەدا بۆ کەسانی دوای خۆی بگرێ. "شا بە وێنەگرەکەی گوت: "وێنەیەکم لای تەلارەکەی ئەوێ بگرە."
وێنەگرەکەش پرسی: "مەبەستی ئێوە لای تەلاری پەرلەمانە؟"
شا بە مەبەست نەیدەویست وشەی "پەرلەمان" بەکاربێنێ. ئینجا گوتی: "وێنەیەکی ئێمە لەوێ بگرە لای ئەو کونەی تۆپەکەمان لە دیوارەکەی کرد، بە جۆرێک هەرسێکمان لە وێنەکە دیاربین. ئێمە و تۆپ و کونەکە. ئایا ئەمە دەکرێ؟"
"ئەمە کارێکی سەختە لە یەک وێنەدا ئەو سێیە کۆبکرێنەوە. هەر دەبێ یان تۆپەکە یان سەری تۆی تێدا بێ."
شا پێیگوتەوە: "بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو کونەی لە دیوارەکە کراوە دەربکەوێ."
"خاوەنشکۆ، هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم."

وێنەگرەکە ڕایســـپارد تۆپەکەی بۆ بگەیەننە لای تەلاری پەرلەمان و لە چەندین گۆشــە و شـوێنی تاقیکردەوە، تەماشـای کرد و جێگۆڕکێ پێکرد تا گۆشــەی خوازراو بدۆزێتەوە. کاتێک گەیشـتە مەبەستەکەی، ئاگاداری پاشـــای کردەوە، ئامادەیە. وێنەگرەکە پاشـــای لای تۆپەکە وەســـتاند، لەکـاتێکـدا لوولەی تۆپەکە بەرەو کونی دیوارەکەوە بوو. ئەم دیمەنە لەگەڵ یـاریـدەرەکەی لێزانـانە دیـارییـان کردبوو. وێنەگرەکە لەچـاوی کامیراکەیەوە بە وریاییەوە ســـەیری دەکرد، دیمەنێکی هاوســـەنگ بوو، بەڵام کڵاوە قووچەکەی پاشا بەتەواوی نەدەبینرا.

"خۆ ئەگەر خاوەنشـــکۆ ســـەری خۆی هەندۆکەک[116] بۆ پشـــتەوە ببا. بوەستە، ئاوا زۆر باشە." بەم جۆرە وێنەگرەکە، کە سەری بردبووە نێو هەمبانەی ئامێری وێنەگرتنەکە، بانگی پاشای دەکرد.

وێنەگرەکە بەنیـازبوو وێنەیەکی وەهـای بگرێ لە تـابلۆ نـاودارەکەی نـاپلیۆن بچێ، دیمەنێـک بـای لێدەهـات، هەوریش لەشـــەڕ بوو، تۆپ دووکەڵی لە لوولە دەهـاتەدەرەوە و نـاپلیۆنیش لە دوورەوە ســـەیری گۆڕەپانی جەنگی دەکرد.

وێنەگرەکە بانگیکرد: "کەمێک بوەســـتن. پێموایە کونی دیوارەکە باشـــتر دەردەکەوێ ئەگەر هاتوو پاشـــا ســـەیری کونەکە نەکا، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە ســـەیری لایەکەی دیکەی بکا. کەواتە تەماشـــای دارەکەی ئەوێ بکە و چەناگەت کەمێک بەرزتر بکەوە. دەســـتی ڕاســـتت لەســـەر لوولەی تۆپەکە دابنێ. وەهاش نا، هەر وەک ئەوەی لغاوی ئەســـپەکەت بگری، ئێستا زۆر باشە، نایابە."

لەو ســـاتەدا پیاوێـک لەپشـــت درەختەکەوە دەرکەوت. ئەو قـاتێکی لەبەردابوو شـــەپقەیەکیشـــی لەســـەر بوو. بە ئارامی بەرەو وێنەگرەکە

---

[116] هەندۆکەک: لە هەندێک کەمتر، لە کەمێک کەمتر.

دەهات. شـــا پێیوابوو پێشـــتر ئەو پیاوەی بینیوە. لەوانەیە یاریدەدەری وێنەگرەکە بێ، یان ئەوکەســـەی لای ڕوســـەکان وەرگێڕ بوو. پیاوەکە نزیکتر بووەوە. شا هەستیکرد شتێک لەگۆڕێدایە و تەماشایەکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد. بەڵام وێنەگرەکە، کە هێشـــتا ســـەری لەنێو هەمبانە ڕەشەکەدا بوو، خەریکی کاری خۆی بوو، بانگی کرد: "تکایە مەجووڵێ!"
شا لەشوێنی خۆی نەجووڵا، هێشتا هەر بیری دەکردەوە: ئەگەر پیاوەکە بۆ لای ئێمە بێ، خۆ دەبێ شـــەپقەکەی دابگرێ. پیاوەکە شـــەپقەکەی دانەگرت. کابرا دەستی بردە بەرکی چاکەتەکەی. شا هەستی بە مەترسی کرد، بەڵام وێنەگرەکە هەر بـانگی دەکرد: "کەمێکی دیکە ئـارام بگرە. مەجووڵێ!" پیاوەکە دەمانچەیەکی دەرهێنا. پیاوەکە میرزا ڕەزا بوو. بەر لەوەی پاشا بزانێ چی قەوما، دەنگی سێ تەقە هات.
وێنەگرەکە تازە لە وێنەگرتنەکەی بووبووەوە.
پاشا ڕاقەنایە سەر زەوی.

٦٤

تاج سوڵتان

حەکایەتخوانانی چیرۆکی پاشـــا کۆنینەکان کۆتاییەکانیان لە دەســـتی خۆیاندایە و هەمیشـــە لە کۆتایی چیرۆکەکەیاندا ترووســـکەیەک بۆ هیوا دەهێڵنەوە. کەســـیش نازانێ ئاخۆ ڕاســـتییان گێڕاوەتەوە یان نا، بەڵام هەموو ئەوە دەزانن، حەکایەتخوانەکان لە مێژوودا ســـەربەســـتییان پێ ڕەوا بینراوە تا کۆتایی چیرۆکەکەیان بەو شـــێوەیە بێنن، کە خۆیان بەباشی دەزانن.

بەگوێرەی دابە کۆنەکەی ئێرانی بێ، دەکرێ ئەمەی خوارەوە ڕاست بێ.

دوای چلەی شـــا، نوێنەرانی پەرلەمان کۆبوونەوە. ئەوان تاج ســـوڵتانیان وەک ڕاســـپاردە بەســـەر کوڕە بچکۆلەکەی دانا، کە دواتر بچێتە ســـەر تەختی پاشایەتی.

ئەم خاتوونە شازادە کەشخەیە لەبەردەم پەرلەمان لە کەژاوە زێڕینەکەی دابەزی و بە یـــاوەریی دەســـتەیەک لە پـــاســـەوانـــان چووە هۆڵی کۆبوونەوەکە. هەموو نوێنەران لەبەری هەڵســـان و چەپڵەیان بۆ شـــاژنی خاوەنشکۆ لێدا.

کاتێکیش بە فەرمی سوێندی خوارد، بەڵگەنامەکانی بەردەستی واژۆ کردن. تاج سوڵتان دانی بە ئەفغانستاندا نا کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە و هێزی ئێرانیشی لە هەرات کێشایەوە.

خانوو و شایستەیەکی دارایی بۆ ژنانی حەرەمسەرا دیاریکرد و ناردنیەوە لای ماڵە باوانیان.

تاج سوڵتان لە ژیاندا ما تا ئەو کاتەی شەمەندەفەر هات و کارەباس هات و شەوانە هەموو شەقامەکانی تاران بە گڵۆپە کارەباییە نوێیەکان ڕووناک کران.

حەکایەتی پاشاکان هەرگیز بەتەواوی کۆتاییان نایەت، چونکە هەمیشە حەکایەتخوانان شتێکیان هەیە تا بۆ شەوی دادێ بۆی زیاد بکەن.

کۆتایی

سوپاسنامەی ڕۆماننووس:

سوپاس بۆ:
سوهەیلا سنعەتی بۆ ڕوانینە تیژەکەی.
دانا سەجادی قائیمەقامی بۆ بنەما و بەرپرسیارێتییە گەورەکەی.
گایدۆ هێلمەرهۆرست بۆ هۆڵەندییە ڕەوانەکەی.
بەهار سەجادی قائیمەقامی بۆ یارمەتییە وشیارانەکەی.
ئاد ڤان دەن کیبۆم (داڕێژەرەوە) بۆ کارە سەختەکەی.
ساندەر ڤان فلێرکن (بڵاوکەرەوە) بۆ ڕوانینەکەی.
دەستبارگرتنی ئەوان پاشایان بەپێزتر کرد

ژێدەرەکان:

- مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران، سەعید نەفیسی.
- مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، مورتەزا ڕاوەندی
- پاشا یەکەمینەکان، دجلە ئاموزگەر و ئەحمەد تەفەزولی
- با نیگاهی فیردەوسی، باقر پەرهەم
- ناسنامەی ئێرانی، ساروخ مەسکەوب
- ئاوەها زەردەشت تەوجیلیکی باشتری نووسی، پاول مەونن.
- لەسەر شانی شاوە، سەردار ساڵحی.
- نموونەی پیاوی یەکەم و پاشـــای یەکەم لە مێژووی ئێرانییەکاندا، کریستێنن، ستۆکهۆلم ١٩١٧.
- مێژووی ٢٥٠٠ ســـاڵەی دەولەتی ئێرانی بەر لە هاتنی ئیســـلام، بەهائەدین پازارگاد.
- هەزار ساڵەی پەخشانی ئێرانی، کەریم کشاوەرز.
- ئێران، خاک و خەڵک، یاکوب ئێدوارد پۆلاک.
- مەلیچک، ڕۆژژمێری غولامحەلی خان، بە دارشـتنەروەی موحسـین میرزایی.

- گەشتنامەکانی موزەفەر ناسرەدین شا لەبارەی گەشتەکەی بۆ ئەوروپا.
- چەند لاپەڕەیەک لەبارەی کورش لە تەوجیلەوە وەرگێڕدراوە.
- باسوخواسێک لەبارەی خشایارشا Xerxes کاتێک بەرەو ئەسینا کشا کە لەسەر بنەمای وێناکردنەکەی تۆم هۆلاندوە هاتووە لە کتێبەکەی بەناوی ئاگری ئێران.
- یاداشتەکانی تاج سوڵتانی کچی پاشا.
- دەربارەی پاشای ئێرانی داریوش و خشاریارشا و لەبارەی کۆشکەکانی ئێرانی کە لەسەر بنەمای نووسینە مێژووییەکیە هیرۆدۆتەوە وەرگیراوە.
- مونشیت، باسوخواس و نامەکانی وەزیر میرزا عەبدولقاسم قائیمەقامی فەراهانی.
- جەلالینامە، دیوانی شیعری وەزیر میرزا عەبدولقاسم قائیمەقامی فەراهانی.
- قائمەقام لە ئاوێنەی ڕۆژگاردا، بورهان فەلسەفی.
- هەروەها لە نامەکانی ژیاننامەی وەزیر میرزا تەقیخان ئەمیر کەبیریش هەڵێنجراوە.
- یەکەمین شیعری بەندی ١٢ بەشێکە لە 'گوڵستانی سەعدی.

- دووەمین شیعری بەندی ١٣ شـیعریکی سـەرنجڕاکێشـی ئوسـتادی ئێرانی ڕودەکییە لەبارەی ڕوباری ئاموی لە ئەفغانسـتان. شـیعرە ماکەکە وەها دەسـت پێدەکا: میر ماه اسـت و بخارا آسـمان/ ماه سوی آسمان آید همی
- شیعرەکەی بەندی ٢٤ هی عومەری خەیامە.
- ڕستە سـەرەتاکانی نامەکەی وەزیر کە پاشـا خواسـتوویەتەوە هی نامەی ئیبن خەلدونە.
- شـــیعرەکەی بەنـدی ٤٠ لە چوارینە ئێرانییەکـانە لەلایەن (یـان سپیردایک دە) دەستکاریکراوە.
- شـــیعرەکەی بەندی ٥٧ هی حافزی شـــیرازییە، لەلایەن یان دایک دەستکاریکراوە.

RUSLAND
KASPISCHE
ZEE
Teheran
Isphahan
Tabriz
TURKIJE
IRAK
PERZISCHE
GOLF
SAOEDI-
ARABIË
Bandar'Abbas
Shiraz
Bushehr
Herat
INDIA
PERZIË

چەند دێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک، لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە.
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بریتانیا) بووە.
- لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ەوە هەوڵی نووسینی داوە. زیاتر لە بیست کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.

چاپكراوەكانی وەرگێڕ

١ - نهێنییەكانی مۆســـاد، نووســـینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپكراوەتەوە؛ چاپی یەكەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چـاپی دووهەم دەزگەی چـاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێیەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢ - مادلین ئۆلبرایت، ســـیاســـەتی ئەمریكا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣ - داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت ســـنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤ - كوردســتان لە نێوان سـێڤەر و سـنوورە دەسـتكردەكاندا، نووسـینی: میسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەكەم؛ لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥ - وەرزێكی سـپیی وشـكوبرینگ، ئەندریێ برینك. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.

٦ - ژیانی من، چۆن ئیســـرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشـــت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.

٧ - ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمـــان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨ - شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩ - یـاخیبوون، منـاحیم بێگن، یـادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ - خـانووەکەی مزگەوتێ، قـادر عەبـدوڵلا، ڕۆمـان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١١ - کۆدەکەی داڤینشـــی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.

١٢ - خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵلا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.

١٣ - کردە هەرەگرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٤ - لە مەککە، قـادر عەبـدوڵلا، ڕۆمـان، وەرگێڕان لە هۆڵەنـدییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٥ - ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبســـن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩.

١٦- شـــەوە ســـپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٧ - زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوللا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٨- ژیانی من، گۆلدا مایەر، یادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٩- کچانی دووکەڵ و ئاگر، ئاڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١.

٢٠ - هێڵێک بەنێو لمدا، جێمس بار، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢١.

٢١- شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان، ئارەش ڕەئیسینەژاد، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٢- پاشا، قادر عەبدوللا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠٢٢

ئەهلی عیبرەت ماوە گەر، بێ سەیری ناسر شا بکات
دوو لە دوو سی کەم شەهی کرد و کشێکی ڕێ نەهات
هاتی وا سەیری نەهاتی کەن کە سەر تیپان سوار
پاسەوانی بوون، لە ناو بەستا پیادێ کردی مات

«مەحوی»

Kader Abdolah

The King

T. by: Shafiq H. Kheder

2022-Hawler

لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر